سیامەک ستودە

# ئافرەت لە کاروانی مێژوودا

## لە

## فریشتەکانی ئاسمانەوە تا کۆیلەی ماڵەوە

وەرگێڕانی

حامید گەوهەری

ناوی کتێب : ئافرەت لە کاروانی مێژوودا
نوسینی : سیامەک ستودە
وەرگێڕانی : حامید گەوهەری
تایپ : حامید گەوهەری
هەڵەگر : نەوزاد وەلی
دەرهێنانی هونەریی : هەژار گەوهەری
بەرگ : سیامەک ستودە
چاپی یەکەم : سوید
چاپخانە : نینا لە ئوپسالا ، سوید
تیراژ : 1000 دانە
ژمارەی سپاردن : ISBN 978-91-633-4595-1

# پێڕست


**پێشەکی نوسەری کتێب** **9**

**چەند وتەیەک دەربارەی ئەم کتێبە** **11**

**پێشەکیی** **18**

**بەشی یەکەم: ئافرەت وەسیلە و بابەتی سێکس** **24**

**فەسڵی یەکەم: گۆڕینەوەی سێکس لەناو بنەماڵەدا** **25**

*دەبێت مێرد بەخێوم بکات ، چونکە خۆم دەدەمە دەستی* *25*

*کار و سامان بۆ پیاو و جوانیی بۆ ئافرەت* *28*

*بۆچی ئافرەت بە پێچەوانەی پیاوان ، بە ئاسانیی...* *30*

*شووکردنی بە پارە* *33*

*خولی فرۆشتنی سێکس* *35*

*چۆن شو بە پارە بکەن* *36*

*دیسانیش ئامارێکی تر* *37*

**فەسڵی دووەم: مامەڵەی سێکس لە دەرەوەی بنەماڵەدا** **38**

*پیاوان تەنیا بە دوای سێکسەوەن* *38*

*پیاوان دەزانن بۆچی پارە خەرج دەکەن ، ئەی ئافرەتان چی؟* *39*

*بڵاوکراوە بە ڕواڵەت نارەسەنەکان خەریکی چۆن ئیشێکن؟* *43*

*دوو پرسیاری گرنگ* *43*

*دۆستی کەڵکوەرگر نا ، هەوڵبدە ئەو تۆی بوێت* *44*

*هیچ نەزانێک بەخۆڕایی پارە بۆکەس خەرج ناکات* *45*

*ئافرەتان پتر لە پیاوان پارێزگاریی لە نرخی کاڵاکانیان دەکەن* *47*

**فەسڵی سێیەم: ڕازاندنەوەی سێکس بەر لە فرۆشتن** **53**

*بۆچی ئافرەتان جلی سێکسیی لەبەردەکەن؟* *53*

*بۆچی پیاو بابەتی سێکس نیە؟* *55*

*پانتۆڵەکانی ساقان* *56*

*ئایا سێکسیی بوونی پیاو و ئافرەت بە شێوەیەکە؟* *58*

*ئایا پۆشینی بەرگی سێکسیی و دەرخستنی جەستە ، نادروستە؟* *60*

**فەسڵی چوارەم: گۆڕینەوەی سێکس لە شوێنی کارکردندا** **65**

*ئایا ئافرەتان لەگەڵ پەیمانی کارکردنیاندا تەنیا ...* *65*

*بۆچی تەنیا ئافرەت لە جوانیی و سێکسیی خۆی بۆ...* *70*

71 بۆچی خۆ جوانکردنی ئافرەت لە شوێنی کاردا زۆر گرنگە؟
73 لە بەرپرسایەتییە نوێیەکانتان بە جوانی هەڵسوکەوت بکەن ، چۆن؟
**79 فەسڵی پێنجەم: کێ کەسایەتی ئافرەت لە دیاردەی سێکسدا کۆدەکاتەوە؟**
79 بڵاوکراوە گشتییەکان
80 تەلەڤزیۆن و سینەما
80 نمونە کاریگەرەکان لە بڵاوکراوە گشتییەکاندا
80 کچان سورن لەسەر پەیوەندییەکانیان و کورانیش کارەکانیان
85 چۆن بڵاوکراوەکان شێوەی کەسایەتی ئافرەت و پیاو دروستدەکەن؟...
93 ئایا بڵاوکراوەکانی کورانیش کەسایەتییەکی لەو جۆرە ...
97 ئایا گۆڤارێکی لەو جۆرەش بۆ کچان هەیە؟
98 تیراژی بڵاوکراوەکانی گەورەکچان
101 بڵاوکراوەکانی ئافرەتان
103 هونەری ئاشنابوون لەگەڵ پیاوان و دەستبازیی لەگەڵیاندا
109 ئافرەتان بە چ رادەیەک لەو رووەوە پەروەردە دەبن؟
115 ئایا بڵاوکراوە گشتییەکانی ئەمریکا ، بە تەنیا پێکهێنەری...
117 ئایا پیاوانیش لە بڵاوکراوەکانیاندا وەک ئافرەتان بیر لە...
122 گۆڤاری ئابوری و بازرگانیی بۆ چ کەسانێک دەنوسێت؟

**124 بەشی دووەم: ئافرەت کۆیلەی ماڵەوە**

**125 فەسڵی یەکەم : کچ سامانی خێزانە**
125 بۆچی ئافرەتان بەرلە شووکردن مافی...
125 عەیب و عارەکانی سەدەکانی ناوەندیی زنجیرن لە...
130 مافی خاوەندارییەتی بەسەر سێکسدا و سزای سەرپێچی لێکردنی
133 ئایا پەیوەندیی سێکسیی ئافرەتان بە تەنیا ...
133 ئایا خاوەندارییەتی پیاو بەسەر ئافرەتدا جیاوازیی هەبووە لەگەڵ...
134 بایەخی فرۆشتنی کچ و پارێزگارییکردنی تا شەوی بوکێنیی
138 دوروونەوەی قوزی کچ بۆ ئەوەی کە تا شووکردن سێکس نەکات
138 دنیایەکی تر
149 کەڵکوەرگرتنی سێکسیی لە کچان بە دەستپێکرنی خوێنرێژیی ئافرەت
151 ئایا دەستدرێژییکردنە سەر ئافرەت بە واتەی...
158 ئەشقی باوکایەتی

**فەسڵی دووەم : مەرجی کڕینی ئافرەت لە کاتی مارەکردنیدا** **164**
*هاوسەری باش بۆ مێردەکەی چۆن بووە؟* 164
*1. گوێڕایەڵیی* 164
*ئا- هەڕەشە و خەڵات بۆ خستنەژێر فەرمانی ئافرەتان* 170
*ب- ئافرەت بنەمای شەڕ و پلانگێڕیی* 171
*2. داوێنپاکیی* 181
*ئا- گیرکردنی لە ماڵەوە* 184
*ب- بوکی قورئان* 185
*پ - چارشێو (عەبای ژنانە)* 191
*3. ئەمەکداریی* 194
*ئا- ئەمەکداریی ئافرەت ، تەنانەت دوای مردنی مێردەکەشی* 195
*ب- بۆنەی "ساتی" ، سوتاندنی ئافرەت* 197
**فەسڵی سێیەم: خاوەنداریی مێرد بەسەر ژندا، شووکردن، یان گواستنەوەیا، مافی خاوەنداریی ئافرەت و شتی تر** **201**
*بۆچی کڕینی ئافرەت؟* 201
*نەفەقە بەرامبەر بە سێکس ، یان...* 209
*لەشفرۆشیی لە دەرەوەی خێزاندا* 217
*ئا- لەشفرۆشیی ئازا* 217
*ب- سیغە یان هاوسەرگیریی کاتی* 218
*پ- لەشفرۆشیی پیرۆز* 220
*ت- لەشفرۆشیی دیوەخان* 221
*ج- لەشفرۆشیی دەوڵەتیی* 222
**فەسڵی چوارەم: ئافرەت و خێزان** **223**
*خێزان وەک یەکەیەکی سەرەکیی ئابوری* 223
*پەیوەندیی پلەداریی لەناو خێزاندا* 227
*ئافرەت لە پلەی هێزی کاری خێزان* 230
*ئافرەت بە مەبەستی زاوزێکردن* 236
*خێزان و دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی* 240
**فەسڵی پێنجەم : ئافرەت لە سیستمی دەرەبەگایەتیدا** **244**
*سیستمی دەرەبەگایەتی* 244
*جیاوازیی جوتیار لەگەڵ کۆیلە* 246
*دەرەبەگایەتی و دۆخی ئافرەت لە خێزاندا* 250

*ئافرەتی کۆیلە و ئافرەتی جوتیار* 256

*ئایا ئافرەتی جوتیار بە ڕاستیی لە لایەن مێردکەیەوە دەچەوسایەوە؟* 263

*پیاوسالاریی و ستەمی دوو لایەنە لەسەر ئافرەتان* 267

*ستەمی دوولایەنە لەسەر ئافرەتان لە سیستمی کۆیلەدارییدا* 269

**بەشی سێیەم: ئافرەت فریشتەی ئاسمان، ئافرەت و سێکس لە سەردەمی بەرلە مێژوودا** **272**

**فەسڵی یەکەم: ئاستی ئافرەت لە سەردەمی بەرلە شارستانییدا** **273**

*ئایا ئافرەتان هەمیشە ژێردەستە بوون؟* 273

*ئایا ئافرەتان لە کۆمەڵگادا خاوەن ڕێز بوون؟* 274

*ڕۆڵی ئافرەت لە گەشەپێدانی کۆمەڵگای سەرەتاییدا* 278

**فەسڵی دووەم : سیستمی دایکایەتی** **285**

*بنەماڵە، Klan، یەکەی سەرەکی ئابوریی لە سیستمی دایکایەتی دا* 285

*بۆچی ئافرەتان سەرەڕای ئاستی بەرزیان لە بنەماڵەدا ...* 287

*ئایا سیستمی دایکسالاریی هەبووە؟* 291

*سیستمی دایکایەتی لە کۆمەڵگای بەرلە شارستانییدا* 293

**فەسڵی سێیەم: سێکس لە کۆمەڵگای سەرەتاییدا** **298**

*ئایا تێکەڵاویی سێکسیی لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا ئازاد بوو؟* 298

*تێکەڵاویی دوو کەسیی و دیاردەی هاوسەرگیریی* 302

*چۆن تێکەڵاویی گروپی جێی خۆی دا بە تێکەڵاویی دوو کەسیی؟* 302

*ئازادیی سێکسیی لە کۆمەڵگای بەرلە شارستانییدا* 307

*سێکس لە کۆمەڵگای سەرەتاییدا* 309

**فەسڵی چوارەم : سەرهەڵدانی خێزان و خێزانی باوکسالاریی** **312**

*(بوکوماتالا) ، یان ماڵی ئەوین* 312

*بە چ شێوەیەک بۆ یەکەم جار پیاو ڕێی بۆ ماڵی ئافرەت کرایەوە* 313

*سەرهەڵدانی دیاردەی هاوسەرگیریی* 317

*بنەمای خێزان چۆن لە دڵی بنەماڵەدا بەرجەستە بووەوە؟* 320

*پەیدابوونی باوک* 323

*دیاریی نرخی ئافرەت دەگرێتەوە* 328

**فەسڵی پێنجەم : خاوەنداریی تایبەت و هەوڵی سیستمی دایکایەتی** **331**
*سەرهەڵدانی خاوەنداریی تایبەت و لەناوچوونی بنەماڵە* *331*
*جێگیربوونی سیستمی باوکایەتی لە جیاتی دایکایەتی* *335*
*هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی ئافرەت و پیاو لە...* *340*
*هاوسەرگیریی لەنێوان خەڵکی هەرێمەکاندا* *347*

**بەشی چوارەم: ئافرەت بەرەو سیستمی باوکسالاریی چۆن**

**فریشتەی ئاسمان دەخرێتە سەر چۆک** **349**

**فەسڵی یەکەم : سیستمە هاوبەشەکانی دایکایەتی لە هەموو جێیەک دەڕوخێن** **350**
*ئەشرافیەتی هۆزەکان و لەناوچوونی بنەماڵە* *350*
*لەناوچوونی سیستمی بنەماڵە لە ئاتێن و ڕۆم و سەرکەوتنی...* *351*
*چاکسازییەکانی سۆلۆن* *355*
*دانانی سوپای پیشەیی لە جیاتی سوپای هەرەوەزیی بنەماڵە* *356*
*ڕۆم* *359*
*هێرش و دەسەڵاتی قەومەکانی باوکسالار بەسەر...* *361*
*بە ئیبلیس ناساندنی خوداکانی بە ڕەگەز ئافرەت* *372*
**فەسڵی دووەم: سیستمی باوکسالاریی و ئایینە نوێیەکان** **375**
*ئایینە باوکسالارییەکان* *375*
*تێگەیشتنی هێڵیی لە مێژوو و ڕۆڵی ئەو لە پێکهاتنی ئایینەکانی...* *377*
*تێگەیشتنی هێڵیی لە مێژوو و ئایینی زەردەشت* *378*
*تاوانی تێکەڵاویی سێکسیی لە سیستمی باوکسالاریی دا* *382*
**فەسڵی سێیەم: ئیسلام و ڕۆڵی لە دامەزراندنی سیستمی باوکسالاریی**
**لە ناو عەرەبەکاندا** **387**
*دۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی عەرەبستان پێش ئیسلام* *387*
*پاشماوەکانی سیستمی دایکایەتی لە عەرەبستان و ...* *389*
*مافی ئافرەتان لە وەرگرتنی تەڵاق لە پێش ئیسلامدا* *391*
*پێکهاتنی سیستمی فرەژنە لە ئیسلامدا* *393*
*هێمای دۆخی باڵای ئافرەتان پێش ئیسلام* *394*
*ئایا بەهەشت لەژێر پێی دایکان دایە؟ یان لەسەر شانیانە!* *397*
*ڕاکێشانی ئافرەتان بۆ ژێر عەبا و...* *401*
*بەرگرییکردن لە ئارایشت و لە ماڵ چوونەدەرەوەی ئافرەتان* *404*
*بۆچی لە ئیسلام و ئایینەکانی تردا یاساکانی دژی ئافرەتان...* *406*

*ئایا ئیسلام دۆخی ئافرەتانی لە ئێران و...* *410*

**فەسڵی چوارەم: هەڵوەشاندنی سیستمە هاوبەشەکانی دایکایەتی لە ئەمریکا لە لایەن ئەوروپاییەکانەوە** **413**

*مەسیحییەتی باوکسالار بەرامبەر بە سورپێستەکانی دایکایەتی* *413*

*سیستمی هاوبەش و دایکایەتی لەناو سێنێکاکاندا* *416*

*ئافرەتانی سێنێکا و کێشەی زەوی* *420*

*چۆن سپیپێستەکان سیستمی دایکایەتی سێنێکانیان لە ئەمریکا...* *423*

*چۆن ئافرەتانی سێنێکا بەربەرەکانیی سپیپێستەکانیان دەکرد* *427*

*داسەپاندنی سیستمی پارلەمانیی بەسەر شورای هاوولاتییاندا* *430*

*هەلومەرجی ئافرەتان لە سیستمی نوێدا* *431*

**فەسڵی پێنجەم: ڕۆڵی مەسیحییەت لە دامەزراندنی سیستمی باوکسالاریی لە نێوان "چێرۆکی یەکاندا"** **435**

*پلانی دەرهێنانی زەوی لە دەست چێرۆکییەکان* *435*

*دیسان بەرگرییکردنی ئافرەتان لە پلانی دابەشکردنی زەویدا* *436*

*پیلانی پیاوان، یاسای هەمیشەیی نوێ و دەرکردنی ئافرەتان لە...* *439*

*ئەشرافی هۆزەکان، پێکهێنانی ئۆرگانی بەڕێوەبەریی حکومەت و...* *441*

*چۆن سیستمی دیموکراسی خیانەتی لە خاوەندارییی تایبەتیش دەکات* *442*

**سەرچاوە کان** **447**

# پێشەکی نوسەری کتێب

وەرگێڕان و چاپی کتێبی ئافرەت لە ڕەوتی مێژوودا بە زمانی کوردیی لە سەردەمێکدا بوو کە چاپە فارسییەکەی بە هۆی پێشوازیی خوێنەرانەوە بۆ جاری پێنجەم چاپکرایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت بڵێم کە چاپە کوردییەکەی پتر لە چاپکراوە فارسییەکانی ، ڕەزامەندیی منی پێکهێنا و خۆشحاڵی کردم. چونکە لە دوای شۆڕشی ساڵی 1357 دا بۆ ماوەیەکی کورت میوانی خەڵکی گوندە ئازادکراوەکانی کوردستان بووم و لە نزیکەوە هەستم بە ژیانی تاڵ و پڕ لە ڕەنج و ئازاری ئافرەتانی کورد کرد بە دەست سیستمی پیاوسالارییەوە ، هەروەها بینیم کە ئافرەتی کورد چۆن بە هەست و ورەی بێپایانەوە شانبەشانی پیاوان ، دژی کۆماری ڕەشی ئیسلامیی ئێران و سیستمی پیاوسالاریی خەبات دەکەن. لەو بوارەدا ، ڕەنگە خۆشحاڵیی من بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە دڵنیا و ئومێدەوار بم دەقەکانی ئەم کتێبە کە هەوڵدەدات بۆ ڕونکردنەوەی بنەماکانی ستەم لەسەر ئافرەتان و بەرزبوونەوە و نسکۆکانیان لە ڕەوتی مێژوودا ، بتوانێت گەرووی وشک و تینویەتییان ، تەنانەت بە قومێک ئاوی ژیانبەخش و شیرینی زانست بشکێنێت.

گرنگتر لەوەش ئەوەیە کە یارمەتییانبدات لە خەباتی ڕزگارییخوازانەیاندا لە کۆت و بەندی سیستمی باوکسالارییدا سەربکەون. بەشی یەکەمی کتێبەکە ، چونکە بە شێوەیەکی ڕون و ئاشکرا و بە ڕاشکاویی ئاماژە بۆ گەلێک دیاردەی سەیر و سەمەرەی ئافرەتان دەکات ، لەناو خوێنەرانی فارسیی زماندا ڕەنگدانەوەی جیاواز و دژەکردەوەی "عکس العمل"ی لێکەوتەوە ، بەڵام لەناو ئافرەتانی کارکەردا کە لە بواری ئابوریدا سەربەخۆن ، هاودەنگیی تەواوی لەگەڵ کرا و بەپێچەوانەشەوە ، لەناو ئافرەتانی ئاساییدا کە هێشتا بە پیاوانەوە بەستراونەتەوە ، هەندێک جار بە توندیی دژی زۆربەی باسەکانی وەستان و بەربەرەکانییان لەگەڵدا کرد. هۆیەکەشی

بۆ ئەوە گەڕایەوە کە بەشی یەکەمی کتێبەکە بەگشتیی ڕەخنە لەو ژمارە ئافرەتانە دەگرێت کە بە هۆی نەزانیی ، یان هەندێک دەستکەوتەوە کە پیاوان بۆ بەستنەوەیان دەیاندەنێ ، هەندێک جار لەگەڵ و هەندێک جاریش بە توندیی دژایەتییان کرد. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو گروپە ئافرەتانە ، نە ئامادە بوون ئەو تاوانە قورسانە قبوڵ بکەن کە لەم کتێبەدا خراوەتە پاڵیان ، نە تواناى دەستهەڵگرتن لە دەستکەوتە ئابورییەکانیان هەبوو، بەو جۆرە لە بەرامبەر ڕەخنەکانی ئەم کتێبەدا وەستان ، بەڵام بە شەکانی تری کتێبەکە کە باسی بنەماکانی ستەم و بەندکردنی ئافرەتان دەکات و لە ڕۆڵی نێگاتیڤی پیاوان وەک چینێکی ستەمکەر دەکۆڵێتەوە ، تەنانەت لە لایەن ئافرەتانی ئاساییشەوە پێشوازیی لێکرا. بەتایبەتیی لە بەشەکانی کۆتایی کتێبەکەدا کە باسی سەردەمی شکۆداریی و پلە و بایەخی ئافرەتان لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا دەکات و باوەڕیان پێدەبەخشێت کە لەسەر پێی خۆیان بوەستن.

بە هەر حاڵ ، هەرچەندە ڕاستیی تاڵ بێت و مێشکیش ڕاستەوخۆ قبوڵی نەکات ، بەڵام هەر کاری خۆی دەکات و بە یارمەتی هێزی ڕاستینەی مرۆڤایەتی ، هەر جێگیر دەبێت. بەتایبەتیی ئەگەر قازانج و بەرژەوەندی ئافرەتان خۆیانی تێدا بێت، وەک ئەو باسانەی کە لە بەشەکانی دووەم و سێیەمی کتێبەکەدا بە ڕونیی و ڕاشکاوانە دەخرێتە بەر دیدی خوێنەران.

ئومێدەوارم کە ئەم کتێبە وەربگێڕرێت بۆ زمانەکانی تری ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ، وەک تورکیی و عەرەبییش کە لەم سەردەمەدا ئافرەتانی ئەو هەرێمانە کە پێویستییەکی تەواویان بە ڕونبوونەوە و هۆی کۆیلەیەتی و بەندبوونی خۆیان هەیە.

سیامەک ستودە

2009-3-27

# چەند وتەیەک دەربارەی ئەم کتێبە

ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە و بە شێوەیەکی زانستیی لە کێشەیەکی مەزنی نێوان دوو ڕەگەزی جیاوازی مرۆڤایەتی دەدوێت. کێشەیەک کە نزیکەی هەشت هەزار ساڵ لەمەوبەر سەریهەڵداوە و تا ئێستاش بەردەوامە. یەکێکە لەو کتێبە دەگمەنانەی جیهان کە لە سەردەمی ژیانی بە کۆمەڵی مرۆڤەوە تا دەگاتە ئەمڕۆ ، بەگوێرەی سەردەمەکان و کەلتور و نەریتی ناوچە جیاوازەکانی جیهان، بە قوڵیی ژیانی کۆمەڵایەتی ، ئابوری ، سیاسی و بەتایبەتیی پەیوەندییەکانی سێکسیی نێوان ئافرەت و پیاو بە بەڵگە و ئامار دەخاتە بەر دیدی خوێنەرانی.

نوسەری ئەم کتێبە ، سیامەک ستودە ، لە تاران لەدایکبووە و لە ساڵی 1961وە تێکەڵاوی کاری سیاسی بووە. ساڵی 1974 لە لایەن پۆلیسی ئێرانەوە گیراوە و بە دە ساڵ زیندانیی سزا دراوە. لە سەروبەندی شۆڕشی ساڵی 1979 ی ئێراندا لە زیندان ئازاد بووە. ساڵی 1984 لە ڕێی پاکستانەوە چووتە کانادا و 18 ساڵ لە ئەمریکا ژیاوە و دووبارە گەڕاوەتەوە بۆ کانادا و ئێستا لە تۆرنتۆ خەریکی لێکۆڵینەوە و نوسینی کتێبە. لەگەڵ ئەوەشدا ، سەرنوسەری گۆڤاری "ڕۆشەنگەر"ە و لە تەلەڤزیۆنیشدا پرۆگرام بڵاودەکاتەوە. تا ئێستا سێ کتێبی نوسیوە بە ناوی: "تیرۆریزمی ئیسلامیی و ئامانج و ئەنگیزەکانی" ، "بن لادەن تەنیا موسوڵمانی ڕاستیی- بە زمانی ئینگلیزیی" و "ئافرەت لە کاروانی مێژوودا".

ستودە لەم کتێبەدا "ئافرەت لە کاروانی مێژوودا" ، لە سەردەمە دێرینەکانی بەردییەوە کە ئەو بە سەردەمی دایکایەتی ناوی دەبات ، قۆناخ بە قۆناخ ئاماژە بۆ پێگەی ئافرەت لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا دەکات و جیاوازییەکانی ژیانی بە کۆمەڵ لەگەڵ ژیانی خێزان ، بنەماڵە ، خێڵ و هۆزمان لە سەردەمی کۆیلەدارییی ، دەرەبەگایەتی و

سەردەمی مۆدێرندا پێڕادەگەیەنێت و لە دەرد و ئازاری ئافرەتان لەو سەردەمانەدا دەدوێت.

باسی ڕۆڵی گرنگی ئافرەتان لە بواری دۆزینەوە سەرەتاییەکاندا و گەشەپێدانی مرۆڤایەتیدا دەکات و دەڵێت ئافرەتان لە بوارەکانی دۆزینەوەی کشتوکاڵ و باخەوانیی ، کۆکردنەوەی دانەوێڵە و هەڵگرتنیان لە گەنجینەدا ، بەکارهێنانی ئاگر بۆ برژاندنی گۆشت کە لە گەشەکردنی مێشکی مرۆڤە سەرەتاییەکاندا ڕۆڵی سەرەکیی هەبوو. دۆزینەوەی قاپی دارین کە بەرگەی گەرمای دەگرت و بۆ چێشتلێنان و هەڵگرتن و پاشەکەوتکردنی خۆراک و دانەوێڵە لە جێی گونجاودا. کەڵکوەرگرتن لە پێستی گیاندار و دروستکردنی جلوبەرگ و کەرەستەی چەرمیی و لەوانەش گرنگتر ، دۆزینەوەی خەرەک بۆ ڕستنی خوری گیانداره ماڵییەکان. دواتر دۆزینەوەی ئامێری چنین بۆ دوروونی جلوبەرگی خوریی ، دۆزینەوەی بەن و گوریس کە ڕۆڵی گرنگیان هەبووە لە پیشەی چنین و گواستنەوەدا. دروستکرنی سەبەتە "سەوەتە" بۆ هەڵگرتن و گواستنەوەی دانەوێڵە و کەلوپەل. دۆزینەوەی گۆزە و سورکردنەوەی لە ئاگردا کە دەستکەوتێکی مەزن و چاوەڕوان نەکراوی خستە دەست مرۆڤ ، هەروەها بەدەستخستنی شارەزایی لە تێکنیک و سورکردنەوەی قوڕی خاو بە شێوازی جۆراوجۆر بۆ دروستکردنی دەفر و کاسە و گۆزە و سەرئەنجام سێرامیک. هونەری جوانکاریی لە ڕازاندنەوەدا بۆ یەکەم جار لە دوروونی جلوبەرگ ، چنینی سەبەتە و گۆزەکارییدا و جوانکارییەکانی سەر سێرامیک و کەلوپەلی گڵیی ، بەشێک بوون لەو دۆزینەوانەی کە گەشەیان بە کاروانی شارستانیی و مرۆڤایەتی داوە و بە هەوڵی ئافرەت دۆزراونەتەوە.

ئافرەت لە دروستکردنی خانووبەرە و گەنجینە بۆ هەڵگرتنی دانەوێڵەشدا پێشڕەو بوون ، بە شێوەیەک کە گەشەکردنی ئاوەدانییش لە سەردەمی باوکسالارییدا بە دەستکرد و هونەری ئافرەتان حساب دەکرا. لە ئایینی کۆنی جولەکەدا کە بۆ سەردەمی باوکسالاریی

دەگەڕێتەوە، ئافرەتانیان بە دروستکەری شارەکان دەناسی. لەو بوارەدا لە تەوراتدا هاتووە: "سارا" هاوسەری ئیبراهیم پێغەمبەر ، "بێن هۆرۆن" Ben-Horon ی سەروو ، "ئۆزین شێرلاخ" ، "بێن هۆرۆن"ی ئێستای دروستکردوە. هەروەها ئافرەتان بە هۆی پەیوەندییان بە گژوگیا و ڕووەکەوە، دەستیان هەبووە لە کاری پزیشکییدا و بەگشتیی کاری دەرمان و پزیشکیی لە لایەن ئافرەتانەوە دەستیپێکراوە و بۆ گەشەپێدانیان ، بە نەوەکانی دوایی سپێرراوە.

نوسەر دەڵێت مرۆڤ بە دۆزینەوەی کشتوکاڵ و باخەوانیی نزیکەی هەشت هەزار ساڵ لەمەوبەر و ماڵییکردنی گیاندار و سەرهەڵدانی ئاژەڵداریی و گەشەکردنی کشتوکاڵ ، پێینایە سەردەمی شارستانیی و بە جیابوونەوەی پیشەسازیی لە کشتوکاڵ ، سەرهەڵدانی خاوەنداریی تایبەت ، گۆڕینەوە ، پارە و سەرئەنجام سەرهەڵدانی چینە کۆمەڵایەتییەکان و دامەزرانی دەوڵەت و شارنشینیی ، ئافرەتان بە تەواویی هەلومەرجی خۆیان پاراست ، بەڵام لە سیستمی باوکسالارییدا کران بە کۆیلەی پیاوان.

نوسەر سەرهەڵدانی ئایینەکانی جولەکە ، مەسیحییەت ، ئیسلام ، هیندویزم ، زەردەشتیی ، بودیزم ، کۆنفیشیۆس ، تائۆیزم و... تد دەگەڕێنێتەوە بۆ دوای دەستپێکردنی خاوەنداریی تایبەت و شارنشینیی و بە سیستمی باوکسالارییان ناو دەبات و دەڵێت سیستمی باوکسالاریی پێویستی بە ئایینی نوێ هەبوو کە لەگەڵ ئایینە دێرینەکان جیاوازیی هەبێت و هەڵگری بایەخی نوێی باوکسالاریی بێت. لەبەرئەوە لە هەموو قۆناخەکانی باوکسالارییدا ، ئایینەکانی لایەنگری ئافرەتان بە توندیی سەرکوت دەکران و ڕێگایان پێنەدەدرا کە سەر بەرز بکەنەوە.

نوسەر بە وردیی لە سەردەمی کۆیلەداریی و دەربەگایەتی دەدوێت و لە سەردەمی شارستانییدا کچ بە سامانی باوک ناودەبات و دەڵێت کچ دەسەڵاتی نەبووە کە پیاوێک بە ویستی خۆی هەڵبژێرێت. لە ڕاستییدا هیچ ڕۆڵێکی لە هەڵبژاردنی مێردەکەیدا نەبووە ، نەک هەر هەڵبژاردنی

پیاوێک کە بڕیار بوو شووی پێبکات ، بەڵکوو سەبارەت بە کات و ساتی شووکردنەکەشی کە ئایا دەیەوێت شوو بکات یان نا؟ کچ هەر کە بە تەمەنی باڵغبوون دەگەیشت بەبێ ڕەزامەندیی خۆی ، دەیاندا بەشوو. کچیان وەک کەرەستەیەکی بێگیان لێدەکرد و ڕێیان پێنەدەدا کە خۆی دەستی هەبێت لە دیارییکردنی چارەنوسی خۆیدا و لە خاوەنێکەوە بۆ خاوەنێکی تر دەگوازرایەوە.

هەروەها نوسەر خێزان وەک یەکەیەکی بەرهەمهێنان دەبینێت و دەڵێت ئیتر ئافرەت بە تەنیا هەر وەک دیاردەیەکی زەوقهێنەری سێکسیی نابینرێت ، بەڵکوو بایەخی هێزی کاریشی بەگشتیی سەرنجڕاکیش دەبێت. بەو واتەیە کە هێزی کاری ئافرەتانیش شانبەشانی هێزی کاری کوڕان ، پێکەوە هێزی سەرەکیی کار و بەرهەمهێنانی خێزانیان پێکدەهێنا و لە کۆنترۆڵ و خاوەنداریی باوکی خێزاندا بوون و ئەو کاری پێدەکردن.

نوسەر لە ڕەوتی نوسینەکەیدا پەنجە بۆ کۆمەڵێک کردەوەی نارەوشتییانە ڕادەکێشت کە بە ناوی ئایین و یاسای حکومەتەکانەوە پیادەدەکرێن و لەو بارەیەوە نەریتی سیغە ، یان هاوسەریی کاتیی لەناو شیعەکانی وڵاتانی ئیسلامییدا بە نمونە دەهێنێتەوە و دەڵێت لەو سێکس فرۆشتنەدا ، ئافرەت بۆ ماوەیەکی دیارییکراوی یەک کاژێریی ، یان یەک ڕۆژیی ، بە پارە پەیوەندیی سێکسیی لەگەڵ پیاواندا دەکات. هەروەها باسی خەتەنەکردنی کچان لە وڵاتانی ئیسلامییدا دەکات و وتووێژێکی "ڕێبێکا جۆنسۆن" لەگەڵ دوو کچە مۆدێلی خەڵکی گوندێکی وڵاتی سۆماڵ لە ئافریکا بڵاودەکاتەوە ، لەگەڵ ڕێوڕەسمی "ساتی" لە هیندستان کە ئافرەت کاتی مردنی مێردەکەی ، خۆی دەسوتێنێت و مرۆڤ بە خوێندنەوەی ئەو بابەتانە ویژدانی دەهەژێت.

نوسەر سەدان نمونەی زیندوو سەبارەت بە ژیان و پەیوەندییەکانی سێکسیی ئافرەتان و هەڵسوکەوتی باوک و برا و مێرد لەگەڵ کچان و هاوسەرانیان و فرۆشتنی کچ لە وڵاتانی جیهان و یەکێک لەوانەش لە

کوردستان دەهێنێتەوە. هەر لەو کاتەشدا ڕەخنە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن ، کۆمپانیاکانی کەرەستەی ئارایشت و جوانکاریی دەگرێت کە لە بەدڕەوشتکردنی ئافرەتاندا ڕوڵ دەبینن و ڕەخنەی توند ئاراستەی ئەو ژمارە ئافرەتە ساکارانەش دەکات کە بە هەڵسوکەوتی سەیر و سەمەرەیان ، زیان بە پێگەی ئافرەت دەگەیەنن لە کۆمەڵگادا، تەنانەت بۆ ئەوە شوودەکەن کە پیاوێک بەخێویان بکات.

نوسەر ئاماژە بۆ دۆزینەوەی قارەی ئەمریکا دەکات لە لایەن ئەوروپاییەکانەوە و باسی ڕاگواستنی سورپێستەکانی باکوری ئەمریکا بۆ باشوری ئەو وڵاتە دەکات و دەرد و ئازارەکانی ئەو ڕاگواستنە بەتایبەتیی لەسەر ئافرەتان بۆ خوێنەر ڕوندەکاتەوە. بێگومان هەر کوردێک بە خوێندنەوەی ئەو بەشە ، گواستنەوە پڕ لە ئێش و ئازارەکانی گەلی کوردی لە کوردستان بەبیردێتەوە کە لە ڕۆژهەڵات و باکور و باشوری کوردستاندا کراوە.

نوسەر دەڵێت چاوپیاداخشاندن و هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی ئافرەتان و پیاوان و دەرخستنی جیاوازییەکانیان بێسود نیە. بەتایبەتیی هەڵسەنگاندنێکی بەو جۆرە پێشاندەدات کە چۆن پرینسیپەکانی پەیوەندییدار بە نەریت و شێوەی هەڵسوکەتەکانی نێوان پیاوان و ئافرەتان لە هەر قۆناخێکدا ، بە هیچ شێوەیەک هەمیشەیی و بەهێز و گیانیی نەبوون و پتر بەرهەمی هەلومەرجی دۆخی کۆمەڵایەتی جیاواز بوون کە ئافرەتان و پیاوان تێیدا ژیاون. بە جۆرێک بە گۆڕانی ئەو دۆخە ، پرینسیپەکانیش گۆڕانیان بەسەردا هاتووە.

خوێنەری کورد کاتی خوێندنەوەی ئەم کتێبە ، بەسەدان جار کەلتور و نەریت و هەڵسوکەوتی نەتەوەکەمانی بەبیردێتەوە و لەو ڕوانگەیەوە خەمی ئەوەیەتی کە بۆچی تا ئێستاش بەشێک لە کەلتوری نزیکەی چوار هەزار ساڵ لەمەوبەری میسۆپۆتامیا لە مێشکی ئێمەی کورددا ماوەتەوە؟ بۆچی وەک پێویست مێشکمان گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە؟ بۆچی ئێستاش پەیڕەویی لە سیستمی فرەژنیی دەکەین؟

بۆچی لوتی ئافرەت دەبڕن؟ بۆچی بە زۆرەملێ کچەکانمان دەفرۆشین؟ بۆچی ئافرەت بە هۆی ویست و حەزەکانییەوە دەکوژین؟ بۆچی کچ خەتەنە دەکەین؟ و سەدان بۆچی تر! کە هیچ کەس و دەسەڵاتێک ناتوانێت وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە ، مەگەر بە گۆڕینی ئاستی ڕۆشنبیریی کۆمەڵگاکەمان و دەربازبوونمان لەو بازنەیە نەبێت کە بە خۆشییەوە ، ئەم بوارە بۆ ئافرەتانی کورد لە باشوری کوردستاندا لە برەودایە.

باشوری کوردستان بە بەراوردکردن لەگەڵ ڕژێمی سەدام حوسێن و ساڵی 1991 ، تەنانەت وڵاتانی دەوروبەری کە گەلی کوردیان تێدا کۆڵۆنییە ، پێشکەوتنێکی زۆری لە بوارەکانی دیموکراسی ، مافی مرۆڤ و ڕێزگرتن لە ئافرەتان و ئاوەدانیی بە خۆیەوە بینیوە. ئافرەتی کورد لەو بەشەی کوردستاندا ئازادە ، شان بە شانی پیاوان لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی ، سیاسی و ئابوریدا تێبکۆشێت و ئاستی ڕۆشنبیریی خۆی بەرزبکاتەوە و بۆ پێویستییەکانی ژیانی ، چاوی لە دەستی باوک ، برا و و مێرد نەبێت. دەسەڵاتی کورد لە باشوری کوردستاندا و بەتایبەتیی سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری زۆریان بۆ نەهێشتنی توندوتیژیی دژی ئافرەتان کردووە و وەزارەتەکان و بەتایبەتیی وەزارەتی وەرزش و لاوان کە پەیوەندیی نزیکی بە نەوەی نوێ و ئافرەتانەوە هەیە ، لە بواری پەروەردەکردنی نەوەی نوێدا هەنگاوی باشیان ناوە. پارلەمانی کوردستان چەندان یاسای سەردەمی بەعسی کە دژی ئافرەتان بووە ، پوچەڵ کردوەتەوە و ڕێی خۆشکردووە کە ئافرەتان بێنە مەیدان و ئیش بۆ داواکارییەکانیان بکەن. هەروەها جێی خوشحاڵییە کە ئەرکی بۆ لایەنە سیاسییەکان دیارییکردوە کە بە لایەنی کەمەوە بە ڕێژەی 30% ی ئافرەتان بۆ بەشدارییکردن لە پارلاماندا بپاڵێون. لە ڕاستییدا ئافرەتان دەتوانن ئەو ڕێژەیە ببڕن و لە سەرووی 50% بەشداریی پارلەمان بکەن و یاسا ڕێگربیان لێناکات. لەگەڵ ئەوەشدا بە داخەوە پارلەمانی کوردستان بە هۆی نەریتی زاڵی

ئایین بەسەر کۆمەڵگاکەماندا ، نەیتوانی یاسای فرەژنیی بەلاوەبنێت کە ئەمە لاوازیی بیری کۆمەڵگاکەمان و کاریگەریی حکومەتی ناوەندیی و دراوسێکانی لەسەر حکومەت و گەلەکەمان دەگەیەنێت.

لە کۆتاییدا پێویستە پڕ بە دڵ سوپاسی برای بەڕێزم کاک نەوزاد وەلی بکەم کە وەک هەمیشە زەحمەتی بژارکردنی کتێبەکەی خستە سەر شانی خۆی و بەوپەڕی دڵپاکییەوە کتێبەکەی بژارکرد و لەگەڵ ئەوەشدا ئایەتەکانی قورئانی بە زمانی عەرەبیی نوسییەوە و داواشم لێکرد کە پێشەکییەک بۆ کتێبەکە بنوسێت.

هەروەها پڕ بە دڵ سوپاسی کاک هەژار گەوهەری دەکەم کە کتێبەکەی بۆمۆنتاژ کردم ، لەگەڵ سوپاسی فەرەوانم بۆ کاک فەریدون میتران و ئیلاهە خانمی هاوسەریی کە پێشنیازی وەرگێڕانی ئەم کتێبەیان پێکردم.

حامید گەوهەری

2009-4-15

# پێشەکیی

ماوەیەک لەمەوبەر کاک حامید وتی کتێبێکی باشم بەدەستەوەیە و نیازم وایە کە وەریبگێڕم بۆ کوردیی ، منیش وەک هەر جارێکی تر دەستخۆشییم لێکرد و ئامادەیی خۆمم پێشاندا بۆ هەر ئەرکێک کە بە منی بسپێرێت.

بەشی یەکەمی بۆ پیاداچوونەوە بۆ ناردم ، تا ڕادەیکی باش بێزار بووم! بەشی دووەمی نارد ، خۆم بۆ نەگیرا و تێلێفۆنم بۆ کرد و وتم کاکە ئەم کتێبە ئەوە ناهێنێت کە خۆتی پێوە ماندوو بکەیت!

کاک حامید وتی بڕوا بکە منیش کە دەستم بە خوێندنەوی کرد ، تێلێفۆنم بۆ کاک فەریدون میتران کرد کە کتێبەکەی بۆ ناردبووم و منیش هەر وەک تۆ ، ناڕەزاییم دەربڕی ، بەڵام داوای لێکردم کە هەر هیچ نەبێت یەک دوو بەشی تریشی لێ بخوێنمەوە ، ئەوسا بڕیاری خوێندنەوەی ، یان نەخوێندنەوی بدەم. لە ڕاستییدا کە بەشێکی ترم خوێندەوە ، ئیتر سەرم کردە سەری و بەردەوام بووم تا دوا وشەم تەواو نەکرد ، دەستم لە خوێندنەوەی هەڵنەگرت.

لەبەرئەوە منیش داوا لە خوێنەر ئەکەم کە دان بەخۆیدا بگرێت و هەر لە سەرەتاوە گرنگیی بە خوێندنەوەی هەموو بەشەکانی ئەم کتێبە بدات ، چونکە هەر بەشێک تەواوکەری بەشی پێشووترە و تا بێت قوڵتر ئەبێتەوە و سەرنج ڕاکێشەرتر ئەبێت.

ئەمە یەکەم جار نیە کە کاک حامید ئەو ئەرکە سەختە ئەخاتە ئەستۆی خۆی و کتێبێکی وا گرنگ وەرئەگێڕێت ، کتێبی مێژووی شارستانییەت کە چەند ساڵێک لەمەوبەر وەریگێڕا بۆ کوردیی ، بۆشاییەکی گەورەی لە کتێبخانەی کوردییدا پڕکردەوە.

لام وایە ئەم کتێبەش بۆشاییەکی گەورەتر پڕ ئەکاتەوە.

ئەمڕۆ هاونیشتمانییانی کوردستان ، زیادتر لە هەموو ڕۆژێکی تر ، پێویستیان بە ڕۆشنبیریی و هۆشیارییە هەمەجۆرەکانە. وەرگێڕانی

كتێبی زانستیی ، مێژوویی ، سیاسی ، كۆمەڵایەتی و ئابوری ، ئەركێكی گەورەیە و بە بوونی دەیان هەزار ڕۆشنبیری كورد لە دەرەوەی وڵات ، ئەبێت گوڕێكی پێبدرێت و خوێنەرانی كوردستان لەو گەنجینە مەزنەی زانستیی و ڕۆشنبیریی گەلان و مرۆڤایەتی، بێبەش نەكرێن، بەتایبەتیی ئافرەتانمان.

خوێندنەوەی ئەم كتێبە ، كارێكی ئاسایی نیە و بۆ هەموو كەسێك دەست نادات! ئەویش لەبەر چەند هۆیەک و گرنگترینیان ئەوەن كە:

- ئەم كتێبە دەربارەی مێژووی چەوسانەوەی نیوەی كۆمەڵگای مرۆڤە كە ئەویش ئافرەتە، بۆیە ئەوەی كە پیاوسالارییانە بیرئەكاتەوە، ناتوانێت، تەنانەت تەنیا بەشێكی ئەم كتێبە بخوێنێتەوە.

- هەروەها ئەوانەی كە باوەڕیان بە ئایین هەیە ، خوێندنەوەی ئەم كتێبە زەحمەتە بۆیان.

لەگەڵ ئەوەشدا كە ئەم كتێبە باسی ڕۆڵی نێگاتیڤی تەواوی ئایینەكان ئەكات ، هەر لە سەرەتای دروستبوونیانەوە ، لە چەوسانەوە و بەكۆیلەكردنی ئافرەت ، بەڵام جیاوازییەكی زۆری هەیە لەگەڵ زۆربەی ئەو كتێبانەدا كە باسی ئایینیان كردووە ، ئەویش بە ڕای من جیاوازییەكە بەم شێوەیەیە:

- زۆربەی ئەو كتێب و نامیلكانەی كە دەربارەی ئایین و ڕۆڵی نێگاتیڤیان لە پرسە هەمەجۆرەكانی ژیانی مرۆڤدا ، نوسراون ، لە نەزانینەوە بێت ، یان بە مەبەست ، سوكایەتی بە ئایینەكان ئەكەن ، تەنانەت زۆر جار وشەی ناشیرینیش لە دەربڕینەكانیاندا بەكارئەهێنن.

- زۆربەی ئەو كتێبانە تەنیا ئاماژە بۆ ئەم سەرچاوە و ئەو سەرچاوە ئەكەن لە شیكردنەوەی بۆ نمونە ئایەتەكانی قورئاندا ، بەداخەوە زۆر جار ئەو سەرچاوانەش كەسانێك نەیاننوسیون كە زاڵبن بەسەر زمانی عەرەبییدا ، بۆیە زۆر جار مەبەستە بنەڕەتییەكە لە ئایەتەكاندا دەرناكەون.

لەم کتێبەدا ، باسی چەوسانەوە و بەکۆیلەکردنی ئافرەت تەنیا لە ڕووی ئایینی ئیسلامەوە نەکراوە ، بەڵکوو لە هەمان ڕووەوە ، ئاماژە بۆ هەموو ئەو دەقانە کراوە کە پەیوەندییان بە باسەکەوە هەیە ، وەک لە تەورات ، ئینجیل ، قورئان و کتێبەکانی تری ئایینەکانی بودیزم ، کۆنفیشیۆس ، هیندویزم ، زەردەشتیی و .. تد.

گرنگیی زانستییانەی ئەم کتێبە ئەوەیە کە تەنیا یەک ئایین نەبووە بە مەبەستی باسەکان ، لەبەرئەوەی کە ئەم کتێبە بە شێوەیەکی زانستییانە نوسراوە و لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەکانی پشتیان بەستووە بە تەواوی ئایینەکانی مێژووی مرۆڤایەتی ، بۆیە وەرگێڕانیشی کارێکی ئاسان نەبووە.

زمانەکەی ئێمەش بە هۆی مێژووی ستەمدیدەیی گەلەکەمانەوە ، لەو قۆناخەدا نیە کە ئەو هەموو زاراوە کۆمەڵایەتی ، ئایینیی و زانستییانەی لەم کتێبەدان ، پڕ بە پێستی خۆیان مانای خۆیان ببەخشن ، بۆیە زۆر وشە و زاراوە لەم کتێبەدا هەن کە لەوانەیە بۆ خوێنەری کورد نوێ بن ، یان بە تەواویی ماناکەیان نەبەخشن ، بەڵام هەوڵدراوە کە وێنەیەکی مەبەستەکە بدەن بە دەستەوە.

جگە لەوانەش ، هەندێک وشە و زاراوە هەن کە لە هەندێک کۆمەڵگادا ، هەموو کەسێک ئەو بوێریی و ئازایەتییەی نیە کە بە نوسین بەکاریانبهێنێت ، بۆ نمونە ئۆرگانەکی لەشی مرۆڤ ، یان پەیوەندییە جەستەییەکانی نێوان ئافرەت و پیاو.

سێکس ، زاراوەیەکی گشتییە و تەنیا یەک مەبەست ناگەیەنێت ، بەڵام لە لای ئێمە بۆ هەموو مەبەستێکی پەیوەندیی جەستەیی بەکاردێت ، لە ڕاستییدا ئەوەش هەڵەیە. جاران لە کوردستاندا وشەی (جنس) ی عەرەبییان بەکارئەهێنا ، بەڵام ئێستا بە هۆی بوونی سەدان ساتێلیت و ئینتەرنێتەوە ، گۆڕیویانە بۆ سێکس ، لە ڕاستییشدا هەردووکیان هەر زاراوەیەکی گشتیین و مانا تایبەتییەکان دەرناخەن.

لە قورئاندا وشەی (مضاجعة) هاتووە کە مانای (گانکردنە) ، بەڵام کەس ڕووی نایەت ، یان ناوێرێت وا بنوسێت. هەروەها لە سورەتی حیزبەکاندا و ئایەتی 30 دا ئەڵێت (◆↗✎👓❁○🙵✡🕔♦③
●♊↗▤☪🙵👌 🙵☠▫🕯♦③ ♊♦👌 ⮱♍🙵⮰🖫☐☪🕿👓✂
⌨◘♦⌖⮰⬩🕔☒▦🙵📪) ، فحش بە واتەی قەحبەیی دێت ، بەڵام بە ناچاریی ئەنوسرێت ، ئەگەر کارێکی خراپە بکەن!

لەبەرئەوەیە کە چەندان وشە و زاراوە لە نوسینی ئەم جۆرە کتێب و باسانەدا ، پڕ بە مەبەستەکەی خۆیان نانوسرێن.

ئەوەش کە گرنگە ئەوەیە کە لە وەرگێڕانەکەدا هەموو ئایەتێکی ئامارژە بۆ کراو ، وەک خۆی نوسراوەتەوە ، تا خوێنەری عەرەبییزان گومانی بڕەوێتەوە و خۆی سەرپشک بێت لە شیکردنەوەیاندا ، بێگومان ئەوەش مافی خوێنەر خۆیەتی کە تا چ ڕادەیەک باوەڕ بە باسەکان ئەکات.

لێرەدا نمونەیەک باس ئەکەم کە پەیوەندیی بەم باسەوە هەیە. برایەکم بەرد لە گورچیلەیدا بوو ، کاتێک کە بۆمی باسئەکرد چۆن نەشتەرگەرییان بۆ کردووە ، وتی سۆندەیەکیان کرد بە عەیب نەبێت بە (قەزیبەکەمدا) ، وتم بۆچی تۆ عامودی کارەبات هەیە؟ وتی نا کاکە ، کردیان بە (زەکەرما) ، وتم بۆچی تۆ وات ئەزانی (موئەنەسیت؟) ، وتی دە کردیان بە (جیهازی تەناسولیمدا) ، بە هەر حاڵ ، هەرچییەکی وت هەر بە عەرەبیی بوو ، ئیتر وتم برام بۆ ناڵێیت سۆندەکەیان کرد بە (کێر) تدا ، وتی ئاخر شەرم ئەکەم ، وتم باشە بۆچی بە عەربیی ئەیڵێیت و شەرم ناکەیت ، بەڵام بە زمانە کوردییەکەی خۆت پێت شەرمە؟

ئەوە ڕاستییەکی تاڵە و ئایین ڕۆڵی هەیە لەو بوارەدا و بووە بە شێک لە کەلتورە کۆمەڵایەتییەکەش ، لە کاتێکدا کە ئەدەبی کوردیی شێخ ڕەزای تاڵەبانیی هەبووە کە بە زمانێکی کوردیی پاراو هەموو ئەو وشە

و زاراوانەی نوسیوە و بڕوا ناکەم ڕۆشنبیرێک هەبێت کە بە هۆی بەکارهێنانی ئەو وشانەوە ، لە پایەبەرزیی شێخ ڕەزا کەم بکاتەوە.

بە هەر حاڵ لەم کتێبەدا تا ڕادەیەک ئەو جۆرە وشانە بەکارهێنراون ، لاشم وایە کە باشتر واتە و مەبەستەکان ڕونئەکەنەوە و خوێنەر بە پێچ و پەنادا نابەن و زوو لە مەبەستەکە ئەگەن. کاتی ئەوەش هاتووە کە ئەو دیواری شەرم و ترسە بڕوخێنرێت ، چونکە نابێت ڕۆشنبیر شەرم لە ڕاستیی و زانست بکات و چۆنن! ئەبێت هەر وا بوترێن و بنوسرێن.

ئەوەی لێرەدا و لە درێژەی باسەکاندا خوێنەر هەستی پێئەکات ، ئەوەیە کە جیاوازییەکی مەزن لە نێوان دایکسالاریی و باوک ، یان پیاوسالارییدا هەیە ، بۆیە لێرەدا بەگشتیی زاراوەی دایکایەتی لەبری دایکسالاریی بەکارهێنراوە ، دواتر خوێنەر هۆیەکانی بۆ دەرئەکەوێت.

ئەگەرچی ئەم کتێبە دەربارەی چەوساندنەوەی ئافرەتە لە سەرەتاکانی دەرکەوتنی خاوەندارییی تایبەتەوە (الملكية الخاصة) و دروستبوونی پاتێریارکیی (باوکسالاریی) ، بەڵام لام وایە ئەبێت پیاوان زیادتر لە ئافرەتان ، بیخوێننەوە ، چونکە هەر پیاوان خۆیان بە درێژایی مێژوو سەرچاوەی ئەو سوکایەتی و چەوسانەوەیەن.

هەزاران ساڵە پیاوان دانەری هەموو ڕێسا و یاساکانی مرۆڤن ، پێغەمبەران هەر پیاو بوون ، سەرکردەکان هەر پیاون ، دانەری پارلەمانەکان و دەسەڵاتەکان هەر پیاون .. و تد ، بەڵام ڕاستییەکان و بەڵگە مێژووییەکان وەک لەم کتێبەدا باسکراون ، ئەوە دەرئەخەن کە لە سەرەتای مێژووی مرۆڤایەتیدا ، تەواو پێچەوانە بوون و ئافرەت دەستپێشخەر بووە لە پەرەسەندنی مرۆڤایەتیدا و زۆربەی ئەو دۆزینەوە و ئامێر و دەزگایانەی کە مرۆڤایەتی بە درێژایی مێژووی دۆزیونەتیەوە و بەکاریانهێناون ، جێپەنجەی ئافرەتی پێوەیە و ئەو دۆزەرەوەیان بووە.

بێگومان ڕەگەزی مرۆڤ وەک زۆربەی گیانداران ، بەردەوامییەکەی بە ئاوێتەی ئافرەت و پیاوەوە ئەبێت ، بەڵام ئەوە سوکایەتی نیە کە وەک

چەوسێنەری ئافرەت ، باسی پیاو بكرێت ، بەڵكوو ئەوە ڕاستییەكی مێژوویی و تاڵە و ئەبێت دانی پیادا بنرێت و هەر پیاوێك لە خۆیەوە دەستپێبكات و بەپێی توانا ، هەوڵبدات ئەو پەڵە ڕەشەی مێژووی كۆن و ئێستای باوكسالاریی لەسەر خۆی لاببات.

ناكرێت باسی كتێبێك بە پێشەكییەك بكرێت ، بۆیە لێرەدا ئەڵێم با خوێنەر خۆی بچێتە ناو كتێبەكەوە و لەگەڵ ئەو كاروانەی مێژووی ستەمی ئافرەتدا ، گەشتێك بكات.

دووبارە دەستخۆشیی لە كاك حامید ئەكەمەوە و هیوام سەركەوتن و بەردەوامییەتی لە خزمەتكردنی ڕۆشنبیریی و كتێبخانەی كوردییدا.

نەوزاد وەلی
2009-04-01

# بەشی یەکەم:

# ئافرەت وەسیلە و بابەتی سێکس

# فەسڵی یەکەم: گۆڕینەوەی سێکس لەناو بنەماڵەدا

## دەبێت مێرد بەخێوم بکات ، چونکە خۆم دەدەمە دەستی

لاتان سەیر نەبێت ، ئەوە وتەی کچێکی 15 ساڵەی بنەماڵەیەکی خوێندەواری ئێرانییە کە بنەماڵەکەی ناردبوویان بۆ دەرەوەی وڵات بۆ خوێندن. دایکی لە ئێران مامۆستای خوێندنگەی ئامادەییە و باوکی نیشتەجێی لۆس ئەینجلسە.

لە ماڵی یەکێک لە دۆستەکانم کە ئەویش ئێرانییە و لە ئەمریکا دەژی ، چاوم بەو خانمە کەوت و پتر لە سێ کاتژمێر لەسەر گەلێک بابەتی جیاواز پێکەوە دواین. مرۆڤێکی زۆر وردبین و هۆشیار بوو. لەسەر هەموو ئەو دیاردانەی دەوروبەری کە تەنانەت ئەگەر بە ڕادەیەکی کەمیش پەیوەندیی پێیانەوە هەبوو ، ئاگادار و خاوەن ڕا بوو.

لەو وتووێژەدا، باسەکان گەیشتنە سەر دۆخی خوێندنی کچان لە خوێندنگەکانی ئێراندا و پەیوەندیی نێوان دایک و باوک و مناڵەکان و مادە سرکەرەکان. هەروەها پرۆگرامی خۆی بۆ دوارۆژی. سەبارەت بە خوێندن و ئاواتەکانی لە خوێندندا پرسیارم لێکرد و گوتی:

- (نازانم... ڕەنگە ئەدەبیات هەڵببژێرم.)

پ- لە بەشی ئەدەبیاتدا بەڕاستیی دژوارە خەرجیی ژیانت بۆ دابین بکرێت.

و- (ئەگەر کاربکەم بۆ دابینکردنی خەرجیی ژیانم ، ئەوا کار ناکەم.)

پ- ئەی چۆن دەژیت و چۆن خەرجیی ژیانت دابیندەکەیت؟

و- (لە ڕێی مێردەکەمەوە.)

پ- لە ڕێی مێردەکەتەوە! بۆچی لە ڕێی مێردەکەتەوە؟ هەموو کەسێک لە کۆمەڵگادا دەبێت کاربکات و خەرجیی ژیانی خۆی دابینبکات.

و- (نەمگوت کار ناکەم. گوتم خەرجیی ماڵەوەمان لەسەر مێردەکەمە.)

پ- ئەی تۆ پارەکەت چی لێدەکەیت؟

و- (بۆ خۆمی هەڵدەگرم.)

پ- بۆچی؟

و- (بۆ دوارۆژ کە ئەگەر منی بەجێهێشت ، پارەم بۆ ژیان هەبێت.)

پ- بەڵام تا ئەو کاتەی کە کار بکەیت ، پارەی پێویستت بۆ ژیان دەبێت.

و- (ڕاستە ، بەڵام بەم جۆرە پتر دڵنیا دەبم.)

پ- ئەوە دروست نیە کە تۆ پارەی خۆت کۆبکەیتەوە و ئەو پارەکەی خەرج بکات. بۆچی دەبێت ئەو کاربکات و بیدات بە تۆ؟

و- (چونکە ئەو مێردی منە.)

بە هەر حاڵ ئەو ڕۆژە من نەمتوانی لەوە تێبگەم کە بۆچی دەبێت مێردەکەی خەرجیی ژیانی بدات ، بەڵام دوای چەند ڕۆژێک ، هەر ئەو دۆستەی کە لە ماڵی ئەوان باسەکە دەستیپێکرد ، پێیگوتم کە کچەکە پێی گوتووە: ئەو ڕۆژە من نەمتوانی بە دۆستەکەت بڵێم کە بۆچی مێردەکەم دەبێت خەرجیی ژیانی من دابینبکات ، بۆیە دەبێی خەرجیی ژیانم دابینبکات کە خۆمی بەدەستەوە دەدەم. دیارە قبوڵکردنی ئەو ڕاستییە تاڵە دژوارەی کە شوکردنی زۆربەی ئافرەتان بۆ دابینکردنی ژیانیانە لە لایەن پیاوانەوە و بە وتەیەکی کراوەتر ، ئەنجامدانی سێکسە لە بەرامبەر دابینکردنی ژیانیاندا ، ئەمەش بە ئاسانیی ناچێتە مێشکی ئافرەتان و زۆربەی پیاوانەوە. لەبەرئەوەیە کە ناتوانن مەسەلەکە بە ڕونیی بەیان بکەن و بە پێچوپەناوە ئاماژەی بۆ دەکەن ، وەک ئەوەی کە دەبێت ئافرەت لە ماڵ بێت و مناڵ بەخێو بکات ، یان دوو کەس کە یەکتریان خۆشدەوێت و ئەویندارى یەکترن ، گرنگ نیە کامیان خەرجیی ماڵ دابینبکەن.

سەبارەت بە دیاردەی یەکەم کە دواتر بە وردیی ئاماژەی بۆ دەکەم ، ئەوەیە کە چۆن تا ئەو کاتەی پیاو بەخێوکەری ماڵەکەیەتی و خەرجیی ماڵەکەی دابیندەکات ، ئافرەت ئەگەر ئیشی ناو ماڵەکەی بکات یان نا ، سەربەخۆیی ئابوریی خۆی لەدەستدەدات و بە پیاوەوە دەبەسترێتەوە. لەو پەیوەندییەدا ئەگەر پیاو بیەوێت کەڵک لەو بەستراوەییە بە قازانجی خۆی وەربگرێت، هەموو ئیشەکانی، لەوانەش سێکس ، لایەنی زۆرەملێ بەخۆیەوە دەگرێت و لە ئاکامدا دەبێتە مامەڵەی سێکس بەرامبەر خەرجیی ژیان و ئیشی ماڵەوە و سەنگیی چەوسانەوەی ئەو دیاردەیە پترە لە دۆخی پێشوو. لێرەدا کە ئافرەتێک کار ناکات، بیر لەوە دەکاتەوە کە دەبێت پیاوەکەی خەرجییەکەی دابین بکات!

بەڵام سەبارەت بە دیاردەی دووەم ، ئەگەر بەڕاستیی کێشەی ئابوری لەنێوان دوو دڵداردا گرنگ نیە ، ئەوەش وتەیەکی ڕاست و بەجێیە ، دەبێت وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە کە بۆچی لەم بارەیەوە دەبێت هەمیشە پیاوەکان خەرجیی ژیانی ئەویندارەکانیان دابینبکەن؟

ئەگەر دۆستێکت تەلەفۆنت بۆ بکات و پێت بڵێت کە شووی کردووە و ئیتر کار ناکات، ڕەنگە ئێوە بە هۆی سامانیەوە و پێویست نەبوونی بە کارکردن خۆشحاڵ ببن ، تەنانەت لەو بارەیەوە کە توانیویەتی مێردێکی خاوەن داهاتی باش بدۆزێتەوە ، پیرۆزبایی لێدەکەیت ، بەڵام ئەگەر ئەو کەسە پێت بڵێت کە شووی کردووە بە کەسێک کە بێکارە و دەبێت خۆی خەرجیی ژیانی ئەو دابینبکات، ئاخۆ ئەوسا پیرۆزبایی لێدەکەیت، یان بە پێچەوانەوە ، هۆشیاری دەکەیتەوە کە هەڵبژاردنێکی دروستی نەکردوە و ڕەنگە مێردەکەی خراپ کەڵکی لێوەربگرێت (سواستفادەی لێبکات - استغلالی بکات - لێی بخوات). بۆ دڵنیابوون لەو مەسەلەیە، بڕواننە ئاکامی ئەو لێکۆڵینەوەیەی کە بنکەی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی زانکۆی مێشیگان لە ساڵی 1986 دا سەبارەت بە کچان و کوڕانی خولی پێشووی زانکۆی High school senior لە ئەمریکا بڵاویکردووەتەوە.

کاتێک لە کچەکانی زانکۆ سەبارەت بە شوو کردنیان پرسیار کرا ، چۆن سەبارەت بەو پیاوانە بیردەکەنەوە کە بێکارن و دەبێت خۆیان کاربکەن و خەرجیی مێردە بێکارەکانیان دابینبکەن؟

77% یان بیریان لە شووکردنێکی لەو جۆرە نەکردبووەوە و قبوڵیان نەبوو ، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەگەر مێردەکانیان بە بەردەوامیی کاربکەن و ئەوان خۆیان بێکاربن، تەنیا 39% یان دژی ئەو شێوە شووکردنە بوون. هەر ئەو ئامارە بۆ کوڕان بە ڕێژەی 15% و 75% بوو. بە بۆچوونێکی تر تەنیا 39% ی کچەکان ئامادە نەبوون خەرجیی ژیانیان لە ڕێی مێردەکانیانەوە دابینبکرێت ، لە حاڵێکدا ڕێژەی ئەو کوڕانەی کە ئامادە نەبوون خەرجیی ژیانیان لە لایەن هاوسەرەکانیانەوە دابین بکرێت 75% بوون و 15%ی کوڕەکان دژی ئەوە بوون کە خەرجیی هاوسەرەکانیان دابین بکەن ، ئەو ڕێژەیە بۆ ئافرەتەکان واتە ئەوانەی دژی دابینکردنی خەرجیی مێردەکانیان بوون، گەیشتە 75%[1].

## کار و سامان بۆ پیاو و جوانیی بۆ ئافرەت

ئەگەر ئافرەتێک لە بنەماڵەی ئێوە، بۆ نمونە خوشک یان کچەکەتان، ڕۆژێک بێت و بڵێت کە دەیەوێت شوو بکات. یەکەم پرسیاری ئێوە لەو چییە؟ جگە لەوەی کە لە کاری پیاوەکە بپرسن و بزانن داهاتی چەندە؟ ئێستا ئەگەر ئەو کەسە کوڕی بنەماڵەیەک بێت و ڕایبگەیەنێت کە لەگەڵ کچێک ئاشنا بووە و دەیەوێت خوازبێنی بکات ، بێگومان هیچ کەسێک لە کار و داهاتی کچەکە ناپرسێت ، یان لەو بوارەدا پرسیاری لێناکرێت. بە پێچەوانەوە شتێک کە هەموو دەیانەوێت ، ئەوەیە کە ئەو

1- Monitering the Future: Questionnaire Responise, In the Nattion´s Hiigh Schoool Seniors. Lloyd johnston, atrick O´malley. Institute for Social Research, the Univercity of Michigan.

کچە ببینن و زانیاریی لەسەر جوانیی و تا ڕادەیەکیش ڕەوشت و هەڵسوکەوتی پەیدا بکەن. دیارە ئەوە بەشێک لە تایبەتمەندییەکانی کاڵا فرۆشەکانە کە دواتر قسەی لەسەر دەکەم ، وەک سەربەژێریی و فەرمانبەردار بوونی لە کۆمەڵگایەکدا کە ئافرەت تێیدا هیچ مافێکی لە بەرامبەر پیاودا نیە. سەبارەت بە مێرد ، ئەگەر ئەوان بزانن کە کەسێکی دەوڵەمەندە ، یان کاری باشی هەیە ، هەموو بە چاوی ڕێزەوە سەیری دەکەن و سەیری سیما و ڕەوشتی ناکەن. لە حاڵێکدا بۆ ئافرەت بەو جۆرە نیە و ئەگەر ئافرەتەکە پارەی هەبێت ، هەموو بیر لەوە دەکەنەوە کە چۆن ئافرەتێکی خاوەن پارە دەیەوێت شوو بکات بە پیاوێکی هەژار و دەستبەجێ لە کەموکوڕیی ئافرەتەکە دەکۆڵنەوە.

بەڕاستیی سەرنجڕاکێشە ، دەربارەی ئافرەتان ، لەگەڵ ئەوەدا کە ئافرەتی خاوەن پارە ناسروشتیی دێتە بەرچاو و گومان پێکدەهێنێت ، هەر بەو جۆرەش پیاوی بێ پارە گومانهەڵگرە! دەڵێیت لە سروشتی پیاو دایە کە دەبێت پارەی هەبێت و جوانییش سروشتیی ئافرەتە. ئەگەر پیاو بێ پارە بێت و ئەگەر کچ ناشیرین ، هەردوو بە ڕادەیەک لە دۆزینەوەی هاوسەری دڵخوازیاندا بێبەشن. چونکە دەبێت پیاو بۆ کڕینی ئافرەت و جوانییەکەی ، پارەی هەبێت و ئافرەتیش بۆ فرۆشتنی خۆی دەبێت جوان بێت. پارە خاڵی بەهێزی پیاوە و جوانیی خاڵی بەهێزی ئافرەت. بەبێ ئەوانە هیچیان ناتوانن بەبێ گرفت بچنە ناو بازاڕی مامەڵەوە. لەبەرئەوە گرفتی سەرەکیی ئافرەت جوانییە و گرفتی سەرەکیی پیاو پارەیە و هەردووکیان پلە و پایە و هێزن. ئەگەر بیر دەکەنەوە ئەوە لەگەڵ کۆمەڵگای سەرمایەداریی پێشکەوتوو و مۆدێرن یەک ناگرێتەوە ، سەرنج بدەنە ئەم ئامارەی خوارەوە.

بەگوێرەی ئاماری گۆڤاری "دەروونناسیی ئەمڕۆ" 31% ی ئافرەتان لە ئەمریکا هەست بەوە دەکەن کە بۆیان گرنگە مێردەکانیان جوان بن. ئەو

ڕێژەیە بۆ پیاوان 56% بوو.(2) بەو جۆرە دەبینین کە چۆن لە ئەمریکاش پیاوان پتر لە ئافرەتان سەرنج دەدەنە جوانیی هاوسەرەکانیان. بۆ ئافرەتان چ دیاردەیەک سەبارەت بە پیاوان سەرنجڕاکێشە؟ بڕوانە لێکۆڵێنەوەی گۆڤاری "پارە". بەگوێرەی توێژینەوەی ئەو گۆڤارە ، 58% ی ئەو ئافرەتانەی کە پرسیاریان لێکراوە کە چ دیاردەیەک لە هاوسەرەکانتاندا بۆتان گرنگە؟ گوتوویانە ڕادەی داهات و پارەیەک کە بەدەستی دێنن. لە کاتێکدا تەنیا 25% ی پیاوەکان گرنگیی بە ڕادەی داهاتی هاوسەرەکانیان دەدەن.(3) ئایا ئیتر لەو بارەیەوە گومانتان هەیە؟

## بۆچی ئافرەت بە پێچەوانەی پیاوان ، بە ئاسانیی ئامادە نیە لەگەڵ پیاودا بنوێت؟

لە لێکۆڵینەوەیەکدا(4) کە گۆڤاری ئەمریکایی "دەروونناسیی و سێکس لە مرۆڤدا" ساڵی 1989 کردوویەتی ، لە کچانی خوێندکاری زانکۆیان ویستووە کە شەوێک لە ماڵەکەیان بچنە دەرەوە و پیاوێکی نەناس دەستنیشان بکەن و هەندێک بە سەروگوێلاکیدا هەڵبڵێن و بانگی بکەن بۆ کاری سێکس بێتە ماڵەوەیان. ئاکامی ئەو لێکۆڵینەوەیە پێشانیدەدات کە 75% ی پیاوە دەستنیشانکراوەکان ، بانگی کچە نەناسراوەکانیان قبوڵکردووە و ئامادەبوون لەگەڵیان بنون.

---

2 - Sychilogy Today, April, 1986.
3 - Americans and their Money. Money Magazine, 1988
4 - Journal of sycholog and Human Sexuality. In Barbara Keesling, Cosmopolitan Magazine, April 1988, No . 198, p. 199
4 - Journal of sycholog and Human Sexuality. In Barbara Keesling, Cosmopolitan Magazine, April 1988, No . 198, p. 199.

ڕاتان چییە؟ ئەگەر ئەو بانگ کردنە لە لایەن پیاوانەوە بکرایە ، چەند لە سەدی ئافرەتەکان داخوازیی و بانگی پیاوە نەناسراوەکانیان بۆ خەوتن لەگەڵیاندا قبوڵ دەکرد؟ 2% ، یان 3% ؟ ، یان هیچ ئافرەتێک ئامادە نەدەبوو لەو کاتەدا داوای پیاوێکی نەناس بۆ خەوتن لەگەڵی قبوڵ بکات؟ هەر چۆنێک بیری لێبکەنەوە ، گومان ناکرێت کە جیاوازییەکی مەزن لەنێوان ئافرەتان و پیاواندا هەیە. بۆچی؟ چونکە لە ڕوانگەی ئافرەتانەوە نوستن لەگەڵ پیاوێک ، واتە خۆبەدەستەوەدان و دانی کاڵای سێکسی خۆیەتی بە خۆڕایی بەو پیاوە و ئەوەش کە ڕونە ئەوەیە کە هیچ کەسێک ئامادەنابێت کاڵای خۆی بە خۆڕایی بدات. بەداخەوە زۆربەی ئافرەتان بەو جۆرە بیردەکەنەوە و لەگەڵی ڕاهاتوون و ناوی پاکیی و ڕەوشت بەرزییان لێناوە. ئاکامی ئەوەی کە ئەگەر ئافرەتێک یاسا و ڕێسای مامەڵە لەبەرچاو نەگرێت و لەشی خۆی بە خۆڕایی و بە مەبەستی خۆشەویستیی بخاتە دەست کەسێکەوە ، بە ناپاک و داوێنپیس دەناسرێت و بە کەسێکی بێ بەندوبار تاوانبار دەکرێت ، چونکە یاسای مامەڵەی خستووەتە ژێرپێی. لەو حاڵەتەدا بە ڕونیی پێیدەگوترێت بایەخ بە خۆی نادات. بەگوێرەی یاسای یارییەکە ، ئەو گوتنە ڕاستە ، چونکە ئەو وەک کاڵا تەماشای لەشی خۆی نەکردووە.

ئایا ئەو شێوە ڕوانینە وڵاتانی مۆدێرنی سەرمایەداریی وەک ئەمریکا دەگرێتەوە؟ ئایا ئافرەت لەو وڵاتانەدا بە ویست و دڵخوازیی خۆی لەگەڵ کەسێک دەخەوێت؟ سەرنج بدەنە ئەم ئامارە:

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ترسناک لە "ڕێکخراوی پزیشکیی ئەمریکا" وە ، لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە لە کوڕ و کچانی نێوان 11 – 14 ساڵان کراوە ، 51% ی کوڕان و 41% ی کچانی پرسیار لێکراو ، لەو لێکۆڵینەوەیەدا گوتوویانە: ئەگەر کوڕ پارەیەکی زۆری بۆ کچ خەرج کردبێت ، سێکس بە زۆریش بێت هەر پەسەندە[5].

5- Almanac 1988, Social Attitudes About Rape, 372.

دەبێت ئەوە بزانین کە کاتێک کوڕ و کچ لە دایک دەبن و چاو بە ژین دەکەنەوە ، هیچ بیروبۆچوونێک لەگەڵ خۆیان ناهێنن ، بەڵکوو دواتر بیروبۆچوونی خۆیان لە کۆمەڵگای دەوروبەریان ، واتە لە بنەماڵە ، خوێندنگە و ڕاگەینراوە گشتییەکانەوە وەردەگرن. بە دروستیی وەک ئەو کچە ئێرانییەی کە دەیگوت: دەبێت مێردەکەم خەرجیی ژیانم دابین بکات ، چونکە لەشی خۆی دەخاتە بەر دەست ئەو پیاوەوە. ئایا بە بۆچوونی ئێوە ئەوە جگە لە لەشفرۆشیی ناوێکی تری هەیە؟

خاڵێکی تر ، ئەگەر من بە ئێوە بڵێم "ئەو" لەشی خۆی دەخاتە بەر دەست "ئەو"، ئێوە چۆنی لێکدەدەنەوە. لەو دووانە "ئەو" ئافرەتە؟ یەکەمیان؟ دروست بیرتان کردووەتەوە ، چونکە هەمیشە ئافرەتە کە لەشی خۆی دەخاتە بەر دەستی پیاو ، هەرگیز ناڵێن پیاو لەشی خۆی خستووەتە بەر دەستی ئافرەت. بۆچی؟ چونکە هەمیشە ئافرەتە خۆی بەدەستەوەدەدات. واتە ئافرەت "دەدات" و پیاو "دەکات". لە ئاکامدا پەیوەندییەکی بەو جۆرە ئەگەر بە پارە بێت ، ئەوا ئافرەت فرۆشیارە و پیاویش کڕیار. بە وتەیەکی تر ، چونکە دیاردەیەکی بەو جۆرە هەیە لە گوتنیشدا هەر بەو جۆرە دێت و ئەوەش بۆ خۆی هۆیەکی تری ئەو ڕاستییەیە کە لە کۆمەڵگای پیاوسالارییدا ، بەداخەوە ئافرەتان لە پەیوەندییەکانیاندا لەگەڵ پیاوان بە پلەی جیاوازیی "دان" ، یان فرۆشتنی سێکس و پیاوان کڕیارن. خاڵێکی سەرنجڕاکێشی تر، لەم ڕوانگەیەوە کە زمان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی زمانەوانیی وەردەگرێت، لە کۆمەڵگایەکدا کە ئافرەت مافی پتری هەیە ، بەکارهێنانی ئەو جۆرە گوتنە باوانە کەمتر بەرچاو دەکەوێت. بۆ نمونە لە زمانی ئینگلیزیدا بۆ ئەو مەبەستە پتر وشەی نوستن بەکاردەهێنن ، نەک دان و خۆبەدەستەوەدان.

## شوو کردنی بە پارە

لاتان سەیر نەبێت کە هەموو ئافرەتێک بە شوێن پیاوی خاوەن پارە و دەوڵەمەندا دەگەڕێت. بۆچی؟ بۆ ئەوەی کە وەک هەموو مامەڵەیەکی تر کە بە لایەنی ڕووبەڕووی دەسپێرێت ، ژیانێکی شایستەتر بۆ خۆی دەستەبەر بکات. بەو مەبەستە بۆ بەدەستهێنانی نرخێکی باش ، یان دەبێت زۆر جوان بێت یان لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند بێت. لە حاڵەتی یەکەمدا، ئەو شووکردنە ، شووکردنی جوانییە لەگەڵ پارەدا و لە حاڵەتی دووەمدا ، شووکردنی پارەیە لەگەڵ پارەدا. لە هەردوو حاڵەتەکەدا هەرچەندە دەشێت ئەوین ئاوێتە بێت ، بەڵام لە ڕاستییدا پێویستی بە ئەوین نیە ، چونکە لە حاڵەتی یەکەمدا ئافرەت شوو بە پارە و دارایی پیاو دەکات و پیاوەکەش بە مەبەستی جوانیی و سێکس ئافرەتەکە دەهێنێت. باوەڕ ناکەن؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە:

- تا ئێستا چەند جار بیستووتانە کە ئافرەتێکی جوان شووی کردبێت بە پیاوێکی بێ پارە؟ وەڵامەکەی دیارە ، زۆر بەکەمیی. ئافرەت دەزانێت کە جوانییەکەی کڕیاری هەیە و پیاویش دەزانێت کە بۆ بەدەستهێنانی ئافرەتی جوان ، وەک هەر شتێکی تر دەبێت پارە خەرج بکات ، بەڵام ئەوە بۆچی هەمیشە ئافرەت بە شوێن مێرددا دەگەڕێت؟ چونکە ئافرەت فرۆشیارە و پیاو کڕیار و بەگوێرەی یاسای بازاڕ هەمیشە فرۆشیار بە شوێن کڕیاردا دەگەڕێت ، مەگەر لە کاتێکدا کە کاڵا کەم بێت.

تەماشای گۆڤار و بڵاوکراوەکانی ئافرەتان بکەن و شاهیدی وتەکانم بن سەبارەت بە ڕێنوێنی و فێرکردنی ئافرەتان بۆ ئاشنا بوونیان لەگەڵ پیاوانی دەوڵەمەند و خاوەن پارە و بەدەستخستنیان. ئەو بڵاوکراوانە بە هەموو هێزیانەوە و بە تیراژی میلیۆنیی ، شەو ڕۆژ تێدەکۆشن و مێشکی ئافرەتان ئالۆز دەکەن کە فێربن چۆن بە ڕازاندنەوەی خۆیان و

فرۆشتنی جوانییەکەیان بە نرخی باڵا لە ژیاندا سەرکەوتن بەدەستبهێنن.

پرسیارێکی تر ، ئایا لە گۆڤار و بڵاوکراوەکانی پیاوانیشدا توشی وتار و شێوە پەروەردە کردنێکی بەو جۆرە دەبن؟ بێگومان نا! پیاوان لە بڵاوکراوەکانی خۆیاندا فێردەبن کە چۆن ئافرەتی جوان بخەنە داویانەوە ، بەڵام ئافرەت چی؟ دەبێت فێربن کە چۆن پیاوی دەوڵەمەند بەدەستبهێنن. بنوارە جۆری فێرکردنەکانی گۆڤاری زۆر فرۆشی "کۆسمۆپۆلیتەین" Cosmpolitan کە گۆڤارێکی ئافرەتانە و فێریان دەکات کە چۆن ئافرەتێکی ئاسایی ، نەک زۆر جوان ، دەتوانێت پیاوێکی میلیۆنەر بخاتە داوەوە. کۆسمۆپۆلیتەین: یەکێکە لە گۆڤارە زۆرفرۆشەکانی ئەمریکا کە (9855812)[6] دانەی لێ چاپ دەکرێت. بەشێک لە فێرکردنەکانی ئەو گۆڤارە بۆ ئافرەتان ، ئەوەیە کە چۆن لە پیاوی خاوەن پارە و دەوڵەمەند نزیک ببنەوە. بنوارە ئەو وتارەی[7] کە لە ژمارەی سێپتەمبەری 1984دا لەژێر ناوی "خۆت بە ئافرەتێکی دەوڵەمەند بناسێنە" و "تینویەتی تێکەڵاویی لەگەڵ میلیۆنەرەکاندا بشکێنە" بڵاوکراوەتەوە. پەروەردەکردنەکە بەم جۆرە دەست پێدەکات:

1- کاتێک کە دەچیت بۆ بینینی پیاوێکی دەوڵەمەند کە لە شارێکی ترەوە هاتووە، بە لیمۆزین بچۆ بۆ فڕۆکەخانە. لەو بوارەوە کە تۆ ئافرەتێکی خاوەن فیکر و دارا و خاوەن دەرەتانیت ئەو زۆر خۆشحاڵ دەبێت. سەیرە ، مەگەر بڕیار نەبوو کە ئافرەتانی سەرکەوتوو هەڕەشەیەک بن بۆ پیاوان! بۆچی؟ بەڵام ئەگەر بڕیار بێت کە مێردێکی دەوڵەمەند بخەنە داوەوە ، دەبێت سەرەتا لەگەڵی ئاشنا بن و بۆ ئەو کارەش ئەگەر مرۆڤێکی جوان و ڕەزاسوک نیت ، دەبێت وا پێشان بدەیت کە هاوشێوە و هاوچینی ئەوانیت. دیارە ئەگەر سەیرێکی تیراژی گۆڤاری کۆسمۆ بکەیت، تێدەگەیت کە لایەنی باسی کۆسمۆپۆلیتەین ئەو ئافرەتە

6- SRDS. Consumer Magazine Advertizing Source, Dec. 1998 , Vol. 80 , No 12.
7- Warren Farrell ph. D. Why men are the way they are, Berkly, Books , Ny.p.79.

جوانانە نیە کە پیاو بۆیان شێت دەبێت. هیچ مرۆڤێکی هۆشمەند ناڵێت کە لە ئەمریکادا بە ڕادەی تیراژی کۆسمۆ ئافرەتی جوان هەبێت. لەبەرئەوە کۆسمۆ وەک هەموو گۆڤارەکانی تر بە تیراژی زۆر بۆ ئافرەتانی ئاسایی دەنوسێت.

2- کاتێک پارەت نیە ، بڵێ بڕیار بوو بچمە Rio یان "سی چلیز" Seychlles ، بەڵام پەشیمان بوومەوە. کۆسمۆپۆلیتەین پێتان دەڵێت کە چەند بۆ ئافرەت گرنگە ناوی ئەو شوێنانە بهێنن کە هەرگیز بڕیاری چوونتان بۆی نەداوە. لەنێوان نوسین و ڕێنوێنییەکانی تریدا وەک: (وەک کەسانی دەوڵەمەند قسە بکەن. خۆتان بە دۆستی کەسانێک دابنێن کە ناسراو و بەناوبانگ بن. باسی دۆستایەتی لەگەڵ کەسانی بەناوبانگ بکەن. سەبارەت دایک و باوکتان بدوێن و بڵێن ئەوان زۆر گەشت دەکەن و لە بیری کڕینی ماڵێکدان لە "ساردینیا" Sardinia، وەک بریتانییەکان قسە بکەن و بڵێن من لەوێ پیاوێکی کورتەباڵای لە ڕادەبەدەر باش دەناسم کە زیپ (زنجیری کراس و پێڵاو) چاک دەکاتەوە و لە کۆتاییدا هۆشیار بن کە نەکەونە داوی دەوڵەمەندە ڕاوکەرەکانەوە.)

## خولی فرۆشتنی سێکس

ئافرەتانیش وەک هەر فرۆشیارێکی تر بۆ فرۆشتنی کاڵای خۆیان ، بەشداریی خولی پەروەردە دەکەن. بەشی زۆری ئەو خولانە هەر ئەو داب و نەریتە دەگوازنەوە بۆ کچان کە لەناو بنەماڵەکاندا باوە. تەنانەت نەگوتنی "بەڵێ"ی بوک لە کاتی مارەکردندا کە لە هەندێک فەرهەنگی کۆن و ئاساییدا هەیە و شانۆیەکی چەنە لێدانە بۆ بەرزکردنەوەی نرخی کاڵا لە کاتی فرۆشتنیدا. دیارە نرخی کاڵا پێشتر لە وتووێژی نێوان بنەماڵەکاندا دیارییکراوە و لێرەدا مەبەست تەنیا شانۆیەکی پەروەردە کردنە و دڵنیایی لەوە دەکاتەوە کە نابێت کچ بە ئاسانیی بڵێت بەڵێ و دارایی خۆی بداتە دەست پیاو. ئەوە هەمان شێوە

پەروەردە كردنە كە لە ڕابوردوودا و بەگشتیی لە بۆنە و جەژنەكاندا دەكرێت ، بەڵام لە كۆمەڵگای مۆدێرنی سەرمایەدارییدا كە هەموو شتێك لەوانە پەروەردە كردنیش بووەتە كاڵا، وەك هەموو كارەكانی تر لەلایەن كۆمپانیای تایبەتەوە دەكرێت. پەروەردەكردنی ئافرەت بۆ دۆزینەوەی پیاو و مێردی دەوڵەمەند و خاوەن پارە، كارێكی لەو جۆرەیە. بڕوانە ئەم بڵاوكراوەیەی خوارەوە تا دڵنیابن لەشفرۆشیی لە لایەن ئافرەتانی خاوەن سیمای جوانەوە بە پیاوانی دەوڵەمەند ، بە لایەنی كەمەوە لە ئەمریكادا ، نەك وەك دیاردەیەكی ڕەواڵەتیی ، بەڵكوو كار و كاسبییەكی جیدیی و بە بەرهەمە.

## چۆن شو بە پارە بكەن [8]

**North Park University 1-15**

**ئەویندارێی لەگەڵ پیاوێكی دەوڵەمەندیش وەك ئەویندارییی لەگەڵ پیاوێكی هەژار و بێ پارەدا ئاسانە. (ئەگەر بتوانن بە بەرنامەیەكی ورد و داڕێژراو ، سەبر و حەوسەڵە و شێلگیر بۆ ئەو مەبەستە هەنگاو بنێن ، خەوەكانتان بەدیدێت. ئێمە دەگەڕێین و پیاوە دەوڵەمەندەكان دەدۆزینەوە و پێتان دەڵێین كە ئێوە بۆ كامیان دەبن. ئێوە بۆ گەڕان و داڕشتنی ستراتیژیی و دامەزراندنی پەیوەندیی لەگەڵیاندا لە هەموو بارێكەوە ئامادە دەكەین.**

**باربارا جۆنێز ، ڕاوێژكاری پەیوەندییە گشتییەكان و دامەزرێنەری پەیوەندیی خەرجیی هەر كۆبوونەوەیەكی ئەو خولە 25 دۆلارە و ژمارەی هەر خولێك 6- 15 كەسە.**

**كۆبوونەوەی یەكەم: دووشەممە 14 یانواری كاتژمێر 18:30 – 21:30**

**كۆبوونەوەی دووەم: پێنج شەممە 21 فێبرواری كاتژمێر 18:30 – 21:30**

---

[8]- Ibid, p.43.

لاتان سەیر نەبێت کە ئەو بڵاوکراوەیە سەبارەت بە دانانی ئەو خولە "چۆن شوو بە پارە بکەن؟" لە "ساندیۆگۆ" ، یەکێک لە شارەکانی ئەمریکادا لە ڕادەبەدەر لایەنگری هەیە! لەو خولەدا ئافرەتان ، بیرتان نەچێت ، تەنیا ئافرەتان ، پەروەردە دەکرێن کە چۆن پیاوی خاوەن پارەو دەوڵەمەند بخەنە داوەوە. لە شاری نیویۆرکیش خولێک بە ناوی "شووکردن بەرەو سەرەوە Marrying Up [9]. خانمێکی دەروونناس بە ناوی "جوانا ستێچێن" Joanna Steichen کە نوسەری کتێبێکی بە هەمان ناوەوە ، ئەو خولە بەڕێوەدەبات. لە بیرتان نەچێت کە مەبەست لە وشەی "سەرەوە" ، گەیشتنە بە پلەکانی سەرکەوتن. لەو خولانەدا ئافرەتان فێردەبن کە چۆن کڕیاری هەرە باش بۆ کاڵای خۆیان بدۆزنەوە. بە وتەیەکی تر چۆن مامەڵە بکەن و لە ڕاستییدا ئەوە هەمان شێوەیە کە ئافرەتانی ئاسایی لە پلەی جیاوازدا بۆ شووکردن بەڕێوەی دەبەن.

## دیسانیش ئامارێکی تر

لەنێوان دەوڵەمەندە بەتەمەنەکانیشدا ئەو دیاردەیە بەرچاو دەکەوێت. بەگوێرەی ئامارێک لە ئەمریکا لەنێوان ئەو گروپەدا ئافرەتانی زوگورتیی "سەڵتە" پتر لە پیاوانی زوگورتیی بەرچاودەکەون. بۆچی؟ چونکە پیاوانی بەتەمەنی دەوڵەمەند دەتوانن ئافرەتانی جوان و گەنج بکڕن و خۆیان لە ئافرەتی پیر نادەن ، بەڵام ئافرەتە پیرە دەوڵەمەندەکان ناتوانن پیاوی جوان و گەنج بکڕن ، بۆیە ژمارەیەکی پتریان دەمێننەوە و ناتوانن پیاوی دڵخوازی خۆیان بەدەستبهێنن. بە وتەیەکی تر پیاوان بۆ خواستنی ئافرەت ، پێویستییان بە پارە نیە و ئافرەتانی بە تەمەن پتر لە پیاوان چەک دەکرێن.

[9]- Joanna Steichen. Rawson Associaes, 1984. In Farrell Warren. Why men ate the way they are. 9.43. 1986

# فەسڵی دووەم: مامەڵەی سێکس لە دەرەوەی بنەماڵەدا

## پیاوان تەنیا بە دوای سێکسەوەن

ئەوە سکاڵای زۆربەی ئافرەتانە کە دەڵێن پیاوان تەنیا بە دوای سێکسەوەن. پەیوەندیی ئافرەتان و پیاوان ، تەنانەت لە دەرەوەی بنەماڵەشدا لە زۆر بوارەکاندا لەسەر بنەمای گۆڕینەوەی سێکس دانراوە. هەرچەندە ئافرەتان خۆشیان لایەنێکی مامەڵەکەن ، بەڵام دەیانەوێت بەوە تاوانبار نەکرێن و لە جیاتی ئەوە پیاوان سەرکۆنە بکەن. ئایا ئێوە تا ئێستا بیستووتانە کاتێک ئافرەتێک و پیاوێک پێکەوە ئاشنا دەبن و پێکەوە دەچنە ڕەستوران ، سینەما ، یان شوێنێکی تر، ئافرەتەکە خەرجیی خواردن و سینەما و چوونە دەرەوەکەیان بدات؟ بێگومان نا! ئەگەر کاتی پارەدان ، پیاوەکە داوای لێبوردن بکات و بە بیانووی چوون بۆ دەستشۆریی ، پارەی خواردنەکان نەدات ، یان لە کاتی کڕینی بلیتی سینەمادا ، خۆی بە شتێکەوە خەریك بکات و بلیتەکان نەکرێت ، ئێوە سەبارەت بەو پیاوە چۆن بیردەکەنەوە؟ جگە لەوەی کە بڵێین مرۆڤێکی مشەخۆرە و لێتدەخوات "سواستفادە - استغلال"؟ ئەگەر ئافرەتێکی نزیکتان بە ئێوە بڵێت لەگەڵ پیاوێک ئاشنا بووە و پێکەوە دەچنە دەرەوە و بە بەردەوامیی خۆی پارەی خواردن و سینەمای ئەو پیاوە دەدات ، ئێوە چۆن هەڵوێستێک بەرامبەر بەو دیاردەیەدا دەگرن؟ ئایا لەو ڕوانگەیەوە یەکەم پرسیاری ئێوە لەو خانمە ئەوە نیە کە بپرسن: مەگەر ئەو کار ناکات؟ و وەڵامی ئەویش بۆ ئێوە هەرچی بێت ، واتە پیاوەکە کاربکات یان نا ، ئایا ئێوە هۆشیاری ناکەنەوە کە ئەو پیاوە بە خراپ کەڵکت لێوەردەگرێت؟ و ئەگەر ئێوە خۆتان ئافرەت بن ، ئایا بە دۆستەکەتان ناڵێن کە لە چوونە دەرەوە لەگەڵ ئەو پیاوەدا خۆی بپارێزێت؟

هەڵوێستێکی بەو جۆرە بەگوێرەی کام بنەما سەرهەڵدەدات؟ بۆچی دەبێت هەمیشە پیاو پارەی خەرجییەکان بدات؟ ئەگەرنا پیاوێکی مشەخۆرە و خواردەلمیش و ناڕاستە؟ تەنانەت ئەگەر بێکاریش بێت و ئافرەتەکە کاری هەبێت؟ بۆچی پێچەوانەی ئەوە ڕاست نیە؟ بۆچی بە ئافرەتێک کە پارەی مێزی خواردنەکەی نادات ، تاوانی بەو جۆرەی ناخەنە پاڵ و کاتێک لەگەڵ پیاوێک دەچێتە دەرەوە ، چاوەڕوانی پارەدانی خەرجییەکانی لێناکەن؟ ئەو پارەیەی کە پیاو دەیدات ، بەرامبەر بە چییە؟ ڕەنگە ئافرەتەکە شتێکی پێدابێت! و ئەگەر بە پارە تۆڵەی نەکاتەوە ، ئەوا بە پیاوێکی مشەخۆر و خواردەلمیش بناسێنێت؟ ئافرەت چی هەیە کە بیدات بەو پیاوە ، جگە لە سێکس؟ هەر ئەو شتەی کە زۆربەی پیاوان بەشوێنیەوەن و بۆ ئەوە لەگەڵ ئافرەت دەچنە دەرەوە و پارەیان بۆ خەرج دەکەن ، تا بتوانن بەدەستی بهێنن.

سەیر ئەوەیە کە ئافرەتان خۆیان بە دڵفرەوانییەوە بەشداریی مامەڵەی سێکس دەکەن و بە وردیی هۆشیارن کە لایەنی ڕووبەڕوویان بەپێچەوانەی نەریتەوە نەجوڵێنەوە. واتە کاتی چوونەدەرەوە پارە بۆ خەرجییەکان بدەن و دواتریش سکاڵا لەو پیاوانە دەکەن کە بە دوای سێکسدا دەگەڕێن.

## پیاوان دەزانن بۆچی پارە خەرج دەکەن ، ئەی ئافرەتان چی؟

تەنیا ئافرەت نیە کە دوودڵیی دەکات سەبارەت بە ڕاگرتنی ئەو نەریتە ، بەڵکوو پیاویش هەوڵدەدات کە لەو مامەڵەیەدا بەرامبەر بە پارەکەی کە خەرجی دەکات فریونەدرێت و کاڵای چاوەڕوانکراو بەدەست بهێنێت. گۆڤاری "تەندروستیی پیاوان" Mens Health [1] چاپی ئەمریکا بۆ گەشەپێدانی هۆشیاریی پیاوە خوێنەرەکانی ، وتارێکی بە مانشێتی

[1] - Men’s Health, May 1998.

"دۆستی مشەخۆر و خواردەلمیش نا ، هەولْبدە کە ئەو تۆی بوێت" (دوست سوءاستفادەچی نە ، کاری کن کە او ترا بخواهد) و ناونیشانی: (هەرگیز رێگا مەدەن پەیوەندییتان لەگەڵ ئافرەتان لە پلەی دۆستایەتیدا بمێنێتەوە. چۆن دڵنیادەبن کە دیدارەکەتان بە دەست لێکدانەوەیەکی وشک کۆتایی پێنایەت) ، دەنوسێت:

**- (چەند کەس لە ئێوە بەشوێن ئافرەتێکی شیرین و سەرنجراکێشدا دەگەڕێن کە دۆستایەتی لەگەڵدا بکەن؟ مەبەست لە دۆستایەتی ئەوەیە کە بەبێ تێکەڵاویی سێکسیی لەگەڵیدا بن... کەسێک بن گوێی خۆڕایی بۆ ڕاگرن و شانتان جێگەی فرمێسکی بێت و خەمی بۆ بخۆن و یارمەتی بدەن ، بەڵام هەرگیز تێکەڵاویی سێکسییتان لەگەڵی نەبێت. بە شێوەیەک کە دوای تێپەڕکردنی شەوێکی درێژ لەگەڵیدا ، نیشانەیەک لە ڕەنگی سوراوی لێوی لەسەر گۆنات دابنێت و دەست لە پشتت بخشێنێت و بە سەری گیرفانی ماساوی پانتۆڵەکەتەوە ڕەوانەی ماڵەوەت بکاتەوە ....تد.)**

نوسەر وتاری گۆڤاری تەندروستیی پیاوان لەو بوارەدا ڕێنوێنییتان دەکات کە چۆن هەڵسوکەوتێکتان لەگەڵ ئافرەت هەبێت کە کاتی نوستن لێتان نزیک ببێتەوە و دەڵێت:

**1- (کاتێک دەتانەوێت ئافرەتێک ببەنە دەرەوە، لەگەڵی ڕاشکاو بن، بە شێوەیەک کە تێبگات بانگهێشتکردنەکەتان بۆ پەیوەندیی دۆستانە نیە. ئەگەر ئەوە نەکەن ، دۆڕاون.**

**2- بەرلە بانگهێشتنی ، پلانتان بۆ ئەو شوێنە هەبێت کە دەچن.**

**3- بە سەر و وەزعێکی باش و ڕێکوپێکەوە بچنە شوێنی دیارییکراو.**

**4- هەندێک بەرلە کاتی دیارییکراو لە شوێنەکە ئامادەبن.**

**5- هەرگیز سەبارەت بە گیروگرفتی خۆتان ، یان دۆستە کوڕەکەی پێشووی ، مەدوێن و ئەگەر ئەو ویستی سەبارەت بە دۆستە کوڕەکەی پێشووی قسە بکات ، قسەکەی پێ ببڕن و پێی بڵێن: ئیزن بدە سەبارەت بە پەیوەندییەکی ناپایەدار قسە نەکەین.)**

نوسەر درێژە بە نوسینەکەی دەدات و دەڵێت: **(بەو گوتنەت بە ڕواڵەت تێیدەگەیەنیت کە ئەم دیدارە ڕەنگە دەستپێکی ئەوینێکی هەمیشەیی بێت ، بەڵام دیارە بەو واتەیە نیە کە ئێوە بەو جۆرە بیردەکەنەوە.)** دواتر دەگاتە بەشێکی هەرە سەرنجڕاکێشی وتارەکەی کە ئاوێتەی بیروبۆچوونی منە و دەڵێت:

**6- (ئەگەر دەتانەوێت کاریگەریی باشتان هەبێت ، پارەی مێزەکە بدەن. دیارە لەوانەیە کە ئەویش هەوڵبدات کە بەشێک لە پارەکە بدات، بەڵام ئێوە ڕازیی مەبن ، چونکە ئەگەر ئێوە پارەکە بدەن ، ئەو وا بیردەکاتەوە کە شتێکتان پێ قەرزارە.)** ڕونە کە ئەو شتەش سێکسە. لە کۆتاییدا ڕەنگە دوا ڕێنوێنییەکانی ئەو وتارە سەبارەت بە سەرکەوتنی ئەو بانگهێشتنە بێسود نەبێت:

**- (خوا حافیز بە شێوەی دۆستانە: ماچێکی دۆستانە لەسەر گۆنای و دەستگوشین بۆ ماڵئاوایی ، یان قۆڵی بگرە. هەرگیز بە شێوەیەکی واتەدار لێوی دۆستەکانتان ماچ مەکەن.**

**خواحافیز بەگوێرەی قەرار: لێوی ماچ بکە و خۆتی پێوەبنووسێنە تا گومان لە نێوان تۆ کە شەریکی دوارۆژی سێکسیی ئەویت ، لەگەڵ کەسێکی نەناسراودا Creep نەمێنێت. سەرەتا بڵێن ئەمشەو زۆر بە خۆشیی تێپەڕی و دواتر دەست بخەرە سەر سمتی و بەرەو خوارەوەی بەرە و هەردوو لێوی ماچ بکە. بەو کارەتان ئەو بە ڕونیی تێدەگات کە ئێوە بە دوای دۆستایەتی ئەودا ناگەڕێن و لەو خەیاڵە دەریدەکەن کە تەنیا بە دوای دۆستایەتی ئێوەوە نەبێت.)**

دیارە ئەوە تەنیا پیاوەکان نین کە ڕای ئافرەتەکانیان بۆ دەردەکەوێت ، بەڵکوو ئافرەتەکانیش دەزانن چۆن هەڵسوکەوت بکەن. ئێستا بزانن ئافرەت چۆن بۆ فرۆشتنی کاڵاکەیان ، خۆیان پەروەر دەدەکەن. "ڕێڤلۆن" ( Revlon کۆمپانیای دروستکردنی کەرەسەی جوانیی) ، بە وتەی "جوان کۆلینز" Joan Collins چۆن و بە چ شێوەیەک ئافرەت بۆ فرۆشتنی کاڵاکانی پەروەردە دەکات. مانشێتی وتارەکەی بەم

جۆرەیە "هونەری ئاگرکردنەوە لە دڵی پیاودا" جوان کۆلینز لە فێرکردنەکانیدا بە ئافرەتان دەڵێت:

**- (تەنانەت ئەگەر ئافرەتێکی پەنجاویەک ساڵەش لاشانێکی بهێنێتە پێشەوە کە کراسەکەی بە لاشانەکەی تریدا بخزێتە خوارەوە ، ئەگەر بۆنێکی خۆش لە خۆی بدات و بە پەرداخێک شامپاین سەری خۆی گەرم بکات ، دەتوانێت ئاگر لە دەرونی هەر پیاوێکی دڵخوازیدا بکاتەوە و دواتر لە گۆشەیەک دابنیشێت و تەماشای ڕووداوەکانی دوایی بکات. ئەمە ڕێگای کێشانی پیاوانە بەرەوخۆ، چونکە ئافرەت فێردەکات کە چۆن لە گۆشەیەکدا دابنیشن و پیاوان بەرەو خۆیان ڕابکێشن. ئێستا دەتوانێت لەنێوان ئەوانەدا کە لێی نزیکدەبنەوە ، تەنیا ئەو کەسە هەڵببژێرێت کە بە دڵیەتی. ئەوە شێوازی هەرە باشی زاڵبوون و کۆنترۆڵکردنی دۆخەکەیە.)**

لاتان وایە کە ئەو وتارە لە گۆڤاری "کۆسمۆپۆلیتەین"دا بڵاوکراوەتەوە؟ نا. لە گۆڤاری "ئافرەتی خاوەن کار" Working Womanدا بڵاوبووەتەوە[2] و ڕووی ڕاستەقینەی لە خوێنەرە ڕۆشنبیرەکانیەتی و وتارەکانی گێڕانەوەیەکن لە SRDS[3] ، سەبارەت بە گەشەپێدانی کار ، بەڕێوەبەرایەتی ، چۆنیەتی دامەزراندنی پەیوندیی و هەروەها گەشەپێدانی کاری بچوک ، ستراتیژییەکانی سەرمایەداریی ، تێکنۆلۆجیای نوێ. جوان کۆلینز مۆدێلێکە بۆ ئەوانی تر. ئەو خەریکی چۆن کارێکە کە فێری ئافرەتانی بکات؟ دیارە هیچ کەس بە تەواویی نازانێت ، ئایا ئەو "یارییە" واتە ناودەرکردن لەناو خەڵکدا "و" چۆن ئاگربەردان لە دەرونی خەڵکدا، یان چۆن خۆشبەختیی بەدەست بێت. ئەوانە بە تەنیا یارییکردنن، یاری بەدەستهێنانی پیاوێک کە سەر و ماڵی لە هەمووان بەرزتر و لە هەمووان

2 - Working Woman.

3- SRDS, Consumer Magazine Advertising Souree, 1985.

سەرکەوتووتر[4]. بەڵێ پیاو بە پارە و ئافرەت بە سێکس ئاگر لە دەرونی یەکتر بەردەدەن و هەردوو لایان دەزانن کە بۆچی ئەو کارە دەکەن.

## بڵاوکراوە بە ڕواڵەت نارەسەنەکان خەریکی چۆن ئیشێکن؟

سەرنج بدەن ، ئەوانە جۆری پەروەردەکردنی ئەو کۆمەڵە گۆڤارانەن کە تیراژی بڵاوکراوەکانیان زۆر گەورەیە. بۆ نمونە گۆڤاری مانگانەی "تەندروستیی پیاوان" هەموو مانگێک نزیکەی یەک میلیۆن و پێنج سەد هەزار دانەی لێ دەفرۆشرێت[5] ئەگەر بەو تێبینییەوە کە هەر چەند کەسێک ژمارەیەکی ئەو گۆڤارە بخوێنێتەوە ، ئەو کاتە تێدەگەین کە چۆن پیاوان لە کۆیەکی چەند میلیۆنیی لە وڵاتێکی پێشکەوتوودا کە ئافرەتان تێیدا لەچاو وڵاتانی دواکەوتووی جیهاندا خاوەن مافی بەرچاون ، بۆ مامەڵەی سێکس لەگەڵ ئافرەتان خۆیان پەروەردەدەکەن. ئەوە یەکێکە لە دەیان بڵاوکراوەی تر کە خەریکی پەروەردەکردنی ئافرەت و پیاون. ئەگەر مرۆڤ خوێنەرێکی وردبین بێت ، دەزانێت کە ئەو بڵاوکراوانەی کە بە نارەسەنیان ناو دەبەن و وەک گۆڤارێکی جیددیی حیسابیان بۆ ناکەن ، بەپێچەوانەوە زۆر جیددین و وەک هەموو بڵاوکراوەکانی تر بۆ ئامانجێکی ڕون بڵاودەکرێنەوە و ئەرکی تایبەتییان بۆ خۆیان دەستنیشان کردووە و بە شەو و ڕۆژ هەوڵی بۆ دەدەن.

## دوو پرسیاری گرنگ

ئەگەر کەسێک هێشتا لەسەر ئەو دیاردەیە گرفتی هەیە کە تا ئەو کاتەی دابونەریتی کۆن لە کۆمەڵگادا بمێنێت ، پەیوەندیی ئافرەت و پیاو بەگشتیی لەسەر بنەمای گۆڕینەوەی سێکس دەمێنێتەوە و هەر

[4]- Warren Farrel, Why Men Are the Way Are? P.87. 1988.
[5] - SRDS, Consumer Magazine Advertising Souree, 1985.

کاتێک ئافرەت و پیاو پێکەوە بچنە دەرەوە ، پیاو دەبێت خەرج بکات نەک ئافرەت ، پێویستە وەڵامی ئەو دوو پرسیارە بداتەوە:

**یەکەم**: ئەگەر پیاوان بۆ گۆڕینەوەی سێکس لەگەڵ ئافرەتان ناچنەدەرەوە ، ئەی بۆچی ئافرەتان تاوانباریان دەکەن و دەڵێن پیاوان تەنیا بۆ سێکس بە دوای ئافرەتانەوەن و ئەوان چۆن وەڵامی ئەم دوو شێوە جیاوازیی گوتنە دەدەنەوە؟

**دووەم**: ئەگەر مەسەلەکە گۆڕینەوەی سێکس نیە ، ئەی بۆچی کاتێک ئافرەت لەگەڵ پیاو دەچێتە دەرەوە ، دەبێت پیاو خەرجیی چوونەدەرەوەکەی بدات و ئەگەر ئەو کارە نەکات بە پیاوێکی فێڵباز و خراپ کەڵکوەرگر تاوانبار دەکرێت؟

هەر ئەو خەملاندنەش لەسەر پیاوان دەکرێت؟ ئەگەر پیاوێک بە بەردەوامیی لەگەڵ ئافرەتێک بچێتەدەر و پارەی خەرجییەکەی بدات ، ئایا کەسێک پێی دەڵێت کە ئەوە ئافرەتێکی خواردەلمیشە؟ بێگومان نا. مەگەر لەو پەیوەندییەدا ئافرەتەکە ئامادەنەبێت نزیکایەتی سێکسی لەگەڵدا دابمەزرێنێت. لەو پەیوەندییەدا هەموو لایەک پێی دەڵێن: ئەو ئافرەتە خەریکە قۆڵت دەبڕێت ، واتە پارەت لێوەردەگرێت بەڵام سێکست لەگەڵدا ناکات. ئاماژەم بۆ وتاری گۆڤاری تەندروستیی پیاوان کرد ، بەڵام ئەم جارە وردتر تەماشای بکەن.

## دۆستی کەڵکوەرگر نا ، هەوڵبدە ئەو تۆی بوێت

هەروەک دەزانن ڕوومان لە پیاوەکانە: بەڕێزان! هۆشیار بن ئەو ئافرەتەی لەگەڵی دەچیتە دەرەوە ، لێت نەخوات. هەوڵبدە داوات لێبکات لە بەرامبەر پارەیەکدا کە بۆی خەرج دەکەیت سێکست لەگەڵ بکات. واتە مامەڵەکە بە شێوەیەکی عادیلانە بێت. ئەوە یەکێکە لە ئەرکە جیددییەکانی گۆڤاری تەندروستیی پیاوان! ڕەنگە ئیتر ئێوە قبوڵی بکەن کە "پارێزگاری" کردن لە مافی دانیشتووانی کۆمەڵگای

سەرمایەدارییی کە تێیدا هەموو شتێک لەسەر بنەمای گۆڕینەوە دانراوە، ئەوەش ئەرکێکی گرنگ و جیددییە.

لە ڕاستییدا چ شتێک گرنگتر و جیددیی ترە لە پاراستنی مافی مرۆڤ؟ هەروەک چۆن پاراستنی مافی کارگەران جێگەی شانازیی و عەدالەتە ، کاتێک سەرمایەدار موچەی کارکردنەکەی نادات ، بەڵام هەر ئەو کارە لە بەرامبەر کەسێکی تردا کە بە جۆرێکی تر خزمەت دەکات بە واتەی سوکایەتی و شەرمهێنەری دەزانن؟ گۆڕینەوەی سێکس لەگەڵ پارە بە واتە لەشفرۆشیی بەشێکی جیانەکراوەیە لە سیستمی سەرمایەدارییی و ئەگەر لە ناوەڕۆک و ناخی ئەو سیستمەوە تەماشا بکەین، گۆڕینەوەی سێکس لەگەڵ پارە وەک هەر مامەڵەیەکی تر سروشتییە و دەبێت بەرگریی لێبکرێت. ئەوەش هۆیەکی تری کۆمەڵگای ئەمڕۆیە کە پەیوەندیی ئافرەت و پیاو بەگشتیی لەسەر بنەمای سێکس دانراوە و وەک هەموو گۆڕینەوە ناحەز و ناشیرینەکان.

## هیچ نەزانێک بەخۆڕایی پارە بۆ کەس خەرج ناکات

کاتێک ئافرەت چاوەڕوانیی لە پیاو هەیە کە پارەی بۆ خەرجبکات ، لە ڕاستییدا دەیەوێت پەیوەندیی سێکسی لەگەڵدا دابمەزرێنێت. لەبەرئەوە ئەگەر ئافرەت ئەرکی خۆی جێبەجێنەکات، پیاویش لەو مامەڵەیەدا بە هۆی نەزانیین لە گۆڕینەوەی سەرمایەدا شتێکی لە دەست نایەت. ڕێگا بدەن لەو بارەیەوە بیرەوەرییەکی خۆشتان بۆ بگێڕمەوە. ڕۆژێک کچێکی جوان کە هەمیشە ڕەخنەی لە زەوقدارییی سێکسیی پیاوان هەبوو ، لە لای من سکاڵای دەکرد و دەیگوت لەگەڵ هەر کوڕێک دەچێتە دەرەوە ، هەر لە شەوی یەکەمدا داوای سێکسی لێدەکەن و دەیانەوێت لەگەڵی بنوون ، ئەگەر داخوازییەکەیان بەجێنەگەیشت ، هیوایان نامێنێت و ئیتر تەلەفۆنی بۆ ناکەن. ڕای وابوو کە هەرگیز لەگەڵ کوڕان بە ڕاستیی دۆستایەتی ناکرێت ، چونکە ئەوان تەنیا بیر

لە سێکس دەکەنەوە. گوتم کاتێک لەگەڵ ئەو کوڕانە دەچیتە دەرەوە ، کێ پارەی خواردنەکەت دەدات؟ گوتی:

- (دیارە ئەوان پارەکە دەدەن ، چۆن مەگەر لات وایە کە من ئەو پارانە بدەم؟)

- نازانم ، بەڵام تۆ دەڵێیت بە لایەنی کەمەوە پێویستە چەند مانگ لەگەڵ کوڕێک بچیتە دەرەوە تا لە نزیکەوە بیناسیت و لێی نزیک ببیتەوە.

- (بەڵی ، چونکە من ناتوانم لەگەڵ کەسێکی نەناس کە تەنیا شەوێک لەگەڵی بووم ، زەوقم پێی بێت و لێی نزیک ببمەوە.)

- دیارە من لەوە دەگەم ، بەڵام هیچ کەسێکی نەزان ئامادە نابێت کە سێ مانگ پارەت بۆ خەرج بکات تا تۆ بڕیار بدەیت کە ئایا لەگەڵی دەمێنیتەوە یان نا. ئەگەر هەفتەی جارێک پێکەوە بچنە دەرەوە ، ئەوا دەبێ ئەو لە مانگێکدا نزیکەی 200 دۆلارت بۆ خەرج بکات ، ئەوەش بۆ خوێندکارێک یان لاوێکی ئاسایی پارەیەکی کەم نیە. ئەگەر تۆش بە دڵت نەبوو ، چی ڕوو دەدات؟ ئایا ئەو پارانەی دەدەیتەوە کە بۆتی خەرج کردووە؟ بەو پێیە ئەگەر تۆ پێی بڵێیت لەو کچانە نیت کە ئەگەر لەگەڵ کەسێک چوویتە دەرەوە ، لە شەوی یەکەمدا لەگەڵی بنوویت و پێویستت بە چەند مانگێکە بۆ ناسینی ، لە ڕاستییدا نرخێکی زۆر گرانت پێشنیازکردووە و لە ئاکامدا مامەڵەکەت سەرناگرێت و ئەو تەلەفۆنت بۆ ناکات.

- (واتە تۆ لایەنگریی لە لەشفرۆشیی دەکەیت و بە من دەڵێیت لەگەڵ هەر کەسێک ئاشنا بووم ، شەوی یەکەم دەستی لە ملی بکەم و لەگەڵی بنووم؟)

- نا من لایەنگریی لە لەشفرۆشیی ناکەم و بە کەسیش ناڵێم چی بکات و چۆن بجوڵێتەوە. من تەنیا دیاردەیەک ڕون دەکەمەوە. مەسەلەکە زۆر سادەیە. تۆ دەتەوێت گوشار بخەیتە سەر ئەو ، کە بۆ بەدەستخستنی تۆ پارەی پتر خەرج بکات و ئەویش ناچێتە ژێر باری

ئەو داخوازییەتەوە. ئەگەر تۆ پارەی خەرجیی خۆت بدەیت ، ئەویش کاتی چوونە دەرەوەتان مەرج بۆ تۆ دانانێت کە بچیت لەگەڵی بنوویت. تۆ ناچاری دەکەیت کە پارەت بۆ خەرج بکات و ئەویش لە بەرامبەردا داوای سێکست لێ دەکات. تۆ لە ئەنجامی مامەڵەیەکدا خۆت دەدزیتەوە کە خۆت بنەمایەکەت داناوە و لە ئاکامدا ئەو تەلەفۆنت بۆ ناکات. ئەگەر ئێوە جوانتر و شیرینتر بوونایە لەوەی ئێستاتان ، یان ئەو لە دۆخێکی تەنیاییدا بووایە ، ڕەنگە بۆ بە ئاکام گەیشتنی پارەیەکی پتر خەرج بکات.

- (ئایا ئێوە ئامادە نین بۆ بەدەستخستنی کچێکی دڵخوازتان لەخۆبوردەیی پێشانبدەن و هەندێک پارە خەرج بکەن؟)

- ئێوە چۆن!! ؟ بۆچی دەبێت هەمیشە پیاو بۆ بەدەستخستنی ئافرەتی دڵخوازی، لەخۆبوردوو بێت، دیاریی بۆ بکڕێت ، بانگهێشتی بکات ، ئەی بۆچی ئەوان ئەو کارانە ناکەن؟ ئەوانە کۆمەڵێک پرسیار بوون کە وەڵامی نەدانەوە ، هەرچەندە وەڵامەکانیان ڕون بوو.

## ئافرەتان پتر لە پیاوان پارێزگاریی لە نرخی کاڵاکانیان دەکەن

لە کۆمەڵگای پیاوسالارییدا دەسەڵاتی ئابوریی لەدەست پیاو دایە و لە سەردەمی مناڵییەوە کوڕان فێردەکەن کە چۆن لە پەیوەندیی لەگەڵ ئافرەتاندا پارە خەرج بکەن. هەروەها لە پرۆسەی بینینەکانیدا فێردەبێت کە هیچ ئافرەتێک مرۆڤی ڕەزیلی خۆش ناوێت و هەرچەندە دیاریی پیاو بۆ ئافرەت بەنرختر بێت ، پیاوەکە پتر جێگە لە دڵی ئافرەتەکە و دەروبەری ئافرەتەکەدا دەکاتەوە و پتر ڕێزی لێ دەگیرێت. سەرنج بدەن ، کاتێک پیاو دیارییەکی زۆر بە نرخ بۆ ئافرەتێک دەکڕێت، پترلە لایەن ئافرەتەکە و دەوروبەرو نزیکانی ئافرەتەکەوە دەستخۆشیی لێدەکرێت، نەک لە لایەن دەورەبەرو نزیکانی خۆیەوە. کڕینی دیاریی زۆر بە نرخ بەو ڕادەیەی کە بنەماڵە و نزیکانی ئافرەتەکە خۆشحاڵ

دەکات، ڕەنگە بە هەمان ڕادەش تووڕەیی و ڕەخنە و گازەندەی خزمانی کوڕەکەی بەدواوە بێت. چونکە دانی نرخێکی زۆر بۆ کالایەک کە بڕیارە دواتر بیدەن، ناتوانێت جگە لە فرۆشیارەکەی و دەوروبەرەکەی ، بنەماڵەی کڕیارەکە خوشحاڵ و شادمان بکات. تەنانەت لەوانەیە کڕیار و دەوروبەرەکەی فریوبدات و ناڕازیی بکات. عەیاری ئەڵقەی مارەیی بە دروستیی بەگوێرەی پلەی جوانیی و داهاتی بنەماڵەی ئافرەتەکە دەدرێت. ڕێزگرتن و خۆشەویستیی لە ئافرەت بەگوێرەی ئەو پارەیە دەبێت کە تێیدا خەرج دەکرێت. کاتێک کوڕ لەگەڵ کچێک ئاشنا دەبێت و داوەتی دەکات بۆ دەرەوە ، بەگوێرەی ڕادەی جوانیی و سێکسیی بوونی کچەکە ڕەستورانی بۆ دەستنیشان دەکات ، بەڵام ئەو تەخشان و پەخشانە بە تەنیا لایەنێک ناگرێتەوە و لایەنی بەرامبەریش ، واتە کچەکەش دەزانێت و لە منالّیەوە فێریان کردووە کە هەرچەندە جوانتر بێت ، پلەی چاوەڕوانیی لە پیاو بەرزتر دەبێتەوە و پێشنیازی نزم قبوڵ ناکات.

دیارە ئەویش دەتوانێت وەک پیاوان بە ڕێگای خوێندن و پەیداکردنی زانیاریی و پارەوە، یان هەرشتێکی تری جگە لە سێکس سەرنجی خەڵک بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، بەڵام ئەوە دیاردەیەک نیە کە لە منالّییەوە فێریان کردبێت ، بەڵکوو لە هەموو جێیەک هانیانداوە لە جیاتی ئەوەی کە فێری هونەر ، خوێندن ، ئیش و بەدەستهێنانی پلەی پسپۆڕایەتی پڕداهات بێت ، لە جوانیی و لە باری سێکسیی خۆی کەڵکوەربگرێت و داهاتووی خۆی پێ دەستەبەر بکات. لە منالّییدا فێری ناکەن کە چۆن لە داهاتوودا پێویستییەکانی ئاساییشی منالانی و هاوسەرەکەی دابین بکات، چۆن بخوێنێت ، یان فێری کارێک ببێت ، چونکە ئەو جۆرە پەروەردە کردنانە پەیوەستن بە کوڕانەوە. ئامۆژگارییەکانیان بۆی ، وەک کچێک ، ئەوەیە کە بۆ دابینکردنی ژیانێکی باش بۆ خۆی و بۆ منالانی و بنەماڵەکەی ، شوو بە پیاوێک بکات کە ئەو تایبەتمەندییانەی هەبێت ، واتە کار و دەسەلاتی ئابوریی هەبێت. فێری

دەکەن و خۆشی بە ئەزمون فێر دەبێت کە پلەی جوانیی و توانای ئافرەتانەیە کە لە داهاتوودا جۆری هاوسەرەکەی دیاریی دەکات. تەنانەت ئەگەر بۆ خوێندنیش هانی بدەن ، هەر بەو ئامانجەیە کە لە پلەی ئافرەتێکی خوێندەواردا بتوانێت مێردێکی شایستە بۆ خۆی بدۆزێتەوە. لەبەرئەوەیە کاتێک ئافرەتان بیرلە داهاتووی خۆیان دەکەنەوە ، پتر مێشکیان بە هاوسەری دارا و نەداراوە خەریک دەبێت، بەڵام بە پێچەوانەوە ، پیاوان پتر بیر لە کار و دوارۆژی خۆیان دەکەنەوە. بە پێچەوانەی کۆمەڵگای کۆن و سوننەتییەوە کە ئافرەت لەودا جگە لە کۆیلەیەتی، سێکس، زاوزێ و کاری بێ موچە ، ڕۆڵێکی بەرچاوی نیە ، لە کۆمەڵگای مۆدێرندا ئافرەت تەنیا ئەو کاتەی کە جوان و شیرینە دەتوانێت ژیانی خۆی بە فرۆشتنی سێکس دابین بکات ، ئەگەرنا ئافرەت ناچارە بۆ دابینکردنی ژیانی خۆی وەک پیاوان ، پەنا بباتە بەر توانا و زانیارییەکانی تری.

ئافرەتێکی بەو جۆرە ، لە پرۆسەی ژیاندا فێردەبێت کە لە جیاتی پشتبەستنی بە کاڵای جوانیی کە نیەتی و لێی بێبەشە، ڕوو لە تواناکانی تری بکات. هەرچەندە ئەگەر بە هۆی قەیرانی سێکسەوە توشی نەخۆشی مەلولیی نەبێت ، بە لایەنی کەمەوە خەمی نەبوونی کاڵایەکی کە بۆی دەمێنێتەوە ، نرخێکی زۆری بۆ دەدات.

بە هەر حاڵ سەرەڕای دۆخی دەرونیی ، بە کردەوە کاتێک ناتوانێت بە کاڵای جوانییەوە بچێتە بازاڕی گۆڕینەوەوە ، پشت بە تواناکانی تری دەبەستێت. بەو جۆرەش لە کۆمەڵگایەکی ئەووتۆدا کە ئافرەتانیش وەک پیاوان کاردەکەن و بە کارەکانیان دەژین ، دیسان کەمتر لە پیاوان دڵگەرمی کارەکانیانن و لەوێش بیر لە داهاتووی خۆیان دەکەنەوە. لەو بارەیەوە لێکۆڵینەوە کراوە و دەرکەوتووە کە پیاوان لە ئەمریکا بە

ڕێژەی دوو ئەوەندەی هاوسەرەکانیان بیر لە کارەکانیان دەکەنەوە ، واتە 34% پیاوان ، بەرامبەر 16%ی ئافرەتان(6).

بە هەر حاڵ لەو کۆمەڵگایەدا نرخی کالاَی جوانیی بە ڕێژەیەکە کە ئەگەر ئافرەتێکی زۆر جوان ، تەنانەت بیەوێت لە تواناکانی‌تری کەڵکوەربگرێت ، لەگەڵ گوشاری گۆڕینەوەی کالاَکەی بەرامبەر بە پارە و ژیانی شایستە و سەربەرزییدا ، ڕووبەڕوو دەبێتەوە و کەمتر دەتوانێت لە بەرامبەریدا بەربەرەکانیی بکات و خۆی ڕابگرێت. ئەوە تایبەتمەندیی کۆمەڵگایەکە کە بنەماکەی لەسەر پارە و سەرمایە دانراوە. لەو کۆمەڵگایەدا کە پارە و دەسەلاَت هی پیاوە ، دەتوانن هەرچییەکیان بوێت ، پێی بکڕن و ئافرەتانیش فێردەکەن کە بۆ خۆشبەختیی خۆیان لە ژیاندا و بەدەستهێنانی ژیانی سوک و ئاسان و بە بێ زەحمەت ، هۆشیار بن تا لە بازاڕی مامەڵەی گۆڕینەوەی کالاَی سێکسدا جوانیی و شیرینیی خۆیان بە نرخێکی کەم نەفرۆشن. واتە بە دوای مێردێکی دەوڵەمەند و خاوەن پارەوە بن! ئەوەش لە ناوەڕۆکدا واتەی لەشفرۆشیی دەدات، بەلاَم بە شێوەیەکی پەسەند و لەژێر پەردەدا. لە کۆمەڵگایەکی لەو جۆرەدا کە بەشی هەرە زۆری دابونەریتی زاڵ بەسەر پەیوەندییەکانی نێوان ئافرەت و پیاودا بەو دابونەریتەوە بەستراوەتەوە ، دیارە هیچ کام لەو دوو لایەنە کاتی مامەڵەیەکی بەو جۆرە ، هەست بە کردەوە شەرمهێنەرەکەی خۆیان ناکەن ، چونکە لە ڕاستییدا بە کردەوەی خۆیان نازانن و بە هۆی دووپات و چەند پاتکردنەوەی لە ژیاندا ناحەزیی و ناپەسەند بوونی لەبەرچاو ناگرن و وێنەیەکی پێچەوانەیان لە کردەوەی خۆیان هەیە. بەو واتەیە کە دانی خەرجیی دەرەوەی ئافرەت لە لایەن پیاوەکەوە کە دەیباتە دەرەوە ، هەستی پیاوەتی بە پیاوەکە دەبەخشێت و ئافرەتەکەش هەست بە نرخی بەرزی خۆی و ڕێزلێنانی دەکات. بە

6 - American Couples, Philip Blunstein and pepper Schwarts, 1985.

وتەیەکی تر ، کاتێک پیاوێک پارە بۆ ئافرەتێک خەرج دەکات ، هەردوو لایان هەست بە بوونی ناسنامە دەکەن. ناسنامەیەک کە پێشتر بۆ ئەو دووانە دیارییکراوە. ناسنامەی پیاو لە پلەی کڕیار و ناسنامەی ئافرەت لە پلەی فرۆشیاری سێکس. لە کۆمەڵگایەکدا کە خاوەندارێتی تایبەت هەیە و بەها مرۆڤایەتییەکان لەسەر پارە دامەزراون ، چاوەڕوانییەکی تری لێ ناکرێت. لە چوارچێوەی ئەو هەستکردنەدا، ئافرەت و پیاو گەورە دەبن و کاتێک خۆیان ئەو کارە دەکەن، نەک بە کردەوەیەکی خراپی نابینن ، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، هەست دەکەن بەگوێرەی کەسایەتی خۆیان جوڵاونەتەوە.

هەروەک پێشتر ئامازەم بۆ کرد ، کۆمەڵگا تا کاتێک بە قازانجی بێت درێژە بە ڕەوشێکی هەمەجۆرەی ناپەسەند و ناشایستە دەدات و بە بەرگی جوان دایاندەپۆشێت. لە هەموو کۆمەڵگاکاندا بەگشتیی هەڵسوکەوتەکان بەو جۆرەیە ، ناشیرین بە جوان و جوان بە ناشیرین پێشان دەدەن. دیارە لێرەدا نابێت خاڵێک لەبیر بکەین ، ئەویش مەسەلەی کڕینی دیاریی، یان بانگهێشتنە بۆ ئێوارەخوانێک، ئەوانە شتی خراپ نین ، بەڵکوو لە جێی خۆیاندا زۆر جوانن و کەرەسەی پێشاندانی ڕێز و خۆشەویستیین. لە فەسڵەکانی دواییدا دەبینین کە چۆن لە کۆمەڵگای بەر لە شارستانییدا کە دور بووە لە خاوەندارێتی تایبەت و پارە نەبووە ، بە چ شێوەیەک دیارییدان و وەرگرتنی دیاریی بۆ پێکهێنانی دۆستایەتی لەنێوان هۆزەکاندا و لە نێوان ئافرەت و پیاودا کراوە ، تەنانەت پیاو و ئافرەت دەیانزانی لە پەیوەندیی لەگەڵ یەکتردا چۆن بە شێوەی جۆراوجۆر هەوڵبدەن بە هۆی پەیوەندیی سێکسییەوە لایەنی بەرامبەر بەرەو خۆیان ڕابکێشن. بۆ نمونە ، نەهێڵن شەوەکەیان تەنیا بە دەستبازییەکی وشک کۆتایی پێبێت. ئەوە بەشێکە لە پەیوەندیی شارستانیی لە نێوان دوو مرۆڤدا و جێگەی هیچ چەشنە ڕەخنەیەک نیە.

ئەوانە بەشێکن لە گەنجینە و سۆزی مرۆڤایەتی و هێمای ناز و کرێشمە و خۆشەویستیی نواندنی مرۆڤە بە یەکتر کە بە بێ ئەوانە پەیوەندیی نێوان ئافرەت و پیاو شێوازی حەیوانیی پەیدادەکات و نەرمیی و سۆزی مرۆڤایەتی بۆش دەبێت. ئەو دیاردەیە کاتێک توشی گرفت دەبێت کە ئەو پەیوەندییە سروشتییە لە چوارچێوەی ویستی ئازادی مرۆڤدا بێتەدەر و حاڵەتی نەبەستراوەیی خۆی لە دەست بدات و بکەوێتە دەست دەسەڵات و دیلی دەسەڵات و پارە بێت. لەو پەیوەندییەدا دەسەڵات وەک لایەنێکی مامەڵە بە پیاو دەدرێت و خراپتر لەوەش ئافرەت تەسلیمی دەبێت و وەک قوربانیی پەیوەندییەکی لەو جۆرە ، خۆی پارێزگاریی لێدەکات. بۆیە هەر بیانوویەک کە بۆ ئەو پەیوەندییە بدۆزرێتەوە ، جگە لە گۆڕینەوەی سێکس بە پارە، شتێکی تر نیە و ئەوەش واتەی لەشفرۆشیی دەگەیەنێت. بە وتەیەکی سادەتر، هەر ئافرەتێک بیر لەوە بکاتەوە کە لایەنەکەی خەرجیی بۆ بدات ، ئیشێکی جیا لە لەشفرۆشیی ناکات ، تەنانەت ئەگەر ئەو لایەنە هاوسەرەکەی بێت. چاوەڕوانیی خەرجکردنی پارە بە هێمای پێشاندانی ئەوین ، تا ئەو کاتەی کە یەک لایەنە بێت، جۆرێک لە لەشفرۆشییە لەژێر پەردەی درۆی خۆشەویستییدا و ئەوە بەشێکە لە فەرهەنگی پیاوسالاریی کە ئافرەتانیش گیرۆدە دەکات و دەیانکات بە هاوبەشی تاوانەکەیان.

# فەسڵی سێیەم: ڕازاندنەوەی سێکس بەر لە فرۆشتن

## بۆچی ئافرەتان جلی سێکسیی لەبەردەکەن؟

مەسەلەی سێکس بە تەنیا لە فرۆشتندا نابینرێت، بەڵکوو وەک هەموو کاڵاکانیتر بەرلە فرۆشتن ، بۆ ڕاکێشانی کڕیار دەبێت بە شێوەی سەرنجڕاکێش و زەوقهێنەر بڕازێنرێتەوە ، ئەوەش کارێکە کە ئافرەتان لێی دەزانن و بە بەردەوامیی هەوڵی بۆ دەدەن. گوێ لەم داستانە بگرن: ڕۆژێک کچێکی جوانی 21 ساڵە لە لای من سکاڵای لە تەنیایی خۆی دەکرد و لەسەر دۆزینەوەی کوڕێک کە بەڕاستیی خۆشی بوێت ، گرفتی هەبوو. کاتێک پرسیارم لە هۆیەکەی کرد ، هەمان وەڵامی کچەکەی پێشووی دامەوە و گوتی:

**- (لەگەڵ هەر کوڕێک ئاشنا دەبم هەر بیر لە سێکس دەکاتەوە و بەرلەوەی کە دەرفەت بدات کە لەگەڵ یەکتر ئاشنا ببین و دۆستایەتی پەیدابکەین ، لە یەکەم شەودا دەیەوێت لەگەڵی بنووم. چەند شەوێک لەمەوپێش ، سەرئەنجام دوای ماوەیەک بۆ یەکەم جار لەگەڵ کوڕێکی خوێندکاری زانکۆ ئاشنا بووم کە لەوە دەچوو جیاوزایی هەبێت لەگەڵ ئەوانی تردا. پێشانیدەدا کە مرۆڤێکی هۆشیارە و بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر دیاردە جیاواز و جیددیی و سەرنجڕاکێشەکانی قسەی بۆ دەکردم. لە سەرەتادا خۆشمویست و گوتم ئۆخەیش دوای ماوەیەکی زۆر ، لەگەڵ کەسێک ئاشنا بووم کە جگە لە سێکس ، بیر لە شتی تریش دەکاتەوە. بۆیە ڕازیی بووم کە لەگەڵی بچمە ماڵی دۆستێکی کە چەند کەسێکی تریش لەگەڵ دۆستە کچەکانیاندا لەوێ بوون، بەڵام دوای گەیشتنمان بۆ ئەو ماڵە و تێپەڕینی ماوەیەکی کورت ، هەموو هیوایەکی سەبارەت بە خۆی لێ شێواندم. بەوپەڕی ڕووئاوەڵەیەوە داوای لێکردم**

**کە لەگەڵی بچمە یەکێک لە ژورەکانی قاتی سەرەوەی ماڵەکە! دەتگوت هەموو پۆزە ڕۆشنبیرییەکەی تەنیا بۆ ڕاکێشانی من بووە بەرەو خۆی.)**

پێمگوت ئەگەر ئەو بانگهێشتنە توشی سەرسوڕمانی کردوویت ، بۆ من هەرگیز جێگەی سەرسوڕمان نیە. بۆ شیکردنەوەی پتر، چاوی تێبڕیم و منیش تەماشای بەژن و باڵایم کرد. جلوبەرگێکی تەنگ و سێکسیی و زۆر زەوقهێنەری لەبەردا بوو کە تەنیا بەشێک لە لەشی داپۆشیبوو ، بە جۆرێک کە دژوار بوو مرۆڤ بە هۆی ئەو جلانەیەوە زەوقی هەڵنەستێت. گوتم بۆچی نەچوویت لەگەڵی بنوویت؟ گوتی بۆ ئەوەی کە نەمویست! گوتم باشە ئەوە سکاڵای ناوێت. ئەو داوای شتێکی لێکردوویت و تۆش نەتداوەتێ ، ئیتر گرفتی تۆ چییە؟ گوتی:

- (مەسەلەکە لەوەدایە کە من تێناگەم بۆچی کوڕەکان تەنیا شتێک کە لە مندا دەیبینن ، سێکسە؟)

- چونکە ئەوە تەنیا شتێکە کە تۆ پێشانی دەدەیت! بنوارە جۆری جلوبەرگ پۆشینەکەت ، تۆ هەموو هەوڵی خۆت بەکارهێناوە کە سەرنجی پیاوان بەرەو جەستە و لەشی ڕوت و سێکسیی خۆت ڕابکێشیت. لەبەرئەوە جێی سەرسوڕمان نیە کە ئەوان بۆ ئەو مەبەستە دواتبکەون.

- (واتە تۆ دەڵێیت کە من لەبەر پیاوان مافم نیە بەرگی جوان بپۆشم؟)

- من وام نەگوتووە. تۆ مافی خۆتە چ جلوبەرگێک لەبەر بکەیت ، بەڵام کاتێک بەرگێکی سێکسیی لەبەردەکەیت ، سێکسیی بوونی خۆت دەخەیتە بەرچاوی خەڵک. بە وتەیەکی تر کاتێک خۆت بە لایەنی سێکسەوە دەبەستیتەوە ، بە خەڵک دەگەیەنیت کە لەو لایەنەوە تەماشات بکەن. لەبەر ئەوەیە کە خەڵکیش بەو چاوەوە تەماشات دەکەن و دێنە لات. من ناڵێم تۆ جلوبەرگی سێکسیی لەبەرمەکە ، تۆ ئازادیت و دەتوانیت بە دڵی خۆت بکەیت ، بەڵام سکاڵا لە سەرنجدانی خەڵک مەکە کە خۆت هەوڵی ڕاکێشانیان دەدەیت.

## بۆچی پیاو بابەتی سێکس نیە؟

ئافرەتان جلوبەرگی سێکسیی لەبەردەکەن ، نەک بۆ ئەوەی کە جەستەی ئافرەت سێکسییە و هی پیاو وا نیە. سێکسیی پۆشینی ئافرەتان بۆ پێشاندانی جوانیی و بە هەوەسهێنان شتێکە کە دەیانەوێت سەرنجی پیاوانی بۆ ڕابکێشن. سەرنج بدەنە ڕێنوێنییەکانی گۆڤاری "تەندروستیی بۆ ئافرەتانی ئەمریکا" Americans Health for Women کە بۆ هێنانە خوارەوەی کێشی خۆیان دەچنە هۆڵی وەرزشیی Gym و سەبارەت بە پۆشینی جۆری بەرگ کە سەرنجی پیاوان بەرەو خۆیان ڕابکێشن هەوڵدەدەن: (جلوبەرگی زۆر فرەوان بە گشتیی بە قەڵەوترتان پێشاندەدات. لە کاتێکدا بەرگی زۆر تەسکیش سەرنجی خەڵک بەرەو شوێنە بەرجەستەکانی لەشت ڕادەکێشێت[1].)

ئایا ئافرەت گوێ بەو ئامۆژگارییانە دەدات؟ بۆ وەرگرتنی وەڵامی ئەو پرسیارە زۆر خۆتان سەغڵەت مەکەن ، بچن پیاسەیەک لە شەقامەکاندا بکەن تا ئەو مەسەلەیەتان بۆ ڕون ببێتەوە. بنوارە چۆن جلوبەرگێک بۆ پیاو پێشنیاز دەکرێت. بەو مەبەستە ، ئەمجارە گۆڤاری "تەندروستیی پیاوان" بەسەر دەکەینەوە[2]. لە لاپەڕەیەکی ئەو گۆڤارەدا وێنەی پیاوێک بە ناوی "جاک" دەبینرێت. لەژێر وێنەکەدا نوسراوە: (ئەوە جاکەمان لە کاتالۆگی تەلەفۆندا دۆزیوەتەوە. پانتۆڵێکی ڕاحەتیی "تراکسوت - گەرم کن" مارکەی "ڕایان"ی لەبەردا بوو لەگەڵ زنجیرێکی زێڕ لە دەستیدا. گرتمان و لەگەڵ خۆمان بردمانە قەراخ شار و لەوێ پانتۆڵێکی خاکییمان لە قوماشی لۆکە Savan و کراسێکمان لەبەر کرد. دواجار کە لە فرۆکەخانەی لۆس ئەینجلس بینیمان ، مۆبایلێکی بە دەستەوە بوو ، دەیویست یانەیەکی فوتبۆڵ بکڕێت.)

---

1 - Americanis Health for Women, March, 1998 , p. 58.

2 - Men,s Health May 1998.p.6

## پانتۆڵەکانی ساڤان

لە هەردوو پەیامەکەی سەرەوەدا باسی ڕۆڵی جلوبەرگ دەکرێت. یەکەمیان جلوبەرگی ئافرەتان و دووەمیان جلوبەرگی پیاوان. لە بڵاوکراوەکەی ئافرەتاندا ئامۆژگاریی دەکەن کە جلوبەرگی تەنگ لەبەربکەن و لە بڵاوکراوەکەی پیاواندا بەرگی پانوپۆڕ. لەوەی یەکەمیاندا سەرنج دەدرێت بە پێشاندانی سێکس و شوێنە زەوقهێنەرەکانی جەستەی ئافرەت و ڕاکێشانی سەرنجی پیاوان بۆ ئەو شوێنانە و لەوەی دووەمدا سەرنجەکان بەرەو پێشاندانی سەرکەوتن لە ئیش و ئابوریدا ڕادەکێشرێت. ئامانجی ڕواڵەتیی ئەو دوو پەیامە بریتین لە: سەرمایەی ئافرەتان سێکسەکەیانە و دەبێت بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتنیان کە ڕاکێشانی پیاوانە ، جەستەی خۆیان بخەنە بەرچاو. لە بەرامبەردا ، سەرمایەی پیاوانیش ، بیر و هۆشیانە کە دەبێت بۆ سەرکەوتنی خۆیان لە بواری ئابوریدا ، لێرەدا کڕینی یانەیەکی فوتبۆڵە بەکاری بهێنن.

لە وێنەی دووەمدا ، سەرنج بەرەو پانتۆڵی تراکسوتە - وەک کاڵای جێی باس- بۆ پیاوان کە پانوپۆڕە و ئاسانە بۆ ئیشکردن و هەڵسوڕانیان ، لەگەڵ هێمای پەنجەیەکە بە سەری پیاوەکەوە کە پێشاندەدات پیاوەکە خەریکی بیرکردنەوەیە و سەرنجی بینەران بەرەو سەری پیاوەکە ڕادەکێشێت. بەو واتەیە کە مرۆڤێکی هۆشیار و خاوەن تێبینییە ، نەک لەبەرئەوەی کە توانیویەتی یانەیەکی فوتبۆڵ بکڕێت ، بەڵکوو بۆ ئەوەی کە "گەرم کن" واتە تراکسوتی ساڤانی بۆ خۆی هەڵبژاردووە. وێنەگر بە شێوەیەکی زەق و ڕون هێڵەکانی کراواتی "بۆینباخ" پیاوەکەی دەرخستووە کە ڕۆڵی پەیوەندیی هەیە لە نێوان سەر و دەموچاو و تراکسوتی "جاک" دا.

لە وتەیەکدا ئەگەر ئافرەتان جەستەی خۆیان بخەنە کار و جلوبەرگی سێکسیی لەبەربکەن ، بۆ پیاوان سەرنجڕاکێشە و ئەگەر

پیاوان مێشکیان بەکاربهێنن و تراکسوتی ساڤان لەبەربکەن لە کڕینی یانەی فوتبۆڵدا سەردەکەون. لەو ڕوانگەیەوە جیاوازیی جلوبەرگ لێرەشدا دەردەکەوێت. جلوبەرگی ئافرەتان دەبێت ئافرەت سێکسیی بکات و جلوبەرگی پیاوان دەبێت پیاو دەوڵەمەند بکات! ئایا ئەو جلوبەرگانە لە دوو بڵاوکراوە ئامۆژگارییانەی سەرەوەدا شتێکی لەوجۆرە بۆ مێشکی مرۆڤ زەق ناکەنەوە؟

کچان و کوڕان لە سەردەمی منداڵییەوە بە بینینی ئەو جۆرە بڵاوکراوە ئامۆژگارییانە لەگەڵ ڕۆڵی دیارییکراوی خۆیان لە کۆمەڵگادا کە کۆمەڵگایەکی پیاوسالارییە ، ئاشنادەبن. لەژێر کاریگەریی دیاردەیەکی جیاوازی سێکسییدا کە ئافرەتان بۆ ڕاکێشانی پیاوان بەرەو خۆیان ، جلی سێکسیی لەبەردەکەن و پیاوان جلێک هەڵدەبژێرن کە "پلەی بەرزی" ئابوری و چینایەتییان دەربخات. بۆ ڕونبوونەوەی پتر ، بنواڕە ئەو وتارەی خوارەوە کە لە گۆڤاری ئەمریکایی "ئافرەتی نوێ" New Women [3] و بە کلێشەی "بەرگەکان قسە دەکەن" ، بڵاوکراوەتەوە و لە کتێبی "ئافرەتان چییان دەوێت" و لە نوسینی "جۆن مارشاڵ تاون سێنت" وەرگیراوە. وتارەکە دەڵێت: **(کاتێک لە کچە خوێندکارەکانی زانکۆ پرسیار کرا کە دەیانەوێت لەگەڵ چ پیاوێک پەیوەندیی دابمەزرێنن لە "چوونەدەرەوە بۆ خواردنەوەی قاوە و قسەکردنەوە بگرە تا دەگاتە دانانی کاتێک بۆ پەیوەندیی سێکسیی ، تەنانەت هاوسەرگیریی ، ئایا لەگەڵ کەسانێک کە جلوبەرگی پلەی بەرز دەپۆشن ، یان جلوبەرگی ساکاریان لەبەردایە؟)** وەڵامی زۆربەیان ئەوە بوو کە لەگەڵ پیاوێک کە سەر و سیمای ئاسایی هەبێت ، بەڵام ئەوانەی بەرگی پلەی بەرزیان لەبەردابێت ، لەو پیاوانە سەرنجڕاکێشترن کە بەرگی ساکار دەپۆشن.

3 - New Women, May 1998. John Marshall, p 20.

بەڵی هەر یەکە لە پیاوان و ئافرەتان بە هێمای خۆیانەوە دەچنە بازاڕی مامەڵەوە. زۆرجار بە سەر و سیما و بەرگەکانیان، مۆری خۆیان لە کاڵا و تایبەتمەندییەکانیان دەدەن و جۆری کاڵاکانیان پێشاندەدەن. جوانیی بۆ ئافرەتان و هێزی ئابوریی بۆ پیاوان.

## ئایا سێکسیی بوونی پیاو و ئافرەت بە شێوەیەکە؟

جیاوازیی باسی سێکسیی بوونی پیاو و ئافرەت ، وەک جیاوازیی نێوان زەوی و ئاسمانە. ئەوەی کە ئافرەت سێکسیی دەکات، بەژن و باڵا، زەقیی و نزمیی جەستە و ڕادەی کێشی و دەرپەڕیویی سنگ و مەمکی و ڕەنگ ، جۆری پێست و موویەتی. واتە ئەوانەی دەگەڕێنەوە بۆ جەستە و ئەندام و شێوەی فیزیکیی لەگەڵ جوڵانەوە و هەڵسوکەوتی کە ڕادەی کێش و کاریگەرییان بەرزدەکاتەوە. لە کاتێکدا سێکسیی بوونی پیاو نەک بڵێین کە لەو تایبەتمەندییانە بێبەشن ، بەڵکوو پتر دەگەڕێتەوە بۆ هێما و نیشانەکانی تری، وەک: کەسایەتی ، هۆشیاریی ، هێز و باری کۆمەڵایەتی و ئابوری ، جیددییەتی ، بردنەسەری بەڵێنەکان و مێهرەبانیی و بەگشتیی ئەو دیاردانەی کە پەیوەست نین بە ڕوخساریەوە.

لەو پەیوەندییەدا سەبارەت بە ئافرەت ، جەستەی ڕوت و بەرگێک کە ڕوتییەکەی واتە تایبەتمەندییەکانی فیزیکیی جەستەی پێشاندەدات ، لەگەڵ خۆڕازاندنەوەی ، پێست و هەموو ئەوانەی کە دەگەڕێنەوە سەر ڕوخسارە فیزیکییەکەی ، بەشێکی جیانەکراوەن لە سێکسیی بوونی. لە کاتێکدا سێکسیی بوونی پیاو هەرگیز ناگەڕێتەوە بۆ جەستەی ڕوتی.

لە ڕاستییدا بە هەمان ڕادە کە پێشاندانی جوانیی ڕوخساری دەرەوەی ئافرەت لە پێویستییەکانی سێکسیی بوونیەتی، سەبارەت بە پیاویش پێشاندانی تایبەتمەندییە دەرونییەکانی، ئافرەت بەرەو خۆی ڕادەکێشێت. بەگشتیی سێکسیی بوونی ئافرەت و پیاو لەو بازنەیەدا

دەخولێتەوە. هەڵسوکەوت و جولانەوەی سێکسیی ئافرەت دەگەڕێتەوە بۆ پێشاندانی جەستەی سێکسیی و کێشی زەوقهێنەری جەستەی ، لە کاتێکدا جولانەوەی سێکسیی پیاو ، پتر دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندییەکانی دەرونیی و هەڵسوکەوتی کەسایەتییەکەی Personality کە بواری سەرکەوتنی کۆمەلایەتی و ئابوری دەردەخات.

بە گوێرەی لێکۆڵینەوەی گۆڤاری "17 سالان" ، 81% ی کچانی ژێر تەمەنی 18 ساڵ، کاتی دامەزراندنی پەیوەندیی لەگەڵ کوڕان ، سەرنجی ئابورییان نادەن و دەڕواننە کەسایەتی کوڕەکان ، بەلام ئەو ڕێژەیە لەناو کوڕانی لاودا 52%[4].

دیارە بلاوکراوە بازرگانییەکان سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان پیاو و ئافرەت پەرە بەو شێوە بیرکردنەوەیە دەدەن و دەبێت ئەوەش بزانین کە ئەو بلاوکراوانە هەرچەندە لە ئیشەکانیشیاندا کارتێکەر نەبن ، بەلام ناچارن کە سەرنج بدەنە ڕای بینەران و خوێنەرانیان. دیارە ئەوە لە کاتێکدایە کە ئەوان خۆشیان لە شێوە و قەوارە پێدانی ئەو بیروبۆچوونانەدا ڕۆڵی سەرەکییان هەیە. بڕوانە ئاگادارییەک کە لە گۆڤاری "ئێبۆنی مان" Ebony Man دا بلاوکراوەتەوە[5].

لەژێر وێنەیەکەدا دوو کچی ڕەزا سوک و جوان بە شەوقەوە تەماشای پیاوێک دەکەن کە لە نزیکیان وەستاوە. یەکێک لە کچەکان لەوی تریان دەپرسێت: **(یەکەم شت کە لەو پیاوەدا بەرچاوت دەکەوێت چییە؟ ئەوی تریان وەلامدەداتەوە و دەڵێت ... ئۆم... پێرشونالیتیی بەرز- کەسایەتی بەرز.)** ئایا ئەو دیاردەیە پیاوانیش دەگرێتەوە؟ ئەوانیش یەکەم شتێک لە ئافرەتدا دەیبینن ، کەسایەتییەکەیەتی یان جوانیی و سێکسیی بوونی پیاوە؟ بڕوانە ئەو ئامارەی خوارەوە: لە هەمان لێکۆڵینەوەدا 46% ی لاوان گوتوویانە بۆ سێکس لەگەڵ کچان دەچنە سەر قەرارەکانیان. ئەو ڕێژەیە بۆ کچان دەبێتە نیوە ، بە هەندێک

[4] - Seventeens, February, 1998
[5] - Ebony Man, july, 1987

جیاوازییەوە. واتە 24%. لەنێوان 30 وێنەدا لە گۆڤاری "سێلێبریتی Celebrity کە نوسەر بە "کەسانی هەرە سێکسیی هالیڤودیان دەناسێنێت"، بۆ نمونە تاکە پیاوێکیان بەرگێکی نیوەڕوت، یان هەندێک ڕوتی لەبەردا نیە [6].

## ئایا پۆشینی بەرگی سێکسیی و دەرخستنی جەستە، نادروستە؟

بە پێچەوانەوە، پۆشینی بەرگی سێکسیی و ڕاکێشانی سەرنجی خەڵک بەرەو جوانیی، دیاردەیەکی هەرە سروشتییە کە ڕەنگە ئافرەت و پیاو لە پەیوەندیی لەگەڵ یەکتردا هەیانبێت. لە ڕاستییدا ئەوە یەکێکە لە لایەنە باشەکانی نێوان ئافرەت و پیاو و گەرمیی و خۆشەویستیی بە پەیوەندیی مرۆڤایەتی دەبەخشێت. گرفت لەوێوە دەست پێدەکات کە سێکس دەبێتە ناسنامەی تاک. بەو واتەیە کە تاک تەنیا لە ڕوانگەی سێکس و جوانیی جەستەیەوە خۆی پێناسە دەکات، لە کاتێکدا ئەوە تەنیا بەشێک لە ناسنامەکەی پێکدەهێنێت کە دیاردەیەکی سروشتییە، کەچی خۆی بەو شێوەیە ناڕوانێتە خۆی و هەموو ناسنامە و کەسایەتییەکەی خۆی لە سێکسدا کۆدەکاتەوە، بە جۆرێک کە کاتێک بیر لە خۆی دەکاتەوە، ناتوانیت خۆی لە دەرەوەی بوونەوەرێکی سێکسییدا نەبینێتەوە، واتە جگە لە بەژن و باڵای جوان و سێکسیی بوونی، شتێکی تر لەخۆیدا شک نابات!

لەو ڕوانگەیەوە کە لە کۆمەڵگای سەرمایەدارییدا مرۆڤ بە پشتبەستن بە توانا و زانیارییەکانی، ژیانی خۆی دابیندەکات، چونکە ئەو ئافرەتەش وەک تاکێکی ئەو کۆمەڵگایە، تەنیا زانیاریی خۆی لە سێکسدا دەبینێتەوە، بە شێوەی جۆراوجۆر دەبێتە فرۆشیاری ئەو کاڵایەی و وەک هەر فرۆشیارێکی تر بۆ فرۆشتنی کاڵاکەی ناچار دەبێت

6 -Celerity. November. 1998.

کە هەوڵبدات سەرنجی کڕیارەکانی بەرەو خۆی ڕابکێشێت و لە ئەنجامدا دەبێتە بابەتی سێکس و جوانیی.

پیاوان نابن بە فرۆشیاری سێکس ، چونکە لە جیاتی پێڕاگەیشتن بە جوانییەکانیان و سەرمایەگوزارییکردنیان پێیەوە ، بەو ڕادەیەی کە ئافرەتان خۆیانی پێوەدەبەستنەوە، لە منالییەوە هێزی خۆیان لە دەسەلات و پارە و دۆزینەوەی هەلومەرجدا دەبیننەوە و بەو توانایەوە دێنە بازاڕی کارەوە.

بۆ ئەوەی کە وێنەیەکی دروستمان دەستبکەوێت لەسەر ئەوەی کە دیاردەی جوانیی تا چ ڕادەیەک بۆ ئافرەتان گرنگیی هەیە ، پێویستە ئەوە بزانین کە بەگوێرەی نوسینی گۆڤاری "نیوزویک" لەساڵی 1984 دا، هەموو ساڵێک لە ئەمریکا 75 هەزار پێشبڕکێی شاژنی جوانیی بە 75 میلیۆن بینەر پێکهێنراوە کە یەکێک لەو پێشبڕکێ گرنگانە بە ناوی"میس ئەمریکا" 75% ی ئەو بینەرانەی هەبوو[7]. ئەو پێشبڕکێیە کە لە سەرەتادا لە ئەمریکا و ڕەنگە لە کانادا بڵاوکرایەوە، ساڵی 1980 بە جۆرێک لایەنگری پەیداکرد کە وەک شێوازێکی نێونەتەوەیی لێهات و تا ساڵی 1997 لە نزیکەی 40 وڵاتی جیهاندا بڵاوکرایەوە[8].

پێشبڕکێی شاژنی جوانییش Miss Universe agent لە ساڵی 1986دا بە تەلەڤزیۆن بۆ 54 وڵاتی جیهان گواسترایەوە و 600 میلیۆن بینەری هەبوو کە بە هەڵسەنگاندنەکان لەنێوان بینەرانیدا ، 82 میلیۆن کەس لە بینەرانی ئەمریکایی بوون[9]. لە مەکسیک ، دراوسێی ئەمریکا لە باشورەوە، تەنانەت لە هەندێک شاری بچوکیشدا پێشبڕکێی ئەو جۆرە بە پێشوازیی مەزنەوە کرا[10].

7 - M. Back, (A Controversial spectector sport), News Week , september 17 th, 1984.
8 - Barbara Peterson Burwel. Polly peterson Bowles. Becoming a Beauty Queen, 1997. p. 17.
9 - Ibid.
10 - El Campo de Morelo, Michuacan بینینی خۆم لە مەکسیک لە 1995 لە

بە ڕای ئێوە لە نێوان 75 میلیۆن بینەری پێشبڕکێی "سوپەر بۆڵ" کە مەزنترین یاری فوتبۆڵی ئەمریکییە و تێیدا بەربەرەکانی بە پشتبەستن بە هێزە ، نەک بە جوانیی، زۆربەی بینەرانی کێن؟[11]. ئایا ئیتر لەوەی بەگومانن کە گرفتی سەرەکیی ئافرەتان جوانییە و گرفتی پیاوان هێز و دەسەڵاتە؟ بۆ دڵنیابوونتان سەرنج بدەنە ئەم ئامارەی خوارەوە کە ئامارژە بۆ چەند ساڵێکی هەشتاکان دەکات:

**- (لە ئەمریکا ڕۆژانە بە ڕێژەیەکی ناونجی 169 ئافرەت لوتیان بۆ جوانیی نەشتەرگەریی دەکەن. ئەو ڕێژەیە بۆ پیاوان تەنیا 52 کەسە[12]. بەگوێرەی ئەو ئامارە ژمارەی ئەو ئافرەتانەی کە ڕۆژانە بۆ نەهێشتنی چرچ و لۆچی دەموچاویان Facelift بە ڕێژەیەکی ناونجی دەچنە لای دوکتۆر ، 169 ئافرەتن و ڕێژەی پیاوان بۆ ئەو مەبەستە لە 18 کەس کەمترە[13].)** سەرئەنجام ئەگەر لەم وڵاتەدا ئافرەت بە ڕێژەی نزیکەی 36% سەرنجدەدەنە ڕادەی کالۆریی خواردنی ژەمەکانی ڕۆژانەیان ، لەنێوان پیاواندا تەنیا بە ڕێژەی 16% ڕادەی کالۆریی خواردنی ڕۆژانەیان بۆ گرنگە[14] و ئەگەر 33% کچانی خوێندنگەی ئامادەیی Senior High School دەرمانی لاوازبوون دەخۆن ، ئەو ڕێژەیە بۆ کوڕانی هەمان خوێندنگە 9% یە [15].

بەو جۆرەیە کە ئافرەتان خۆیان بە سێکس و جوانیی پێناسە دەکەن و پیاوان بە هێز و پارە، ئەوەش سروشتییە کە هەرکامیان بۆ بەدەستخستنی ئامانجەکەیان ڕێگایەکیان دۆزیوەتەوە و ئافرەت دەبێتە بابەتی سێکس و فرۆشیارەکەی. ئەگەرنا سێکس و جوانیی نەک هەر شتێکی خراپ نیە ، بەڵکوو یەکێکە لەو دیاردە هەرە جوان و

[11] - M. Back, (A Controversial spectector sport), News Week , september 17 th, 1984.
[12] - USA Today, September, 14. 1989.
[13] - Ibid.
[14] - the New York time, January 6, 1988.
[15] - Gender and Society, September, 1988.

سەرنجڕاکێشانەی کە مرۆڤ بۆ ئازادکردنی ، بەو جۆرەی ئەمڕۆ هەیە ، لە خاوەندارییەتی و بەربەستەکانی بە دەست خەڵکەوە ، چەندان سەدە هەوڵیان بۆ داوە و خەباتیان بۆ کردووە. لەبەرئەوە ، باسەکەمان لەسەر جۆری پۆشین و نەپۆشینی جلوبەرگی سێکسیی نیە. بەڕای من خەڵک خۆیان جۆری جلوبەرگی خۆیان هەڵدەبژێرن. لە ڕاستییدا ڕۆڵی جلوبەرگ جگە لە پاراستنی مرۆڤ لە سەرما و گەرما ، سودێکی تریشی هەیە کە نزمیی و بەرزیی و کەموکوڕییە فیزیکییەکانی ئەندامانی مرۆڤ دادەپۆشێت و لەبەرچاوی خەڵک دەیانشارێتەوە و بەژن و بالای مرۆڤ دەڕازێنێتەوە. بەتایبەتیی لەو ناوچانەدا کە کەش هەموارە و جلوبەرگ تەنیا بۆ لەش پاراستن نیە. جلوبەرگ بەگشتیی بۆ شێوە پێدانی جەستە و جوانکردن کەڵکی لێوەردەگیرێت ، تەنانەت بۆ ئەو کەسانەش کە لە ڕاستییدا لەشی جوان و بێ گرێوگۆڵیان هەیە و پێویستیان بە پۆشینی جلوبەرگ نیە. بەو پێیە مەسەلەکە پۆشین و نەپۆشینی جلوبەرگی سێکسیی و ڕاکێشانی سەرنجی لایەنی ڕووبەڕوو ، واتە ئافرەت و پیاو نیە ، بەڵکوو مەسەلەکە زەقکردنەوە و گۆڕینەوەی سێکسە بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی ژیان و بەدەستخستنی پارە ، واتە بە کالا کردنیەتی. لەو حاڵەتەدا کە پیاوان خاوەن دەسەلاتی ئابوریی بەرزن ، بە هێزی پارە و دەستکەوتە ئابورییەکانیان ئافرەتان دەخەنە دەست خۆیان و ئافرەتانیش کە خاوەن دەسەلاتی ئابوریی ئەو جۆرە نین ، دەبنە کەرەسەی سێکس و جوانیی لە دەست پیاواندا. واتە پیاوان بە دەسەلاتی ئابوری خۆیان لە نەخشی کڕیارانی سێکس و جوانیی و ئافرەتانیش لە نەخشی فرۆشیاراندا پێدەنێنە مەیدانی مامەڵەکەوە. ئاکام بەوە دەگات کە دەبێت ئافرەتی فرۆشیاری سێکس ، بۆ فرۆشتنی کالاکەی بە شێوەی سەرنجڕاکیش و زەوقهێنەر خۆی پێشانبدات و لە بەرامبەریشدا پیاوی کڕیار و خاوەن پارە ، بۆ ئەنجامی مامەڵەیەکی لەو جۆرە زۆر پێویستی بە جلوبەرگی سێکسیی ، یان پێشاندانی جەستەی خۆی نیە. دیارە هەر وەک لە ئامارەکانی

سەرەووەدا بینیمان ، پیاوانیش لە پێشبڕکێ لەگەڵ یەکتردا تا ڕادەیەک پەنا بۆ خۆجوانکردن و خۆڕازاندنەوە دەبەن و لە هەموو شتێک بۆ ڕاکێشانی سەرنجی ئافرەتان کەڵکوەردەگرن، بەڵام توانای سەرەکیی ئەوان لەو زەمینەیەدا، دەسەڵاتی ئابوری ، یان کۆمەڵایەتییانە کە ئیشی باش و خانووبەرەی خۆش و ئوتۆمبێلە دوا مۆدێلەکانیان دەخەنە بەرچاو.

بە هەر حاڵ لەو ڕووەوە هەر کەسە بە جۆرێک هەوڵدەدات بەو شتەی کە هەیەتی بچێتە ناو بازاڕی مامەڵەوە و بە شوێن نیازەکانیدا بگەڕێت. ئەوانەی بیر لەوە دەکەنەوە کە سەرمایەیەکی تریان جگە لە سێکس نیە بۆ بەدەستخستنی نیازەکانیان ، واتە پارە و دەسەڵات و سەرمایە ، بە سێکس پێشانی دەدەن. لەو ڕوانگەیەوە جلوبەرگی سێکسیی لەبەردەکەن و ئەوانەش کە لە جیاتی جوانیی ، پارەیان هەیە و دەتوانن هەموو شتێک لەوانە و سێکس و جوانییشی پێبکڕن ، نیازیان بە لەبەرکردنی جلوبەرگی سێکسیی نیە. چونکە پێویستی نیە کە لە مامەڵەدا جەستەی خۆی بخاتە بەرچاو ، بەڵکوو دۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتییەکەیەتی پێشانیدەدات. بۆیە جلوبەرگێک لەبەردەکات کە هێز و دەسەڵات پێشانبدات. لە ئاکامدا کەسێک کە خۆی لە بەرگی سێکسیی دور ڕادەگرێت، بە شوێن سێکسەوەیە و ئەوەش کە بەرگی سێکسیی لەبەردەکات بە شوێن شتێکدا دەگەڕێت کە دورە لە سێکس ، ئەویش ناوی پارە و دەرەتانی ئابورییە.

# فەسڵی چوارەم: گۆڕینەوەی سێکس لە شوێنی کارکردندا

## ئایا ئافرەتان لەگەڵ پەیمانی کارکردنیاندا تەنیا هێزی کاریان دەفرۆشن؟

لە زۆربەی بوارەکاندا بەڵێ و لە هەندێک بواریشدا نا. ئایا هەرگیز بیستووتانە کە پیاوێک داوای کاری لە بەڕێوەبەرایەتییەک یان کارگەیەکدا کردبێت ، بەڵام بە هۆی ناسێکسییەوە دانەمەزرابێت؟ بێگومان نا! بەڵام دیاردەیەکی لەو جۆرە بۆ ئافرەتان بەرچاو دەکەوێت. دیارە بە هۆی نایاسایی و ناپەسەند بوونیەوە باس ناکرێت ، بەڵام بە کردەوە و لە چوارچێوەیەکی بەریندا لەبەرچاوی دەگرن. لە زۆربەی بوارەکاندا جوانیی دەستکەوتێکی بەنرخە بۆ ئافرەتان لە وەرگرتنی کاردا. زۆربەمان بە شێوەیەک ئەو دیاردەیەمان بینیوە ، یان لە خەڵکی ترمان بیستووە و لەگەڵی ئاشناین. لە زۆربەی کارەکاندا سەرنج دەدرێت بە دامەزراندنی ئافرەتی جوان وەک لەوانەی کە خاوەنی ئەو دەستکەوتە نین ، چونکە خاوەنکارەکان کە کڕیاری هێزی کارن بە دامەزراندنی هێزی کاری ئافرەتانی جوان ، وەک ئەوە وایە کە بۆ کڕینی جوانیی ئەوان پارەیەکی کەمتریان دابێت. باوەڕ ناکەن؟ سەرنج بدەنە ئەم بەڵگەیەی خوارەوە:

پەیمانی کار وەک هەر پەیمانێکی تر لە نێوان خاوەنکار و خاوەن هێزی کاردا مۆر دەکرێت. لەو پەیمانەدا هێزی کار ، یان کەسی کارکەر بەڵێن دەدات کە هێزی فیزیکیی خۆی بۆ نمونە ڕۆژانە بۆ 8 کاتژمێر بەرامبەر بە پارەیەکی دیارییکراودا بخاتە دەست خاوەن کارەکەوە. بە وتەیەکی تر هێزی کاری خۆی بەو بفرۆشێت. کاتێک خاوەنکار هەوڵدەدات لەنێوان داواکارانی کارەکەیدا ، کەسی هەرە باش هەڵببژێرێت، لە ڕاستیدا هەوڵدەدات گۆڕینەوەیەکی هەرە باش بکات.

گۆڕێنەوەی هەرە باش بەو واتەیەیە کە لە بەرامبەر موچەیەکدا کەسێک هەڵببژێرێت کە کاری زیادتر و خزمەتی باشتر بکات. واتە کەسێک کە هێزی پتری هەیە و دەتوانێت لە ماوەیەکی دیارییکراودا کارێکی پتر لە کارکەرانی تر بکات، یان بە هۆی هۆش و لێزانییەوە کارێکی شایان و بە نرخ لە بەرامبەر پارەیەکی دیارییکراودا بکات.

جوانیی دەستکەوتێکە کە لە پەیمانی کارکردندا باس ناکرێت، چونکە باسکردنی دەبێتە هۆی جیاوازیی دانان لەنێوان کارکەراندا. لەبەرئەوە هیچ کەسێک ناتوانێت لە ڕاگەیەنراوەکانیدا بنوسێت پێویستی بە چەند کارکەرێکی ئافرەت و پیاوی جوان هەیە. لەو ڕوانگەیەوە کاتێک خاوەنکارێک ئافرەتێکی جوان لەنێوان ژمارەیەکدا هەڵدەبژێرێت ، مەگەر لە هەندێک کاتی تایبەتدا، ئەگەرنا پارەیەک لە بەرامبەر جوانییەکەیدا نادات. بە وتەیەکی تر بە بەلاش سود لە جوانیی و تێکۆشانە ئابورییەکەی وەردەگرێت. لەو ڕوانگەیەوە دەستنیشانکردنی ئافرەتێکی جوان و ئافرەتێکی ناشیرین بۆ کارکردن کە لە بواری کارەکەیاندا بە ڕادەیک توانایان هەیە، دەستنیشانکردنی نێوان دوو جۆر گۆڕینەوەیە کە لە یەکێکیاندا خاوەنکار لە بەرامبەر موچەیەکدا کالآیەکی جوانیش بەدەستدەهێنێت ، بەبێ ئەوەی کە پارەیەکی زیادتری بۆ دابێت. کالآی جوانیش وەک هەر هێزێکی کار پێویستی بە چاودێریی و بوژاندنەوەی ڕۆژانە هەیە کە بۆ ئەو کارە بە جوانکاریی ، خواردنی تایبەتیی ، وەرزش و ...تد دابیندەکرێت و پێویستە ڕۆژانە و بەگوێرەی ڕادەی پێویست خەرجێکی زیادەی بۆ لەبەرچاو بگیرێت.

ئەوە لە کاتێکدایە کە کارکەر زۆر جوان نەبێت، ئەگەرنا خاوەنکار لە پەیوەندیی لەگەڵ کەسێکی زۆر جواندا کە جوانییەکەی بەرهەمێکی چوارچێوەداری سروشتە ، دەبێت بۆ بەدەستخستنی ، پارەیەکی زۆر خەرج بکات. بەڵام ئەو باسە هێشتا لە دەرەوەی باسەکەی ئێمەدایە ، ئەو جۆرە ئافرەتە زۆر جوانانە لە شوێنی تری وەک: مۆدێل "مانکن" و لەشفرۆشیی بە داهاتی زۆر بەرز کەڵکیان لێوەردەگیرێت.

بە هەر حاڵ تا ئەو کاتەی کە خاوەنکار دەیەوێت کارکەری هەندێک جوانیی هەبێت ، ئەگەرنا بە ڕێگای ئارایشت و جوانکارییەوە هەندێک خۆیان جوان بکەن و ڕواڵەتی خۆیان بڕازێننەوە. بۆ ئەو مەبەستە دەبێت ئافرەتی کارکەر بەشێک لە داهاتی خۆی بۆ ئەو جوانکارییە دابنێت ، ئەوەش هەمان کاڵای جوانییە کە من ئاماژەی بۆ دەکەم و بەگشتیی خاوەنکار بەبێ ئەوەی کە پارەیەکی بۆ بدات ، بە کڕینی هێزی کاری ئەو ، جوانییەکەشی بەدەستدەهێنێت. واتە بە نرخی کڕینی هێزی کاری کەسێکی ناشیرین ، هەردووکیانی بەدەستهێناوە و لە ڕاستییدا کاڵای جوانیی بە بەلاش دەستکەوتووە. بۆیە لە کاتی دامەزراندنیدا جیاوازیی دەخاتە نێوان داواکارانی کارەکەی و جوانەکە ئاسانتر لەوانی تر دادەمەزرێنێت ، بەڵام ئەو جۆرە گۆڕینەوەیە کاتێک بە قازانجی خاوەنکار دەبێت کە هەر وەک گوتمان ئەو بتوانێت لەو جوانییە کەڵکوەربگرێت.

بەگشتیی خاوەنکار لە کاتی مۆرکردنی پەیمانی کاردا ، بە دوو مەبەست چاو دەبڕێتە کاڵای جوانیی. یەکەمیان کاتێک کاڵاکەی بۆ کەڵکوەرگرتنی خۆی دەوێت و ئەوی تریشیان ئەو کاتەیە لە کارەکەیدا کەڵکیلێوەردەگرێت. لە حاڵەتی یەکەمدا، کاتی دامەزراندنی بیر لە پەیوەندیی سێکسیی لەگەڵیدا دەکاتەوە. لەو حاڵەتە نهێنییەدا خاوەنکار پتر دەڕوانێتە لایەنی جوانیی داواکاری کارەکە و زۆر سەرنج نادات بە ڕادەی توانا و زانیارییەکانی کە دەیەوێت بۆی دابمەزرێت ، تەنانەت ژێرپێیان دەخات. لەو حاڵەتەدا گۆڕینەوەی هەردوو لایەنی سێکس و کارە بە پارە و حاڵەتی دووەم تایبەتە بە گۆڕینەوەی سێکس لەگەڵ پارە و هەر وەک گوتم هەردووکیان بۆ کەڵکلێوەرگرتنی کڕیارەکەن. ئەوە ویستی خاوەنکارەکەیە ، بەڵام تا ئەو کاتەی کە بۆ ئافرەتەکە دەگەڕێتەوە ، ئەوەیە کە ئەگەر لە ڕەوتی فرۆشتنی هێزی کاری خۆیدا ئامادە نەبێت بچێتە ناو مامەڵەی سێکسەوە ، هەوڵدەدات کاتی وتووێژ بۆ وەرگرتنی کار و مۆرکردنی پەیمانی کارکردن ، لە

شێوەی پۆشینی جلوبەرگ و ئارایشت و جوڵانەوەکەیدا ئەو مەسەلەیە بە خاوەنکارەکە بگەیەنێت کە هاتووە هێزی کاری خۆی بفرۆشێت[1].

خاوەنکارەکەش ئەگەر مرۆڤێکی خاوەن ئەزمون و هۆشیار بێت لەو بوارەدا سەرمایەگوزاریی لەسەر شتێک ناکات کە لە بەدەستهێنانیدا دڵنیا نیە و لە دامەزراندنی خۆی دەپارێزێت. لەو حاڵەتەدا ئافرەت خۆی لە بەرامبەر داواکارەکانی تری کارەکەدا بە لاواز دەبینێت. چونکە ئامادە نەبووە لە بەرامبەر پارەیەکدا کە بۆ هێزی کارەکەی وەریدەگرێت، شتێکی زیادتر بدات بە خاوەنکارەکە. بڕواننە "هێلین براون" نوسەری کتێبی "خاوەنی هەموو شتێک بوون- عشق ، هەلومەرج ، سێکس و پارە" و بزانن ئەو چۆن بە ڕونیی و ئاشکرا ئاماژە بۆ ئەزمونەکانی خۆی سەبارەت بەو دیاردەیە دەکات:

**- ( ئەوە بە تەواویی بۆچوونی خۆمە و ڕەنگە دادوەرییەکی پێشوەخت بێت، بەڵام لام وایە کە ئەگەر خاوەنکار، یان کەسێک کە ئێوەی دامەزراندووە ، داوای سێکستان لێبکات و ئێوە ڕازیی نەبن و ئەو بە دووپات و چەند پاتکردنەوەی وەڕستان بکات و ناچاربن بۆ کۆتاییهێنان، تەنانەت لە لای بەڕێوەبەری بەشەکەتاندا شکاتی لێبکەن[2] ، بەڵام ئەو هەر وازنەهێنێت ، ئەو کاتە دەبێت کارەکەتان بەجێبهێڵن. ئایا تا ئێستا بە هۆی هەلومەرجی ناپەسەندەوە کارتان گۆڕیوە؟ ئەوەش کارێکی سادەیە و لەوە دەچێت. کاتێک بە ئیزنی ئێوە بیر لە ساڵانی**

1- Jon T. Molloy. Women,s drees for success,p 21.

جۆن مۆڵۆی نوسەری کتێبی (جلوبەرگی ئافرەتان بۆ سەرکەوتن) لە بەشێکی کتێبەکەیدا لەژێر ناوی "هۆدەی خەو یان هۆدەی ئیشکردن – بەڕای ئێوە" ، دەڵێت: زۆربەی ئافرەتان لەوانە ئافرەتانی خاوەن ئیش بە بەردەوامی وەک بابەتی سێکس و جوانیی تەماشای خۆیان دەکەن. سێکس بێگومان ڕۆڵی گرنگی هەیە لە ژیان ئێمەدا، بەڵام کاتێک سێکس دەبێتە بەشێک لە هەڵبژاردنی جلوبەرگ لە کاروکاسپی دا، زیان بە ئیشوکاری ئافرەت دەگەیەنێت. بە داخەوە تاقیکردنەوەکانی ئێمە دەریانخستووە کە ئەو جلوبەرگانەی کە بۆ بەدەسخستنی سەرکەوتن لە ئیشدا لەبەریان دەکەن و ئەوانەش کە بۆ سەرنجدان بۆ سێکس لەبەریان دەکەن، بەتەواوی جیاوازییان پێکەوە هەیە، جگە لە هەندێک حاڵەتدا، ئێوە ناتوانن هاوکات هەردوو بەرگ بپۆشن . پیاوەکان کەمتر کارێکی بەم جۆرە دەکەن و ئەوانەش کە هەنگاوی بۆ هەڵدەگرن ، سەرناکەون ، بەلایەنی کەمەوە لەکاتی ئیشکردندا.

2- لە نوسراوە ئینگلیزییەکەدا ڕۆژانی یەک شەممەیە.

**1940 دەکەمەوە کە لەو ساڵانەدا پەیداکردنی کار ئاسان نەبوو ، تەنانەت ئەوانەش کە کاریان هەبوو ، ناچار بوون بۆ ئەوەی کە خاوەنکارەکان دەریاننەکەن و بێکاریان نەکەن ، گەلێک گوشار بۆ خۆیان بهێنن ، تەنانەت دەستی خاوەنکارە چاوپیسەکانیش نەگێڕنەوە ، بێگومان لەو ساڵانەدا زۆر شت ڕوویدا، بەڵام خوا دەزانێت کە من هەرگیز بە بیرمدا نایەت کە شتێکی خراپ و سەخت ڕوویدابێت. جارێک یەکێک لە بەڕێوەبەرەکانم لە کۆمپانیا "مۆسیقای ئەمریکی" داوای لێکردم ، بۆ ئەوەی کە لەژێر باری سەختی کارە پاشکەوتووەکانی ڕزگاری ببێت ، ڕۆژانی هەینییش کاربکەم. ئەو لەوێ لە نوسینگە جوان و پڕ لە ئەنتیکەکەیدا بە بەردەوامیی دوام دەکەوت و هەندێک جاریش ئامێزی پێدادەگرتم ، بەڵام تەنیا ئامێز و چەند ماچ ... ئایا ئەوە زۆر ترسناک بوو؟ نا ، دیارە ئەوە بەشێک نەبوو لە کارەکەم ، بەڵام مەگەر چەندی زەحمەت بۆ من هەبوو؟[(3)].)**

ئەگەر ئافرەتێک لە میانەی کارەکەیدا بیر لە گۆڕینەوەی سێکس بکاتەوە، لە سەرەتادا بە شێوەی خۆڕازاندنەوەکەی و جۆری پۆشینی جلوبەرگ و جوڵانەوەی ، مەبەستی خۆی ئاشکرا دەکات و دواتر لە میانەی کارەکەیدا مەبەستەکەی پیادە دەکات. چونکە باسکردن لە بابەتی سێکس بەگشتیی لە کاتی نوسینی پەیمانی کارکردندا نایاساییە و ڕەنگە دواڕۆژێکی خراپ بۆ خاوەنکارەکە دروستبکات ، لە دەستپێکدا هەردوو لایەنی گۆڕینەوەکە بە هێما مەبەستی خۆیان بە یەکتر دەگەیەنن و ڕادەی دروستیی ئەوەی کە هەر کامیان بە یەکتری دەدەن لە چەنەبازییەکانی دواییدا ڕوون دەبێتەوە کە ئایا ئەو ئافرەتە ئامادەیە لەگەڵ خاوەنکارەکەی بنووێت؟ بۆ ئەو مەبەستە چیی دەوێت؟ ئایا بە تەنیا لە بەرامبەر دابینکردنی کارەکەیدا خۆی بەدەستەوە دەدات؟ یان لە بەرامبەر شتێکی زیادتردا؟ وەک کاری سەرووتر و

---

[3] - Gurley Brown Hellen, "Having it all- love, success. Sex, momey" p. 49.

وەرگرتنی دیاریی بە نرخ؟ یان سەرئەنجام شوکردن و دابینکردنی "خۆشبەختیی" دواڕۆژ؟

بە هەر حاڵ ئەوانە نرخ و بەهای جیاوازن کە ئافرەت و پیاو بۆ هاودەنگیی کردن لەسەریان لە دەستپێکەوە تا مۆرکردنی پەیمانی کار بەگشتیی قسەیان لەسەر دەکەن و لەسەریان ڕێکدەکەون. سەبارەت بە مەسەلەی دووەم ، واتە کاتێک کە خاوەنکار مەبەستی لە کەڵکوەرگرتنی کاڵای جوانیی بۆ خۆی نەبێت ، بەڵکوو بۆ پەرەپێدانی کارەکەی بێت ، جوانیی ئافرت بۆ ڕاکێشانی کڕیار بەکاردەهێنرێت. نمونەیەکی ئاشنا لەو بوارەدا دامەزراندنی ئافرەتی جوانە لە کاری شتفرۆشتندا کە دەبێتە هۆی ڕاکێشانی کڕیار ، بۆ ئەوەیە کە لە هەندێک کاردا ئێمە دەبینین پتر لە ئافرەت کەڵکوەردەگرن تا لە پیاو.

## بۆچی تەنیا ئافرەت لە جوانیی و سێکسیی خۆی بۆ ڕاکێشانی کڕیار کەڵکوەردەگرێت؟

بۆچی مەگەر پیاوان و جوانییان سەرنجی کڕیاری ئافرەت ڕاناکێشن؟ مەگەر ئافرەتان نابن بەکڕیار؟ وەڵام ڕوونە. پیاوان هێزی کڕینیان پترە، بۆیە ڕاکێشانی سەرنجی پیاوان گرنگترە لە ئافرەتان. هەروەها پیاوان کاری بەرزتریان هەیە و کەمتر پیشەی فرۆشیاریی هەڵدەبژێرن ، لە کاتێکدا ئافرەتان پتر کاری سوکتریان هەیە ، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر زووتر بوونەتە بابەتی جوانیی و سێکس و ناچارن لە پێشبڕکێ لەگەڵ پیاواندا، لە جێیەکدا کە سودی بۆ خاوەنکارەکان هەیە ، لە جوانیی خۆیان کەڵکوەرگرن.

بۆ نمونە بۆچی لە ساڵی 1996، 1997 و 1999دا لە ئەمریکا لەنێوان 100 کارکەری کەرەسەی گواستنەوەی گشتییدا ، لەوانە خزمەتکارانی

ناو فرۆکەکان ، 88/2% یان ئافرەت بوون(4) بە لایەنی کەمەوە دەبێت بەشێک لەو ڕاستییە لەو ڕوانگەیەی خوارەوەدا بدۆزینەوە. دەڵێم بەشێک ، چونکە من هەرگیز ناڵێم کە پێکهاتەی کارەکان هەموویان بە سێکس و دیاردەی سێکسەوە بەستراونەتەوە. بۆ نمونە سەبارەت بەو مەسەلەیە نابێت دیاردەکانی تری وەک: زانیاریی و پەیوەندییە مێژووییەکانی ئافرەتان لە کاری ماڵەوەدا ، وردبینییان لە کارەکاندا ، ڕادەی دڵسۆزیی و هەستکردنی زۆریان بە بەرپرسایەتی لە هەندێک کاردا لەبیر بکرێت.

## بۆچی خۆ جوانکردنی ئافرەت لە شوێنی کاردا زۆر گرنگە؟

ئارایشت شێوەیەکی تری پێشاندانی سێکسە کە لە حاڵەتێکی جوان و سەرنجڕاکێشدا ئاراستە دەکرێت. کات و پارە و سەرنجێک کە ئافرەتان ڕۆژانە بۆ ئارایشیی خۆیان تەرخانیدەکەن ، بەشێکی گرنگ لە وزەی ڕۆژانەیان هەڵدەلوشێت. بە تەنیا ڕۆژانە ئافرەتانی کارکەر بە شێوەی ناونجی کاتژمێرێکیان بۆ جوانکردنی خۆیان دەوێت. ئەگەر ئەو ماوەیە بخەینە سەر ماوەیەک کە بۆ کڕینی کەرەسەی جوانیی پێویستە ، لەگەڵ دابینکردنی خەرجی ئەو کەرەسەیە و ماوەیەک کە ئافرەتان بۆ خوێندنەوەی بڵاوکراوەکانی مۆد و جوانیی تەرخانی دەکەن کە لەسەر دوا مۆدەکان و هەواڵی دۆزینەوەکانی پەیوەندییدار بە مۆد و جوانییەوە زانیاریی پەیدابکەن و لەگەڵ ئەوانی تر کۆ بکرێنەوە ، ئەو کاتە تێدەگەین کە بە ڕاستیی ئافرەتان تا چ ڕادەیەک وزە و کاتی خۆیان بۆ ئارایشتی خۆیان تەرخاندەکەن. تازە ئەوانە جگە لە حسابکردنی ماوەیەک کە دەبێت بۆ بەدەستهێنانی پارەی جۆرەها نەشتەرگەریی پلاستیکیی لەسەر لوت و بەشەکانی تری ئەندامیان بۆ جوانکردن

[4] - Statistical abstract of Uited States, 1997. the national data book, us. Dept. Of commerce, economie and statistics adminstration, bureau of sensus.

هەوڵی بۆ بدەن. ئەگەر هەموو ئەوانە بخەینە سەر یەک ، ئەو کاتە تێدەگەین کە چۆن بەشێکی گرنگی کاتیان بۆ ئارایشتی خۆیان تەرخان دەکرێت.

پێشتر گوتم بۆچی ئافرەتان پتر لە پیاوان گرنگیی دەدەن بە جوانیی و بۆچی جوانیی بۆ ئەوان تا ئەو ڕادەیە گرنگیی هەیە. ئافرەتان پتر بە جوانیی خۆیان و پیاوان بە سەرکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئابورییان دەناسرێن ، چونکە پیاوان لە کاتێکدا وزە و کاتی خۆیان بۆ گەشەپێدانی کار و سەرکەوتنە کۆمەڵایەتیەکانیان تەرخان دەکەن ، ئافرەتان هێز و وزەی خۆیان بۆ ئارایشت و جوانکاریی خۆیان دادەنێن. هەروەها پێشتر بە ڕادەی پێویست ئاماژەم بۆ کۆمەڵگای پیاوسالاریی کرد و گوتم بە شێوەی جۆراوجۆر ئافرەتان لە منالّییەوە فێردەکەن کە لەگەڵ هەموو دیاردە گرنگەکانی ژیاندا، جوانیی خۆیان بپارێزن. بە وتەیەکی تر لە کاتێکدا بە پیاوان ڕادەگەیەنن کە لە شوێنی کارەکانیاندا تێبکۆشن کە زانیاریی و تێکنیکی پتر بەدەستبهێنن و بەرەو پلەی بەرزترن بڕۆن و گەشە بە خۆیان بدەن و لە بەرامبەر کارەکەیاندا لێپرسراوبن ، ئافرەتانیش فێردەکەن کە چۆن و بە چ شێوەیەک لە شوێنی کارەکانیاندا بەرپرسانە و بە "جوانیی" هەڵسوکەوت بکەن. دەتانەوێت بزانن بە جوانیی و بەرپرسانە لە شوێنی کارەکانتاندا هەڵسوکەوت بکەن ، واتەی چییە؟ سەرنج بدەنە نامیلکەیەک کە گۆڤاری کۆسمۆپۆلیتەین بەناوی "کتێبی ڕێنوێنی گەشەکردن لە کاردا" لەگەڵ ژمارەی سێپتەمبەری ساڵی 1985دا بڵاویکردووەتەوە و تێیدا خوێنەرانی فێردەکات کە چۆن بۆ سەرکەوتنیان لە شوێنی کارەکانیاندا، کەڵک لە کەرەسەی جوانکاریی کۆمپانیای "ماکسی" وەربگرن. ناوی یەکێک لە وتارەکانی ئەو نامیلکەیە بریتییە لە:

## لە بەرپرسایەتییە نوێیەکانتان بە جوانی هەڵسوکەوت بکەن ، چۆن؟

بەرلە لەوەی کە بچنە شوێنی کارەکانتان و لە جیاتی داڕشتنی پلان بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانتان ، بەم شێوەیەی خوارەوە پلانی هێرشکردن بۆ سەر پیاوان دابڕێژن:

1- هێڵی هێرشەکەتان دابنێن: بە قەڵەمێک هێڵی لێوتان بکێشن- دانانی سنوری هێڵی لێو ، شێوازی دیارییدەکات.

2- هۆشیاربن و بەدرێژایی ڕۆژ پارێزگاریی لە جوانییەکەتان بکەن. چۆن؟ بە یارمەتی "ماتیکی بەردەوامی لێو" کە پێویستە بە بەردەوامیی لە لاتان بێت و لە کاتی گونجاودا کەڵکیلێوەربگرن.

3- ............ (نوسەر بە سپی هێشتووەتەوە- وەگێڕ)

4- بە درێژایی ڕۆژ بۆنی خۆشتان لێبێت. بە وتەیەکی تر بەرپرسیاریی نوێی خۆتان لە ئەستۆ بگرن.

- ببورن من نازانم لە کام بەرپرسیاریی دەدوێن؟ بەرپرسیاریی کار؟

- بەڵێ بەرپرسیاریی کار: کاری ڕاکێشانی پیاوان بۆ سەر کارەکەتان.

- مەگەر چاوەڕوانن کە ئافرەتان لە کارەکانیاندا بەرپرسیارییەکی تریشیان هەبێت؟

- ئەگەر لە گۆڤاری کۆسمۆپۆلیتەین و ئامادەکەری نامیلکەکەی بپرسن.. دیارە کە نا.

سەرنج بدەن ، گۆڤاری کۆسمۆپۆلیتەین بڵاوکراوەیەک نیە کە گروپێکی بچوک لەناو ئافرەتاندا پەسنی بکەن ، ئەو گۆڤارە هەفتانە دوو میلیۆن و نیو کڕیاری هەیە و لەگەڵ دەیان بڵاوکراوەی تری ئافرەتان کە بەو شێوە نوسینانەوە خەریکن و هەفتانە دەیان میلیۆن خوێنەر دەخەنە ژێر کاریگەریی خۆیانەوە. لەبەرئەوە باس لەسەر پەرشوبڵاویی نوسینی گۆڤارێک نیە ، باس لە مەسەلەیەکە کە ڕۆژانە چەندان میلیۆن ئافرەت پەروەردە دەکەن و مێشکیان دەشۆنەوە. ئایا

ئافرەتان گوێ لەو ئامۆژگارییانە دەگرن؟ بۆ دڵنیابوونتان سەرنج بدەنە توێژینەوەیەک سەبارەت بە ئافرەتان و پیاوان کە لە شوێنی کارەکانیاندا کراوە:

بەگوێرەی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەنێوان کۆمەڵێک پیاو و ئافرەتدا کە لە ئەمریکا لەگەڵ یەکتردا ڕێکدەکەون ، پیاوان لەگەڵ ئافرەتانی هاوڕێی خۆیان ، بەڵام ئافرەتان پتر دەیانەوێت لەگەڵ خاوەنکارەکانیاندا بچنە دەرەوە. بۆچی؟ چونکە مەبەستی پیاوەکان لە چوونەدەرەوە لەگەڵ ئافرەتاندا بۆ سێکسە ، بەڵام ئافرەتان بۆ مەبەستی بەدەستخستنی سەرکەوتنە.

نامیلکەی کۆسمۆپۆلیتەین لە وتارێکی تریدا بەناوی "ماکسی" واتە کۆمپانیای کەرەسەی جوانکاریی بەم جۆرە دەنوسێت:

- (ڕوخسارتان لە کاتی کۆبوونەوە و کۆنفرانسەکان و وتار خوێندنەوەتاندا دەتوانێت کاریگەریی هەبێت لەسەر دەوروبەرەکانتاندا. ڕەنگە کاریگەریی هەمیشەیی ببێت لەسەر کەسێک کە بۆتان گرنگە، کەسێک کە جوانییتان لە شوێنی کارەکەتان بۆ لای تۆی ڕاکێشابێت.

دوای ئەوە لە گرنگیی کەڵکوەرگرتن لە "کرێم" نەرمکەری پێستی دەست و چۆنیەتی کەڵکلێوەرگرتنی دەدوێت و دەنوسێت: (بە هۆی دەستەکانتانەوەیە کە خۆتان پێشاندەدەن. لەبەرئەوە دەبێت جوانییان ڕابگریت.) دواتر پەردە لەسەر نهێنییەکی تری سەرکەوتنی ئافرەتان لە شوێنی کارەکانیاندا لادەبات و دەڵێت: (لەو ڕوانگەیەوە کە ئێوە بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتێک لە پشت مێزی کۆنفرانس بن ، یان خەریکی هەڵگرتنی پیاڵەیەک قاوەن ، ئەوە دەستەکانتانە کە پێشاندەدات کارەکانتان باش بەڕێوەدەبەن یان نا.)

بەڵێ ، ئەوە توانا و بیرکردنەوەتان لە کارەکەتاندا نیە کە سەرکەوتنتان لە کار و ئەنجامی بەرپرسییەکەتاندا دەستەبەردەکات ، بەڵکوو بە جوانیی و بەتایبەتیی جوانیی دەستەکانتانە کە لە پشت

مێزی کۆنفرانس و کۆبوونەوەکاندا پێی ئاماژە بۆ خاڵێک دەکەن ، یان پیاڵەی قاوەی پێهەڵدەگرن. ئەوەیە ئامۆژگاریی گۆڤاری کۆسمۆپۆلیتەین بۆ چەندان بەگوێرەی ئەو ئامۆژگارییانە پەروەردە دەبن.

سەرئەنجام وێنەی شەش جووت "چاو"ی جۆراوجۆر پێشاندەدات کە بە یارمەتی "ماکسی" و بە شێوەی جیاواز ئارایشت کراون و گوایە بوونی چاوی بەو جۆرە سەرکەوتن بۆ ئافرەتان دەستەبەر دەکات. هەروەها ڕادەگەیەنێت کە (ئافرەتی خاوەنکاری ڕووخۆش ، هەگبەی ئارایشتە جوان ڕازاوەکەیەتی ، نەک شتێکی تر.)

دیارە ئەوە لە مێشکتان دورکەنەوە کە ئەوانە ڕێکلامی پەیوەندییدارن بە ڕاگەیاندنەکانی بازرگانیی و پەیوەندییان بە گۆڤاری کۆسمۆپۆلیتەینەوە نیە. لە دنیای پڕ لە وێنەی ئەمڕۆدا کە ئێمە تێیدا دەژین ، زۆربەی پەیام و ئامۆژگارییەکان بە وێنە دەگوازرێنەوە ، لەبەرئەوەیە کە ئەمڕۆ تەلەڤزیۆن بووەتە یەکێک لە دەزگا بەهێزەکانی ڕاگەیاندن و کاریگەریی زۆری هەیە لەسەر بینەرانی.

بەو حاڵەش بۆ نەهێشتنی هیچ چەشنە گومانێک سەبارەت بە ڕێکلامە بازرگانییەکان کە لە گۆڤاری ئافرەتاندا بڵاودەکرێنەوە ، بە دروستیی سیاسەتی بەڕێوەبەرانی ئەو گۆڤارانەن ، سەرنج بدەنە چەند ئامۆژگارییەکی "هێلین براون" ، یەکێک لە سەرنوسەرە هەرە ناسراوەکانی کۆسمۆپۆلیتەین کە لە کتێبی "خاوەنی هەمووشتێک بوون" وەرگیراوە. ئامۆژگارییەکانی دەگەڕێنەوە بۆ ئەزمونێک کە بە وتەی خۆی لە سەردەمێکدا وەریگرتووە کە (لاوێکی پێگەیشتووی کێشە دروستکەر بوو لە گوندەکانی چیای "ئۆزارک") و لە نێوان 17 کاری جۆراوجۆری میرزایەتییەوە تا دەگاتە گۆڤاری کۆسمۆپۆلیتەین لە نیویۆرک. هەر وەک دەبینین ئەو وتانە بەبێ کەم و زۆر ڕۆژانە لە بڵاوکراوەکانی مۆد و جوانکاریی بازرگانییدا بڵاودەکرێنەوە و مێشکی ئافرەتانی پێدەئاخنن ، هێلین دەڵێت:

**- (ڕازاندنەوەی خۆتان ، واتە چۆن ڕوخسارێکتان هەیە و چۆنی دەڕازێننەوە ، زۆر گرنگە. ئەوە دەتوانێت ژمارەیەکی زیادتری پیاوان بەرەو ئێوە ڕابکێشێت ، دیارە نەک هەموویان[5].)** هێلین ئەوەی لە تەمەنی 19 ساڵییدا دۆزیوەتەوە ، دیارە نەک جوانکاریی سێکس بۆ ئاراستەکردنی لەزەت. بۆ ئەوەی کە بە ڕادەیەکی زۆر هێز بە ئافرەتان ببەخشێت. لە جێیەکی تردا دەڵێت: **(لە تەمەنی 19 ساڵیمدا دەستم بەو دۆزینەوە پێویستە گەیشت کە دلڕفێنیی ئافرەت - بە جۆرێک پێویستە- و هێز بە ئافرەت دەبەخشێت لە بەرامبەر پیاواندا[6].)** دیارە لە ڕوانگەی هێلینەوە پێویست بوون بە واتەی جوان بوون نیە ، بەڵکوو هەوڵێکە بۆ دلڕفاندن و ڕاکێشانی پیاوان. دیاردەیەک کە بە تەنیا تایبەتمەندیی ئافرەتانی جوان نیە، بەڵکوو هەر ئافرەتێک بە مەشق و ڕاهێنان دەتوانێت بەسەریدا زاڵ ببێت و ئێستاش ئەو بە ئێوە دەڵێت کە سودی دڵبەریی لە کاتی کارکردندا چییە:

**- (ئافرەت نەبوونی خۆتان لە شوێنی کارەکەتاندا بە هەر واتەیەک بێت ، لەبیری بکەن[7].)** لەو بوارەوە درێژەدەدات و دەڵێت: **(پێشتر گوتمان ئافرەتانی سەرکەوتوو ، بە بەردەوامیی پارێزگاریی لە سێکسی بوونیان دەکەن. ئەوەی کە پێویستە ئێوەش لەبەرچاوی بگرن ئەوەیە کە دلڕفێن بن .. کاتێک پیاوێک ، خاوەنکار ، کڕیار ، یان هاوکارەکانت قسەت لەگەڵ دەکەن ، ئەگەر دەتوانیت بە چاوەکانت کارێک بکە کە ئەو پتر هەست بە پیاویەتی خۆی بکات و پتر لە خۆی دڵنیا بێت.)** لەو هەموو ڕاستییە خۆشحاڵ نین؟ ئەگەرنا ، بڕواننە بەشێکی تری داستانەکە:

**- (... من شاهیدی یەک دوو بابەتی لەو جۆرە بووم کە پیاوێک زۆری نەمابوو بۆ ئافرەتێکی هاوکاری خولیا بێت ، تەنانەت کارەکەی لە**

---

[5] - Gurley Brown Hellen, ”Having it all- love, success. Sex, momey” p. 234.

[6]- هەمان سەرچاوە لاپەڕە 204.

[7]- هەمان سەرچاوە لاپەڕە 50.

**دەستبدات ، بەڵام من هەرگیز پێچەوانەی ئەو بابەتەم نەبینیوە ، ڕەنگە لەبەرئەوە بێت کە ئافرەتان تا ئەم دواییانە کاری گرنگ و بەرزیان نەبوو کە کەسێک بێت و لەناویان بەرێت.)** هێلین بڕاون چەند بە ڕاستگۆییانە دۆخەکە دەگێڕێتەوە:

1- ئافرەت لەگەڵ بەشێک لە تواناکانی ، هێزێکی تریشی هەیە کە ناوی سێکس و دلڕفاندنی پیاوانە.

2- ئەگەر بیانەوێت هاوڕەگەزی خۆیان بە پلەی بەرز بگەیەنن، دەبێت لە شوێنی کارەکەیاندا بۆ دەسەڵاتی خۆیان بەسەر پیاواندا بەکاریان بهێنن. بە وتەیەکی تر بۆ سەرمایەگوزاریی پێشکەوتنەکانیان لەو کەڵکوەرگرن.

3- بۆ ئەو مەبەستە دەبێت ڕوخساری خۆی بە شێوازێکی سەرنجڕاکێش پێشانبدات و کاتی ئاخفتن لەگەڵ پیاواندا، بە چاوەکانی هەستی پیاویەتی تێیاندا بەرز بکاتەوە، بە شێوەیەک کە بۆ مامەڵە کردن هانبدرێن. هێلین خۆی بەو جۆرە جوڵاوەتەوە و سەرکەوتووە.

4- ئافرەت هەرگیز لەو کارەدا زیان نابینێت ، چونکە شتێکی گرنگی وەک کاری بەرز نیە ، کە لە دەستی بدات ، بە پێچەوانەوە ئەوە پیاوەکەیە کە ئەگەر لایەنەکەی خۆی بە دروستیی نەناسێت ، لە ڕووی نەزانییەوە بەرەو مامەڵە دەچێت و ڕیسوا دەبێت و زیان دەبینێت.

ئەوانە هەموویان لە شوێنی کارکردندا هەن. ئافرەتان هەوڵدەدەن بە ڕاکێشانی دڵی ئەو پیاوانەی کە خاوەنی پلەی بەرزن وەک: بەڕێوەبەر ، کارمەندی بەرزی ئیجرایی و بە کورتی خاوەنکارەکان ، بەڕێوەبەرانی کارگە و کۆمپانیا حکومییەکان، چ بە لایەنی دۆستایەتی بێت ، یان هاوسەرگیریی، بە هەر حاڵ بە لایەنی مامەڵەی سێکس و جوانیی ، سەر و سامان بە دۆخی ماددیی و کارەکانیان بدەن. هێلین بڕاون کارەکەی ئەوەیە کە بە ڕاشکاویی باس لە بارودۆخەکە بکات و مۆری ڕاستییان لێبدات و ئافرەتان دڵنیا بکاتەوە کە ئەو جۆرە هەڵسوکەوتە نەک شتی تر ، لە کۆمەڵگای پیاوسالارییدا دروستە ، تەنانەت نزیکترین ڕێگای

سەرکەوتنی ئافرەتانە لە ژیانی تایبەتیی و کارکردندا. لەو ڕوانگەیەوە ئامازە بۆ یەکێک لەو ئاکام وەرگرتنانەی دەکات و دەڵێت:

**- (یەکێک لە کارە هەرە سەرەکییەکان لەدوای کۆتایی کاری ڕۆژانە ، یان لە کاتی کارکردندا ، ڕوخسار و هەستتانە. ناکرێت مرۆڤ بیر لەوە بکاتەوە کە ئافرەتێک کە بە شوێن "خاوەنی هەموو شتێک بووندا" دەگەڕێت ، قەڵەو و گۆشتن بێت ، بۆیە دەمەوێت ڕێسا و شێوازی کەمخواردنی خۆمتان بۆ ڕون بکەمەوە[8].)**

ئەوەیە ڕاسپاردەی هێلین گۆرڵی براون ، نوسەری کتێبی "خاوەنی هەموو شتێک بوون" بە ئافرەتان بۆ سەرکەوتن لە کارەکانیاندا. دەزانن براون کێیە؟ بۆ ماوەی17 ساڵی ڕەبەق سەرنوسەری گۆڤاری کۆسمۆپۆلیتەین بووە ، گۆڤارێک کە لە ئەمریکا بە ملیۆن دانەی لێ بڵاودەکرێتەوە و لە 17 وڵاتی جیهانیشدا بە زمانی جیاواز چاپ و بڵاودەبێتەوە. ئایا ئێستاش بیر لەوە دەکەنەوە کە ئەو ڕێکلامە بازرگانییانەی کە لە بڵاوکراوەکانی تردا بەرچاودەکەون ، جیاوازییان لەگەڵ بیروبۆچوونی بەڕێوەبەرانی گۆڤاری کۆسمۆپۆلیتەین هەیە و پەیوەندییان بە خواستی ئەوانەوە نیە؟

---

8- هەمان سەرچاوە لاپەڕە 96.

# فەسڵی پێنجەم: کێ کەسایەتی ئافرەت لە دیاردەی سێکسدا کۆدەکاتەوە؟

## بڵاوکراوە گشتییەکان

گرفتەکە لەوێوە دەستپێدەکات کە ئافرەت لە سەردەمی منداڵییەوە بە شێوازی جۆراوجۆر لە پەروەردەکردنی خێزانەوە بگرە - کە خۆشیان قوربانیی ئەو پەروەردە کردنەن لە کۆمەڵگادا- تا دەگاتە دەزگاکانی بەهێزی بینین وەک: تەلەفزیۆن و سینەما و بڵاوکراوەکان کە هەموویان بە شەو و ڕۆژ فێریان دەکەن و گەشە بەو بۆچوونە دەدەن کە ئەگەر سێکس تەنیا چەمکێک نەبێت بۆ ڕاکێشانی پیاوان و سەرخستنیان لە ژیانی شارستانیی و کۆمەڵایەتیدا ، بێگومان چەمکێکی هەرە کاریگەرە.

من بڵاوکراوەکانیشم خستە ڕیزی دەزگای بینینەوە ، چونکە لەم سەردەمەدا کە سەردەمی وێنەیە، زۆربەی بڵاوکراوەکانی مۆد و جوانیی، زیادتر لە وێنە پێکدێن تا وتار و نوسین. گۆڤارە هەرە پڕفرۆشەکانی ئەو بەشەش بە لاساییکردنەوە لە بڵاوکراوە گشتییەکان ، پەیامەکانیان بە وێنە پێشاندەدەن ، بەتایبەتی ڕاگەیانراوە بازرگانیەکان کە ڕێکلامەکانیان بە وێنە بۆ خوێنەرانیان دەگوازنەوە. لەم بارەیەوە بنوارە گۆڤارەکانی خۆباشکردن- Self- Improvement کە بە وێنەی سێکسیی و کەرەستەی جوانکاریی و ئارایشت تەنراون و بزانن چۆن پەیامە نهێنیەکانیان بە وێنە و بەتایبەتیی وێنەی ڕێکلام دەخەنە بەر دیدی خوێنەرانیان.

## تەلەڤزیۆن و سینەما

پیاوانی دەوڵەمەند و خاوەن پارە و بەدەسەڵات ، بە بەردەوامیی میوانداریی ئافرەتانی جوان و سێکسیی دەکەن و پارەیان بۆ خەرج دەکەن. دەیانبەن بۆ ڕەستورانە خۆش و ڕازاوەکان و گەشتی خەیاڵیی و چاودێرییان دەکەن و دیاریی بەنرخیان بۆ دەکڕن ، ئەوانیش وەک هاوبەشیکی بێ ویستی سێکسیی ، ڕۆڵی هاوسەر ، دۆست و ئەویندار یان بۆ دەبینن.

ئافرەتان بە هۆی جوانیی فیزیکیی و توانای سێکسییەوە ، لە پێشبڕکێ لەگەڵ یەکتردا ، ڕێگای سەرکەوتنی خۆیان لە ڕاکێشانی سەرنجی پیاواندا دەبیننەوە و پیاوانیش بۆ ڕاکێشانی ئافرەتان بەرەو خۆیان ، دۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی خۆیان دەکەنە کەرەستەی ڕاکێشانیان. لەم بارەیەوە بڕواننە ڕاپۆرتێکی گۆڤاری "کریستیان ساینس مۆنیتۆر" (1) .

## نمونە کاریگەرەکان لە بڵاوکراوە گشتییەکاندا

### کچان سورن لەسەر پەیوەندییەکانیان و کوڕانیش کارەکانیان

لێکۆڵەران بە بەردەوامیی دەڵێن، بڵاوکراوەکان بەگشتیی گرنگیی دەدەن بە جوانیی و ئەویندار یی کچان. دنیایەکی سنوردار دەخەنە بەردەم بینەرانیان کە تیاندا جوانیی بۆ ئافرەتان و سەرکەوتنیان لە پەیوەندیی لەگەڵ پیاواندا بە گرنگ دەزانن و بۆ پیاوانیش کار و پێشینەی کارکردنیان بە گرنگ هەڵدەسەنگێنن. گروپێکی لایەنگریی منالان بە ناوی "منالانی ئەمڕۆ" و بنەمای بنەماڵەی "کایزێر" Kaiser ، ڕۆژی چوارشەممە ڕاپۆرتێکیان بڵاوکردەوە، سەبارەت بە پرۆگرامە

1 - Merlyn Gardner. Role Models in Media, Girls Go on Datea, Boys Go to Work, Christian Science Monitor, May 2, 1997 , p. 12.

تەلەفزیۆنیەکان، فیلمە سینەماییەکان و ڕاگەیانراوە بازرگانیەکان ، گۆڤاری منالآن و ڕێکلامەکانیان و ڕایانگەیاند:

**- (لە تەلەفزیۆن و سینەما و ڕاگەیانراوە بازرگانییەکاندا زۆر جار دەبینین کە پیاوەکان بە مرۆڤی خاوەنکار و کارکەر دەناسێنرێن ، لە کاتێکدا دەڵێن ئافرەتان بە زۆریی گرنگیی بە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ پیاواندا دەدەن.)**

ئەوە وتەی "لویس سالیسبۆرگ" سەرۆکی گروپی منالآنی ئەمڕۆیە! دەڵێت لە هەموو بڵاکراوە گشتییەکاندا پیاوان لە بەرگی کارکردندا پێشاندەدرێن و ئافرەتان بە ڕێژەیەکی زۆر بە بەرگی ژێرەوە و نیوەڕوت Lingerie یان بە بەرگی خەوتنەوە دەخرێنە بەرچاو. ئەوەی خوارەوە ئەنجامی بەشێک لەو لێکۆڵینەوەیەیە:

1- لە فیلمە تەلەفزیۆنییەکاندا، 41% ی پیاوان لە کارکردندا دەبینرێن و ئافرەتان 15%.

2- لە فیلمە سینەمایی و تەلەفزیۆنییەکاندا پیاوان پتر لە ئافرەتان دەربارەی کارەکانیان دەدوێن و بە پێچەوانەشەوە ، ئافرەتان لە فیلمە سینەمایی و تەلەفزیۆنییەکاندا ئاماژە بۆ پەیوەندییە خەیاڵییەکانیان دەکەن.

3- پتر لە سێ یەکی وتارەکانی گۆڤاری مێرمنالآن دەربارەی کچان دەگوترێت: تەنیا 12%ی کچان خەریکی خوێندن و پێشینەی کارکردنن و ئەوانی تر خەریکی دروستکردنی پەیوەندیین لەگەڵ کوڕاندا. هەروەها لەو گۆڤارانەدا پتر وتار لەسەر پیاوە ناسراوەکان دەنوسرێت ، وەک لەوەی لەسەر ئافرەتانی ناسراو. "سالیسبۆرگ" دەڵێت:

**- (ئەگەر ئەو وتارانە وەک وتارەکانی تر لە ڕاگەیانراوە گشتییەکاندا بڵاوبکرانایەوە ، کاریگەریی زۆریان نەدەبوو ، بەڵام بەو پەیامانەیان کچانی ئەمریکاییان گەماڕۆداوە.)**

لە پرۆگرامی ڕۆژانەی تەلەفزیۆنەکاندا پرۆگرامی "کاتی سەرەکیی" Prime time بڵاودەکرێتەوە کە پرۆگرامێکی هەرە زۆربینەرە. لەو

پرۆگرامەدا ئافرەتانی خاوەن کەسایەتی و ناسراو، دە ئەوەندەی پیاوانی خاوەن کەسایەتی و ناسراو ، جلوبەرگی زەوقهێنەری سێکسیی لەبەردەکەن[2].

ئەوە دۆخی ئەو پرۆگرامانەیە کە بە پارەن ، واتە ئەو پرۆگرامانەی کە بە پارە بڵاودەکرێنەوە. ئەو پرۆگرامانەی کە بۆ بینینیان سنوری تەمەن دانراوە R- Rated, pay- programs ، ئافرەتان بە ڕێژەی 54% لەو پرۆگرامانەدا بەرگی زەوقهێنەر و نیوەڕوتیان لەبەردایە و پیاوان تەنیا بە ڕێژەی 10% بەرگی زەوقهێنەر دەپۆشن[3]، بەڵام لە پرۆگرامە هەواڵییەکاندا کە ئەوانیش بینەری زۆریان هەیە ، بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەکی تر ، دۆخی بێژەرانی ئافرەت بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

| جۆری کار | ئافرەت | پیاو |
|---|---|---|
| بێژەری هەواڵ | %23 | %77 |
| هەواڵنێر | %21 | %79 |
| پسپۆری تێکنیککار | %9 | %91 |
| ئەوانەی لە شەقامەکاندا وتووێژیان لەگەڵدا دەکرێت | | |
| | %30 | %70 |
| بێژەری کەش و هەوا | %5 | %95 |
| بێژەری وەرزش | %04 | %99.6 |

پێشاندانی ئەو جۆرە جیاوازییە ڕەگەزیی و سێکسییەی ئافرەتان بە تەنیا بۆ پرۆگرامەکانی تەلەڤزیۆنە ئاساییەکانی ئەمریکا ناگەڕێتەوە ، بەڵکوو لە بەرنامەی کەمایەتییە نەتەوەییەکانی ناو ئەو وڵاتەشدا و تەلەڤزیۆنەکانی وڵاتانی تریشدا بەگوێرەی گەشەکردنەکانی سەرمایەداریی و بەتایبەتیی ئەوانەی بە شێوازی ئەمریکایی گەشەیان کردووە ، بە شێوەیەکی ڕونتر دەکەوێتە بەر دیدی بینەران.

2 - Media Report to Women, Nov- Des, 1987.

3 - Media Report to Women, March- Aprill, 1986

بنوارە ڕێکلامی کۆنسێرتی "ئالابینا" و "ئاندی" لە تەلەڤزیۆنی "جام جم"ی ئێرانییدا کە لە لۆس ئەینجلس بڵاودەکرێتەوە. بزانە لەگەڵ ڕەگەزی جیاوازیی دوو گۆرانیبێژدا کە یەکەمیان ئافرەتە و ئەوی تریان پیاوە ، چۆن هەڵسوکەوت دەکرێت. لەو ڕێکلامەدا هەوڵدراوە کە جیاوازیی ڕەگەزیی ئەو دوو گۆرانیبێژە ، تەنانەت لە شێوەی دەربڕینی دەنگی بێژەر و مۆسیقاکەشدا جیاوازیی هەبێت و لە خوێندنەوەی ڕێکلامەکەدا دەگوترێت:

**کۆنسێرتی شکۆداری ئەندی و ئالابینا بە بۆنەی ڕۆژی خۆشەویستیی "ڤالێنتاین" لە "هۆلیوود پلادیۆم"**

| **ئالابینا** | **ئەندی** |
|---|---|
| سێکسیی | بەوزە |
| ئەوین | بەهێز |
| زەوقبزوێن | گەرم |

بەو پێیە ئالابینا کە گۆرانیبێژێکی ئافرەتە ، هێمای سێکس ، ئەوین و زەوقبزوێنە و ئەندی کە گۆرانیبێژێکی پیاوە ، بنەمای هێز و وزە و گەرمییە!

چۆن بیر لەوە دەکەنەوە ، ئایا گەورەکچان کە بە بەردەوامیی ئەو ڕێکلامە دەبینن ، بەگوێرەی ڕەگەزەکەیان ، خۆیان لە خانەی کام لەو دوو لایەنانەدا دادەنێن؟ بێگومان هیچ کوڕێک کە گوێ لەو ڕێکلامە دەگرێت ، هەوڵنادات بچێتە قاڵبی ئالابیناوە و وەک ئەو سێکسیی و زەوقبزوێن بێت و هیچ کچێکیش تێناکۆشێت وەک ئەندی بەهێز و پڕ لە وزە بێت.

ئێستا بڕواننە شێوەی مەکسیکیی ئەو ڕێکلامانە. لە پرۆگرامێکی زۆربینەری "ڕیتمی شەو" El Ritmo de la Noche دا کە لە مەکسیک و لە کەناڵە سپانیی زمانەکانی لۆس ئەینجلس و بە 35 زمان بڵاودەکرێتەوە ، "کاندیدا پێریز" Candida Perez کە پرۆگرامەکە پێشکەشدەکات ، ئەگەر میوانداریی گۆرانیبێژێکی جوانی ئافرەت بۆ

پرۆگرامەکەی بکات ، دوای ناساندن و چاک و چۆنییەکانی ، داوای لێدەکات چەند جارێک بە دەوری خۆیدا بسورێتەوە و هەموو شوێنە زەقەکانی جەستەی جوان و سێکسیی خۆی بخاتە بەر دیدی بینەران و دواتر مەترپێویێک لە گیرفانی خۆی دەردێنێت و سمت و کەمەر و سنگ و مەمکەکانی دەپێوێت و بۆ بینەرانی کەمزان و نائاگا شییان دەکاتەوە و ئەوانیش بە جۆش دێن و چەپڵەی بۆ لێدەدەن! ئایا "پێریز" هەر بەو شێوەیەش لەگەڵ پیاواندا دەجوڵێتەوە؟ زۆر بە کەمیی و ڕەنگە یەک لە دەی ئافرەتان. چونکە ئەو ئافرەتانەی کە ئەو بانگیان دەکات ، زۆربەیان بۆ پێشاندانی هونەر و جەستەی سێکسییان بەشداریی ئەو پرۆگرامە دەکەن ، لە کاتێکدا میوانە پیاوەکانی پتر بۆ هونەر بانگدەکرێن. دیارە نابێت ئێمە هەموو تاوانەکان بخەینە سەر شانی بەڕێز "پێریز". ئەو لاسایی دیاردەیەک دەکاتەوە کە لەناو کۆمەڵگادا هەیە. تاوانی پێریز ئەوەیە کە ئەو بە چەشنی مەیمون و بەگوێرەی بەرژەوەندەکانی لاسایی دەرەوە دەکاتەوە ، نەک بۆ ڕێزگرتن لە مرۆڤ و مرۆڤایەتی. لە لایەکی ترەوە ، دۆخەکە لە بڵاوکراوە گشتییە بەهێزەکانی تریشدا لە فیلمە سینەماییەکان باشتر نیە.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەکی تر کە سەبارەت بەو فیلمە سینەمایی و تەلەڤزیۆنییانە کراوە کە بینینیان بۆ کەسانی ژێر 17 ساڵ X- Rated movies یاساخە ، 58% ی کەسایەتییەکانی ناو ئەو فیلمانە ئافرەتانی نوسینگە ، زانکۆ ، یان ئافرەتی ماڵەوەن و 62% ی پیاوی خاوەن کەسایەتی ، پسپۆڕ و خاوەنکار و کاردارن(4). بەو شێوەیە دەبینین تەلەڤزیۆن و سینەما ئەو دوو دەزگا ڕاگەیاندنە بەهێزانەی ئەم سەردەمە ، چۆن بە فرەوانیی جیاوازیی دەخەنە نێوان ڕەگەزی ئافرەت و پیاوەوە و ئافرەت دەکەن بە بابەتی سێکس و جوانیی و پیاوان دەکەن

4 - Psychology of Women Quarterly. Sept. 1988

بە خاوەن پارە و دەسەڵات و ڕۆژانە بە دووپات و چەند پاتکردنەوەی ئەو دیاردەیە مێشکی بینەرانیان دەشۆنەوە.

## چۆن بڵاوکراوەکان شێوەی کەسایەتی ئافرەت و پیاو دروستدەکەن؟گۆڤاری گەورەکچ "نەوجەوان"

گەورەکچ بە زاراوەی هەورامی "کناچی" بە گروپێکی تەمەن 13- 19 ساڵ دەڵێن. تەمەنێک کە بەتایبەتیی لە ساڵانی سەرەتاییدا پێکهاتەی کەسایەتییان دەنەخشێنێت. تەمەنێک کە مێشک بە تەواویی پێنەگەیشتووە و بە ئاسانیی شت وەردەگرێت و بەشی زۆری کەسایەتی دواڕۆژی مرۆڤ لەو تەمەنەوە شێوازی دروستدەبێت.

ڕێ بدەن چاوێک بەو گۆڤارانەدا بخشێنین کە بۆ ئەو گروپە کچە بڵاودەکرێتەوە ، تا بزانین چۆن لە کارەکەیاندا شێوازی کەسایەتی گەورەکچان دیارییدەکەن. بەو مەبەستە سەرەتا سەیری گۆڤاری گەورەکچانی نێوان 12- 19 ساڵە دەکەین و بۆ نمونە گۆڤاری گەورەکچ "تیین" Teen [5] هەڵدەبژێرین. بڵاوکەرەوەکانی گۆڤاری تیین لە پێشەکیی گۆڤارەکەیاندا دەڵێن:

- گۆڤاری تیین بۆ گەورەکچانی تەمەن نێوان 12-19 ساڵ بڵاودەکرێتەوە. ئامانجی ئەم گۆڤارە ئەوەیە کە ڕۆڵی تەندروستی هەبێت سەبارەت بە گەورەکچانی ئەمریکایی و داهاتوویان[6].

با چاوێک بە پێڕستی نوسراوەکانی ئەو گۆڤارەدا بگێڕین کە بڕیارە ڕۆڵی تەندروستییانەی بۆ داهاتووی لاوانی ئەمریکایی هەبێت. نوسراوەکانی بریتین لە:

لاپەڕەی 1 و 2: وێنەی کچێکی سێکسیی کە ڕێکلام بۆ کەرەستەی جوانکاریی و ئارایشت دەکات.

لاپەڕەی 3: ڕێکلام "پدیکۆر" بۆ ڕەنگکردنی نینۆکی پێ.

---

[5] - Teen Magazine, May 1998.

[6] - SRDS. Consumer Magazine Advertising source, Oct, 1998, Vol.80, no, 10.

لاپەڕەی 4: پێڕستی نوسراوەکان.
لاپەڕەی 5: ڕێکلام سەبارەت بە کەرەستەی جوانکاریی و تەندروستیی پێست.
لاپەڕەی 6: ڕێکلام سەبارەت بە نینۆک و جوانکاریی نینۆک.
لاپەڕەی 7: ڕێکلام سەبارەت بە عەتری دژی بۆنی بن باڵ و وێنەی ئافرەتێکی جوان لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی چاو ، لێو ، پێست ، کراس و وێنەیەکی سێکسیی لەسەر بەرگەکەی.
لاپەڕەی 8: دەربارەی (کچێتی) کچان و ناپەسەند بوونی. کاتی کڕینی جلوبەرگ ، تاقییکەنەوە. ئەگەر لاواز و لەڕ بوو؟
لاپەڕەی 9: نامە گەیشتووەکان لەگەڵ ڕێکلامی PlayteX.
لاپەڕەی 10: "شێوەتان" ، وتارێک دەربارەی ئارایشت و جوانیی ئافرەتان.
لاپەڕەی 11: ڕێکلامی دەرمانی موولابردنی قاچی ئافرەتان و گرنگیی جوانیی قاچیان.
لاپەڕەی 12 و 13: ئامۆژگاریی و ڕێکلام سەبارەت بە ڕەنگکردنی قژ و جوانییەکەی.
لاپەڕەی 14 و 15: دیسان سەبارەت بە کەرەستەی ئارایشت و لابردنی مووی قاچ.
لاپەڕەی 16: جلوبەرگی ئافرەتان ، نەخشەی کەناری دەریایەک لە دوڕگەیەکدا.
چوار لاپەڕە بە دوای یەکتردا میوانداریی "ئاهەنگی پشوو" Slumber Party.
لاپەڕەی 17: سەبارەت بە مۆدەی جلوبەرگ ، شۆرت ، بەرگی ژێرەوەی ئافرەتان و جوانیی و خۆخستنەبەر هەتاو.
هەموو لاپەڕەکانی تریش هەر بەو جۆرەن لەگەڵ چەند وتارێکی وەک: "دۆستانم دەڵێن تۆ جوانیت ، بەڵام من خۆم هەر نارازییم" ، "دەستم زۆر ئارەق دەکات ، چی بکەم؟" ، "دروستکردنی پەیوەندیی

لەگەڵ کوڕان" ، "پزیشکی ئەوین" ، "دەربارەی ئەویندارییی لە ناکاو ، لە یەکەم بینینەوە" ، "دەربارەی ئەستێرە سەرکەوتووەکانی جوانیی" ، "خەفەت و دۆخی سێکسیی ، "هاوینی ئەم ساڵ شان و باڵتان دەربخەن" و دەیان ڕێکلام سەبارەت بە مۆدێلەکان و کەمکردنی کێشی لەش و شتی لەو بابەتانە، ناوەڕۆکی گۆڤارێکە کە بەگوێرەی خشتەی کتێبی "گۆڤار بۆ کتێبخانەکان"، هەوڵدەدات یارمەتی گەورەکچانێک بدات کە تەمەنیان لە سەرووی **10-12** ساڵییەوەیە[7]. گۆڤارێک کە بە وتەی بەڕێوەبەرانی ، گرنگیی دەدات بە "خۆپارێزیی" **Grooming** ، پێگەیاندن و گەشەپێدانە فیزیکییەکان ، دەرونیی و کۆمەڵایەتی گەورەکچان[8].

بەڵێ... لە ڕاستییدا بە هەندێک وردبوونەوە لە سەردێڕی نوسراوەکانی ئەو گۆڤارە ، ئیتر شتێکی ناڕون نامێنێتەوە کە لە مەبەستی بڵاوکەرەوەکانی بگەین سەبارەت بە یارمەتیدانی گەورەکچان لە تەمەنێکی هەستیاردا کە کەسایەتییان لە دروستبوون دایە.

پێکهاتەی دوارۆژی کەسایەتی گەورەکچان، دەکرێت لە نوسینەکانی ئەو گۆڤارەدا ببینین. بەگشتیی نوسینەکانی پەیوەستن بە ڕواڵەتی فیزیکیی کچانەوە. دیاردەیەکی فریودەر کە بە ناوی دڵسۆزیی و یارمەتیدان لە گەشەکردنی فیزیکیی کچاندا ، لە بوارەکانی کەمکردنەوەی کێشدا بۆ بە سێکسیی کردنی جەستە و جوانکاریی لە ڕێی کەڵکوەرگرتنەوە لە کەرەستەی تاشینی مووی قاچ و ڕەنگی "بۆیە" نینۆکی پەنجەکانەوە. چۆن قژیان ڕەنگ بکەن بۆ ڕاکێشانی کوڕان ، بە چ شێوەیەک شان و باڵیان دەربخەن و چ جلوبەرگێک لەبەربکەن کە پتر سێکسیی بنوێنن. بە یەک وشەدا ، چۆن بە ڕازاندنەوە و پێشاندانی

---

[7] - Bill Katz, Linda Sternberg Katz, R.R. Bowder,s, Magazines for Libraries, 9th endition, 1997.

[8] - SRDS, Consumer Magazine Advertising source, oct 1988, Vol. 80. no.10.

کاڵای سێکسیی ، کوڕان بۆ لای خۆیان ڕابکێشن! ئەگەر وتار و نوسراوەکانی ئەو گۆڤارە لەو چوارچێوەیە دەربچن ، جگە لە ئامادەکردنی دەرونیی گەورەکچان بۆ وەرگرتنی ڕۆڵێک کە لە بابەتی سێکسەوە بۆیان دیارییکراوە و پێگەی کۆمەڵایەتی ، شتێکی تری تێدا نیە و ئەوە هەمان ڕۆڵە کە سەرنوسەری گۆڤارەکە دەیەوێت سەبارەت بە داهاتووی گەورەکچانی ئەمریکا بیبینێت ، واتە بیانکات بە بابەتی سێکس و دەستەمۆی پیاوان.

دیارە ئەگەر گەورەکچان هەموو بیرکردنەوەیەکیان هەر لەسەر جوانیی و سێکسیی کردنی خۆیان بێت و بە کردەوەی ڕۆژانە خەریکی ئەو کارە بن ، ئیتر جگە لە سێکسیی بوونیان شتێکی تر نابینن و پتریش لەوە ، شتێکی تریان بۆ ناسنامەی خۆیان ناوێت. ئەگەر بەڕێوەبەرانی گۆڤاری گەورەکچان دژی ئەو ئەنجامە بن! وتارێک پێشانبدەن کە لە ڕوانگەی ڕەوشتییەوە کچان پەروەردە بکات ، با خوێنەر پێچەوانەکەی بۆ دەربکەوێت. نەک هەر ئەو ژمارەیە ، بەڵکوو هەموو ژمارەکانی ئەو گۆڤارە و بڵاوکراوەکانی تریش هەر بەو جۆرەن. ئەو گۆڤارە و گۆڤارەکانی تر پڕن لەو بابەتانە و گەورەکچان بە بەردەوامیی دەیانخوێننەوە و گوێ لە ئامۆژگارییەکانیان دەگرن ، وا تێدەگەن کە لە دنیای ئەمڕۆدا جگە لە جوانیی و سێکس، شتێکی تر نیە. دنیایەک کە تەنیا جوانیی و سێکسیی بوونی جەستە و نەرم بوونی پێست و قژی جوان لە یەک وشەدا و جوان و دڵڕفێنیی گرنگە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خەڵک. بەو جۆرە کە دووپاتکردنەوەی بەردەوامی ئەو نوسراوانە لە مێشکی گەورەکچاندا کە هیچ شتێکی دڵخۆشکەریان لە بەرامبەردا نیە ، بەرەبەرە بۆیان دەبێتە ناسنامە و دەیانگەیەنێتە ئاسۆیەک کە جگە لە سێکس و جوانیی ، شتێکی تر نابینن!

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکانی "کارۆڵ جیلیگان" Carol Gilligan دەروناسی زانکۆی "هارڤارد" ، تەمەنی کچان لە سەردەمی باڵغ

بووندا، تەمەنێکی ئاڵۆزە. لەنێوان 11-16 ساڵییدا توشی گومان دەبن و ڕاستییەکانی ژیانیان لە دەست دەدەن.

بە ڕای "ماری پایفەر" Mary Pipher دەروونناسی ئەمریکایی ، لەو تەمەنەدا بێباوەڕیی ڕوو لە کچان دەکات. ماری و دەروونناسەکانی تر ، دەڵێن جەستەی کچان لەو تەمەنەدا دەکەوێتە ناوەندی قەیرانەکەوە ، بە جۆرێک کە "لە تەمەنی 13 ساڵییدا 53%ی کچانی ئەمریکا و لە تەمەنی 17 ساڵیدا 78%یان جەستەیان لە ئازاردا دەبێت[9].

لێکۆڵینەوەیەکی تر باسی بیرەوەریی ئافرەتان دەکات. "جۆنا جاکوب برەمبێرگ" Jona Jacob Brumberg دەڵێت ئافرەتان لەم سەردەمەدا بەرلە هەر شتێک ، جەستەی خۆیان لە جوانییدا دەبیننەوە. لە بیرەوەریی گەورەکچانی ئەمڕۆدا دەگوترێت جەستە دیاردەیەکە کە پتر لە هەر شتێکی تر بیری کچان بەرەو لای خۆی ڕادەکێشێت ، بەتایبەتیی دوای پەیوەندیی ئەویندارییی لەگەڵ کوڕاندا. لەو تەمەنەدایە کە ڕستەی "من لە خۆم ناڕازییم" و "من زۆر قەڵەوم" ، پتر لە هەر شتێکی تر ڕەچاودەکەن[10].

لە قەیرانی سەردەمی باڵغ بووندا، پێویست ناکات گەورەکچان سەبارەت بە جوانیی خۆیان توشی گومان ببن ، گومانکردنێکی لەو جۆرە لە کۆمەڵگایەکدا سەرهەڵدەدات کە زۆر پێداگرتن لەسەر جوانیی ئافرەت دەکرێت و هێمای سێکسیی بوونی گەورەکچان بابەتی پروپاگەندەی بەردەوام و ڕۆژانەیە. کۆمەڵگایەک کە ڕاگەیانراوە گشتییەکان و گۆڤارەکان بە شەو و بە ڕۆژ وێنەی ئەستێرە سینەماییەکان لە یەک وشەدا پێشاندەدەن کە لە بواری جوانیی جەستە و ڕوخسارەوە ، زۆر جوان و ڕێکوپێکن. ئەوانە دەهێننە بەر چاوی گەورەکچان و وەک بلیمەت پێشانیان دەدەن کە تۆوی لاساییکردنەوە لە

[9] - Hillary Carlip, Girl PPower, Young Women Speak Out, NY, 1995.p.53.
[10]- - Joan Jacobs Brumberg, the Body project.

دەرونیاندا بچێنن ، بۆ ئەوەی کە وەک ئەوانیان لێبێت و لێیاندەکەن بە ئاوات و ویست و نیازێکی هەمیشەیی.

دەڵێین بەگوێرەی ویست و نیازێکی هەمیشەیی ، چونکە شانۆکانی پێداهەڵدان و گەورەکردنەوەی مۆدێل و ئەستێرەکانی جوانیی ، لە دەقی فیلمە سینەماییەکان ، تەلەڤزیۆنییەکان و وێنەکان و داستانە خۆشەکانی ناو گۆڤارەکاندا ، بەبێ وەستان دەخرێتە بەر دیدیان و وەک بڵێیت جوانیی تەنیا نهێنیەکی بوون و مافی ژیان و هەست و خۆشبەختیی بێت. بەتایبەتیی ڕاگەیانراوەکانی مۆد و جوانیی کە لە ڕیزی گۆڤارە هەرە پرفرۆشەکاندان و پڕن لە چاوپێکەوتن و وتووێژ لەگەڵ ئەستێرە جوانەکاندا ، مۆدێلەکان و ئافرەتانی جوان کە باسی ڕاز و نهێنیەکانی جوانیی خۆیان بۆ خوێنەران دەکەن، پێیاندەڵێن بە چ شێوەیەک وەک ئەوان خوشبەخت ببن.

لەو هەلومەرجەدا کە گەورەکچان شتێک جگە لەو مۆدێل و قارەمانانە! لە بەرامبەر خۆیاندا نابینن ، ڕێگایەکی تریان بۆ نامێنێتەوە ، جگە لەوەی کە بە بەردەوامیی خۆیان لەگەڵ ئەواندا هەڵبسەنگێنن و هەوڵی جێبەجێکردنی پێویستییە فیزیکییەکانی خۆیان بدەن و کاتێک بە کۆکردنەوەی ئەزمونی ژیان ، پتر ئافرەتانی جوان دەبینن ، لەسەر دۆخی فیزیکیی خۆیان پتر دووچاری گومان دەبن. لە ئەنجامدا بە هۆی ناڕازیبوونیان لە جوانیی خۆیان ، توشی دڵەڕاوکێ و قەیران دەبن و لە ئەنجامدا بۆ جوان پێشاندانی خۆیان، هەوڵدەدەن کە بە سێکسیی و جوان بکەونە بەرچاوی خەڵک. لێرەدا هەموو پەروەردەکردنەکانی مۆد و جوانیی کە چەند نمونەیەکیمان لە گۆڤاری گەورەکچ دا بینی، دەبنە دیاردەیەکی جیدیی و نیازێکی گومانهەڵنەگری گەورەکچان.

تیراژی میلیۆنیی ئەو گۆڤارانە شاهیدی ئەو ڕاستییەن کە چۆن ئەو گۆڤارانە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو نیازە پڕوپوچانە هەڵدەسوڕێن و لەنێوان ئافرەتاندا زەقیان دەکەنەوە. لەبەرئەوە بەڕێوەبەرانی گۆڤاری

گەورەکچ و بڵاکراوەکانی تر کە بۆ کچان بڵاودەکرێنەوە ، کار لەسەر جەستە دەکەن. بۆ نمونە لە گۆڤاری ئەمریکایی "17 ساڵە"دا کە هاوسەنگی گۆڤاری گەورەکچە ، لە ژمارەی مانگی جولای 1995دا وتارێکی بڵاوکردووەتەوە بە ناوی "ئایا لە جەستەی خۆتان بێزارن؟". هەرچەندە لەو وتارەدا نوسەر کۆمەڵێک ڕێگا بۆ پێشگیرییکردن لە بەرزبوونەوەی ئەو بێزارییە پێشنیاز دەکات ، بەڵام سەرئەنجام دەڵێت لە دنیایەکدا کە "جەستەتان زۆر زۆر گرنگە" و بیرکردنەوە لەو ڕێگایانە کارێکی لە ڕادە بەدەر دژوارە[11].

لەو ژمارەیەی گۆڤاری گەورەکچ دا کە پێشتر ئاماژەم بۆ کرد ، وتاری "دۆستانم دەڵێن تۆ جوانی ، بەڵام من خۆم هەر ناڕازییم" ، نمونەیەکی تری ئەو کۆمەڵە وتارانەیە کە ئەو گۆڤارە بڵاویان دەکاتەوە. کۆمەڵە وتارێک کە بە تەواویی لە تەمەنێکدا کچان توشی قەیرانی ناسنامەیی و لاوازیی لە بە ئەنجامگەیاندنی ڕۆڵ و نەخشیان ، بە شەو و بە ڕۆژ بەسەریاندا دەبارن و دڵنیایی دەکەنەوە لە گرنگیی جەستە و سیمای جوان و قەیرانی ناسنامەیی و قەیرانی "لە خۆ ناڕازیی".

بۆیە ئەوە کچان نین کە توشی قەیرانی "لە خۆ ناڕازیی" دەبن ، بەڵکوو کۆمەڵگایە بۆ گەرم ڕاگرتنی بازاڕ و بازرگانیی کردن ، قەیرانێکی لەو جۆرە لەناو گەورەکچاندا دروستدەکەن. من باسی کۆمەڵگا دەکەم، چونکە بڵاوکراوەکان لە پلەی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیدا تەنیا بەشێکن لەو کۆمەڵە دەزگا زەبەلاحانەی کە بە بەردەوامیی خەریکی پروپاگەندە کردنن کە ئافرەتان سەرقاڵی جوانیی و جوانکاریی خۆیان بکەن. ئەگەر ڕەوشت و نەریتی پیاوسالاریی باو ، پەروەردە کردنەکانی خێزان کە خۆشیان بەشێکی قوربانیەکانن ، سیستمی پەروەردە و پروپاگەندەی لەو جۆرە ، بخەینە سەر دیاردەکانی تر ، ئەو کاتە لە بەرینیی ئەو کۆمەڵە دیاردانە دەگەین کە کچان بەرەو

[11] - Hillary Carlip, Girl PPower, Young Women Speak Out, NY, 1995.p.53.

قەیران ڕادەکێشن. ئەگەر کۆمەڵگا بەو هێزەی کە بۆ گرنگیی پێدان بە جوانیی و سێکسیی بوون تێدەکۆشێت ، بۆ شتێکیتری وەک مرۆڤایەتی و هەستکردن بە بەرپرسیاریی کۆمەڵایەتی لەناو لاواندا هەوڵی بدایە ، ئەو کاتە ئێمە لە جیاتی قەیرانی لە خۆ نارازیی بوون لەناو گەورەکچاندا، شاهیدی بەرزبوونەوەی شەوق و تێکۆشانیان دەبووین بۆ بەدەستخستنی دەستکەوتە مرۆڤایەتییەکان و بەرپرسارییە کۆمەڵایەتییەکان ، بۆیە شتێکی سروشتییە کە ئەگەر گەورەکچان لەو تەمەنەدا توشی گرفتی ناسنامەیی ببن ، چونکە لەو تەمەنەدا بە دوای دۆزینەوەی کەسایەتی خۆیاندا وێڵن ، هەر بۆیە لەناو قەیراندا دەژین و چارەنوسی ئەو قەیرانانەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە چۆن ناسنامەیەک بخەینە بەرچاویان.

تیۆری "ئێوەی ڕەگەزی بیم" Bem [12] لەو بوارەدا نمونەیەکی سەرنجڕاکێش دەخاتە بەر دیدی کۆمەڵگا و دەڵێت بەگوێرەی لێکدانەوەیەک کە لە کۆمەڵگادا سەبارەت بە ڕەگەزی نێر و مێ دەخرێتە بەرچاو ، بۆ نمونە لە کارێکدا کە پیاوان ڕۆڵی ڕێبەرییکردنیان هەیە ، کچان بەگوێرەی لێکدانەوەی ڕەگەزیی ڕۆڵێکی نزمتر بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن. لە ئەنجامدا نەخشی ئافرەتانی نمونەیی Role models ، بۆ نمونە ئافرەتانی ڕۆشنبیر و زانا لە بڵاوکراوە گشتییەکانی وەک تەلەفزیۆندا لەسەر پاڵپێوەنانی کچان بەرەو زانست کاریگەریی بەرچاوی دەبێت. هەروەها بە لێکدانەوەی "کێلی" Kelly 1985 لە ئەمریکا ، بڵاوکراوە گشتییەکان ، بنەماڵە و خوێندنگە ڕۆڵیان هەیە لە پێکهێنانی "بۆچوونی پیاوانە لە زانست"دا و ئەوەش کاریگەریی زۆری هەیە لەسەر ویستی کچان لە زانستدا. لە لایەکی ترەوە لێکۆڵەرانی ئەمریکا بۆیان دەرکەوتووە کە کچان لەنێوان تەمەنی 9- 14 ساڵییدا خۆشەویستیی خۆیان بۆ زانست لە دەست دەدەن (1982)[13] و لە کاری

---

[12] - Journal of Broadcasting and Electronic Media, V.42, n 1, Winter 1998,p. 142.

[13] - Skolnick, Langbort,& Daym. Hardin & Ode, 1978, 1982.

زانستیی لە قۆناغی ئامادەییدا دەکشێنەوە Brue (1984) . هەروەها ئافرەتانی خوێندکاری زانکۆکان لە کاری پراکتیکدا لە پیاوان بەجێدەمێنن Smith (1992). لە ئەنجامدا لەنێوان کەسانێکدا کە لە سالانی 92-1993دا خەلاتی زانستیان وەرگرتووە ، تەنیا 39%یان خاوەنی بەلگەنامەی ماجیستەر و 31%یان خاوەن بەلگەنامەی دوکتۆرا بوون لە بەشەکانی کشتوکال ، بایۆلۆجی و زانستی فیزیکدا و تەنیا 15% لە کۆی ماجیستەرەکان و 10% لە دوکتۆرەکان لە بەشی ئەندازیاریی ئافرەتاندا بوون[14]. هەروەها تەنیا 8% لە ئەندازیاران و 27% لە خوێندکارانی زانستی سروشت کە لە سەرەتای سالی 1996دا لە ئەمریکا کاریان دەکرد ئافرەت بوون[15]. ئەوەیە بەشێک لە ڕۆلی بلاوکراوەکان لە دانانی پێگەی کەسایەتی ئافرەتاندا کە بیر لە بابەتی سێکس و جوانیی خۆیان بکەنەوە.

## ئایا بلاوکراوەکانی کوڕانیش کەسایەتییەکی لەو جۆرە لە کوڕان پێکدەهێنن؟

هەرگیز نا. من زۆر هەولمدا کە بلاوکراوەیەکی کوڕانی وەک گەورەکچ و "17 سالە" بدۆزمەوە ، ڕەنگە باوەڕ نەکەن، بەلام هەموو هەولەکانم بێسود بوون. هەموو شتێک لە بلاوکراوەکانی کوڕاندا هەبوو ، تەنانەت بەشێک لەو بابەتانەی کە لە بلاوکراوەکانی کچاندا هەن ، بەلام دەلێیت کوڕان تۆزقالێک پێویستیان بە مۆدە و جوانیی و ئەو شتانە نیە کە بە بەردەوامیی لە بیری کچاندا هەن. بە پێچەوانەوە ، بلاوکراوەکانی کوڕان پڕن لە ئامۆژگاریی و پەروەردەکردنی جۆراوجۆر ،

---

[14]- National Center for Education Statistics, 1995.

[15] - Department of Labor, Steike, Jocelyn, Connecting Theory & Broadcasting & Electronic Role Models in TV Programminm, Journal & Broadcasting & Electronic Media, Winter 1998, v. 42.nl, p.142.

هاندان و ڕاکێشانیان بۆ بەڕێوەبردنی ڕۆڵی داهاتوویان بۆ ڕێبەرییکردن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا. لە ڕاستییدا ئەگەر کوڕان لە تەمەنی مێرمناڵییدا گرنگیی بەو دیاردانە بدەن کە جێگای باسی کچانە ، گرنگیدانەکەیان بەو ڕادەیە نیە کە گۆڤارێکی تایبەتیی بۆ تەرخان بکرێت ، چونکە بەڕێوەبەرانی گۆڤارێکی لەو جۆرە، قازانج لە کارەکەیان نابینن و باشتر ئەوەیە کە مێرمنالآن نیازی خۆیان بە گۆڤارەکانی پیاوانی "تەمەن گەورەوە" دابین بکەن کە دواتر ئاماژەیان بۆ دەکەم.

بە هەر حاڵ بە هەر شێوەیەک بڕوانینە باسەکە ، بەو ئەنجامە سەیر و سەمەرەیە دەگەین کە کچان لەنێوان تەمەنی 14- 19 ساڵییدا گرنگیی دەدەن بە مۆد و جوانیی خۆیان و ئەو دیاردەیەش بە تەواویی جیاوازیی هەیە لەگەڵ کوڕانی مێرمناڵی هاوتەمەنیان.

دەتانەوێت بزانن مێرمنالآن گرنگیی بە چی دەدەن؟ بڕواننە ناوەڕۆکی گۆڤاری "ژیانی کوڕان" Boy's life کە 1300000 دانەی بۆ مێرمنالآن لێ چاپ و بڵاودەکرێتەوە[16]. ئەو گۆڤارە بۆ پێشڕەوان "پێشئاهەنگ" بڵاودەکرێتەوە و بە نوسینی کتێبی "گۆڤاری کتێبخانەکان" ، وتارەکانی باسی زۆر بابەتی سەرنجڕاکێش دەکەن وەک: وەرزش ، بابەتەکانی خۆ خەریککردن ، سروشت و زانست[17].
بنواڕە بابەتەکانی گۆڤاری ژیانی کوڕان:

لە دەستپێکدا وتارێک سەبارەت بە ڕاوەماسی. " لەناو وتارەکەدا بە هێڵی درشت نوسراوە: "بەرلە چوونتان بۆ ڕاوەماسی ، زانیاریی پێویست کۆ بکەنەوە." دواتر وتارێک بە وێنەوە دەربارەی "نۆڕمار گارسیا پارا" Normar Garcia Parra یاریزانی فوتبۆڵی ئەمریکایی "بەیسبۆڵ" و وتارێک بە وێنەوە لەسەر هەڵۆ Falcon، لەگەڵ وتارێک کە چۆن فێری

16 - Bill Katz, Linda Sternberg Katz, R.R. Bowder's, Magazines For Libraries, 9 th Edition. 1997, p.305.
17- For Libraries, 9 th Edition. 1997, p.305.

شاخەوانیی ببین. وتارێک سەبارەت بە خۆشگوزەرانیی، لێدە و بخۆ، تیشکی لەیزەر هەر وەک مێرمنالآن فرۆکە جەنگییەکان لە شەڕە (یارییەکاندا) لێدەخورن ، بە ناوی "چۆن ناکوژرێیت" لەگەڵ وێنەی مێرمنالێک کە خەریکی لێخوڕینی فرۆکەیەکی جەنگییە.

شوشە تەتەرەکان، دەربارەی مێژووی ناردنی پەیام بە خستنە ناو بوتڵی شوشەوە و سەرنانەوەیان و بە ئاودا دانیان. سەرئەنجام وتارێک بە وێنەوە کە باسی ئەوە دەکات "ئەگەر ون بوویت ، چۆن ڕێگاکەت ئەدۆزیتەوە". دواتر دەگەینە پێرستی بابەتەکان کە بەم جۆرەیە: وەرزش ، زانست ، دووچەرخە "بایسکل" سواریی ، سروشت ، مێژوو ، ڕاوەماسی ، کۆکردنەوە Collection ، تەندروستیی و سەرئەنجام خۆخەریککردن بە یاریی دەستیی ئوتۆمبێل ، فرۆکە ، شەمەنەفەر ، نیگارکێشان ، ماسیگرتن و دواتر لاپەڕەی پەند و باو ، بەلآم لەوانە سەرنجڕاکێشتر چیرۆکە وێنەییەکانیەتی: لە هەموو چیرۆکەکاندا کوڕ کەسایەتی قوربانییدەر ، ئازا ، مێهرەبان ، قارەمان و ڕزگارکەری چیرۆکەکانە و کچ کەسایەتی لاواز ، جێگەی بەزەیی و زۆر بەهەست و تا حەزبکەیت جوان و شیرینە. ڕۆڵی بوونەوەرێک دەبینێت کە توانای چارەسەرکردنی گرفتەکانی خۆی نیە و بۆ چارەسەرکردنیان داوای یارمەتی لە کوڕ دەکات. لە چیرۆکی یەکەمدا کچێک بەهۆی پێکدادانی ئوتۆمبێلەوە لەهۆشچووە و کوڕێک باوەشی پێداکردووە و لە مەرگ ڕزگاری دەکات. لە چیرۆکی دووەمدا کچێکی جوان داوا لە کوڕێک دەکات کە قارەمانی داستانەکەیە، خوشکەکەی لە دەست ئافرەتێکی جادووکەر ڕزگار بکات. کاتێک کە کوڕەکە پێیدەڵێت ئەوە کارێکی ئاسان نیە ، کچەکە بە ڕەخنەوە دەڵێت بەداخەوە ، لە ژیانمدا قارەمانێکی ئازا و بەجەرگم نەبووە. لەو کاتەدا کوڕەکە غیرەت دەیگرێت و دەڵێت: (لەگەڵ هاوڕێکەم ، یان خوشکەکەت ڕزگاردەکەین یان دەمرین)، کچەکەش لە وەلآمدا دەڵێت: (قارەمانە گەورە و ئازاکەم ، دەمزانی کە تۆ نائومێدم

ناکەیت). دوای ئەوە قارەمانی چیرۆکەکە هەوڵی ڕزگارکردنی کچەکە دەدات.

بابەتەکانی ئەو گۆڤارە لەگەڵ گۆڤاری گەورەکچ Teen هەڵبسەنگێنن. سەرنج بدەن کە هەردوو گۆڤارەکە ئەرکی پەروەردە کردنی گەورەکچان و ئامادەکردنیان بۆ وەرگرتنی بەرپرسیاریی لە کۆمەڵگادا خستووەتە سەر شانی خۆیان! من دەڵێم بۆیان دیارییکراوە ، چونکە تاکەکان لە کۆمەڵگادا بەرپرسیارییەک لە ئەستۆ دەگرن کە پێشتر بۆی پەروەردە دەکرێن. بۆ زانینی ئەوەی کە ئافرەتان و پیاوان لە کۆمەڵگادا چۆن بەرپرسیارییەک وەردەگرن ، دەبێت بزانین کە لە سەرەتادا بۆ چ کار و بەرپرسیارییەک پەروەردە دەکرێن ، لەگەڵ ئەوەشدا نابێت ڕۆڵی بڵاوکراوە گشتییەکان لەبیربکەین کە یەکێکن لە دەزگا هەرە گرنگەکان لەو کارەدا و نوسراوەکانیان لە بیروبۆچوونی ئەوانەوە هەڵدەهێنجرێن.

بە هەر حاڵ ئەو شێوە پەروەردەکردنانە هەمان توانا لە ناو خەڵکدا دەستەبەردەکەن کە پێشتر ئاماژەم بۆ کردن و خەڵک لە ڕێی ئەوانەوە پلەی ئابوری و کۆمەڵایەتی خۆیان دەستەبەردەکەن. لە کۆمەڵگایەکدا کە هەموو شتێک بۆ گۆڕینەوەیە ، بێگومان جگە لەوە ڕێگایەکی تر نیە. ئێستا بنوارە شێوەی پەروەردە کردنی جیاواز لەنێوان ئافرەتان و پیاواندا و پێکەوە هەڵیانبسەنگێنە. ئەوانە کێن کە فێردەکرێن ، یان بە وتەیەکی تر پەروەردە دەکرێن کە بە هەموو هێزیانەوە بۆ جوانیی و سێکسیی بوونی خۆیان هەوڵبدەن؟ و ئەوانەش کێن کە بە وەرزشی جۆراوجۆر هێزی فیزیکیی خۆیان بەرز دەکەنەوە و بە یارییکردن بە ئامێر سەخت و ئاڵۆزی وەک ئوتۆمبێل ، شەمەنەفەر ، نیگارکێشیی خۆیان پەروەردە دەکەن و بە فرۆکەی جەنگیی ڕادێن و بە تیشکی لەیزەر فێری مان و ژیان دەبن. زانیاریی خۆیان دەربارەی سروشت ، مێژوو و زانست بەرز دەکەنەوە و فێردەبن کە چۆن لە کاری هەمەجۆرەی سەرەتاییدا زانیاریی پەیدابکەن و "چۆن ببن بە قارەمان و چارەسەری

کێشە و گرفتی خەڵک بکەن؟" جگە لە پیاوان و مێرمناڵان ، کێن ئەوانەی کە بڕیارە لە داهاتوودا ببنە خاوەنی کۆمەڵگا و بەڕێوەی ببەن؟

بۆ گەیشتن بەو دۆخە و وەرگرتنی بەرپرسیارییەکی لەو جۆرە ، پیاوان خۆیان پەروەردەدەکەن و ئافرەتانیش کە دەبنە دیاردەی سێکس ، خۆشیی ئەوان پێکدێنن ، بە شێوەیەکی تر پەرەوەردەدەکرێن. لە وەڵامی ئەو شێوە پەروەردەکردنەدایە کە 95%ی گەورەکچان توشی نەخۆشیی وەڕسبوون و کەمخۆریی Anorexia Nervose دەبن[18] (لە ڕاستییدا ئەوە نەخۆشیی کەمخوێنییە لە ئەنجامی کەمخۆرییدا) و دەیانەوێت بەو جۆرەی کە پیاوان حەزی لێدەکەن ، خۆیان باریک و سێکسیی بکەن. ئایا هۆیەکی تر سەبارەت بەو ناتەواوییە دەبینرێت؟ کاتێک ناتەواوییەکە لەنێوان مێرمناڵاندا تەنیا 5%ە ، ئەبێت هۆی نەخۆشییەکە لە چیدا بێت[19]؟

## ئایا گۆڤارێکی لەو جۆرەش بۆ کچان هەیە؟

بەڵێ و نا. بەڵێ چونکە بۆ نمونە گۆڤاری "دەنگی گەورەکچ"یش Teen Voices وەک گۆڤاری "ژیانی کوڕان" سودی بازرگانیی لێوەرناگیرێت و بە تەواویی خاڵی ڕووبەڕووی گۆڤاری گەورەکچە. ئەو گۆڤارە بە نوسینی کتێبی "گۆڤاری کتێبخانەکان" ئامانجی بەربەرەکانییکردنە دژی بۆچوونێک کە گۆڤارەکانی تر سەبارەت بە ئافرەتان بڵاویدەکەنەوە[20]. بەپێچەوانەی گۆڤارە بازرگانییەکانەوە کە سورن لەسەر مۆد و جوانیی. ئەو گۆڤارە تێدەکۆشێت لە خزمەت

[18] - Merlyn Gardner. Role Models in Media, Girls Go on Datea, Boys Go to Work, Christian Science Monitor, May 2, 1997 , p. 12.

[19]- Ibid.

[20]- Bill Katz, Linda Sternberg Katz, R.R. Bowder’s, Magazines For Libraries, 9 th Edition. 1997, p.1214.

چارەسەرکردنی کێشەی ئابوری و کۆمەڵایەتی کچاندا بێت[21]. نا ، چونکە تیراژی ئەو گۆڤارانە و گۆڤارەکانی وەک ئەو لە بەرامبەر گۆڤارە ڕکەبەرەکانیاندا بە ڕادەیەک دەنگیان نزمە کە لە نێوانیاندا ون دەبن و لە ڕاستییدا هەست بە بوونیان ناکرێت.

## تیراژی بڵاوکراوەکانی گەورەکچان

گۆڤاری "17 ساڵە" SevenTeen ، "لاو و مۆدێرن" Young & Modern،"بێحەیا" Sassy ، بڵاوکراوەیەکی وەک گۆڤاری گەورەکچن و بەگشتیی دڵنیایی لە جوانیی دەکەنەوە و بە "چوار خوشک" دەناسرێن و بە ڕێژەی 1360000 ، 1950000 ، 1829000 و 2300000 و بەتێکڕا نزیکەی 7439000 دانەیان لێ بڵاودەکرێتەوە و تیراژی "دەنگی گەورەکچ" کە بە پێچەوانەی ئەوانەوە دەنوسێت ڕێژەکەی تەنیا 30000 دانەیە[22]. ئاخۆ مافی من نیە کە بڵێم ئەو بڵاوکراوانەی کە لە ئەمریکا بۆ کچان دەردەچن ، فێریان دەکەن کە چۆن جوان و سێکسیی ببن و ئەوانەش کە بۆ کوڕان بڵاودەبنەوە، فێریان دەکەن کە چۆن بەهێز و سەرکەوتوو ببن! بەڵام هێشتا لێکۆڵینەوەکەی ئێمە پێویستی بە هەندێک ڕاستکردنەوەی بچووکە.

ڕەنگە سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی گۆڤاری گەورەکچ لەگەڵ گۆڤاری "ژیانی کوڕان" توشی ڕەخنە ببم و بڵێن گۆڤاری گەورەکچ گۆڤارێکی بازرگانییە و ناکرێت لەگەڵ گۆڤاری کوڕان هەڵبسەنگێنرێت کە گۆڤارێکی نابازرگانیی و پێچەوانەیەتی. هەروەها گۆڤاری یەکەمیان بۆ کچانی تەمەن نێوان 10-19 ساڵ بڵاودەکرێتەوە ، لە کاتێکدا ئەوەی دووەمیان بۆ کوڕانی تەمەن 10-14 ساڵە. بە وتەیەکی تر گۆڤاری گەورەکچ بۆ کچانی 12 ساڵ و سەرووتریش کە باڵغ بوون ،

---
[21]- Ibid.
[22]- Ibid.

بڵاودەکرێتەوە و بەگوێرەی تەمەنیان باسی مۆد و جوانییان بۆ دەکات ، چونکە کوڕان لە تەمەنی 14 ساڵییدا باڵغ دەبن ، بۆ گۆڤاری ژیانی کوڕان سروشتییە کە لە جوانیی و سێکسیی بدوێت.

ئەو دوو ڕەخنانە بەجێن ، لەبەرئەوە هەوڵمدا لە لایەک بە شوێن گۆڤارێکی کچاندا بگەڕێم کە بازرگانیی نەبێت و لە لایەکی تریشەوە خەریکی دۆزینەوەی گۆڤارێکی کوڕان ببم کە بە چەشنی گۆڤاری گەورەکچ لەسەر مۆد و جوانیی کوڕان بێت. ئەوەی یەکەمیان ، هەر وەک پێشتر گوتم ، توشی گۆڤاری "دەنگی گەورەکچ" بووم کە تیراژی لە بەرامبەر دژە شێوەکانیدا زۆر نزمە و سەبارەت بەوەی دووەمیش هەر وەک ئاماژەم بۆ کرد ، بە سەرسوڕمانەوە هیچ بڵاوکراوەیەکم بۆ کوڕان نەدۆزییەوە کە لەسەر مۆد و جوانیی کوڕان بێت و لەسەریان بنوسێت. هەر ئەو ڕووداوەش سەبارەت بە ڕەخنەی دووەم ڕوویدا. واتە بڵاوکراوەکانی تری کوڕان بۆ تەمەنی سەرووتر لە 14 ساڵ "14- 19" ساڵ هەرگیز پەیوەندییان بە مۆد و جوانییەوە نەبوو ، ئەوە بۆ منیش جێی سەرسوڕمان بوو. بەڵێ ، ئەوانە بەگشتیی گۆڤاری شادیهێنەر ، گاڵتە و گەپ Comic و خەیاڵیی Fiction وەک گۆڤاری "هار" Mad بوون کە ساڵی 1989 نیو میلیۆن دانەی لێ بڵاوکرایەوە و بە "باشترین چوارەکە" Fantastic Four و Star Log دەناسرێن کە دەربارەی توندوتیژیی ، ڕکەبەرایەتی، کردەوە سەیرەکان و داستانی پێکەنینیی و ساتیری هارانە ، گەشتە سەرنجڕاکێشە ئاسمانییەکان بە هۆی کەسانی نائاساییەوە ، فیلمی کارتۆن ، ئافرەتی شۆخ ، فیلمی سینەمایی و تەلەڤزیۆنیی و داستانەکانی هەرقل "هێرکولێس" دەنوسن و بە کورتیی لە نوسینەکانیاندا پیاو نوێنەرایەتی هێز و دەسەڵات دەکات و ئافرەت هێمای جوانییە و هەر وەک گوتم هیچ لەیەکچوونێکیان لەگەڵ بڵاوکراوەکانی کچاندا نیە.

سەرئەنجام لە لێکۆڵینەوەکەمدا بۆ دۆزینەوەی بڵاوکراوەیەک بۆ گەورەکچانی هاوتەمەنی "ژیانی کوڕان" ، گۆڤارێکم دۆزییەوە بە ناوی

"ژیانی کچان" Girl's Life. ئەو گۆڤارە بۆ کچانی تەمەن 8-14 ساڵ بڵاودەکرێتەوە و زۆر کەم باسی مۆدە و جوانیی دەکات. هەرچەندە ئەو گۆڤارەش ڕاستەوخۆ باسی جوانیی و سێکس ناکات ، بەڵام کچان بەرەو ژیانی تایبەت بە خۆیان دەبات و لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و ڕۆڵی هاوتەمەنیان لەگەڵ پیاواندا نادوێت کە دەبێت لە دوارۆژدا بیکەن. بە مانایەکی گشتیی تر ، ئەویش دەچێتە ڕیزی هەمان بڵاوکراوەکانی تری ئافرەتانەوە[23].

بەو جۆرەش چونکە تیراژی گۆڤاری "ژیانی کچان" زۆر کەمتر لە تیراژی چەند میلیۆنیی چوار گۆڤارە دەستە خوشکەکەی کە لەسەر سێکس و جوانیی کچان دەنوسن ، لە چەند لایەنێکەوە جیاوازیی سەرەکیی لەگەڵیاندا هەیە ، ئەگەر من لەگەڵ ئەو گۆڤارانەدا بەراوردی بکەم ، دەڵێم بڵاوکردنەوەی 250 هەزار دانە[24] لە بەرامبەر بڵاوکردنەوەی 7 میلیۆن دانەی چوار گۆڤارە دەستە خوشکەکەدا ، جیاوازییەکی بەرچاو لە وتەکانمدا پێکناهێنێت. تا ئەو جێیەی کە نوسراوەکانی گۆڤاری گەورەکچ بۆ کچان دەگەڕێتەوە ، ئامانجی سێکس و جوانیی ئەوانە و ئەگەر نوسراوەکانی بۆ کوڕان بێت ، ئامانجی دەگۆڕێت و لە هێز و توانا و دەسەڵات و سەرکەوتوویی ئەوان دەدوێت.

ئایا بە ڕای ئێوە ناوەڕۆکی پرۆگرامە تەلەڤزیۆنییەکان بە شوێن ئامانجێکی تردا دەگەڕێن؟ سەرنج بدەنە ئەم هەواڵە: نیویۆرک تایمز لە نۆڤێمبەری 1998دا ئاماژەی بۆ وتەی ڕیچ کرۆنین بەڕێوەبەری کەناڵی "بنەماڵەی فۆکس" Family Fox ڕایگەیاند کۆمپانیاکەی بە

23- بەڕێوەبەری گۆڤاری "ژیانی کچان" دەربارەی گۆڤارەکەی دەڵێت: گۆڤارێکە بۆ کچانی تەمەن 8-14 ساڵە و هەموو ئەو شتانە لەخۆیدا کۆ دەکاتەوە کە کچان گرنگایەتی پێدەدەن، وەک: دۆستایەتیی ، خۆ پەروەردە کردن، مۆد ، جوانیی ، سینەما ، ڤیدیۆ ، موزیک و ناساندنی کەسایەتییە ناودارەکان Celebrities

24- بەڕێوەبەرەکەی دەڵێت: جگە لەو 250 هەزار دانەیەی کە لەو گۆڤارە دەفرۆشرێت ، 350 هەزاریش بە خۆڕایی بڵاودەکرێتەوە و ناتوانین حسابیان بۆ بکەین ، چونکە بڵاوکردنەوەی بە خۆڕایی ئەو ڕادەیە مانای خۆشەویستیی خوێنەران لە ناوەڕۆکی گۆڤارەکە نیە ، هەروەها ڕون نیە کە بڵاوکردنەوەی ئەو 350 هەزار دانەیە درێژەی دەبێت یان نا.

نیازە کە لە ساڵی داهاتوودا ، دوو کەناڵی نوێ بۆ کچان و کوڕان بکاتەوە. خێزان و ئەو کەسانەی کە ئەرکی پەروەردەکردن و ڕاهێنانیان لە ئەستۆیە و ئەوانەی لە بەشی جێبەجێکردنی تەلەفزیۆندا کار دەکەن، لەوە دەترسن کە کەناڵی کوڕان ببێتە شوێنی پێشاندانی فیلمەکانی کاراتێ، لەیزەر و توندوتیژیی و کەناڵی کچانیش پڕ ببێت لە بابەتی خۆشیی وەک پەروەردەکردنی منداڵ و دۆزینەوەی دۆست(25).

## بڵاوکراوەکانی ئافرەتان

ئافرەتان کاتێک بیرلە جوانیی و شۆخ و شەنگیی خۆیان دەکەنەوە، 70- 80%یان گرنگیی بە خۆیان دەدەن و بیر لە خۆیان دەکەنەوە ، بەڵام ڕەنگە پیاوان لە جیاتی ئەوەی بیر لە خۆیان بکەنەوە ، بیر لە ئافرەتان بکەنەوە. ڕەنگە ئەو ڕێژەیەی سەرەوە دروست نەبێت ، بەڵام نابێت لەوە بەگومان بین کە ئافرەتان پتر لە پیاوان بیر لە جوانیی خۆیان دەکەنەوە. لێکۆڵینەوەکانیش لە ئەمریکا پێشانیدەدەن کە تەنیا 6%ی پیاوان لە بیری جوانیی خۆیاندا دەژین و ئەو ڕێژەیە بۆ ئافرەتان نزیکەی چوار بەرامبەرە ، واتە 24%(26).

بە هەر حاڵ بۆ دەرخستنی ئەو جیاوازییە هیچ بەڵگەیەک گرنگتر نیە لە بڵاوکراوەکانی ئافرەتان و پیاوان. لە بڵاوکراوەکانی ئافرەتانەوە دەستپێدەکەین. ناوەڕۆکی بڵاوکراوەکانی ئافرەتان هەر وەک لە بڵاوکراوەکانی کچاندا بینیمان ، بە تەواویی دەگەڕێنەوە بۆ تێکنیک و ڕەوشی جوانکاریی کە ناوی ناوە "خۆ جوانکردن". دیارە بە داپۆشینی

[25] - Awrie Mifflin. Planned TV Channels Raise Gender Stereo Type Worries, Karate for Boys vs. Baby Sitting for Girls. New York Times. Nov 2, 1998 . p. c8.
[26]- Mel Poretz & Barry Sinrod, Price Stern Sloan, the First Really Important Survey of American Habits, 1989.

ڕاستیی و پاساو هێنانەوە بۆ ئەو بڵاوکراوانەی کە ئافرەتان فێر دەکەن خۆیان بۆ پیاوان جوان و سێکسیی بکەن.

بۆ نمونە پێکەوە سەیرێکی ئەو بڵاوکراوانە دەکەین و سەرەتا لە گۆڤاری کۆسمۆپۆلیتەینەوە دەست پێدەکەین: بنوارە ئەو گۆڤارە لە ژمارەی مانگی مای 1998دا، لە وەڵامی ئەم پرسیارەی خوێنەرانیدا سەبارەت بە هەڵبژاردنی جلوبەرگێک کە ئافرەتان سێکسییتر پێشانبدات ، ڕێنوێنییەکی چۆنیان دەکات:

**"بە مایۆی مەلەکردنەوە پرسیارەکانتان بکەن"**

- (چ جۆرە بەرگێک سنگ و مەمکە بچوکەکانم گەورەتر دەردەخات؟) مەمکگەورەکەرە ناقۆڵاکەت لاببە! لە جیاتی خۆنواندنت بە شتێکەوە کە نیتە ، ئەوەی کە هەتە بیخەرە ڕوو...

- (بەشی سەرووی جەستەم قەڵەوە ، چی بکەم کە لە فانیلەی ژێر بیکینی "مایۆ و کۆرسێتی مەلە کردن" نەچم؟) ئەگەر مەمکە گەورەکانت لە سەرەوە و لە ژێرەوە هەڵبواسیت ، شێوەیەکی جوانترت دەبێت ... دەتەوێت مەمکەکانت گەورە بکەیت؟ قوماشێک بخەرە ژێر مەمکەکانتەوە ، یان ...

لە نامیلکەیەکدا[27] بە ناوی "ڕێنمایی کارکردن" کە لەگەڵ ئەو گۆڤارەدا ڕاپێچکراوە ، خوێنەرانی خۆی بەم جۆرە ڕێنمایی دەکات: یەکێک لە هێماکانی بوونی کاری باش بۆ ئافرەتان ، هەگبەی ئارایشتەکەیانە.

1- کاتژمێر 11ی بەیانیی ، دیدار لەگەڵ لیژنەی بەڕێوەبەرایەتی. بەرلە پەلەکردنت بۆ گەیشتن بۆ شوێنی دیارییکراو ، بۆ ئەوەی کە جوان بیت ، تۆزی پاککەرەوەی بێچەوریی بەکاربهێنە.

27- Career Booklet, Cosmopolitan , September, 1986.

2- بڕیاری خواردنی فراوێن. ئایا دوێنێ شەو کەم خەوتوویت و لە ژێر چاوەکانتدا ئەڵقەی ڕەش ماوەتەوە؟ بە پەلە بە قەڵەمی وشک ، ئەڵقە ڕەشەکە دابپۆشە ، تا وەک پێشووی لێبێتەوە.

ئایا بڵاوکراوەکانی پیاوانیش شتی لەو جۆرەیان تێدایە؟ دیارە نا ، بۆچی؟ چونکە ئەوە ئافرەتانن کە دەبێت کار بۆ سیما و مەمک و سمتیان بکەن. ئافرەتانن کە دەبنە بابەتی سێکس و بۆ پێشکەشکردنی دەچنە بازاڕی مامەڵەوە. ئێستا بنواڕە نمونەیەکی تر لە گۆڤاری "قۆز" Glamour.

## هونەری ئاشنابوون لەگەڵ پیاوان و دەستبازیی لەگەڵیاندا [28]

"جۆیس جیلسۆن "Joyce Jillson" لە وتارێکیدا و لە زمانی دۆستەکەیەوە ، خانم "چێریل" Cheryl دەڵێت: کاتێک خۆتان بۆ کۆڕێکی گشتیی ئامادەدەکەن و بیر لە دەستبازیی لەگەڵ پیاوێکدا و چۆن جوڵانەوەتان لەم بوارەدا ناکەنەوە ، وەک ئەوە وایە کە جلوبەرگەکانتان ئوتوو بکەن ، بەڵام هەرگیز لەبەریان نەکەن!

سەیرە! بەڵام بۆچی نوسەر ئەو بابەتە لە چێریلەوە دەگێڕێتەوە؟ چونکە چێریل کەسێکی سەرکەوتووە. "لەگەڵ ئەوەشدا بێوەژنێکی 31 ساڵەی تا ڕادەیەک جوانە" و لە گەڕانەوەیدا لە کۆبوونەوەیەکی بازرگانیی ، سێ پیاوی جوانی لە داو خستووە. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە زۆربەی دۆستەکانی لە هەر دەرگایەکیان دابوو ، نەیانتوانی بوو تەنانەت پیاوێک بدۆزنەوە ، بەڵام "چێریل" سێ پیاوی دوای خۆی خستووە. ڕاز و نهێنیەکانی سەرکەوتنی چێریل لە چیدایە؟ دەزانێت چۆن دەستبازیی لەگەڵ پیاودا بکات. سێ تێکنیک هەیە بۆ ڕاکێشانی پیاو. بۆ ئەو مەبەستە سەیری پەپولە بکەن کە چۆن لە دەوری ئاگرێکدا سەما دەکات و لێی نزیک و دور دەکەوێتەوە و ...

---

[28]- How to get a man’s Attention, Mademoiselle, September, 1998.

**یەکەم:** لەو کەسە نزیک ببەرەوە کە دەتەوێت دەستبازیی لەگەڵ بکەیت و بۆ لای خۆتی ڕابکێشیت.

**دووەم:** دوای ئەوە بە تەواویی لێی دوربکەوەرەوە. لەو کاتەدا ئەو هەلی بۆ دەڕەخسێت کە باش هەڵتبسەنگێنێت.

**سێیەم:** جارێکی تریش خۆتی لێ نزیک بکەرەوە ، بەڵام ئەم جارەیان بە پلەی 80% کەمتر لە جاری یەکەم.

ئینجا سەرنج بدەنە ڕێنوێنییەکانی گۆڤاری "مادێمۆزیلێ"[29] (لە بنەڕەتدا وشەیەکی فەڕەنسییە و مانای خانم) ، سەبارەت بە "چۆنیەتی ڕاکێشانی سەرنجی پیاوێک بەرەو خۆت" لە شوێنی گشتیی بەرگ شوشتندا.

- کاتێک جلەکانت لە مەکینەی شوشتنەوە دەگوازیتەوە بۆ مەکینەی وشککردنەوە، بە ئەنقەست دەرپێیەکت بخە... ئەویش بە مەبەستی یارمەتیدانت ، دەچەمێتەوە و دەرپێکە هەڵدەگرێتەوە و لە کاتێکدا بە توندیی زەوقی هەڵدەستێت ، پێت دەڵێت: خانم ئەوەت لێکەوت.

سەرئەنجام بۆ جارێکی تریش دەگەڕێینەوە لای گۆڤارە ئاشناکەی "کۆسمۆپۆلیتەین"[30]. ئەم گۆڤارە لە ڕێکلامێکیدا سەبارەت بە ڕەنگی "بۆیە" قژ ، وێنەی ئافرەتێکی سوروسپی قژ زەردی لەسەر قوتوویەکی نوقوڵ "شوکولات" داناوە و لە ڕووبەڕوویدا نوسیویەتی:

- ئەم وێنەیەی سەر ئەم قوتووە هەمیشە نینۆکەکانی قاچی بە مانیکۆڕ ڕەنگ دەکات.

- ڕەنگە بیر لەوە بکەنەوە کە زێڕ و زیو دۆستی نزیکی کچانە ، بەڵام بۆ خانمی قوتووی نوقڵەکە وەک سەرمایەگوزاریی دەژمێررێت ، چونکە دەتوانێت پیاوانی دەوڵەمەندی پێ فریو بدات و چەند ئەوەندەی ئاڵتونەکانی، پارەیان پێ کۆبکاتەوە، دیارە لە ڕووی سێکسەوە.

---

29 - How to get a man's Attention, Mademoiselle, September, 1998. Art of flirting. Glamour. May, 1984.

30 - Cosmopolitan, Dept. 1984, pp. 277, 278, 279.

- لەگەڵ جێگری بەڕێوەبەری بانک دەستبازیی دەکات.
- هەرگیز پێڵاوێک ناکاتە پێی کە ئازاری بدات.
- هیچ ئومێدێکی بە وەرزش نیە و دەیەوێت هەر بەو جۆرە بمێنێتەوە.
- چاویلکەی فریودەر دەکاتە چاوی.
- لە پێخەفی ئاوریشمی سپیدا دەنوێت.
- پشیلەیەکی ئێرانیی هەیە.
- جەستەی زۆر جوانی ، تەنانەت بە چەند کیلۆیەکی زیادەش ، قەڵەو دیارنیە.
- کاتێک ژورەکەی بەجێدەهێڵێت ، ماچ بۆ دەوروبەرەکەی دەهاوێژێت.
- وەک منداڵ ، لە جیاتی ئەوەی پەنا بۆ گاڵتەکردن ببات ، دەتوانێت بە ناز و کرێشمەوە قسە بکات.
- لە جیاتی پانتۆڵی تەسک ، پتر گۆرەوی کونکونی درێژ لەپێدەکات و بە بەندێک لە کەمەری خۆی دەبەستێت.
- کاتێک لەناو ئوتۆمبێلدا دادەنیشێت ، قاچەکانی تا گوێسوانەی سمتی دەردەخات.
- دەزانێت چۆن پیاو تورە و دڕندە بکات.
- ناپرژێتە سەر حسابە بانکییەکانی.
- بۆ ڕاکێشانی پیاوانی پێست سەوزە، جوان بەرگ دەپۆشێت.
- دەتوانێت لە کاتی تاوانکردندا ، خۆی مەزلوم و بێتاوان پێشانبدات.

بوونی قژی زۆر زەرد و خاکیی بریقەدار ، بە ڕاستیی کاتی دەوێت ، مەگەر ئەو کەسە بە ڕادەیەک بە شانس و بەخت بێت کە هەر بەو جۆرە هاتبێتە دنیاوە ، ئەویش زۆر بە کەمیی هەڵدەکەوێت! قژی ڕەشی ئەستور، سەر و ڕووتان لەناونابات، لەبەرئەوە هەر سێ هەفتە جارێک قژتان ڕەنگبکەنەوە ، یان بە بەردەوامیی بچن بۆ ئارایشتگا. ئایا دەتوانن هەرگیز بیر لە قژی ڕەشی "مارلین مۆنرۆ" نەکەنەوە؟

ئەوانە هەموویان بۆ ناساندنی کچێکی نمونەیە کە ناویان ناوە قوتووی نوقوڵ. بۆچی قوتووی نوقوڵ؟ چونکە قوتووی نوقوڵ بیرخەرەوەی

شتێکی بەتامە و لە ڕوانگەی سەرنوسەری گۆڤارەکەوە کە جیاوازیی هەیە لەگەڵ سەرنوسەری پێشووی گۆڤارەکە ، خاتوو "کۆرڵی براون" ، ئافرەتانیش دەبێت خۆیان وەک نوقوڵ شیرین و بەتام بکەن. بۆچی؟ بۆ ئەوەی کە پیاوان بیانخۆن!

ڕێ بدەن بزانین گۆڤاری کۆسمۆ ، خۆی سەبارەت بە قوتووی نوقوڵ چی دەڵێت: هەندێک قژ لە ڕۆژی لە دایکبوونەوە هەر لە قوتووی نوقوڵ دەچن و هەندێکیشیان لە دوای گەورەبوونیانەوە. ئەم جارە لە ڕووبەڕووی وێنەی ئافرتێکی قژزەرد و سێکسییدا نوسیویەتی:

- کچی قوتووی نوقوڵ بە ڕاستیی وەک ماگناتیزە بۆ ڕاکێشانی پیاوان و لەوە دەچێت بە بەردەوامیی لە ژیاندا گوڵبارانی دەکەن. بە ئامازەیەک دەشکێنێت... زۆر زەوقهێنەرە... جێگەی ڕێز و دەستخۆشییە. ئایا تۆش دەتوانیت وەک ئەوەی قوتووی نوقوڵەکە قژزەرد بیت؟

ئەوە نمونەیەکە کە بڵاوکراوە گشتییەکان و بەتایبەتیی گۆڤارەکانی مۆد و جوانیی بە تیراژی سەرسوڕهێنەریان دەیخەنە بەرچاوی ئافرەتان و دەیانەوێت ئافرەت وەک بوونەوەرێکی سێکسیی و زەوقهێنەری پیاوان بێت. بنوارە لە گۆشەی لاپەڕەیەکی تری ئەو گۆڤارەدا ، لە ڕووبەڕووی وێنەی کچەکەی قوتووی نوقوڵەکەدا، کچێکی سێکسیی جوان و شۆخی زەوقهێنەری بێ هونەر و دەست و پێ سپیلکەی داناوە و کردوویەتی بە نمونەیەک بۆ ڕێکلامی نوقوڵ. لە تەنیشت وێنەی ئەو کچەوە ، وێنەی پیاوێکی داناوە کە خەریکی حساباتی بانکیی ئەو کچەیە و دەڵێت:

- کچەکانی قوتووی نوقوڵ ، کەمتر خۆیان بە حساباتی بانکییەوە خەریکدەکەن... ئەی دۆستی پیاویان بۆچییە؟ با ئەوان حساباتەکانتان بۆ بکەن ، چونکە ئەو کچە خۆشەویستانە سەرەڕای خەرجیی زۆریان، باش دەزانن چۆن سەرمایەگوزاریی بکەن و لەوە زیرەکترن کە بە ئاسانیی بچنە باوەشی پیاوانەوە.

بەڵێ ئەوانەی بینیتان ناوەڕۆکی بڵاوکراوەکانی ئافرەتانن کە بە تیراژی چەندان ملیۆنیی بڵاودەکرێنەوە و بە ڕاشکاویی ئافرەتان

فێردەکەن کە لەشی خۆیان بفرۆشن. بە وتەیەکی تر پێیان ڕادەگەیەنن کە لەوە زیرەکترن کە ڕێگا بدەن بە پیاوان بەبێ سود و بە نرخێکی کەم خۆیان بخەنە بەر دەستیان. هەروەها فێریان دەکەن کە بە سەرمایەگوزاریی بە سود ، لە خەرجیی زۆر و دەستبڵاویی ئابوری نەترسن. چونکە دۆستی پیاویان بۆ ئەوە دەوێت کە پارەیان بۆ خەرج بکەن و پارسەنگی خەرجییەکانیان بۆ ڕاستبکەنەوە. دیارە بەو مەرجەی کە بە ئاسانیی ڕێگایان پێنەدەن دەستبازییان لەگەڵدا بکەن! ئایا بە ڕای ئێوە ئەوانە دورن لە ڕێکلام کردن بۆ قەحبەیی و فرۆشتنی سێکس؟ بەڵام ئەم ڕێکلامانە هی کۆمپانیا گەورەکانی بازرگانیین.

بۆچی دەبێت ئافرەتان هانبدەن کە لەشی خۆیان بفرۆشن ، چ سودێک لەوە دەبینن؟ هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئافرەتان بە فرۆشتنی لەشی خۆیان دەتوانن لە گیرفانی پیاوانی دەستبڵاو کەرەستەی کۆمپانیاکان بکڕن و گوێ نەدەنە نرخی باڵایان. لەو چوارچێوەیەدا دەبینین لە پشت بڵاوکراوە گشتییەکاندا چ کەسانێک هەن کە شێتانە تێدەکۆشن ئافرەتان بکەن بە بابەتی سێکس و سودی زۆریان لێببینن. هەروەها ئەو ئافرەتانەی کە ڕێگای خۆشبەختیی خۆیان لە سێکس و جوانییدا دەبینن ، چۆن نەزانانە بە لەناوبردنی خۆیان ڕێگا بۆ سەرکەوتنی کۆمپانیا گەورەکان خۆشدەکەن. دیارە نابێت هەرگیز ئەو ڕاستییەش لەبیربکەین کە ئەوانە تەنیا چەند نوسراوێک نین کە لە گۆڤارەکاندا بڵاودەکرێنەوە و لە لاپەڕەکانی تردا باسی مۆدە و جوانیی ناکەن. نا! بەبێ زلکردن ، هەر وەک لە بەشەکانی پێشوودا گوتم ، هەموو لاپەڕەکانی ئەو گۆڤارانە بەو نوسراوانە داپۆشراون کە چۆن ئافرەتان بە کەڵکوەرگرتن لە دوا تێکنیکەکانی جوانکاریی و دوا دۆزینەوەکانی تێکنۆلۆجیا ، چرچ و لۆچی دەموچاویان لاببەن ، پارێزگاریی لە نەرمیی و ڕونیی پێستیان بکەن و کێشی خۆیان بە نەشتەرگەریی دابگرن و مووی زیادەی لەشیان لاببەن و بە تێکنیکی دیزاینی جلوبەرگ جەستەی خۆیان پتر سێکسیی پێشانبدەن. بە کورتی

چۆن بە ڕێگادا بڕۆن و چۆن تەماشای پیاوان بکەن و چۆن دەستبازییان لەگەڵدا بکەن و بە تاکتیکی جۆراوجۆر پیاوان بەرەو خۆیان ڕابکێشن و ببنە بوونەوەرێکی سێکسیی و زەوقهێنەر لە دەستیاندا.

**پرسیار:** بۆچی بڵاوکراوەکان لاپەڕەکانی خۆیان بۆ وێنەی ئافرەتان و نوسراوی پەیوەندییدار بە جوانکارییەوە تەرخاندەکەن؟

**وەڵام:** چونکە ئامانجیان ڕێکلام و فرۆشتنی بەرهەمەکانی سەدان ملیارد دۆلاریی کەرەستەی مۆد و جوانییە و ئەوەش ناکرێت ، مەگەر گرنگیی پتر بدەن بە جوانیی و سێکسیی کردنی ژیانی کۆمەڵگا. ئەوە تەنیا ڕێگایەکە بۆ ڕاکێشانی ئافرەتان کە پتر ڕوو بکەنە بەرهەمەکانیان و بە کڕینیان گیرفانی خاوەن کۆمپانیاکان پڕ بکەن.

**پرسیار:** بۆچی ئافرەتان ئەو جۆرە بڵاوکراوانە دەکڕن کە بە وێنە و نوسراوی پەیوەندییدار بە جوانیی ئافرەتانەوە تەنراون و بەو ڕادەیە گرنگیی پێدەدەن و بە ڕێژەی 1%ی ئەو بڵاوکراوانە ، گرنگیی بە بڵاوکراوەکانی تر نادەن کە وێنەی پیاوانی جوانی تێدا بڵاودەکرێتەوە؟ هەروەها بۆچی گۆڤارەکانی مۆد و جوانیی ئافرەتان لە ڕیزی گۆڤارە زۆرفرۆشەکاندان و ئەوانەی وێنەی پیاوانیش حسابیان بۆ ناکرێت؟

**وەڵام:** چونکە لە کۆمەڵگای سەرمایەدارییدا بەرژەوەندەکان لە قازانجەکانەوەن و بەرژەوەندی مرۆڤ بە هەر ڕادەیەک کە پێویست بکات ، دەخرێتە بەردەم قازانجی برسی سەرمایە و کارگە گەورەکانەوە. لە کۆمەڵگایەکی وادا ، بڵاوکراوەکانی مۆد و جوانیی و بڵاوکراوە گشتییەکانی تر کە لەژێر کۆنترۆڵی پیاوسالاراندان ، توانیویانە بە لایەنی کەمەوە ئەو بۆچوونە بگوازنەوە بۆ چەندان ملیۆن خوێنەر و لایەنگرە نەزان و بێگوناحەکانی سێکس و پێیان بسەلمێنن کە هەرچەندە بیر لە جوانیی و سێکسیی بوونی خۆیان بکەنەوە و هەوڵی بۆ بدەن ، زیادتر هەستی ڕەزامەندیی و ناسنامەیان پێدەبەخشێت. هەروەها جوانکردن و سێکسیی نواندن ، باشترین ڕێگایە بۆ ئافرەتان کە داهاتووی خۆیان بە فرۆشتنی سێکس پێ مسۆگەر بکەن.

## ئافرەتان بە چ ڕادەیەک لەو ڕووەوە پەروەردە دەبن؟

گۆڤارەکانی "گەورەکچ" Teen، "17 ساڵە" SevenTeen ، "بێحەیا" Sassy ، "کۆسمۆپۆلیتەین" Cosmopolitan و "قۆز" Glamour تەنیا گۆڤارێک نین کە خەریکی کارکردنن لەسەر پەروەردەکردن و گەشەپێدانی فیزیکیی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان. "لاو و مۆدێرن" Youmg & Modern ، "لاتینا" Latina ، "میرابێلا" Mirabella ، "ماریا کلێر" Maria Claire ، "بێلێ" Belle ، "سەرنجڕاکێش" Allure ، "خانم" Mademoiselle ، "بەناوبانگیی" Vogue، "بازاڕی هارپەر" Harper's Bazaar ، "ئێلێ" Elle ، "سروشتیی" Essence ، "وەک خۆت" Self و "شێواز" Shape ، نمونەیەکی تری لەو بڵاوکراوە لە ژمارە نەهاتووانەی کە شانبەشانی بڵاوکراوەکانی تر کە بە بەردەوامی خەریکن ئافرەتان بەرەو فرۆشتنی سێکس پاڵپێوەدەنێن. نوسین و پەیامەکانی ئەو بڵاوکراوانە بە دروستیی هەمان نوسراوە و پەیامەکانی گۆڤاری "گەورەکچ" ، "کۆسمۆپۆلیتەین" و " سەرنجڕاکێش"ن و ئەگەر لەو مەبەستەدا ئەگەر کاریگەریی پتریان نەبێت ، ئەوا لەوان کەمتر نین.

دەسەڵاتیان تا چ ڕادەیەکە؟ ئەوانە بەشێکی بچوکن لە کۆمەڵێک دەزگای زەبەلاحی لە ژمارە نەهاتووی تر کە ڕۆژانە بیر و هۆشی ئافرەتان لە خۆیاندا کۆدەکەنەوە ، بە خۆیاندا بچنەوە و ببن بە بابەتی جوانیی و سێکس و خۆشگوزەرانیی پیاوان. لە بەشەکانی پێشوودا ئاماژەمان بۆ بەشێک لە ڕێنوێنییەکانی ئەو بڵاوکراوانە کرد ، پێویستە ئەوە بڵێم کە ڕۆژانە و بە بەردەوام ژمارەی خوێنەرانی ئەو بڵاوکراوانە زیادتر دەبن و ئەوانیش بە بەردەوامیی ڕاگەیانراوەکانیان لەسەر مۆدە، تێکنیکەکانی جوانکاریی ، شێوەی هەڵسوکەوتکردن و جۆری بیرکردنەوە و کەسایەتییەکانیان بە زمان ، بۆ ئافرەتانی تر دەگوازنەوە. بۆ ڕونبوونەوەی پتر لە کردەوەی ئەو بڵاوکراوانە ، سەرنج بدەنە ئەو ئامار و زانیارییانەی خوارەوە.

لە ئەمریکا مانگانە بەگشتیی دەیان جۆر گۆڤاری مۆدە و جوانیی بۆ ئافرەتان بڵاودەکرێتەوە کە دەبێت ناوی بڵاوکراوە پەیوەندییدارەکان بە جوانیی جەستە و ئارایشتی قژ و شتی تریشیان بخەینەسەر کە بۆ جوانکاریی ئافرەتان بڵاودەکرێنەوە. تەنیا ئەو گۆڤارانەی کە لە ئەمریکا بۆ جوانیی و مۆدەی ئافرەتان بڵاودەبنەوە ، ڕێژەیەکی سەرسوڕهێنەریان هەیە.

"شێوەی قژ" Hair Style ، "قژ" Hair ، "ئێستا قژ" Hair Now ، "قژی بەهێز" Hyper Hair ، "بیری نوێ بۆ قژ" New ideas for Hair ، "بیری قژبڕین" hairdo ideas ، "قژی ڕەش" Black Hair و "شێوازی قژی کورت" Short Hair Style. ئەمانە ناوی بەشێکی کەمی ئەو بڵاوکراوانەن کە من لە جامخانەی دوکانی گۆڤارفرۆشێک نوسیومە. هەروەها دیاردەی جوانکاریی بە شێوەیەک بە ئافرەتەوە لکێنراوە کە زۆر بە کەمیی بڵاوکراوە بازرگانییەکان دەبینیت چەند لاپەڕەیەکیان بۆ مۆد و جوانیی ئافرەتان تەرخان نەکردبێت! قازانجی زۆری ئابوری و پارەدانێکی زۆر بە بڵاوکراوەکان کارێکی وای کردووە کە کەم بڵاوکراوە چاوی لێ ئەپۆشن ، هەرچەندە زۆربەی بڵاوکراوەکانی مۆد و جوانیی هی کۆمپانیاکانن.

بە هەر حاڵ بۆ نزیکبوونەوەمان لە ڕادەی پروپاگەندەی بابەتی جوانیی و بەسێکسیی کردنی ئافرەتان دەبێت ژمارەی ئەو بڵاوکراوانە و سەدان نامیلکە و ڕێکلامی تر بخەینە بەرچاومان کە لە لایەن کارگە و کۆمپانیاکانی فرۆشتنی جلوبەرگ ، کەرەستەی ئارایشت و کەرەستەکانی جوانکاریی ئافرەتانەوە بڵاودەکرێنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کاتێک ئێمە بە تەواویی ڕادەی ڕێکلامی بڵاوکراوەکانی مۆد و جوانیی ئافرەتان دەزانین کە بە تیراژی چەندان میلیۆنیی ئەوانیش بزانین. پێویستە ئەوەش بزانین کە تیراژی هەر یەکەیان لە سەرووی چەند میلیۆنێکەوەن ، تەنانەت تیراژی زۆربەیان لە ڕیزی 100 بڵاوکراوە زۆرفرۆشەکانی ئەمریکادان. لەوانە، نۆ دانەیان لە ڕیزی 100 بڵاوکراوە

زۆرفرۆشەکانی ساڵی 1996ی ئەمریکادان کە شەشیان پەیوەندیی بە مۆدە و جوانیی ئافرەتانەوە هەبوو و سێ دانەیان پەیوەست بوون بە دەستەکچان و تیراژیان 8922403 و 5923798 بووە و مانگانە 15846201 میلیۆن دانەیان بەم شێوەیەی خوارەوە لێ بڵاوکراوەتەوە [31].

| | |
|---|---|
| کۆسمۆپۆلیتەین | 2486393 |
| 17 ساڵە | 2442090 |
| قۆز | 2115486 |
| لاو و مۆدێرن | 2153815 |
| خانم | 1206054 |
| گەورەکچ | 1327893 |
| بەناوبانگیی | 1018190 |
| سروشتیی | 1000208 |

ئەو بڵاوکراوانە بەگشتیی هەموو لاپەڕەکانیان بە وێنە و وتاری مۆد و ئارایشتی ئافرەتان دەڕازێننەوە و ناوەڕۆکەکانیان جگە لە ڕێکلام بۆ ناسنامەی سێکسیی ئافرەتان ، شتێکی تر نیە. لەگەڵ ئەوەشدا بڵاوکراوەی تریش هەن کە بەشێک لە لاپەڕەکانیان بە شێوەی کۆن و ئاسایی بۆ ئەو مەبەستە تەرخان دەکەن و دەبێت ئەوانیش هەر لە ڕیزی ئەواندا بژمێرین. بەو جۆرە ژمارەی تیراژی ئەو بڵاوکراوانە بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێت. دیارە ئەوانە بەگشتیی تیراژی بەشێک لە بڵاوکراوەکانی مۆد و جوانیین کە لە ڕیزی بڵاوکراوە زۆرفرۆشەکانی ئەمریکادان ، بەڵام گرفتەکە لەوێوە سەرهەڵدەدات کە لە بەرامبەر هەموو بڵاوکراوەکانی مۆد و جوانیی ئافرەتاندا تەنیا یەک گۆڤار پەیوەندیی بە پیاوانەوە هەیە کە لە ڕیزی ناوی (100) گۆڤاری زۆرفرۆشدایە ، ئەویش ناوی "تەندروستیی پیاوان"ە و بە تیراژی

---

[31] - The Word Almanac, 1989.

1373817 دانە. هەرچەندە من ئەو گۆڤارەش لە ڕیزی گۆڤاری ئافرەتاندا دەبینم ، بەڵام هەر وەک دواتر دەبینین لە بابەتی بە سێکسیی کردنی ئافرەتاندا جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ بڵاوکراوەکانی ئافرەتاندا هەیە.

بە هەر حاڵ بۆ ئەوەی کە وێنەیەکی ڕونترمان لەو ڕاستییە هەبێت ، پێویستە لە سنوری گۆڤارە پڕفرۆشەکانی ئەمریکا بیهێنینە دەروەوە و لە چوارچێوەیەکی بەرینتردا لە دیاردەی مۆد و جوانیی بدوێین. لە کتێبێکی ئەستور و قەبەدا کە سەرچاوەی کەڵکلێوەرگرتنی ڕێکلامەکانە "مرجع" و بە ناوی "سەرچاوەی ڕێکلام بۆ بەکاربەرەکان- مستهلک" Source Consumer Magazinee Advertising دا ، لە ئەمریکا بڵاوکراوەتەوە ، دەربارەی ناو و ناوەڕۆکی بڵاوکراوەکانی مۆدە و جوانیی و "خۆپارێزیی" لە ئەمریکادا نوسیویەتی: لەناو ئەو بڵاوکراوانەدا (26) دانەیان پەیوەندییان بە ئافرەتانەوە هەیە و بە ڕێژەی 31469805 دانەیان لێ چاپ و بڵاودەکرێتەوە و تەنیا دوو گۆڤار بە تیژاژی 3156145 دانە بۆ پیاوانن[32] ، واتە بۆ ئافرەتان بە ڕادەی دە ئەوەندەی پیاوانە.

بەو جۆرە هەر مانگەی لە ئەمریکا 31,5 میلیۆن بڵاوکراوە بە وتار و وێنەوە ، ئافرەتان دەخەنە بەر بۆمببارانی پروپاگەندەی خۆیانەوە ، تا پێیان بسەلمێنن کە جگە لە بابەتی سێکس و جوانیی ، شتێکی تر لە ئارادا نیە. دیارە لەو سەنگەرەوە کە بە بەردەوامیی 31,5 میلیۆن بڵاوکراوە بە سەر ئافرەتاندا دەبارێت ، 31,5 میلیۆن کڕیار بەشێکن لەو کەسانە کە دەقی بڵاوکراوەکان دەخوێننەوە و گوێ لە ڕێنوێنییەکانیان دەگرن ، بەڵام ئەگەر سەرنج بدەین ، بۆمان دەردەکەوێت کە هەر ژمارەیەک لەو بڵاوکراوانە دەفرۆشرێت ، بە شێوەی ئاسایی پتر لە خوێنەرێکی هەیە ، واتە "بە لایەنی کەمەوە هەر دانەیەکی دوو

---

32 - SRDS, Consmer Magazine Advertising Source , Nov,1998, vol. 80. no 11.

خوێنەری هەیە". ئەو کاتە ژمارەکە ئەبێت بە 63 میلیۆن، ئەویش نزیکەی نیوەی ژمارەی ئافرەتانی ئەمریکایە. دیارە دەبێت ژمارەی ئەو کەسانەش بخەینە سەر ئەو ژمارەیە کە لە ڕێی زمانەوە دەقی بڵاوکراوەکان دەبیستن ، ئەو کاتە دەبینین کە لە 136 میلیۆن ئافرەتی ئەمریکایی لە ساڵی 1998دا، نزیکەی 97 میلیۆن ئافرەت لەنێوان تەمەنی 14- 55 ساڵییدا، گروپێکی بەرچاوی ئافرەتانن کە گرنگیی دەدەن بە جوانکاریی خۆیان ، بڵاوکراوەکانی مۆدە و جوانیی دەخوێننەوە[33]. لە دۆخی یەکەمدا ئەگەر هەر ژمارەیەک تەنیا یەک ئافرەت بیخوێنێتەوە ، ئەوا بەو ئەنجامە دەگەین کە بۆ هەر دوو ئافرەت و نیو ، گۆڤارێک لە ئەمریکا بڵاودەکرێتەوە. دیارە ئەوە هەموو ئەو بڵاوکراوانە ناگرێتەوە کە دەربارەی مۆدە و جوانیی دەنوسن. بۆ نمونە گۆڤاری "ئارایشتی قژ" ، "جوانیی جەستە" و هەندێک گۆڤاری تر کە کەمتر سەنج دەدەن بە "مۆد و جوانیی و جوانکاریی" ئافرەتان ، لەو هەڵسەنگاندنەدا نین. بە ڕاستیی ئەگەر ئەوانەش لەبەرچاو بگرین و هەر گۆڤارێکی فرۆشراویش پتر لە خوێنەرێکی هەبێت ، ئایا بەو ئەنجامە ناگەین کە بۆ هەر ئافرەتێک گۆڤارێک بڵاودەکرێتەوە؟

دیارە ئەوە یەکێکە لەو تۆپانەی کە بەرەو ئافرەتان دەتەقێنرێنەوە و تۆپێکی تریش هەیە کە لە مەتەرێزی بڵاوکراوەکانەوە بەرەو ئافرەتان دەتەقێنرێتەوە، جگە لەوە ئەگەر ئەو تۆپانەش حساب بکەین کە بەتایبەتیی لە مەتەرێزی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی گشتیی وەک تەلەڤزیۆن و سینەماوە دەتەقێنرێنەوە ، ئەوسا هەست بە هێز و دەسەڵاتی مەزنی پروپاگەندی دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەکەین و دەزانین چۆن بە شەو و بە ڕۆژ مێشکی ئافرەتان دەشۆنەوە و بەرەو بابەتی جوانیی و سێکس پاڵیان پێوەدەنێن.

---

33 - U.S. Statistic’s 1997, Almanaca, 1998, A.S. Bureau of Census.

لە کۆتاییدا ڕێ بدەن پێتان ڕابگەیەنم کە لە تەنیشت ئەو بڵاوکراوانەوە کە ئافرەتان لە دیاردەی جوانیی و سێکسدا دەبینن ، سێ گۆڤاریش هەن کە تایبەتن بە ئافرەتان و بۆ بەهێزکردنی دۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی ئافرەتان هەوڵدەدەن. ئەو سێ گۆڤارە بریتین لە: "ئافرەتی کارکەر" Working Woman کە ڕووی لە ئافرەتانی خوێندەواری یەخە سپییە کە بەشوێن بەدەستهێنانی سەرکەوتندان لە کارەکانیاندا ...و وتار و بابەتەکانی لە چوارچێوەی گەشەکردن لە کاردا، بەڕێوەبەرایەتی ، لێزانیی لە پەیوەندییەکاندا، گەشەپێدانی کارگە بچوکەکان ، ستراتیژیی سەرمایەگوزاریی و تێکنۆلۆژیای نوێ(34). گۆڤاری "کارکەری دایک" Working Mother کە بۆ ئەو دایکانە بڵاودەکرێتەوە کە سەرەڕای کاری ماڵەوەیان و بەخێوکردنی منداڵەکانیان ، لە دەرەوەی ماڵەوەش کاردەکەن و بیر لە کار و داهاتووی خۆیان ئەکەنەوە. سەرئەنجام گۆڤارێکیش بە ناوی "ئافرەت لە بازرگانییدا" Women in Business بۆ ئەندامانی ڕێکخراوی بازرگایدا چاپ دەکرێت و ڕووی لە ئافرەتانی خاوەنکار و خانەنشینەکانە. تیراژی ئەو گۆڤارانە 761419 ، 85000(35) و 52000(36) دانەن و بەگشتیی 1663419 دانەیان لێ بڵاودەبێتەوە کە لە بەرامبەر ڕێژەی 31,5 میلیۆنییدا ، تۆزقاڵێکە! دیارە نابێت ئەوەش لەبیربکرێت کە ئەو گۆڤارانەش وەک هەموو گۆڤارە بازرگانییەکانی تری ئافرەتان ، لە تەنیشت وتارەکانیاندا ، دەربارەی جوانیی ئافرەتان دەنوسن(37). ئایا ئەو ژمارانە بە ڕادەی پێویست

[34] - Bill katz, Linda. Sternberg Katz, R.R. Bowder’s, Magaziner for Libraries, 9th Edition, 1997, p. 1279.

[35]- Ibid.

[36] - SRDS, Consumer Magazine Advertising Source, Dec. 1996. Vo. 180, No. 12, p. 246.

[37]- دیارە گەلێک بڵاوکراوەی فێمنیستییش هەن کە لە بەرەی دژ بەو بڵاوکراوە بازرگانییانەی مۆد و جوانیدا وەستاون. هەرچەندە ژمارەیان زۆرە، بەڵام تیراژیان لە بەرامبەر تیراژی چەندان میلیۆنیی بڵاوکراوەکانی مۆد و جوانییدا بە ڕادەیەک نیە کە کاریگەرییان لەسەر ئافرەتان هەبێت.

دەرخەری ئەو ڕاستییە نین کە ئافرەتان پتر لە هەر شتێک ، گرنگیی بە جوانیی خۆیان دەدەن؟

## ئایا بڵاوکراوە گشتییەکانی ئەمریکا ، بە تەنیا پێکهێنەری کەسایەتی ئافرەتانی ئەمریکایین؟

کاریگەریی ئەو بڵاوکراوانە بە تەنیا ئەمریکا ناگرێتەوە ، هەرچەندە ئەمریکایین و بە سروشت و دابونەریتی ئەمریکاییەوە ئامادەدەکرێن ، بەڵام لە ڕاستییدا چوارچێوەیەکی جیهانییان هەیە. بۆ نمونە گۆڤاری کۆسمۆپۆلیتەین کە لە ئەمریکا چاپ دەکرێت ، لە 17 وڵاتی جیهاندا بە زمانی خەڵکی ئەو وڵاتانە چاپ و لە چوارچێوەیەکی بەریندا بڵاودەکرێتەوە. ئەوە جگە لەو وڵاتانەی کە گۆڤارەکە هەر وەک خۆی بە زمانە ئەمریکاییەکەی دەیفرۆشن.

کۆمپانیای "هێرست" Herst خاوەنی کۆسمۆپۆلیتەین ، کۆمپانیایەکی مەزنی ڕاگەیاندنی ئەمریکاییە کە لە باشوری ئەمریکاشدا خاوەنی دوو گۆڤاری ئافرەتانە بە ناوی Vanidades وBuen Hogar [38] ، جگە لەوەش ، گۆڤار و بڵاوکراوەی تریش هەن کە بە زمانی تر و لە تیراژ و چوارچێوەیەکی بەریندا لە وڵاتانی تردا بڵاودەکرێنەوە. تەنانەت لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا کە خۆی لایەنێکی بەهێزی پروپاگەندەی جیهانە. بۆ نمونە گۆڤارە فەرەنسییەکان لە وڵاتانی فەرەنسایی زمان و شوێنەکانی تری جیهاندا چاپ و بڵاودەکرێنەوە. بڵاوکراوە ئەمریکاییەکان ڕەواجێکی زۆریان هەیە و لە زۆربەی ڕۆژنامەفرۆشییەکانی وڵاتانی ئەوروپادا هەن. گۆڤار و بڵاوکراوە ئەمریکاییەکانی هاوشێوەی کۆسمۆپۆلیتەین و ئەوانی تر ، لە ڕیزی ئەو بڵاوکراوانەدان کە لەناو ئافرەتاندا خۆشەویستن و پلەیەکی باڵایان هەیە. لە وڵاتانی تری

[38] - SRDS, Consumer Magazine Advertising Source, Oct. 1998. Vo. 80, No. 10.

ئەوروپا و وڵاتانی تریشدا ئەو بڵاوکراوانە بە ڕادەیەکی زۆر بڵاودەکرێنەوە. هەروەها گۆڤار و بڵاوکراوەکانی ئەو وڵاتانەش بە تەواویی هاوشێوەی گۆڤارە ئەمریکاییەکانن و لاسایی ئەوان دەکەنەوە. لەوانە گۆڤاری "زن روز" کە لە سەردەمی ڕژێمی شادا بە سەدان هەزار دانەی لێ بڵاودەکرایەوە و نوسراوەکانی لاساییکردنەوەیەکی شەرمنانەی ئەو گۆڤارانە بوو.

لە بواری تەلەڤزیۆن و سینەماشدا، نمونەیەک کە لە ئافرەتانی "جوان و سەرکەوتوو" لە سینەما و تەلەڤزیۆنەکاندا دەخرێتە بەرچاوی گەلانی جیهان ، بەگشتیی لە سینەما و تەلەڤزیۆنەکانی ئەمریکاوە وەردەگیرێن. بەشی زۆری پرۆگرامەکانی تەلەڤزیۆنەکانیش هەر ئەو پرۆگرامانەن کە لە ئەمریکاوە وەرگیراون. بۆ نمونە لە "ئێکوادۆر" ، "چیلێ" و "مالیزیا" ، پتر لە نیوەی پرۆگرامە تەلەڤزیۆنییەکانیان بۆ فیلمە بیانییەکان تەرخانکراون. لە ئەوروپای ڕۆژئاوا، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەشێک لە ئاسیادا پتر لە 20%ی پرۆگرامەکانی تەلەڤزیۆنەکان ، لە ئەمریکا ئامادە دەکرێن.

فیلمی ناسراوی ئەمریکایی "بۆنانزا" Bonanza لە 66 وڵاتدا بڵاوکرایەوە و نزیکەی 350 ملیۆن بینەری هەبوو. ئەمڕۆش "دالاس" چەندان ملیۆن بینەری لە مالیزیاوە تا ئافریکای باشور هەیە. جگە لەوە بەشێکی زۆری ئەو فیلمانەش کە لەو وڵاتانەدا دەرئەهێنرێن ، بە چەشنی بڵاوکراوە گشتییەکان ، لاساییکردنەوەیەکی تەواوی فیلمە ئەمریکاییەکانن[39]. ئافرەتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات کاردانەوەیەکی سەیریان سەبارەت بە فیلمە زنجیرەییەکانی Soap Opera ی ئەمریکا هەیە. "زنجیرەیەکی درێژ ، ناپەسەند ، بێنرخ و خەیاڵیی کە باسی ڕووداوەکانی ڕۆژانەی چینە جیاوازە بەرزەکان ئەکات. " فیلمە زنجیرەییەکانی تەلەڤزیۆن کە لە لایەن کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنەری

39 - Wendy Chapkis , Beauty Secrets, p. 40- 41, South End press, 1986.

تەلەڤزیۆنیی ئەو وڵاتانە بە لاساییکردنەوە لە فیلمە زنجیرەییە هاوشێوەیەکانیان لە ئەمریکا دروستدەکرێن ، بەڵام بە کلتور و نەریتی وڵاتەکانیان و بە شێوەیەکی لاواز و سەرەتایی. پێدەچێت لە 4 - 5 ساڵی داهاتوودا دەبێت ئێمە چاوەڕوان بین کە ئەو فیلمە پڕ سۆز و درێژانە ، لەو وڵاتانەدا بە ئەوەجی خۆشەویستی بگەن!

بۆ نمونە لە هەرێمی وێران و شەڕ تێدا هەڵگیرساوی "بۆسنیا- هێرزێگۆڤینا" Bosnia-Herzegovina تەنیا بۆ کۆپلەیەکی بچوکی فیلمێکی زنجیرەیی کە ئافرەتی پاڵەوانی فیلمەکە بە تاشە بەردەێکەوە بەسترابووەوە و وا پێشاندەدرا کە خەریکە لەو بەرزاییەوە دەکەوێتە خوارەوە ، 200 بینەر دوای بینینی فیلمەکە تەلەفۆن بۆ وێستگەی تەلەڤزیۆنەکە دەکەن و پرسیاری چارەنوسی ئافرەتەکە دەکەن(40) !

## ئایا پیاوانیش لە بڵاوکراوەکانیاندا وەک ئافرەتان بیر لە جوانیی خۆیان دەکەنەوە؟

دیارە نا. با بزانین دەقی بڵاوکراوەکانی پیاوان بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ دەقی بڵاوکراوەکانی ئافرەتان لە چ پلەیەکدان. سەرەتا سەیری بڵاوکراوەکانی پیاوان ئەکەین کە هاوشێوەی بڵاوکراوەکانی ئافرەتانن و لە مۆدە و جوانیی دەدوێن. لە کتێبی "سەرچاوەی ڕێکلام بۆ بەکاربەرەکان" Consumer Magazine Advertising Source دا، لە بەشی بڵاوکراوەکانی پیاواندا بە پێچەوانەی بەشی ئافرەتانەوە جێگەیەک بۆ مۆد و جوانیی دانەنراوە(41). لە بەشی ئافرەتاندا چوار جێگای گۆڤارەکان بۆ "مۆدە و جوانیی" ، "جوانیی جەستە" ، "بەشی بوکەکان" و

---

40 - cathy Meils, E.. Euoros Soak in Soaps; Femme Channels and for Steamy Telenovels, Telvision for Women in E. Europé. Veriety, July 13, 1988, No 9, p. 33.

41 - SRDS, Consumer Magazine Advertising Source, Oct 1998. Vol. 80, No. 10, p. 568

"دورروونی جلوبەرگ" تەرخان کراوە[42]. ئەوانە بەشێکی ئەو گۆڤارانە پێکدەهێنن کە دربارەی مۆدەی جلوبەرگ و جوانکاریی ئافرەتان دەنوسن ، بەڵام لە بەشی پیاواندا تەنیا یەک جێگا هەیە کە باس لە "جوانیی جەستە" دەکات. لە بەرامبەردا گۆڤارەکان چوار جێگایان بۆ بەشی جوانکاریی ئافرەتان تەرخانکردوە و تەنیا دوو جێگایان لە چوار لاپەڕەدا بۆ پیاوان داناوە کە باسی "پەروەردەکردن و مامۆستا" و "کۆمەڵە پیشەییەکان و خزمەتگوزاریی و ڕێکخراوەکانی سەربازانی دێرین " Veterans داناوە.

ئەوە لە کاتێکدایە کە لە بەشی پیاوانی گۆڤارەکاندا لە بەرامبەر پێنج بەشدا کە باسی ئوتۆمبێل ، ڕاو و ڕاوەماسی ، وتاری ترسناک و تێکدەرانە دەکرێت ، هەروەها داستانی زانستیی و خەیاڵیی و تەنیا بەشێکی دەربارەی جوانکاریی جەستە هەیە. واتە پێنج بە یەک. بە وتەیەکی تر ژمارەی بەشی گۆڤارەکان کە پەیوەندییان بە مۆدە و جوانیی ئافرەتانەوە هەیە چەندان جار بەرامبەری بەشەکانی پیاوانن. بە ڕای ئێوە مانای ئەو دوو بۆچوونانە چییە؟

دیارە من نامەوێت بڵێم کە پیاوان گرنگیی نادەن بە مۆدە و جوانیی. نا ، ئەوانیش بڵاوکراوەی مۆد و جوانیی خۆیان هەیە، بەڵام چونکە ژمارەیان زۆر کەمە، لە کتێبی "سەرچاوەی ڕێکلامەکان بۆ بەکاربەران"دا بە چەشنی بڵاوکراوەکانی ئافرەتان بەشێکی جیاوازیان بۆ تەرخان نەکراوە. لەبەرئەوە لە بڵاوکراوەکانی "مۆدە و خۆپارێزیی" Fashion & Grooming دا هەر وەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد 26 بڵاوکراوەی مۆد و جوانیی بۆ ئافرەتان دانراوە و تەنیا دوو بڵاوکراوە بۆ پیاوان هەیە بە تیراژی ئاسایی لە بەرامبەر تیراژی سەرسوڕهێنەر بۆ ئافرەتاندا.

---

42 - Ibid , p. 909

پێشتر بینیمان کە چۆن لەنێوان 100 گۆڤاری زۆرفرۆشی ئەمریکادا لە ساڵی 1996 دا، نۆ گۆڤاری مۆدە و جوانیی ئافرەتان بە تیراژی نزیکەی 15 ملیۆن دانە لە مانگێکدا ، تەنیا دوو گۆڤاری مۆد و جوانیی پیاوان هەبوو کە تیراژیان نزیکەی 3 ملیۆن بوو ، واتە پێنج بە یەک. ئەو جیاوازییە لەنێوان ڕێژەی گۆڤارەکاندا ، بێگومان لەو ڕاستییە دەدوێت کە پیاوان کەمتر لە ئافرەتان گرنگیی بە جوانیی خۆیان دەدن. بە چ ڕادەیەک؟ بە ڕێژەی جیاوازی ئەو گۆڤارانە ، بەڵام نا. ئەوە ناتوانێت ڕاستیی مەسەلەکە بێت ، چونکە مەبەست تەنیا جیاوازیی نێوان ڕێژەی گۆڤارەکان نیە ، بەڵکوو مەسەلەیەکی تریش لە ئارادایە کە یەکێک لەوانە بۆ جوانیی هەوڵدەدات و ئەوی تریان بۆ مەبەستێکی تر. دیسان هەرگیز بەو جۆرە نیە کە ئافرەتان و پیاوان لە بڵاوکراوەکانیاندا بە تەنیا گرنگیی دەدەن بە وێنە و بابەتی جوانکاریی خۆیان. لەو ڕوانگەیەوە کە تیراژی بڵاوکراوەکانی ئافرەتان پتر لە بڵاوکراوەکانی پیاوانە ، ئەو واتەیە نابەخشێت کە ئەوان پتر گرنگیی بە جوانکاریی خۆیان دەدەن ، بەڵکوو باسەکە لەوە فرەوانترە.

کاتێک دەڕوانیتە لاپەڕەکانی گۆڤارەکانی مۆد و جوانیی پیاوان ، بە سەرسوڕمانەوە دەبینین کە لەسەر بەرگ و لاپەڕەکانی ئەو گۆڤارانەشدا لە جیاتی وێنەی سێکسیی پیاوان ، وێنەی سێکسیی ئافرەتان چاپ دەکرێن. بە وتەیەکی تر ، تەنانەت پیاوان لە بڵاوکراوەکانی خۆشیاندا، پێیانخۆشە وێنەی جوان و سێکسیی ئافرەتان ببینن ، وەک لە وێنەی پیاوان. بە زمانێکی تر ، پیاوان پتر لەوەی کە بیر لە جوانیی خۆیان بکەنەوە ، لە بیری ئافرەتانی جواندان و ئافرەتانیش "کە بڵاوکراوەکانیان بە وێنەی جوانیی و سێکسیی خۆیان داپۆشراوە" بیر لە جوانیی خۆیان دەکەنەوە، وەک لە وێنەی سێکسیی پیاوان.

ڕەنگە ئافرەتێک بێت و بڵێت من پتر بیر لە جەستەی سێکسیی پیاوان دەکەمەوە وەک لە جوانیی و جوانکاریی خۆم. ئەگەر شتێکی لەو جۆرە

ڕوودات ، دەبێت بڵێم ڕاستە ، بەڵام کۆمەڵگای پیاوسالاریی بە بڵاوکراوەکانی دەیەوێت کە تۆ وەک ئافرەتێک پتر بیر لە جوانیی خۆت بکەیتەوە وەک لە نیازەکانی ترت. ئەوە بۆچوونی من نیە ، بەڵکوو لە بڵاوکراوەکاندا دەردەکەوێت.

ڕێ بدەن بۆ ئەو گوتنەی سەرەوە ، چەند نمونەیەک بهێنمەوە. سەرەتا بڵاوکراوەکانی مۆد و جوانیی پیاوان. ئایا ئەو بڵاوکراوانە بە چەشنی بڵاوکراوەکانی ئافرەتان پڕن لە وێنەی سێکسیی پیاوان و وتار دەربارەی جوانکارییان؟ هەرگیز نا ، ئەو بڵاوکراوانە بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانەوە بە چەشنی بڵاوکراوەکانی ئافرەتان پڕن لە وێنەی سێکسیی ئافرەتان! سەیری چەند ژمارەیەکی ئەو گۆڤارانە بکەن کە لە جانیواری 1999 دا بڵاوکراونەتەوە:

1- F H M : سەربەرگ و لاپەڕەکانی ناوەوەی ئەو گۆڤارە پڕە لە وێنەی سێکسیی ئافرەتان.

2- Maxim : سەربەرگ و لاپەڕەکانی ناوەوەی ئەو گۆڤارە پڕە لە وێنەی سێکسیی ئافرەتان.

3- Datad : سەربەرگ و لاپەڕەکانی ناوەوەی ئەو گۆڤارە پڕە لە وێنەی سێکسیی ئافرەتان و پیاوان.

4- Lotad : وێنەیەکی سێکسیی ئافرەتێک لە سەر بەرگەکەیەتی و لە لاپەڕەکانیدا وێنەی سێکسیی ئافرەت و پیاو چاپکراوە.

5- Details : وێنەیەکی سێکسیی ئافرەتێک لە سەر بەرگەکەیەتی و لە لاپەڕەکانیدا وێنەی سێکسیی ئافرەت و پیاو چاپکراوە.

6- تەنیا بۆ پیاوانی ڕەش پێست Just for Black Man : سەر بەرگ و لاپەڕەکانی ناوەوەی وێنەی سێکسیی ئافرەتانە.

7- پیاوانی ڕەش پێست Black Man : سەر بەرگ و لاپەڕەکانی ناوەوەی پڕە لە وێنەی سێکسیی ئافرەتان.

سەرنج بدەن! هەموو ئەو گۆڤارانەی مۆد و جوانیی ئافرەتان کە پێشتر ئاماژەم بۆ کردن پڕن لە وێنەی سێکسیی ئافرەتان و بە ڕێکەوت وێنەی

پیاوێکیان تیادایە. بەو جۆرە تێدەگەین کە چۆن زۆربەی گۆڤارەکانی پیاوان لەسەر بەرگ و لاپەڕەکانیان سود لە وێنەی ئافرەتی سێکسیی و نیوە ڕوت وەردەگرن وەک لە وێنەی سێکسیی پیاوان!

**پرسیار:** بۆچی لە هەردوو بڵاوکراوەکانی ئافرەتان و پیاواندا وێنەی ئافرەتان بڵاودەکرێتەوە و بە پلەی یەکەم گرنگیی بە وێنەی ئافرەتان دەدەن؟

**وەڵام:** بۆ ئەوەی کە ئافرەتان لە بڵاوکراوەکانی خۆیاندا فێر ببن چۆن خۆیان بۆ پیاوان جوان و سێکسیی بکەن و پیاوانیش لە گۆڤارەکانی خۆیاندا فێر ببن کە چۆن چێژ لە سێکسیی ئافرەتان ببینن. ئەوە پەیوەندیی نێوان ئافرەتان و پیاوانە لە کۆمەڵگای مۆدێرنی سەرمایەدارییدا. لە گۆڤارەکانی پیاواندا سەرەڕای بڵاوکردنەوەی وێنەی ئافرەتان ، وێنەی پیاوانیش چاپ دەکرێت. هەر وەک لە بەشەکانی پێشوودا ئاماژەم بۆ کرد ، ڕەنگە لە ڕوانگەی ئافرەتانەوە پێویست نەکات کە وێنەی پیاوان بە جلوبەرگی نیوەڕوتەوە بێت. بۆیە وێنەی پیاوان بە جلوبەرگی ئاساییەوە پێشاندەدرێت. هەروەها بەپێچەوانەی گۆڤارەکانی ئافرەتانەوە کە 90%ی ڕێکلامەکانیان پەیوەندییان بە دیاردەی مۆد و جوانییەوە هەیە ، ڕێکلامەکانی پیاوان ، بۆ نمونە هەر وەک لە گۆڤاری "ماکسیم" Maxim دا دەبینرێت ، پتر پەیوەندیی بە ئوتۆمبێل ، مۆتۆرسایکل ، گەشتکردن ، خواردنەوەی ئەلکهول ، وەرزش ، موزیک ، فیلمی ڤیدیۆ و سینەما ، کتێب ، کاتژمێر ، تەلەفۆن ، جگەرە ، هەروەها لە زۆربەیاندا پیاوان بە پێڵاو و جلوبەرگەوە دەبینرێن.

**پرسیار:** ئایا ئەوە ناگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتی چاوەڕوانییەکانیان و جیاوازیی داخوازییەکانیان؟ ئایا ئەوە بە واتەی چاولێکەریی لە دنیای دەرەوە نیە؟

**وەڵام :** ڕوونە کە بڵاوکراوەکانیش بە چەشنی هەر پێکهاتەیەکی بازرگانیی بۆ ڕاکێشانی ڕای خوێنەرانیان و فرۆشتنی پتری بەرهەمەکانیان ، ناچارن گرنگیی بە داخوازیی خوێنەرانیان بدەن ،

بۆیە ناوەڕۆکیان بەگشتیی ڕەنگدانەوەی داخوازیی دەرونیی کۆمەڵگایە. بڵاوکراوەکان سەرەڕای بڵاوکردنەوەی ویست و داخوازییە بەرچاوەکانی کۆمەڵگا، وەک دەزگایەکی ڕاگەیاندنی گشتیی ، ڕێکلامیش بڵاودەکەنەوە و هەوڵدەدەن خوێنەرانیان بەرەو بەرژەوەندەکانی خۆیان ڕابکێشن. ئێستا ڕێ بدەن کە گۆڤارێکی نوێی ئابوریش بەسەربکەینەوە و بزانین ڕووی ئەو گۆڤارە لە چ کەسانێکە.

## گۆڤاری ئابوری و بازرگانیی بۆ چ کەسانێک دەنوسێت؟

لەو ڕوانگەیەوە کە پیاوان پتر لە ئافرەتان بە شوێن دۆخی ئابوری و دارایی خۆیانەوەن ، ئەو گۆڤارە لەنێوان پیاواندا لایەنگریی زۆرە. دیارە هەر وەک پێشتر بینیمان پیاوانیش گۆڤاری مۆدە و جوانیی تایبەت بە خۆیان هەیە ، بەڵام ئەو جۆرە گۆڤارانە بەگشتیی لەنێوان ئافرەتاندا پتر خۆشەویستن و بە چەشنی گۆڤاری تایبەت بە ئافرەتان دەناسرێن و پیاوان گۆڤاری تر دەخوێننەوە. بە وتەیەکی تر ، لە کاتێکدا کە بڵاوکراوەکانی مۆدە و جوانیی بەگشتیی بۆ ئافرەتان بڵاودەکرێنەوە ، گۆڤاری "فۆرب" Forb و "سەرکەوتن" Success و بەشێکی تر هەن کە لە بوارەکانی ئابوری و بازرگانیی و سەرمایەگوزارییدا دەنوسن و بەگشتیی ڕوویان لە پیاوانە. بۆ نمونە بنواڕە ژمارەی ئاپریلی 1998ی گۆڤاری "فۆرب". هەرچەندە زۆربەی وێنەکانی ئەو گۆڤارە پیاون ، بەڵام وێنەیەکی جەستەی سێکسیی پیاوی تیادا نیە. لێرەدا وێنەی پیاوان دەبینین کە بڕیاردەری ئابورییە بەرزەکانن ، پارە بەدەستدێنن و خاوەن دەسەڵاتن. لە گۆڤاری "سەرکەوتن"دا هەر بەو جۆرە. نزیکەی 70-80%ی وێنەکانی پیاون ، بەڵام وێنەی پیاوەکان بەپێچەوانەی وێنەی ئافرەتانەوە ، بۆ کارە گرنگەکان تەرخانکراون.

لە ژمارەکانی ئاپریلی ساڵی 1998ی دوو گۆڤاری C magazine و C Computingدا کە پەیوەندییان بە کۆمپیوتەرەوە هەیە ، وێنەی 80-

90% ی ڕێکلامەکانی بازرگانیی پەیوەندییان بە کۆمپیوتەر و پیاوەوەیە کە بەرگی ئاساییان لەبەردایە. لە کاتێکدا هەر وەک پێشتر بینیمان وێنەکانی 80- 90%ی گۆڤارەکانی مۆدە و جوانیی وێنەی ئافرەتانی سێکسیین.

# بەشی دووەم:

# ئافرەت کۆیلەیماڵەوە

# فەسڵی یەکەم : کچ سامانی خێزانه

## بۆچی ئافرەتان بەرلە شووکردن مافی پێکهێنانی پەیوەندیی سێکسییان نیە؟

لە سەردەمە کۆنەکاندا کچ مافی پێکهێنانی پەیوەندیی سێکسیی لەگەڵ کوڕ- پیاودا نەبوو. ئێستاش لە زۆربەی وڵاتاندا بەگوێرەی ڕێسای کۆن ، مافێکی لەو جۆرە بە ئافرەت نادرێت. نەک هەر ناتوانن پەیوەندیی سێکسیی بەرلە شووکردنیان هەبێت ، بەڵکوو پەیوەندیی سێکسیی جگە لەوەی لەگەڵ مێرددا دەکرێت ، بە تاوانێکی گەورە و ڕیسواکەرانە دەژمێررێت و سزای توند و چاوەڕواننەکراوی هەیە. سەرنج بدەنە ئەم بەسەرهاتەی خوارەوە کە لە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز وەرگیراوە(1).

## عەیب و عارەکانی سەدەکانی ناوەندیی زنجیرن لە دەست و پێی ئافرەتاندا

"ڕەشیدە" کچێکی جوان و شەرمنی وڵاتی "مەراکیش"ە. ئێستاش لە بەند و داوی سەدە ناوەندییەکاندا دەژی. لە ژورێکی بچوک و شێداری کارگەیەکی کۆکردنەوەی ماسی لە شاری "ئەغادیر" دا دەژی و بە شەو و بە ڕۆژ چاوەڕوانە کە پاپۆڕی ماسیگرتن بێت و خاوەنکارەکەی کارێکی بداتێ.

---

[1]- وتاری Marlise Simons ، دوای دەستدرێژیی ، تەمەنێک شەرمەزاریی ، ئەوە مەراکیشە. لە ڕۆژنامەی ئەغادیر وەرگیراوە. نیویۆرک تایمز، دوو شەممە ، یەکەمی فێبرواریی 1999، بەشی نێونەتەوەیی ، لاپەڕەی A 4 YNE.

ڕەشیدە بۆ وەرگرتنی تەنیا پێنج دۆلار لە ڕۆژێکدا، ئەو کارە دژوارە دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا و کە تەمەنی 23 ساڵە ، خۆی بە مرۆڤێکی خۆشبەخت دەزانێت و دەڵێت: **(ئەگەرچی بە ڕادەی پێویست ناخەوم ، بەڵام بەرامبەر بەوە ، جێگایەکم بۆ خەوتن و پارەم بۆ خۆراکی منداڵەکەم هەیە.)** ئەمە وتەی کچێکە کە سەری خۆی کزکردووە ، بەڵام دەنگی بەرز و دلێرە.

ڕەشیدە دایکێکی شوونەکردووە! لە کۆمەڵگای ئیسلامیی وەک مەراکیش دا ، ژیانی ئاسایی بۆ نەماوە و ئاوارە بووە. بەگوێرەی یاسای ئیسلامیی مەراکیش ئافرەت بە نیوەی پیاو دەژمێررێت و بە نیوەی پیاوێک میراتی پێدەبڕێت و بەبێ ڕێدان و ڕەزامەندیی پیاوێکی خێزانەکەی ، ناتوانێت شوو بکات ، بەڵام مێرد دەتوانێت بەبێ هیچ گیروگرفتێک بە ئاسانیی تەڵاقی بدات و لە ماڵی خۆی دەریبکات. لەوە دژوارتر ئەوەیە کە ئەگەر ئافرەتێکی شوونەکردوو منداڵی ببێت! لەوەش زیادتر بێڕێزیی پێدەکرێت.

کچانی سکپڕ ، تەنانەت ئەگەر تەمەنیشیان زۆر کەم بێت ، یان دەستدرێژییان بۆ کرابێت ، لەو دیدەوە کە بێئابڕوو کراون ، لە ماڵ دەردەکرێن. هەندێک جار ئەو جۆرە کچانە دەکەونە بەر هەڕەشەی کوشتنی براکانیان. حکومەت و ڕێکخراوە شارستانییەکان و خێرخوازەکان پشتیوانیی ئەو جۆرە کچانە ناکەن و بە تاوانبار دایاندەنێن.

لەباربردنی منداڵ یاساخە و کارێکی ئاسان نیە. هەرچەندە ئافرەتانی خوێندەوار و دەوڵەمەند دەتوانن بە پارە منداڵ لەبارخۆیان ببەن ، بەڵام ئافرەتانی کەمتەمەن و هەژاری وەک ڕەشیدە ، تەنانەت نازانن چۆن بە دوای ئەو جێگایانەدا بگەڕێن کە منداڵەکانیان لەبارببەن. دیارە ڕەشیدە تەنیا ئافرەتێک نیە کە ناوی خێزانەکەی خۆی ناڵێت. دەڵێت لە لایەن کوڕی خێزانێکەوە دەستدرێژیی لێکراوە کە خزمەتکاریان بووە و دواتر دەریان کردووە. نەیدەزانی بۆ لەباربردنی

منداڵەکەی ڕوو لە کوێ بکات. باوک و براکەی پێیانڕاگەیاندبوو کە نەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە. بەرلە کارکردنی لە کارگەی ماسی ، لە شەقامەکان دەنوست و سواڵیدەکرد.

"مارسیلیلا یامزانی" پسپۆڕ لە بواری مافی ئافرەتان لە "یۆنسکۆ" کۆمەڵەی فەرهەنگیی ، زانستیی و پەروەردەکردنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێت: **(لە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامییدا پیاوان دان بە بوونی ئافرەتە سکپڕە شوونەکردووەکاندا نانێن.)**

لە مەراکیش ، کاربەدەستانی حکومەت دەڵێن هیچ ئامارێکیان لەسەر دایکانی زوگورتی و منداڵانی نایاسایی ئەو دایکانە نیە و هیچ چەشنە پێویستییەکی خزمەتگوزارییان بۆ ناکرێت ، بەڵام یارمەتیدەرانی کۆمەڵایەتی دەڵێن پێ بەپێی گەورەبوونەوەی شارەکان و کۆچی ئافرەتان بۆ شاران ، ژمارەی دایکانی زوگورتی و هەژار پەرەی سەندووە. لەو ڕوانگەیەوە کە ئەو دایکانە و منداڵەکانیان لە کۆمەڵگادا دوردەخرێنەوە ، بەشێکیان بە ناچاریی ڕوو لە سواڵکردن و فرۆشتنی سێکس دەکەن.

دیارە زۆربەی ئافرەتان ، منداڵە نایاساییەکانیان فڕێدەدەن ، ئەوەش بۆ پۆلیس دیاردەیەکی ئاساییە کە منداڵ لە شەقام و پارکەکاندا بدۆزێتەوە. ساڵی ڕابوردوو ڕۆژنامەکانی شاری دار البیضاء "کازابلانکا"، ڕایانگەیاند کە پارساڵ پۆلیس 364 منداڵی ساوای دۆزیوەتەوە. هەروەها ئەوەش ئاساییە کە دایکانی زوگورتی کاتی بەجێهێشتنی نەخۆشخانە ، منداڵەکانیان لەوێ بەجێبهێڵن. بە وتەی کاربەدەستێکی ناوچەیی ، نەخۆشخانەی شاری "ئەغادیر" خەریکی بەخێوکردنی 60 منداڵی فڕێدراوە. گرفتەکە کاتێک پەرەدەسێنێت کە لە قورئاندا بەشێک بە ناوی بەخێو کردنی منداڵی بێگانە Adoption ، بە هەتیویی نەگونجاوە. لە ئاکامدا زۆربەی ئەو منداڵانەی کە کەس لایان لێناکاتەوە ، لە هەتیوخانەکاندا بەخێودەکرێن. خاتوو "موجابە ئێدبۆچە" Edbouche دەڵێت:

**- (ئەوە یەکێکە لەو لایەنە تاریکانەی ئایینی ئیسلام کە حکومەت بە بەردەوامیی باسی یارمەتیدان دەکات ، بەڵام لێرەدا و سەبارەت بە دایکانی زوگورتی ، ڕیاکارانە هەڵسوکەوت دەکات ، وەک ئەوەی کە ئەوانە لەشفرۆش بن.)**

خاتوو ئێدبۆچە دەڵێت بە بینینی ئەو بێدادییە ، چوومە ڕیزی پارێزەرانی مافی ئافرەتانەوە. ئەو باخچەیەکی نایابی منالانی لە ئەغادیر بۆ دایکانی زوگورتی و هەژار کردووەتەوە کە خەرجیی و پێویستییەکانی لە لایەن ڕێکخراوێکی خێرخوازیی سویدییەوە دابیندەکرێت.

ئەو دایکە زوگورتییانەی کە خاتوو ئێدبۆچە وتووێژیان لەگەڵدا دەکات، زۆربەیان کچانی گوندیی و نەخوێندەوارن کە شتێک سەبارەت بە ژیان نازانن و تەمەنی زۆربەیان لە نێوان 8-10 ساڵدایە و بۆ خزمەتکاریی ڕەوانەی شارەکان کراون. خاتوو ئێدبۆچە دەڵێت ئایا بەڕاستیی ئەوە بنەماڵەکانن کە دەبێت بە تاوانبار بناسرێن ، یان ئەو پیاوانەی کە ئەوانیان فریوداوە و دەستدرێژیان لێکردوون. ئێدبۆچە بە دەنگێکی بەرز کە لە توڕەبوونییەوەیە ، دەڵێت: **(بەڵام لێرەدا هەرگیز پیاو بە بەرپرس و تاوانبار نازانن و لەو بوارەدا هەموو شەرمەزارییەکە بۆ ئافرەتان دەگەڕێننەوە.)**

"نۆشا سکاڵی" Nousha Skali پزیشکی دەرمانساز کە لە پێکهێنانی ناوەندێکی یارمەتیدانی یاساییدا هاوکاریی ئافرەتانی کردووە ، دەڵێت: **(پۆلیس بە کەمیی سەرنج دەداتە شکایەتی دەستدرێژییکردنی سێکسیی بۆ سەر ئافرەتان. پۆلیس لەگەڵ ئافرەتێک کە دەستدرێژیی سێکسیی لێکرابێت ، وەک تاوانبارێک ڕووبەڕووی دەبێتەوە و هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکات. لێی دەپرسێت: چ جلوبەرگێکت لەبەر دابووە؟ یان تۆ لە شەقامەکاندا چیت دەکرد؟)**

فاتمە زرا تۆفیق کە لە نانەواخانەیەکدا کار دەکات ، کوڕێکی حەوت مانگی هەیە کە هێشتا نەیتوانیوە ناوی بنێت. دۆستەکەی "باوکی

منداڵەکەی" ، ئامادە نیە کە فاتمە تۆفیق بە هاوسەری قبوڵ بکات ، یان منداڵەکەی بە ناوی خۆیەوە بێت. ئەویش بۆ ناونانی منداڵەکە بە ناوی خۆیەوە ، دەڵێت دەبێت باوکی یان براکەی ڕێی بدەن کە ئەوانیش ڕازیی نین. دەڵێت باوکم قیژاندی بەسەرمدا و گوتی: **(هەرگیز نامەوێت جارێکی تر بتبینم و چاوم بەو منداڵە حەرامزادە بکەوێت.)** لە کاتێکدا کە فرمێسکەکانی دەسڕییەوە ، گوتی : **(براکەم گوتی ئەگەر جارێکی تر بگەڕێیتەوە بۆ ماڵەوە ، خۆت و منداڵەکەشت دەکوژم.)** لەبەرئەوە لە ناسنامەی منداڵەکەیدا نوسرابوو "وادیە" ، واتە باوک نەناسراو و پاشناوی نیە.

لە کارگەی ماسیدا کە ڕەشیدە کاری لێدەکات ، نزیکەی 50 ئافرەت لە ژورێکی پیسدا دەژین! زۆربەیان بێ شووکردن منداڵیان هەیە. ئەو ئافرەتانە چونکە گرنگییان بە پرسیارەکانی من نەدەدا ، ئامادە نەبوون کە پاشناوی خۆیانم پێ بڵێن.

زارا ئافرەتێکی 45 ساڵە ، دەستی بە پولەکەی ماسی داپۆشرابوو ، بە مەبەستی بەخێرهاتنکردنم دەستی بەرزکردەوە. لەگەڵ پێنج ئافرەتی تر و سێ منداڵی خۆی کە یەکێکیان تەمەنی 23 ساڵ بوو بە ناوی "هەریبا" و لەو کارگەیەدا لەدایک ببوو ، هەر لەوێش کاری دەکرد و لە ژورێکدا دەژیان. زارا دەڵێت: **(هەریبا کچی پۆلیسێکە کە لە گۆڕستانەکەی شار بەزۆر دەستدرێژیی لێکردووم.)**

ڕەشیدە بە ڕوخسارە خەمبارییەوە هەست بە بوونی "هیبا" کچە چوارساڵانەکەی دەکات و کچەکەی تەنیا خۆشیی ژیانیەتی. لە تەمەنی شەش ساڵییەوە بۆ پارە پەیداکردن ڕەوانەی شار کراوە.

ئەو هەلومەرجە تەنیا ئافرەتانی مەراکیش ناگرێتەوە ، بەڵکوو لە هەموو وڵاتانی ئیسلامییدا ئافرەتان بە شێوازی جیاواز لەو دۆخەدا دەژین و ئەگەر ئافرەتێک لە دەرەوەی پەیوەندییەکانی هاوسەریی خێزاندا لە دایک بووبێت ، هەر بەو جۆرە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکەن.

لە "کەراچی" کە یەکێکە لە شارە گەورەکانی پاکستان، ساڵانە 16550 مناڵ فرێدەدرێن کە 99%یان کچن(2).

## مافی خاوەندارییەتی بەسەر سێکسدا و سزای سەرپێچی لێکردنی

گوێ لە داستانی "ڕەعنا عەرەفات" بگرن کە بە هۆی پشتگوێخستنی مافی خاوەندارییەتی خێزانەکەی بەسەر سێکسیی خۆیدا ، چۆن کوژراوە. ڕەعنا عەرەفات کچێکی 23 ساڵەی وڵاتی "ئوردن" بووە. تاوانەکەی ئەو ، شوونەکردن بوو بە پیاوێک کە خێزانەکەی بۆیان دیاریی کردبوو. کەسێکی تری خۆشدەویست ، بەڵام چونکە وەک کاڵایەک کە خێزانەکەی خاوەنی بوون ، مافی کۆنترۆڵکردنی جەستە و لەشی خۆی نەبوو. گوشاریان بۆ دەهێنا کە خۆی بداتە دەست کەسێکەوە کە ئەوان بۆیان دیارییکردبوو. لەو یاسایە یاخی بوو ، خێزانەکەی بەجێهێشت و ڕایکرد ، بەڵام بە ڕاگەیاندنی ئەو هەواڵەی کە لە تەلەڤزیۆندا بڵاوکرایەوە کە خێزانەکەی زۆری لێناکەن و با بگەڕێتەوە ماڵەوە ، خۆی ئاشکرا کرد و گەڕایەوە ماڵەوە ، کەچی ڕۆژێک دوای گەڕانەوەی لە 19 ی ئەوگوستی ساڵی 1997 دا براکەی پێنج گوللەی پێوەنا و کوشتی(3).

دیارە نابێت وا بیربکرێتەوە کە دیاردەیەکی لەو جۆرە تەنیا بۆ ئوردن و وڵاتە عەرەبیی و ئیسلامییەکان دەگەڕێتەوە ، نا ، هەرگیز بەو جۆرە نیە ، ئەوانە بەشێکی بچوکن لەو هەزاران تاوانەی کە ڕۆژانە بە پلەی جیاواز لە گۆشە و کەناری جیهاندا ڕوودەدەن.

---

2 - Goodwin Jan. Price of Woman, Boston, 1994. p. 64.
بەڵگەی فارسی ، لە لاپەڕەی 615 موسوڵمان و موسوڵمانیی وەرگیراوە.

3- سەرچاوەی ئەو زانیارییە فیلمێکی دۆکیومێنتییە بە ناوی "سزای ناموسیی" کە Shelly Saywell دەرهێنەریەتی و لە وتاری "اعظم کم گویان" لاپەڕەی 14ی گۆڤاری "همبستگی" ئۆرگانی فیدراسیۆنی سەرانسەریی پەنابەرانی ئێرانیی ژمارە 81 مای ساڵی 2000 وەرگیراوە.

گرنگیی ئەو دیاردەیە لەوەدایە لەوەدایە کە کۆمەڵگای ئاسایی و لەوانەش یاسا حکومییەکانیان ئەو جۆرە کوشتنانە بە تاوانێکی جیددیی دانانێن. لەو وڵاتانەدا بەشێکی زۆری کۆمەڵگاکە وەک ڕابوردوو ، ئافرەت بە سامانی خێزان دەزانێت. لەبەرئەوە مافی خاوەندارییەتی باوک یان خێزان بەسەر ئافرەتدا بە ڕادەیەکی زۆر ، بەڵام نەک بە قورسایی پێشوو بە ڕەسمیی دایدەنێن. لەبەرئەوە هەر لەو وڵاتانەدا یاسا بە جیددیی ناگرن ، بەڵکوو کۆمەڵگای پیاوسالارییش لەو وڵاتانەدا لە جێبەجێکردنی یاسادا سەرپێچی دەکات ، یان کاتی دادگاییکردنەکانیش بە هۆی چەندان ڕێگای دەربازبوونەوە لە یاسا ، بە کردەوە یاساکان سودیان نابێت. بەڵگەی ئەو گوتنە ، برا و کوژەری ڕەعنایە ، چونکە تەمەنی لەژێر تەمەنی یاساییدا بوو ، بە شەش مانگ سزادرا و پلاندانەرە سەرەکییەکان کە ئەندامانی گەورەی خێزانەکە و تاوانباری بنچینەیی کوشتنەکە بوون ، ئازادکران. لە ڕاستییدا بە ناساندنی برای بچوک، ڕێگای یاساییان بۆ تاوانەکە کردووەتەوە و کەڵکی یاسایی لە کەمکردنەوەی تاوانەکە وەردەگرن.

"عەزیزە تومبول "Azize Tumbul کچێکی 14 ساڵەی کوردستانی تورکیا ، قوربانییەکی تری یاسای خاوەندارییەتی خێزانەکەی بوو. عەزیزە دوای پەیوەندیی سێکسیی لەگەڵ کوڕێکی 19 ساڵەی دراوسێیان کە لەوە دەچوو دەستدرێژیی لێ کردبێت ، لە لایەن دوو برایەوە دەبرێتە دەرەوەی شار تا بە خنکاندنی لە کاناڵێکی ئاودێرییدا ، پەڵەی شەرمهێنەر لەسەر خێزانەکەی بسڕنەوە! بەڵام بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو لە ماوەیەکی دوردا خۆی لە ئاوی کاناڵەکە ڕزگاردەکات و بە یارمەتی جوتیارانی ناوچەکە کە دەنگی قیژە و هاواری دەبیستن ، لە مەرگ ڕزگاری دەبێت. ڕۆژێک بەرلە بە ئاودادانی ، براکانی عەزیزە کوڕە 19 ساڵەکەیان لە گۆڕەپانی شاردا دایە بەر گوللە و کوشتیان[4].

---

4- لۆس ئەینجلس تایمز ، 10ی سێپتەمبەری 2000 ، وتاری لە تورکیای مۆدێرندا ئافرەتان وەک ڕابوردوو، کۆڵەباری شەرەفی بنەماڵەیان بەکۆڵەوەیە.

ئەوە تاكە نمونەیەك نەبوو كە لە گۆڕەپانی ئەو شارەدا دەبینرا، دوو ڕۆژ بەرلەو كارەساتە كوڕێكی 11 ساڵە، ملی خوشكە 10 ساڵانەكەی خۆی بەو تاوانەوە بڕی كە لە ڕادیۆی شارەكەیانەوە شیعرێكی عاشقانەی پێشكەش كرابوو. هەروەها "خەدیجە" Hatice ژنێكی 12 ساڵان بوو كە بە تاوانی چوونە سینەما بە بێ وەرگرتنی ئیزن لە مێردەكەی ، سەریان بڕی. لەگەڵ ئەوەشدا كە لە توركیا بەگوێرەی یاسا ئەو جۆرە كوشتنانە یاساخە و بە تاوانی مەزن دەژمێررێت و سزاكەی مەرگە ، بەڵام ئەنجامدەرانی ئەو جۆرە كوشتنانە لە شەش ساڵ زیادتر زیندانی ناكرێن! چونكە دادوەرانی توركیا بەگشتیی ئەو جۆرە كوشتنانە لە بەرامبەر دیاردەیەكی هاندەرانەدا دەبینن كە لایەنی ڕووبەڕوو پێكهێنەریەتی ، بۆ ئەوەش سزای سەختیان نادەن. هەروەها خێزانەكان بە گشتیی بۆ دەربازبوون لە سزای سەخت ، تاونەكە ئەخەنە ملی برای بچوك و بە هۆی تەمەنی كەمیانەوە لە دوو ساڵ زیادتر لە زیندانندا نامێننەوە[5]. ئەو كارەساتانە بەبێ ئەوەی كە بە گشتیی پەیوەندییان بەو دیاردانەوە هەبێت ، بە بەردەوامیی لە وڵاتانی تریشدا بەرچاودەكەون.

سروشتییە كە ئەو بەربەستانە بەگشتیی بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە كە ئافرەت نابێت جگە لە مێردەكەی لەگەڵ كەسێكی تردا پەیوەندیی سێكسیی هەبێت. لەو چوارچێوەیەدا تا ئەو كاتەی ئافرەت لە ماڵی باوكیەتی و شووی نەكردووە ، نابێت پەیوندیی سێكسیی هەبێت و دوای ئەوەش كە شووی كرد ، پەیوەندییە سێكسییەكەی تەنیا بۆ مێردەكەی دەگەڕێتەوە.

5- هەر ئەو لاپەڕەیە.

## ئایا پەیوەندیی سێکسیی ئافرەتان بە تەنیا لەگەڵ مێردەکانیان دیاردەیەکی ماقوڵ بوو؟

بێشک نا ، هەر وەک لە بەسەرهاتی "ڕەعنا"دا بینیمان ، هەمیشە باوک ، یان برا دژی ویستی کچ بڕیاریانداوە. کچ سەبارەت بە شووکردن و دیاریبیکردنی کاتی شووکردن و دیاریبیکردنی کەسێک کە شووی پێبکات، بڕیاردەر نەبووە و بە تەنیا باوک بووە کە فەرمانی بەسەر خێزانەکەیدا داوە.

ئەگەر کچ خاوەنی ئەو مافە بووایە ، بە شێوەی سروشتیی کۆنترۆڵی بەسەر سێکسیی خۆیدا دەبوو و دەیزانی چۆن و بە چ شێوەیەک کەڵکی لێوەربگرێت، بەڵام ئەگەر لەم بوارەدا کەسێکی تر بڕیاری بۆ وەربگرێت، واتەی ئەوە دەبەخشێت کە ئەو کەسە حاکمە بەسەر جەستە و لەشی ئەوەوە. چونکە بڕیاری سەرەکیی بە دەست باوک بووە و بە خاوەنی بنچینەیی کچ و جەستەی دەژمێرا و بە دیاریی کردنی شوو بۆ کچەکەی، دەسەڵاتی خاوەندارییەتی خۆی بۆ ئەو پیاوە دەگواستەوە و دەبوو بە خاوەنی گومانهەڵنەگری جەستە و لەشی ئەو ئافرەتە.

## ئایا خاوەندارییەتی پیاو بەسەر ئافرەتدا جیاوازیی هەبووە لەگەڵ خاوەندارییەتی بەسەر کاڵا؟

نا ، چونکە پەیوەندیی باوک لەگەڵ کچ ، یان مێرد لەگەڵ ژن ، بە تەواویی هاوسەنگی پەیوەندیی نێوان خاوەن موڵک و موڵکەکەی بووە. بە وتەیەکی تر ، باوک یان مێرد سەبارەت بە کچ و ژن بە هەمان ڕادە مافیان هەبووە کە خاوەنی سەرمایە و سامانەکەی بووە و یاسا و دابونەریتی بە شوودانی کچ هاوشێوەی فرۆشتن و گواستنەوەی موڵک بووە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر.

لە هەموو وڵاتاندا یاسای پەیوەندییدار بە موڵک بۆ خاوەنی موڵکەکە دەگەڕێتەوە. دەتوانێت کەڵکیان لێوەربگرێت و بڕیاریان لەسەر بدات و هیچ کەسێکی تر ناتوانێت بەبێ ڕێدانی ئەو کەڵکیان لێوەربگرێت. ئەگەر کەسێک دەستدرێژییان بکاتە سەر و بەبێ ڕێدانی خاوەنەکەی کەڵکیان لێوەربگرێت و زیان بە خاوەنەکەی بگەیەنێت ، یان شێوازی موڵکەکەی بگۆڕێت و بێکەڵکی بکات ، یان لەناوی ببات ، دەبێت هەموو زیانەکەی بە پارە، یان هەر شتێکی تر بۆ خاوەنەکەی دەستەبەر بکات. هەروەها ئەو مافە ، واتە مافی خاوەندارییەتی ، مافێکە کە دەگوازرێتەوە ، واتە خاوەن دەتوانێت لە بەرامبەر پارە ، یان هەر شتێکی تر ، یان بە دیاریی ئەو مافە بدات بە کەسێکی تر. ئەو کاتە مافی نوێ بۆ خاوەنی نوێ دەبێت. ئەوسا ئەو دەبێتە خاوەنی و بە هەر شێوەیەک بیەوێت کەڵکی لێوەردەگرێت. لەو ڕوانگەیەوەیە ئێمە ئەوان بە خاوەنی ئەو کاڵایانە دادەنێین. ئیتر دەشێت ئەو سامانە ئامێر بێت ، یان کەرەسەیەک ، یان گیاندارێک ، تەنانەت مرۆڤێک! وەک کۆیلەکان کە خاوەنەکانیان خاوەنی هەموو شتێکی ئەوان بوون ، لە هێزی کار و جەستەی ئەوانەوە بگرە ، تا فرۆشتنیان ، تەنانەت کوشتنیشیان.

بەرەبەرە لە لاپەڕەکانی دواتردا دەبینین کە چۆن لە ڕابوردوودا ، باوک و خێزان مافی چارەنوسی کچەکەیان لە دەستدابووە ، بەڵام سەرەتا دەبێت بزانین کە بایەخی کەڵکلێوەرگرتنی کچ بۆ باوک و خێزان بە چ ڕادەیەک بووە.

## بایەخی فرۆشتنی کچ و پارێزگارییکردنی تا شەوی بوکێنیی

ئافرەت وەک بوونەوەرێک بووەتە سامانی خەڵک و هەر لەو ڕوانگەیەشەوە بایەخی کەڵکلێوەرگرتنی هەبووە. لەبەرئەوە توانیویەتی خەڵک بۆ کڕینی خۆی ڕابکێشێت. بە وتەیەکی تر دەبوایە وەک هەموو کاڵایەک، تایبەتمەندیی سەرەکیی هەبێت لە ڕەوتی

بەرهەمهێناندا. ئەوەش تایبەتمەندیی کالآی کەڵکلێوەرگرتن بووە. یەکێک لە بایەخەکانی کەڵکلێوەرگرتن لە ئافرەتان ، نەک هێزی کاریان ، بەڵکوو زاوزێ کردنیان و بەخشینی زەوقی سێکسییان بووە و بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی سێکسیی پیاوان بەکارهێنراوە. لەو ڕوانگەیەوە پیاو لە کاتی کڕینی ئافرەتدا ، دەبووایە دڵنیا بێت وەک کالآیەک پێشتر کەڵکیلێوەرنەگیرابێت و بە کالآیەکی دەستی دووەم پێی نەفرۆشرابێت.

هەر وەک پێشتر بینیمان ، ئەگەر کچێک لە ڕابوردوودا کچێنیی نەمایە ، لە ڕاستیدا وەک کالآیەکی لێدەهات کە پێشتر کەڵکیلێوەرگیرابێت. کچێکی وا ، کەمتر کڕیاری هەبووە. بۆ دڵنیابوونی پیاو لە کچێنییەکەی ، تاقیکردنەوەی شەوی یەکەم گرنگیی پلە یەکی هەبووە.

لەنێوان زۆربەی نەتەوەکاندا، پەڕۆی خوێناویی شەوی یەکەمی بوک، بەڵگەی کچێنیی و دەست لێنەدراویی بوک بووە کە باسی لە مامەڵەیەکی ساغ کردووە. لەنێوان جولەکەکاندا شەوی یەکەمی گواستنەوەی بوک ، پەڕۆی خوێناویی بوکیان دەهێنایە دەرەوە و لەو جێیەی کە خێزانی بوکەکە چاوەڕوان بوون ، وەک بەڵگەی کچێنیی بوک بۆیان دەهاوێشتن. ئەوە نەک هەر تەنیا بەڵگەیەک بوو بۆ دەرخستنی مامەڵەکە ، بەڵکوو لە لای بنەماڵەی بوک دەمایەوە تا ئەگەر بنەماڵەی زاوا لە دواڕۆژدا سەبارەت بە کچێنیی بوک گومانیان هەبێت ، بەگوێرەی دۆخی ئەو کاتە ژمارەیەک ڕیشسپی و پیاوماقوڵی شاریان کۆ دەکردەوە و پەڕۆی خوێناویی کچەکەیان وەک بەڵگەی کچێنیی پێشاندەدان و نادروستیی ئەو داوایەیان دەسەلماند. بە پێشاندانی ئەو پەڕۆیە ، زاوا بە قەرەبووکردنەوەی زیانی خێزانی بوک سزا دەدرا،

بەڵام ئەگەر بنەماڵەی بوک بەڵگەی حاشاهەڵنەگریان لەلا نەبووایە ، بەو تاوانەی کە بوک لە ماڵی باوکی بێبن بووە ، بەردبارانیان دەکرد[(6)].

ئەو نەریتە لەناو موسوڵمانەکانیشدا هەبوو ، ئێستاش لە بەشێک لە ناوچەکانی ئێران و جیهاندا بەرچاو دەکەوێت. بنەماڵەی بوک و زاوا لە شەوی یەکەمی گواستنەوەی بوکدا ، لە پشت دەرگای بوک و زاوا دەوەستن و چاوەڕوانی پەڕۆی خوێناویی بوک دەکەن ، تا هەموو لایەک دڵنیابن کە کاڵای فرۆشراو ساغە و دەستی لێنەدراوە ، ئەگەرنا مامەڵەکە هەڵدەوەشێتەوە و بنەماڵەی بوک دەبێت خەرجییەکانی زاوا بدەنەوە.

بەگوێرەی نەریتی بوک گواستنەوە لە ناوچەی شاری "ئەراک" لە ئێران ، ئەگەر بوک پێشتر کچێنیی نەمابێت ، ئەوا پشتاوپشت سواری ئەو گوێدرێژەیان دەکرد کە پێیان گواستبووەوە. لە ناوچەی عەرەبەکانی باشوری ئێراندا ، دەبێت زاوا لە ماوەی پێنج خولەکدا ، پەردەی کچێنیی بوکەکە بدڕێت! لەو کاتەدا بۆ ئەوەی کە قیژە و هاواری بوک نەگاتە گوێی بانگ کراوەکان ، بنەماڵەی زاوا بە دەنگی بڵند شایی دەکەن. هەروەها لە هەندێک گوندی ناوچەی "ئیستمۆ" Istmo De Tehuantepec لە باشوری مەکسیک، لە شەوی گواستنەوەی بوکدا و دوای خەوتنی زاوا لەگەڵ بوک، چەرچەفە خوێناوییەکەی بوک و زاوا دەهێننە دەرەوە و بەسەر سەریاندا دەیگێڕن ، ئەگەر پێچەوانەکەی پێشانبدرێت ، پەیمانی هاوسەرییەکە هەڵدەوەشێتەوە و زاوا بوکەکە بەجێدەهێڵێت. دیارە بۆ دڵنیابوون لە کچێنیی بوک ، ڕێگای تریشان هەبوو کە بە ئاوی لیمۆ خوێنەکەیان تاقی دەکردەوە. چونکە ئاوی لیمۆ ڕەنگی خوێنی کچێنیی بوک سەوز و ڕەنگی خوێنی تر ڕەش دەکات[(7)].

---

[6] - Deoteronomy. Ch. 22, verses 13-21 – 28-29

[7]- Pauline Schmitt pantel (editor), Authur Goldhamer (translator), A History of Women in west, 1922, p. 305

گرنگیی کچێنیی کچ بە ڕادەیەک بوو کە ئەگەر بەرلە شووکردن پەردەی کچێنیی بدڕایە ، بایەخی کەڵک لێوەرگرتنی نەدەما و لەو بوارەدا وەک کاڵایەکی بێکەڵکی لێدەهات کە پێشتر کەڵکی لێوەرگیراوە و هیچ کەسێک ئامادە نەدەبوو کاڵای سێکسیی ئەو بکڕێت. لەو دۆخەدا سەرەڕای گەیاندنی زیان بە ئابڕوو و کەسایەتی خێزانەکەی ، زیانی ئابووریشی بۆ باوک و خێزانەکەی هەبوو. کچێکی بەو جۆرە لە ماڵی باوکی دەمایەوە و دەبووایە باوکی پێویستییەکانی ژیانی دابینبکات.

لەو ڕوانگەیەوە هندییەکان بۆ بەرگرییکردن لە پەیوەندیی سێکسیی کچان بەرلە شووکردن ، پلەی خوایەتییان بەو کچانە دەبەخشی کە کچێنیی خۆیان ڕادەگرت و ئەو جۆرە کچانەیان لە ڕێوڕەسمی ئایینیی و فێستیڤاڵەکاندا ، لەوانە لە فێستیڤاڵی "دورگا پوگا" Durga Puga بە خوای ئافرەت دەناساند[8]. کچەکانیان هاندەدا کە بەرگریی لە کچێنیی خۆیان بکەن و هەر لەو کاتەشدا سزای زۆر توندیان بۆ ئەو کچانە دیارییکردبوو کە بەرلە شووکردن پەیوەندیی سێکسییان لەگەڵ کەسێک پێکدەهێنا.

یەکێک لەو سزایانە ئەوە بوو کە لە باسی جولەکەکاندا ئاماژەم بۆ کرد ، واتە کچەکەیان بەردباران دەکرد[9] ، یان لە ناو موسوڵمانەکاندا بینیمان کە چۆن کچانی وەک "عەزیزە تومبوڵ" و "ڕەشیدە"یان بە تاوانی پەیوەندیی سێکسیی بەرلە شووکردن کوشت ، بەڵام لە ناو هندییەکاندا ئەو جۆرە کچانە بە یەجگاریی لە کۆمەڵگا دور دەخرانەوە.

[8]- Arbind Sharma, Editor, Women in World Religions, p. 80.
[9]- Parinder, Edward geoffrey, Sexual morality in the World Religions, p. 189, 1996.

## دوروونەوەی قوزی کچ بۆ ئەوەی کە تا شووکردن سێکس نەکات

ئەگەر ترس لە سزادان دیاردەیەک بوو بۆ کچان کە بەگشتیی ڕێگایان لێبگرێت بەرلە شووکردن پەیوەندیی سێکسیی دانەمەزرێنن و بەرلە فرۆشتن ، یان شووکردن، کاڵاکەیان بە خۆشەویستەکەیان لەناو نەبەن! بە دوو شێوەی خەتەنەکردن و دوروونی قوزی کچ بەرگرییان لە لەناوچوونی کاڵای کچان بەرلە شووکردن دەکرد. سەرنج بدەنە ئەم وتووێژەی خوارەوە کە "ڕێبێکا جۆنسۆن" Rebeca Jonson لەگەڵ دوو کچە مۆدێل " مانکن" [(10)] Mannequin ی خەڵکی گوندێکی ئافریکا کردوویەتی.

## دنیایەکی تر[(11)]

ئەو دووانە لە زۆر بواردا لە یەکتر دەچن. هەردووکیان مۆدێلن واتە پێشاندەری مۆدەن ، ئافریکایین و لە وڵاتێکی خێڵەکییەوە هاتوون ، دیارە هەردووکیشیان جوانن. "ئیمان" 42 ساڵە و "دیریک وارید" Diric Warid نازانێت تەمەنی چەندە! بنەماڵەکەی کۆچەر بووە. ڕۆژژمێر ، کاتژمێر ، تەلەفۆن ، یان تەلەڤزیۆنیان نەبووە، تەنانەت ئێستاش دیریک کاتژمێر هەڵناگرێت و هەر بە تەماشاکردنی تیشک و سێبەری هەتاو دەزانێت کات چەندە. بە شێوەی گشتیی هەمیشە لە کاتەکاندا دوادەکەوێت ، بەڵام ئیمان بە تەواویی لە کاتی دیارییکراودا دەگاتە جێی کارەکەی. بنەماڵەکەی کەسانی پێشکەوتووی شار بوون و دوای کودێتای سۆماڵ ، دورخراونەتەوە. دایکی بۆ دابینکردنی خەرجیی خوێندنی ئیمان ، زێڕەکانی خۆی فرۆشتووە ، بەڵام جیاوازییەکی تریشیان لەنێواندا هەیە. کاتێک دیریک کچۆڵەیەکی پێنج ساڵان بووە ، دایکی لە شەوێکی تاریکدا بردوویەتیە چۆلگەیەک و پێی گوتوە بەبێ

[10]- ئەو کچانەی کە لە پێشانگاکاندا بەرگی ئافرەتان دەپۆشن و وەک مۆدەی نوێ نومایشتیان دەکەن.
[11]- Vogue, june 1988. P. 250.

بەربەرەکانی ڕێبدات کە یەکێک لە دۆمەکانی ناوچەکە خەتەنەی بکات. هەر ئەو کارەی کە نەنکی لەسەردەمی منالّیی دایکیدا لەگەلّ دایکی کردبووی. دوای ئەوە قوزی دیریکیان بە ڕیشالّێکی نوک تیژ دورووەتەوە. تا 40 ڕۆژ قاچەکانیان بەیەکەوە بەستووە ، بۆ ئەوەی کە تەقەلّەکانی نەکرێتەوە. دەلّێن ژان و ئازار شتێکە کە لەبیر مرۆڤ دەچێتەوە ، بەلاّم دیریک وارید دەلّێت لە بیرمە تا چ ڕادەیەک ئازارم چێشت و ئاواتی مردنم دەخواست.

نزیکەی 98% ی ئافرەتانی سۆمالّ خەتەنە کراون، بەلاّم ئیمان خەتەنە نەکراوە. دایکی ئیمان ئامادە نەبووە کە کچەکەی خەتەنە بکات و لەو بوارەدا ئەو کچێکی بەختدار بووە. خەتەنەکردنی کچ لەم سالاّنەی دواییدا کەوتووەتە بەر باسی گشتیی. هیچ کەسێک نازانێت ئەو نەریتە لە چ سەردەمێکەوە سەریهەلّداوە ، بەلاّم دەلّێن لە نزیکەی 4000 سالّ لەمەوبەرەوە دەستی پێکراوە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتی نەتەوەیەکگرتووەکان ، ئەو دیاردەیە ئەمڕۆ لە 28 ولاّتی ئافریکادا هەیە و نزیکەی 130 ملیۆن ئافرەت خەتەنەکراون. لەم سالاّنەی دواییدا، بە هۆی پەنابەریی ژمارەیەکی زۆری خەلّکی ولاّتانی ئافریکا ، وەک سۆمالّیی بۆ ئەوروپای ڕۆژئاوا ، ئەو دیاردەیە ئاشکرابووە.

یاسادانەرانی ئەمریکا لەم دواییانەدا یاسایەکیان سەبارەت بە یاساخکردنی خەتەنە و دورووونی قوزی کچان پەسەندکرد. بەگوێرەی ئەو یاسایە سەرپێچییکەران پێنج سالّ زیندانیی دەکرێن ، بەلاّم سەرەڕای وتووێژی سیاسەتمەدارەکان لەگەلّ دادگاکاندا دەربارەی ئەو دیاردەیە ، هێشتا خەتەنەکردنی کچان و دورووونی قوزیان تا ڕادیەکی زۆر بە نهێنی ماوەتەوە. تا ئێستا تەنیا ئافرەتە بەرهەلّستکارەکانی دژ بەو کردەوەیە کە ڕایانکردووە ، کەوتوونەتە بەر دیدی خەلّک و زۆر بەکەمیی لەو نەریتە پاشکەوتووە دواون. دیریک لە کاری مۆدێلدا کە یەکێکە لە مۆدێلە هەرە جوانەکانی "ڕێڤلۆن" Revlon و ئەستێرە

جوانەکانی "جەیمس بۆند[12]" Bond ، هەروەها لە ڕەوتی چالاکییەکانیدا دژی خەتەنەکردن و دورووونی قوزی کچان لە سێپتەمبەری ڕابوردوودا، ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دیریکی کرد بە باڵوێزی تایبەتیی خۆی بۆ خەباتی نێونەتەوەیی بۆ کۆتاییهێنان بە بڕین و خەتەنەکردنی قوزی کچان و بڕیارە ڕەوانەی ئافریکا بکرێت و لەو هەرێمەدا کە ئەو دیاردەیەی تێدا باوە ، خەڵک هۆشیاربکاتەوە. هەروەها بە یارمەتی "کاتلیین میلەر" Kathleen Miller کتێبی بیرەوەرییەکانی خۆی بە ناوی "گوڵی بیابان" ەوە نوسیوە و لە ڕێی "ویلیام مۆرۆ" William Morrow وە لە مانگی سێپتەمبەردا چاپیکردووە.
کاتێک دیریک وارید بۆ یەکەم جار بە چاولێکەریی کردنی ئیمان ، بڕیاریدا ببێت بە مۆدێل ، ئیمان لەنێوان مۆدێلەکاندا ناوبانگی جیهانیی هەبوو ، ئیتر لێرەوە دیریک و ئیمان بۆ یەکەم جار بێدەنگیی خۆیان سەبارەت بەو نەریتە مەترسیدارەی ئافریکا دەشکێنن:

**ئیمان:** ڕێ بدە سوپاست بکەم بۆ ئەوەی کە تۆ ئازایانە سەبارەت بەو دیاردەیە هەوڵدەدەیت. هەرچەندە لە سۆماڵ شتێکی شاراوە نیە ، بەڵام ئەم کارەی تۆ ئازایەتی زۆری دەوێت. ڕێم بدە لە سەرەتاوە دەستپێبکەین: ئایا هیچت لە خەتەنەکردنەکەی خۆت لەبیرە؟ چەند ساڵ بوویت کە خەتەنەکرایت؟

**دیریک وارید:** تۆ خۆت دەزانیت دۆخەکە لە سۆماڵ چۆنە. لەوێ شتێکمان بە ناوی جەژنی لەدایکبوونەوە نیە کە بیرخەرەوەی تەمەن بێت ، بەڵام پێموایە 5- 6 ساڵان بووم. زۆر باش لەبیرمە ، زۆر باش! ڕۆژێک دایکم گوتی (سبەینێ ڕۆژی گودنون Gudnun ە).

**ئیمان:** گوتیان چیت لێدەکەن؟

---

[12]- سەیرە .. لە سیستمی سەرمایەداریدا ڕێ بە دیریک و کەسانی وەک ئەو دەدرێت کە دژی ئەو نەریتە پاشکەوتووە چەوسێنەرەی ئافرەتان خەبات بکەن ، بەڵام لە هەمان کاتدا و بەبێ ئەوەی کە ئافرەتان پێیبزانن ، یارییان پێدەکەن و دەیانچەوسێننەوە. لە ڕاستییدا دیریک بەبێ ئەوەی کە بۆخۆی پێیبزانێت ، هەوڵدەدات کە ئافرەتان لە کۆیلەتی بنەماڵەوە بکات بە کۆیلەی سیستمی سەرمایەداریی.

**دیریک وارید:** نا . هیچ شتێکیان لەگەڵ باس نەکردم.

**ئیمان:** دەزانم لە سۆماڵ کەس سەبارەت بە سێکس قسە ناکات ، بەڵکوو تەنیا بەسەرت دێت!

**دیریک وارید:** من خۆشم چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد و دەمویست وەک کچەکانی تر بم ، بەڵام سەرەڕای ئەوەش لە دڵەڕاوکێدا بووم، چونکە خەتەنەکردنی خوشکەکەمم بینیبوو ، دەمزانی حاڵی باش نیە.

**ئیمان:** هێشتیان تەماشای بکەیت؟

**دیریک وارید:** نا. من خۆم لە پشت درختێکەوە شاردبووەوە. خوشکەکەم لەقەیەکی لەو ژنە دا کە دەیویست خەتەنەی بکات و ڕایکرد ، بەڵام گرتیانەوە و ڕایانکشاند. ئەو ڕووداوە لە شاردا دەنگی دایەوە و ئەویش ناوبانگی دەرکرد. وام دەزانی کە من وەک ئەو نابم و هێزی زیادتر لە خۆم پێشاندەدەم. دایکم گوتی: **(لەبیرت بێت کە خوشکەکەت چیکرد! ئەو ژنە کارەکەی بەباشیی نەکرد ، لەبەرئەوە بوو خوشکەکەت ڕایکرد و من هیچ هۆیەک نابینم کە تۆ نیگەران ببیت.)**

**ئیمان:** من لەبیرەمە کە لە "مۆگادیشو" Mogadishu ئەو شارەی کە من لێی گەورە بووم ، کچانیان خەتەنەدەکرد. گروپێک لە نەخۆشخانە ئەو کارەیان دەکرد. لەبەرئەوە خێزانەکان دەیانتوانی بە ئارەزووی خۆیان کچەکانیان خەتەنەبکەن. بە دروستیی وەک نەشتەرگەریی ئاڵو، بەڵام بەشێوەیەکی جیاواز. واتە سەری قیتکەکەی لێ بکەنەوە، یان بە ڕادەیەکی زیادتر، یان هەمووی ببڕن. فەرمانبەرانی دەوڵەت چاودێریی بەسەردا ناکەن ، بەڵام لەوەی تۆدا زیادەڕۆییان Infibulation کردوە ، واتە هەموو قیتکەکەی و دوو لێوارەکەشیان لێکردووەتەوە و پێکەوە دوروویانە و کونێکی بچوکیان بۆ میزکردن تێدا هێشتووەتەوە.

**دیریک وارید:** بەڵێ ، هەموویان لێکردووەتەوە و لە ڕاستییدا شتێکیان پێوەنەهێشتووە.

**ئیمان:** چاوت کردبووەوە و تەماشات دەکرد؟

**دیریک وارید:** لە سەرەتادا بەڵێ ، خەتەنەکەرەکە زۆر بێبەزەیی بوو. گوێزانێکی پیس و شکاوی دەرهێنا، خوێنی وشکی کچانی ترم بە گوێزانەکەوە بینی. گوێزانەکەی زۆر تیژ نەبوو. زۆری پێچوو. دایکم گوتی زوو تەواو دەبێت ، بەڵام وا نەبوو. خەتەنەکەرەکە دارێکی خستە نێوان شەویلگەکانمەوە و گوتی توند دەستی دایکت بگرە. کاتێک کاری برینەکە کەم بووەوە ، بە دەرزییەکی نوکتیژ هەردوو لێوارە بڕاوەکەی قوزمی کون کرد و بە داوە بەنێک پێکەوەی دوروون.

**ئیمان:** بۆ ئارامکردنەوەی ئازارەکانت و پێشگیرییکردن لە چڵک کردنی برینەکە هیچیان دایتێ؟

**دیریک وارید:** نا هیچ شتێکیان نەدامێ.

**ئیمان:** ئەوە بۆ کچێکی 5 ساڵان بە ڕاستیی تۆقێنەرە.

**دیریک وارید:** لەو ڕۆژەوە من لە واتەی دەرد و ئازار گەیشتووم.

**ئیمان:** لەبیرمە کاتێک کچە مامەکانم خەتەنەکران ، قاچەکانیان بەستنەوە بۆ ئەوەی کە نەتوانن بجوڵێنەوە ، وەک چینییەکان کە قاچی خۆیان بە جوانیی دەبەستن. ئەوانە دەڵێن قوزی ئافرەت ناحەزە.

**دیریک وارید:** من چەند هەفتەیەک نەمتوانی هەستم و لەسەر پشت ڕایانکشاندبووم. دایکم دەیگوت: **(نابێت بجوڵێیتەوە ، چونکە لەوانەیە تەقەڵەکانی بەربێت و باش یەکنەگرێتەوە.)** دوای ئەوە هەموو شتێک گۆڕا. من پێشتر ڕامدەکرد و بە شوێن براکەمدا هەڵدەهاتم ، بەڵام دوای خەتەنە کردنەکەم نەمدەتوانی.

**ئیمان:** دەکرێت بڵێم لە منالّیی دوریان خستیتەوە!

**دیریک وارید:** منالّییمیان لەناوبرد.

**ئیمان:** لە هەندێک جێدا وەک نەریتێک دەڕواننە ئەو کارە ، کچی خەتەنەکراو لە قۆناخی کچێنی تێدەپەڕێت. ئایا باسی ئەوەت بۆ دۆستانت کردووە؟

**دیریک وارید:** تەنیا بۆ هەندێکیان. نەمدەویست ئەو کچانە بترسێنم کە هێشتا خەتەنە نەکرابوون. بیرم لەوە دەکردەوە کە بۆچی دایکم پێی نەوتبوم.

**ئیمان:** ڕەنگە ئەوان وایان ئەزانی کە هەر ئەو کارەیان دەکرد کە پێشتر لە سەردەمی منالییاندا لەگەڵیاندا کرابوو. بۆ زۆربەی خەڵکەکە دژوار بوو کە منالەکانیان خەتەنە نەکەن ، چونکە لە داهاتوودا لە کۆمەڵگا دور دەخرانەوە. دایکم بە خەڵکی نەوتبوو کە منی خەتەنە نەکردووە و بۆ داپۆشینی ئەو کارەی چەند هەفتەیەک منی ناردە جێیەکی تر تا وا پێشانبدات کە منی ڕەوانەی نەخۆشخانە کردووە. ئەگەر خەڵک بیزانیایە ، گرفتمان بۆ پەیدادەبوو. لەبیرمە ، کچە مامەکانم داوایان دەکرد کە خەتەنەیان بکەن. ئەگەر خەتەنە نەکرێن وەک کەسانی ناپاک و بێدین هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکردن. هەرچەندە خەتەنەکردن هیچ پەیوەندییەکی بە ئیسلام و ناپاکییەوە نیە. بە ڕای من مەسەلەکە پەیوەندیی بە کۆنترۆڵکردن و بێدەنگ ڕاگرتنی ئافرەتانەوە هەیە.

**دیریک وارید:** ئەگەر من خەتەنە نەکرامایە ، ئەوە بۆ بنەماڵەکەم شەرمەزاریی دەبوو ، هەرگیز نەمدەتوانی شووبکەم.

**ئیمان:** ڕاستە ، تەنانەت لەشفرۆشەکانیش خۆیان خەتەنەدەکەن ، بەڵام ڕاکردنی تۆ لەبەرئەوە بوو کە باوکت دەیویست بە زۆر بتدا بە شوو.

**دیریک وارید:** بەڵێ ، من 12 یان 13 ساڵ بووم و ئەویش شەست ساڵ ، بەڵام ئەو خاوەنی ژمارەیەکی زۆر حوشتر بوو. من بە باوکمم گوت ئەو پیاوە پیرە ، باوکم گوتی: **(پیر بێت باشترە چونکە ناچێت ئافرەتێکی لەتۆ گەنجتر بهێنێت.)** من لەو وتەیەی باوکم زۆر توڕە بووم.

**ئیمان:** منیش لەبیرمە کە پیاوێک هات بۆ خوازبێنییم ، 13 ساڵ بووم، لەبیرمە کە دایکم دەرگای پێوەدا و چای دروست کرد. لە سەرەتادا بە گەرمیی پێشوازییان لێکرد. شتێکی تریشم لەبیرە کە دەیانویست

دەریبکەن. دواتر دایکم گوتی مەبەستی لە خوازبێنییت ئەوە بوو کە تۆ وەک خزمەتکار بباتە ماڵەکەی. دایکم گوتی: **(چۆن توانی بەو جۆرە بیربکاتەوە کە من کچە 13 ساڵەکەی خۆم بە شوو بدەم؟)** ئێمە وامان زانی کە هاتووە بۆ خوازبێنیی کچە 32 ساڵەکەی مامم. من مرۆڤێکی بەختەوەرم. دوو جار شووم کردووە و خێزانەکەمان هەردوو جارەکە بە تەواویی هاودەنگ بوون لەگەڵ شووکردنەکەم ، بەڵام ئەگەر بڵێم دوای شووکردنم بە "دەیڤید بۆوی" David Bowie لە باوکم پرسی کە ئایا ڕازییە شوو بە دەیڤید بکەم ، گوتی: **(ئەگەر ڕاستییت دەوێت پێمخۆش بوو شوو بە سۆماڵییەک، یان موسوڵمانێک بکەیت، بەڵام ئێستا چارە نیە. موسوڵمان نیە ، هیچ ، سۆماڵییش نیە و بە لایەنی کەمەوە پێست ڕەشیش نیە!)** بەڵام لەو ڕووەوە کە من عاشقی دەیڤید بووم ، ئەوانیش خۆشیاندەویست. ئێستا گرفتی من ئەوەیە کە بە بەردەوامیی دەپرسن کەی مناڵت دەبێت. دیارە دەیانتوانی لەوەش توندتر بن. کاتێک مامەکان و ئامۆژنەکانم بیستیان شووم بە پیاوێکی سپی پێست کردووە ، گوتیان ئەوە بێڕێزیی کردنە بە ئایینیان و دەبێت دەیڤید بێتە سەر دینی ئیسلام. ئایا ئەچێتە هۆشی مرۆڤەوە کە "دەیڤید بۆوی" ببێت بە موسوڵمان؟

**دیریک وارید:** من لە ناچارییدا ڕامکرد ، چونکە ئەوە تەنیا ڕێگایەک بوو بۆ خۆدزینەوەم لە شووکردن بە پیاوێکی پیری شەست ساڵیی. لەبەرئەوە شەوێک لە ماڵەکەمان دەرچووم و دڵنیا بووم هەرچی بێتە سەر ڕێگاکەم باشترە لەوەی ببم بە هاوسەری ئەو پیاوە پیرە. زۆر ترسابووم ، لەبەرئەوە بە هەموو هێزمەوە ڕامدەکرد. چەند جارێک ویستم بگەڕێمەوە ، بەڵام هەموو جارێک پەشیمان دەبوومەوە. ئیتر دور کەتبوومەوە و کەمێکی ترم مابوو بگەمە جێی مەبەست ، تەنانەت نەمدەزانی بۆ کوێ دەچم ، بەڵام دەبووایە خۆم لەو دۆخە ڕزگاربکەم.

**ئیمان:** کاتی هەڵهاتنت ، بۆ خواردن و خەوتن چیت دەکرد؟

**دیریک وارید:** دزییم دەکرد. هەر کارێک بووایە دەمکرد.

**ئیمان:** کەوابوو تۆ پارەت نەبوو.

**دیریک وارید:** پارەی چی؟ پارە چی بوو. من نەمدەزانی پارە چییە ، هەموو پێویستییەک بە گۆڕینەوە مامەڵە دەکرا. بزنێک بۆ ئەمە و دوو بزن بۆ ئەوە!

**ئیمان:** سەرئەنجام گەیشتیتە ناو شار. لەوێ چیت کرد؟

**دیریک وارید:** بەڵی دەمزانی کە ئامۆژنێکم لە شار دەژی ، بەڵام گرفتەکەم لەوەدا بوو کە ناوی هاوسەرەکەیم نەدەزانی. هەروەها مامێکیشم لە شار دەژیا ، چونکە پێشتر ئاگام لە بزنەکانی **دە**بوو ، ئەوم دەناسی و پێویست بوو بە پرسکردن بیدۆزمەوە. سەرئەنجام توشی پیاوێک بووم کە دەیناسی و گوتی: **(دەتبەمە لای مامت ، بەڵام لەم گەرمییەی نیوەڕۆدا پێویستە هەندێک بخەوم.)**

منی بردە ماڵی خۆی و گوتی چاوەڕوان بە. لە هەیوانی ماڵەکەی چاوەڕوان بووم.

دوای ماوەیەکی کورت گوتی: **(کچە چکۆلە ، زۆر ماندوو دیاریت ، وەرە لێرە لە لای منەوە ڕابکشێ.)** گوتم نا نا من ناخەوم. دیسان بانگی کردم و ئەوەندەم لەبیرە کە پەلاماریدام و منیش خۆم لە دەستی ڕاپسکاند و هەڕامکرد. دوای ئەوە توشی ئافرەتێک بووم ، ئەو جارە لەوم پرسی ، چونکە ئیتر باوەڕم بە پیاوان نەدەکرد. منی بە شەقامەکاندا گێڕا و بە پرسیارکردن سەرئەنجام ژنێک گوتی: **(بەڵی دەیناسم و لەو خانووبەرە شینەدا دەژی.)**

**ئیمان:** ئەوان ئاگایان لە ڕاکردنی تۆ هەبوو؟

**دیریک وارید:** نا. چونکە تەلەفۆن نەبوو ، هەموو شتێک دەماودەم دەگواسترایەوە. کاتێک مامم منی بینی واقی وڕما و گوتی: **(ئەوە چیدەکەیت لێرە؟)** و دواتر هەواڵی بزنەکانی پرسی.

**ئیمان:** چونکە بەخێوکردنی بزنەکانی بە تۆ سپاردبوو؟

**دیریک وارید:** بەڵێ من بزنەکانی مامم بەخێودەکرد.

**ئیمان:** ئەوە بۆ من سەرنجڕاکێشە ، چونکە ئەو کاتەی کە من هاتمە ئەمریکا و لە "پێتەر بێراد" وێنەگرێک منی دۆزییەوە ، ئەو داستانەی خستەسەر یەک کە من لە ئافریکا شوان و کۆچەر بووم ، لە کاتێکدا من هەرگیز نزیکایەتیم لەگەڵ ئەو شتانە نەبوو. ئەو کاتەی کە من لە سۆماڵ بووم هەرگیز لە "مۆگادیشو" پایتەختی ئەو وڵاتە دور نەکەوتبوومەوە. لەبەرئەوە کاتێک هاتمە نییۆیۆرک بە ڕۆژنامەکانم ڕاگەیاند کە ئەوە داستانێکی ناڕاستە و ئێستا من وەک ئیمانی ئەسڵی قسە دەکەم نەک ئیمانی شوان و کۆچەر.

**دیریک وارید:** من زۆر دەترسام ، هیچ شتێکم نەدەزانی. کاتێک مامم کە دیپلۆمات بوو ، بڕیاریدا من بنێرێتە لەندەن کە لە ماڵەکەیاندا یارمەتییان بدەم ، چووین وێنەمان بۆ پاسپۆرت گرت و کاتێک وێنەکانی هێنایەوە ، بینیم چاوم لە ئاسمان بڕیوە. مامم گوتی کاتی وێنەگرتن لە کێ دەپاڕایتەوە! لە ڕاستییدا کاتی وێنەگرتن لام وابوو کە کامێراکەیان لە سەرەوە داناوە ، نەمزانی کە ڕووبەڕووم دانراوە. بە تەواویی سەرم لێشێوابوو. کاتێک گوتی دەچینە لەندەن ، گوتم لەندەن چییە؟ کوڕە مامەکانم گوتیان: **(دەزانی دەچیتە جێیەک کە ڕەنگت دەگۆڕێت. خەڵکی ئەوێ هەموو سپین و ڕەنگی پێستی تۆش وەک ئەوانی لێدێت.)** هەرگیز سواری فڕۆکە نەببووم و کاتێک سواربووم ، گوتم ئەو پەنجەرانە چۆن دەکرێنەوە؟ زۆر ترسام. لە هەر هەنگاوێکدا کە بەسەر پلەکانی فڕۆکەکەدا سەردەکەوتم ، خورپەیەک لە دڵمەوە دەهات.

**ئیمان:** ئایا پەشیمان نیت کە ئەوێت بەجێهێشتووە؟

**دیریک وارید:** نا . هەرگیز.

**ئیمان:** لەندەنت بە دڵە؟ ئایا لەگەڵ کوڕان ئاشنا بوویت؟

**دیریک وارید:** بەڵێ ، لەبیرمە دوای چەند مانگێک لەگەڵ کوڕێک ئاشنا بووم. بڕیارماندا یەکتر ببینین. پرسیاری لێکردم کە چ مۆسیقایەکم پێخۆشە؟ زە بیتلز؟ کامۆدرەکان؟ کەچی من شتێکم لە مۆسیقا نەدەزانی و نەمدەزانی باسی چیدەکات. بیرم لەوە دەکردەوە کە

من لێرە چیدەکەم؟ کاتێک ناتوانم پەیوەندیی سێکسییم لەگەڵیدا هەبێت ، تەنانەت لە کاتی خۆشەویستیی و شووکردنیشدا ، چونکە هەموو دەرگاکانم داخرابوون!

**ئیمان:** لەوێ هەست و ئاوات هەیە.

**دیریک وارید:** بەڵێ ، بەڵام دەمزانی کە جیاوازییم لەگەڵ خەڵکی تر هەیە. تا ئەو کاتە لام وابوو ئەوەی بەسەر منیان هێناوە ، بەسەر هەموو ئافرەتانی پێستڕەشدا هاتووە. دواتر لە مەلەوانگە لەگەڵ کچێکی ئینگلیزیی ئاشنابووم کە ئەویش پێستڕەش بوو. ڕۆژێک هەوڵمدا سەبارەت بەو کێشەیەی خۆم قسەی بۆ بکەم، کەچی گوتی: **(ئەوە باسی چی دەکەیت ، چیتە؟)** منیش قوزی خۆم پێشاندا ، دەستی کرد بە گریان، ئنجا من گوتم ئەی تۆ چیتە؟ گوتی دەزانی چیت بەسەرهاتووە؟ پێی گوتم هەموو پێستڕەشەکان وا نین و ئێوە جیاوازییتان لەگەڵ ئەواندا هەیە. من هێشتا لێی تێنەدەگەیشتم تا ئەویش قوزی خۆی پێشاندام و گوتم وای خودایە!

**ئیمان:** لەوێ بوو کە زانیت لە بواری سێکسەوە چیت بەسەر هاتووە و لە زاوزێش کەوتوویت.

**دیریک وارید:** بەڵێ. زۆر تووڕە بووم. گوتم بۆچی وایان لێکردووم؟ ئایا من تا ئەو ڕادەیە بێکەڵک و بێنرخ بووم؟ بەڵام نامەوێت زۆر تووڕە ببم!

**ئیمان:** نا پێویستە زۆر تووڕە ببیت ، مافی خۆتە تا بە ڕاستیی تووڕە نەبیت ، کارێکت لەدەستنایەت.

**دیریک وارید:** زۆر ژانم هەبوو. کاتی خوێنڕێژیی مانگانە زۆر تۆقێنەر بوو. سەرئەنجام لە لەندەن چوومە لای دوکتۆرێک. زۆر بۆم بە پەرۆش بوو. گوتی دەبێ نەشتەرگەریت بۆ بکەم و هەندێک قوزت بکەمەوە. گوتم بەڵێ تکایە ، چونکە نامەوێت درۆ بکەم. دەمزانی دوای نەشتەرگەرییەکە دەتوانم پەیوەندیی سێکسییم هەبێت.

**ئیمان:** بەڵی ، تەنانەت ئەگەر لە سۆماڵیش بوویتایە ، پیاوەکەت لە شەوی بووکێنییدا ناچار دەبوو کە سەرلەنوێ قوزت بکاتەوە.

**دیریک وارید:** بەڵێ ڕاستە. کاتێک کە دوکتۆرەکە نەشتەرگەریی بۆ کردم زۆر هەستم بە ئارامیی کرد ، تەنانەت بۆ شتێکی بچوکی وەک میزکردن ، ئیتر دەمتوانی بە ئاسانیی میزبکەم.

**ئیمان :** ئێستا منداڵێکت هەیە.

**دیریک وارید:** بەڵێ. لە دۆستە کوڕەکەم "دانا" .

**ئیمان:** لەگەڵ مۆسیقاکارێک. لە بابەتێکی تریشەوە لەگەڵی هاوبەشی.

**دیریک وارید:** بەڵێ. ئەویش ئەمریکاییە. کاتێک منداڵمان بوو ، چوومە لای بنەماڵەکەی لە "نێبراسکا" و لە لای بنەماڵەکەی مامەوە. ئەوە شتێکە کە من ئاواتم بۆ دەخواست. دیارە زۆریش دڵم لای دایکم بوو ، دەمویست لای ئەو بم ، بەڵام دەرەتانم نەبوو.

**ئیمان:** لەو کاتەوە کە دایکت بەجێهێشتووە ، نەتبینیوەتەوە؟

**دیریک وارید:** جارێک لە ساڵی 1995 کەناڵی بی بی سی فیلمێکی دەردەهێنا و من لەگەڵیان چووم و دایکم دۆزییەوە. هەشت ڕۆژ درێژەی کێشا. بنەماڵەکەم کۆچەرن و لەگەڵ باران کۆچ دەکەن. دەرهێنەرانی فیلمەکە بەرلە من چووبوون کە بنەماڵەکەم بدۆزنەوە ، بەڵام نەیاتوانیبوو. لە ژمارەیەک ئافرەتیان پرسیبوو کە ئایا کچتان هەیە ناوی وارید بێت؟ ژنێک گوتبووی بەڵێ ، من بە بیستنی ئەو هەواڵە زۆر خۆشحاڵ بووم و بەپەلە کەوتمە ڕێ ، کەچی دایکم نەبوو. دەزانی کاتێک خەڵکی ئەو ناوچەیە مرۆڤێکی پێست سپی دەبینن ، وا دەزانن پارەیان لێ دەبارێت! سەرئەنجام دایکمم دۆزییەوە.

**ئیمان:** هەوڵتداوە جارێکی تریش بیبینیتەوە؟

**دیریک وارید:** بەڵێ. دوو جار چوومە "ئەبوزەبی" خوشکێکم لەوێ دەژی ، بەڵام هەردوو جارەکە نەیانهێشت لە فڕۆکەکە داببەزم. دەیانگوت تۆ قەحبەیت و بۆ لەشفرۆشیی هاتوویت. نازانم دایکم دەزانێت کە من منداڵم بووە؟

**ئیمان:** ئایا تۆ پەشیمان نیت لەوەی کە باسی ئەو کێشەیەی خۆتت کردووە و ئاشکرات کردووە؟

**دیریک وارید:** هەرگیز ، چونکە من دەزانم گۆڕانکارییەکان لەو ڕێگایەوە بەدی دێن کە خەڵک قسەیان لەسەر بکات. ئەگەرنا وەک خۆیان دەمێننەوە[13].

## کەڵکوەرگرتنی سێکسیی لە کچان بە دەستپێکرنی خوێنڕێژیی ئافرەت

هەر وەک ئاماژەمان بۆ کرد ، ئافرەت لە لایەک بە هۆی بایەخی کەڵکلێوەرگرتنی سێکسییەوە بووەتە سامانی پیاوان و بە هۆی بایەخی زاوزێکردنی تا تەمەنی باڵغ بوونی لە ماڵی باوکی دەبێت. تەمەنی باڵغ بوون تا ئەو جێیەی کە دەگەڕێتەوە بۆ کەڵکلێوەرگرتنی سێکسیی بریتییە لەو تەمەنەی کە کچ دەگاتە قۆناخی بەهرە لێوەرگرتنی. لە عەرەبستانی سعودیی هەر کە کچ لە یەکەم خوێنڕێژیی مانگانەی دەستیپێدەکرد ، دەیاندا بە شوو. کاتێک عایشەیان دا بە محەمەد "پێغەمبەری ئیسلام" ، هێشتا تەمەنی پێی لە قۆناخی بالغ بوون نەنابوو ، واتە منالێکی حەوت ساڵانە بوو.

لە سەردەمی هەخامەنشییەکان و بەرلە سەرهەڵدانی ئیسلامدا ، کچیان لە تەمەنی 9 ساڵییدا نیشاندەکرد و لە تەمەنی 13 ساڵییدا دەیاندا بە شوو ، لە تەمەنی 15 ساڵییدا دەیانگواستەوە ، چونکە بەگوێرەی کتێبی ئاوێستا ، تەمەنی باڵغ بوونی کچ و کوڕ 15 ساڵ بووە[14].

---

13- لە بریتانیا خەتەنەکردنی ئافرەتان لە ساڵی 1985وە یاساخە ، بەڵام بە نوسینی ڕۆژنامەی "ئیندیپێندێنت" لە 7ی یانواری ساڵی 1992دا، سەرەڕای یاساخیی خەتەنەکردن ، کچانی ئافریکایی و وڵاتانی جیهانی سێیەم لە بریتانیا خەتەنەدەکرێن و کاربەدەستانی حکومیی و ڕێکخراوە

14- یارمەتیدەرە کۆمەڵایەتییەکان لە ترسی ئەوەی کە بە ڕەگەزپەرست تاوانبار نەکرێن ، لەو کردەوەیە بێدەنگن. بە نوسینی کتێبی موسوڵمان و موسوڵمانەتی لە لاپەڕەی 660 دا کە بە زمانی فارسیی

لەنێوان جولەکەکانیشدا دەستبەجێ دوای خوێنرێژیی مانگانە ، کچیان داوە بە شوو و ڕەوانەی ماڵی مێردیان کردووە[(15)]. لەناو ڕۆمییەکاندا تەمەنی یاسایی کچ بۆ شووکردن 12 ساڵ بووە[(16)]. هیندووەکان کە زۆر گرنگییان بە کچێنی ئافرەت داوە ، کچەکانیان بەرلە تەمەنی باڵغ بوون و خوێنرێژیی مانگانە ، ڕەوانەی ماڵی مێردیان کردووە، تا بەرپرسیاریی پەردەدڕینی کچەکە بخەنە سەر شانی بنەماڵەی مێردەکە[(17)]. ئەگەر کچ تەمەنی لە سەرووی 9 ساڵەوە بووایە ، ئیتر بەختی شووکردنی نەدەما و تەنیا ڕێگایەکی ئەوە بوو کە شوو بە پیاوێکی ژندار بکات ، یان بەبێ شووکردن لەگەڵ پیاوێک بێت[(18)].

بە هەر حاڵ هەموو ئەمانە پێشاندەری ئەو ڕاستییەن کە ئافرەت بە پلەی یەکەم بە مەبەستی سێکس بایەخی پێدراوە. هەر وەک چۆن گیا بۆ گوڵ و مانگا بۆ شیرەکەی ڕادەگرن ، لێرەشدا هەر کە کچ لە خوێنرێژیی مانگانە بووەوە ، ئیتر بە مێردیان سپاردوویانە کە کەڵکیلێوەربگرێت.

لە خوێنرێژیی بوونەوەی مانگانەی کچ لە ماڵی باوکیدا ، لە نەریتی ئیسلامدا ڕاست نەبووە و گوتویانە هەر کە کچ لە خوێنرێژیی مانگانە بووەوە ، پێویستە بە شوو بدرێت. لەو ڕوانگەیەوە پەیوەندیی بەرلە شووکردن لەگەڵ کچ لە لایەن کەسێکەوە کە نەیکڕیبێت و خاوەنی نەبووبێت ، بەگشتیی بیری لێنەکراوەتەوە. وەک ئۆتۆمبێلێک کە دوای دروستکردن و ئامادەبوونی بۆ سوار بوون ، بە کڕیارەکەی دەدرێت کە

---

بڵاوکراوەتەوە ، پتر لە دە هەزار کچ لە مەترسی خەتەنەکردندان. زن بە ظن تاریخ ، بنفشە حجازی ، 1370 ، لاپەڕەی 78.

15- Arbind Sharma, Editor, Womed in World Religions, 1987, p. 184.

16- Pauline Schmitt pantel (editor), Authur Goldhamer (translator), A History of Women in west, 1922, p. 302.

17- Arbind Sharma, Editor, Womed in World Religions, 1987, p. 81.

18 - Brerault Robert, the Mothers: a Study of the Origion of Sentiments and Institutions. Vol. 3, p. 346, 1952 (1927).

سواری ببێت ، نەک بە کەسێکی تر کە کەڵکی لێوەربگرێت. ئەو دیاردەیە تەنیا موسوڵمانەکانی نەگرتووەتەوە. سەرنج بدەنە ئەم وتەیەی قەشەی کریستیانەکان "جۆن کرایسۆستۆم" John Chrysostom کە دەڵێت:

**- (هەر وەک لە ڕابوردوودا گوتمان ئێمە بەم جۆرە دروستکراوین: دور لە هەست و ئازایەتی و چۆن دەزانم و بۆچی. ئێمە مرۆڤەکان شتێکمان خۆشدەویێت کە کەسێکی تر بەرلە ئێمە کەڵکی لێوەرنەگرتبێت. بە جۆرێک کە ئێمە یەکەم و تەنیا خاوەنی بین[19].)**

لەو ڕوانگەیەوە کچێنی ئافرەت گرنگییەکی زۆری هەبووە. چونکە ئافرەت لە بواری سێکسیدا تەنیا لە پەیوەندیی لەگەڵ خاوەنەکەیدا نرخی کەڵکلێوەرگرتنی پەیداکردووە و ئەو مەسەلەیە بە شێوەیەک لە ژیان و مێشکی مرۆڤدا ڕیشەی داکوتاوە کە بۆ سەردەمێکی دورتر لە سەدەکانی ناوەندیی دەگەڕێتەوە و سەردەمەکانی کۆنتریشی گرتووەتەوە و بیرکردنەوەیەکی جیهانیی لە ناو گەلان و ئایینەکانی پیاوسالارییدا پەیداکردووە.

## ئایا دەستدرێژییکردنە سەر ئافرەت بە واتەی زیانگەیاندنی ئابوری بووە بە خاوەنەکەی؟

بەڵی. لە سەردەمێکدا لەنێوان گەلانی میسۆپۆتامیادا Mesopotamia بەو جۆرە بوو. گەلانێک بوون کە لە سەرەتای دەستپێکردنی شارستانیی و نزیکەی 3- 4 هەزار ساڵ پێش لە دایکبوونی مەسیح ، لە عێراق و دەوروبەریدا دەژیان ، وەک سۆمەرەکان ، کۆچەرەکانی سامی زمان و ئاسورییەکان کە لە دەوروبەری فوڕاتدا دەژیان. دواتر کۆچەرانی هیند و ئەوروپایی کە لە چیاکانی قەوقازەوە هاتن و لە بیابانەکانی ئێران و

[19]- Pauline Schmitt pantel (editor), Authur Goldhamer (translator), A History of Women in west, 1922, p. 306.

هیند نیشتەجێ بوون. یەکێک لە سەرچاوەکانی زانیاریی ئێمە دەربارەی ئەو گەلانە ، یاساکانیان و داب و نەریتی باو لەنێوانیاندا بووە ، وەک یاسای حامورابی کە بەو ڕیفۆرمانەی لەواندا ڕوویدا ، کران بە یاسای ڕەسمیی و گشتیی. لە ناوەڕۆکی ئەو یاسایانەوە ئێمە زانیاریی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤی ئەو سەردەمە پەیدا دەکەین کە یەکێک بوون لە شارستانییە هەرە دێرینەکانی مێژوو.

لەنێوان ئەو گەلانەدا ئافرەت بەگشتیی بە سامانی پیاو دەژمێررا. بەو پێیە دەستدرێژییکردن بۆسەر ئافرەتان Adultery بە تەنیا وەک کردەوەیەکی ناڕەوشتانە سەیری نەدەکرا و بە دەستدرێژیی بۆسەر دارایی و سامانی پیاو دەژمێررا. لەبەر ئەوە دەبووایە تاوانبار زیانی ئابوری مێردی ئافرەتەکەش بدات. لەو بارەیەوە ئەگەر کچێک لە ماڵی باوکیدا دەستدرێژیی لێبکرایە ، بە زیانی ئابوری باوک دەژمێررا و ئەگەر ژنێک لە ماڵی مێردەکەی دەستدرێژیی لێبکرایە ، دەبوو بە زیانی ئابوری مێردەکەی.

دەربارەی خاڵی یەکەم، ئەگەر دەستدرێژکەر زوگورتی بووایە، سەرەڕای ژماردنی زیانی ئابوری بە باوکی کچ ، دەبووایە کچەکەش ببێت بە هاوسەری. بە وتەیەکی تر ناچار بوو کچەکە بە نرخی بەرلە زیانگەیاندن بکڕێت و لەو ڕێگایەوە زیانی بنەماڵەکەی قەرەبوو بکاتەوە، بەڵام ئەگەر پیاوەکە ژندار بووایە ، نەیدەتوانی ئەو کچە بە هاوسەری وەربگرێت و لە بەرامبەر دەستدرێژیی کردنەکەیدا ، دەبووایە هاوسەرەکەی خۆی بدات بە باوکی کچەکە و بۆ ڕابواردن و وەک قەحبە کەڵکی لێوەربگرێت. سەبارەت بە خاڵی دووەم ، واتە ئەگەر ژنێکی مێرددار دەستدرێژیی لێبکرایە ، گونی پیاوە دەستدرێژکەرەکەیان دەردەهێنا و دەیانخەساند ، یان دەیانکوشت و ژنەکەشیان دەکوشت.

هەر وەک چۆن لەنێوان "پاتان"ەکانی ئەفگانستاندا باوە ، ڕەنگە هەر پاشماوەی ئەو دابونەریتە بێت[20].

لەنێوان هۆزی باوکسالاریی "جێرمان"دا ئافرەت بە سامانی پیاو دەژمێررا و دەستدرێژیی بۆ سەری بە واتەی زیانگەیاندن بوو بە سامانی پیاو. بە داگیرکردنی ڕۆم لە لایەن ئەو هۆزە هۆزەکانی ترەوە ، دابونەریتی ئەو هۆزە و هۆزەکانی تر جێگای یاساکانی ڕۆمیان گرتەوە. لە سەرەتادا پەیڕەوکردنی ئەو نەریتە باوە لەناو هۆزەکەدا ، دەگەڕایەوە بۆ تاکەکان و بەگوێرەی ڕەوشتی بنەماڵە و هۆز پەیڕەو دەکرا. بۆ نمونە دیاردەی سێکسیی لە کۆنترۆڵی بنەماڵەدا بوو، وەک تاوانی یاسایی سەیری نەدەکرا و ئەگەر ژنێک خیانەتی لە هاوسەرەکەی بکردایە ، لە لایەن هاوسەرەکەیەوە سزا دەدرا ، بەڵام خیانەتی پیاو لە هاوسەرەکەی ، سزای نەبوو[21].

بەرەبەرە بە سەرهەڵدانی سیستمی پاشایەتی لەو هۆزانەدا لە هەرێمە جیاوازەکانی ئەوروپادا، یاسا دانرا ، بە مەبەستی کەمکردنەوەی سزاکانی وەک وەرگرتنی پارە لە جیاتی تۆڵەسەندنەوەی تاک یان بنەماڵە ، بەستنی ڕێگای خوێنڕشتن ، هەروەها داسەپاندنی حوکمی پاشایەتی تازە دامەزراو لە جیاتی حوکمی هۆزەکان. لە هەموو ئەو یاسایانەدا ئافرەت وەک سامان سەیری دەکرا ، نەک وەک مرۆڤ. ئەو سامانە هی ئەو کەسە بوو کە پارێزگاریی دەکرد. یەکێک لە

بنەماکانی ئەو یاسایانە ئەوە بوو کە ئافرەت نەتوانێت بەرگریی لەخۆی بکات. بۆ نمونە لە یاسای جێرمانەکاندا ئافرەت مافی نەبوو چەک هەڵبگرێت و دەبووایە لەژێر چاودێریی کەسێکدابێت کە مافی هەڵگرتنی چەکی هەبوو. لە ئەنجامدا کوشتنی ئافرەت ، بریتی بوو لە

[20]- Vern L. Bullough, Sexual Variance, Sexual Variance, 1976, p. 53.

[21]- تەنانەت لە ئەمێریکاش تا سەرەتای سەدەی بیستەم دادگاکان شکایەتی ئافرەتیان سەبارەت بە خیانەتی مێردەکانیان ، تەنانەت بۆ لێکۆڵینەوەش وەرنەدەگرت.

زیانگەیاندن بە سامانی هاوسەرەکەی ، برا ، یان باوکی و تاوانبار دەبووایە پارەیەکی دیارییکراو بدات بە یەکێک لەو سێ کەسە. هەر وەک چۆن بۆ کوشتنی ئاژەڵێک سزای لەو جۆرە دەدرا. بۆ نمونە پارەیەک کە لە بەرامبەر کوشتنی ئافرەتێکی سکپڕ لەبەرچاو دەگیرا ، سێ ئەوەندەی ئەو پارەیە بوو کە بۆ ئافرەتێکی پیر دیاریی دەکرا کە نەیدەتوانی منداڵی ببێت.

تاوانی سێکسی لە زۆربەی یاساکانی جێرماندا بە زینا دەناسرا ، بێگومان بۆ ئافرەتان نەک بۆ پیاوان. بەو جۆرە لە جیاتی سزای تاوانی سێکسیی بۆ دیاریی بکرێت ، بە سزای خاوەندارییەتی حسابی بۆ دەکرا. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئەگەر مێرد پیاوێکی بەسەر ژنەکەیەوە بگرتایە ، مافی کوشتنی هەردووکیانی هەبوو ، بەبێ ئەوەی کە یاسا لێی بپرسێتەوە.

مافی پەیوەندیی سێکسیی بەگشتیی بۆ پیاو دەگەڕایەوە. کچ بۆ باوک و برا و خێزانی نرخێکی دیارییکراوی هەبوو کە بە لەناوچوونی کچێنییەکەی ، دەبووایە دەستدرێژکەر ئەو نرخە دیارییکراوە بدات. لەو ڕوانگەیەوە ، ئەگەر کەسێک پیاوێکی لەسەر کچەکەی بگرتایە ، مافی کوشتنی ئەو کەسەی هەبوو ، بێ ئەوەی سڵ لە لێپرسینەوە بکاتەوە.

دیارە ئەو سزایە بەو واتەیە نەبوو کە هۆزە جێرمانەکان دیدێکی نێگاتیڤ و سنورداریان لە بەرامبەر سێکسدا هەبێت. نا.. بەڵکوو ئەو سزایە هەر وەک پێشتر ئاماژەی بۆ کرا ، لەبەرئەوە بوو کە حسابی تاوانی سێکسی بۆ نەدەکرا و بە تاوانی دارایی و مەدەنی دادەنرا. لە بەڵگەنامە شوێنەوارناسییەکاندا جێرمانەکان گرنگیی زۆریان داوە بە سروشتی سێکسیی Phallic Nature مرۆڤ و بە دیدێکی کراوە و هەستی فرەوانەوە تەماشایان کردووە. بۆ نمونە لە شوێنەوارە بەجێماوەکانی "ڤێریی" Ferey دا کە خوای سێکس و زاوزێ بووە ، ئێستاش ناوەکەی هەر لە وشەی هەینی Fridag دا ماوە. وێنەکانی بەگشتیی بە کێری گەورەوە و لەگەڵ ئەسپدا پێشاندراوە. هەروەها لە کۆی چیرۆکەکانی

ناوچەی سکاندیناڤیادا کە لە سەدەی 13ی زایینیی لە "ئایسلاند" نوسراون ، لە یەکێک لە چیرۆکەکاندا بنەماڵەی جوتیارێک کێری ئەسپێکیان بڕیوە و بۆ ئەوەی بۆگەن نەکات لەناو گژوگیا و پیاز دا هەڵیانگرتووە و ئێواران کاتی نانخواردن ، کێرەکەیان بە دەوری خۆیاندا گێڕاوە و بەو مەبەستەی کە (شەیتان ئەستور و ڕەپی کردووە کە هەرچەند ئافرەت بیەوێت بەکاریبهێنێت) ستایشیان کردووە. پیاوەکانیشیان زۆر لایەنگری سێکس بوون.

ئەوانە بەگشتیی پێشانیدەدەن کە سزا دیارییکراوەکان بۆ سێکس هەرگیز لە ڕووی نەریتی لایەنگرییکردن لە سێکس نەبووە ، بەڵکوو لایەنی ئابوریيان هەبووە و بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانی ئابوریی دانراون[22].

لە ئیسرائیلی کۆنیشدا ئافرەتان وەک کۆیلەکان ، کاتی بانگکردنی مێردەکانیان ، بە "بەعل" Ba'al بە زمانی عیبری بە واتەی خاوەن ، یان "ئادۆن" Adon بە واتەی ئەرباب ، بانگ دەکرد[23]. پیاو خاوەنی هەموو سامانێک لەوانە هاوسەرەکەی و مناڵەکانی و خزمەتکارەکانی بووە. لەو ڕوانگەیەوە کە کچێکیان دەدا بەشوو ، مافی کۆنترۆڵکردنی لە باوکیەوە دەگواسترایەوە بۆ مێردەکەی و لەوەودوا ئافرەتەکە بە سامانی مێردەکەی دەژمێررا و دەستدرێژیی لێکردنی بە بۆچوونی جولەکەکان زینا بوو. لەو حاڵەتەدا کەسی زیناکەر ، پیاو یان ژن ، لەوانە بوو بە مەرگ سزا بدرێت[24].

بە هەر حاڵ لە هەردوو ڕووەوە سزای زینا بە دەستدرێژییکردن بۆ سەر سامانی خاوەنەکەی دەژمێررا ، واتە دەستدرێژیی بۆ سامانی مێرد

[22]- The laws of king Alfred, chapter 24 in Anicient laws and institutes of england. Invern L. Bullough, Sexual Variance, Sexual Variance, 1976, p. 350.
[23]- Zimmern, The Greek commonwealth, p. 338. In Amatury de Riencourt, Sex and Power in History, (1974), p. 87.s.
[24]- Leviticus 20:1-11.

(ئەگەر ئافرەتەكە مێردی هەبووایە) ، یان باوک (ئەگەر كچ بووایە و لە ماڵی باوكی بووایە). سەبارەت بە خاڵی دووەم واتە ئەگەر كچ بووایە، دەبووایە پیاو پەنجا پارچە زیو بدات بە باوكی و بۆ هەمیشەش بەبێ مافی جیابوونەوە لێی ، لەگەڵ ئەو كچە بژی(25).

لە یۆنانی كۆنیشدا لە جیاتی سزادانی تاوانبار ، ژنەكەیان دەدایە دەست مێرد یان باوكی ئافرەتەكە و ئەوان پیاوە دەستدرێژكەرەكەیان بە تاوانی زیانگەیاندن بە سامان و دارایی خۆی سزا دەدا(26). ئەو سزایە بەگوێرەی یاسایەک دیارییدەكرا كە بە "دراكۆ" Draco ، یان سۆلۆن دەناسرا. سزاكە بەو جۆرە بوو كە پیاو دەیتوانی ئەو كەسە بكوژێت كە دەستدرێژیی لە هاوسەر ، دایک ، خوشک یان دەزگیرانەكەی Cuncubine كردووە. هەروەها بەگوێرەی یاسای سۆلۆن ئەگەر خاوەن كچ بۆی ڕون ببووایەوە كە كچ یان خوشكەكەی بێبن بووە ، دەیتوانی بە چەشنی كۆیلەیەک بیفرۆشێت(27). تەنانەت ئێستاش بەگوێرەی ماددەی 111ی یاسای سزادانی گشتیی عێراق كە ساڵی 1969 پەسەند كراوە ، ئەگەر ژنێک مایەی شەرمەزاریی بنەماڵەكەی بێت، بنەماڵەكەی دەتوانێت تا پلەی كوشتن سزای بدات(28).

لە یاسای ڕۆمی كۆنیشدا "فامۆلۆس" بە واتەی كۆیلایەتی بوو. "فامیلیا" بە واتەی بنەماڵە بە كۆی كۆیلەكان گوتراوە كە سەر بە كەسێک بوون. تەنانەت لە سەردەمی "گایۆس"دا فامیلیا میراتی پێبڕاوە. ڕۆمییەكان ئەو گوتنەیان بۆ لێدوان لەسەر پێكهاتەی نوێ دۆزیبووەوە كە ئەو كەسەی سەرپەرشتیی بنەماڵە ، واتە هاوسەر ، مناڵ

[25]- Deuteronomy, ch. 22, Verses: 28-29.
[26]- Arbind Sharma, Editor, Womed in World Religions, 1987, p. 191.
لە كتێبی مرۆڤ بەرلە سەردەمی (جاهیلی)وەحشیگەریی، نوسینی ئۆلین ڕید، وەرگێڕانی مەحمود عینایەت وەرگێراوە.
[27]- The Oxford Companion to Classical Civilization, p. 5.
[28]- www.rowzane.com
لە كتێبی " تارنمای فارسی زبان" وەرگیراوە. روزنە ئاگۆستی 2003.

و کۆیلەکانی دەکرد ، بەگوێرەی یاسای باوکسالارانەی ڕۆم ، دەسەڵاتی مان و نەمانی هەموویانی بە دەست بووە(29).

لە وڵاتی نایجیریا لە ناوچەیەکدا کە بە "کەناری زێڕ" Gold Cost دەناسرێت ، ئەگەر پیاوێک پەردەی کچێک بدڕێت ، دەبێت بیکات بە هاوسەری خۆی ، یان شیربایی بداتێ ، بەڵام دوای ئەو شیربایییە کە بەو ئافرەتە دەدرێت ، دەتوانێت لەگەڵ هەر کەسێک کە بیەوێت ، پەیوەندیی سێکسیی بکات(30).

لە هیندستان لەنێوان "پارزی"ی Pardhi هەرێمی ناوەندییدا ئەگەر کچێک فریوبدرێت ، دەبێت لە بەرامبەردا ، زیانی ئەو کچە ، بۆ خێزانەکەی قەرەبوو بکرێتەوە و بنەماڵەی پیاوەکە کچێک بدەن بە بنەماڵەی کچەکە(31).

لە ناوچەیەکی کوردستانی ئێرانیشدا ژن بە ژن هەبووە. لەو ڕوانگەیەوە ئەگەر کچێک بە بنەماڵەیەک دەدرا ، زاواش دەبووایە کچێک لە بنەماڵەکەی خۆی بدات بە بنەماڵەی بوک. سەیر ئەوە بوو کە ئەگەر یەکێک لەو پیاو ، یان ئافرەتانە لە یەکتر جیادەبوونەوە ، لایەنەکەی تریش بە ناچاریی مێردەکەی بەجێدەهێشت و دەگەڕایەوە ماڵی باوکی.

بەو جۆرە دەبینین چۆن ئافرەت لە لای باوک و مێرد بایەخی دارایی هەبووە و بەگوێرەی نرخێک کە بۆی دیارییکراوە ، هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کردووە و هەر چەشنە کەڵکلێوەرگرتنێکی نائاسایی لە لایەن کەسانی بێگانەوە ، بە واتەی زیانگەیاندنی ئابوری بە سامانی خاوەنەکەی بووە و دەستدرێژییکەر ناچارکراوە کە قەرەبووی زیانەکە

29- Feredrick Engels, The Origion of the Family, Private property and the State, p. 68.

30- Brerault Robert, the Mothers: a Study of the Origion of Sentiments and Institutions. Vol. 3, p. 338, 1952 (1927).

31- Ibid.

بکاتەوە ، یان کاڵای کەڵکلێوەرگیراو بە نرخی پێشووی بکڕێت ، ئەگەرنا دەبووایە خۆی بۆ وەرگرتنی سزا ئامادەبکات.

## ئەشقی باوکایەتی

بێگومان قبوڵکردنی ئەوەی کە باوک کچەکەی بۆ فرۆشتن پەروەردە دەکات ، بەتایبەتیی بۆ ئەوەی ئەمڕۆ زۆر دژوار و ڕاچڵەکێنەرە. یەکەم پرسیار لەم بوارەدا ئەوەیە ، ئەگەر باوک کچەکەی بۆ فرۆشتن پەروەردە بکات ، ئەی پێگەی ئەشقی باوکایەتی لە کوێیە؟ بە وتەیەکی تر ئەگەر باوک مناڵەکەی بۆ فرۆشتن گەورە بکات ، چۆن دەتوانێت خۆشیبوێت؟ ئایا لە سیستمی باوکسالارییدا مرۆڤ بۆ ئەوە منالی دەبێت کە بیفرۆشێت؟ ئایا ئەشقی باوکایەتی بە منال و فرۆشتنی وەک کاڵایەک، جیاوازیی نیە؟ بێگومان جیاوازیی هەیە، بەڵام ئەو جیاوازییە، جیاوازیی سیستمی دراویی و کاڵاییە کە خۆ دەگەیەنێتە هەموو دیاردەیەک و لەوانە سەرمایەی هەرە ئازیزی مرۆڤایەتی وەک کاڵایەک بفرۆشێت.

بە هەر حاڵ لە چوارچێوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بە شێوەیەک دەجوڵێنەوە کە بە نیازی فرۆشتنی منالەکەی پەروەردەی دەکات. واتە بەگوێرەی پێویستییەکانی بازاڕ کە پێویستیی بە ئافرەتی کارکەر، گوێ لەمست و ئەمەکدار هەیە ، منالەکەی پەروەردە دەکات و وەک کاڵایەک دەیفرۆشێت. لەبەرئەوە جیاوازیی لەنێوان ئەشقی باوکایەتی و پەروەردەکردنی کچ بۆ فرۆشتن ، جیاوازیی نێوان پەیوەندییەکانی ئەشق و خۆشەویستیی مرۆڤایەتی و نزیکایەتی دژ بە سیستمی کۆمەڵایەتی و ئابوری و بە کاڵاکردنی ئەو پەیوەندییانەیە.

ئەو جیاوازییە لە بوارەکانی تری کۆمەڵایەتیشدا دەبینرێت ، هەرچەندە هێزی خۆبەدەستەوەدەر بە دابونەریت و لەوانەش ڕەنگە خۆبەزلزانینی مرۆڤایەتی بەرگریی لەوە بکات کە مرۆڤ چاوی خۆی لە

بەرامبەر کردەوەکانی دژ بە مرۆڤایەتی خۆی بکاتەوە و ئەو جیاوازییانە ببینێت. ئایا کەسێک کە گیانداریک دەخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە ، ئازادیی ئەو گیاندارە لەناو نابات؟ ئایا بۆ ئەوەی کە کەڵک لەو گیاندارە وەربگرێت ، یان بیفرۆشێت ، غەریزە و کردەوە سروشتییەکانی سەرکوت ناکات؟ ئایا بەگوێرەی خواست و پێویستییەکانی خۆی و بازاڕ ، هەڵسوکەوتی لەگەڵ ناکات؟ ئایا هەر لەو کاتەشدا بە پێچەوانەی هەڵسوکەوتەکانیەوە ، بە هۆی ئاشنابوون و خووپێوەگرتنیەوە ، خۆشی ناوێت؟

دەبێت بزانین کە لە ڕابوردوودا منداڵ لە هەر چەشنە مافێک بێبەری بووە و پەروەردە کردنەکەشی وەک پەروەردەکردنی ئاژەڵ بە لێدان و لە یەک وشەدا لەگەڵ ئەشقی باوکایەتی، تێکەڵاوی توندوتیژیی و شکەنجە بووە. فرۆشتنی کاڵایەک بریتییە لە گۆڕینەوەی ئەو کاڵایە بە نرخێکی هاوسەنگی. فرۆشتنی کاڵایەک هەرگیز بە واتەی ناخۆشەویستیی نیە. مرۆڤ لە لایەک ئاشقی سامان و بەرهەمەکانی خۆیەتی ، چونکە تێکەڵاوی ژیانی بوون و لەگەڵیاندا گەورە بووە و خووی پێوەگرتوون و پەیوەندیی سۆز لەنێوانیاندا دروستبووە و لە لایەکی ترەوە بە حوکمی نیازمەندییەکانی ، یان پەیوەندییە ئابورییەکان و شتی ترەوە ، ناچارە بیفرۆشێت.

کچیش وەک بەرهەمێکی بایۆلۆجیی دایک و باوک، بەگوێرەی سروشتی مرۆڤایەتی ناتوانێت بۆ هەمیشە لە لای دایک و باوکی بمێنێتەوە. بە هۆی پێویستییە سروشتییەکانی و ڕۆڵی لە پەیوەندیی لەگەڵ زاوزێکردن و بەشدارییکردنی لە مانەوەی ڕەگەزی مرۆڤدا ، ناچارە لەگەڵ پیاوێکی تر تێکەڵاویی پەیدابکات و لەو ڕوانگەیەوە دەبێت لە خێزانەکەی جیاببێتەوە. ئەو کارە لە کۆمەڵگایەکدا کە هەموو چەشنە گواستنەوەیەک لە دەستێکەوە بۆ دەستێکی تر بە ڕێگای گۆڕینەوە و کڕین و فرۆشتنەوە دەکرێت ، گواستنەوەی ئەویش تەنیا لە ڕێی کڕین و فرۆشتنەوە ڕوودەدات.

ئەگەر لەو بوارەدا ڕەخنەیەک هەبێت ، بێگومان هەشە ، ئەو ڕەخنەیە ڕووی لەو پەیوەندییانەیە کە بنەماکەی لەسەر دابینکردنی پێویستییە هاوبەشەکانی مرۆڤەکان و هاوکاریی و گۆڕینەوەی ئارەزوومەندانەیان دانەنراوە ، بەڵکوو بنەماکەی لەسەر کڕین و فرۆشتنیان دانراوە. ئەگەر شتێکی نامرۆڤانە لەو دیاردەیەدا ببینرێت ، پەیوەندیی بە مرۆڤەوە نیە ، بەڵکوو پەیوەندیی بەو سیستمەوە هەیە کە پێکهێنەری ئەو پەیوەندییانەیە.

لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە ، واتە لە ڕوانگەی بینینی سیستمی دراویی و گۆڕینەوەدا ، سیستمێک کە دەستی بەسەر هەموو پێویستییەکانی مرۆڤایەتیدا دەگرێت ، تا وەک کاڵایەک بیانخاتە ناو بازاڕی گۆڕینەوە و کڕین و فرۆشتنەوە ، دابینکردنی پێویستیی ئەویش وەک یەکێک لە هەزاران پێویستییەکانی تر ، تەنیا بە گۆڕینەوەی سێکس و هێزی کار لە چوارچێوەی خێزاندا دەتوانێت بەدیبێت. هەموو یاساکانی پەیوەندییدار بە شووکردن و جیابوونەوەوە ، بە وشەیەکی تر یاساکانی پەیوەندییدار بە خێزان ، لەو سیستمەدا بۆ کۆنترۆڵکردن و ڕێکوپێک کردنی سیستمی گۆڕینەوەی کۆمەڵایەتی ، بە شێوەی دابونەریتی ئایینیی و ڕەوشتیی دانراون. ئەگەرنا هۆیەک بۆ ئەوە نەبووە کە ئافرەت و پیاو وەک سەردەمەکانی بەرلە شارستانیی و گۆڕینەوە باوەکانی ئەو سەردەمە نەتوانن بە ئازادیی و دور لەو یاسا و ڕێسا دەست و پێگرانە ، پێویستییە دەرونییەکانی خۆیان و گەشەپێدانی خۆشەویستیی ، نەک بۆ پارە و مانەوە دابینبکەن.

بنەماڵەش سەرەڕای خۆشویستنی منداڵ ، یان بە پێچەوانەوە ، وەک بەشێکی بچوکی ئەو سیستمە کۆمەڵایەتییە ، چ لە ڕووی ناچارییەوە ، یان تەسلیم و خۆبەدەستەوەدانی بەو دابونەریتە ، نەزانانە لە جێیەکدا وەستاوە کە پێویستییەکانی منداڵی خۆی لە گۆڕینەوەیدا بە پارە ، مێهریە "مارەیی"، شیربایی یان نەفەقەدا دەبینێت.

یاسا و ڕێساکان سەبارەت بە بنەماڵە ، لە ڕاستییدا بۆ ڕاگرتن و هێشتنەوەی ئەندامانی خێزان پەسەندکراون و لەو ڕوانگەیەوە ، لەبەرچاونەگرتنیان هەر وەک دەربارەی "ڕەشیدە" ، "عەزیزە" و "ڕەعنا عەرەفات" بینیمان ، یاخیبوون لە دەسەڵاتی بە دواوەیە کە دەسەڵاتداران بۆ کۆنترۆڵکردنی پەیوەندییە سێکسییەکان و هێزی کاری ئافرەت لە ماڵدا دایاننناوە و بە شێوازی جۆراوجۆری ئاییینیی و دابونەریتی زاڵ و بە زۆرەملێ بەسەر کۆمەڵگایاندا سەپاندووە.

بەردباران کردنی ئافرەتان ، کوشتنی لەسەر ناموس و کچ کوشتنەکان لە بنەڕەتدا بەرهەڵستکاریی دڕندانەی ئەو سیستمەیە کە لەو ڕێیەوە هەوڵدەدات جوانترین هەست و پاکترین غەریزەی مرۆڤایەتی سەرکوت بکات و بەو جۆرە بەرگریی لە ناپاکییەکانی خۆی سەبارەت بە شەرەفی مرۆڤایەتی بکات. لەو ڕوانگەیەوە ، ئەو سیستمە کۆمەڵایەتییە ، واتە سیستمی گۆڕینەوە ، باوک ناچار دەکات بەبێ ئەوەی کە تێبگات ، لەگەڵ منالە خۆشەویستەکەی خۆی وەک کاڵایەک هەڵسوکەوت دەکات. دەزانێت کە سەرئەنجام کچەکەی لێ جیادەبێتەوە و لەگەڵ پیاوێکی تردا دەژی. ئەوە دیاردەیەکی هەرە سروشتییە لە ژیانی مرۆڤدا، بەڵام چونکە فێربووە کە هێزی کاری خێزانەکەی کۆنترۆڵ بکات ، واتە پێشتر کچەکەی خۆی کردووە بە هێزی کاری کۆنترۆڵکراو ، بۆ ئەوەی کە کۆنترۆڵی زاوزێ و بەرهەمهێنانی بخاتە ژێردەستی کەسێکی ترەوە ، بۆ ئەو گۆڕینەوەیە پارەیەک وەردەگرێت و مافی کۆنترۆڵکردنی کچەکەی بە کەسێکی تر دەسپێرێت. وەک کەسێک کە پەلەوەرێکی خستبێتە قەفەسەوە و بە فرۆشتنی بە کەسێکی تر مافی کۆنترۆڵکردنی پەلەوەرەکەی پێبسپێرێت. ئیتر ئەو کەسە نوێیە بە هەر شێوەیەک بیەوێت و بەگوێرەی ڕەوشتی خۆی و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و لە سەرووی هەموویانەوە ئاییینی ، کەڵکی لێوەردەگرێت.

دیارە هەموو ئەو گواستنەوانە پەڵەیەکی شەرمهێنەری مرۆڤایەتین کە بە ناوی بەختیاریی و خۆشبەختیی ئافرەتەوە ، واتە مرۆڤێک کە بۆ

کارکردن و سێکس و بەرهەمێنانی وەچەی نوێ ، خراوەتە قەفەسی بنەماڵەوە ، بە ئەنجام دەگەن ، بەڵام ئیتر ڕونە کە لەو گۆڕینەوانەدا ئافرەتەکە خۆشبەخت نابێت. لە ڕابوردوودا کۆیلەی باوکی بووە ، باوکێک کە لەگەڵ توندوتیژیی و بێبەزەییدا خۆشی ویستووە و ئێستاش کۆیلەی کەسێکی ترە و ئەوەیان وەک کۆیلەی خۆی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکات و ڕێگا بە خۆی دەدات کە لە هێزی لاوییەتی و هەست و خۆشەویستیی دەرونیی و ئاواتەکانی کە بۆ هاتنی بۆ ماڵی مێرد ، لە دڵی خۆیدا کۆیکردووەتەوە ،
وەک کەرەستەیەک لەگەڵی بجوڵێتەوە و بێبەزەییانە لەناویببات.

دیارە کۆمەڵگا هەرگیز ڕێگا نادات کە ئەو مامەڵە نەویست و ناپەسەندەی بە ناوی شووکردنەوە بە سەریدا دەسەپێت، ئاشکرا بکرێت، چونکە ئەو کاتە ڕازیی نابێت کە خۆی لە ڕووی نەزانییەوە ئەو مامەڵەیەی ویستووە ، لە کردەوەی خۆی پەشیمان دەبێتەوە و یاخی دەبێت. بۆ بەرگرییکردن لەو دیاردەیە ، لە سەردەمی منداڵییەوە فێریدەکەن چۆن خۆی بەدەستەوە بدات و لە ڕەوتی ئەو کارەدا بە چیرۆکی جۆراوجۆر مێشکی پڕدەکەن و خەیاڵێکی شیرینی لە شووکردن لە لا دروستدەکەن. لە چیرۆکی شازادەیەکەوە کە بە ئەسپێکی سپییەوە دوای دەکەوێت ، تا بیباتە کۆشکەکەی خۆی و بەختیاری بکات ، هەروەها چیرۆکەکانی تر کە شووکردن بە خۆشییەکانی ژیان ناودەبەن.

لە هەڵبەستنی هەموو ئەو خەیاڵە ساکارانەدا کە بۆ داپۆشینی خەوشەکانی مامەڵەی شووکردن لە کۆمەڵگای ئاساییدا دەکرێن ، خێزان ڕۆڵی سەرەکیی و دیاری هەیە ، چونکە لەو سەردەمەدا کە منداڵەکانیان بچوکن ، بە نەزانی ، ئەرکی شوشتنی مێشکی منداڵەکانیان لە ئەستۆ دەگرن ، لە کاری پیاوانە دوریان دەخەنەوە و بەرەو کاری ماڵەوە و ئافرەتانەیان دەبەن ، هەروەها یارییەکانی منالانە ، بەڵام کچانە کە ڕۆڵی ئاگرییینیان هەبێت. لەو ڕێیەوە بە چیرۆکی خەیالاویی شیرین ، بەڵام پڕ لە درۆ ، ناخیان پڕ دەکەن و بەگوێرەی پلانێکی ئامادەکراو ،

بەرەبەرە بە هەڕەشە تێکیان دەشکێنن. ئەو کاتە لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو مرۆڤە بێتاوانە دیلکراوەیان خۆشدەوێت! بە چەشنی کۆیلەیەک لەژێر باری کاری تاقەتبڕی ماڵەوە و گوشاری فەرمانە بێسنورەکانیاندا، لە ژیان بێزاری دەکەن. سەرئەنجام لە زیندانی تەنگی ماڵی باوکیدا لە چاوەڕوانیی ڕزگارکەرێکدا ڕۆژان دەژمێرێت و بە کردەوە ئامادەی دەکەن کە لە زیندانێکەوە بیگوازنەوە بۆ زیندانێکی نوێ. زیندانێک کە لە ڕاستییدا بە ڕێوڕەسمی شایی و جەژنی بێهاوتای ، نەویستیی و ترسناکیی خۆی لە چاوی قوربانییەکانی ئێستا و داهاتوویدا دەشارێتەوە. زیندانێک کە تێیدا جەستە و گیانی کوتکوت دەکرێت. بەو شێوەیەی کە سەرەتا بە ناوی ئیسلامەوە بەشێکی گرنگی قوزی ، بۆ زەوقهەستاندنی خاوەنەکەی ، لێیدەکەنەوە و ئینجا دەیگوازنەوە و ئیتر بەرەبەرە ئاواتەکانی پێشووی کوێردەبنەوە و ئەگەر سەردەمێک پێی وابوو پەنجەرەیەکی بەرەو خۆشییەکانی ژیان بەسەردا دەکرێتەوە ، بەڵام ماڵی نوێی لێ دەبێت بە زیندان و شکەنجەخانە و دەرد و ئازاری شەوانە.

لەو زیندانە نوێیەدا هەموو ئاواتە شیرین و جوانەکان و هەست و هۆشی عاشقانەی لەگەڵ ڕاستییە تاڵەکانی ژیانی نوێدا، ڕاستییەک کە لێیان شاردبووەوە، لەناودەچن و سەرئەنجام لەژێر دەستی بێبەزەییانەی مێرد و بنەماڵەکەیدا دەچەمێتەوە و سەرئەنجام بە وتەی "لۆتەر" سارد و بێڕۆح وەک بزمارێک کە لە دیوار درابێت ، بۆ هەمیشە لە جێی خۆیدا دەمێنێتەوە!

## فەسڵی دووەم : مەرجی کڕینی ئافرەت لە کاتی مارەکردنیدا

تا ئێرە و تا ئەو کاتەی کە توێژینەوەمان کرد ئافرەت بەشێک بوو لە سامانی باوکی ، بەڵام خاوەندارییەتی باوک بەسەر کچدا بەگشتیی بۆ کەڵکلێوەرگرتنی سێکسی نەبوو، بەڵکوو کەڵکی تری لە کچەکەی وەردەگرت کە لە بەشەکانی دواییدا ئاماژەیان بۆ دەکەین. بۆ نمونە بە کردەوە بەشداریی دەکرد لە پەروەردەکردنی کچەکەیدا بۆ ئەوەی کە کەسانی تر کەڵکی سێکسی لێوەربگرن. واتە هەوڵیدەدا کە منداڵەکەی لە بواری سێکسیی و دەرونییەوە بە جۆرێک پەروەردە بکات کە بە تەمەنی بالغ بوون بگات و ئافرەتێکی باش بێت بۆ خاوەنەکەی داهاتووی.

### هاوسەری باش بۆ مێردەکەی چۆن بووە؟

هاوسەری باش ئافرەتێک بوو کە لە بەرامبەر مێردەکەیدا گوێڕایەڵ ، دڵسۆز و وەفادار بێت. بە لایەنی کەمەوە ئەوانە بەشێک بوون لەو تایبەتمەندییانەی کە هاوسەرێکی باش دەبووایە هەیبێت ، چونکە تەنیا لەو ڕێگایەوە بوو کە ئافرەت دەیتوانی ڕەزامەندیی مێردەکەی وەک خاوەنی نوێی ڕازیی بکات. بەبێ ئەو تایبەتمەندییانە واتەی خاوەندارییەتی بە دژواریی دابیندەکرا.

### 1. گوێڕایەڵیی

خاوەندارییەتی تاک بەسەر ئامێر یان کەرەستەیەکدا، بەو واتەیە کە ئامێر و کەرەستە بەتەواویی لەژێر کۆنترۆڵی خاوەنەکەیدا بێت، هیچ گرفتێک پێکنەدەهات، چونکە ئامێر هەست و ویستی نیە و ناتوانێت بە پێچەوانەی بڕیاری خاوەنەکەیەوە بجوڵێتەوە و بەبێ گیروگرفت بەکاردەهێنران ، بەڵام ئەو بۆچوونە مرۆڤ و گیاندار

ناگرێتەوە. کەڵکوەرگرتن لە گیاندار و مرۆڤ بە تایبەتمەندییەکانی جەستەیی ، فیزیکیی ، دەرونیی و کۆمەڵایەتییانەوە دەبەسترێتەوە. کەسێک کە دەگەڕێت بە دوای گایەکدا بۆ کێڵانی زەوی ، یان مانگایەک بۆ شیر ، ئەگەر ئەو گا و مانگایە سەرکێش بن و بیانەوێت بە ویستی خۆیان بجوڵێنەوە ، یان کاتی دۆشین، مانگاکە لەقە لە خاوەنەکەی بدات ، ئەوا بە نرخێکی زۆر کەم دەفرۆشرێت. ئەوە ئافرەتیشی دەگرتەوە. هەموو کەسێک بە شوێن ئافرەتێکی گوێڕایەڵدا دەگەڕا و ئافرەتێکیان نەدەویست کە سەرکێش بێت و بە ویستی خۆی هەڵسوکەوت بکات. چونکە نەیاندەتوانی وەک ئامێر بەکاریبهێنن و کەڵکی سێکسیی لێوەربگرن. سەبارەت بە ئیشکردنی ئافرەت ، دواتر باسی دەکەین و لێرەدا تەنیا باس لە گوێڕایەڵییە سێکسییەکەیەتی ، وەک یەکێک لە تایبەتمەندییە دەرونیی و ڕەوشتییەکانی دوای شووکردنی.

بەو پێیە یەکێک لە ئەرکەکانی باوک لە پەروەردەکردنی کچدا ئەوە بوو کە ئافرەتێکی گوێڕایەڵ بێت بۆ خاوەنی دوارۆژی. ئەوە بەشێک بوو لەو ڕەوشتەی کە ناویان نابوو پەروەردە و هەڵسوکەوتی ڕەوشتیی کچ. ئەو کارەش بە تێکشکاندنی کچ و لەناو بردنی ئازادییەکانی دەکرا. کچێکی شایستە و ڕەسەن کچێک بوو کە شەرمن و گوێڕایەڵ بێت ، ئەگەرنا بە تاوانی کەسێکی ڕووکراوە ، تەمێ دەکرا.

لە باشوری ئێران لەناو عەرەبەکاندا کاتی بوک گواستنەوە، زاوا لەسەر بەرزاییەک دەوەستێت و هەر کە بوک گەیشتە ماڵەکەی ، بۆ هۆشیارکردنەوەی لە هەلومەرجی خۆی و گوێڕایەڵیی بۆ خاوەنی داهاتووی ، بە دەست لەسەر سەری دەدات. لە ڕوسیا بەرلە شۆڕش لەنێوان دەرەبەگەکاندا لە گوندەکانی "ڤیریاتینۆ" Viriatino کاتی چێشتخواردن ، باوکی کچەکە شولکێکی بە دەستیەوە دەگرت و هەر کەسێک پێبکەنیایە ، یان بە دەنگی بەرز قسەی بکردایە ، بەو شولکە

لێیدەدا[1] و کاتی بە شوودانی کچیش باوک شولکەکەی دەدا بە زاوا و ئەویش لەسەروو قەرەوێڵەی "تەختی خەو" بوکەکەوە هەڵیدەواسی. ئەو شولکە هێمای دەسەڵاتی پیاو بوو بەسەر ئافرەتدا و هەڵواسینیشی بەسەر قەرەوێڵەی بوکدا، نیشانەی دەسەڵاتی پیاو بوو بەسەر جەستەی ئافرەتدا[2]. دیارە مەبەست لەو شولکە ترساندنی ئافرەت نەبووە و هەرگیز بۆ ئەو مەبەستە کەڵکی لێوەرنەدەگیرا. پاپا Silvester کە لە سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی "ئەیڤۆن"ی مەخۆفدا دەژیا ، بە پیاوەکانی ڕوسیای دەگوت:

**- (ئەگەر ئافرەت فەرمانەکانتانی جێبەجێ نەکرد ، بەگوێرەی تاوانەکانی بە شولک لێیبدەن ، بەڵام نەک لە بەرچاوی خەڵک ، بەڵکوو بە تەنیا. هەروەها بە شولکەکان لە گوێیان مەدەن و کاتێکیش بە مەستەکۆڵە لە دەوروبەری دڵیان دەدەن ، هۆشیاربن! بە دار و ئاسن لێی مەدەن و بە شولک لێیدەن و باش بزانن لە کوێی دەدەن. شولک ژانی زۆرە و دەتوانێت لە تاوان بیگێڕێتەوە[3].)**

بە کورتی ، کچ لەناو خێزانەکەیدا بە چەشنی خوێندنگەیەک لە باوک و برا گەورەکەیەوە وانەی گوێڕایەڵیی فێردەبوو تا فەرمانی سێکسیی شووی داهاتووی جێبەجێبکات. بەو پێیە گوێڕایەڵیی ئافرەت بۆ مێرد بە هۆی پەروەردەکردنەکانی ناو خێزان و دابونەریتەوە ، یەکێک بووە لە پرینسیپەکانی خێزان کە تێیدا کچ بۆ مامەڵە و فرۆشتن ئامادەکراوە.

هەموو ناوەندەکانی پەروەردە لەو سەردەمەدا کە مەبەستی باسەکەی ئێمەیە ، بە گوێرەی پەروەردەکردنە ئایینیەکان کراون ،

---

[1] - V.U. Krupianska, Family, Stucture and Life. In Love, Sex and Family through Ages, Bernard l. Mustein, 1974, p. 445.

[2] - F. W. Halle, women in soviet Russia. In Love, Sex and Family through Ages, Bernard l. Mustein, 1974, p. 445.

[3] - E.W.Burgess and H. J. Loche, Thwe Family, p. 156. In Love, Sex and Family Through Ages, Bernard l. Mustein, 1974, p. 445.

چونکە لەو سەردەمەدا هەڵسوکەوت و ڕەوشتی خێزان بە تەواویی لەژێر کاریگەریی و کۆنترۆڵی ئایین و جۆری پەروەردەکردنە ئایینییەکاندا بوون و هەر جوڵانەوەیەک لە دژی ، بە توندیی سەرکوت دەکرا و پەروەردەکردنە ئایینییەکان شێواز و نمونەی کردەوەکانی تاک و خێزان و کۆمەڵگایان دەستنیشان دەکرد. لەبەرئەوە دەق و ناوەڕۆکی کتێبە ئایینییەکان لەو سەردەمەدا بەڵگەی هەرە گرنگ بوون بۆ جۆری جوڵانەوەی تاک و خێزان. لەم بارەیەوە هەموو ئایینەکان و بەتایبەتیی ئایینی "سامی" فەرمانی بە ئافرەتان دەدا کە لە فەرمانی مێردەکانیان دەرنەچن. لە مەسیحییەتدا بەگوێرەی ئینجیل **(دەبێت ئافرەت فەرمانی هاوسەرەکەی جێبەجێبکات ، هەر وەک چۆن مەسیح لەژێر فەرمانی خوادا بووە ، چونکە مێرد سەرۆکی ئافرەتە و هەر وەک مەسیح سەرۆکی کەنیسەیە[4].)** لە ئایینی ئیسلامیشدا هاتووە:

**- (پیاوان زاڵن بەسەر ئافرەتاندا ، چونکە خوا هەندێکتانی لە هەندێکی ترتان لە لا باشترە و پیاوان پارەشیان تیایاندا خەرج کردووە. ئافرەتانی لە خواترس و گوێڕایەڵ ، ئەوەی خوا گوتوویەتی ، دەیپارێزن، ئەو ژنانەی کە گوێڕایەڵییتان ناکەن ، ئامۆژگارییان بکەن ، ئیتر لەگەڵیان مەخەون و لێیانبدەن ، خۆ ئەگەر بە قسەیان کردن ، ئیتر وازیان لێبهێنن ، چونکە خودا بەرز و گەورە بوو [5].)**

4 - l cornithians 2-3.

5- سورەتی النساء ، ئایەتی 34 ، قورئان ، حاج شێخ مەهدی ئیلاهی قەمشەیی. ([illegible]

لەناو هیندوەكانی هیندوستانیشدا بەگوێرەی ڕێنوێنییەكانی هیندویزم ، چاوەڕوانیی لە ئافرەتان دەكرا كە وەک خوا هەڵسوكەوت لەگەڵ مێردەكانیان بكەن و بەگوێرەی پەیڕەویی مانۆ:

**- (كچ یان ژنێكی گەنج ، تەنانەت ئەگەر لە ماڵی خۆشیدا بێت ، نابێت بە ویستی خۆی بجوڵێتەوە. لە منداڵییدا دەبێت لەژێر فەرمانی باوكیدا بێت و لە گەورەییدا لەژێر فەرمانی مێردەكەیدا ، كاتێكیش كە مێردەكەی مرد ، لەژێر فەرمانی كوڕەكانیدا بێت. ئافرەت هەرگیز نابێت لەژێر فەرمانی خۆیدا بێت. مێرد هەرچەندە گێل و بەدڕەوشت و گەندەڵیش بێت ، دەبێت ئافرەت هەر وەک خوا بیپەرستێت [6].)**

لە ئایینی كۆنفیشیۆس دا لە چین ، وەک زەوی Yen سەیری ئافرەت دەكرا و دەبووایە ئافرەت بە نزمیی زەوی بێت و لە بەرامبەر مێردەكەیدا هەڵسوكەوتی شەرمنانە و خۆبەدەستەوەدەرانەی هەبێت. پیاو وەک بەهەشت دەبینرا و وەک بوونەوەرێكی بەهێز و چالاک حسابی بۆ دەكرا. كاتێک زاوا بۆ گواستنەوەی بوک دەچووە ماڵیان ، باوكی بوک بە كچەكەی دەگوت: **(هۆشیار و گوێڕایەڵ بە بۆ خێزانی نوێت و سەرپێچی نەكەیت.)** دایكیش هۆشیاری دەكردەوە و پێیدەگوت: **(دژی دابونەریت و ڕێسای خێزانەكەت نەبیت و سەرپێچی نەكەیت.)** لەو سیستمەدا ئافرەت بەگشتیی سێ فەرمانی لە ئەستۆ بوو: دەبووایە وەک هاوسەر لەژێر فەرمانی مێردەكەیدا بێت ، وەک كچ لەژێر فەرمانی باوكیدا و وەک دایک كە بە تەمەن دەبوو ، لەژێر فەرمانی كوڕەكانیدا [7].

دیارە نابێت لەبیرمان بچێت كە ئەو شێوە پەروەردەكردنانە ، لایەنی كۆیلەیی سێكسیی دەگرتەوە ، چونكە فرۆشتنی كچ وەک هێزی كار ،

---

[6] - the Laws of Manu, v. 147, 144, 154, the secret Books of the east, vol. xxv, pp. 195-6. In Brefault Robert, the Motherw, vol. 1, p. 748, 1952 (1927).

[7] - 1-Li 4B, Steele, 1966, 39. In women in world Religions, Edited by Arbind Sharma, 1987. p. 142.

هەروەها بۆ چێژ لێبینین و کەڵکلێوەرگرتنی سێکسیی بووە. لە محەمەدی پێغەمبەری موسوڵمانەکانەوە دەگێڕنەوە:

**- (.... هەر کاتێک مێرد بانگی هاوسەرەکەی کرد کە زەوقی هەڵبستێنێت و ڕەحەتی بکات ، تەنانەت ئەگەر خەریکی چێشتلێنانیش بێت ، یان بە سواری حوشتریشەوە بێت ، دەبێت بچێتە لای.)** یان لە قورئاندا خودا بە محەمەد دەڵێت:

**- (هەر یەکێک لە هاوسەرانت کە نۆرەی چوونە لایان دوادەخەیت ، ئەوەشیان کە دەتەوێت و ئەوەشیان کە لێی تۆرابوویت و دورتخستبووەوە و دەتەوێت ئاشتی بکەیتەوە ، تاوان نیە و کەمترین شتە کە ببینن ، خەمبار نابن و ڕازیین بەوەی کە بۆ هەموویانت دابینکردووە و خواش ئاگای لە هەموو شتێکە کە لە دڵتاندایە و خوا ئاگادار و بە حەوسەڵە بوو [8].)**

لە کتێبی "حیلة المتقین"ی مەرجەع و فەقێی زۆر باوەڕپێکراوی شیعەکاندا سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی ئافرەتانی شایستە هاتووە:

**(حەزرەتی محەمەد (د.خ) فەرمووی.... هاوسەری هەرە باشی ئێوە ئەو هاوسەرەیە کە منداڵی زۆری ببێت، مێردەکەی خۆش بوێت ، داوێنپاک بێت ، لەنێوان خزمانیدا خۆشەویست بێت و لە لای مێردەکەی بێدەسەڵات بێت... هەرچی مێردەکەی بیڵێت ، گوێی لێبگرێت و فەرمانەکانی جێبەجێبکات ، کاتێک مێردەکەی لەگەڵی دەنوێت ، هەرچی لێی بوێت بێدڵیی نەکات ، بەڵام زۆر لە مێردەکەی نەکات کە لەگەڵی بنوێت... هاوسەری خراپ ئەو هاوسەرەیە کە لەکاتی خەوتن**

---

[8]- سورەتی الاحزاب ، ئایەتی 51 ، قورئان ، حاج شێخ مەهدی ئیلاهی قەمشەیی. ( [illegible]).

**لەگەڵ مێردەکەیدا ، ئەوەی کە مێردەکەی داوی لێدەکات ، نەیکات و وەک حوشتر بێت [9].)**

لە هەر جێیەکی ئەو پەروەردەکردنانەدا کە باسی پیاوان دەکرێت ، مافی کۆنترۆڵکردنی جەستەی ئافرەتانی بۆ چێژ لێبینینی سێکسیی پێدەدرێت و لە هەر جێیەکیش ڕوو لە ئافرەتان دەکرێت ، دڵنیایی لەوە دەکرێتەوە کە دەبێت خۆبەدەستەوەدەری مێردەکەی بێت. هەر وەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد ، چۆن خاوەن کەرەستەیەک دەسەڵاتی بەسەر کەرەستەکەیدا هەیە و هەر کاتێک بیەوێت کەڵکی لێوەردەگرێت ، لێرەشدا بە تەواویی هەوڵدراوە وەک ئەو کەرەستەیە لەگەڵ ئافرەت هەڵسوکەوت بکرێت و پێی بسەلمێنرێت. لە لایەک دڵنیایی لە مافی پیاو بەسەر جەستەی ئافرەتەوە دەکات کە هەر کاتێک بیەوێت و لە لایەکی تریشەوە بە شێوەی کەرەستەیەک دەیبینێت بۆ کۆنترۆڵکردنی لە لایەن پیاوەوە و پێی دەڵێت کە بە شوشتنەوەی مێشکی ، خۆشحاڵ بێت.

## ئا- هەڕەشە و خەڵات بۆ خستنەژێر فەرمانی ئافرەتان

خاڵێکی تر ئەوەیە کە ئافرەتان نیوەی کۆمەڵگا پێکدەهێنن. لەو ڕوانگەیەوە، هەم لە بواری هێزی کار ، هەم لە بواری دیاردەی چێژ و سێکسدا بۆ پیاوان ، گرنگییەکی زۆریان هەبووە. لەبەرئەوە ئەرکی گوێڕایەڵیی و بە دیسیپلین کردنی ئافرەتان دوو ئەرکی بەرچاو بوون لە سەر شانی پیاواندا. کۆمەڵگای پیاوان چ بە هۆی پێغەمبەرەکان و کتێبەکانیانەوە و چ بە هەڕەشە و خەڵاتکردن کە لە کتێبەکانیاندا هاتوون ، هەوڵی بە ئەنجام گەیاندنی ئەو ئامانجانەیان داوە. لە هەموو ئەو کتێبانەدا بە مەبەستی گوێڕایەڵیی ئافرەت لە مێرد ،

---

9- محەمەد باقر مەجلسی ، حیلة المتقین . لاپەڕەی 126.

بەڵێنی چوونە بەهەشت دراوە و لە هەمان کاتیشدا کاتی سەرپێچیی بە سزای توند لە لایەن خواوە هەڕەشەیان لێکراوە. بۆ نمونە لەو خەڵات و هەڕەشانە ، لە سورەتی ئەلئەحزابی قورئاندا هاتووە:

**- (ئەی ئافرەتانی پێغەمبەر هەر کەسێکتان ئیشێکی خراپی ئاشکرا بکەن ، ئازاردانەکەتان دوو ئەوەندەی ئازاری ئاسایی دەبێت ، ئەوەش بۆ خودا ئاسانە. هەر کەسێکیشتان گوێڕایەڵیی خودا و پێغەمبەرەکەی بکەن و کاری باش بکەن ، پاداشتەکەی دوو ئەوەندە دەبێت و ڕزقێکی بە کەرامەتمان بۆ داناوە[10].)** یان لە محەمەدی پێغەمبەری موسوڵمانانەوە دەگێڕنەوە: **(ئەگەر ئافرەتێک لە کاتی مردنیدا ، مێردەکەی لێی ڕازیی بێت ، جێگای بەهەشتە.)**

**ب- ئافرەت بنەمای شەڕ و پلانگێڕیی**

هەوڵدان بۆ خۆبەدەستەوەدانی ئافرەتان بە مەبەستی خستنە ژێرفەرمان و کۆیلەیی سێکسیی پیاوان ، بە سزادانی ئافرەت لەم دنیایە و هەڕەشەی سزا و ئازارەکانی ئەو دنیا ، هەروەها پروپاگەندەی ناردنیان بۆ بەهەشت ، کۆتایی نەدەهات. لە پاڵ ئەو شێوازانەدا هەوڵدان بۆ تێکشکاندنی کەسایەتی ئافرەتان و سەپاندنی ئەوەی کە ئافرەت نزمترن لە پیاو ، بە سەریاندا و تێکۆشان لە لایەک کە بەرگی ڕەوایەتی بەسەر مافی خاوەندارییەتی و کۆنترۆڵکردنیاندا بسەپێنن و لە لایەکی تریشەوە بە شوشتنەوەی مێشکیان پێیان بسەلمێنن کە بوونەوەرێکی کەم هۆش و شەڕانین و پێویستیان بە کۆنترۆڵی پیاوان

[10]- سورەتی الاحزاب ، ئایەتی 30 و 31 ، قورئان ، حاج شێخ مەهدی ئیلاهی قەمشەیی. ([illegible]).

هەیە. بۆ نمونە لە ئینجیلی کتێبی مەسیحییەکاندا ، بە ئافرەتان گوتراوە کە خودا پیاوی وەک خۆی دروستکردووە، چونکە خۆی ڕۆحە ، پیاویش وەک ڕۆحە و ئافرەتیش وەک جەستە. لەو ئایینەدا ڕۆح پلەی بەرزترە لە جەستە ، پیاو لە خودا نزیکترە و هەر بەو پێیەش بوونەوەرێکی تەواوترە لە ئافرەت. لە کاتێکدا ئافرەت کە بەشی جەستەکەی پێبەخشراوە ، وەک بوونەوەرێکی کەمئەندام (نوقسان) دانراوە ، بە چەشنێک تەنیا لە ڕێی شووکردنیەوە بە پیاو کە حوکمی مێشکی ئەوی هەبووە ، دەیتوانی وەک بوونەوەرێکی تەواوی لێبێت. هەر وەک چۆن جەستە بە هۆی سەرەوە کۆنترۆڵ دەکرێت ، ئافرەتیش دەبووایە بە هۆی پیاوەوە کۆنترۆڵبکرێت و بەرەو پێشەوە بچێت و بە بێ کۆنترۆڵکردنی وەک جەستەیەکی بێ مێشک دەبوو بە بنەمای شەڕوشۆڕ و ڕێ ونکردن!

لە سەردەمە دێرینەکاندا، تەوراتی کتێبی جولەکەکانیش لەو بۆچوونە دەدوا. لەو ڕوانگەیەوە پیاو لە کاتی خوداپەرستییدا دەیتوانی بە بێ داپۆشینی سەری ، ڕوو لە خودا بکات ، بەڵام ئافرەت چونکە لە ئەندامێکی سەرەکیی بێبەش بوو ، دەبووایە سەری خۆی دابپۆشێت. ئافرەت جەستەیەک بوو کە شەیتان بەسەریدا زاڵبوو. لە هەردوو ئایینەکەدا هەستیاریی ئافرەت دەگەڕایەوە بۆ نەبوونی عەقڵ و ئەندێشە و کۆنترۆڵ نەکردنی هەست و بیرکردنەوەی. ئەمەش بەشێک بوو لە سروشتەکەی کە لە شەیتانەوە پێیبڕابوو! بەو پێیە لە سەردەمە دێرینەکاندا کە ئافرەت لە هەلومەرجی بێدەسەڵاتیدا دەژیا ، ئەو بۆچوونە کە گوایە ئافرەت لە لایەن شەیتانەوە بۆ فریودانی پیاو ڕەوانە کراوە ، ڕەنگدانەوەی لەسەر کۆمەڵگا هەبوو.

لە سەدەی 13ی زایینیدا "تۆماس ئاکیناس" گەورە پلەداری ئایینیی مەسیحییەکان لە جیهاندا بە ڕاشکاویی دەڵێت: **(ڕەنگە ئافرەت تەنانەت لەگەڵ شەیتانیش پەیوەندیی هەبێت)**. لە ئەنجامدا دەبینین لە زۆربەی نیگار و تابلۆکانی سەدەکانی ناوەندییدا لە ئەوروپا. ئافرەت

بە شێوەیەك دەبینرێت كە لە پشت شەیتانەوە كەوتووەتە سەر چۆك و خەریكی ماچكردنی كلكی شەیتانە. هەروەها ئەو ئافرەتانەی كە هێما و نیشانەی نوستنیان لەگەڵ شەیتاندا هەبوو (ئەو هێمایانە بە وردیی باس كراون) ، دەستگیر دەكران و بە زیندوویی لە ئاگردا دەسوتێنران. بە بۆچوونی تۆماس ئاكیناس ئافرەت بە هۆی سروشتی بایۆلۆجیی و دەرونییەوە ، نزمترە لە پیاو ، هەروەها لە بواری فیزیكییەوە لە پیاو لاوازترە ، هێزی خۆپارێزیی كەمترە و لە وتووێژكردندا بێتوانایە ، بۆیە لەبەر پێكهاتە سروشتییەكەی ، باشترە كە بە پیاوەوە ببەسترێتەوە[11].

لە ئایینی "كۆنفیشیۆس"یشدا بەم جۆرە ئاماژە بۆ ئافرەت دەكرێت:

**- (ڕەگەزی مێ بەگوێرەی سروشتی نزمی ، وەك مانگ ڕەشە و وەك ئاو دەگۆڕێت. حەسودە ، بێ مێشك و بێ تێبینییە ، نەزانە و لەژێر فەرمان و بیر و هەستی دایە. جوانییەكەی هەمیشەییە و بۆ پیاوان فێڵباز و بۆ دەسەڵاتداران وێرانكەرە[12].)** بەگوێرەی كتێبی "تەورات" لە ئایینی جولەكاندا، لە ساڵانی 106-109ی پ. ز دا، لە كتێبی Jubulees دا دەربارەی ئافرەتان گوتراوە: **(كاریان لە سێكس و خۆشگوزەرانییدا كۆبووەتەوە. ڕاستگۆییان لە ئیشەكانیاندا نیە. لەبەرئەوە كردەوەكانیان شەیتانییە[13].)**

لە سەرەتای دروستبوونی بوونەوەردا Genesis بە چوار شێوە باسی ئافرەت دەكرا: زۆرخۆرن ، بە نهێنی گوێ لە قسەی خەڵك دەگرن ، تەمبەڵ و كارلێنەهاتوو و حەسودن.[14] لە جێیەكی تری تەوراتدا ئافرەت بە **(جامێكی پڕ لە پیسایی و دەمی پڕ لە خوێن وەسف**

[11] - Thomas Aquinas, Summa theological pt. 1, Q 92, art. 1. In women in world Religions, Edited by Arbind Sharma, 1987. p. 218

[12] - Women in China, edited by Guisso, Richard and Johanessen, 1981. p. 59. In women in world Religions, Edited by Arbind Sharma, 1987. p. 135.

[13] - Jubulees, 25:1.

[14] - Gen. R 58.2.

**دەکرێت[15])** ، یان دەگوترێت: هەر چەشنە شەڕێکم توش بکە ، جگە لە شەڕوشۆڕی ئافرەتان ، هەروەها تاوان لە ئافرەتانەوە دەستپێدەکات ، لەبەرئەوە ئێمە هەمووومان دەمرین[16]. سەرئەنجام لە کتێبی دوعای ڕۆژانەیاندا دەخوێنینەوە کە پیاوان لە دوعای ڕۆژانەیاندا دەڵێن:

**- ( شکور بۆ تۆ خودایە ، ئەی خودای گەورە ، پاشای جیهان کە منت نەکرد بە ئافرەت.)** ئافرەتانیش شکوری خودا دەکەن کە بە فەرمانی ئەوە بوون بە ئافرەت. لە قورئانی کتێبی موسوڵمانەکانیشدا ئەوانەی ناوی ئافرەتانیان بە فریشتەکانەوە بەستووەتەوە ، گازەندە دەکرێن: **(ئەوانەی باوەڕیان بەو دنیا نیە ، فریشتەکان بە ناوی ئافرەتەوە ناودەبەن[17].)** هەر لە سورەتەکانی دواتردا، داوا لە پێغەمبەر دەکەن لێپرسینەوە لەو کەسانە بکات کە شەریک بۆ خودا دروستدەکەن و دەڵێن گوایە خودا منالی کچی هەیە ، خوداش بە محەمەد دەڵێت:

**- (لێیان بپرسە ئایا خوایەکەتان کچی هەیە و ئەوانیش کوڕ! یان فریشتەکانمان بە مێینە دروستکرد و خۆشیان بینییان[18].)**

لە درێژەی ئەو دید و بۆچوونانەدا سەبارەت بە ئافرەتان ، لە نوسراو و وتەی جێنشینەکانی پێغەمبەردا توشی گەلێک دیاردە دەبین کە بە ڕاشکاویی باسی کەم هۆشیی و شەڕانیی و مەترسییەکانی ئافرەتان دەکرێت و دەڵێن هەرگیز نابێت ئافرەت لە دەرەوەی کۆنترۆڵدا بێت. ئەوانە بە تەواویی لە وتەکانی قورئان توندترن ، چونکە لە سەردەمێکدا کە محەمەد پێغەمبەرایەتی خۆی ڕاگەیاند، کۆمەڵگای عەرەبستان هێشتا بە تەواویی سەردەمی دایکایەتی "مادرتبار"

---

[15] - Shab. 152a.

[16] - "Appocryrall Ecclesias Ticas" (25-6).

[17]- سورەتی النجم ، ئایەتی 27 ، قورئان ، حاج شێخ مەهدی ئیلاهی قەمشەیی. ([illegible]).

[18]- سورەتی الصافات ، ئایەتی 149 – 50 . ([illegible]).

بەجێنەهێشتبوو ، ئافرەتان خاوەنی ڕێزێکی پتر بوون. لە کاتێکدا کە جێنشینەکانی هاتن ، ئافرەتان بە تەواویی دەسەڵاتی خۆیان لە دەست چوو ، کەوتنە بەر هەڕەشە و ئەوەی پێغەمبەر خۆی نەیوێرا بیڵێت ، ئەوان گوتیان. بۆ نمونە عومەر خەلیفەی دووەم و جێنشینی پێغەمبەر لە دوای ئەبوبەکر ، بە پەیڕەوانی خۆی ڕاسپارد: **(ڕێ مەدەن ئافرەتان فێری خوێندن ببن ، هەمیشە بەرپەرچی داوا شەیتانییەکانیان بدەنەوە[19].)** یان عەلی پێشەوای شیعەکانی جیهان بە پەیڕەوانی خۆی دەڵێت:

**- (ئەی خەڵکینە ، بزانن کە ئافرەتان لە بواری ئیمانداریی و هۆشمەندییەوە ناتەواون[20]. هەموو بوونیان هەر شەڕ و بەدڕەوشتییە[21]. هەرگیز لەگەڵ ئافرەتان ڕاوێژ مەکەن، چونکە بۆچوونەکانیان بێبایەخە. ئافرەتان لە دیدی خەڵک بشارنەوە، بە شێوەیەک کەسێک نەتوانێت بیانبینێت... بۆ کاتێکی زۆر لەگەڵ ئافرەت مەبن ، چونکە تێکتاندەشکێنن[22]. پیاوان هەرگیز نەچنە ژێر فەرمانی ژنەکانیانەوە. هەرگیز ڕێ مەدەن کە سەبارەت بە ژیانی ڕۆژانەتان باستان لەگەڵ بکەن. ئەگەر ڕێیان پێبدەن کە ئامۆژگاریتان بکەن ، ئەوا هەموو سامانی ئێوە لەناودەبەن و فەرمان و بڕیارەکانتان جێبەجێ ناکەن. لە تەنیاییدا ئەرکی خۆیان لەبیردەکەن و دەچنە ناو فیکری خۆیانەوە و هەر کە زەوقی سێکسیی بەسەریاندا زاڵبوو ، بەزەیی و پاکیی خۆیان لە دەستدەدەن . چێژ لێبینینیان کارێکی ئاسانە ، بەڵام لەو بوارەدا گیروگرفت و ژانەسەرتان توشدەکەن. تەنانەت ئەو ئافرەتانەش کە لە هەمووان پاکترن ، لە بواری پاکییدا لاوازن. لەشفرۆشەکان لە هەمووان پیسترن. تەنانەت بە پیرییش لە ناپاکیی و**

---

[19]- باوکی ئەوراق ، موسوڵمان و موسوڵمانەتی ، وەرگێڕانی دوکتور ئەنساری ، لاپەڕەی 566.
[20]- بازشناسی قانون ، دوکتور مجید روشنگەر.
[21] - Ascha, Ghassan, De Statut Inferieur de la Femme en Islam, 1986, pp. 38f.
ئاماژەیە بە ئبنی ئەوراق ، موسوڵمان و و موسوڵمانەتی ، وەرگێڕانی دوکتور ئەنساری ، لاپەڕەی 567.
[22]- باوکی ئەوراق ، موسوڵمان و موسوڵمانەتی ، وەرگێڕانی دوکتور ئەنساری ، لاپەڕەی 567.

بەدڕەوشتیی دورناکەونەوە. ئافرەتان لەو بوارەدا شەریکی کەسانی بێدین و بێئیمانن ، شکات دەکەن کە پیاوان زوڵمیان لێکردوون ، بەڵام لە ڕاستییدا خۆیان ستەمکارن. ئەوانەی کە سوێند دەخۆن لە هەمان کاتیشدا درۆدەکەن ، ئەوانەش کە دەڵێن پیاوان لە خۆیان دوردەخەنەوە ، خۆیان بۆ پیاو سوتاون. وەرن لە خودای گەورە بپاڕێینەوە کە یارمەتیمان بدات لە شەڕ و هەوەس و سیحر و جادووی ئافرەتان دورمان بخاتەوە[23].)

لە ئایینی زەردەشتییشدا هاتووە: **(فریشتەکان وەک لایەنگر و سوپای شەیتان حساب دەکرێن کە بۆ ونکردنی ڕێگای خوداپەرستان داو دادەنێن و بۆ لەناوبردنی ئاگر ، ئاو ، گیا و ئاژەڵ هەوڵدەدەن[24]. لە خوێنڕێژیی مانگانەدا کە شوێنەواری شەیتانە ، هەر مانگەی چەند ڕۆژێک شەیتان لە ئافرەت نزیک دەبێتەوە و گیرۆدەی دەکات ، چونکە پیاو شتێکی لەو جۆرەی نیە ، لەبەرئەوە لە ئافرەتان پاکتر و مەزنترن[25].)**

لەنێوان ڕوسەکانیشدا دەگوترا: **(موی ئافرەتان ڕەنگە گەشە بکات ، بەڵام هۆشیان نا.)** بەو جۆرە تاوانی کەمهۆشیی ، درۆزنیی و هەوەسبازیی کە دەخرایە پاڵ ئافرەتان ، بۆ ئەوە بوو کە مافەکانیان ژێرپێبخەن و لە کۆنترۆڵی خۆیاندا بیانهێڵنەوە. ڕێگایان لێبگرن کە دژایەتی ئەو کۆنترۆڵکردنە بکەن ، بەڵام هەموو ئەوانە بەپێچەوانەی ڕاستییەکانەوە بوون. ئایا بە ڕاستیی ئافرەتان کەمهۆشن ، درۆزن و هەوەسبازترن لە پیاو؟

سەبارەت بە هەوەسبازیی ، دەبێت بڵێین پیاوان لە هەر سێ ئایینە ئاسمانییەکەدا پتر لە هاوسەرێکیان هەبووە و لە ئافرەتان هەوەسبازترن. لە ڕاستییدا ڕێگە بە پیاوان درابوو کە هاوکات چوار

---

23- هەمان سەرچاوە.

24- ئافرەت بە گومانی مێژوو ، بنەفشە حیجازی ، لاپەڕەی 58.

25 - مێژووی کۆمەڵایەتی ئێران ، لاپەڕەی 577 ، مورتەزا ڕاوەندی . لە لاپەڕەی 135 لە ئافرەت بە گومانی مێژوو ، بنەفشە حیجازی وەرگیراوە.

ژنیان هەبێت. ئەوە جگە لە کەنیزەکانیان و ڕێیان پێدرا بوو کە هەرچەندێک توانایان هەبێت ، دەتوانن کەنیزەیان هەبێت. لە قورئاندا هاتووە:

**- (... ژن بهێنن تا دەتوانن ، دووان و سیان و چوار...[26].)**

محەمەدی پێغەمبەری موسوڵمانەکان لە هەمان کاتدا نۆ ژنی مارەکراو و پێنج کەنیزە و کۆیلەی بۆ پەیوەندیی سێکسیی هەبووە ، ئەوەش دەرخستنی ئەو ڕاستییەیە. هەوەسبازییەکەی ئەو بە ڕادەیەک بوو کە لە کچی بچوکی حەوت ساڵیی وەک عائشە خۆی نەپاراستووە کە لە ڕووی تەمەنەوە وەک نەوە و نەوەزای خۆی بووە. تەبەری دەربارەی عائشە دەگێڕێتەوە و گوتوویەتی:

**- (ڕۆژێک پێغەمبەر هاتە ماڵمان... من لە حەوشە لە ناو جۆلانەدا یارییم دەکرد. دایکم بانگمی کرد ، دەستمی گرت و بردمیەوە بۆ ماڵەوە ، لەبەر دەرگای ماڵەوە ، وەستاین تا پشوویەک بدەم و ئارام ببمەوە. ئیتر چووینە ژورەوە ، پێغەمبەری خوا لەگەڵ ژمارەیەک ژن و پیاو لە ژورەکەی ئێمە لەسەر دۆشەکێک دانیشتبوو ... کاتێک میوانەکان ڕۆیشتن ، پێغەمبەر لە ماڵی خۆماندا منی مارە کرد... من ئەو کاتە تەمەنم حەوت ساڵ بوو[27].)**

لە ئایینی جولەکەشدا تا سەدەکانی ناوەندیی دەسەڵاتداران و ڕێبەرانی ئایینیی توانیویانە چەند هاوسەرێکیان هەبێت ، بەڵام بە خەڵکی ئاساییان ڕاسپاردوە کە تەنیا ژنێکیان هەبێت. لەم بارەیەوە دەسەڵاتدار و ڕێبەرە جیاوازەکان ڕاسپاردەی جۆراوجۆریان لەسەر

---

26 - سورەتی النساء ، ئایەتی 3 ، قورئان ، حاج شێخ مەهدی ئیلاهی قەمشەیی. ([illegible]).

27 _ محەمەد ئبنی جەزیر، تاریخ طبری، بەرگی سێیەم لاپەڕەی 930، لە میرفترۆس عەلی، "مقدمەای بر اسلام شناسی" بەرگی دووەم ، پندار یک ، نقد یک پندار لاپەڕەی 27.

فرەژنیی پیاوان هەبووە کە لە یەک ، تا چوار و هەندێک جاریش بە ئارەزووی خۆیان ژنیان هەبێت. لە حەدیس و گێڕانەوە ئایینییەکاندا سەبارەت بە سلێمان پێغەمبەر دەگوترێت کە 700 ژن و 300 کەنیزەی هەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا لە سەدەی یازدەی زایینیدا فرەژنیی لەناو جولەکەدا یاساخکراوە[28]. هەروەها لە مەسیحییەتیشدا سەرەڕای بیری نێگاتیڤیان لە سێکس ، فەرماندەکانی مەسیحی لە سەدەکانی ناوەندییدا پتر لە یەک هاوسەریان هەبووە[29].

سەبارەت بە تاوانی درۆکردنی ئافرەتان ، درۆکردن ئەنجامی بەدەستخستنی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی تاکەکانە. هەر وەک چۆن پیاوە خاوەن دەسەڵاتە زۆربڵێیەکان بۆ فریودان و پاساوهێنانەوەی ستەمکارییەکانیان درۆیان دەکرد (وەک ئەو درۆیانەی سەبارەت بە ئافرەتان دەیانکرد) ، درۆکردنی ئافرەتانیش سەبارەت بە دۆخی نالەباری خۆیان و ئاسایشی ژیانیان و دەربازبوونیان بووە لە هەڕەشە و سزادانیان ، ئەگەرنا هیچ لە درۆکردنەکانی ئافرەتان و پیاوان دیاردەیەکی خۆیی نەبووە کە لەگەڵیاندا هاتبنە دنیاوە. هەروەها بە پێچەوانەی ئەو پەروەردە کردنانەی کە پێشتر ئاماژەم بۆ کردن. هەر وەک هیچ بەڵگەیەک نەبوو کە ئافرەت لە پیاو کەمهۆشتر بێت. کارلێهاتوویی پتری پیاوان لە ئیشی دەرەوەی ماڵەوە زیادتر لە ئافرەتان ، لەبەرئەوە بووە کە ئافرەت لە چوارچێوەی تەنگ و بچوکی کاروباری ماڵەوەدا بووە و ڕێگەی پێنەدراوە وەک پیاوان ئیشی دەرەوە بکەن و ئەزمون بەدەست بهێنن ، ئەوەش پەیوەندیی بە لێزانیی پیاوان و کەمهۆشیی ئافرەتانەوە نەبووە.

خۆبەستنەوە بە فەرمانەکانی خواوە بۆ ئەو مەبەستە و پاساوهێنانەوە و داسەپاندنی ئەو تاوانانە ، بۆ خۆیان بەڵگەیەکی پێچەوانە و دور لە ڕاستیین ، چونکە لە هەر جێیەکدا هۆش و زانست

28_ Parinder edward Geoffrey, Sexual Morality in the world religions, p. 193. 1996.

29 - King l, ch. 11, verses 3. In nawal el Saadawi, Hidden Face of Eve, Women in the Arab World, 1980, p. 116.

توانای سەلماندنی دیاردەیەکی نەبێت ، ڕێ بۆ خۆبەستنەوە بە فەرمانەکانی خواوە ، خۆش دەبێت. بەو واتەیە ئەگەر بۆچوونەکان زانستیی و ڕاستیی سەلمێنەر نەبن ، داواکار وتەکانی خۆی بە وتەی خواوە دەبەستێتەوە ، چونکە لە ئاییندا وتەی خوا جێی پرسیار نیە و هەموو لایەک دەبێت بە بێ بەرهەڵستکاریی پێی ڕازیی ببن.

لە هەر سێ ئایینە ئاسمانییەکەدا ، واتە جولەکە ، مەسیحیی و ئیسلام دا ، لە داستانی ئادەم و حەوادا دڵنیایی لە هەڵسوکەوتی فریودەرانە و ڕێ ونکەرانەی ئافرەتان کراوەتەوە و هەوڵدراوە کە ئەوەش وەک ڕاستییەک بە ئافرەت خۆی ، بسەلمێنن. لە هەر سێ ئایینەکەدا، حەوا لە پەراسووی ئادەم دروستبووە و بە هۆی هەوەسبازییەوە ڕێگای لە پیاو ونکردووە و هانیداوە کە میوەی درەختی یاساخکراو بخوات و هەر ئەوەش بووە بە هۆی کەوتنەخوارەوەی ئەو دووانە لە ئاسمانەوە بۆ سەر زەوی. ئەو داستانە لە کتێبەکانی هەر سێ ئایینەکەدا هەیە ، بە کەمێک جیاوازییەوە کە لە کتێبی "جێنیس" دا، هۆی کەوتنەخوارەوەی مرۆڤ لە ئاسمانەوە، خواردنی میوەی درەختی "دانیش" بووە و لە قورئاندا هۆی کەوتنەخوارەوەکە خواردنی سێو نوسراوە.

لە ئایینی زەردەشتییشدا هەر کە "مەشی و مەشیان" واتە یەکەم پیاو و ئافرەت کە دروستبوون ، شەیتان بەسەر بیرکردنەوەیاندا زاڵ بووە ، لەبەرئەوە یەکەم دوو مرۆڤ بوون کە درۆیان کردووە ، بەڵام درۆی دووەم کە پەیوەندیی بە شیری بزن و تێکدانی هێمنییەوە هەبوو ، لە لایەن مەشیانەوە کراوە و دەڵێن خێوەکان "دێو" بەسەریدا زاڵبوون ، تا ئەو کاتەی کە خێوی پەرستووە و بووەتە گەورەی جادووکەران. بەو جۆرە خێوپەرستیی لەگەڵ مەشیانە سەریهەڵداوە[30].

---

[30]- ئافرەت بە گومانی مێژوو ، بنەفشە حیجازی ، 1370.

دیارە نابێت بیری نزم بینیی ئافرەت بە تەنیا بە ئایینەکانی سامی و ئایینی زەردەشتییەوە ببەستینەوە کە لە زۆر بواردا سەرچاوەیان خوڕافاتی ئایینەکانی ترە و لە ئایینەکانی تریشدا وەک "بودیزم" ، "کۆنفیشیۆسیزم" و "هیندویزم"دا بیرێکی جیاواز لە ئایینەکانی تر سەبارەت بە ئافرەتان بەرچاو ناکەوێت. بە وتەیەکی تر ، ئەوە جۆری بیرکردنەوەی ئەو سەردەمە بووە کە لە کتێبە ئایینییەکاندا ڕەنگیان داوەتەوە.

لەبەر ئەوە ، لە بودیزمدا کە پەروەردەکردنەکانی سەرچاوەی بیروبۆچوونی "بودا" بووە و خۆشی ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت ، وێنەیەک پێشاندەدات کە لە ئایینە سامییەکاندا لەسەر ئافرەت نەبووە ، بۆ نمونە بودا لە سەرەمەرگیدا وتووێژێکی لەگەڵ قوتابییەکەی "ئاناندا" کردووە. ئاناندا وتەکانی بودا و خۆی یادداشت کردووە. لەو وتووێژەدا ئاناندا سەبارەت بە ئافرەتان لە بودا دەپرسێت:

- (گەورەم ، لەگەڵ ئافرەتاندا، چۆن هەڵسوکەوت بکەین؟)
- لە بینینیان خۆتان بپارێزن.
- (ئەگەر ناچار بووین بە بینینیان؟)
- لە قسەکردن لەگەڵیاندا ، خۆتان بپارێزن.
- (بەڵام ئەگەر ئەوان قسەیان لەگەڵ کردین؟)
- بە تەواویی هۆشیار بن[(31)].

لە جێیەکی تردا کاتێک ئاناندا بە ڕێزەوە لە ئافرەت دەدوێت ، بودا پێیدەڵێت: **(ئافرەتان زوو توڕە دەبن ، زۆر هەوەسباز و نەزانن ، لەبەرئەوەیە کە لە ناو کۆمەڵدا جێیان نیە ، بێ ئیشن و ئیشیان نیە کە ژیانی خۆیانی پێ دابین بکەن[(32)].)**

[31] - Humphreys, Buddhism, pp. 38-39. In Amaury de Riencourt, Sex and Power in history, (1974), p. 167.

[32] - Comara Swamy, Budda & the Gospel of Buddhism, p. 62. In Amaury de Riencourt, sex and power in history, (1974), p. 167.

دانانی ئافرەتان لە ڕیزی کەسانی نەزان و ڕێ ونکەر، دڵنیاییکردنەوەیە لەو ڕاستیە سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی ئازادیی و هەڵسوڕانی ئازادییان ، تا وەک کەرەستەیەک و بوونەوەرێک کە پێویستی بە کۆنترۆڵکردنە ، کۆنترۆڵیان بکەن. ئەوەش یەکەم مەرجی خاوەندارییەتی پیاو بووە بەسەر ئافرەتاندا و ئافرەتی دەکرد بە کەرەستەیەک لە دەست پیاودا.

## 2. داوێنپاکیی

مەرجێکی تری دابینکردنی خاوەندارییەتی ئەوە بووە کە ساماندار بە بەردەوامیی کۆنترۆڵی بەسەر کەرەستە و سامانی خۆیدا هەبێت. کەرەستە لەو ڕوانگەیەوە کە ناتوانێت خۆی بداتە دەست کەسێکی تر ، جگە لە خاوەنەکەی ، گیروگرفتی پێکنەدەهێنا ، بەڵام مرۆڤ بەو جۆرە نەبوو ، لەوانە بوو ئافرەت جگە لە مێردەکەی پەیوەندیی سێکسیی لەگەڵ کەسێکی تر پێکبهێنێت و بە پێچەوانەی ویست و ئاگاداریی خاوەنەکەیەوە بۆ ساتێک خۆی بداتە دەست کەسێکی تر ، ئەوەش زیانگەیاندن بووە بە خاوەندارییەتی هاوسەرەکەی. لەبەرئەوە لە هەموو ئایینەکاندا دڵنیایی لە گوێڕایەڵیی و داوێنپاکیی ئافرەتان دەکرایەوە.

لە ڕاستییدا گوێڕایەڵیی و داوێنپاکیی دوو ڕووی دراوێک بوون، چونکە گوێڕایەڵیی ئافرەت بۆ مێرد ، مەرجی خاوەندارییەتی دەستەبەر دەکرد. ئافرەتێکی مێرددار ئەگەر پەیوەندیی سێکسیی لەگەڵ پیاوێکی تردا هەبووایە ، لەوە دەچوو کە لە کۆنترۆڵی مێردەکەی دەرچووبێت. لەو ڕوانگەیەوە داوێنپاکیی ئافرەت خاوەندارییەتی پیاوی بەسەر ئافرەت و کەڵکلێوەرگرتنی تایبەتیی لە ئافرەتەکەی دەستەبەر دەکرد. داوێنپاکیی ئافرەت واتەیەکی جگە لە ئەمەکدارییەتی ئافرەت بۆ خاوەنەکەی و بەردەوامیی کۆیلەیی سێکسیی بۆ خاوەنەکەی ، هیچی تر

نەبوو. یەكێك بوو لەو مەرجانەی كە بە بەردەوامیی پیاوی بەسەر ئافرەتدا دەسەپاند. ئافرەتی ناپاك هێمای بەرهەڵستكاریی و سەرپێچیی بوو لە باوك ، یان مێردەكەی. لە قورئانیشدا بە ڕونیی ئەوە دەبینین: **(ئافرەتانی داوێنپاك گوێڕایەڵن و دەبێت فەرمانی خوا و مێردەكانیان جێبەجێبكەن.)**

بەو جۆرە ئەگەر ئافرەتێك خاوەنی ئەو تایبەتمەندییانە نەبووایە ، ئافرەتێكی بەدڕەوشت بوو ، لە ڕاستییدا بێ خاوەن دەمایەوە و كڕیاری نەبوو. لەبەرئەوە ڕەوشتی كچ بۆ باوكی گرنگیی زۆری هەبوو ، بە سەختی سزای كچی بەدڕەوشت دەدرا كە نمونەكانیمان لە فەسڵەكانی پێشوودا بینی. ئامانجی ئەو سزایانە ئەوە بوو كە نەهێڵن داهاتووی كچ بەربەست ببێت ، واتە كڕیاری نەبێت. كچی بەدڕەوشت هەر وەك لە داستانی ژیانی "عەزیزە" و ڕەشیدە"دا بینیمان ، ئەگەر تێكەڵاوی كوشتن و سزادان نەبوونایە ، بێگومان چارەنوسیان دەركردن لە ماڵ و كۆمەڵگا و كەوتنە داوێنی بەدڕەوشتیی و فرۆشتنی سێكس دەبوو. بە وتەیەكی تر چونكە كڕیارێكی هەمیشەیی نەبوو ، دەیتوانی بە شێوەی كاتیی و بۆ ساتێك خۆی بفرۆشێت.

لە ڕاستییدا لەنێوان ئافرەتانی بە ڕەوشت كە شوویان دەكرد و ئافرەتانی بەدڕەوشت كە سەرئەنجامەكەیان فرۆشتنی سێكس بوو ، جیاوازییەكی بنەڕەتیی نەدەبینرا. یەكەمیان بە كەسێك و بۆ هەمیشە دەفرۆشرا و ئەوەی دووەمیان بە كەسانی جیاواز و كاتیی. دیارە لە جێی خۆیدا ئاماژە بۆ ئەو باسە دەكەم كە چۆن لە بواری كۆیلەیی ئافرەتانەوە شێوەی یەكەمیان قورستر بوو لە شێوەی دووەم. لێرەدا ئەوەندە دەڵێم كە داوێنپاكیی یەكێك بوو لە تایبەتمەندییە گرنگەكانی ئافرەت و هەوڵدەدرا لایەنی ڕەوشتیی پێبدرێت ، لە ڕاستییدا بە مەبەستی ئابوریەوە بوو. ڕەوشتپاكیی بریتی بوو لە پارێزگارییكردن لە بایەخی كاڵای سێكسیی و پارێزگاریی لێكردنی تا كاتی فرۆشتنی و كچ بەبێ ئەوە نەدەفرۆشرا. ئەوەی كە دەیانگوت دەبێت كچ پاك و

بەڕەوشت بێت لە هەمان بایەخی ئابورییەوە بوو. تەنیا ئەنجامی دەرونیی و ڕەوشتیی سروشتی پاک بۆ کچ ، دورخستنەوەی بوو لە گەشەپێدانی ئازادانەی هەست و غەریزەی سروشتیی و کەسایەتی کۆمەڵایەتی و دەستەبەرکردنی کۆیلەیی خۆی بۆ خاوەنی دوارۆژی. وانەی ڕەوشتپاکییان فێری ئافرەتان دەکرد تا لە تەماشاکردنی پیاوانی بێگانە خۆیان بپارێزن ، دەرگاکانی ژیان و تێکەڵاویی کۆمەڵایەتی بە سەر خۆیاندا دابخەن و هەست و بیرکردنەوەی سروشتیی خۆیان لە شاراوەییدا بهێڵنەوە و بۆ چێژ و فەرمانڕەوایی خاوەنەکەیان سەرکوتیان بکەن.

لە یەکێک لە بەڵگە ئایینییەکانی کۆنفیشیۆسدا کە 800 ساڵ پێش زایین نوسراوە، بە ناوی "هەڵبژاردەیەک بۆ ئافرەتان" Analect for Women یان "نو لون یو" Nu Lun Yu ، ئافرەتان ڕێنوێنی دەکات کە چۆن هەڵسوکەوت بکەن:

**- (جەستەتان خاوێن و ئابڕوتان پاک ڕابگرن. لە کاتی ڕۆیشتندا سەرتان نەوی بکەن و تەماشای دەوروبەرتان مەکەن. لە کاتی قسەکردندا دەمتان زۆر مەکەنەوە و لە کاتی ڕاوەستاندا کراسەکانتان ڕامەوەشێنن. خۆشحاڵیی خۆتان بە پێکەنین دەرمەبڕن و تورەیی خۆتان بە دەنگی بەرز ڕامەگەیەنن(33).)**

بەو جۆرە ئامانجی هەموو هەڵسوکەوتەکانی تاک و کۆمەڵ سەبارەت بە ئافرەتان لەو بازنەیەدا دەسوڕایەوە کە ئافرەت لەژێر چەپۆک و کۆنترۆڵ و کەڵکوەرگرتنی سێکسیی و ئابورییدا ڕابگرن. بۆ ئەو مەبەستەش بە تەنیا چەمکی ڕەوشتیی و خەڵاتکردن و هەڕەشە ئایینییەکانیان لەبەرچاو نەدەگرت ، بەڵکوو پەنایان بۆ گەلێک کردەوەی تریش دەبرد. لەوانە پەیوەندیی ئافرەتانیان بە دنیای دەرەوە

---

33 - Sung Jo-chao. D. u., “Nu Lun Yu” (ca. 800 C. E.). In women in world Religions, Edited by Arbind Sharma, 1987. p. 149.

دەپچڕی ، ئەگەرنا لە ڕووی ناچارییەوە پەیوەندییەکانیان کز دەکردنەوە.

## ئا- گیرکردنی لەماڵەوە

یەکەم هەنگاو ئەوە بوو کە نەهێڵن ئافرەتان لە ماڵ بچنە دەرەوە. بۆ ئەو مەبەستە ئافرەتیان لەسەردەمی منالییەوە لە ماڵدا گیر دەکرد و بە کردەوە پەیوەندییان بە دەرەوە دەپچڕی. لە کتێبی ئایینی جولەکەدا "تەورات" بە ڕاشکاویی دەگوترا کە دەبێت هەموو دنیا بە ڕووی ئافرەتاندا یاساخ بکرێت: **(مێرد هەموو دنیا بەسەر ئافرەتەکەیدا یاساخ دەکات ، وەک شتێکە کە خەڵاتی پەرستگا کرابێت[34].)** لە قورئانیشدا خودا لە ڕێی پێغەمبەرەوە بە ئافرەتەکانی پێغەمبەر ئەڵێت: **(لە ماڵەوە بمێننەوە و ئارام بن و وەک سەردەمەکانی نەزانیی (جاهلی) پێشوو ، خۆتان دەرمەخەن...[35].)**

هەروەها لە "نهج البلاغة"دا بە پیاوان گوتراوە: **(دەموچاوی ئافرەتانتان بە پەچە بشارنەوە تا پیاوان نەیانبینن. بە زۆر پەچەیان پێ بکەن و مەیەڵن لە ماڵ بچنە دەرەوە[36].)** لە ئایینی کۆنفیشیۆسیشدا لە چین ، ئافرەتان بە جۆرێک پەروەردە دەکەن کە بەبێ پیاو لە ماڵ نەچنە دەرەوە و لە کاتی پاڕانەوەکاندا داستانی خەفەتبار و

---

34 - Parinder Edward Geoffrey, Sexual Morality in the world religions, p. 193. 1996.

35 - سورەتی الاحزاب ، ئایەتی 33 ، قورئان ، قورئان حاج شێخ مەهدی ئیلاهی قەمشەیی. ([illegible])

36 - نهج البلاغة ، لاپەڕەی 139 ، جەواد فازل.

سەرنجڕاکێشیان بە گوێدا دەخوێندن و دەرونیان بە دیاردەی ژاراویی ئازار دەدان.

بۆ نمونە لە یەکێک لەو داستانانەدا دەخوێنینەوە کە بێوەژنێک ژورەکەی ئاگری تێبەربووە ، بەڵام لە ژورەکەیدا دەمێنێتەوە و دەرناچێت ، چونکە بەگوێرەی فەرمانە ئایینییەکانیان ، نابێت ئافرەت بەبێ پیاو بە شەو لە ماڵ بچێتە دەرەوە. لەو داستانەدا ئافرەت لە تاو پاراستنی یاسا و ڕێسا ئایینیەکەی ، مەرگ هەڵدەبژێرێت و لە ئەنجامدا دەسوتێت. ئەو ئافرەتە لەو داستانەدا بە هۆی هەڵبژاردنی ڕێ و ڕەوشتی شایستە و پاک و ڕەسەن بوونییەوە ، دەستخۆشیی لێدەکرێت[37]. لە داستانێکی تردا کە دەربارەی هاوسەری "دوک" Chu، نوسراوە ، هاوسەری دوک لە ماڵێک بووە کە دور بووە لە مێردەکەیەوە. دەگوترێت مێردەکەی ڕاسپێراوێکی ناردووە بۆ ڕزگارکردنی هاوسەرەکەی لە لافاوێکی ترسناک ، بەڵام لەبەر ئەوەی کە ڕاسپێراوەکە ناوی نهێنی مێردەکەی لەبیرچووە، ئافرەتەکە ئامادە نەبووە لەگەڵیدا بڕوات، هەرچەندە دەزانێت کە مانەوەی لە ماڵەوە ، دەبێتە هۆی مردنی و دواتریش خنکا ، بەڵام بۆ پارێزگارییکردن لە داوێنپاکیی و ڕەسەنیی ، لە لایەن مێردەکەی و خەڵکانی ترەوە بە باشیی ناوی برا[38].

## ب- بوکی قورئان

بەگوێرەی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی "گاردیان" ، تەنیا لە یەکێک لە هەرێمەکانی پاکستاندا بە ناوی "سەند" نزیکەی 3000 بوکی قورئان هەیە. بوکی قورئان بە ناوی کچێکەوە تۆمارکراوە کە بە هۆی نەبوونی ئامۆزا، یان کوڕێکی تر لە خێزانەکەیاندا، شووی کردووە بە قورئان! و

37 - 4” 1b-2a, O’ Hara 1945, 105-6. In women in world Religions, Edited by Arbind Sharma, 1987. p. 152.

38 - 4”6 a-b, O’ Hara 1945, 117. In women in world Religions, Edited by Arbind Sharma, 1987. p. 152.

بە درێژایی تەمەنی هەر لە ماڵەوە دەمێنێتەوە و قورئان دەخوێنێتەوە و ئیشی دەستیی دەکات.

ئەو دیاردەیە لە بنەمادا هۆی ئابوری هەیە ، خێزانە سامانداره‌کان کچەکانیان نادەن بەشوو بە کەسێکی بێگانە ، نایانەوێت سامانەکەیان لە چوارچێوەی بنەماڵەکەیان دەربچێت. کە کوڕیشیان نەبوو ، دژی شووکردنی کچەکانیان دەبن و بە ناوی قورئانەوە ، کاڵاکەیان بۆ هەمیشە لە ماڵەوە دەهێڵنەوە. بەو مەبەستە و بۆ پاساوهێنانەوەی زیندانییکردنی هەمیشەیی ئافرەت و بێبەشکردنی لە ژیانی ئاسایی ، بە درۆوە پەنایان بۆ قورئان دەبرد، تا بەرگریی بکەن لە پەیوەندییکردنی کچەکانیان بە دنیای دەرەوە. ڕەنگە ئەوەش بە هۆی ڕێزنەگرتنی ئافرەتان بێت لە خاوەنداریيەتی پیاو بە سەریاندا. بەگوێرەی ڕاپۆرتی گاردیان لەم دواییانەدا دوو بوکی قورئان بە هۆی مانەوەی زۆریان لە ماڵەوە توشی نەخۆشیی ئێسک بوون و ڕەوانەی نەخۆشخانە کراون[39].

دیارە نابێت بیر لەوە بکرێتەوە کە هێشتنەوەی ئافرەت لە ماڵەوە بەگوێرەی یاسا بەربەستکەرەکان تەنیا ڕیشەی ئایینیی هەبووە. ئەوانە لە بنەمادا یاسا و دابونەریتی کۆمەڵگای پیاوسالاریی بوون و یاسا و ڕێسا ئایینییەکان پاساو هێنانەوەیەک بوون بۆ سەلماندنیان بە ئافرەتان. ئەو سنوردانانە لە زۆربەی ناوچەکانی جیهانیشدا لە چوارچێوەی یاسا ئایینییەکاندا پەیڕەو دەکرێن.

لەوانە لە یۆنانی کۆنیشدا ڕێگا بە ئافرەتان نەدەدرا کە لە کۆبوونەوە گشتییەکانی وەک پێشبڕکێ وەرزشییەکاندا بەشداریی بکەن ، تەنانەت بە تەنیاش لە ماڵەوە بچنە دەرەوە. ئەو دیاردەیە نەک هەر لە یۆنان ، بەڵکوو لە هەموو ناوچەکانی جیهاندا پەیڕەو دەکرا و دەگوترا هەرچەندە ئافرەت وەک کەرەستە و کاڵایەک هی پیاو و جێگای

39 - Schork kurt, “Pakistan’s Women in Depair”, Gardian weekly, sept 23, 1990.

لە موسوڵمان و موسوڵمانەتی وەرگیراوە، وەرگێرانی دوکتۆر مەسعود ئەنساری ، لاپەڕەی 616.

کەڵکلێوەرگرتنیشی ماڵ بووە و لە ماڵەوەدا گیرکراوە کە جێیەکی ئارام و داپۆشراو بووە و نەیاندەهێشت بەبێ سەرپەرشت بچێتە دەرەوە. لەگەڵ ئەوەشدا گومانی ئەوەشی لەسەر بوو کە لە ماڵیشەوە دەستدرێژیی بۆ بکرێت.

دیارە لە ناوەڕۆکدا جیاوازییەکی بنەڕەتیی لەنێوان ئەو دوو دیاردەیەدا هەبوو. ئەوەی کە ناویان نابوو بەرگریی و چاودێرییکردنی پیاو لە ئافرەت ، لە ڕاستییدا بۆ سەلماندن و داسەپاندنی ئەو چەوساندنەوەیە بوو کە ڕەنگی مرۆڤایەتیان لێدەدا بۆ شاردنەوەیان لە دیدی ئافرەتان و بەو ناوەوە ، لە لایەک مافە سەرەتاییەکانی ئافرەتانیان پێشێلدەکرد و لە لایەکی ترەوە مننەتی بەرگرییکردنیان دەخستە سەریان.

بە هەر حاڵ ئەوانە بەڵگەیەک بوون بۆ زیندانییکردنی ئافرەتان لە ماڵەوە و پچڕاندنی پەیوەندییان بە دنیای دەرەوە ، بەڵام هێشتنەوەی ئافرەتان لە ماڵەوە و پچڕاندنی پەیوەندییەکانیان بە دنیای دەرەوە، لە دەسەڵاتدا نەبوو. لەو سەردەمەدا ماڵ وەک سەردەمی ئێستا نەبوو ، سەرەڕای شوێنی ژیان ، جێگای بەشێک لە دروستکردنی بەرهەمەکانی خێزانیش بوو. بەشێک لە ئیشی بەرهەمهێنانی خێزان لە ماڵەوە دەکرا. لەگەڵ ئەوەشدا ماڵ بەشێک بوو لە ناوەندی پەیوەندییەکانی خێزان و هاتوچۆی بنەماڵە و بەتایبەتیی پیاوان. لە ئەنجامدا پێی ئەندامانی بنەماڵە و خزم و بێگانەش بۆ ماڵەوە دەکرایەوە. لەبەر ئەوە زیندانییکردنی ئافرەت لە ماڵەوە بۆ پچڕاندنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دنیای دەرەوە ، هەوڵێکی ناتەواو بوو. بەو مەبەستە ئافرەتانیان لە گۆشەیەکی تری ماڵەکاندا گیردەکرد کە ناوی "ئەندەرون" ، یان دیوی ئافرەتان بووە و پەیوەندییان لەگەڵ ئەو بەشە دەپچڕی کە پیاوان هاتوچۆیان بۆ دەکرد. بەشی ئافرەتان بە تەنیا جێی دیداری ئافرەتان بوو. لەو دابەشکردنەدا، پیاو تەنیا لە کاتی خەودا و بۆ زەوقی سێکسیی دەچووە بەشی ئافرەتان و لای ئافرەت ، یان ئافرەتانی و ئەگەرنا

هەموو کاتە زیادەکانی خۆی لە ژوری پیاوان و لەگەڵ میوان و دۆستانی دەبردەسەر. جیاکردنەوەی ژوری ئافرەتان و پیاوان لەناو خێزاندا نەک هەر لە بواری سێکسییەوە ، بەڵکوو لە بواری جوگرافییشەوە ، ئەو دوو بەشەی لێک جیادەکردەوە و بەوەش ئافرەت و پیاو بە تەواویی دور لە یەکترەوە دەژیان.

بە وتەیەکی تر ، ژیانی ڕۆژانەی پیاو جارێک لە سنوری نێوان کۆمەڵگا و خێزاندا و جارێکیش لە ناو ماڵەکەیدا بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیدا دابەش دەبوو. ئەوەش ئافرەتی پتر لە ژیانی کۆمەڵایەتی و بەگشتیی لە ژیانی هاوبەشیی ژن و مێردایەتیدا تەسک دەکردەوە و ئەوەندەی تر لە زیندانی سێکسدا دەیهێشتەوە. لەو دابەشکردنە سێکسییەدا تەنیا ئافرەت نەدەبووە قوربانیی ، بەڵکوو پیاوەکەش لە ژیانی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی لەگەڵ هاوسەرەکەی و خۆشیی بینین لە ژیان دوردەخستەوە.

لە دۆخێکی ئاوادا ، تەنانەت پیاو خواردنەکەشی لە دەرەوە دەخوارد. واتە بە تەنیا ، یان لەگەڵ میوانەکانی ، تەنیا بە شەو بۆ خەوتن و ئەگەر مەیلی سێکسی هەبووایە، دەگەڕایەوە لای ئافرەتەکەی، یان ئافرەتەکانی ، ئەگەر ئەوەش نەبووایە ، ئەوا بە شەویش هەر لە ژوری پیاواندا دەمایەوە. کەواتە لەو دۆخەدا ئافرەت ئامرازێک بووە بۆ زەوقهەڵستاندنی پیاو و دروستکردنی منداڵ. لەو بوارەدا لە وڵاتی "کۆریا" بە کچانیان دەگوت: دیاردەی هەرە ناشیرین ئەوەیە کە کچ لە دەرەوەی خێزانەکەیدا لەگەڵ پیاوێکی بێگانەدا قسە بکات ، لەبەرئەوە ڕێگایان بە ئافرەت نەدەدا کە تا تەمەنی هەشتا ساڵ بچێتە ژوری پیاوان[(40)]. هەروەها بە کوڕەکانیشیان دەگوت کە نەچنە ژوری ئافرەتان. ئافرەت و پیاو چێشتیان لەگەڵ یەکتر نەدەخوارد و کاتی چێشتخواردن ئافرەتان ، چاوەڕێیان دەکرد تا مێردەکانیان چێشت بخۆن ، ئینجا دوای

[40] - Crawley Ernest, the Mystic Rose, vo. 1, 1960, (1927), p. 263.

ئەوان چێشتیان دەخوارد[41]. هەروەها لە سەردەمە کۆنەکاندا لە وڵاتی چین بەگوێرەی ئایینی کۆنفیشیۆس:

**- (بەڕێوەبردنی داب و نەریت لەسەر بنەمای پەیوەندییەکانی نێوان ژن و مێرد دامەزرابوو. خانووبەرە و بەشە جیاوازەکانی ماڵەکانیان بە دوو بەشی ناوەند و دەرەوە ، دروستدەکرد. پیاو لە بەشەکەی دەرەوە و ئافرەتیش لە بەشەکەی ناوەوەی ماڵەکاندا دەژیان ... ئافرەت و پیاو جلوبەرگەکانیان لە هەمان جێدا هەڵنەدەگرت و بە هەمان تەنافیشدا هەڵیاننەدەواسی. ئافرەت مافی نەبوو کە جلوبەرگی خۆی لە جێی جلوبەرگی پیاو هەڵبواسێت ، یان خۆی لە گەرماوی پیاوەکەیدا بشوات[42].)**

ئەو جیاوازییە لە وڵاتی چیندا لە دوای هێرشی مەنگۆلەکان بۆ سەر ئەو وڵاتە لە کۆتایی سەدەی 13دا ئافرەتانی بە شێوەیەکی دژوار خستبووە دۆخێکی نالەبارەوە. لە لایەن دەوڵەتەوە چەند نامیلکەیەک بە ناوی "خەڵات و سزا"دا بڵاوکرایەوە و تیاندا سزایان بۆ بەدڕەوشتیی و کردەوەی ناشایستە دانابوو:

**( بەرهەمهێنانی کتێب و ئاهەنگگێڕان ، یان بڵاوکردنەوەی وێنەی سێکسیی و زەوقهەڵستێنەر سزای 1000 یۆڤان بوو ، گێڕانەوەی نوکتەی سێکسیی سەبارەت بە ئافرەتان 50 ، بە تەنیا مانەوەی ئافرەت و پیاو لە ماڵێکدا 3 ، کڕینی سێکس 50 ، لێککەوتنی دەستی پیاو لە دەستی ئافرەت لە کاتێکدا شتێکی دەدایە 1 و ئەگەر بە مەبەستی زەوقهەڵستان بێت 10 و سەرئەنجام چوونە ژوری ئافرەتان بە بێ لە دەرگادان 1 یۆڤان بوو.)**

[41] - Griffis, W. E. Corea, (1882), p. 244, Sounderson, H. B. Crawley Ernest, the Mystic Rose, vo. 1, 1960, (1927), p. 263-264.

[42] - Book of Rites, ch. 12, Legge 1967, 1:470. In women in world Religions, Edited by Arbind Sharma, 1987. p. 142.

سەیر ئەوە بووە کە جیاکردنەوەی ئافرەت لە پیاو بە بیانووی پاکیی سێکسەوە بوو. لەناو خێزانە کەمداهاتەکاندا دەرەتانی دابەشکردنی ئافرەت و پیاو بەو شێوەیەی سەرەوە نەبوو. بۆ دەسەڵاتداران ، فەرماندەکانی سوپا ، پێغەمبەرەکان ، ئیمامەکان ، ڕێبەرانی ئایینیی و کەسانی دەوڵەمەند و ساماندار ، ئافرەت تەنیا وەسیلەیەکی سێکسیی بووە. حەریم و ئەندەرونەکان بۆ ئەوە بوون کە پیاو بە ئارەزووی خۆی هەر شەوەی لە لای ئافرەتێک بێت. ئافرەتەکانیش کۆیلەی سێکس بوون و بە تەواویی پەیوەندییان بە دنیای دەرەوەوە پچڕابوو ، تەنانەت کاتێک کە ئافرەتان پیر دەبوون و کەڵکی سێکسیان نەدەما، هەر لە حەریمەکاندا دەیانهێشتنەوە. چینەکانی خواروی کۆمەڵگا کە توانای ئەو تەخشان و پەخشانانەیان نەبووە ، نەیانتوانیوە لەو کاڵایە بە تەنیا کەڵکی سێکسی وەربگرن و بەگوێرەی پێویستییە ئابورییەکان ، جگە لە سود وەرگرتنیان بۆ سێکس ، لە هێزی کاریشیان سودیان وەردەگرت. دواتر ئاماژە بۆ ئەو دیاردەیەش دەکەم ، بەڵام لێرەدا ئەوەندە پێویستە سەبارەت بە خێزانە ئاساییەکان و بەتایبەتیی هەژارەکان ، بڵێم کە توانای تەرخانکردنی جێیەکی جیاوازیان بۆ دوو مەڕ و بزن نەبوو ، بە ناچاریی گیانداەکانیشیان لە ژوری نوستنی خۆیاندا دادەنا. سەبارەت بە هاوسەرەکانیشیان هەر بەو جۆرە هەڵسوکەوتیان دەکرد و نەیاندەتوانی ژورێکی جیاوازیان بۆ تەرخان بکەن. کەچی یاسا سەبارەت بەو کەسانەش هەر هەمان یاسای جیاکردنەوەی ئافرەت و پیاو بوو لە یەکتر.

ئەگەر میوانێک یان ڕەگەزێکی نێرینە بهاتایەتەماڵیان ، ئافرەتەکە لە چێشتخانەکەدا دەمایەوە و پیاوەکان لە ژورەکەدا و هەر لەوێش چێشتیان دەخوارد. لەگەڵ ئەوەشدا هەرچەندە بەرەو چینەکانی خوارووتری کۆمەڵگا دەڕۆین ، دەبینین دەرەتانی پچڕاندنی پەیوەندییان لەگەڵ خەڵکانی تردا کەمتر بووەتەوە. لەبەرئەوە بۆ بەربەرەکانی دژی

ئەو دیاردەیە سودیان لە زۆر ڕێگای تریش وەرگرتووە کە یەکێک لەوانە چارشێو بووە کە تا ئەمڕۆش لەنێوان موسوڵمانەکاندا برەوی هەیە.

## پ - چارشێو (عەبای ژنانە)

بەگوێرەی یاسای چارشێو ، نابێت ئافرەت هیچ جێیەکی جەستەی بکەوێتە بەر دیدی کەسێکی بێگانە ، جگە لە مێردەکەی و کەسانی نزیکیان. واتە کەسانێک کە مەترسی پەیوەندیی سێکسیی لەگەڵیاندا لە ئارادا نەبووە. بەو پێیە لە مووی سەری ئافرەتەوە تا دەگاتە پەنجەی پێی ، دەبووایە لەژێر چارشێودا بێت. هەروەها چارشێو ، یان هەر شتێکی تر کە بۆ داپۆشینی جەستەی ئافرەت بەکاریان دەهێنا ، دەبووایە تەنگ نەبووایە و جەستەی ئافرەتی پێوە نەنوسێت و بەرزیی و نزمیی جەستەی دەرنەکەوێت و لە بواری سێکسییەوە زەوقهەڵستێنەر بێت. لە سورەتەکانی ئەلئەحزاب و ئەلنوری قورئاندا دەگوترێت:

**- (ئەی پێغەمبەر بە ژنەکانت و کچەکانت و ئافرەتانی باوەڕداران بڵێ کە لە ڕوانگەی خۆدا پۆشینیانەوە حسابیان لەگەڵدا دەکرێت ، ئەوەش کەمترین شتە کە بیزانن و زیانی نیە و خواش لێبوردە و بە سۆزە[43]. بە ئافرەتانی باوەڕدار بڵێ چاویان دابپۆشن و پارێزگاریی پاش و پێشی خۆیان بکەن و جوانیی خۆیان جگە لەوەی کە بە ناچاریی دەردەکەوێت ، ئەوی تری دەرنەخەن و بە دەسماڵەکانیان دەموچاویان بپۆشن و جوانییان تەنیا بۆ مێردەکانیان ، یان باوانیان ، یان خەزورانیان ، یان مناڵانی خۆیان ، یان منالانی مێردەکانیان ، یان**

[43]- سورەتی الاحزاب ، ئایەتی 59 ، قورئان حاج شێخ مەهدی ئیلاهی قەمشەیی. ([illegible])

**براکانی خۆیان ، یان منالآنی خوشک و براکانیان و ئافرەتەکانیان ، دەربخەن و... بەجۆرێک نەرۆن کە جوانییان دەربکەوێت...[44].)**

لەنێوان "پاتان"ەکانی ئەفگانستانیشدا هەرگیز ڕێ بە ئافرەتان نەدەدرا کە جگە لە ئەندامانی خێزانەکەیان، کەسی تر ڕوویان ببینێت، ئەگەر لەگەڵ کەسێکی بێگانەدا ببینرانایە ، هەر وەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد و لەنێوان گەلانی میسۆپۆتامیادا باو بوو ، بۆ پاراستنی ئابڕووی خۆیان! لەوانە بوو لوتی هاوسەرەکەیان ببڕن.

لە ڕۆژی زەماوەند و گواستنەوەی بوکدا کە لە ماڵی باوکییەوە دەیانبرد بۆ ماڵی زاوا ، سەر و ڕوویان بە تەواویی دادەپۆشی تا لە ڕێگادا کەسێک ڕووی نەبینێت ، تەنانەت لە شاییەکەشیدا بوک لەو شوێنە دەبوو کە ئافرەتان و خزمانی لێبوون و نەدەچووە ئەو جێیەی کە پیاوە بانگکراوەکانی لێبوون. سەیر ئەوە بوو کە نەک هەر پیاوانی بێگانە ، بەڵکوو زاواش تا دوا کاتەکانی شەوی زەماوەندەکەی و ئەو کاتەی کە بوک و زاوا دەچوونە ژورەکەیان ، مافی بینینی بوکی نەبوو[45].

---

[44]- سورەتی النور ، ئایەتی 31 ، قورئان حاج شێخ مەهدی ئیلاهی قەمشەیی. ( [illegible] )

[45] - Science and Society, edited by Alexander Vavoulis ans A. Wayne Cover, p. 282.

"بورقە" تورەكەیەكە كە لەوانەیە مرۆڤ تێیدا بخنكێت ، ئافرەتان لە پاكستان و ئەفگانستان بۆ شاردنەوەی جەستەیان دەچنە ناوی و لە سەری ئافرەتەكەوە دایدەپۆشێت تا دەگاتە نوكی پەنجەكانی پێی و تەنیا كونێكی بچوكی بۆ بینین تێدایە كە ئافرەت بە دژواریی دەتوانێت لەو كونەدا ژێرپێی خۆی ببینێت. لە ئێران و لە وڵاتانی عەرەبییشدا بە هەندێک جیاوازییەوە ، عەبا هەیە. بەتایبەتیی ئەو بەشەی كە دەموچاوی ئافرەت دادەپۆشێت ، پێی دەڵێن "مەقنەعە" (قناع). دیارە هەموو ئەو یاسا و ڕێسا و ڕاگەیانراوە ئایینیی و حكومییانە بۆ ئەوە بوون شتێک لە دەستدرێژیی و دزیی بپارێزن كە خاوەنی هەبووە. تەنانەت ئەو كاتەی كە بە هاوسەرانی محەمەد پێغەمبەری موسوڵمانەكان دەگوترا:

**- (ئەی ئافرەتانی پێغەمبەر ، ئێوە وەک ئافرەتانی ئاسایی نین ، كە لەگەڵ پیاواندا دەدوێن ، بە نەرم و نیانیی مەدوێن ، نەوەک بە دڵ نەخۆش بن و تەماعتان تێبكەن ، قسەی خێر بكەن[46].)**

بە دروستیی مەسەلەكە بۆ پاراستنی كاڵایەک بوو كە بە تەنیا خاوەنەكەی چێژی لێببینێت. ئەوە هەمان یاسای خاوەندارییی بوو كە بەسەر كەرەستەی تریشدا هەبوو، جیاوازیی بابەتی خاوەندارییەكە بەپێچەوانەی كەرەستەوە ، لێرەدا گیاندار و خاوەن هەست و ویست بوو. لەبەرئەوە هەوڵدەدرا كە ئافرەت خۆشی نەهێڵێت كەسانی تر سودی لێوەربگرن و ئەو كارەش بە هۆی زنجیرەیەک ڕێسا و یاسای ڕەوشتییەوە دەكرا كە مێشكی ئافرەتانیان پێدەشوشتەوە ، وەک داوێنپاكیی و ڕەوشتی پاک كە جگە لە كۆیلەیی سێكسیی ئافرەت بۆ هاوسەرەكانیان ، واتەیەكیان نەبوو.

---

[46] - سورەتی الاحزاب ، ئایەتی 32 ، قورئان ، حاج شێخ مەهدی ئیلاهی قەمشەیی. (③♦🕔✡♉○✿🙵🖉🡕◆ 🗐♉🡕🖉🙵✿○♉♓✡🕾🙵✃ ⌘♊♉♓👌 🖮⑨♦■❐🕯•🖹 □×🡕⬂⬄○•🕾 ⭍♍🙰🖙🖫□☪🕾🙵✃ 🖙✌⬀❑•✆⬂🕾🙵🙵🙳📭 ⌘♊⬃➔•🙰⬂③❐👌 •☒•▫ □×🡕⬂⬂⓿•✆□🖎🙵✃ ⇯♌🙳✆ ⌘♊▫🖬➔🔔◆❐ ⌧➤♦❷♦👌 🕗♉❍🙳🖮▫🖬•🔔 ❼🙳× ❽♉🔔⅄🖉🙵✃ ⍓⬈⍓☺⇳➲◆⑩•▫ 🔔•❑⬀•☪ 👌□➔⬃❷⇖❐▫☸🙵)

پاکیی و گەورەیی لە سەردەمی منالّییەوە ناسنامەی کچانی پێکدەهێنا و لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی تریدا یەکیاندەگرتەوە و کەسایەتییان لەگەڵ ڕێکدەخست و کاتێک گەورە دەبوو ئەو تایبەتمەندییانە دەبوون بە بەشێک لە پێکهاتە دەرونییەکەی. ئەوەش ئافرەتی وەک کۆیلەیەکی سێکسیی بۆ پیاو دەهێشتەوە.

## 3. ئەمەکداریی

مەرجی سێیەمی خاوەنداریی ، ئەمەکداریی ئافرەت بوو بۆ پیاوەکەی و تا کۆتایی ژیانی. لەو ڕوانگەیەوە کاتێک ئافرەت شووی دەکرد ، وەک کەرەستەیەک نەبوو کە بۆ هەمیشە سامانی مێردەکەی بێت ، مەترسی ئەوەی هەبوو کە مێردەکەی بەجێبهێڵێت. لەبەرئەوە وانەی ئەمەکداریی ئافرەتان بۆ پیاو ، بە جۆرێک لە بواری دەرونیی و ڕەوشتییەوە ئافرەتی پەروەردەدەکرد کە کاتێک دەچووە مالّی مێرد ، بۆ هەمیشە و تا کۆتایی ژیانی وەک سامانی مێردەکەی دەمایەوە. ئەوەش لە تەنیشت بەستراوەیی و ڕەوشتی پاکی ئافرەتاندا ، دیاردەیەکی تر بوو کە ئافرەتان لە هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی ساماندارییی ، بخاتە ژێر نیشانەی پرسیارەوە و بە بەستراوەیی دەیهێشتەوە.

بەگوێرەی ئەو بنەمایە ، ئافرەت تەنیا جارێک شووی دەکرد و بۆ هەمیشە لە لای مێردەکەی دەمایەوە. مێرد مافی هەبوو هەر کاتێک بیەوێت ئافرەتەکەی تەلاق بدات ، بەلاّم ئافرەتەکە لەو مافە بێبەش بوو. ئەو هەڵسوکەوتە لەوەوە بوو کە ئەگەر ئێوە ئامێرێکتان هەبێت ، دەتوانن تا ئەو کاتەی بتانەوێت بیهێڵنەوە ، بەلاّم ئەو ناتوانێت لە تۆ دوربکەوێتەوە. ئەوە مافی تەلاقدانی ئافرەت بوو کە لەو سەردەمدا مافی تەلاق لە دەست پیاواندا بووە و ئێستاش لە زۆربەی وڵاتاندا هەر بەو جۆرەیە.

زاڵبوونی ئەو باوەڕە لەنێوان ئافرەتاندا بە ڕادەیەک بوو کە لەو بارەیەوە لە زمانە جیاوازەکاندا نمونەی جۆراوجۆریان بۆ هێناوەتەوە. لەنێوان ئێرانییەکاندا دەگوترا: **(ژن بە بەرگی سپیەوە دێتە ماڵی مێردەوە و بە کفنی سپیش لێی دەچێتە دەرەوە.)** یان فەلەستینییەکان دەیانگوت: **(هاوسەری من هەرگیز لە ماڵ ناڕوات ، مەگەر بیبەنە دەرەوە.)** واتە لە دوای مەرگی. "لۆتەر"یش دەیگوت: **(ژن وەک بزمار وایە ، هەر کە چووە دیوارەوە ، ئیتر تێیدا دەمێنێتەوە.)**

بێبەشکردنی ئافرەتان لە مافی تەڵاق ، ئامرازێکی تری بەستنەوەی ڕەوشتیی و ئەمەکداریی ئافرەت بوو بە پیاوەوە ، بۆ هێشتنەوەی لە لای مێردەکەی. بەو جۆرە بنەمای سێ کوچکەی (گوێڕایەڵیی ، داوێنپاکیی و ئەمەکداریی) ئافرت بۆ مێرد بەشێک بوون لەو خوو و ڕەوشتانەی کە ئافرەتانیان هاندەدا لە مێردەکانیان جیانەبنەوە ، هەروەها بەشێک بوون لەو ئایدیۆلۆجییانەی کە بە ئافرەتانیان دەسەلماند چاو لە مافەکانیان بپۆشن. لە تەنیشت ئەو سێ دیاردانەدا، سێ دیاردەی تریش بەکاردەهێنران ، وەک لێدان و ئازاردانی جەستەیی ئافرەت و برسیکردنی و نەدانی نەفەقە و بەردبارانکردن و کوشتنیان. هەروەها بێبەشکردنیان لە مافی تەڵاقیش ئامرازێکی تری پەیوەندیی ساماندراریی پیاو بوو کە بەگوێرەی یاسا بەسەر ئافرەتاندا دەسەپا.

### ئا- ئەمەکداریی ئافرەت ، تەنانەت دوای مردنی مێردەکەشی

خاوەنداریی پیاو بەسەر ئافرەتدا لەو سەردەمەدا کە باسەکەی ئێمەیە ، بە ڕادەیەک بەهێز و ڕیشەدار بوو کە لە هەندێک جێی جیهاندا ئافرەت نەیدەتوانی تەنانەت بە مردنی مێردەکەشی ، لێی ڕزگار ببێت! ناچار بوو تا ئەو کاتەی خۆشی دەمرێت ، ئەمەکداری مێردەکەی بێت. بۆ نمونە لە وڵاتی چین بەگوێرەی یاسا ئایینییەکان کە ئافرەتێک شووی دەکرد ، دەبووایە تا دەمرێت هەستی ئەمەکداریی بۆ

مێردەکەی نەگۆڕێت و دوای مردنی مێردەکەشی ، دووبارە بە مردووییش شووی پێبکاتەوە[47].

ئافرەت نەک دوای مردنی مێردەکەی ، بەڵکوو بەرلە شووکردنیشی و لە سەردەمی منداڵییەوە بە بنەماڵەی مێردەکەیەوە دەبەسترایەوە. واتە کچ بە ئەندامی سروشتیی بنەماڵەی خۆی دانەدەنرا و ناوی لەسەر بنەماڵەکەی نەدەنوسرا. لە ماڵی باوکیدا پەروەردەدەکرا کە بچێتە ناو بنەماڵەی خۆی کە ماڵی مێردەکەی بوو، لەوێ بە ئەندامی بنەماڵە وەردەگیرا و ناوی لەسەر بنەماڵەی مێردەکەی تۆمار دەکرا.

بەو جۆرە کاتێک ئافرەت دەچووە ماڵی مێرد ، تەنیا بە مێردەکەیەوە نەدەبەسترایەوە ، بەڵکوو بە دایک و باوکی مێردەکەشیەوە دەبەسترایەوە و هەموو بەیانیان دوای هەستانی لە خەو ، دەبووایە لەگەڵ مێردەکەی بچێتە لای دایک و باکی مێردەکەی و بەسەریانبکەنەوە و یارمەتیان بدات و پێویستییەکانیان جێبەجێ بکات. دەبووایە بە جۆرێک لەگەڵیاندا بجوڵێتەوە کە لێی زویر نەبن[48]. لەنێوان جولەکەکانیشدا ئەگەر پیاوێک هاوسەرەکەی بۆ هەمیشە بەجێبهێشتایە، لەگەڵ ئەوەشدا هاوسەرەکەی نەیدەتوانی داوای تەلاق و ئازادبوونی خۆی بکات و تا لە ژیاندا بوو ، دەبووایە لە ماڵی مێردەکەی بمێنێتەوە و ئەمەکداری بێت ، مەگەر دوو پیاو شاهیدیان بۆ بدایە کە مێردەکەی مردووە.

---

[47] - Book of Rites, ch. 11, Legge 1967, 1:439. In women in world Religions, Edited by Arbind Sharma, 1987. p. 144.

[48] - Book of Rites, ch. 12, Legge 1967, 1:470. In women in world Religions, Edited by Arbind Sharma, 1987. p. 143.

**ب- بۆنەی "ساتی" ، سوتاندنی ئافرەت**

دیاردەی هەرە دڵتەزێن جۆرێکی تری بەستراوەیی ئافرەتان بووە بە مێردەکانیانەوە کە بە ناوی ئایینی پەیڕەوانی هیندو لە هیندوستاندا دەکرا. لەو بەستراوەییەدا ئافرەت لە دوای مەرگی مێردەکەی ، دەبووایە ساتی Sati بکات ، واتە خۆی بسوتێنێت. بۆ ئەو مەبەستە ئافرەت بە بەشدارییکردنی خەڵکی گوند لە سوتاندنی تەرمی مێردەکەیدا ، لە تەنیشت تەرمەکەیەوە دادەنیشت و هاوکات لەگەڵ مێردە مردووەکەیدا دەسوتا. سەرنج بدەنە چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەو کارە کە چەند تاوانێکی دڵتەزێن بووە و بە ناوی یاسای ئایینەوە لە ئافرەتان کراوە:

**- (ئەو ئافرەتەی کە خۆ سوتاندن "ساتی" هەڵدەبژێرێت ، بڕیاری ئایینێکی پاک و تایبەت جێبەجێدەکات. ئەو بڕیارە دەبێت دەستبەجێ و بە شایستەیی جێبەجێ بکرێت. لە کاتێکدا کە بەرگی بوکێنی لەبەردەکات ، لەوپەڕی ئارامییدا فەرمان دەدات ، کارە سەرەتاییەکانی خۆسوتاندنەکەی بۆ ئامادەبکەن. هەرچەندە ئەوانەی دەوروبەری ڕەنگە داوای لێبکەن لە بڕیاری خۆی پەشیمان ببێتەوە ، بەتایبەتیی لەبەر مناڵەکانی ، بەڵام لەوە دەچێت کە قسەی ئەوان نەبیستێت. ئارام و لەسەرخۆ دوعا بۆ خەڵکەکە دەکات و بۆیان دەپاڕێتەوە و هەرچەندە ئەوانەی دەوروبەری بۆی خەفەتبارن ، بەڵام خۆی تنۆکە فرمێسکێکی لە چاو نارژێت ، وا بیر دەکاتەوە کە ئەوە ساتێکی هەرە مەزن و بە نرخی ژیانیەتی و هەلێکی بەنرخە کە ژیانی خۆی بە تەواویی بە مێردەکەی ببەخشێت. دەڵێی دەچێت بۆ گەشتێکی خۆش. لە ڕووی گەورەکاندا سەردادەخات و داوای دوعایان لێدەکات ، ئەوانیش لە ناخی دڵیانەوە دوعای بۆ دەکەن و وەک کەسێک تەماشای دەکەن کە خوا چووەتە ناو جەستەیەوە. لە کاتێکدا هەموو خەڵکی گوند لە دەوری کۆبوونەتەوە تا شاهیدی ئەو کاتە هەستیارە سامناکە بن ، ئەویش دەکەوێتە پێش خەڵکەکە و دەچێتە جێیەک کە تەرمی مێردەکەیان بۆ سوتاندن لێ**

**داناوە. دوای کۆتاییهاتنی ڕێوڕەسمی سەرەتایی ، دەستەکانی لەسەر سنگی Pranamanjali خۆی دادەنێت و بۆ دواجارماڵئاوایی لە بەشداران دەکات و بە ئارامیی لە پێپلەکانی دارە کۆکراوەکانەوە دەچێتە سەرەوە و لە سەریان دادەنیشێت و سەری مێردەکەی لەسەر ڕانی خۆی دادەنێت ، یان لە تەنیشتی درێژ دەبێت. لەو ماوەیەدا ، تەنانەت ئەو کاتەش کە گڕی لێ نزیک دەبێتەوە ، هێمنیی خۆی دەپارێزێت. ئەوانەی دەوروبەری بە هاوارکردن و چەپڵە لێدان بە واتەی هاوسەری باش بۆ خۆی و بنەماڵە و گوندەکەی ، شانازیی پێوە دەکەن. هەروەها خەڵکەکە شانازیی بەوەشەوە دەکەن کە هەلیان بۆ ڕەخساوە کە شاهیدی ئەو لەخۆبوردوویە مەزنە بن[49].)**

هەروەها ئافرەت دەیتوانی لە جیاتی خۆسوتاندن ڕێی بێوەژن بوون هەڵببژێرێت و بۆ هەمیشە بە بێوەژنیی بمێنێتەوە و کۆڵەباری دژواری ژیان هەڵبگرێت. بۆ ئەو مەبەستە و بۆ ئەوەی کە هەموو لایەک بیناسن، دەبووایە خاڵێکی سور Tilaka بە ناوچەوانی خۆیەوە بنێت کە واتەی ماتەمینی و بێوەژن بوونی هەبوو. دوای ئەوە مافی ئارایشتکردن و خۆڕازاندنەوەی نەبوو ، نەیدەتوانی بەشداریی جەژنە ئایینییەکان و کۆڕ و کۆبوونەوە شادیهێنەرەکان بکات. لە وشەیەکدا ، ئەو گۆڕانکارییانەی کە دوای مەرگی مێردەکەی سەریانهەڵدەدا، لە هەموو خۆشییەکانی ژیان بێبەرییان دەکرد و دەبووایە دەست بە ئەژنۆ لە خەمی ڕۆژگاردا بمێنێتەوە.

ئافرەتێک کە هاوسەرەکەی دەمرد ، بە سوتاندنی خۆی "کارما"[50]ی ، یان کردەوەی بەدی خۆی کە ببوونە هۆی مردنی مێردەکەی ، لە خۆی

---

[49] - Hejib Alaka, and Katherine K. Young. 1978a. Power of the Meek (Abala): a feature of Indian feminism. “Paper was presented to the American academy of religion, New Orlean. Quoted from women in world religions, pp 83-84.

[50]- کارما یاسای بودایە. بەگوێرەی ئەو یاسایە هەر کردەوەیەکی مرۆڤ کاریگەریی دەبێت لەسەر ژیانی ئێستا و دواڕۆژی. ئەو کاریگەرییە لە کردەوەی چاک و خراپ ، بە وتەیەکی تر لە کارمای باش و بەدی تاکەوە سەرچاوە دەگرێت و کار دەکاتە سەر ژیانی ئێستا و دواڕۆژی. هەموو کەسێک لە دوای

دوردەخستەوە و بە پاککردنەوەی خۆی بۆ ژیانێکی نوێ کە لە دوای مەرگیەوە دەستی پێدەکرد ، خۆی ئامادە دەکرد کە "کارما"ی باش بەرهەمبهێنێت ، بەڵام ئەو ئافرەتانەی کە سەرپێچییان دەکرد لە سوتاندنی خۆیان و لەناوبردنی کارما و بەبێ هاوسەر دەمانەوە ، دەبووایە پشت بکەنە هەموو خۆشییەکانی ژیان و لە ڕەنجدان و خەفەتبارییدا بژین.

لە دۆخی یەکەمدا ، واتە خۆسوتاندن ، ئافرەت لە ژیانی دووبارەیدا کە لە دوای سوتان و مردنیدا دەستیپێدەکرد ، لەگەڵ مێردەکەی دەچووە بەهەشتەوە ، بەڵام لە دۆخی دووەمدا ، واتە ئەوانەی بەبێ مێرد دەمانەوە ، چارەنوسیان نادیار بوو کە ئایا دەچنە بەهەشت ، یان دوزەخ ، یان دەگەڕێنەوە سەر زەوی. ئەو مەسەلەیە بۆ کردەوەکانی دوایی ئەو ئافرەتانە دەگەڕایەوە.

بەو جۆرە ژیان و زیندووبوونەوە لە دوای مەرگی مێرد ، لە هیند بۆ بێوەژن بە ڕادەیەک خەمهێنەر و بە ئازار بوو کە زۆربەیان پەنایان بۆ خۆسوتاندن دەبرد. دیارە نەک بە هۆی بیروباوەڕیانەوە ، بەڵکوو بۆ خۆ دەربازکردنیان بوو لەو ژیانەی کە هەیانبوو. لەگەڵ ئەوەشدا خۆکوژیی ئافرەتان تەنیا وڵاتی هیندی نەدەگرتەوە ، بەڵکوو لە وڵاتی چینیشدا خۆکوشتنی ئافرەت بەرینتر بوو. بەگوێرەی بەڵگەنامەکان لە سەردەمی دەسەڵاتی بنەماڵەی "یۆڤان"دا نزیکەی 8688 ئافرەت خۆیان کوشتووە. دیارە بە هۆی لاوازیی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و زانیاریی گەیاندن لەو سەردەمەدا، ئەو ئامارە بەشێکی بچوکی ئەو خۆکوژییانە دەردەخات[51].

لە کۆمەڵگای ئەو کاتەی هینددا بەرپرسیاریی بەخێوکردنی ئافرەتی بێوەژن دەکەوتە سەر شانی بنەماڵەی مێردەکەی ، ئەوەش کۆمەڵێک

---

مردنی دووبارە لە جەستەی بوونەوەرێکی تردا زیندوو دەبێتەوە و ژیانی نوێی بە کارمای ژیانی پێشوویەوە دەبەسترێتەوە ، هەر وەک ژیانی دوایی هەر تاکێک ئەنجامی ژیانی ئێستایەتی. هەروەها ژیانی ئێستای لە ئەنجامی ژیانی پێشوویەوە بووە.

51 _ Women in world Religions, Edited by Arbind Sharma, 1987. p. 157

ڕەنج و نائومێدیی بۆ ئەو ئافرەتە بە دواوە بووە و قورساییشی خستووەتە سەر باری ئابوری و کۆمەڵایەتی و فیزیکیی ئەو ئافرەتە ، تەنانەت باری ئابوری بنەماڵەی مێردەکەشی لاوازکردووە. لەوانەش گرنگتر ، چونکە پیاوان ئافرەتی زۆریان دەهێنا ، بەگشتیی بەرلە هاوسەرەکانیان دەمردن. لەو ڕوانگەیەوە یاسای ساتی و خۆسوتاندنی ئافرەتان بەشێکی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە ڕێ لە گواستنەوەی سامانی پیاوی مردوو بگرن و ئافرەت نەتوانێت بە ناوی میراتەوە وەریبگرێت. دیارەدەیەک کە ئەو بیرە لە ڕاستیی نزیک دەکاتەوە ، نەریتی خۆسوتاندن بووە لەناو ئافرەتانی ناوچەی "بەنگاڵ"دا کە لەوێ ئافرەتان مافی وەرگرتنی میراتیان هەبووە[52].

52 - Ibid. pp. 85-86

# فەسڵی سێیەم: خاوەنداریی مێرد بەسەر ژندا، شووکردن، یان گواستنەوەیا، مافی خاوەنداریی ئافرەت و شتی تر

## بۆچی کڕینی ئافرەت؟

هەر وەک پێشتر گوتمان کچ دەسەڵاتی نەبووە کە پیاوێک بە ویستی خۆی هەڵبژێرێت. لە ڕاستییدا هیچ ڕۆڵێکی لە هەڵبژاردنی مێردەکەیدا نەبووە. نەک هەر هەڵبژاردنی پیاوێک کە بڕیار بوو شوی پێبکات ، بەڵکوو سەبارەت بە کات و ساتی شووکردنەکەشی کە ئایا دەیەوێت شووبکات یان نا؟ کچ هەرکە بە تەمەنی باڵغبوون دەگەیشت بەبێ ڕەزامەندیی خۆی دەیاندا بەشوو. کچیان وەک کەرەستەیەکی بێگیان لێدەکرد و ڕێیان پێنەدەدا کە خۆی دەستی هەبێت لە دیارییکردنی چارەنوسی خۆیدا و لە خاوەنێکەوە بۆ خاوەنێکی تر دەگوازرایەوە. هەر وەک کەسێک شتێک بفرۆشێت ، هەرگیز پرسیان پێنەدەکرد کە ئایا دەیەوێت بیفرۆشن؟ ئەگەر بەڵێ ، کەی و بە چ کەسێک؟ هۆی سروشتیی ئەو کارە ئەوە بوو کە کچ سامانی باوک بووە.

دیارە بەرلە بەشوودان و لە کاتی خوازبێنیدا، دیدارێک لەنێوان ئافرەت و پیاودا ڕێکدەخرا. ئەو دیدارە بۆ بینین و پەسەندکردنی ئافرەتەکە بوو لە لایەن کڕیارەوە ، نەک پەسەندکردنی ئافرەتەکە. دواتر بەرلە مارەکردن و بە دوای خوازبێنی کردنەکەدا ، ئافرەت و پیاو بۆ ئاشنابوونیان لەگەڵ یەکتر ، چاویان بە یەکتر دەکەوت و هەندێک جاریش پێکەوە دەچوونە دەرەوە. دیارە ئەوە بۆ سەردەمەکانی دوایی دەگەڕێتەوە کە لە پەیوەندیی لەگەڵ ئافرەت و پیاودا هەندێک ڕیفۆرم و گۆڕانکاریی کرابوو ، ئەگەرنا لە سەردەمە کۆنەکاندا کە جێی باسەکەی ئێمەیە ، بەگشتیی پەیمانی مارەکردنی کچ و کوڕ بەبێ ئاگادارییان تەواو دەبوو ، بەبێ ئەوەی کە کچەکە مێردی داهاتووی

خۆی ببینێت ، لە لایەن بنەماڵەی کوڕ و کچەکەوە دەکرا. بە جۆرێک کە کچ بۆ یەکەم جار مێردەکەی لە شەوی گواستنەوە و بوکێنیدا دەبینی (هەر بەو جۆرەی کە دیوەخانەی "پاتان"ەکانی ئەفگانستان ئاماژەمان بۆ کرد). بە دروستیی وەک کۆیلە ، یان قەحبەیەک کە بۆ چێژی سێکسیی کڕیار لەگەڵیدا دەخەوت. بەو جیاوازییەوە کە لێرەدا ئافرەت تەنیا یەک جار و تا کۆتایی تەمەنی لە لای کڕیارەکە دەمایەوە و قەحبە بۆ ماوەیەکی کورت و دیارییکراو لە لای کڕیارەکەی دەبێت. دەقی پەیمانی مامەڵەکە بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

1- لە بواری سێکسییەوە پیاوەکەی ڕەحەت دەکرد.

2- ئیشی ماڵەکەی بکات و ئاسایشی پیاوەکەی لە ماڵدا دابینبکات.

3- منداڵی بۆ دروستدەکات و بۆی بەخێودەکات و سەرئەنجام ئەگەر ئیشی بەرهەمهێنانی هەبێت ، یارمەتی دەدات.

لە بەرامبەر ئەو خزمەتانەدا ، پیاو:

1- بۆ کڕینی ئافرەت پارەی نرخی دیارییکراوی دەدات بە باوک ، یان خێزانی کچەکە.

2- پێویستییەکانی ژیانی بۆ دابیندەکرد و پارێزگاریی لێدەکرد.

ئەو چوارچێوە گشتییە بە هەندێک جیاوازییەوە پەیمانی مارەکردن بوو لە هەموو جیهاندا. چونکە مارەکردن ، تەڵاق و مەرگ ، زەمینەی یاسایی هەبوو لە ڕێسای ئاییندا. لەبەرئەوە هەموو وردەکارییەکان و ئەو یاسایانەی پەیوەندییان بەو دیاردانەوە هەبوو ، بە وردیی لە کتێبە ئایینییەکاندا نوسرابوون. بۆ نمونە یاسای مارەکردن بۆ موسوڵمانان لە قورئاندا بەم شێوەیەی خوارەوە باسکراوە:

**- (... خودا بۆی نوسیون کە پیسکە و دەستگیر مەبن و بەرامبەر بەوەی کە چێژیان لێدەبینن ، کرێکەیان بدەنێ...[1].)**

[1]- قورئان ، سورەتی النساء ، ئایەتی 24 ، قەمشەیی.

هەر وەک دەبینین پیاو بە پارە ژنی دەهێنا. لەبەر ئەوە بە ڕای قورئان هاوسەریی بە واتەی بڕیاری ئازادانەی دوو کەس بۆ ژیانی هاوبەش نەبوو ، بەڵکوو شتێک بوو کە دەبووایە پارەی بۆ بدرێت و بەبێ پارە ئەو دەرەتانە نەدەڕەخسا. بەشێک لەو پارەیە دەدرا بە خێزانی کچ و بەشێکی تری کە لە قورئاندا دەڵێت کرێ و دواتر ناویان ناوە مارەیی ، بە ئافرەتەکە دەدرا. هەروەها نەفەقەش خەرجیی ڕۆژانەی ئافرەت بوو ، وەک بەرگ و خۆراک کە لە لایەن مێردەوە دابیندەکرا. مارەیی پارەیەکی دیارییکراو بوو کە پیاو بە شێوەی ماڵ و موڵک ، یان پارە دەیدا بە ئافرەت. هەرچەندە پیاو هەندێک جار ئەو بەشەی وەک بارمتە لە لای خۆی دەهێشتەوە و تەنیا لە کاتی تەڵاق و جیابوونەوەدا دەیدا. ئەویش بەو مەرجەی کە ئافرەت لە ماوەی ژیانی ژن و مێردایەتیەکەیدا گوێڕایەڵ بووایە و کارێکی خراپی لێ ڕوونەدابووایە.

بە هەر حاڵ مارەیی چ وەک بەشێک لە نرخی ئافرەت و چ وەک بەشێک بۆ بەستنەوە و کۆنترۆڵکردنی هەڵسوکەوتی ئافرەت دادەنرا، بەڵام پیاو هەندێک جار بە بیانووی جیاوازی وەک تۆمەتی سەرکێشیی و هەڵسوکەوتی نادروست ، مارەییەکەی نەدەدا. ئەم ئایەتەی خوارەوە لە قورئاندا ، شاهیدی ئەو ڕاستییەیە:

**- (ئەگەر ویستتان ژنێک بخەنە جێی ژنێکی ترتان و لەسەر مارەییەک ڕێککەوتبوون ، هیچ لەو مارەییە مەبڕن ، ئایا بە هۆی درۆ هەڵبەستن بۆی و خراپەیەکی ئاشکراوەیە ، چۆن مارەییەکەی لێدەبڕن ،**

**لە کاتێکدا هەردووکتان بە مەرامی خۆتان گەیشتوون و پەیمانێکی گەورەیان لێوەرگرتوون[2].)**

هەر وەک دەبینین پیاو مارەیی و نەفەقە بە ئافرەت دەدات و ئافرەتیش سێکس و ئاساییش و بە وتەیەکی تر خزمەتیماڵەوە. دیارە رادەی تێکەڵاویی مارەیی واتە نرخێک کە بۆ کڕینی ئافرەت دەدرێت و چۆنیەتی دانی ئەو مارەییە لە هەر وڵات و ناوچەیەکدا بە جۆرێکە. بۆ نمونە ئەو نرخە لەنێوان ئێرانییەکاندا بریتی بوو لە چەند بەشێک. بەشێکی "شیربایی" پێدەگوترا کە خەرجیی شیرپێدان و بەخێوکردنی کچ بوو. ئەو بەشە دەبووایە بەرلە مارەکردنی ئافرەت بیدەن بە باوک ، یان بنەماڵەکەی. مارەیی بریتی بوو لەوەی کە پیاو ، یان بنەماڵەکەی کاتی خوازبێنی ، یان مارەکردنی ئافرەت ، وەک پەیمانی کڕینی ئافرەت ، دوای چەنەلێدانێکی ئاسایی لەسەری رێکدەکەوتن و ئەو بەشەیان نەدەدا و هەڵیاندەگرت بۆ ئەو کاتەی کە ئەگەر پیاوەکە هاوسەرەکەی تەڵاق بدایە. بەو جۆرە دوای هاودەنگیی کردن لەسەر نرخی کڕین و شتی تر، پیاوەکە تاپۆی مارەکردنەکەی ئیمزا دەکرد تا لە ماڵ و سامانی خۆی بیدات بە ئافرەتەکەی.

لە راستییدا کڕیار بەشێک لەو پارەیەی دەدا و بەشێکیشی لە لای خۆی هەڵدەگرت بۆ دڵنیابوونی لە کەڵکوەرگرتن ، یان خزمەتگوزارییەکانی کاڵاکەی. ئەگەر لە کەڵکلێوەرگرتنیدا بەگوێرەی رێککەوتنی مامەڵەکە نەبووایە ، ئەوا ئەو بەشەی نەدەدا. بەگوێرەی یاسای ئایینی جولەکە ئەگەر ئافرەت کەسێکی نارەسەن و بێئابرو بووایە ، دەبووە مایەی شەرمەزاریی مێرد و منداڵەکانی و مێرد دەیتوانی

---

2- قورئان ، سورەتی النساء ، ئایەتی 20 و 21 ، قەمشەیی. [illegible]

"کتوبا" Kethubah کە هەمان مارەیی بوو، نەدات[3]. لە ئایینی ئیسلامیشدا بە مەرجێک مارەیی بە ئافرەت دەدرا کە لە ژیانی هاوبەشدا لەگەڵ مێرد، کارێکی ناشیاوی لێ ڕوونەدایە و دژایەتی مێردەکەی نەکردایە. لەو ڕوانگەیەوە لە قورئاندا هاتووە:

**- (... لەسەر مارەییەک ڕێککەوتبوون ، هیچ لەو مارەییە مەبڕن ، ئایا بە هۆی دروۆهەڵبەستن بۆی و خراپەیەکی ئاشکراوەیە[4].)**

ئەوە چۆنیەتی و تایبەتمەندیی کاڵای مامەڵەکراو بوو. هەر وەک پێشتر ئامارەم بۆ کرد، بریتی بوو لە "گوێڕایەڵیی" ، "داوێنپاکیی" و "ئەمەکداریی" بۆ خاوەنەکەی. پێشتر گوتم کە ئەو تایبەتمەندییانە بەشێک بوون لە چۆنیەتی گۆڕینەوەی کاڵا و ئەگەر ئافرەتێک لەو تایبەتمەندییانە بێبەش بووایە ، بە ئافرەتێکی شایستە نەدەناسرا و وەک کاڵایەک هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرا ، واتە ئەگەر کارێکی ناشایستەی لێ ڕوو بدات و دژایەتی لێ ئاشکرا بێت ، هەموو نرخەکەی پێنادەن.

دیارە ئەو ئایەتە بە ڕواڵەت بۆ پشتیوانیی کردن لە ئافرەت هاتووە! بەڵام بۆ پشتیوانیی لە ئافرەت وەک کۆیلەیەک و بۆ سێکس لە ماڵەوەدا. بە وتەیەکی تر لە قورئاندا ئافرەتان تا سنوری کەرەستەیەک و کۆیلەیەکی سێکسیی ماڵەوە تەماشا دەکرێن و داواش لە پیاوان دەکات کە ئەو یاسایانە نەشکێنن کە ئافرەتانی لە ئاستێکی نزمدا داناوە. واتە ئەگەر ئافرەت پەیمانی کۆیلەیەتی خۆی پاراست و خاڵەکانی جێبەجێکرد ، هەموو مارەییەکەی بدەنێ! ڕونە کە ئەو ئایەتە بە هۆی دژە کردەوەیەکەوە هاتووە کە ئەویش ئەوە بووە کە پیاو بە بیانووی

---

3- Arinder, Edward Geoffrey, Sexual Morality in the World Religions, p.190, 1996.

4- قورئان ، سورەتی النساء ، ئایەتی 20 ، قەمشەیی.

جۆراوجۆرەوە ، مارەیی ئافرەتانیان نەداوە. لەبەرئەوەیە کە قورئان هەوڵدەدات پیاوان لەو کردەوەیە پاشگەز ببنەوە[5].

هەر وەک گوترا ، بەشێک لە مارەیی کچ بەرلە مارەکردنی و بەشێکی تریشی دوای مارەکردنی دەدرا. ئەو دیاردەیەش بۆ هێز و توانای ئافرەتەکە دەگەڕایەوە. ئافرەتێک کە خوازبێنیکەری زۆر و دەوڵەمەندی هەبووایە ، بنەماڵەی ئافرەتەکە دەیتوانی لە دۆخێکی بەهێزتردا مامەڵە بکات و مارەییەکی زۆر داوابکات ، بەڵام بۆ ئافرەتی ئاسایی کە زۆرینە بوون ، داواکردنی مارەیی بەڵێنێک بوو کە زۆربەیان لە سیستمی پیاوسالارییدا نەدەدران. دانی مارەیی تەنیا بە ئایینی ئیسلامەوە نەبەسترابووەوە. لە ئێرانی سەردەمی ساسانییەکاندا ، کاتی هاوسەرگیریی پارە بۆ مارەیی دیارییدەکرا و دەدرا بە باوکی کچ[6].

جۆرێکی تری مارەیی بە کچێنی کچەکەوە دەبەسترایەوە. ئەگەر نەفەقە بەرامبەر بە خزمەتی سێکسیی و کاریماڵەوە ، بە ئافرەت دەدرا، مارەییش پارەی بەژنکردنی کچ واتە (دڕینی پەردەی کچێنی) بوو کە پیاو دەیدا بە کچ. لەبەرئەوە بە هەڵوەشاندنەوەی مامەڵەکەوە نەدەبەسترایەوە و پیاو ناچار بوو مارەیی بە ئافرەت بدات.

بە وتەیەکی تر کچ کە بە کچیی مابووەوە و شووی کردبوو و کرابوو بە ژن ، دەبووایە بەرامبەر بەو زیان و گۆڕانەی کە بەسەری هاتبوو ، واتە کچێنییەکەی نەمابوو ، دەبووایە پارەیەک وەربگرێت. لەبەرئەوە لە ناوچەیەکی وڵاتی "نایجیریا"دا بە ناوی "کەناری زێڕ" Gold Shore

5- زۆربەی موسوڵمانەکان وەک پەیڕەوانی ئایینەکانی تر کە زانیارییان لەسەر ناوەڕۆکی کتێبەکانیان نیە و ڕێبەرە فێڵبازە ئایینییەکانیان بۆ فریودانیان لەوجۆرە ئایەتانە وەک بەڵگەی بەرگرییکردنی ئایین لە مافی ئافرەت کەڵکوەردەگرن. لە کاتێکدا بە ڕاستیی هەموو ئایینەکان و بەتایبەتیی ئایینەکانی سامی وەک بەشێکی سەرخانی یاساکان ، سەرەتا ئافرەتان دەخەنە دۆخی کۆیلەیەتیەوە و دوایی لە بەرامبەر زیادەڕۆیی پیاواندا ، وەک کۆیلەیەک بەرگریی لە مافیان دەکەن و بەگوێرەی ئەو دادپەروەرییە ، لە دۆخێکی هەرە باشدا لە دادپەروەریی کۆیلەیەتی و دەرەبەگایەتی پتر، دەرباز ببن.

6- Brefault Robert, the Mothers, vol.3.1952 (1927) p.338.

ئەگەر پیاوێک کچێک بێبن بکات، ناچارە مارەی بکات ، یان مارەیی بداتێ[7].

دیارە دەبێت بزانین کە کڕینی ئافرەت بە ناوی "شیربایی" و مارەیی، یان هەر ناوێکی ترەوە، هەرچەندە لە بواری مێژووییەوە بۆ ڕابوردوو دەگەڕێتەوە ، بەڵام تا ئێستاش هەر لە زۆربەی ناوچەکانی جیهان و لەناو هۆزەکاندا بە فرەوانیی و بەهێزەوە برەوی هەیە. "مەحمود ئۆز یاوزلار" یەکێک لە سەرۆک هۆزەکانی ناوچەی کوردنشینی قەزای "حیروان" لە پارێزگای "ڕۆحا" "شانیلی ئورفا" Sanliurfa لە تورکیا لە وتووێژێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی لۆس ئەینجلس تایمز دەڵێت:

**- (ئەوە ڕاستە کە ئێمە بە چەشنی کاڵایەکی بازرگانیی دەڕوانییە کچەکانمان و مامەڵەیان پێدەکەین و دەیانفرۆشین.)** لە کاتێکدا ئاماژەی بۆ پیاوێکی پیری ڕیش چەرمۆ دەکرد کە پاڵی بە کۆمەڵێک بەڕەوە دابوو، درێژەی بە قسەکانی دا و گوتی:

**- (بڕوانە حاجی فوئات Haci Faut ، بۆ بەشوودانی کچەکەی داوای هەشت ملیارد لیرە "1200 دۆلار" دەکات. کچەکان بەگوێرەی جوانیی و سامانییەوە تا 5000 دۆلار دەفرۆشرێن[8].)**

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا و لەنێوان 500- 1050 زاییندا، بەگوێرەی یاسای جێرمانەکان پەیمانی مارەکردن ، لەنێوان بنەماڵەی پیاوەکە و ئافرەتەکەدا دەکرا. لەو پەیمانەدا پارەیەک بە ناوی "دۆس" Dos ، وەک مافی گواستنەوەی ئافرەت لە لایەن بنەماڵەی پیاوەکەوە دەدرا بە بنەماڵەی ئافرەتەکە. لەنێوان سامییەکانی کۆنیشدا ئافرەت ناوی نرخ "مۆهار" Mohar و بوک "میۆراسا" Meorasa بوو[9].

---

7- زن به ظن تاریخ ، بنفشه حجازی ، صفحه 117.

8- لۆس ئەینجلس تایمز . ژمارەی 10 ، سێپتەمبەری 2000 ، وتار ، لە تورکیای مۆدێرندا ئافرەتان کۆڵەباری شەرافەتیان بە کۆڵەوەیە.

9 - Smith, W, Robertson, Kinship and Marrage in Ancient Arabia, p.78, sqq.

هەر وەک "حۆسیا" Hosea پێغەمبەر کە دەڵێت یەکێک لە هاوسەرەکانی بە 50 "شیکل" کڕیوە. نیوەی ئەو پارەیەی داوەتێ و لە جیاتی نیوەکەی تر شتومەکی داوەتێ(10). هەروەها کڕینی ئافرەت لەنێوان ئارییەکان "ودیک"ی هیندا و "تاتار" و یۆنانییەکانی کۆنیشدا بە شێوەیەکی بەرفرەوان هەبوو(11). بەو جۆرە دەبینین کە چۆن لە سەردەمەکانی ڕابوردوودا ئافرەت وەک کاڵا و سامانی پیاو لە بەرامبەر پارەیەکی دیاریکراودا ئەم دەست و ئەو دەستی دەکرد و دەفرۆشترا. هەرچەندە ڕادەی ئەو پارەیە لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکەوە بە شێوازی جیاواز دەگۆڕا.

بە هەر حاڵ ئەوەی دیوەخانەی خاوەندارێی پیاو بەسەر ئافرەتدا لە ئارادا بوو ، وەک ئەو خاوەندارییەی ساماندار بوو بەسەر کەرەستە و موڵکەکەیەوە. واتە ساماندار مافی تەواوی هەبوو بەسەر دارایی خۆیدا، تەنانەت ئەگەر مرۆڤێکی کۆیلەش بووایە ، بۆیە مافی بەرپەرچدانەوەی بڕیارەکانی خاوەنەکی نەبوو. نمونەی ئەو جۆرە هەڵسوکەوتانە سەبارەت بە ئافرەت لە قورئانی موسوڵمانەکان و سورەتی مانگا "بەقەرە"دا دەبینرێت کە دەڵێت: **(ئافرەت کێڵگەی خۆتانە ، چۆنتان دەوێت بیکێڵن...(12).)**

ئەو گوتنە لە دوو بوارەوە ڕاستە! یەکەمیان وەک کەرەستە و دووەمیان وەک سامانی پیاو چاوی لێدەکرێت. لە ڕوانگەی یەکەمدا ، ئافرەت کێڵگە و موڵکی پیاو بووە و لە ڕوانگەی دووەمدا چۆنیەتی کێڵانی ئەو کێڵگەیە و بە هەر شێوەیەک ، ماف و بڕیاری خاوەنەکەی

---

10 - Hosea, iii.2.CT.Ruth, iv; Samuel, xviii.52.In Brefault Robert, the Mothers, vol 2, 1952 (1927 p.212).

11 - Ibid.

12- قورئان سورەتی مانگا (البقرة) ، ئایەتی 223 ، قەمشەیی. ([illegible])

بووە. ئەگەر ئافرەت مرۆڤێکی ئازاد بووایە و دژی خاوەنداریی مێردەکەی هەڵوێستی هەبووایە ، کۆنترۆڵی جەستەی خۆی دەکرد و خۆی بڕیاریدەدا کە مێردەکەی چۆن سێکسی لەگەڵدا بکات ، چونکە لەو ئایەتەی سەرەوەدا مەبەست لەوەیە کە پیاو بۆی هەیە لە پێشەوە و لە دواوە ، بە دەم و مەمکمژین و خستنە نێوان مەمک و مژینی ئەوەی خۆی و هەرچۆنێک بیەوێت ، ژنەکەی وەک ئامێرێکی بێگیان ، بەکاربهێنێت. لە کاتێکدا کە قورئان دەسەڵاتی ئەو پەیوەندییەی بە مێرد سپاردووە ، هۆیەکەشی ڕونە کە ئافرەت وەک کاڵای پیاو، هیچ دەسەڵاتێکی نەبووە و مافی کەڵکلێوەرگرتنی وەک هەر کاڵایەکی تر بە تەواویی بە مێردەکەی دراوە! هەروەها هەر وەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد لە ئیسرائیلی کۆندا ئافرەت وەک کۆیلەی مێرد و باوکی بوو. بە ناوی "بەعال" Ba’al کە بە زمانی عیبری واتە "خاوەن" ، یان "ئادۆن" Adon بە واتەی لۆرد یان ئاغا، بانگی مێرد و باوکەکانیان دەکرد(13) و ئەوان خاوەنی هەموو موڵک و کەلوپەل ، ئاژەڵ و ئامێر و کەرەستە و "ئافرەت" بوون.

## نەفەقە بەرامبەر بە سێکس ، یان بەدڕەوشتیی ئافرەت لە بنەماڵەدا

پێشتر لە ڕەوتی هاوسەرگیریی و پێکهێنانی خێزاندا دیوەخانەی کڕینی ئافرەت لە لایەن پیاوەوە دواین. بینیمان چۆن ئافرەت بۆ پیاو دیاردەیەکی سێکسیی و چێژلێبینین بووە. لەو ڕوانگەیەوە و بە هۆی بایەخی کەڵکلێوەرگرتنی و بۆ ئەوەی کە پیاو بتوانێت سودی لێوەربگرێت ، دەبووایە پێشتر بکڕدرێت.

13- Amaury de Rincourt, Sex and Power in History, p.87 (1974). In Zimmern, The Grek commonwealth , p. 338.

لێرەدا پێویستە بەرلە درێژەدان بەو باسە ، چەند خاڵێک ڕون بکەمەوە. چێژلێبینین لە ڕەگەزی بەرامبەردا ، واتە لە نێوان ئافرەت و پیاودا ، ئەگەر مرۆڤ بێت یان گیاندار (بۆ ئەوە دەڵێم گیاندار چونکە گیاندار لەم بوارەدا بە لایەنی کەمەوە بە پێچەوانەی بیری باوەوە ، "مرۆڤانە" تر لە مرۆڤ دەجوڵێتەوە) هەرگیز پێویست بە کڕین ناکات. دوو کەس دەتوانن بە ئازادیی و بە ویستی خۆیان لە یەکتر نزیکببنەوە و چێژ لە یەکتر ببینن و پەیوەندیی سێکسیی پێکەوە پێکبهێنن. هەر وەک چۆن دوو کەس لە پەیوەندیی دۆستانەیاندا چێژ دەبینن. تا ئێرە باسی پەیوەندیی ئارەزوومەندانەی نێوان دوو کەسە کە کەسیان لەوی تریان گەورەتر نیە و بە دڵی خۆیان نزیکایەتی و دۆستایەتی یەکتر دەکەن. پەیوەندیی دوو کەس لە سەردەمێکدا نامرۆڤانە و دور لە ڕەوشت دەبێت کە ئارەزوومەندانە و بە ئازادیی نەبێت و یەکێکیان دژی ئەو پەیوەندییە بێت و ناچاری ئەو پەیوەندییە بکرێت.

لەو پەیوەندییەدا کە تەنیا بە دڵی پیاو بووە ، هەر کە ویستویەتی (تەنانەت ئەگەر ئافرەتەکەی خەریکی دروستکردنی چێشت بووە ، یان بە سواری حوشترەوە بووە) لێی نزیک بووتەوە ، نەک بە پێچەوانەوە. کە وا بوو ئەو پەیوەندییە یەک لایەنە و بە ئارەزووی پیاو بووە نەک ئافرەت.

ئەو مافە و گەورەیی پیاو لە ئاستی جەستەی ئافرەتدا ، بە پارە و کڕینەوە بووە، چونکە کە کەسێک ، مرۆڤێک یان کەرەستەیەک دەکڕێت ، ئەوا بەبێ ویستی خۆیانەوە دەچنە ژێر دەسەڵاتی و چارەنوس و مافی بەکارهێنانیان دەکەوێتە دەست خاوەنەکەیانەوە. لێرەشدا پیاو دەسەڵاتی کەڵکلێوەرگرتنی هەبووە و ئافرەت بە ناچاریی خۆی بەدەستەوەداوە. لەو ڕوانگەیەوە بوو کە وانەی گوێڕایەڵیی یەکێک بووە لەو وانانە کە ئافرەتی فێر دەکرد کە بایەخی بە نرخی فرۆشتنی خۆی بدات و ڕێ بە پیاوی کڕیار بدات کە بەبێ هیچ بەربەرەکانییەک سودی لێوەربگرێت. لە ڕاستییدا ئەو جۆرە هاوسەرییەی کە پیاو ئافرەتی

دەکرێ ، شێوەیەک بوو لە دەستدرێژیی سێکسی ، چونکە تیایدا هێز و هەڕەشە بۆ ناچارکردن بەکاردەهێنرا ، جا چ لە ڕێی جەستەییەوە بێت ، یان لە ڕووی ئابورییەوە ، جیاوازییەکی لە ناوەڕۆکی دیاردەکەدا نیە. پارە لایەنێکی هێزە کە مرۆڤی بۆ ئەنجامی کارێک پێدەکرێت و بە هۆی کرینەوە ناچاری دەکات ، کارێک بکات کە خاوەنی پارەکە لێی دەوێت. لەو ڕوانگەیەوە ئەو جۆرە هاوسەرگیرییە شێوەیەک بوو لە دەستدرێژیی سێکسیی کە بە بەرفرەوانیی دەکرا و جۆرەکانی داسەپاندنی هێز و ناچارکردن ، واتە تەنیا شێوازی دەستدرێژییەکە جیاوازیی هەبوو. بەو واتەیە لێرەدا دەستدرێژیی لە شێوەی بەدڕەوشتییدا بە پارە و کڕینی ئافرەت دەکرا. بۆیە ڕەوشتیش شێوەیەکی دەستدرێژیی سێکسییە ، چونکە کاتێک ڕەوشتێک لە بەرامبەر پارەدا بۆ ماوەیەک خۆی دەداتە دەست کەسێکەوە ، ناچارە دور لەوەی کە ئایا ئەو پیاوەی خۆشدەوێت یان نا و پێیخۆشە سێکسی لەگەڵ بکات یان نا ، لە بەرامبەر پارەیەکدا کە لێیوەرگرتووە ، سێکسی لەگەڵ دەکات. بەو جۆرە ، لێرەدا دیاردەی بەکارهێنانی هێز و ناچارکردن بەرچاو دەکەوێت. لەبەرئەوە ، ئەو شێوە هاوسەرییە شێوەیەکە لە ڕەوشت.

دیارە لە کۆمەڵگای سەرمایەدارییدا کە بنەماکان لەسەر گۆڕینەوە دانراون ، ناکرێت ئەو شێوە هاوسەرگیرییە ناوبنێین دەستدرێژیی سێکسیی ، چونکە ئەگەر بە گۆڕینەوە دابنرێت ، لەگەڵ ئەوەشدا شێوەیەکی ناچارکردنە و دەستدرێژییکردنە بۆ سەر خەڵک ، ئەوا سیستمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا دەکەوێتە بەر پرسیار ، چونکە چەوساندنەوەی کارگەریش کە بە هۆی پێویستییە ئابورییەکانەوە ناچاردەبێت هێزی کاری خۆی بفرۆشێت ، بە دەستدرێژیی بۆ مافی ئەویش دەژمێررێت و بە کردەوەیەکی نایاسایی حسابی بۆ دەکرێت. لەبەرئەوە ، لەو کۆمەڵگایەدا دەستدرێژیی سێکسی ئەگەر بە لایەنی گوشار و هێزی ئابورییەوە بێت ، یاساییە و ئەگەر بە هۆی گوشارهێنانی

جەستەیی و هەڕەشەوە بێت ، لە چوارچێوەی سیستمی سەرمایەدارییدا نایاساییە.

بە هەر حاڵ ئەوەی پەیوەندیی سێکسیی دوو مرۆڤ لە نارەوشتیی جیادەکاتەوە و شێوەی مرۆڤایەتی و ئارەزوومەندانەی پێدەبەخشێت و لایەنی بەدرەوشتییش ناچارکردنی بە پارەیە. لە ڕابوردوودا کاتێک مێرد ئافرەتی دەکڕی تا چێژی سێکسیی لێببینێت ، لە ڕاستییدا هەمان کاری دەکرد کە لەوانە بوو لەگەڵ ڕەوشتێک یان کۆیلەیەک بیکات. بەو پێیە خێزان ناوەندێکی هەرە گرنگی بەدڕەوشتیی بوو لە کۆمەڵگادا کە ئافرەت لە لایەن پیاوەوە ناچاردەکرا بەرامبەر بە خەرجیی ژیانی ، خۆی بداتە دەستی و ئایین ڕۆڵی سەرەکیی هەبوو لە پەرەپێدانی ئەو بەدڕەوشتییەدا.

لە سورەتی ئافرەتان "النساء" ، ئایەی 18دا بینیمان کە چۆن قورئان دەڵێت: **(هەردووکتان بە مەرامی خۆتان گەیشتوون...)** لە ڕاستییدا ئەو بەدڕەوشتییە لە بنەماڵەوە سەریهەڵدەدا و شێوازێکی یاسایی پێدرابوو. "سەید قوتب" ، یەکێک بوو لە کەسایەتییەکانی ئیسلام ، لەو بارەیەوە بە ڕاشکاویی دەڵێت:

**- (کەسێک کە بەرپرسیاریی شتێکی خستە سەر شانی خۆی ، نابێت بانگی کەسێکی تر بکات بۆ دزینی. بەگوێرەی ئەو بنەما یاساییە ، کچیش کە شووی کرد ، چونکە خاوەنداریی جەستەی خۆی نامێنێت و تەنیا ئەرکی پارێزگاریی ئەو جەستەیەی بۆ دەمێنێتەوە ، نابێت خۆی سود لە جەستەی خۆی ببینێت و ڕێ بە خەڵک بدات کە دەستدرێژیی لێ بکەن[14].)** هەروەها بە بۆچوونی فەقێکانی تری ئیسلام: **(شووکردن بە پیاوی موسوڵمان ، پەیمانێکی دوو لایەنەیە کە پیاوەکە جەستەی ئافرەت بۆ چێژ لێوەرگرتن دەخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە[15].)**

---

14- ابن وراق ، ئیسلام و موسوڵمانەتی، فارسی ، لاپەڕەکانی 577- 576.

15 - Squet G.H. (1) L ´Ethique Sexual de L´Islam, Paris 1966. p. 118.

لەو ڕوانگەیەوە بوو کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە ئەوروپا بازرگانیی لە گەشەکردندا بوو ، پیاوان ناچاربوون کە بۆ بازرگانیی کردن و دورکەوتنەوە لە خێزانەکانیان و بۆ هێمن ڕاگرتنی دەرونی خۆیان و تا خەیاڵیان لای ژنەکانیان نەبێت ، دەرپێیەک کە لە چەرم دروستکرابوو ، تەنیا دوو کونی بچوکی تێدا بوو بۆ میز و پیسایی و خوێنڕێژیی مانگانە ، دەیانکردە بەری ژنەکانیان و قفڵیان دەدا و پێیان دەگوت "حزام العفة" کەمەربەندی کچێنی و کلیلی قفڵەکەیان لەگەڵ خۆیان دەبرد. ئەو دیدە سەبارەت بە "ناوگەڵی" ئافرەت بە تەنیا تایبەتمەندیی موسوڵمانەکان نەبوو ، بەڵکوو لە هەموو جیهان و لەوانە لە ئەوروپاش هەر بەو جۆرە دەیانڕوانییە ئافرەت.

دەبێت سەرنج بەو خاڵە بدرێت کە هەرچەندە ئەمڕۆ تەنانەت بیرکردنەوە لە دیاردەی هاوسەرگیریی بە واتەی کڕین و بەدەستخستنی لەشی ئافرەت ، دیاردەیەکی ڕاچڵەکێنەر و جێگای پێکەنینە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە بەشێکی بەرفرەوانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا هەر بەو جۆرە هەڵسوکەوت دەکرێت ، بەڵام لەو سەردەمدا بیرکردنەوەیەکی لەو جۆرە لە هاوسەرییدا ، زۆر باو و ئاسایی و جێی سەرسوڕمان نەبوو. لەبەرئەوە کاتێک ئافرەتێک جگە لە مێردەکەی لەگەڵ کەسێکی تر پەیوەندیی سێکسیی هەبووایە بە دەستدرێژیی ئابوری دادەنرا و لە بواری یاساییەوە دەستدرێژکەر بە دز دادەنرا و تاوانی دەستدرێژیی بۆ سەر سامانی پیاوەکە دەژمێردرا ، نەک تاوانی بەدڕەوشتیی و هەر بەو تاوانەش سزا دەدرا.

لەنێوان خەڵکی میسوپۆتامیا و هۆزی "جێرمان"دا بینیمان کە تاوانی زینا لە ڕیزی تاوانەکانی خاوەنداریيدا بوو. لە قورئانیشدا ئەگەر ئافرەت زینا یان "دزیی" لە لەشی خۆی دەکرد و لەگەڵ پیاوێک پەیوەندیی سێکسی پێکدەهێنا ، لە لایەک تا چارەنوسی لەلایەن خواوە

---

لە کتێبی ئیسلام و موسوڵمانەتی، نوسینی ابن وراق ، فارسی ، دوکتور مەسعود ئەنساری لاپەڕەی 572 وەرگیراوە

دیارییدەکرا، زیندانیان دەکرد و لە لایەکی ترەوە سەد جەلدەیان لێدەدا.

**- (لە ئافرەتەکانتاندا ئەوانەی کە قەحپەیی دەکەن و چوارتان شاهیدییتان لەسەر دا ، لەماڵەوە بەندیان بکەن تا دەمرن ، یان تا خودا ڕێیەکیان بۆ دەدۆزێتەوە[16].)**

**- (زیناکەر ، ئافرەتەکەش و پیاوەکەش ، سەد جەلدە لە هەر یەکێکیان بدەن و لە پێناوی دینی خودادا بەزەییتان پیایاندا نەیەتەوە ، ئەگەر باوەڕتان بە خودا و ئەو دنیا هەیە و با خەڵکێکی زۆریش ئەو ئازارەیان ببینن[17].)**

دیارە دواتر ئەو سزایانە لەناو موسوڵمانەکاندا قورستر بوو. سەد جەلدە بۆ ئافرەتانی بێ مێرد و بەردبارانکردنی ئافرەتانی مێرددار. سەیر ئەوە بوو کە ئەو سزایانە بە دروستیی لەسەر بنەمای خاوەنداریی دیارییکرابوون ، چونکە ئەو ئافرەتانەی کە مێردیان هەبوو واتە کە خاوەنیان هەبوو، دەبووایە سزای قورستریان بۆ دیارییبکرێت. خاڵێکی سەرنجڕاکێشی تر کە خاوەنداریی بەسەر ئافرەتدا دەسەپاند ، ئەوە بوو کە لە شەڕەکاندا ئافرەتانیش لەگەڵ هەموو جۆرە کەلوپەلەکانی تر بە دەستکەوتی شەڕ دەژمێران. کاتێک لە سەردەمی ئاشتییدا پەیوەندیی سێکسیی لەگەڵ ئافرەتی مێرددار بە زینا و دەستدرێژیی بۆ سەر مافی خاوەنداریی دادەنرا و تاوان بوو ، هەر ئەو

---

[16]- سورەتی ئافرەتان "النساء" ، ئایەتی 15 ، قورئان ، قەمشەیی. ([illegible]).

[17]- قورئان ، سورەتی ڕوناکیی "النور" ، ئایەتی 2 ، قەمشەیی. ([illegible])

کردەوەیە لە شەڕەکاندا شێوازێکی تری هەبوو ، بە تاوان دانەدەنرا. هۆی ئەو دیاردەیە بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە شەڕەکان یاسا و ڕێساکانی سەردەمی ئاشتییان هەڵدەوەشاندەوە و یاسای خاوەنداریی بایەخی نەدەما.

لە ئەنجامدا تالان و دەستکەوتەکانی شەڕ بە ئافرەتانیشەوە خۆیان لە چوارچێوەی خاوەنێکی تردا دەبینییەوە و دەبوونە سامانی کەسێکی تر. لەو ڕوانگەیەوە ئافرەتانی مێرددار کە لە شەڕەکاندا دەکەوتنە دەست سەربازی دوژمن ، وەک دەستکەوتەکانی تر دەبوونە سامانی ئەو. بەو جۆرە دەبینین کە خاوەنداریی پیاو بەسەر ئافرەت و سێکسیدا ، لەو سەردەمدا لە هەموو ڕوانگەیەکی یاساییەوە جێی ڕەزامەندیی بووە. لەنێوان جولەکەکانیشدا "منالدان"ی ئافرەتیان دەگەڕاندەوە بۆ خوا و بەرژەوەندەکانی ، منالدانی ئافرەتی دەبەست و دەیکردەوە و کاتێکیش ئافرەت شووی دەکرد ، خوا ئەو ئەرکەی بە مێردەکەی دەسپارد. هەر وەک لە داستانی خیانەتی سارا و حەزرەتی ئیبراهیمی مێردیدا دەخوێنینەوە کە خوا (منالدانی ئافرەتانی ماڵی ئابی- موڵکی سارای فاسق دەبەستێت) و کاتێک دەیکاتەوە کە کارەکان وەک خۆیان لێبێتەوە [(18)].

دیارە هەر وەک پێشتر ئامازەم بۆ کرد ، نابێت وا بیربکەینەوە کە دیدێکی لەو جۆرە تەنیا لە کتێبە ئاسمانییەکاندا هەبووە. بەرلە سەرهەڵدانی ئایینەکانیش لەناو گەلانی میسۆپۆتامیا و هۆزەکانی جێرماندا لە ئەوروپاشدا بینیمان ، ئافرەت بە سامانی پیاو دەژمێررا. تەنانەت لەم سەردەمەشدا دیاردەی لەو جۆرە سەبارەت بە ئافرەتان لە

---

[18]- - Article 67 of the common law on marage. In Nawal El Saadawi, Hidden Face of in the Eve, Women in the Arab World, p. 51.1980.
نەوال ئەسسەعداوی ، لەو بارەیەوە کە ئەو یاسایە هی کام وڵاتی عەرەبییە ، لە کتێبەکەیدا نەینوسیەوە ، بەڵام چونکە خۆی خەڵکی میسرە، ڕەنگە پەیوەندیی بە میسرەوە هەبێت.

یاسا و ڕێساکانی زۆربەی ئەو وڵاتانەدا ماون کە بە شێوەی کۆن دەژین. لە یاسای گشتیی یەکێک لە وڵاتە عەرەبییەکاندا هاتووە:

**- (ئەگەر ئافرەت (جماع) واتە گان لەگەڵ مێردەکەی نەکات ، مافی وەرگرتنی نەفەقەی نیە و تا ئەو کاتەی بەردەوام ئەبێت لەوەر ئەو هەڵوێستەی ، لەو مافە بێبەش دەبێت. هەروەها ئەگەر دورکەوتنەوەکەی لە مێردەکەی پەیوەندیی بە مێردەکەیەوە نەبێت ، تەنانەت ئەگەر بەبێ تاوان زیندانیی کرابێت ، یان بۆ ئۆردوگایەک دورخرابێتەوە ، یان دەستدرێژیی لێکرابێت ، یان ئایینی خۆی بگۆڕێت ، یان بە هۆی کەسوکاریەوە هاندرابێت کە لەگەڵ مێردەکەی نەژی ، یان بە هەر هۆیەکی ترەوە بێت نەهێڵێت مێردەکەی سێکسی لەگەڵ بکات ، مافی وەرگرتنی نەفەقەی نابێت[19].)**

لێرەدا دەبینین بەگوێرەی یاسا تەنیا دیاردەیەک کە پەیوەندیی ئافرەت و هاوسەرەکەی دیاریی دەکات ، گۆڕینەوەی سێکسە بەرامبەر بە خەرجیی ژیانی ئافرەت ، نەک شتێکی تر. بە وتەیەکی تر یاسا بەبێ بەزەییانە دەیەوێت هەموو چەشنە پەیوەندییەکی ژن و مێردایەتی بە بەدڕەوشتییەوە ببەستێتەوە و ئەو گومانە نەهێڵێت کە لەو پەیوەندییەدا تۆزقاڵێک خۆشەویستیی و مرۆڤایەتی دەبیندرێت و بە ڕاشکاویی دەڵێت: **(تا ئەو کاتەی مێرد نەتوانێت کەڵکی سێکسیی لە هاوسەرەکەی وەربگرێت ، تەنانەت ئەگەر دور لە ویست و کۆنترۆڵی ئافرەتەکەش بێت ، یان بەبێ تاوان زیندانیی کرابێت ، یان دەستدرێژیی سێکسی لێکرابێت ، ئافرەت مافی وەرگرتنی نەفەقەی نابێت.)**

بەگوێرەی ماددەی 1108 ی یاسای مەدەنی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش : **(ئەگەر ئافرەت بەبێ هۆیەکی شەرعیی ، خۆی لە سێکس لەگەڵ هاوسەرەکەی بپارێزێت ، مافی وەرگرتنی نەفەقەی نابێت.)**

---

19- ماددەی 67 یاسای گشتیی دەربارەی هاوسەریی لە میسر.

## لەشفرۆشیی لە دەرەوەی خێزاندا

### ئا - لەشفرۆشیی ئازا

لە سەردەمی جێی باسی ئێمەدا ، فرۆشتنی سێکس بە ناوی هاوسەرگیرییەوە و لە چوارچێوەی خێزاندا بووە. هەرچەندە ئەو ڕەوتە دیاردەیەکی هەرە گرنگی شێوەی فرۆشتنی سێکس بووە ، بەڵام تەنیا شێوەیەک نەبووە لە ناوچە جیاوازەکانی جیهاندا. لەشفرۆشیی ئازاد لە دوای بەدڕەوشتیی لە خێزاندا، یەکێک بووە لە شێوازە هەرە باوەکانی ئەو سەردمە ، چونکە هاوشان و هاوشێوەی بەدڕەوشتیی لەناو خێزاندا بووە و ئافرەت وەک سامانی مێرد حسابی بۆ کراوە و مافی کەڵکلێوەرگرتنی بۆ مێردەکەی گەڕاوەتەوە.

بەو هۆیەوە پیاو وەک خاوەن توانیویەتی پەیوەندیی سێکسیی خۆی لە دەرەوەی خێزان و لە هەر جێیەک بیویستایە ، پێکیبهێنێت. خاوەنداریی پیاو بەسەر ئافرەتدا لە کاتێکدا چالاکیی سێکسیی ئافرەتانی سنوردار دەکرد ، بەپێچەوانەشەوە ڕێی بۆ پیاوان دەکردەوە کە بەگوێرەی دەسەڵاتی ئابورییان ، تا توانایان هەبووە چالاکیی سێکسیی خۆیان لەناو خێزان و دەرەوەی خێزاندا کردووە.

ئەو دیاردەیە بە هۆی ئەو ئافرەتانەوە دابیندەکرا کە بە دڵی خۆیان، یان لە ڕووی ناچارییەوە پەیوەندیی سێکسییان لەناو خێزاندا نەمابوو (وەک ئەو کچانەی کە بە هۆی دەستدرێژیی ، یان پەیوەندیی سێکسیی پێش شووکردن لە خێزانەکانیان دورخرابوونەوە) و بە بەدڕەوشتیی و فرۆشتنی سێکس لە بازاڕی ئازاددا ژیانی خۆیان دابیندەکرد. پیاوان لەو سەردەمەدا جگە لە چەندان هاوسەر و کەنیزە لە ماڵەوە ، لە دەرەوەی ماڵەوەشدا بە شێوەی جۆراوجۆر پەیوەندیی سێکسییان لەگەڵ ئەو جۆرە ئافرەتانەدا هەبوو. هەروەها بە شێوەی مارەکردنی کاتییش "سیغە"

لەگەڵ ئافرەتان سێکسیان دەکرد. بۆ نمونە لە یۆنانی کۆندا پیاوان مافیان هەبوو لە دەرەوەی خێزاندا پەیوەندیی خۆشەویستیی و (یار)یان هەبێت. دیارە ئەو ئافرەتانەی کە لەگەڵ پیاوانی خاوەن هاوسەر پەیوەندییان دادەمەزراند ، مافی میراتیان لە ماڵ و سامانی پیاوەکان نەبوو. هەر بەو جۆرەش سەبارەت بە "گیشا"کانی ژاپۆن هەڵسوکەوت دەکرا.

**ب- سیغە یان هاوسەرگیریی کاتی**

لەناو شیعەکانی وڵاتانی ئیسلامیشدا لەشفرۆشیی لە دەرەوەی خێزاندا بە ناوی سیغە ، یان مارەکردنی کاتیی دەکرێت. سیغە باری یاسایی هەیە و لەژێر کۆنترۆڵی کاربەدەستان و یاسا ئایینییەکاندا دەکرێت. لەو سێکس فرۆشتنەدا کە ئێستاش لە وڵاتانی ئیسلامیی شیعەدا باوە، ئافرەت بۆ ماوەیەکی دیارییکراوی یەک کاتژمێریی، یان یەک ڕۆژیی بە پارە پەیوەندیی سێکسیی لەگەڵ پیاواندا دەکات. لەو پەیوەندییەدا پیاو بە ئامادەبوونی شاهیدێک ، ئەو پەیمانە دەبەستێت، ئەم دێڕە بە زمانی عەرەبیی (زمانی ئیسلامیی) بە ئافرەت دەڵێت: **(إنكحتك في المدة المبينة و المبلغ المبين)** واتە تۆم بۆ ماوەیەکی دیارییکراو و لەسەر پارەیەکی دیارییکراو مارە کردووە.

بە دانانی ماوەی پەیوەندیی سێکسیی و پارەیەک کە بۆ ئەو ماوەیە دیارییدەکرێت ، مامەڵەکە شێوازێکی ڕونی دەبێت. واتە ئافرەت بە وەرگرتنی پارەیەکی دیارییکراو ، بۆ ماوەیەکی دیارییکراو ، خۆی دەداتە دەست پیاوەکە و سێکسی لەگەڵ دەکات. سەیر ئەوەیە کە لە یاسا ئایینییەکانی کۆمەڵگای پیاوسالارانەی ئیسلامی شیعەدا ، تەنانەت ئەو کاتەش کە هەوڵدەدەن بۆ پیاوان لە دەرەوەی ماڵەوە و دور لە چوارچێوەی خێزاندا ، دەرەتانی یاسایی سێکسیی بۆ پێکبهێنن ، پێدادەگرن کە ئەو پەیوەندییە بە شێوازی بەدڕەوشتیی بکرێت ، چونکە

پەیوەندیی سێکسیی پیاو لەگەڵ ئافرەت لە ڕەوتی سیغەی کاتییدا بە گوتنی چەند وشەیەک شێوازی یاسایی دەبێت. واتە بە پارەدان و دیاریکردنی ماوەی مامەڵەکە.

بە بۆچوونێکی تر ئەگەر بە وردیی بڕوانینە ئەو یاسا ئایینییانەی ئیسلامی شیعە ، دەبینین هیچ پەیوەندییەکی سێکسیی ئەگەر لە ڕووی خۆشەویستییەوە بکرێت و شێوازی بەدڕەوشتیی نەبێت ، نایانەوێت و بە دژی ڕەوشتی دەزانن و ئەوەی بیکات سزای دەدەن. بە وتەیەکی تر ئەوەی کە لە کۆمەڵگایەکی ئازاد و مرۆڤدۆستانەدا بە کردەوەیەکی بەدڕەوشتانە و دژ بە یاسا دادەنرێت ، لەوێدا بەگوێرەی سەرخانی ئایینیی و یاسایی ، وەک کردەوەیەکی ڕەوشتیی و یاسایی سەیردەکرێت ، لە ڕاستییدا ئەوە جگە لە بە کاڵاکردنی ئافرەت و سێکس ، هیچی تر نیە. بە هەر حاڵ، تەنانەت ئەگەر کڕینی سێکس بە شێوەی نایاسایی بکرایە ، تاوانبار ئافرەت بوو نەک پیاو و ئەوەی سزا دەدرا ئافرەت بوو ، تەنانەت ئەگەر بە زۆرەملێ دەستدرێژییشی لێبکرایە. سەرنج بدەنە ئەم داستانەی خوارەوە کە لە پاکستان ڕوویداوە:

**- (سەفیە بی بی کچێکی 16 ساڵانەی چاوکز بووە. لە لایەن خاوەن ماڵەکەی و کوڕی خاوەن ماڵەکەیانەوە دەستدرێژیی لێکراوە و لە ئەنجامدا سکی پڕ بووە. باوکی سەفیە شکاتی لە دەستدرێژییکەران کردووە ، بەڵام چونکە شاهیدی نەبووە ، دادگا سەفیەی تاوانبارکردووە و تاوانبارانیش بێتاوان. دواتر دادگا سکپڕبوونی سەفیەی بە زینا دادەنێت و بڕیار دەدات سێ ساڵ زیندانیی بکەن. سەیر ئەوەیە لەو ڕووداوە خەمناکەدا ، دادگا کاتی ڕاگەیاندنی بڕیارەکەی ، بە هۆی کەم تەمەنیی و چاوکزیی سەفیەوە ، سزاکەی سوکتر کرد[20].)**

[20] - ابن وراق ، ئیسلام و موسوڵمانەتی، فارسی ، لاپەڕەی 612.

**پ- لەشفرۆشیی پیرۆز**

لە لەشفرۆشیی پیرۆزدا ، پەرستگا ئەو کچانەی وەردەگرت کە خۆیان بە پەرستگا یان کەنیسەکان دەبەخشی. لەنێوان کۆمەڵێک ئەرکی جیاوازدا کە بۆ ئەو کچانە دیارییدەکرا ، یەکێکیان ئەوە بوو کە کچە هەرە جوانەکانیان بۆ خزمەتی قەشەکان دادەنا ، تەنانەت هەندێک جاریش بۆ خزمەتکردنی میوانان و کەسایەتییە بەدەسەڵاتەکان دایاندەنان کە بۆ سەردان دەهاتن(21).

لەشفرۆشیی پیرۆز ئێستاش لە هەندێک ناوچەی هیند و ژاپۆن دا هەیە. "دیڤاداسی" Devadasi نمونەیەکی ئەو لەشفرۆشییە کە لە هیند هەیە. خێزانە هەژارەکان کچەکانیان دەبەخشن بە خوایە ناوچەییەکانیان تا بەو شێوەیە خۆشبەختیی دواڕۆژی خێزانەکەیان بەدەستبهێنن.

بەو مەبەستە کچەکانیان دەناردە پەرستگاکانی ناوچەکەیان تا پەیمانی هاوسەرگیریی لەگەڵ یەکێک لە خواکان ببەستن. لە دوای ئەوە دۆخی کچەکان دەگۆڕا و وەک مرۆڤێکی پیرۆز دەگواسترانەوە بۆ پەرستگاکان تا ژیانی خۆیان بۆ پەرستگا تەرخانبکەن. ئیتر کچەکە لەوێ دەمایەوە ، بەبێ ئەوەی کە مافی هەبێت لەو خوایە تەڵاق وەربگرێت کە پەیمانی هاوسەرگیریی لەگەڵ بەستووە ، یان گوندەکە بەجێبهێڵێت. ژیانی خۆی بۆ هەمیشە دەدایە دەست ئەو پیاوانەی کە بەرپرسی پەرستگاکە بوون.

دوای دەستدرێژییکردن بۆ سەر ئەو کچانە ، ناچاریان دەکردن کە بە پارە پەیوەندیی سێکسیی لەگەڵ بەسەرکەرەوان و میوانانی پەرستگاکە دابمەزرێنن. بەو جۆرە ئیشی پەرستگا ببوو بە ڕاگرتنی ئافرەتی لەشفرۆش. پیاوانی بەرپرس لەوێ جگە لە سودوەرگرتن لە داهاتی ئەو

---

[21] - Nawal El Saadawi, Hidden Face of in the Eve, Women in the Arab World, p. 57.1980.

ئافرەتانە ، خۆشیان سێکسیان لەگەڵ دەکردن و لە ڕێی لەشفرۆشییەوە دەبوون بە خوداپەرست و پیاوچاک. هەروەها کچانی ساوای ئەو ئافرەتانەشیان بە پیرۆز ناودەبرد ، بۆ ئەوەی کە ئەوانیش لە داهاتوودا ببن بە "دیڤاداسی" لە پەرستگاکەیاندا[22].

لە وڵاتی میسری کۆنیشدا کچانی هەرە جوان ڕەوانەی پەرستگا دەکران و بە خوای "ئامین" Amen پێشکەش دەکران. لەوێش تا ئەو سەردەمەی کە کچەکان گەنج بوون، بە گومانەوە لە دەست پیاوانی پەرستگادا بوون و دواتر کە پیر دەبوون و ئیتر بە کەڵکی ئەوان نەدەمان ، بە یەکێک لە پیاوانی ناوچەکە بەشوو دەدران. لەشفرۆشیی پیرۆز بە شێوەی پێشکەشکردنی کچان بە پەرستگاکان بەگشتیی لە هەموو کۆمەڵگا کۆنەکاندا هەبوو. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە ئەوروپا، زۆربەی قەشەکان ئافرەتانی بەدڕەوشتیان ڕادەگرت. بۆ نمونە دەیانگوت "مێندێز" Mendez بە ڕادەی کتێبەکانی کتێبخانەکەی ئافرەتانی لەشفرۆشی هەبووە[23].

### ت- لەشفرۆشیی دیوەخان

لە لەشفرۆشیی دیوەخانەکاندا کە پێشتر ئاماژەم بۆ کرد ، ئافرەتیان بۆ سێکس دەکڕی و لە حەریمەکاندا دایاندەنان. لەو لەشفرۆشییەدا ، کەڵک لە هێزی کاری ئافرەت لە ئیشی ماڵەوە و بەرهەمهێناندا وەرنەدەگیرا. ئافرەت مافی چوونە دەرەوەی لەو حەریمانەدا نەبوو، زۆر بە کەمیی و ئەویش بە ڕازیبوونی پێشوەختی خاوەنەکانیان ، لێی دەچوونە دەرەوە ، ئەگەرنا بۆ هەمیشە و هەموو ژیانیان لەو زیندانە جوان و ڕازاوەیەدا دەمانەوە. ئەو جۆرە لەشفرۆشییە لەو سەردەمەدا

[22] - Bales Kevin, Dispoable People. New Slavery in the Globe Econoy, p.199.
[23] - Nawal El Saadawi, Hidden Face of in the Eve, Women in the Arab World, p. 60.1980.

بەگشتیی لە هەموو وڵاتان و دیوەخانی هەموو پاشاکان و بنەماڵە دەوڵەمەندەکاندا هەبوو.

لە وڵاتانی عەرەبیی و شێخنشینەکانیشدا ، شێخ و سوڵتان و دەسەڵاتدارەکانی ئەو وڵاتانە ، هەر شەوەی پەیوەندیی سێکسیان لەگەڵ کچێک پێکدەهێنا و دەیانکرد بە ژن و ئیتر هەرگیز نەیاندەبینییەوە. دواتر ئەندامانی چینی خوارەوە لەگەڵ ئەو ئافرەتە دەبوون کە شانازیی سێکسیی لەگەڵ سوڵتان "شا"دا هەبووە و بۆ ئەو مەبەستە پێشبرکێیان لەگەڵ یەکتر دەکرد. دیارە پارەی نەفەقەی ئەو ئافرەتە لە لایەن سوڵتانەوە دەدرا.

## ج- لەشفرۆشیی دەوڵەتیی

لەشفرۆشیی دەوڵەتیی جۆرێکی تری ئەو دیاردەیە بوو کە ئافرەتان بە خەرجیی دەوڵەت بۆ پێکهێنانی پەیوەندیی سێکسیی لەگەڵ پلەدارەکانی حکومەت دادەمەزران. نمونەی ئەو لەشفرۆشییە لە ئەوروپادا باو بوو.

لە سەدەی 14ی زایینییدا حکومەتەکان بۆ ڕێزگرتن لە میوانەکانیان، شورای شارەوانییەکانیان بەرپرس کردبوو کە ماڵی تایبەت بۆ لەشفرۆشانی جوان دابنێن. بەو جۆرە لە سیستمی لەشفرۆشیی دەوڵەتییدا، ئافرەتانی لەشفرۆشیان بە خەرجیی دەوڵەت دەدایە دەست پلەدارەکانی وڵات[24].

[24] - Ibid, p.57.

# فەسڵی چوارەم: ئافرەت و خێزان

## خێزان وەک یەکەیەکی سەرەکیی ئابوری

خێزان لە کۆندا وەک یەکەیەکی ئابوری بوو. یەکەیەکی گرنگی ئابوری ، گرنگ لەو ڕوانگەیەوە ، کە بەشی هەرە زۆری بەرهەمی کۆمەڵگا لە لایەن خێزانەوە بە بەرهەمدەهات. لە ڕاستییدا ئەگەر لە بواری ڕێکخستنی ئابورییەوە بڕوانینە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ئەو سەردەمە ، تێدەگەین کە ئەو کۆمەڵگایە بە گشتیی لە یەکەی بچوکی ئابوری پێکهاتبوو کە بە هێزی خێزان بەرهەم دەهات. بەشی سەرەکیی ئەو یەکە ئابورییانە ، کێڵگەی بچوکی کشتوکاڵ و کارگەی بچوکی پیشەسازیی بوون کە لەژێر چاودێریی و کۆنترۆڵی خێزاندا هەڵدەسوڕان و چەرخی تێکۆشانیان بە هێزی باسکی خێزان ، واتە ئافرەت و مناڵانی خێزان و لەژێر چاودێریی و سەرپەرشتیی و هاوکاریی باوکدا بەڕێوەچووە. تەنانەت خاوەن موڵکە گەورەکانیش کە بەشێکی مەزنی کێڵگەکانیان لە دەستدا بووە ، لەجیاتی دامەزراندنی کارکەر بۆ چاندنی زەوییەکانیان ، زەوییەکانیان دابەشکردووە بەسەر بەشی بچوکتردا کە بەرهەمهێنانیان لە توانای هێزی خێزانێکی چەند کەسییدا بێت و بە کرێ داویانەتە دەست جوتیاران و لە بەرامبەردا سودی موڵکانەیان لێوەرگرتوون و لە هەندێک ڕۆژی دیارییکراوی هەفتەشدا کەڵکیان لە ڕەعیەتەکان وەرگرتووە کە بەبێ وەرگرتنی موچە لەسەر زەوییەکانیان کاریان بۆ بکەن. دیارە جوتیاری دەوڵەمەندیش هەبووە کە کێڵگەی زۆری لەبەردەستدا بووە و نەیتوانیوە بە هۆی خێزانەکەیەوە بەرهەمیان بهێنێت. لەبەرئەوە بەشێک لە کێڵگەکەی بۆ خێزانی خۆی داناوە و ئەوانی تری بە جوتیارە هەژارەکان بە کرێداوە. جوتیارە هەژارەکانیش کە لایەنی گرنگی بەرهەمهێنەرانی کۆمەڵگا بوون ، لە

سەردەمە جیاوازەکاندا بە هۆی خێزانەکانیانەوە زەوییەکانیان بەرهەمهێناوە.

بە هەر حاڵ ، ئەوەی لێرەدا جێی سەرنجە ، ئەوەیە کە کێڵگەی بچوک هەر کەسێک خاوەنی بووبێت ، لە دەست ئەو کەسانەدا بووە کە کاریان لەسەر کردووە ، ئەگەرنا بەگشتیی موڵکی شا ، میر ، یان مزگەوت و کەنیسە بوون و هەموویان بە هۆی خێزانی جوتیارەکانەوە بە بەرهەمهێنراون. بە بۆچوونێکی تر ، خێزان ئەو یەکە کۆمەڵایەتییە بووە کە بە گشتیی دابینکردنی بەرهەمی کۆمەڵگای لە سەرشان بووە. تەنانەت زەوییە هاوبەشەکانیش کە کەسێکی دیار خاوەنیان نەبووە و هەموو خەڵکی گوند خاوەنی بوون ، دیسان هەر خێزانی جوتیاران بوون کە بە نۆرە کاریان لەسەر کردوون و بە بەرهەمیانهێناون.

ئەو دیاردەیە تەنیا بەشی کشتوکاڵی نەگرتووەتەوە ، بەڵکوو لە بەشی پیشەسازیی بە پلەیەکی نزمتر لە کارگەی بچوکی بەرهەمهێناندا بەڕێوەچووە ، باوک ڕۆڵی وەستا و کوڕەکانی ڕۆڵی شاگردیان لە کارگەکاندا هەبووە. ئەگەر ئافرەت و کچەکان شانبەشانی پیاوەکان کاریان لە کارگەکاندا نەکردووە ، لە ماڵەکانیاندا بەشێک لە پرۆسەی بەرهەمیان لەسەر شان بووە. هەرچەندە بەگوێرەی گەورەبوونی کارگەکان ، ڕەنگە یەک دوو کەسی تریان دامەزراندبێت کە کاری تێدا بکەن ، بەڵام دیسان بەرپرسیاریی گشتیی و هێزی کاری ئەو کارگانە لەسەر شانی خێزان بووە.

دیارە دەبێت ئەوە لەبیرنەکەین کە تەنیا کوڕەکان نەبوون کە لەو یەکە ئابورییانەدا کاریان پێکراوە ، بەڵکوو لە هەموو بوارەکاندا ئافرەتانیش بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەشداربوون لە بەرهەمهێناندا. واتە لە کێڵگەکان و کارگەکاندا شانبەشانی پیاوان کاریان کردووە ، یان لە ماڵەوە ئەرکی بەشێک لە پرۆسەی بەرهەمەکانیان لەگەڵ کاری ماڵەکانیان بەڕێوەبردووە. کار لە ماڵەوە درێژەی کاری بەرهەمهێنان لە کارگە و کێڵگەکاندا بووە ، چونکە

چێشتلێنان و ئامادەکردنی خۆراک بۆ خێزان و شاگرد و کارکەرانی کارگەکان و کێڵگەکان و ئامادەکردنی پێخەف و جێی حەسانەوەی پیاوەکانیان ، لە ماڵەوە بەڕێوەبردووە ، لەگەڵ ئامادەکردنی بەرگ و کەرەستە و ئامێری کاری ڕۆژانەیان. ئەوانە بەگشتیی بەشێک بوون لەو کارانەی کە بەبێ ئەوان چەرخی بەرهەمی خێزان توشی گرفت دەبوو. جگە لەو کارانە ، ئافرەتان کاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی ڕستن و چنینی فەرش و بەڕە و کۆکردنەوەی دانەوێڵە و لە گەنجینە کردنیان و بەخێوکردنی ئاژەڵ و پەلەوەر و بەرهەمهێنانی ماست و پەنیر و هەزار و یەک کاری تریان لە ئەستۆ بووە و بەبێ ئەوانە کە هەر وەک ئاماژەم بۆ کردن ، بەرهەمهێنان توشی گرفتی سەرەکیی دەبوو. بۆیە لەو سیستمەدا ، سروشتی خێزان و پێکهاتن و ڕاگرتنی گرنگایەتی زۆری هەبووە. لە ڕاستییدا کاری بەرهەمهێنان و بەرهەمی گشتیی سامانی کۆمەڵگا بە هۆی چەندان میلیۆن بنکەی کاری خێزانەوە بە ئەنجام گەیشتووە. ئافرەت چێشتلێنان و ئامادەکردنی خۆراک ، بەرهەمهێنانی هێزی کار واتە دروستکردنی مناڵ ، تەنانەت دامرکاندنەوەی خرۆشی سێکسیی پیاوی لە ناو خێزاندا لە ئەستۆ بووە. تەنانەت پێویستیی شەڕەکانیش بەگشتیی لە لایەن خێزانەکانەوە دابینکراون و بەڕێوەچوون. بەو جۆرە نەک تەنیا ئەندامانی پێویست بۆ سوپای دەوڵەت لەنێوان خێزانەکاندا بە شێوەی هەرەوەزیی دیارییکراون ، بەڵکوو خۆراکی هێزە شەڕکەرەکانیش لە ناوچەکانی شەڕ و شوێنی هاتوچۆی شەڕکەرەکاندا، لە لایەن خێزانی جوتیارانەوە دابینکراوە.

هەر خێزانی جوتیاران و ئەوانی تر بوون کە هەموو ، یان بەشێکی گرنگی داهاتی دەوڵەتیان بە شێوەی باج و کۆکراوە زۆرەملێیەکانەوە لە ئەستۆ بووە. باج بەگوێرەی خێزان کۆکراوەتەوە نەک تاک. تاک بە خێزانەوە بەستراوەتەوە و بە خێڵەوە ناسراوە و ناسنامەی کۆمەڵایەتی دراوەتێ. کەسی زوگورتی بە ئەندامی سەربەخۆی کۆمەڵگا نەناسراوە و کەمتر ڕێزی کۆمەڵایەتی هەبووە.

خێزان یەکەیەکی هەرە بچوکی ئابوری بووە کە قورسایی ئابوری کۆمەڵگای لەسەر شان بووە ، هەر وەک هێزی کاری خێزانەکان زۆربەی کۆمەڵگایان پێکدەهێنا و چینەکانی تری کۆمەڵگا، لەوانە خاوەن موڵکەکان، بازرگانەکان، خاوەن کارەکان، پیاوانی ئایین ، ئەندامانی باڵای سوپا و پلەدارەکان ، کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی و بەگشتیی هەموو ئەوانەی کە لە دەرەوەی بازنەی بەرهەمهێنەرانی خێزاندا بوون و سودیان لە خێزان وەرگرتووە و بە ڕەنجی دەستی خێزانەکان ژیاون و سامانی زۆر و ژیانی ئاسودەیان پێکەوەنابوو. لەبەرئەوە خێزان یەکەیەکی پێویست بووە بۆ ژیان و مانەوە و بوونی چارەنوسیی بووە و بە هەڵوەشانی ، هەموو ژیانی ماددیی و بەرهەمی کۆمەڵگا تێکدەچوو. بۆیە سەیر نەبوو کە لەو سەردەمەدا بوونی خێزان گرنگیی سەرەکیی هەبووە و ڕاگرتنی سەرخانی ئایدیۆلۆجییەکان بووە و لە یاسا و ڕێسای ئاییینیی و بەرژەوەندە ڕەوشتییەکانەوە بگرە تا دەگاتە یاساکانی حکومیی و ناوچەیی ، بە تەواوی هێزەوە بە ڕاشکاویی داکۆکییان لە ڕاگرتن و هێشتنەوەی شیرازەی خێزان کردووە. بە هەر بۆچوونێکەوە ، ئەگەر لاوازیی بەسەر بنەمای خێزان و مەزنییدا بهاتایە ، بە توندیی بەربەرەکانی لەگەڵ دەکرا و پێکهێنەرانی بە توندیی سزا دەدران.

گشت ئەو سزا دڕندانەیەی کە سەبارەت بە پەیوەندیی سێکسیی بەرلە شووکردن یان لە دەرەوەی خێزاندا بەڕێوەدەچوون ، لە ڕاستییدا بۆ ڕاگرتن و هێشتنەوەی چوارچێوەی خێزان و بەرگرییکردن لە لەرزۆک بوونی بوو کە شیرازەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی هەڵنەوەشێت. هەروەها هەموو چەشنە هەڵسوکەوتێک سەبارەت بە پاکیزەیی و گوێڕایەڵیی ئافرەت لە پیاو و گوێڕایەڵیی منداڵان لە باوک هۆیەکەی بۆ ئەو پەیوەندییە ئابورییە دەگەڕایەوە کە بریتی بوو لە ڕاگرتن و هێشتنەوەی چوارچێوەی بەرهەمی کۆمەڵگا و بە بوونی خێزانەوە بەسترابووەوە.

## پەیوەندیی پلەداریی لەناو خێزاندا

هەر وەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد ، لەو سەردەمەدا خێزان بەرلە هەر شتێک یەکەیەکی ئابوری بوو بۆ سەر و ساماندان بە بەرهەمی کۆمەڵایەتی. لە خێزانەکانیشدا هەر وەک هەموو یەکەیەکی ئابوری لە کۆمەڵگادا ئەو کەسەی کە خاوەنی خێزانەکە بوو ، لە سەرووی خێزانەکەوە بوو و پلەکانی خوارووتری ، کارگەرانی بوون. باوکی خێزان لەو ڕوانگەیەوە کە ئامێر و ئامرازی بەرهەمهێنانی وەک زەوی و گا و پێویستییەکانی بەگەڕخستنی چەرخی بەرهەمهێنانی لە دەستدا بوو ، لە هەموو بوارێکدا خاوەن دەسەڵاتی خێزان بوو.

لە ڕووبەڕوویدا ئەندامانی تری خێزان ، چونکە کۆنترۆڵ و خاوەندارییەتییان بەسەر ئامرازی بەرهەمدا نەبوو ، بە ناچاریی بەوەوە بەسترابوونەوە و کاریان بۆ دەکرد. لە بوارەکانی تریشدا کە هەڵسوڕانی ئابوری خێزان بەشی پیشەی دەستیی و بازرگانیی وەک دروستکردنی پێڵاو ، یان چنینی بەڕە و مافوری دەگرتەوە ، باوکیش وەک خاوەنی کەرەستە و پێویستییەکانی بەرهەم ، ڕۆڵی سەرۆکی هەبوو ، خاوەن دەسەڵاتی خێزان بوو.

پەیوەندیی پلەداریی لەناو خێزاندا بە چەشنی ئەو پەیوەندییە بووە کە لە کۆمەڵگادا هەبووە. واتە گوێڕایەڵیی پلەی خواروو بۆ پلەی سەرووتری خۆی. بە وتەیەکی تر هەر وەک بەگوێرەی باوەڕهێنانی باو لە کۆمەڵگادا ، خوا خاوەن پلە و دەسەڵاتی بێهاوتا بوو ، بەبێ مەرج حوکمی هەموو جیهانی دەکرد و گوێڕایەڵیی بێخەوش و بەبێ ئەملا و ئەولای ئەو ، ئەرکی هەر تاکێک بوو ، دەبووایە بەبێ ئەملا و ئەولا فەرمانی شا و میریش وەک جێگر و نوێنەری خوا لەسەر زەوی ، جێبەجێبکرێت. هەر بەو جۆرەش بەڕێوەبردنی فەرمانی ئاغا و خاوەن موڵک و گوێڕایەڵیی ئافرەت و مناڵانیش بۆ باوک و سەرۆکی خێزان ، دیاردەیەکی حاشاهەڵنەگری کۆمەڵگا بووە. خوا خاوەنی زەوی و ئاسمان

و بوونەوەران بوو ، شا خاوەنی وڵات ، ئاغا خاوەنی موڵک و زەوی ، هەروەها پیاوی خێزانیش خاوەنی ماڵ و خێزانەکەی بوو. ئەوانە هەموویان بە پلەی جیاواز ، خاوەن دەسەڵات بوون و ئەندامانی خێزان بە شێوەی زنجیرەیی پلەدار بوون. لە یەک وشەدا پلەداریی لە ناو خێزاندا حوکمی دەکرد کە ئافرەت و منداڵ فەرمانی باوکی خێزان جێبەجێبکەن ، وەک سیستمی پلەداریی لەناو کۆمەڵگادا ، بەشێک بووە لە نەریتی بوونەوەران کە تێیدا پلەداریی لەبەرچاو گیراوە. هەر وەک لە وڵاتی یۆناندا باوک مافی بوون و نەبوونی منداڵانی بە دەست بووە و بەبێ پرسکردنی منداڵەکانی ، هاوسەری بۆ دیارییکردوون. هەروەها توانیویەتی هاوسەرەکەی خۆی بە هۆی پەیوەندیی لەگەڵ پیاوێکی ترەوە ، بکوژێت.

سیستمی پلەداریی لە خێزاندا و بەستراوەیی ئەندامانی لاوازی خێزان بە ئەندامانی بەهێزترەوە ، لە جوانترین شێوەی خۆیدا ، لە ئایینە ئاسمانییە کاندا Cosmic دەبینرێت و هەوڵدرابوو کە پەیوەندیی نادادپەروەرانەی خێزان نەریتی خۆی لە نەریتی پەیوەندییەکانی سروشت لە نێوان بوون و بوونەوەراندا بسەلمێنێت. هەروەها لە ئایینی کۆنفیشیۆس[1] دا هەر بەو جۆرە سیستمی بەهەشت و زەوی ، یەکسان نەبووە و پەیوندیی نێوانیان لەسەر بنەمای نەریت و بوونی نابەرامبەری هیرارکی "پلەداریی" دانراوە و بەهەشت لە پلەی هەرە باڵا و نەریت لە ناوەند و زەوی کە لە ژێرەوە بووە لە پلەی نزمدا حسابی بۆ کرابوو[2]. پەیوەندیی دیاردەکانی تری ناو کۆمەڵگاش هەر بەو جۆرە ڕیزکرابوون. بەو پێیە ، لە پەیوەندیی نێوان شا لەگەڵ ڕەعیەت ، دایک و باوک لەگەڵ منداڵ ، بەساڵداچووان لەگەڵ گەنجان و

[1]-Sharma Arvind Women in World Religions , pp 136- 37

[2]- کۆنفیشیۆس ساڵی 551 پ.ز لە ناوچەی "لو" کە ئەمڕۆ بەشێکە لە شاری نوێی "شاندونگ" لە دایک بووە و ساڵی 479 پ.ز کۆچی دوایی کردووە. لە سەردەمی منداڵییدا ، دایک و باوکی کۆچی دواییان کرد و ناویاننا "کونگ- کویی" . کۆنفیشیۆس لە وشەی لاتین "کونگ فۆزی" بە واتەی مامۆستای گەورەی "کونگ" وەرگیراوە.

سەرئەنجام مێرد لەگەڵ هاوسەر ، بەو شێوەیە پلەیان هەبوو ، کەسانی خوارەوەش ، واتە ڕەعیەتەکان ، منالان ، گەنجان و ئافرەتان ناچار بوون لەژێر فەرمانی کەسانی سەروودا بن و فەرمانیان جێبەجێبکەن.

لەو ئایینەدا گوێڕایەڵی نەکردنی ئافرەت لە پیاو ، بە دژی سیستمی جیهانیی هەڵدەسەنگێنرا و دژایەتی هەبوو لەگەڵ بوون "هەست"دا. لەو چوارچێوەیەدا بوو کە ئایینی کۆنفیشیۆس دەیویست ئافرەتان فەرمانی دایکی مێردەکانیان جێبەجێبکەن ، چونکە ئەوان لە پلەی سەروودان ، واتە لە پلەی دایکاندان ، تەنانەت ئەگەر هەڵسوکەوتی نادروستیشیان هەبێت ، دەبێت گوێیان لێ بگرن.

لە کتێبی ئینجیلی کریستیانەکانیشدا بە ڕاشکاویی گوتراوە کە دەبێت ئافرەتان گوێڕایەڵیی مێردەکانیان بن و فەرمانەکانیان جێبەجێبکەن ، هەر وەک مەسیح گوێڕایەڵی خوا و سەرۆکی کەنیسەیە ، مێردیش سەرۆکی ئافرەتە. لە دوعا و پاڕانەوە ئایینی و نەریتییەکانی نەتەوە جیاوازەکانیشدا سەبارەت بە دیاردەی جۆراوجۆری هەڵسوکەوتی باش ، بەو جۆرە گوتراوە کە منالْ دەبێت لەژێر فەرمانی دایک و باوکیدا بێت و ئافرەتیش لەژێر فەرمانی مێرد ، ڕەعیەت لەژێر فەرمانی پاشاکان و دەبێت گەنجانیش لەژێر فەرمانی بەساڵداچوواندا بن. لەو هەلومەرجەدا ئەرکی هەموو نەریت و یاسا و ئایدیۆلۆجییەکی کۆمەڵگا بوو کە پەیژەی گەورە و بچوکیی (پلەداریی) ڕابگرن و بۆ هێشتنەوەی تێبکۆشن و پلەکانی خواروو بەو شێوەیە پەروەردەبکەن.

هەر وەک گومانکردن لە دەسەڵات و گەورەیی خوای بێهاوتا و یاخیبوونی ڕعیەت لە شا و ئاغاکان تاوان بوو ، سزای توندی هەبوو ، هەر بەو جۆرەش ڕێزنەگرتنی ئافرەت لە باوک و مێرد و یاخیبوونی لە دەسەڵاتیان لە بواری نەریتییەوە ناپەسەند و سزای قورسی بە دواوە بوو. ئەو بەها نەریتییە و یاسا و ڕێوڕەسمە ئایینییانەی کە سەبارەت بە پەیوەندیی خێزان و پەیوەندیی نێوان ئافرەت و مێرد و باوک و منالْ دەکران ، هەموویان لەسەر بنەمای گوێڕایەڵیی بێخەوشی ئافرەت و

منداڵ لە مێرد و باوکی خێزان دانرابوون و لە ڕاستییدا بە مەبەستی ڕاگرتن و هێشتنەوەی دیاردەی بەرهەمی کۆمەڵایەتی بووە و تا ئەو جێیەی کە دەگەڕێتەوە بۆ باسەکەی ئێمە ، ڕاگرتن و هێشتنەوەی بەرهەمی خێزان و بەرگرییکردن لە وەستانی بووە.

ڕونە کە لە گشت پروپاگەندە و پەروەردەکردنە نەریتییەکاندا و فەلسەفەکەی ، یان لە ئاییندا باسی ئەوە دەکرا کە مەبەست لە بایەخدانی بە گوێڕایەڵیی و شتی تری لەو بابەتە بوون ، بۆ ڕاگرتنی تەندروستیی و خۆشبەختیی خێزان و تاک و دورخستنەوەیان بووە لە مەترسی لەناوچوون و هەڵوەشانیان. بە وشەیەک ، ئەوە بۆچوونێکی ڕاست بووە ، چونکە لە کۆمەڵگایەکدا کە بنەمای لەسەر پەیوەندیی پلەداریی زۆرەملێ دانرابوو ، دەبووایە هەموو کەس بە هێزی کوتەک و هەڕەشە بۆ ئەربابانیان کار بکەن. ڕاگرتن و بەگەڕخستنی چەرخی بەرهەم و هەڵسوڕاندنی کۆمەڵگا ، جگە لە گوێڕایەڵیی و کۆیلەیەتی و بێبەشبوون لە ژیانی ئازاد و سروشتیی ، ڕێگایەکی تری نەبووە.

بەو جۆرە ، هەموو مەزنیی نەریتی باو سەبارەت بە پاکیزەیی و بەئەمەک بوون و گوێڕایەڵیی ئافرەت و منداڵ لە باوک ، شتێک نەبوون جگە لە درۆکردن و هەڵسوکەوتی ناپاکی چینە دەسەڵاتدارەکان بەسەر کارگەرانی یەکە ئابورییەکاندا و بۆ هێشتنەوەیان لەژێر دەسەڵاتی سەرۆکی خێزان و بەگشتیی ڕاگرتنی سیستمی پلەداریی باو لە کۆمەڵگادا.

## ئافرەت لە پلەی هێزی کاری خێزان

کاتێک ئێمە خێزان وەک یەکەیەکی بەرهەمهێنان دەبینین ، ئیتر ئافرەت بە تەنیا وەک دیاردەیەکی زەوقهێنەری سێکسیی نابینرێت ، بەڵکوو بایەخی هێزی کاری ئەویش بەگشتیی سەرنجراکیش دەبێت. بەو واتەیە کە هێزی کاری ئافرەتانیش شانبەشانی هێزی کاری کوڕان ،

پێکەوە هێزی سەرەکیی کار و بەرهەمهێنانی خێزانیان پێکدەهێنا و لە کۆنترۆڵ و خاوەنداریی باوکی خێزاندا بوون و ئەو کاری پێدەکردن. هەر وەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد ، بەشێکی ئەو هێزەی کار لە ماڵەوە و بەشەکەی تری بە شێوەی ڕاستەوخۆ تێکەڵاوی کاری بەرهەمهێنان بووە ، بەڵام لەو ڕوانگەیەوە کە کاری ماڵەوەی ئافرەتان چونکە لە خزمەت ئامادە کردنی هێزی کار بۆ بەرهەمهێنانی دەرەوە بووە ، وەک ئەرکی بەرهەمهێنانی خێزان حساب دەکرا. بۆیە لەو سەردەمەدا خاوەنداریی پیاو بەسەر ئافرەتدا بە تەنیا کەڵکوەرگرتنی سێکسیی ئافرەت نەبوو ، بەڵکوو کەڵکوەرگرتن لە کارکردنی ئەویش سەرنجڕاکێش بوو. پێشتر گوتم ئافرەتان جگە لەوەی کە بەشداربوون لە کاری چاندن و بژار و دروێنەی بەرهەمی کێڵگەکان ، بە بەردەوامیی لە ماڵەوەش خەریکی بەرهەمهێنانی دانەوێڵە و پیشەی دەستیی بوون. لەگەڵ ئەوەشدا کاری قورسی ماڵەوەشیان لەسەر شان بووە ، لە لێنانی چێشتەوە تا دەگاتە دوروونی بەرگ و خاوێنکردنەوەی ماڵ و دابینکردنی پێویستییەکانی ئارامیی و حەسانەوەی پیاوان. بە وتەیەکی تر بەگەڕخستنەوەی هێزی کاری نوێ و ئامادەکردنی سەرلەنوێی پیاوان بۆ تێکۆشانی ڕۆژانەیان ، لە ئەستۆی ئافرەتان بووە. لە کۆتایی ڕۆژیشدا و دوای گەڕانەوەی ئەندامانی خێزان بۆ ماڵەوە ، هەر وەک چۆن پێویستە ئاو و ئالیک بە ئاژەڵ بدرێت و گەوری بۆ خاوێن بکرێتەوە کە تێیدا بحەسێنەوە تا هێزی کارکردنی بۆ ڕۆژی دوایی ببوژێتەوە و دووبارە کاری پێبکرێت ، یان چۆن پێویست بوو بە بەردەوامیی ئامێرەکان خاوێن بکرێنەوە و بۆ کارپێکردن ئامادەبکرێن و بەگشتیی بەڕێوەبردنی ئەو کارانە لەسەر شانی ئافرەتان بوو ، هەر بەو جۆرەش مرۆڤ کە بە درێژایی ڕۆژ لە کارکردندا بووە ، پێویستی بە بوژانەوە و حەسانەوە هەبوو. هەموو ئەوانە بە هەڵسورانی ئافرەتان لە ماڵەوە دەکرا و بۆ کار و تێکۆشانی دووبارە ، ئامادەکراون. ئەوانە بە شێوەی ڕاستەوخۆ بەشێک بوون لە هەڵسوڕانی ئابوری و بەرهەمهێنانی خێزان کە بە هۆی ئافرەتانەوە

دەکران. لەو بارەیەوە خێزان وەک یەکەیەکی ئابوری و بەرهەمهێنان ، تەنانەت دابینکردنی بەشێک لە پێویستیی سێکسیی پیاو لە لایەن ئافرەتەوە ، بە کردەوە دابینکردنی بەشێک لە پێویستییەکانی هێزی کار بووە کە لە ماڵەوە و لە چوارچێوەی پەیمانی هاوسەرییدا بەڕێوەچوون. ئەوە هەمان ئەو پێویستیە بووە کە دواتر لە کۆمەڵگای مۆدێرندا ، پیاو ، تەنانەت ئافرەتیش ، ڕەنگە لە دەرەوەی چوارچێوەی خێزاندا بە پارە نیازی سێکسیی خۆیان پێ دابیندەکرد. دیارە مەبەستی ئێمە لێرەدا دابینکردنی نیازی سێکسیی پیاوە لە لایەن ئافرەتەوە لە ناو خێزانە کۆن و ئاساییەکاندا ، نەک پێچەوانەکەی ، چونکە لەناو خێزانی پیاوسالاردا هەر وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد ، ئەوە ئافرەتە کە لە بابەت سێکسەوە ، هەر کاتێک مێرد ئارەزووی لێبێت ، بۆی دابیندەکات ، نەک پێچەوانەکەی.

لەو ڕوانگەیەوە هەوڵدانی سێکسیی ، هەوڵدانێکە کە بۆ دابینکردنی زەوقی پیاو نەک ئافرەت لە خێزاندا دەکرێت. بۆ نەهێشتنی گومان سەبارەت بەو دیاردەیە پێویستە بڵێم لە ناو خێزانە کۆنەکاندا پیاو پێویستی سێکسیی ئافرەت دابین ناکات و پێچەوانەکەشی خزمەتێکە کە ئافرەت بۆ پیاوی دەکات. دیارە ئەوەی جێگەی باسی ئێمەیە ، پێشتر بە بەڵگەی یاسایی و ئایینیی لەسەری دواوین. لەو بەڵگەنامانەدا ئاماژەمان بۆ پەیمانی هاوسەریی کرد کە ئافرەت خاوەندارییی خۆی لەسەر لەشی خۆی بە قازانجی پیاو لە دەستداوە و تەنیا ئەرکی ڕاگرتنی بووە بۆ پیاو ، واتە (بۆ هەر کاتێک کە پیاو پێویستی پێی هەبێت). دیسان ڕەنگە پێویست بکات کە بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەم سەبارەت بە پێگەی کاری خێزان و سێکس لە یەکە ئابورییەکانی خێزاندا ، پەنجە بۆ چەند بەڵگەیەکی یاسایی ئەو سەردەمە ڕابکێشم و ئامازە بۆ یەکێکی تر لەو بەڵگانە بکەم و پێشانییدەم کە هەڵوێستەکەمان لەسەر پێگەی ئافرەت لەو سەردەمەدا بەگوێرەی دۆخی ئەو سەردەمە بووە. ئیمام غەزالی کە یەکێک بووە لە لێکۆڵەران و

زانایانی ئیسلام و جێ پەنجەی لە سەدەی یانزەیەمدا ، دەربارەی هاوسەریی دیار بووە ، دەڵێت:

**- (پیاو بۆ ئەوە ژن دێنێت کە ئافرەتەکەی کاروباری ماڵەکەی وەک کاری چێشتلێنانی بۆ بکات و شوێنی خەوی بۆ حەسانەوەی مێشکی خاوێن و ئامادەبکات. ئەگەر پیاو تەنانەت پێویستی سێکسیشیی نەبێت ، ناتوانێت بە تەنیا لە ماڵدا بژی ، چونکە ئەگەر لە توانایدا بووایە کە ئەو کارانە بکات ، ئیتر نەیدەتوانی کاری مەعنەویی یان زانستیی بکات. ئافرەتێکی داوێنپاک بە بەندکردنی خۆی لە ماڵەوەدا ، دەتوانێت لەگەڵ یارمەتیدانی مێردەکەی ، پێویستییە سێکسییەکەشی دابینبکات[(3)].)**

دیارە نابێت تەنیا بیر لەو بۆچوونەی موسوڵمانانی ئەو سەردەمە سەبارەت بە ئافرەت بکرێتەوە. سوکرات و ئاریستۆتێل دوو فەیلەسوفی گەورەی یۆنانیش بۆچوونێکی لەو جۆرەیان سەبارەت بە ئافرەت هەبووە. سوکرات دەڵێت: **(پیاو بۆ ئامانجی بەرز و بۆ زانست و چێژی فیکریی دروست بووە. لە کاتێکدا ئافرەت بۆ سێکس و خستنەوەگەڕی هێزی بەرهەمهێنان و هێشتنەوەی مرۆڤ دروستکراوە.)**

لە چین بە پشتبەستن بە پەروەردە کردنەکانی کۆنفیشیۆس ، کاتێک کچ تەمەنی دەگەیشتە دە ساڵ ، ڕێیان پێنەدەدا لە ماڵ بچێتە دەرەوە و مامۆستاکەی فێریدەکرد کە چۆن هەڵسوکەوتی باش و نەرم و نیانی هەبێت و چۆن کاری ئافرەتانە و دروستکردنی باوەشێن لە پەڕی پەلەوەر فێرببێت ، بەرگ بدورێت و چۆن مەی و مەزە دروستبکات و چۆن پێویستییەکانی ڕێوڕەسمە ئایینییەکان ئامادە بکات[(4)]. هەروەها بە ئافرەتەکانیان دەگوت گسک کە بە واتەی کارکردن لە ماڵەوە بوو ، وەک ئەرکی سەرەکیی ئافرەتان. کچەکانیش بۆ ئەوەی کە ئامادەی

---

[3] - ئیمام غەزالی ، کتێبی Proof of Islam ، لاپەڕەی 95-96 گێرانەوە لەلایەن "ئبن وراق" ، ئیسلام و موسوڵمانیی ، فارسیی ، وەرگێرانی دوکتۆر مەسعود ئەنساری لاپەڕەی 593.

[4] - *Bookofrites,ch.12, legge 1967. In Shama Arvind, women in world religions, pp-1*

شووکردن بکرێن و دڵنیابن کە زانیارییان لەسەر ئەرک و ڕۆڵیان لە ماڵی مێرددا هەیە ، سێ مانگ بەرلە شووکردنیان لە چوار ڕوانگەوە پەروەردەدەکران و بەپێی پەروەردە کردنەکانی کۆنفیشیۆسیزم لە سەردەمی دەسەڵاتی "هان"ـەکاندا لە "206 پ.ز تا 220 ز" یەکێک لەو شێوە پەروەردە کردنانە ، ئەم کارەی ئافرەتان بوو:

**- (خۆم بە تەواویی تەرخانی کارە تایبەتییەکانی ئافرەتان دەکەم ، وەک: دوروون و چنین ، عەشق و خۆشەویستیی ، ئەوەش نەک بە وتەی چینییەکان بە هاتوهوت و زۆرەملێ و شێتانە ، بەڵکوو بە نەرم و نیانیی و پاکیی ، هەروەها دروستکردنی مەی و خۆراک بۆ میوانەکان[5].)**

لە مەسیحییەتیشدا پێگەی ئافرەت لە ماڵەوە و ئەرکە سەرەکییەکەی کاری ماڵەوە بوو. بە وتەی "لۆتەر" : **(پیاو فەرمانڕەوایە و ئافرەت بە حوکمی خوا دەبێت پەیڕەویی لێبکات. پیاو بەسەر ماڵ و سامانەکەیدا فەرماندەدات ، بەشداریی شەڕ دەکات ، سامانەکەی دەپارێزێت ، زەوی دەکێڵێت و بە بەرهەمی دێنێت... و ئافرەت وەک کەسێک کە لە بەڕێوەبردنی ئەرکی کۆمەڵایەتی لە دەرەوەی ماڵەوە بێبەش کرابێت ، لە ماڵەکەیدا دەمێنێتەوە و کارەکانی ماڵەوە دەکات. حەوا بەو هۆیەوە بوو کە بە سزای کردەوەکانی گەیشت[6].)**

دیارە هەر وەک پێشتر ئامازەی بۆ کرا ، هەلومەرجی ئافرەت لە کاری ماڵەوەدا لە خێزانەکاندا جیاوازیی هەبووە. لە چینی خوارووی کۆمەڵدا ئافرەت هەردوو ئەرکی بەرهەمهێنانی ڕاستەوخۆ و کاری ماڵەوەی دەکرد ، لە کاتێکدا لە چینی ناوەندیی و سەروودا ، پێویست بە کاری ڕاستەوخۆی ئافرەت لە بەرهەمهێناندا نەبووە و هەر وەک ئیمام

---

5 - *Pan Chao, instructions for women, 1:8b- 9a, Swann 1932, 86. In Sharma Arvind, Women in World Relgions, p 146.*

6 - *Pelican Jaroslav , ed. Martin Luther. (Lectures on Genesis), Gan. 3:16, In Luther,s Works, vol. 1, pp. 202-203. In Sharma Arvind, Women in World Relions, pp. 221*

غەزالی و ئاریستۆتێل ئامازەیان بۆ کردووە ، ئەرکی ئافرەت لە ماڵەوە دابینکردنی نیازە سێکسییەکانی پیاو بووە. لەنێوان چینی ئەشراف و سەرووتری کۆمەڵگاشدا ، ئافرەت تەنیا بۆ پێویستیی سێکسیی لە ماڵەوە، یان لە حەریمدا دانراوە و کاری ماڵەوەیان بە خزمەتکارەکان سپاردووە. بەو جۆرە لە پاڵ گوێڕایەڵیی ئافرەتدا، هونەری ڕاگرتنی ماڵیش یەکێک بووە لە تایبەتمەندییە گرنگەکان و لە کاتی بەشوودانی ئافرەتدا لەبەر چاو گیراوە.

لێرەوە دەستکراوە بە دابەشکردنی کار لە نێوان ئافرەت و پیاودا. ئەو دابەشکردنەش لە مێژوودا یەکەم دابەشکردنی کۆمەڵایەتی کار لەنێوان ئافرەت و پیاودا نەبووە ، بەڵکوو لەو ڕوانگەیەوە کە ئەوە پەروەردە کردنی ئافرەت و پیاو بووە، سەبارەت بە ڕۆڵی داهاتوویان لە ناو کۆمەڵگادا و ئافرەت لە ماڵەوە کاربکات و پیاو لە دەرەوە. لە کاتێکدا کە کوڕ بە هۆی کارکردنی لەگەڵ باوکی لە کێڵگە و کارگەکانی بەرهەمهێناندا فێری کاری بەڕێوەبەرایەتی و ڕێبەرایەتی کاری بەرهەمهێنان دەبوو ، بۆ ئەوەی جێی باوکی بگرێتەوە ، یان کاتی جیابوونە لە خێزانەکەی و پێکهێنانی خێزانی نوێ ، ڕێبەرایەتی خێزانە نوێیەکەی بکات. کچیش ناچاربووە کە هونەری کۆیلەیەتی و کارکردنی وەک سێکس لە ماڵەوە و لەگەڵ کارکردنی لەگەڵ دایکیدا ، فێر ببێت.

بەو پێیە خێزان لەگەڵ بەرهەمهێنانی کاڵای پێویست بۆ کۆمەڵگا ، پێویستییەکانی دوایی و جیاکردنەوەی ئافرەت لە پیاو ، تەنانەت هێزی کاری ئەوانیشی دابەش و دەستنیشان دەکرد. واتە دابەشکردنی کۆمەڵایەتی کار لەنێوان ئافرەت و پیاودا بۆ بەرهەمهێنانەکانی دوایی، پێشتر دیارییدەکرا ، ئەویش بەشێک بوو لە پرۆسەی بنیادنانەوەی هێزی کار. بە بۆچوونێکی تر ، خێزان ناوەندێک بوو کە بەرهەمی کۆمەڵگای کۆن و ڕێسای کارکردن و ژیانی تێدا دادەنرا و بەگوێرەی ئەوە ، ئافرەت

لە ماڵەوە و پیاو لە دەرەوەی ماڵ کاریان دەکرد و خەریکی بەرهەمهێنان دەبوون.

## ئافرەت بە مەبەستی زاوزێکردن

زاوزێی مرۆڤ لە سەردەمە کۆنەکاندا یەکێک بووە لە ئامانجە گرنگەکانی هاوسەرگیریی. هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە هێزی کاری بەرهەمی خێزان ، تەنیا لەناو خێزاندا پێکدەهات ، نەک لە دەرەوەی. لەبەرئەوە خێزانە نوێیەکان بە هۆی دروستکردنی منداڵەوە هێزی کاری پێویستیان بەرهەمدەهێنا. لە بواری ئابورییەوە هەر خێزانێک پێویستییە ئابورییەکانی خۆی بەرهەمدەهێنا و ئەو ڕەوتە بەرهەمهێنانی هێزی کاری خێزانیشی دەگرتەوە. بە واتەیەکی تر خێزان بۆ بەرهەمهێنانی ئابوری لە منداڵەکانی خۆی کەڵکیوەردەگرت و زۆر بە کەمیی منداڵ لە دەرەوەی چوارچێوەی خێزانەکەیدا بۆ کەسێکی تر کاریدەکرد. هەر وەک گەنم و دانەوێڵەی تریش بەگشتیی بۆ کەڵکوەرگرتنی بنەماڵە بە بەرهەمدەهاتن. بەو هۆیەوە ، یان لەبەرئەوەی کە لە دەروەی ماڵەوەدا بازاڕێکی وا نەبوو کە کارگەر کاری لێبکات و پێویستییەکانی تێدا بگۆڕێتەوە ، ئەوەی هەبوو بۆ گۆڕینەوەی بەرهەمی زیادەی خێزانەکان بوو.

هێشتا دابەشکردنی کاری جۆراوجۆرو ئاڵۆزیی دنیای سەرمایەداریی پێکنەهاتبوو، تا پیاو بتوانێت بۆ نمونە پێویستییە سێکسییەکانی خۆی لە شوێنێک دابینبکات و هێزی کاری خۆی لە جێیەکی تر ، تەنانەت پێویستییەکانی ماڵەوەی لە دەرەوەی خێزان و لەو بازاڕەدا دابینبکات. هەموو ئەوانە دەگەڕانەوە بۆ ناو خێزان و لەوێ بە بەرهەمدەهاتن. لەگەڵ ئەوەشدا ئافرەت پێویستییەکانی سێکسیی پیاوی دابیندەکرد، یارمەتیدەری پیاوانیش بوو بۆ بەرهەمهێنانی پێویستییەکانی ساڵانەی. هەروەها کاروباری ماڵەوەشی دەکرد و منداڵیشی بۆ دەهێنایە دنیاوە. بە

هۆی پلەی نزمی تێکنۆلۆجیای سەردەمەوە ، پیاو بە شوێن خوێندن و خولی درێژخایەنی پەروەردەکردنی دور لە پرۆسەی کارەوە نەبوو. لەبەرئەوە بەخێوکردنی منالْ و ئامادەکردنی بۆ کارکردن پێویستی بە سەرمایە نەبوو ، بەڵکوو منالْ قازانجی هەبوو بۆ خێزان و دەیتوانی لە تەمەنێکی کەمدا لەگەڵ باوکی بچێت لە کێڵگەکاندا کاربکات ، یان لەگەڵ دایکی لەماڵەوە قازانجی ئابوری بە خێزانەکەی بگەیەنێت. لەبەرئەوە هاوسەرگیریی بەگشتیی گرنگ بوو لە خستنەگەڕی یەکەی ئابوری نوێدا و بوونی ئافرەت وەک هێزی کاری یارمەتیدەر ، بەشێکی گرنگی پێویستییە سەرەتاییەکانی پیاوی بۆ ژیان و تێکۆشانی نوێ دەستەبەردەکرد. ئەویش لەگەڵ پێویستییەکانی تری وەک زەوی ، ئاو و شتی تردا کە لە لایەن باوک یان خاوەنی گەورەوە دابین دەکرا، پاڵپشت بوو بۆ پێویستیی ئابوری و مرۆڤیی لە خستنەگەڕی یەکەی نوێدا.

بە هەر حاڵ ژیانی سەربەخۆی خێزان و ژیانی شارستانیی و ژیانی سەربەخۆی کارکردن هەموویان لەگەڵ پێکهێنانی خێزان واتە هاوسەرگیریی ، دەستیانپێدەکرد، تەنانەت تاک بە دەستپێکردنی ژیانی خێزانەوە بوو کە ناسنامەی سەربەخۆی پەیدادەکرد. لە ئایینی جولەکەدا دەگوترا **(پیاوی بێ هاوسەر بە پیاو ناژمێررێت[7] و ئافرەتی بێ مێرد لە تۆپەڵە قورێکی بێقەوارەی وەک Golem [8] دەچێت.)**

هۆی ئەو بۆچوونە بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە لە دەرەوەی خێزاندا بازاڕێکی ئەووتۆ بۆ کارکردن نەبوو کە مرۆڤ بتوانێت بە شێوەی سەربەخۆ کاری تێدا بکات. چاندنی پارچە زەوییەکی نوێش بە هۆی پلەی نزمی تێکنۆلۆژیی و ئامێری سەرەتایی کار ، بە کەسێکی تەنیا نەدەکرا. هەروەها پەیوەندیی سێکسیی لە دەرەوەی خێزانیشدا بە

---
[7] - Jeb. 62a. In Sharma Arvind, Wpmen in World Religions , p.197
[8] - Sanh. 22B. In Sharma Arvind, Wpmen in World Religions , p.197
گولێم لە ئەفسانەی کۆنی یەهودییەکاندا بە تۆپە قوڕێک دەگوترا کە لە خزمەت خاوەنەکەیدا بوو. وەرگێر.

توندیی یاساخ بوو. لەبەرئەوە ، کار و بەدەستهێنانی پێویستییەکانی ژیانی شارستانیی ، لە یەک وشەدا ، بە تەنیا بە خێزان و هاوسەرییەوە دەستیپێدەکرد. ئافرەت ، هێزی کار ، ئامێری بەرهەمهێنان و دروستکردنی منالٚ و پەیوەندیی زەوقهێنەری سێکس بوو بۆ پیاو ، هەمووشیان لە خێزاندا خۆیان دەبینییەوە. خێزان جێیەک بوو کە هەموو ئەوانەی بە ئامێر و هێزی کارەوە ، بە دەسەلاٚتی ئابوری پیاوەوە بۆ کار ، کۆدەکردەوە ، بۆیە خێزان یەکەیەکی سەرەکیی ئابوری و کۆمەلاٚیەتی بوو لە کۆمەلٚگادا و کاتێک کوڕ بۆ پێکهێنانی خێزانی نوێ لە خێزانی باوکی جیادەبووەوە ، بە پێکهێنانی ژیانی هاوسەریی و خێزانەوە ناسنامەی خۆی پەیدادەکرد. هۆی دووەم کە زاوزێ بە یەکێک لە ئامانجە گرنگەکانی هاوسەرگیریی دادەنرا، گرنگیی هێزی کار بوو لە ڕابوردوودا. ئەویش نەک بەهۆی کەمیی مرۆڤەوە، بەلٚکوو بە هۆی تێکنۆلۆجیای سەرەتایی و لاوازیی ئامێرەکانی بەرهەمهێنانەوە بوو. دیارە دواتر بەرەبەرە ئامێری نوێ و تێکنیکی نوێ جێی هێزی کاری مرۆڤی گرتەوە و گرنگیی هێزی کاری مرۆڤی لە بەرهەمهێناندا دابەزاند و ئامێر ڕۆلٚی گرنگی لە بەرهەمهێناندا بەدەستهێنا. لە سەردەمەکانی پێشوودا هێزی بەرهەمهێنانی گشتیی بە ژمارەی ئەندامانی هێزی کارەوە دەبەسترایەوە و گەشەکردنی بەرهەم بۆ بەرزبوونەوەی ژمارەی ئەندامانی هێزی کارکەر دەگەڕایەوە. لە ئەنجامدا دەسەلاٚتی ئابوری و سەربازیی هۆزەکان ، خێزانەکان و نەتەوەکان بە ڕادەیەکی زۆر بە ژمارەی ئەندامانیانەوە دەبەسترایەوە. بە شێوەیەک کە دەسەلاٚت لەو هۆزانەدا بە هۆزێک بوو کە ژمارەیان زیادتر بوو لەوانی تر. لە هەلومەرجێکی ئاوادا بوو کە زاوزێ لە خێزاندا گرنگیی زۆری هەبوو. ئافرەتێک کە توانای منالٚبوونی زیادتری هەبووایە ، بایەخی زیادتری هەبوو. ئەگەر خەرجیی کەمی بەخێوکردنی منالٚ لە ڕۆژی لە دایکبوونییەوە لەگەلٚ ڕادەی زۆریی مەرگ و تەمەنی منالاٚن هەلٚبسەنگێنین ، ئەو کاتە تێدەگەین کە چۆن دەسەلاٚتی بەرهەمهێنانی

خێزان و ڕۆڵی ئافرەت لەو بوارەدا ، تا چ ڕادەیەک گرنگ بووە. لەبەر ئەوە، بوونی خێزانی خاوەن ئەندامی زۆر و بەردەوامیی سکپڕبوونی ئافرەتان تا تەمەنێکی زۆر ، نیشانەی گرنگیی هێزی کار و بەرهەمی زاوزێی خێزان بووە. لەو ڕوانگەیەوە لە هەموو شارستانییە کۆنەکاندا ، یەکێک لە ئامانجە گرنگەکان هاوسەریی و زاوزێ بووە.

لە یۆنانی سەردەمی "لۆنیام" Ioniam دا لەنێوان چینەکانی ناوەند و سەروودا ، ئافرەت بۆ کاری ماڵەوە و بەرهەمهێنانی مناڵ بوو. لە کاتی بانگکردنی ئافرەتدا ، بە ناوی خۆیەوە بانگیان نەدەکرد و بۆ دورخستنەوەیان لە چاوی بێگانە ، لە جێیەکی جیاوازی ماڵدا دادەنرا. سیستمی لەشفرۆشتن بە فرەوانیی لە خزمەتی پیاواندا بوو. دیارە ئافرەتانیش بە تێکەڵاویی سێکسیی لەناو خۆیاندا تۆڵەی خۆیان دەکردەوە. بە هەر حاڵ ئەوەی یەکەم شێوەی تاک هاوسەریی بوو لەو هەرێمەدا کە خاوەن شارستانیی بەرز بوو لە جیهاندا و هەرگیز هاوسەرگیریی لەنێوان ژن و مێرددا لەسەر بنەمای عەشق و سێکس دانەمەزرابوو. دانیشتووانی "ئاتێن" دەیانگوت هاوسەرگیریی بارێکە لەسەر شانی پیاو و بۆ دروستکرنی مناڵ و مانەوەی بنەچە و مەزنیی پیاو دەکرێت ، نەک شتێکی تر[9]. هەر وەک لە یۆناندا "دێمۆستێنێس" Demosthenes دەیگوت: **(ئێمە بۆ خۆشگوزەرانییە کە لەشفرۆشمان هەیە. بۆ تەندروستیی لەشی خۆشەویستەکان و بۆ زاوزێ و پارێزگارییکردنی ماڵەکەمانە ژندەخوازین[10].)**

لەناو ئایینە کۆنەکانیشدا بەگشتیی لە هەموو جێیەک بە پلەی یەکەم توشی گرنگیی زاوزێ دەبین. لە ڕوانگەی زەردەشتەوە کە نزیکەی 600 ساڵ پ.ز ژیاوە ، ئامانج لە هاوسەرگیریی هەر زاوزێ بووە. لەبەرئەوە هەر چەشنە کردەوەیەکی سێکسیی کە دور بووە لە زاوزێ و

[9] - Engels Ferederick, the Origin of the Family, Private property and the State, 1942,p.56-58

[10] - Murstein Bernard 1., Love, Sex and family through Ages, p.54

بەرهەمهێنانی منداڵ، وەک: بەدەست ئاوهێنانەوە، نوستن لەگەڵ لەشفرۆشان و هەتیوبازیی ڕیسوا بووە.

لە جولەکەشدا یەکێک لە ئامانجەکانی هاوسەرگیریی ، زاوزێ بووە و ئەگەر ئافرەتێک نەیتوانیبێت منداڵ دروست بکات ، لە لایەن پیاوەکەیەوە تەڵاقدراوە(11). لە مەسیحییەتیشدا چ لە سەردەمەکانی پێشوودا کە تا سەدەی 13ی کێشا ، بۆچوونەکانی "سەینت ئەوگوستین" پەیڕەودەکرا و چ لە سەردەمەکانی دواتردا کە لەژێر دەسەڵاتی بۆچوونەکانی "تۆماس ئەکویناس"دا بوو، لە هەردوو سەردەمەکەدا، دەگوترا هەر کردەوەیەکی سێکسیی ئەگەر دژی سروشت بێت، واتە بە زاوزێ نەگات، تەنانەت ئەگەر لەناو خێزان و لەنێوان ئافرەت و مێردیشدا بێت ، جۆرێک لادانە لە کردەوەی سروشتیی و بە گوناح دەژمێررێت. سەینت ئەوگوستین ڕایدەگەیاند کە چەند هاوسەریی ئەگەر بۆ دابینکردنی خواستی سێکس نەبێت و بۆ دەستەبەر کردنی زاوزێ و زیادکردنی ئەندامانی کۆمەڵگا بێت ، ئازادە و ڕەزامەندیی خوای لەگەڵدایە.

## خێزان و دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی

هەرچەندە خێزان یەکەیەکی سەربەخۆ بوو ، بەڵام بەشێک بوو لە یەکەیەکی ئابوری گەورەتر کە حسابی بۆ دەکرا و لە لایەن ئاغا و دەرەبەگەکانەوە سەرۆکایەتی دەکرا. دەرەبەگ لە بەرامبەر پێدانی بەشێک یان هەموو ئامێر و پێویستییەکانی بەرهەمهێنان بە جوتیار ، وەک: زەوی ، تۆو، گاجوت ، ئاو و شتی تر و پاراستنی لە بەرامبەر کەسانی تردا ، جوتیارەکە و خێزانەکەی دەچەوساندەوە. بە چەشنێک

---

[11] - Deuteronomy 24: 1-4 In Sharma Arvind, Women in World Religions, p. 187.

کە لە کۆتایی ساڵدا و کاتی پێگەیشتنی بەرهەم ، بەشێکی بەرچاوی بەرهەمەکەی دەبرد.

هەندێک جاریش ئاغا بەرامبەر بەو زەوییەی کە داویەتی بە جوتیارەکان ، بەکاریانی دەهێنا بۆ کارکردن لە زەوییەکانی تری خۆیدا. لەگەڵ ئەوەشدا کە زەوی بچوک پێویستییەکانی خێزانی جوتیارەکانی دابین نەدەکرد، ئاغا کۆمەڵێکیش باجی جۆراوجۆری بۆ دادەنان ، لە ڕاستیدا شتێکی ئەووتۆ بۆ جوتیارەکان نەدەمایەوە. لەبەرئەوە جوتیار هەم لە بواری ئابوری و هەم لە بواری خاوەندارێتی بەسەر ئامێر و کەرەستەی بەرهەمهێناندا ، بە توندیی بە دەرەبەگەکانەوە بەسترابوەوە. لەو ڕوانگەیەوە کە جوتیار بۆ دابینکردنی ئابوری خێزانەکەی ئامێر و پێویستییەکانی بەرهەمهێنانی لە دەرەبەگ وەردەگرت ، بەوەوە بەسترابووەوە و یەکە ئابورییەکەی زۆر سەربەخۆ نەبوو. لەبەرئەوەی کە خاوەندارییی پیاو بەسەر خێزانەکەیدا، واتە بەسەر ئامێر و کەرەستەی بەرهەمهێناندا و هێزی کاری هاوسەر و منداڵەکانیدا ، بە ئاغاوە بەسترابووەوە ، لە ڕاستیدا خاوەندارییی ڕواڵەتیی بوو ، هێز و دەسەڵاتی پیاو لەناو خێزاندا جیا لە هێز و دەسەڵاتی ئاغا بەسەر ئامێری بەرهەمهێنانی خێزانکەدا نەبوو.

لە ڕاستییدا جوتیار بە تەنیا لە بواری بڕیاردان بەسەر پرۆسەی بەرهەمهێنان و بەڕێوەبردنیدا بەشێوەیەکی سەرەتایی سەربەخۆ بوو ، لە کاتێکدا لە بواری ئابورییەوە بە تەواویی بە ئاغا و هەروەها بە ئامێر و کەرەستەکانیەوە بەسترابووەوە کە کاری پێدەکردن و دور لە یارمەتی و پشتگیریی ئەو توانای دابینکردنی بەرهەمی خێزانەکەی نەبوو. بەو جۆرە و هەرچەندە پیاو  بە ڕواڵەت خاوەنی خێزانەکەی خۆی بوو ، کاری بەرهەمهێنانی بۆ خۆی کردووە ، بەڵام بە کردەوە خۆی و خێزانەکەشی بەشێک بوون لە یەکەیەکی گەورەتر کە بۆ دەسەڵاتی لە خۆیان بەرزتر کاریان دەکرد و ڕەنجیاندەدا ، جگە لە بەشێکی کەم لە بەرهەمەکەیان ، ئەوی تریان دەدا بە ئاغا و دەرەبەگەکان. بە

وتەیەکی تر چونکە هەموو ، یان بەشێک لە ئامێر و کەرەستەی بەرهەمهێنان هی ئاغا بووە و بە شێوەی کاتیی لە لای جوتیار دانراوە ، بنەمای دەسەڵاتی پیاو لە خێزاندا بۆ ئەو دەرەتانە دەگواسترایەوە کە لە دەرەوەی خێزانەکەی لە لای ئاغا بووە.

لەو چوارچێوەیەدا بە هۆی بوونی خاوەندارییی و دەسەڵاتی پیاو بە سەر هاوسەرەکەیدا لە خێزانە جوتیار و ڕەعیەتە هەژارەکاندا ، لە زۆربەی ناوچەکان و بۆ نمونە لە ئێران ، کاتێک جوتیار ژنی دەهێنا ، بوک لە یەکەم شەوی زەماوەندەکەیدا و بەرلەوەی کە بچێتە لای مێردەکەی ، بەو مەرجەی ئاغا بیویستایە ، دەچووە لای ئاغا و لەگەڵ ئەو دەنوست و ئەو دەیکرد بە ژن ، دوایی ڕەوانەی ماڵی مێردەکەی دەکرد. بە واتەیەکی تر ئافرەت بەرلەوەی کە هی مێردەکەی بێت ، هی ئاغا بووە. واتە مافی خاوەندارییی جوتیار لە بازنەی خاوەندارییی ئاغادا بووە و ئاغا هەموو کاتێک توانیویەتی بیخاتە ژێر پرسیارەوە. هەر وەک لە سەدە ناوەندییەکاندا لە ئەوروپا جوتیارەکان تەنیا بە ڕێپێدانی دەرەبەگەکان دەیانتوانی ژن بهێنن.

بەو جۆرە ، بەستراوەیی ئافرەت و منداڵ بە باوکی خێزان کە بە ڕواڵەت خاوەنی ئامێر و کەرەستەی بەرهەمهێنان بوو، بە کەسێکی ترەوە دەبەسترایەوە کە خاوەنی خێزانەکە خۆشی بەوەوە بەسترابووەوە، ئەویش ئاغا ، بەگ یان خاوەنەکەی بوو.

ئاغاکانیش پلەی جیاوازیان هەبووە و بە ناوی جیاوازەوە لە یەکتری جیادەکرانەوە. ئەوانیش پلە بە پلە لەژێر دەسەڵات و پارێزگارییی پلەی سەرووی خۆیاندا بوون ، بەتایبەتیی لە بواری سەربازییەوە بە پلەی سەرەوەوە دەبەسترانەوە. هەر وەک (بارۆن بە ڤیسکۆونت ، ڤیسکۆونت بە کۆونت و کۆونت بە لۆرد)ەوە بەسترابوونەوە. لە ڕۆژهەڵاتیش کە سیستمی پاشایەتی دامەزرا، پاشا دەسەڵاتی بێسنوری هەبوو. لەو سیستمە دیکتاتۆرییەدا کە چارەنوسی جوتیار بە دەست ئاغاوە بوو ، بە

هەمان شێوەش چارەنوسی ئاغا بە دەست والی و حاکمەوە بوو ، چارەنوسی حاکمەکانیش بە دەست سوڵتان و پاشاکانەوە بوو[(12)].

بە هەر حاڵ مەبەستی ئێمە لێرەدا ئەوەیە کە کۆمەڵگا دابەشکرابوو بەسەر پێکهاتەی جیاواز و پلەداردا. هەرچەندە پلەدارەکان لە سنوری خۆیاندا دەسەڵاتی تەواویان بەسەر ژێردەستانیاندا هەبوو، خۆشیان لەژێر دەستی پلەیەکی سەرووتردا بوون ، ئەوەش لە ناوەڕۆکدا هەمان پێکهاتەی هیراركی و پلەداریی کۆمەڵگا بوو کە گروپە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بەگوێرەی ئەوە دیارییدەکران.

چوارچێوە و بوونی ئەو پەیوەندییە لە هەموو جێیەک وەک یەک بوو. بەو واتەیە جۆری پەیوەندیی لەنێوان ژن و مێرددا، لە ناوەڕۆکدا هەمان پەیوەندیی بوو وەک لە نێوان ئاغا و جوتیارەکاندا هەبوو. ئەو پەیوەندییەی کە نیوەی کۆیلەکان و ڕەعیەتەکان لەگەڵ دەرەبەگەکان هەیانبوو ، بە گوێرەی ئەوە پەیوەندیی نێوان چینەکانی سەروو و خواروو دیارییدەکران.

---

[12]- لە سەردەمی حوکمرانیەتی ناسرەدین شای قاجاردا لە ئێران ، حەسەن عەلی خانی گەروس نوێنەری والی تەورێز بوو لە مهاباد لە ساڵەکانی 1297- 1298 (1918- 1919)دا ، بۆ شەڕ کردن بە دژی شێخ عوبەیدوڵای نەهری و هەمزە ئاغای مەنگوڕ. لە ساڵانی سەردەمی ڕەزاشا و محەمەد ڕەزا شادا تا شەستەکان ، لە کوردستاندا کوێخا و میرزا هەبوو کە بە کارەکانی ئاغا ڕادەگەیشتن.

# فەسڵی پێنجەم : ئافرەت لە سیستمی دەرەبەگایەتیدا

## سیستمی دەرەبەگایەتی

سیستمی دەرەبەگایەتی کە لە سەردەمێکی مێژووییدا حوکمی بەسەر بەشی هەرە زۆری دنیادا دەکرد لەسەر بنەمای خاوەندارییی زەوی دامەزرابوو. ئەو سیستمە لە سەدە ناوەندییەکاندا سەرەتا لە فەرەنسە، ئیتالیا، بریتانیا و سپانیا دامەزرا و دواتر گەیشتە ئەڵمان و سەرئەنجام ئەوروپای ڕۆژهەلاتی گرتەوە. لە بەشەکانی تری جیهانیشدا وەک چین، هیند، ژاپۆن و ئێرانیش بە هەندێک جیاوازییەوە بەرلەو وڵاتانە هەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا سیستمەکە لە هەموو جیهاندا لەسەر ئەو بنەمایە پێکهاتبوو کە جوتیار زەوی لە ئاغا و دەرەبەگ وەردەگرت و ساڵانە پارەیەکی دیارییکراوی بە شێوەی بەرهەم ، کارکردن یان پارە دەدایە.

ئەو سیستمە کە لە بریتانیا پێیاندەگوت "مانۆریالیزم" ، هەموو ئەو پارچە زەوییە گەورە و بچوکانەی دەگرتەوە کە هی زەویدارێکی گەورە ، پلەدارێکی ئایینیی یان کەنیسە بوون و هەریەک لەوانە یەکەیەکی ئابوریان پێکدەهێنا. دەکرا زەویدارەکان شا بن ، یان نوێنەری کەنیسە ، یان ئاغایەکی پلەی خواروو. کۆمەڵێک جوتیاری سەر بەو پلەدارانە لەسەر ئەو پارچە زەوییانە کاریاندەکرد و بە داهاتی ئەوان دەژیان. دەرەبەگ لە خانووبەرەیەکدا و جوتیارەکانیش دور لە ماڵی ئەو ، لە کوخەکانی ناو گونددا ئەژیان(1).

---

[1]- بە نوسینی کریستیان بارتلە لە لاپەڕەی 17ی کتێبی "مافی ئافرەت لە دەسەڵاتداریی ساسانییەکاندا" ئەو دیاردەیە تەنیا ئەوروپای نەدەگرتەوە. لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا تا ڕادەیەک بەو جۆرە بوو. بۆ نمونە لە ئێرانی سەردەمی ساسانییەکاندا ، سامانی دەرەبەگەکان بریتی بوو لە: کێڵگە ، ئامێر و کەرەسە ، کەلوپەلی ماڵەوە ، هەروەها جلوبەرگ ، حوشتر و مەڕ وماڵات و خانووبەرە و گوند کە جوتیارەکان لێی

جوتیارەکان ناچار بوون کە تا دەمرن لەژێر دەستی دەرەبەگەکاندا بن و کاریان بۆ بکەن. زەوییەکانیان دابەشدەکرد بەسەر چەند بەشێکی بچوکتردا و دەیاندا بە جوتیارەکان و بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی ژیانیشیان ، پارچەیەکی هەرە باشی زەوییەکەیان بۆ خۆیان دەهێشتەوە. جوتیارەکان ناچار بوون هەر هەفتەی چەند ڕۆژێک بە بەلاش کار بۆ دەرەبەگەکەیان بکەن. زەوییەکەی بۆ بکێڵن و بەرهەمەکەی بۆ کۆبکەنەوە ، خانووبەرە و ئاش و تەویلە و شوێنی پێویستی بۆ دروستبکەن ، دار و سوتەمەنی بۆ کۆبکەنەوە و بەگشتیی هەموو کاروباری دەرەبەگەکان لە ئەستۆی جوتیاران بوو. جگە لە کاری خزمەتگوازیی ، دەبووایە جوتیارەکان باجی جۆراوجۆریش لە بەرهەمەکانیان ، تەنانەت باجی میرات و مافی هاوسەرگیریی بدەن بە ئاغاکانیان. جوتیار نەیدەتوانی بەبێ ڕێگەدانی دەرەبەگەکەی هاوسەرگیریی بکات.

دەسەڵاتی دادوەریی ، بڕیاردان و سزادان بە تەواویی بە دەست دەرەبەگەکانەوە بوو. هەموو جارێک کە بۆ کاری دادوەریی لە دادگا Manor ، دادەنیشت و دەیویست کێشەیەک چارەسەر بکات ، هەموو جوتیارەکان بە پیر و گەنجەوە بەشداریی کۆبوونەوەکەیان دەکرد و لە نزیکەوە شاهیدی لێپرسینەوە و ئەنجامی لێپرسینەوەکان دەبوون.

لە بەرامبەر ئەو ئەرکانەدا، تەنیا مافی جوتیار بەستراوەییەکەی بوو بە زەویی دەرەبەگەکەیەوە کە پشتاوپشت بۆ مناڵاکانی دەگواسترایەوە ، مەگەر جوتیار میراتگری نەبووایە کە دوای مردنی جێی بگرێتەوە. تەنانەت کە دەرەبەگ زەوییەکانی دەفرۆشت ، جوتیار بە تەنیا ئاغاکەی دەگۆڕا و لەسەر زەوییەکەی دەمایەوە. لە ڕاستییدا جوتیار بە زەوییەکەیەوە بەسترابووەوە تا ئاغا و دەرەبەگ و خاوەن موڵکەکانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەرەبەگەکان لە دەستدرێژیی

دەژیان. دەرەبەگەکان لە خانووبەرەیەکدا لەگەڵ خێزانەکەیان دەژیان. ئەم دەقە لە کتێبی گومان لە مێژوو ، نوسینی بنەفشە حیجازی لاپەڕەی 175 ، ساڵی 1370 وەرگیراوە.

دەرەبەگەکانی تر و هەر چەشنە دەستدرێژییەکی تردا بۆ سەر جوتیارەکانی ، داکۆکیی لە جوتیارەکانی دەکرد و لە کاتی وشکە ساڵیی و برسیەتیشدا ، خۆراک و پێویستییەکانی خێزانی جوتیارانی دابیندەکرد.

ئەوانە مافی ناسراوی جوتیارەکان بوون لە لای دەرەبەگەکان ، بەڵام ئایا دەرەبەگەکان تا چ ڕادەیەک ئەو مافانەیان جێبەجێدەکردن ، ئەوە بابەتێکی تر بوو. چونکە دەرەبەگەکان دەسەڵاتی بێسنوریان هەبوو و بە کەڵکوەرگرتن لە دەسەڵاتی خۆیان ئەو ئەرکانەیان دەخستە ژێرپێ.

## جیاوازیی جوتیار لەگەڵ کۆیلە

ژیان و هەلومەرجی جوتیار لە سیستمی دەرەبەگایەتیدا لە ژیانی کۆیلەکان دەچوو. بەو واتەیە کە لە هەندێک بواردا دۆخیان لە کۆیلە دەچوو ، لە هەندێک بواریشدا وەک مرۆڤێکی ئازاد. لەو سیستمەدا کۆیلەکان نەک هەر هێزی کارەکەیان، بەڵکوو خۆشیان وەک کەرەستەیەک هی کۆیلەدارەکان بوون و هیچ جۆرە مافێکیان نەبوو.

بە وتەی "مارک بلاخ - بلاک"ی کۆمەڵناس ، کۆیلە بریتی بووە لە **(گایەک لە تەویلەیەکدا کە هەمیشە لەژێر فەرمانی خاوەنەکەیدا بووە.)** کۆیلەدارەکان هەموو مافێکیان بەسەر کۆیلەکانەوە هەبوو ، وەک کوشتن و لێدان و هەموو کردارێک کە دەیانویست. توانیویانە لە هێزی کاری کۆیلەکانیان سودوەربگرن و بە ویستی خۆیان کەڵکیان لێوەربگرن. هەرچەندە لە یۆنان هەندێک یاسای داکۆکیی کردن لە کۆیلەکان هەبوو. ئەو یاسایانە بە شێوەیەکی سنوردار دژی ئازاردانی کۆیلەکان بوون و ئەوەش دیاردەیەکی دەگمەن بوو لە نەریتی کۆیلەداریی ئەو سەردەمەدا.

لەگەڵ ئەوەشدا کۆیلەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتی بێبەش بوون. بە کۆمەڵ لە جێیەکدا دادەنران و مافی هاوسەرگیریی و پێکهێنانی

خێزانیان نەبوو ، مەگەر کۆیلەدارەکان ڕێیانبدانایە. دیارە کۆیلەدارەکان هەندێک جار بە مەبەستی خەڵاتکردنی کۆیلەکان ، ڕێیان بە ئافرەت و پیاوە کۆیلەکان دەدا کە لە یەکتر نزیک ببنەوە و پەیوەندیی سێکسیی پێکەوە پێکبهێنن ، بەڵام بەرهەمی ئەو تێکەڵاوییە ، واتە (منداڵەکەیان) لە دایک و باوکەکانیان جیادەکردەوە و وەک کۆیلە دەیانفرۆشتن. بە وتەیەکی تر مەبەست لە ڕێگەدان بە پەیوەندیی سێکسیی کۆیلەکان بۆ چێژ و خۆشیی نەبووە ، بەڵکوو بۆ بەرهەمەکانیان و بوژاندنەوەی هێزی کاری کۆیلەداریی بووە لە شێوازی زاوزێدا.

بەو جۆرە مافی ژیان ، مافی هاوسەرگیریی و پێکهێنانی خێزان ، مافی کەڵکوەرگرتنی سێکسیی، مافی هەڵبژاردنی شوێنی ژیان و زۆر مافی تری کۆیلەکان، بە دەست کۆیلەدارەکان بوو. دەرەتانی دەستەبەرکردنی ئەو مافانە هەمیشە بەسترابووەوە بە ڕێگەدانی کۆیلەدارەکانەوە. بۆ نمونە کە کۆیلەیەک ڕێی هاوسەرگیریی لەگەڵ کۆیلەیەکی تر پێدەدرا ، منداڵەکانیان بە کۆیلە دەژمێرران و ئەوانیش دەبوون بە سامانی خاوەنی کۆیلەکان و لە دایک و باوکەکانیان دوریاندەخستنەوە. ئافرەتی کۆیلە لە بواری سێکسییەوە بەبێ هیچ مەرجێک بە دەست کۆیلەدارەکە و کوڕەکانی و دۆست و خزمانی کۆیلەدارەکەوە بوو ، تەنانەت بە میوانەکانیشیان دەسپاردن.

ئەوەی جوتیاری لە کۆیلە جیادەکردەوە و هەلومەرجێکی باشتری پێدەبەخشی ، هەندێک مافی زیادە بوو کە بە جوتیار درابوو. مافی هەرە گرنگیان ئەوە بوو کە وەک کۆیلەکان بە شێوەی ڕاستەوخۆ نەدەفرشتران. بەو واتەیە کە هەرچەندە وەک دارایی و سامانی دەرەبەگەکان لە دەست ئەواندا بوون و مافی بەجێهێشتنی زەوی و کێڵگەکانیان نەبوو ، بەڵام بە چەشنی کۆیلەکان ڕاستەوخۆ نەدەفرۆشران و پێکەوە لەگەڵ زەوییەکانیاندا دەگواسترانەوە و دەکەوتنە دەست دەرەبەگێکی ترەوە. بەستراوەیی جوتیار بە زەوییەوە

لە بەرژەوەندی جوتیارەکەدا بوو ، چونکە لە لایەکەوە بۆ هەمیشە زەوییەکەی بەشێک لە پێویستییەکانی ژیانی دابیندەکرد و لە لایەکی تریشەوە دەسەڵاتێکی بەهێز لە پشتی بوو کە ئارامیی و ئاسایشی پێدەبەخشی. لەبەرئەوە بوو کە جوتیارە ئازادەکان ، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئازادیش بوون ، بەڵام هەر خۆیان بە ئاغا و دەرەبەگانەوە دەبەستەوە.

لەو ڕوانگەیەوە گواستنەوەی جوتیار بە زەوییەوە لە دەرەبەگێکەوە بۆ دەرەبەگێک یان خاوەن موڵکێکی تر ، لە لایەک مافی خاوەنداریی دەرەبەگەکانی بەسەر جوتیارەکاندا دەسەلماند و لە لایەکی تریشەوە مافی جوتیارەکە بەسەر زەوییەکەیدا کە بەکاریدەهێنا ، ئەو مافەش هەندێک پتر و بەرفرەوانتر بوو لە مافی کۆیلەکان کە بۆ خاوەنەکانیان کاریان دەکرد. جیاوازییەکی تری جوتیار لە کۆیلە ، ئەوە بوو کە جوتیار دەیتوانی لە سنوری ئەو زەوییەدا کە پێیدرابوو ، هەندێک پێویستیی ژیان بۆ خۆی دابینبکات ، بەڵام کۆیلەکان لەو مافە بێبەریی بوون و بە تەواویی لەژێر فەرمانی ڕاستەوخۆی خاوەنەکانیاندا بوون و هیچ چەشنە ئازادیی و سەربەخۆییان نەبوو.

دیارە سەربەخۆیی جوتیار لەگەڵ سەربەخۆیی وردە موڵکدارەکاندا جیاوازیی هەبوو. کەسێک کە لەسەر زەوی خۆی کاریدەکرد ، هەموو بەرهەمی کارەکەی هی خۆی بوو ، دەیتوانی زەوییەکەی بفرۆشێت ، بەڵام جوتیاری بەستراوە بە زەوییەوە ، لە بواری ئابوری و یاساییەوە بە خاوەن زەوییەکەوە دەبەسترایەوە. ئەو دیاردەیە جیاوازیی دەخستە ناو بارودۆخیانەوە و بەشێکی بەرچاو لە داهاتی کارەکەشی بۆ خاوەن زەوییەکە دەبوو. هەروەها هەرگیز نەیدەتوانی زەوییەکەی بەجێبهێڵێت و بۆ خاوەن زەوییەکی تر کاربکات.

هەرچەندە جوتیار بە پێچەوانەی کۆیلەوە مافی پێکهێنانی خێزان و دروستکردنی منداڵی هەبوو و تا ڕادەیەکیش لە ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیدا سەربەخۆ بوو ، بەڵام سەربەخۆییەکەی بە شێوەی جۆراوجۆر لە لایەن

دەرەبەگەکەیەوە پێشێل دەکرا. بۆ نمونە دەسەڵاتی هاوسەرگیریی جوتیار دەگەڕایەوە بۆ ڕێگەدانی دەرەبەگەکان پێیان و هەر وەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد لە هەندێک ناوچەدا هاوسەری جوتیار بەرلە جوتیارەکە هی دەرەبەگەکەی بوو ، واتە یەکەم شەوی بوکێنی بۆ ئەوان بوو.

لە لایەکی ترەوە ئەرک و خزمەتەکانی جوتیار بە دەرەبەگ بە نەریتی ناوچەکانەوە دەبەسترایەوە و دەرەبەگەکان نەیاندەتوانی بە هەمان شێوەی کۆیلەکان سود لە جوتیارەکان وەربگرن. سەرئەنجام جوتیار دەیتوانی دارایی و سامان و میراتی هەبێت و کۆیلەکان لەو مافە بێبەریی بوون.

ڕەوتی سەرهەڵدانی دەرەبەگایەتی لە گەشەکردنی دۆخی جوتیار لە بەرامبەر کۆیلەدارەکاندا بوو. ئەو دیاردەیەی بە لایەنی کەمەوە لە ئیمپراتۆریی کۆیلەداریی "ڕۆما" مێژوویەکی ڕون و ناسراوی هەبوو. هەرچەندە سەرهەڵدانی سیستمی دەرەبەگایەتی دوای نەمانی ئیمپراتۆریی ڕۆم لە ئەوروپادا بوو ، بەڵام بنەماکانی لە ئیمپراتۆریی ڕۆم و سیستمی کۆیلەدارییدا چەکەرەی کرد. لەو سیستمەدا سەرەتا کاتی دابەشکردنی کێڵگە هاوبەشەکان، چونکە جوتیارەکان بە هۆی دەستکورتییەوە توانای دانەوەی قەرزەکانیان بە خاوەنی زەوییەکان نەبوو ، ناچار بوون لەجیاتی دانەوەی قەرزەکانیان ، کار بۆ زەویدارەکان بکەن. ئیتر کە سیستمی کۆیلەداریی لاواز بوو، کۆیلەکان ئامادەنەبوون فەرمانی کۆیلەدارەکان جێبەجێبکەن و سەرپێچییان دەکرد و یاخی بوون ، زەویدارە مەزنەکان زەوییەکانی خۆیان بەسەر پارچەی بچوکتردا دابەشکرد و بە کۆیلەکانیان سپارد ، تا لە لایەک پێش لە سەرهەڵدانیان بگرن و لە لایەکی ترەوە نەهێڵن کۆیلەکان زیان بە بەرهەمەکان و ئامێر و کەرەستەی بەرهەمهێنانەکەیان بگەیەنن.

بەو جۆرە کاتێک کێڵگە گەورەکان دابەشکران بەسەر پارچەی بچوکتردا، بە کرێ دایان بە کۆیلەکان و ئەوانیش لەسەر زەوییەکانیان مانەوە و بەرهەمیان هێنان. دەرەبەگەکان مافی وەرگرتنەوەی ئەو

زەوییانە و گواستنەوەیان بۆ کەسێکی تریان نەبوو ، تەنانەت دوای مردنی کرێچییەکانیش ، زەوییەکە بۆ نەوەکانیان دەمایەوە و کاریان لەسەر دەکردن. دیارە بەگوێرەی ئەو سیستمە ، دەرەبەگەکان وەک پێشوو خاوەنی دەسەڵاتی ئابوری بوون و دەیانتوانی چاودێریی بەرهەمەکانیان بکەن ، چونکە حکومەتی ناوەندیی مافی دادوەریی بەوان سپاردبوو ، لەو ڕێیەوە دەسەڵاتێکی تریان بەدەستهێنا ، ئیتر لەجیاتی کۆیلەداریی ، بوون بە خاوەنی ڕەعیەت. دوای ڕوخانی ئیمپراتۆریی ڕۆما لە لایەن هۆزە جێرمانییەکان و کۆچەرەکانی باکوری ئەوروپا، هێزە سەرکەوتووەکان لە ناوچەکانی ژێردەستیاندا ئەو سیستمەیان پاراست و لە سەدەکانی دواییدا ، سیستمی دەرەبەگایەتی کە لە ئەوروپادا بە "سێیگنیۆریاڵ" Seigniorial و "مانۆریاڵ" Manorial دەناسرا ، گەشەیکرد و بوو بە سیستمی دەسەڵات.

## دەرەبەگایەتی و دۆخی ئافرەت لە خێزاندا

دۆخی ئافرەت لە خێزاندا وەک دۆخی ڕەعیەت بوو لە سیستمی دەرەبەگایەتیدا. بە وتەیەکی تر ئافرەت ڕەعیەتی هاوسەرەکەی بوو. هەر وەک پێشتر زانیمان ، سیستمی دەرەبەگایەتی لەسەر بنەمای پەیوەندییەکی هاوتا دروستبوو بوو: دابینکردنی بژێوی ڕەعیەت و پارێزگاریی لێکردنی لە لایەن دەرەبەگەوە و گوێڕایەڵیی ڕەعیەت و کارکردنی بە بەلاش بۆ دەرەبەگ. ئەوە بەگشتیی بنەمای پەیوەندییەک بوو لەنێوان دەرەبەگ و جوتیاردا کە بە هەندێک جیاوازییەوە لە هەموو جیهاندا جێگیر ببوو.

پەیوەندیی ژن و مێردیش لەو سەردەمەدا بەشێک بوو لەو پەیوەندییە. چونکە پەیمانی هاوسەرگیریی نێوان ژن و مێرد ، پەیمانێک بوو کە پیاو پێویستییەکانی ژیانی هاوسەرەکەی دابیندەکرد

و پارێزگاریی لێدەکرد و ئافرەتەکەش وەک کۆیلەی هاوسەرەکەی ، هەموو پێویستییەکانی ئەوی بەبێ وەرگرتنی موچە دابیندەکرد.

لەو ڕوانگەیەوە کە جوتیار لە مەترسی دەستدرێژیی و تالانیی دەرەبەگەکانی تردا بوو، دۆخی ژن و مێردایەتی جوتیاریش نائارام بوو، پێویستیان بە دەرەبەگێک هەبوو کە داکۆکییان لێبکات و لە دەستدرێژیی دەرەبەگەکانی تر بیانپارێزێن. ئەوە لایەنێکی گرنگی بەستراوەیی سیستمی دەرەبەگایەتی بوو کە دەرەبەگەکانیشی دەگرتەوە. لە ڕاستییدا دابەشکردنی پەیوەندیی پلەداریی لەنێوان دەرەبەگەکاندا لەو ڕوانگەیەوە لەناو دەرەبەگەکاندا دامەزرا.

سیستمی دەرەبەگایەتی لەو سەردەمەدا لە دۆخێکی نیوە شەڕ و ئاشتییدا بوو. هەر دەرەبەگێک بە مەبەستی بەرینکردنەوەی پانتایی دەسەڵاتی ، بیری لە هێرشکردن بۆ سەر ئەوانی تر دەکردەوە. لەبەرئەوە دەرەبەگە لاوازەکان ناچار بوون بۆ مانەوەیان بچنە ژێر دەسەڵات و پارێزگاریی دەربەگە بەهێزەکانەوە ، تا لە کاتی پێویستدا داکۆکییان لێبکەن. لەو ڕوانگەیەوە سیستمی دەرەبەگایەتی لەسەر بنەمای پلەداریی و پارێزگارییکردنی پلەی سەروو لە پلەی خواروو دامەزرابوو.

هاوسەرگیریش بە دروستی بەشێک بوو لەو پەیوەندییە. لە پەیمانی هاوسەرگیرییدا پیاو ئەرکی پارێزگاریی و دابینکردنی پێویستییەکانی ئافرەتی لە ئەستۆ بوو ، ئافرەتیش ئەرکی بەستراوەیی بەوەوە. ئافرەتان لە دۆخی بێ مافیی تەواو و بێبەشبوونی پێویستییەکانی ژیاندا بوون. لەبیرمان نەچێت کە ئافرەتان لە مافی خاوەنداریی و بەتایبەتیی بوونی کەرەستە و کەلوپەلی ژیان بێبەش بوون و نەیاندەتوانی دور لە خێزانەوە بۆ خۆیان کاربکەن. بە دروستیی وەک ڕەعیەتەکانی بێ زەوی ، ناچار بوون لەسەر زەوی دەرەبەگەکان و خاوەن موڵکەکان کاربکەن و بە پشتیوانیی ئەوان بژین.

لەو ڕوانگەیەوە ، ئافرەتانیش بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی ژیانیان ناچار بوون بە چەشنی جوتیارەکان خۆیان بە پیاوانەوە ببەستنەوە. هەر وەک چۆن دەرەبەگەکان دۆخێکی نائارامیان بۆ جوتیارەکان پێکدەهێنا و تالآنیان دەکردن ، دەرەبەگە بچوکەکانیش لە لایەن دەرەبەگە گەورەکانەوە دەکەوتنە بەر هێرش و ناچار دەکران بچنە ژێر باڵیانەوە ، ئافرەتانیش لە لایەن پیاوەکانەوە لە دۆخێکی نائارامدا بوون و مافی خاوەنداریی و کارکردنیان لە دەرەوەی ماڵەوە نەبوو ، ناچار بوون خۆیان بە پیاوانەوە ببەستنەوە.

بەو جۆرە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لە سیستمی دەرەبەگایەتیدا لە جوتیار و خاوەن موڵکەوە ، تا دەگاتە شا و ڕەعیەت و ژن و مێرد ، هەموویان لەسەر بنەمای ئەرباب و ڕەعیەت دامەزرابوو. خۆبەستنەوەی مرۆڤ بە یەکترەوە ، تەنیا ڕێگەی مان و ژیان بوو. جوتیار ، ڕەعیەتی خاوەن موڵک و دەرەبەگ ، ئافرەتیش کچ ، یان هاوسەری کەسێک بوو کە ڕۆڵی دەرەبەگی ئەوی دەبینی و هیچ ئافرەتێک نەیدەتوانی لە دەرەوەی خێزان و دور لە بەستراوەیی بە باوک ، یان مێردەوە بژی.

نەریتی ئەرباب و ڕەعیەتیی بە ڕادەیەک باو بوو کە جوتیارە ئازادەکانیش لە ئەوروپا بۆ داکۆکیی کردن لە خۆیان ، دەچوونە ژێر ڕکێفی دەرەبەگەکانەوە و باجیان دەدانێ و بە بەلاش کاریان بۆ دەکردن. ئافرەتانیش بەو جۆرە بوون. ئەوانیش نەیاندەتوانی سەربەخۆ بن ، دەبووایە بۆ مانەوەیان هاوسەرگیریی بکەن و بچنە ژێر باڵی پیاوێکەوە ، ئەگەرنا دەبووایە لە چوارچێوەی ماڵی باوکیاندا بمێننەوە.

بۆ نمونە لە ڕوسیای تسار (قەیسەر)ییدا بەگوێرەی سەرژمێریی ساڵی 1897 ، تەنیا 3 تا 4%ی ئافرەتانی نێوان 40-50 ساڵ زوگورتی بوون. یان لە سەدەکانی ناوەندییدا لە ئەوروپا ، چونکە ئافرەتانی بێ باوک و هاوسەر ، بێ نەوا نەبوون ، لە جێیەک بە ناوی "کۆنڤێنت" Convent دایاندەنان. دیارە لە سەرەتادا ئەو جێیە تەنیا بۆ ئافرەتانی چینی باڵا دانرابوو ، بەڵام لە سەدەی 13 وە شارەوانییەکان جێیەکیان بە ناوی

Beguines بۆ ئافرەتانی چینی خوارووش کردەوە و لەوێ لەگەڵ پارێزگارییکردن لەو ئافرەتانە ، کاری چنین و ڕستن و شتی تریشیان پێدەکردن (2).

ئەو جۆرە ئافرەتان بەگشتیی لە مافی بوون و ژیانی سەربەخۆ بێبەریی بوون و نەیاندەتوانی لە دەرەوەی خێزاندا بژین ، دەبووایە لەگەڵ پیاوێکدا بن کە پارێزگارییان بکات ، ئەو ئەرکەش لە ئەستۆی باوک یان هاوسەردا بوو.

لەم سەردەمەشدا کە تالیبان لە ئەفگانستان حوکمی دەکرد ، هەوڵیاندا یاسای ئیسلامیی لەسەر بنەمای کۆن پیادەبکەن و ئەو بیرە کۆن و پاشکەوتووە لەگەڵ یاسای حکومەتەکەیان ڕێکبخەن و ڕێ لە ئافرەتان بگرن کە لە دەرەوەی ماڵەوە کاربکەن. هەر لەو کاتەشدا ئامادەنەبوون هیچ بەرپرسیارییەک بۆ پارێزگاریی کردنی ئافرەتان بخەنە سەر شانی خۆیان ، چونکە بەگوێرەی ئەو بیر و یاسا پاشکەوتووە ، بەرپرسیاریی ئافرەت لە ئەستۆی باوک و مێردداییە. لەبەرئەوە بێوەژنەکان و ئەو ئافرەتانەی کە بە هەرچ هۆیەکەوە بێت شوویان نەدەکرد ، لە ماڵی باوک یان براکانیان دەمانەوە. ئێستا بەشێکی زۆر لەو ئافرەتانەی کە بێمێردن بە هۆی مردنی مێردکانیان لە شەڕەکاندا ، یان ڕاکردن و دورکەوتنەوەیان، یان توانای بەڕێوەبردنی ژیانی ئاساییان نیە ، بە شێوەیەکی بەرفرەوان لە شەقام و کۆڵانەکاندا خەریکی سواڵکردنن.

پێشتر گوتم لەناو هۆزە جێرمانە باوکسالارییەکاندا کە ئافرەتان بۆ داکۆکیی کردن لە خۆیان مافی هەڵگرتنی چەکیان نەبوو ، ناچار بوون بۆ پاراستنی خۆیان ، خۆیان بە پیاوێکەوە ببەستنەوە کە مافی هەڵگرتنی چەکی هەبوو. هەر وەک چۆن جوتیار لە دەرەوەی یەکەی

---

[2] - Paulin Schmitt pantel ( editor), Arthur Goldhamer ( translater) , A History of Women in the West, 1992, vol. 2, p. 312.

ئابوری و بەرهەمهێنانی Manor ی دەرەبەگدا جێی نەبوو ، ئافرەتیش لە دەرەوەی یەکەی بەرهەمهێنان و ژیانی خێزاندا بێ جێگە بوو.

هەرچەندە جوتیار بە ڕواڵەت زەوی خۆی هەبوو ، بەڵام لە ڕاستییدا زوییەکەی هی دەرەبەگ بوو ، بۆ ئەو کاری دەکرد. هاوسەری جوتیاریش هەرچەندە بە ڕواڵەت ماڵی خۆی هەبوو ، بەڵام ماڵەکەی هی مێردەکەی بوو ، بۆ ئەو کاری دەکرد. سنوری دنیای ئافرەت لەنێوان زەوی و ماڵی جوتیاردا بوو ، دنیای جوتیاریش لە سنوری نێوان زەوی دەرەبەگ و ماڵی دەرەبەگدا بوو. لەبەرئەوە جوتیار بە زەوی و دەرەبەگەکەیەوە دەبەسترایەوە و ئافرەتیش بە ماڵ و مێردەکەیەوە. هۆیەکی تریش کە پەیوەندیی نێوان ژن و مێردی لە پەیوەندیی دەرەبەگایەتی نزیک کردبووەوە ، بەستراوەیی ئافرەت بوو بە مێردەکەیەوە تا مردن ، وەک چۆن ڕەعیەت تا مردنی بە زەوی دەرەبەگەوە بەسترابووەوە.

لەنێوان جولەکەشدا ، تەنانەت لەو کاتەدا کە مێرد ماڵ و هاوسەرەکەی بەجێدەهێشت ، ئافرەت مافی تەڵاقی نەبوو ، مەگەر دوو کەس شاهیدی مردنی مێردەکەی بوونایە. بەستراوەیی ئافرەت وەک کۆیلەکان بە مێردەوە لە سیستمی دەرەبەگایەتیدا ، بنەمایەکی بەهێز و پایەداری هەبوو کە تا ئەمڕۆش دوای تێپەڕبوونی چەند سەدە بەسەر سیستمی دەرەبەگایەتیدا ، پاشماوەکانی لە یاسای هەندێک وڵاتانی عەرەبییدا هەر ماوە.

بۆ نمونە ئێستاش لە وڵاتانی عەرەبییدا یاسای "بيت ألطاعة" ، بە واتەی "ماڵی گوێڕایەڵیی" House of obedience ماوە. بەگوێرەی ئەو یاسایە کە تا چەند ساڵ لەمەوبەر لە زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکاندا کاری پێدەکرا و وڵاتی میسر لە ساڵی 1982دا بەلاوەی نا ، پیاو کە لە هاوسەرەکەی خۆی دەدا و زویز دەبوو ، مێردەکەی دەیتوانی بە پشتگیریی ئەو یاسایە ، بە هۆی پۆلیس و بە ناوی "بيت ألطاعة"ـەوە ، هاوسەرەکەی بە زۆرەملێ بگەڕێنێتەوە بۆ لای. لە کاتی سەرپێچیی ئافرەتەکەدا لە بەجێنەهێنانی فەرمانی مێردەکەی ، بەگوێرەی یاسای

"نشوز" کە لە ئایەتی ئافرەتان (ألنساء) سورەتی 34 وەرگیراوە و بووە بە یاسا لە تەواوی وڵاتە ئیسلامییەکاندا ، ئافرەتەکە سزا دەدرا، تەنانەت ئەگەر مێردەکەشی کەسێکی گیرۆدە بە ئالکهول و مادە سڕکەرەکان و... بووایە[3].

لە سەردەمی دەرەبەگایەتیشدا ئەگەر جوتیارێک زەوییەکەی بەجێبهێشتایە و هەڵبهاتایە ، دەچوون دەیانگرت و دەیانگەڕاندەوە. دەرەبەگەکان بۆ بەرگریکردن لە ڕاکردنی جوتیارەکانیان ، بە شێوەیەک مۆریان دەکردن ، یان ئاسنێکیان دەکردە ملیان تا بناسرێنەوە ، بەو جۆرە پێشیان بە ڕاکردنی جوتیارەکان دەگرت. ئەوانە هێمایەک بوون بۆ بەستنەوەی جوتیار بە زەوی و ئافرەت بە مێردەکەیەوە. ئێستاش لە کۆمەڵگای مۆدێرن و پێشکەوتووی جیهاندا ئافرەتانێک هەن کە ژیان و چارەنوسی خۆیان بە ژیان و سەرکەوتنی هاوسەرانی داهاتوویانەوە دەبەستنەوە ، ئەوەش ڕەنگدانەوەیەکە لە بیروبۆچوون و دۆخی سەردەمی دەرەبەگایەتی کە ئافرەت بە مێرد و جوتیار بە زەوی و دەرەبەگەوە بەسترابووەوە.

هەروەها نابێت لەبیرمان بچێت کە لەو سەردەمەدا ئافرەت بەگشتیی لە پلەی هەرە نزمی کۆمەڵگادا دانرابوو ، لە خوارەوەی ڕەعیەتیش سەیردەکرا ، لە ڕاستییدا ئافرەت ڕەعیەتی ڕەعیەت بوو. ئەو تێڕوانینە لە سیستمی کۆیلەدارییشدا هەبوو. لە ئیمپراتۆریی ڕۆمادا

3 - Nawal El Saadawi, Hidden Face of in the Eve, Women in the Arab World, p. 201.1980.

پیاوی کۆیلە بەگوێرەی توانا دەیتوانی ئافرەتی کۆیلە بۆ خزمەتکردنی خۆی دابمەزرێنێت و پەیوەندیی سێکسیی لەگەڵ بکات ، بەو جۆرە ئافرەتی کۆیلە ، کۆیلەی کۆیلە بووە.

دۆخی جوتیار و ئافرەت لەو سەردەمەدا، ڕەنگە بۆ ئێمە جێی باوەڕکردن نەبێت و سەیر بێت لە لامان ، بەڵام ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر و ئاسایی ئەو سەردەمە بووە و ڕێبەرانی ئایینیی و یاساش بە ڕاشکاویی ئاماژەیان بۆ کردووە. لەو بارەیەوە ئیمام غەزالی لێکۆڵەری مەزنی ئیسلامیی لە سەدەی 11دا لە کتێبێکیدا بە ناوی "احیاء علوم الدین" دەربارەی ئافرەتان دەڵێت:

**- (ڕەنگە وەڵامی ڕاستی ئەو پرسیارە ئەوە بێت کە هاوسەرگیریی شێوەیەکی تری کۆیلەیەتی Serfdom بێت. ئافرەت کۆیلەی Serf پیاوە و ئەرکی جێبەجێکردنی هەموو ئەو شتانەیە کە پیاوەکەی داوای لێئەکات[4].)**

## ئافرەتی کۆیلە و ئافرەتی جوتیار

لە سیستمی کۆیلەدارییشدا ئافرەتی کۆیلە پلەیەکی نزمتری لە پیاوە کۆیلەکەی هەبووە. ئافرەتی کۆیلە لە دوو ڕوانگەوە دەچەوسایەوە. یەکەمیان هەموو کاری ماڵەوەی لە ئەستۆ بوو لەگەڵ هەندێک کاری بەرهەمهێنان ، ئەوی تریشیان دەبوو لە خزمەتی سێکسیی خاوەنەکەی و خزمان و دۆستانی خاوەنەکەیدا بێت. بۆ نمونە لە یۆنانی سەردەمی "هۆمێرۆس"دا Hómēros نزیکەی 10 تا 20 ئافرەتی کۆیلە لە ماڵی دەوڵەمەندێکدا ئەرکی خاوێنکردنەوەی ماڵ و شوشتنی جلوبەرگ و کاری چاندن و بەرهەمهێنان و کۆکردنەوەی خوری ، کوتانی گەنم و هێنانی ئاو ، لەگەڵ خزمەتی سێکسیی خاوەنەکەشی لە ئەستۆ بوو. لە ڕۆماش

---

4- ئیمام غەزالی لێکۆڵەری مەزنی ئیسلامیی لە سەر قورئان لە سەدەی 11 دا. "احیاء علوم الدین ، لە ئبنی وراق ، موسوڵمان و موسوڵمانێتی، لە وەرگێڕانی دوکتۆر مەسعود ەنساری وەرگیراوە.

کە ژمارەی ئەو ئافرەتە کۆیلانە دەگەیشتە نزیکەی 200 کەس لەگەڵ بەڕێوەبردنی ئەو کارانەی لە ماڵی دەوڵەمەندێکدا، کۆمەڵێک کاری تریشیان بەڕێوەدەبرد کە تێکەڵاویی لێزانیی و پسپۆریی بوون. لەگەڵ ئەوەشدا وەک ئافرەتە کۆیلەکانی یۆنان ، زاوزێیان بۆ دەکرن و منالّیان بۆ بەخێودەکردن و ئاراییشتیان بۆ دەکردن و گۆرانییان بۆ دەگوتن و خاوێنکردنەوەی کۆشکەکانیشیان لە ئەستۆ بوو. کۆیلەکان لە ڕۆما بەگوێرەی ڕادەی پسپۆرییان و ئازایەتییان لە کارەکانیاندا، کاری بانکیان بەڕێوەدەبرد ، تەنانەت کاپیتانی پاپۆڕەکانیش بوون.

کۆیلەیەکی بەو جۆرە کە "ڤیلیکەس" Vilicus یان پێدەگوت ، ژیانێکی باشتری لە کۆیلەکانی تر هەبوو. لەگەڵ هاوسەرەکانیان کە "ڤیلیکا" Vilica یان پێدەگوترا، بەشیان هەبوو لە دارایی "پێکیولیەم" Peculium واتە خاوەنەکانیاندا و دەیانتوانی بەو پارەیەی کە وەریدەگرن ، خۆیان لە کۆیلەیەتی ئازاد بکەن[5].

ژمارەیەک لە کۆیلەکان کاری پیشەسازییان دەکرد و بەشێک لە پارەکەیان دەدا بە خاوەنەکانیان ، بەڵام هەندێک کاری تر هەبوو کە کۆیلەکان مافی کردنیان نەبوو. بۆ نمونە کۆیلەکان مافی کارکردنیان لە گڕکانەکاندا "بۆلکان" نەبوو. ئافرەتان لە ڕابواردنخانەکاندا کاری بەدڕەوشتییان دەکرد و لەشفرۆشی سەرشەقامەکانیش بەگشتیی کۆیلە بوون. هەروەها ئافرەتانی کۆیلە بەگوێرەی فەرمانی خاوەنەکانیان ، لە کاتی پێویستدا سێکسیان لەگەڵ خاوەنەکانیان و خزم و دۆستانی خاوەنەکانیاندا دەکرد. کۆیلەکان مافی پێکهێنانی خێزان و دروستکردنی منالّیان نەبوو ، بەڵام پیاوی کۆیلە بەگوێرەی توانای ئابوری دەیتوانی ئافرەتی کۆیلە بکڕێت و کاری خۆی پێ هەڵبسوڕێنێت و سێکسی لەگەڵ بکات. لەگەڵ ئەوەشدا منالّەکانیان وەک دایکەکانیان بە کۆیلە دەژمێرران و هی باوکەکانیان بوون. هەروەها بۆ ئەوەی کە منالّی

5- Jenius, p. Rodriguez, chronology of World Slavery.

کۆیلەکان کاریگەرییان لەسەر کاری ڕۆژانەی دایکەکانیان نەبێت ، لە دایکەکانیان جیادەکرانەوە و لە جێیەکی تردا دادەنران. مەسەلەیەکی تر کە بوونی منالّی بۆ کۆیلەکان دژوار دەکرد، ئەوە بوو کە ئافرەتانی کۆیلە لە سەردەمی دووگیانییدا ، بە پارەیەکی باش دەفرۆشران و خاوەنەکانیان بە فرۆشتنیان سودێکی باشیان لێدەبینین. ئەگەر لەو کاتەدا نە فرۆشرایە و منالّیان ببووایە ، دورخستنەوەیان لەیەکتر دژوار بوو. ئافرەتانی کۆیلە بەگوێرەی یاسا ، دوای تەمەنی 30 سالّیی ئازاد دەکران ، جگە لە هەندێک هەلومەرجی تایبەت ، یان بەشوودانیان بەرلە 30 سالّیی. لەگەلّ ئەوەشدا کە ئافرەتی کۆیلە ئازاد دەکرا بەگشتیی وەک خزمەتکار یان یار لە لایەی خاوەنەکانیان دەمانەوە. زاوزێی کۆیلەکان خەلاّتیشی هەبوو ، ئەگەر ئافرەتێکی کۆیلە سێ کوری ببووایە ، کاریان پێنەدەکرد و بۆ هەر منالّێکی زیادە پتر ئازاد دەبوو[6].

ئافرەتانی جوتیاریش لە ئاستی هاوسەرەکانیاندا کۆیلە بوون و لە لای مێردەکانیان وەک کۆیلە دەمانەوە ، بەلاّم هەندێک مافی زیادتریان لە کۆیلەکان هەبوو. لە لایەک وەک کۆیلەکان لەژێر فەرمانی خاوەنەکانیاندا بوون و وەک کۆیلەکان ژیانیان لە لایەن مێردەکانیانەوە دابیندەکرا و جیاوازییان لەگەلّ کۆیلەکان نەبوو.

لە ئێران لە سەردەمی ساسانییەکاندا ، دیاردەی "هاوسەر بە قەرزدان هەبوو". بەو پێیە پیاو بەبێ ڕەزامەندیی هاوسەرەکەی ، وەک سەردەمی کۆیلەداریی ، ئەوی بە شێوەی کاتیی بە خزم و دۆستانی خۆی دەسپارد. بۆ ئەو مەبەستە بژێوی هاوسەری ئەو جۆرە پیاوانە ، لە لایەن دۆستەکانیانەوە دابیندەکرا، بەلاّم منالّەکانیان هی مێردەکەی خۆی ئەبوو[7].

هەروەها ئافرەتی جوتیار و ئافرەتی کۆیلە جیاوازییەکی سەرەکیی تریشیان پێکەوە هەبوو. لە سەردەمی دەرەبەگایەتیدا نەفەقەدان بە

---

[6] -Ibid.

[7]- ئافرەت لە ڕەوتی مێژوودا ، بنەفشەی حیجازی ، لاپەڕەی 3، 1382.

ئافرەت لە ئەستۆی مێردەکانیان بوو ، بەڵام لە سەردەمی کۆیلەدارییدا، ئافرەت مافی وەرگرتنی نەفەقەی نەبوو. خاوەنی کۆیلە تەنیا بژێوی رۆژانە و شوێنی نوستنی بۆ کۆیلەکانی دابیندەکرد و لەو بوارەدا ئافرەتی کۆیلە نەیدەتوانی شکات لە خاوەنەکەی بکات و داوای ئازادیی خۆی بکات ، لە کاتێکدا لە سەردەمی دەرەبەگایەتیدا نەفەقەنەدان بە ئافرەت دەبووە هۆی تەڵاق و ئازادبوونی ئافرەتەکە. هەرچەندە ئەوە بە راستیی ئازادیی نەبوو ، چونکە ئافرەت دوای وەرگرتنی تەڵاق ناچار بوو بگەڕێتەوە ژێر دەستی خاوەنە بنەڕەتییەکەی کە باوک و براکانی بوون. هەر وەک چۆن جوتیار لەژێر دەستی دەرەبەگێک ڕزگاری دەبوو ، دەکەوتە دەست دەرەبەگێکی تر. بەو شێوەیە ئافرەتی کۆیلە مافێکی کەمتری لە ئافرەتی جوتیار هەبوو. جگە لەوە ئافرەتی کۆیلە مافی تەڵاقوەرگرتنی بەبێ مەرجی نەبوو ، لە دۆخێکی زۆر نزمتر و دژوارتر لە ئافرەتی جوتیار دەژیا.

لە بوارێکی تریشدا جیاوازیی لەنێوان ئافرەتی کۆیلە و ئافرەتی جوتیاردا هەبوو. ئافرەتی جوتیار لە لایەن مێردەکەیەوە پارێزگاریی لێدەکرا، بەڵام پارێزگاریی کردنی ئافرەتی کۆیلە لە لایەن خاوەنەکەیەوە بە زۆرەملێیی نەبوو. دیاردەیەکی تر کە هەلومەرجی ئافرەتی لە سیستمی دەرەبەگایەتیدا لە هەلومەرجی ئافرەتی کۆیلە نزیک دەکردەوە ، کۆنترۆڵیان بوو بەسەر منداڵەکانیاندا. لە سەردەمی دەرەبەگایەتیدا منداڵ هی پیاو بوو. هەر وەک منداڵی کۆیلەش هی خاوەنی کۆیلەکە بوو. لە سیستمی دەرەبەگایەتیدا پیاو دەیتوانی بە تەڵاقدانی هاوسەرەکەی، منداڵەکەی لە دایکی دوربخاتەوە ، بەڵام مافی فرۆشتنی منداڵەکەی نەبوو. لە سیستمی کۆیلەدارییدا ، منداڵ لە دایکی جیادەکرایەوە و دەفرۆشرا. لەو بوارەشدا هەلومەرجی ئافرەتی جوتیار لە ئافرەتی کۆیلە باشتر بوو.

دیاردەیەکی تر کە دۆخی ئافرەتی لە سیستمی دەرەبەگایەتیدا لە دۆخی ئافرەتی کۆیلە نزیک دەکردەوە ، کڕین و فرۆشتنی ئافرەت بوو.

پەیمانی هاوسەرگیریی لە سیستمی دەرەبەگایەتیدا لە لایەکەوە پەیمانی کڕین و فرۆشتنی ئافرەت بوو، بەڵام ئەو کڕین و فرۆشتنەش لە چەند لایەنێکەوە جیاوازیی لەگەڵ کڕین و فرۆشتنی ئافرەتی کۆیلە هەبوو. لە پەیمانی هاوسەرگیریدا ئافرەتیان وەک سەردەمی کۆیلەداریی بۆ کەڵکلێوەرگرتنی شەخسیی دەکڕی ، نەک بۆ فرۆشتن ، تەنانەت مێردەکەی بتوانێت بە دڵی خۆی کەڵکی لێوەربگرێت.

بۆ نمونە وەک سەردەمی کۆیلەداریی ئافرەت بدرێت بە دۆستان و خزمانی خاوەنەکەی ، هەرچەندە ئەو مەسەلەیە سەردەمی ساسانییەکانی لە ئێران نەدەگرتەوە ، چونکە لەو سیستمەدا دیاردەی (هاوسەر بەقەرزدان هەبوو). بەپێی ئەو نەریتە مێرد دەیتوانی هاوسەرەکەی خۆی بۆ ماوەیەک بە قەرز بدات بە دۆست و خزمەکانی بۆ بەخێوکردنی مناڵەکانیان. ئەو مەسەلەیە دۆخی ئافرەتانی لە سیستمی کۆیلەداریی نزیک دەکردەوە. بەتایبەتیی ئەو کاتەی کە کۆیلەکان مناڵیان دەبوو ، مناڵەکەیان دەگەڕاندەوە بۆ خاوەنە بنەڕەتییەکەیان[8].

بە هەر حاڵ خاوەنی کۆیلە دەیتوانی بە قازانجی خۆی کاری بەدڕەوشتیی بە ئافرەتە کۆیلەکان بکات ، بەڵام یاسا لە سەردەمی دەرەبەگایەتیدا ڕێگای بەو کارە نەدەدا. ئەوەش هەر وەک پێشتر دەربارەی خاوەنداریی پیاو بەسەر ئافرەتدا گوتمان ، دژی مافی خاوەنداریی بوو ، زیانی بە دەسەڵاتی پیاوی دەگەیاند. هەروەها لە هاوسەرگیریی ئێرانییدا لە سەردەمی ساسانییەکاندا جیاوازییەکی تریش لەنێوان ئافرەتی جوتیار و ئافرەتی کۆیلەدا هەبوو. لە هاوسەرگیریی ئێرانییدا باوکی خێزان وەک هەموو دیاردەیەکی باو لە جیهاندا ، خاوەنی داهاتی هەموو خێزانەکە بوو ، بەڵام داهاتی ئافرەتی کۆیلە بۆ کۆیلەدارەکە بوو. ئەگەر ئافرەتێک لە مێردەکەی جیاببووایەتەوە ، دەبووایە مێردەکەی دارایی بەرلە هێنانی ئەو

8- هەمان سەرچاوە لاپەڕەی 182.

ئافرەتەی بۆ بگەڕێنێتەوە و ئافرەت مافی داواکردنی دارایی بەر لە شووکردنی هەبوو ، بەڵام ئافرەتی کۆیلە کە ئازاددەکرا مافی هیچ چەشنە داواکارییەکی ئابوری لە خاوەنەکەی نەبوو (9).

دیاردەیەکی تریش لە پەیمانی هاوسەرییدا بریتی بوو لەوەی کە دەبووایە پیاو ، جگە لە پارێزگارییکردن لە هاوسەرەکەی ، نەفەقەشی بداتێ ، بەڵام لە کڕین و فرۆشتنی کۆیلەدا پەیمانێکی لەو جۆرە نەبوو. کاتێک کۆیلەدار، کۆیلەیەکی دەکڕی، لە پەیمانەکەیدا هیچ ئەرکێک بۆ کۆیلەدارەکە دیاریی نەدەکرا و لە ڕاستییدا هیچ پەیمانێک لەنێوان کۆیلە و کۆیلەداردا نەبوو. کۆیلە کاڵایەک بوو لە دەست کۆیلەداردا و بەو شێوەیەی دەیویست کەڵکی لێوەردەگرت و پێویستی بە پەیمان نەبوو. پەیمان ڕێککەوتنێک بوو کە ماف و ئەرکی هەردوو لایەنی تێدا ڕون دەکرایەوە، لە کاتێکدا پەیوەندیی کۆیلە و کۆیلەدار لەسەر بنەمای ئەرک و مافی یەکتر نەبوو.

پەیمانی کڕینی کۆیلە جیاوازیی هەبوو لەگەڵ پەیمانی هاوسەرگیریی. پەیمانی هاوسەرگیریی لەو ڕوانگەیەوە بوو کە ئافرەت خزمەتی مێردەکەی بکات ، پەیمانی کڕین بوو ، بەڵام چونکە پەیمانەکە تایبەت بە خزمەت بوو ، پەیمانی کڕین نەبوو. چونکە پەیمانی کڕین بە واتەی خاوەندارییی کاڵای کڕاو و بۆ هەمیشە بوو. لەو ڕوانگەیەوە پەیمانی هاوسەرگیریی ، پەیمانی کڕین بوو ، بەڵام لە ڕوانگەیەکی ترەوە پەیمانی کڕین نەبوو ، چونکە کاڵاکە بۆ کەڵکلێوەرگرتنی شەخسیی بوو ، پیاوەکە نەیدەتوانی بە ویستی خۆی مامەڵەی پێبکات.

لەبەرئەوە پەیمانی کڕینی کۆیلەش لە لایەک پەیمانی کڕین بوو ، لە لایەکی تریشەوە پەیمانی کڕین نەبوو. بە وتەیەکی تر هاوسەری جوتیار هەم کۆیلە بوو ، هەم کۆیلە نەبوو. سەبارەت بە خزمەتەکانیشی بەو جۆرە بوو. لە پەیمانی خزمەتکردندا تاک بۆ خۆی دەکڕڕا و دوای

9 - ئێران لە سەردەمی ساسانییەکاندا، آ.ا. کریستیان سێن، لاپەڕەی 352 ، لە کتێبی ئافرەت لە ڕەوتی مێژوو ، لاپەڕەی 188 وەرگیراوە.

بەجێگەیاندنی خزمەتەکانی ئازاددەکرا ، وەک پەیمانی بەدڕەوشتیی و کڕینی سێکس ، بەڵام لە پەیمانی هاوسەرگیرییدا هەر وەک لە بەشەکانی پێشوودا بینیمان ، ئافرەت بە هەر هۆیەک ، تەنانەت ئەگەر زیندانیی بووایە ، یان لە لایەن کەسێکەوە دەستدرێژیی لێ بکرایە ، ناچار بوو پەیوەندیی سێکسیی لەگەڵ مێردەکەی هەبێت ، ئەگەرنا پێویستییەکانی ژیانی لە لایەن هاوسەرەکەیەوە دابیننەدەکرا. ئەوە بەو واتەیە بوو کە پەیمانی هاوسەرگیریی بە تەنیا بۆ خزمەتکردن نەبوو ، بەڵکوو پیاوەکە لە هەموو بارێکەوە مافی بەسەر ئافرەتەکەیدا هەبوو. چونکە ئافرەت هاوکات لەگەڵ خزمەتەکانیدا ، موڵکی مێردەکەشی بوو ، مێردەکەی دەیتوانی وەک کۆیلەدارەکان لێی بدات و بیکوژێت.

لە یۆنان و ڕۆما و ئێرانی سەردەمی پارتەکاندا، پیاو مافی کوشتنی هاوسەرەکەی خۆی هەبوو. هەروەها دەیتوانی وەک کۆیلەدارەکان لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ژیانی ئافرەت و پۆشینی بەرگی ئافرەتەوە ، تا جۆری قسەکردن ، تەنانەت بیرکردنەوەیەوە ، بڕیار بدات. بۆ نمونە لە چینی کۆندا سێ شت دەبوونە هۆی تەڵاقدانی ئافرەت: جێبەجێنەکردنی فەرمانی مێرد ، نەبوونی منداڵ و خیانەت و زینا و حەسودیی ئافرەت سەبارەت بە هاوسەرەکانی تری مێردەکەی. هەروەها نەخۆشیی کە چاکنەبێتەوە و دزیی و زۆربلێیی[10].

لە هیندوستان ئافرەت دوای مردنی مێردەکەشی، ئەگەر خۆی نەسوتانایە ، ناچار بوو هەموو تەمەنی خۆی بە بێبەشیی بباتەسەر و مافی نەبێت شووبکاتەوە ، چونکە پەیمانی هاوسەرگیرییەکەی لەگەڵ مێردە مردووەکەیدا تا مردنی خۆی هەر بەردەوام دەبوو. ئەو دیاردەیە ئافرەتانی جولەکەشی دەگرتەوە ، تەنانەت بە ونبوونی مێردەکانیشیان لە پەیمانی هاوسەرگیریی دەرنەدەچوون و مافی هاوسەرگیریی

[10] - Arvind Shama, Women in the World Religions, 1987,p. 143.

دووبارەیان نەبوو ، مەگەر بە پشتبەستن بە دوو شاهید ، مافی تەڵاقیان پێدەدرا ، یان میراتیان وەردەگرت ، یان مارەیی.

ئافرەتی کۆیلە لەو مافانە بێبەریی بوو. ئەوانەی لە پەیمانی هاوسەرگیریی یان پەیمانی کڕیندا هەبوون لە کڕینی کۆیلەدا نەبوون. لەبەرئەوە ئافرەتی جوتیار لەنێوان ئافرەتی کۆیلە و ئازاددا بوو ، دۆخی ئەویان لە سیستمی دەرەبەگایەتی لەگەڵ دۆخی کۆیلە و دۆخی ئافرەتی ئازاد جیادەکردەوە. هەندێک جار لە سەرووی ئافرەتی کۆیلەدا و هەندێک جاریش لە خوارووی ئافرەتی ئازاددا. لە لایەک کۆیلەی مێردەکەی بوو ، لە لایەکیش کۆیلە نەبوو. ئافرەتێکی نیوە کۆیلە بوو ، جوتیار بوو.

## ئایا ئافرەتی جوتیار بە ڕاستیی لە لایەن مێردکەیەوە دەچەوسایەوە؟

لەناو خێزانی جوتیاریدا، هەرچەندە ئافرەت وەک جوتیار و کۆیلەی هاوسەرەکەی بوو ، بەڵام لە بواری ئابوریدا بەو جۆرە نەدەچەوسایەوە کە هاوسەرەکەی لە لایەن دەرەبەگەکەیەوە دەچەوسایەوە. ئەوە ڕاستە کە ئافرەت لە کاری ڕۆژانەیدا پتر لە پێویستییەکانی ژیانی بەرهەمی بە بەردەهێنا و بەرهەمە زیادەکەی بۆ مێردکەی پاشەکەوت دەکرا ، بەڵام ئەو بەرهەمە زیادەیە بۆ مێردەکەی نەدەمایەوە و دەچووە گیرفانی دەرەبەگ و خاوەن موڵکی مێردەکەیەوە. لەبەرئەوە پلەی ژیانی مێردەکەی واتە کەسێک کە هاوسەرەکەی خۆی دەچەوساندەوە ، وەک پلەی ژیانی خۆی بوو ، لە هەژاریی و ڕەنجداندا دەژیان. ئەوان لە ژورێکدا دەژیان و جلوبەرگ و خۆراک و پێویستییەکانی ڕۆژانەیان وەک یەکتر بوو. لە بواری ژیانیشەوە شتێکی زیادتر لە یەکتریان نەبوو. لە کاتێکدا ئەگەر پیاوەکە هاوسەر و مناڵەکانی بچەوسانایەتەوە، دەبووایە خاوەنی سامانێکی پتر لە هاوسەر و منالەکانی بووایە کە

شتێکی بەو جۆرە نەبوو. جوتیار ساڵ لەدوای ساڵ ئاستی ژیانی دادەبەزی و لە ساڵەکانی برسییەتیشدا توشی کارەسات دەبوو. ئەوە بەو واتەیە بوو کە هەموو ڕەنجی ساڵانەی خۆی و خێزانەکەی دەکەوتە دەست دەرەبەگ و خاوەن موڵکەکەیەوە و لە قازانجی دەربەگەکەی ، خێزانەکەی خۆی دەچەوساندەوە. لە ڕاستییدا ئافرەت لە ئاستی مێردەکەیدا هیچ مافێکی زیادتر لەوەی نەبوو کە مێردەکەی لە ئاستی ئاغاکەیدا هەیبوو. واتە لە ئاستی هاوسەرەکەیدا بە شێوەی نیوە کۆیلە دەژیا ، بەڵام بەرهەمە زیادەکانی لە لایەن زەویدارەکانەوە زەوتدەکرا.

لەبەرئەوە هەرچەندە جوتیار کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر هاوسەرەکەیدا هەبوو ، بەڵام لە ئاستی خاوەن موڵکەکەیدا هەژار و بێدەسەڵات و ژیانی خۆی وەک ژیانی هاوسەرەکەی لە ئاستێکی نزمدا بوو. جوتیار بەڕواڵەت خاوەنی هاوسەرەکەی بوو ، بەڵام خاوەن موڵکی ڕاستینەی جوتیار و هاوسەرەکەی ، دەربەگ یان خاوەن موڵکەکەی بوو کە خاوەنی ئامێر و کەرەستەی بەرهەمهێنان بوون و جوتیار و ئامێرەکانیان کۆنترۆڵ دەکرد. کۆنترۆڵی جوتیار بەسەر ئامێر و کەرەستەکانیدا بۆ چەوساندنەوەی هاوسەرەکەی خۆی نەبوو ، بەڵکوو بۆ دەرەبەگەکان بوو.

هەر وەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد ، خاوەندارییی جوتیار بەسەر هاوسەرەکەیدا ، خاوەندارییەکی ڕواڵەتیی بوو ، چونکە کۆنترۆڵی ژیان و بەڕێوەچوونی جوتیار و هاوسەرەکەی بە دەست خاوەنی ئامێر و کەرەستەی بەرهەمهێناندا بوو. جوتیار چەندە خاوەنی ئامێر و کەرەستەکانی دەرەبەگەکەی بوو ، هەر ئەوەندەش خاوەنی هاوسەرەکەی خۆی بوو.

هەر وەک بینیمان کۆیلەدار بە مەبەستی ڕزگارکردنی خۆی لە کێشەی بەرهەمهێنان، ئەرکی بەرهەمهێنانی لە بوارێکی کەمدا خستبووە دەست کۆیلەکانی و بە بەخشینی دەسەڵات پێیان بەسەر ژیانی خۆیان و خێزانەکانیاندا ، کردبوونی بە جوتیاری خۆی و

دەسەڵاتدار بەسەر هاوسەر و منداڵەکانیاندا. بە وتەیەکی تر هەر وەک چۆن دەرەبەگ بە کۆنترۆڵکردنی بەرهەم ، بژێوی ژیانی جوتیارکەی خستبووە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە ، جوتیارەکەش بە کۆنترۆڵکردنی بژێوی ئافرەت و منداڵەکانی ، خستبوویانە ژێر دەستی خۆی و ئەوەش پەیوەندیی ژن و مێرد بوو لە کۆمەڵگای دەرەبەگایەتیدا.

ئەو شێوە ژیانەی کۆیلەکان بە تەواویی لەناو خێزانە ناوەندییەکاندا کە خاوەنی کەرەستەی بەرهەمهێنانی خۆیان بوون ، دەبینرا. لە ئەنجامدا ئافرەت نەک هەر لە بواری جەستەیی و سێکسییەوە ، بەڵکوو لە بواری ئابوریشەوە دەچەوسایەوە. بەڵام لەناو خێزانی جوتیاردا کە کەرەستەی بەرهەمهێنانی خۆی نەبوو ، چەوسانەوەی خێزانەکەی بەشی ئابوری نەدەگرتەوە. دیارە ئەو دیاردەیە لە کۆمەڵگای چینایەتیدا سروشتیی بوو. لەو ڕووەوە و بە هەر ڕادەیەک جوتیار کۆنترۆڵی بەسەر ئامێر و کەرەستەی بەرهەمهێنانی خۆیدا هەبووایە ، هەر بەو ڕادەیەش دۆخی ژیانی دەگۆڕا ، بەڵام نەدەبوو بە خاوەنی کەرەستەکانی بەرهەمهێنان.

خاوەنی بنەڕەتیی بەرهەم دەرەبەگ بوو کە کۆنترۆڵی ئەو کەرەستانەی بە مەرج خستبووە دەست جوتیارەکانییەوە ، بۆیە لە ئەنجامدا سودی بەرهەمی ئافرەتی جوتیارەکە دەگەڕایەوە لای دەرەبەگەکە. بە وتەیەکی تر خێزان لە سیستمی دەرەبەگایەتیدا وەک ئامێری چەوساندنەوە وا بوو. هەرچەندە دەسەڵاتی ئەو ئامێرەیان دابووە دەست پیاوی خێزانەکە ، بەڵام ئەو خۆی هاوسەر و منداڵەکانی خۆی دەچەوساندەوە. قازانجی ئەو چەوساندنەوەیە لەوەدا بوو کە بەگەڕخستنی ئەو ئامێرە ، پیاوی خێزانەکە هەلومەرجێکی باڵاتری لە ئەندامانی خێزانەکەی بەدەستدەهێنا و ئەوەش ڕێی بۆ دەکردەوە کە لە بواری سێکسییەوە هاوسەرەکەی بچەوسێنێتەوە. ئەوانە قازانجێک بوون کە جوتیار لە بەرامبەر بەگەڕخستنی چەرخی ئابوری دەرەبەگەکەدا

بەدەستی دەهێنا و دەیکرد بە بەرپرس ، بەڵام لە هەمان کاتدا خۆشی وەک کارگەرەکانی تر دەچەوسایەوە.

لە کۆمەڵگای دەرەبەگایەتیدا بەرهەمهێنان هەر وەک پێشتر گوتم لەسەر بنەمای ئاغاو ڕەعیەت دامەزرابوو. بە وتەیەکی تر ئەگەر ژمارەیەک بۆ کاری بەرهەمهێنان لە دەوری یەکتر کۆدەبوونەوە ، دەبووایە یەکێک لەوانە ئاغا بێت و ئەوانی تر کارکەر. ئەوە پرینسیپی گشتیی کۆمەڵگاکە بوو. لەبەرئەوە جوتیاریش کاتێک لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانی دەچوون بۆ چاندن ، یەکێکیان دەبوو بە ئاغا و ئەوانی تریش کارکەر. هۆی ئەو جۆرە پەیوەندییەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە لە بنەمادا زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵگا ، واتە جوتیارەکان ، بێبەریی بوون لە کەرەستەی دابینکردنی ژیانیان. کەرەستەی ژیان بریتی بوو لە زەوی ، ئاو ، دانەوێڵە و شتی تر کە بە بەکارهێنانیان خۆراک و بژێوی خۆی بەدەستدەخست. ئەو پێویستییانە هەموویان لە دەست خاوەن موڵکدا بوون و بەو مەرجە دەدران بە جوتیار کە کاری بەلاشیان بۆ بکات و بەرهەمە زیادەکەشیان پێ بسپێرێت. لە یەک وشەدا ڕەعیەتی ئەوان بوون و دەبووایە بەرامبەر بە وەرگرتنی ئەو کەرەستانە ، لەگەڵ دابینکردنی بژێوی خۆیان ، هەموو داواکانی ئاغاکەیان جێبەجێبکەن. ئەوە پەیوەندیی نێوان بەرهەمی دەرەبەگایەتی و جوتیار بوو کە لە هەموو جێیەکدا پەیڕەودەکرا.

پەیوەندیی هاوسەرگیرییش لە هەردوو خێزانی جوتیار و دەرەبەگدا ، لەسەر ئەو بنەمایە بوو. واتە ئەوانەی کەرەستەی بەرهەمهێنانیان نەبوو ، دەبووایە ڕەعیەتی ئاغاکانیان بن ، چونکە ئافرەتان وەک کۆیلەکان مافی خاوەندارییان نەبوو ، دەستکەوتەکانیان بەگوێرەی یاسا بۆ باوک یان مێردەکانیان دەگەڕایەوە و ناچار بوون بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانیان ، خۆیان بە پیاوێکەوە ببەستنەوە کە ئەندامانی نێرینەی کۆمەڵگا ، واتە ئاغا و ژمارەیەک جوتیاری خاوەن زەوی بوون.

لە بەشەکانی پێشوودا گوتمان ، ئافرەتانی چینی باڵای کۆمەڵگا کاری بەرهەمهێنان و ماڵەکانیان نەدەکرد و هاوسەرەکانیان تەنیا لە بواری سێکسییەوە کەڵکیان لێوەردەگرتن. دیارە ئەو شێوە ژیانە بە سودی پیاوان بوو ، تەنانەت جوتیارەکانیش کە سودی زۆری ئابورییان بەرنەدەکەوت ، بەڵام لە لایەنێکی ترەوە کە دەسەڵات و ئاغایەتی بوو بەسەر ئافرەتاندا و کۆنترۆڵی سێکسیان دەکردن. وانەکانی ڕەوشتی کۆمەڵگا و لەوانە شێوەی پەروەردەکردنە ئایینییەکان بە ئامانجی پارێزگارییکردن و هێشتنەوەی ئەو پەیوەندییانە ، واتە پەیوەندیی سیستمی دەرەبەگایەتی کۆمەڵگا بوون. سیستمێک کە کۆنترۆڵی کەرەستەی بەرهەمهێنان و بژێوی بە دەستەوە بوو. چونکە ئافرەتان و منالان دەسەڵاتیان بەسەر بژێوی خۆیاندا نەبوو ، لە ڕیزی ئەندامانی هەرە لاواز و بێدەسەڵاتی کۆمەڵگادا بوون و لە دوو لاوە ستەمیان لێدەکرا و دەچەوسانەوە.

## پیاوسالاریی و ستەمی دوو لایەنە لەسەر ئافرەتان

هەر وەک لە بەشەکانی پێشوودا بینیمان ، ئافرەتان دور لە بەستراوەییان بە چینەکانی کۆمەڵگاوە ، چونکە پەیوەندیی سێکسییان لەژێر کۆنترۆڵ و ستەمی پیاواندا و لە سیستمی پیاوسالاریی کە چەوساندنەوە لەسەر بنەمای چەوسانەوەی ڕەگەزیی دانرابوو ، پانتایی ئەو چەوساندنەوەیە زۆر بەرینتر بوو لە چەوساندنەوەی چینێکی تایبەت لە کۆمەڵگادا.

لە ڕاستییدا توێژ و چینی جیاواز بە پێگەی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی جیاواز لە کۆمەڵگادا هەبوون کە هەر یەکەیان دەیانویست توێژە لاوازەکانی تر بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان و کەڵکی ئابوری و کۆمەڵایەتیان لێوەربگرن.

بۆ نمونە چینی دەرەبەگ لە ڕووی چینایەتییەوە ، چینی جوتیاری لەژێر کۆنترۆڵ و ستەمدا بوو. جگە لەوە ، دابەشکردنی تریش لە کۆمەڵگادا هەبوو کە سنوریان لە سنوری ستەمی چینایەتی بەرفرەوانتر بوو ، بەشێکی زۆر و جیاوازی لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەگرتەوە. یەکێک لەو دابەشکردنانەی کۆمەڵگا ، دابەشکردنی ئافرەت و پیاو بوو. ئافرەتان نیوەی کۆمەڵیان پێکدەهێنا. لەبەرئەوە ستەم و چەوساندنەوەی ئافرەت لە لایەن پیاوانەوە بەرفرەوانتر بوو لە ستەمی چینایەتی و دوو ستەمی ڕەگەزیی و سێکسیشیی دەگرتەوە. هەر وەک پێشتر بینیمان هاوسەری جوتیار و هاوسەری ئاغا گوێڕایەڵی مێردەکانیان بوون و بە هۆی ئافرەت بوونیانەوە بە شێوەی جۆراوجۆر کۆنترۆڵدەکران و دەچەوسانەوە.

دیارە نابێت وا بیربکەینەوە کە تەنیا ڕەگەز هۆی ژێردەستیی و چەوسانەوەی ئافرەتان بووە. ئەو شێوە بیرکردنەوەیە هی کەسانێک بوو کە لە کۆنترۆڵکردنی ئافرەتاندا سودیان دەبینی و بۆ داسەپاندنی دەسەڵات و کۆنترۆڵیان بەسەر ئافرەتاندا پروپاگەندەیان دەکرد و بە نەزان و تێکدەر تاوانباریان دەکردن ، لە کاتێکدا ئەو گوتنانە دورن لە ڕاستییەوە. ئافرەتانیان بە بیانووی نەزانیی لە خوار پیاواندا دەبینی و دەیانگوت پێویستە لە کۆنترۆڵی پیاواندابن. جگە لە ئافرەتان ، پیاوی جوتیاریشیان دەچەوساندەوە و ئەوانیشیان وەک ئافرەتان کردبووە کۆیلە و ڕەعیەتی خۆیان.

بینیمان کە ڕەعیەتەکان بە ئافرەت و پیاوەوە کۆیلەی دەرەبەگەکان و خاوەن موڵکە بە دەسەڵاتەکان بوون ، ئەوەش دەرخەری ئەو ڕاستییە بوو کە چەوساندنەوەی ئافرەتان بە هۆی ڕەگەزەکەیانەوە نەبوو ، بەڵکوو ئەوە کۆنترۆڵی توێژ و چینێکی دیار بوو بەسەر ئامێر و کەرەستەی بەرهەمهێنان و بژێوی گروپێکی تردا و بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەزیان کردبوویانن بە کۆیلە و ڕەعیەتی خۆیان. بەو جیاوازییەوە کە ئافرەتان چونکە بێبەش بوون لە کەرەستەی

دابینکردنی بژێوی خۆیان ، پتر لە پیاوان دەچەوسانەوە و لە پلەیەکی نزمتر لە پیاواندا دەبیندران.

ئەوەی ئافرەتی کردبوو بە کۆیلەی پیاوان ، لە ڕاستییدا بێبەشبوونیان بوو لە کەرەستەی بەرهەمهێنان و بژێوی خۆیاندا و چونکە زۆربەی پیاوەکانیش لەو کەرەستانە بێبەشبوون ، بە ناچاریی بەرامبەر بە وەرگرتنی ئەو کەرەستانە ، ببوون بە ڕەعیەتی خاوەنی ئەو کەرەستانە. ئافرەتان و پیاوانی ڕەعیەت ، چونکە زەوی ، ئاو و پێویستییەکانی تری چاندنیان نەبوو ، هەردووکیان بە ئاغاوە بەسترابوونەوە ، بەڵام کە لە سیستمی دەرەبەگایەتیدا ، دەرەبەگ بەشێک لە زەوییەکانی خۆی دەدایە دەست جوتیاران ، ئەوە جوتیارە پیاوەکان بوون کە ئەو کەرەستانەیان وەردەگرت ، نەک ئافرەتان ، لە ئەنجامدا چونکە ئافرەتی ڕەعیەت لە خاوەنداریی ڕواڵەتیی ئەو کەرەستانە بێبەش بوو ، بە ناچاریی بە پیاوەکەیەوە دەبەسترایەوە و پیاوەکانیش لەو هەلە کەڵکیان وەردەگرت و بە پەیمانی نەفەقەی هاوسەرگیرییەوە دەیانبەستنەوە. بەو جۆرە ئافرەتان لە ڕاستییدا نزمترین گروپی کۆمەڵگا بوون و لە دوو لاوە ستەمیان لێدەکرا. جارێک وەک پیاوەکان و هێزی کارەکەیان دەچەوسانەوە و جارێکیش لە ڕووی ڕەگەزیی و سێکسەوە.

## ستەمی دوولایەنە لەسەر ئافرەتان لە سیستمی کۆیلەدارییدا

ستەمی دوولایەنە تەنیا بە سیستمی دەرەبەگایەتیەوە نەدەبەسترایەوە. لە سیستمی کۆیلەدارییشدا ئافرەتان لەژێر ستەمی دوولایەنەدا بوون. هەر وەک لە لاپەڕەکانی پێشوودا بینیمان ، لەو سیستمەشدا ئافرەتانی کۆیلە سەرەڕای کارکردنیان لە بەرهەمهێناندا ، خزمەتی سێکسییشیان دەکرد.

لێرەدا بارودۆخی ئافرەتان و پیاوانی کۆیلە زۆر لە یەکترەوە نزیکبوو وەک لە باردودۆخی هاوڕەگەزەکانیان لە سیستەمی دەرەبەگایەتیدا ، چونکە هەردووکیان کۆیلەی خاوەنەکانیان بوون و ڕاستەوخۆ لەژێر دەستی کەسێکدا خزمەتیان دەکرد ، بەڵام لەنێوان چینەکانی سەرووتردا بەو جۆرە نەبوو. لەوێ ئافرەتان و پیاوان دابەشکرابوون بەسەر دوو گروپی جیاوازی باڵادەستدا.

بۆ نمونە لە "ئاتێن"ی کۆندا ، پیاو دابەشکرابوو بەسەر دوو گروپی هاووڵاتیی و ژێردەستدا. کۆیلەکان ، ئافرەتان ، مناڵان و بێگانەکان لە گروپی ژێردەستاندا بوون. هەر وەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد ، دانانی ئافرەتان و مناڵان و شێتەکان دۆزینەوەیەکی ئایینیی مەسیحیەت نەبوو، بەڵکوو نەریتێکی کۆمەڵگا بوو کە ئەو ئایینە پارێزگاریی لێدەکرد.

لە شوێنەوارەکانی ئاتێن دا ئەوەی بە سێکس دەناسرا ، کردەوەی سێکسیی لەنێوان ئافرەت و پیاواندا نەبوو ، بەڵکوو کردەوەیەک بوو لەنێوان پلەدارێکی کۆمەڵدا لەگەڵ تاکێکی بێ پلەی کۆمەڵدا. واتە لەنێوان هاووڵاتییەک و بێگانەیەکدا بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەزیان. لەو پەیوەندییەدا چینی سەروو "دەیکرد" و چینی خواروو "دەیدا". لەو پەیوەندییەدا هاووڵاتیانی ئاتێن دەیانتوانی لەگەڵ ئافرەتان و پیاوانی چینی خوارودا پەیوەندیی سێکسییان هەبێت ، بەڵام چونکە ئافرەت بە چینی خوارووی کۆمەڵگا دەژمێررا ، نەیدەتوانی لەگەڵ ئافرەتان یان پیاوانی چینی خواروو پەیوەندیی سێکسیی هەبێت ، دەبووایە ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ چینی سەروو بووایە.

لەو ڕوانگەیەوە ، لەناو ئاتێنییەکاندا پەیوەندیی سێکسیی دوو پیاو ، یان دوو ئافرەت لەگەڵ یەکتر ، بە واتەی ئەمڕۆ نەبوو. پەیوەندیی سێکسیی دوو پیاو لەگەڵ یەکتر بە هیچ جۆرێک بە نائاسایی و نا سروشتیی سەیرنەدەکرا. دیارە ئەو پەیوەندییە لەنێوان دوو پیاو بە دوو پلەی جیاوازی کۆمەڵایەتی ، نەک دوو پیاوی هاوتای یەکتر. واتە

پیاوێکی پلەی سەروو دەیتوانی کەڵکی سێکسی لە پیاوێکی پلەی خواروو وەربگرێت. پەیوەندیی سێکسیی لەنێوان دوو پیاوی کۆیلە ، یان دوو پیاوی کۆیلەداردا وەک نەخۆشییەکی دەرونیی و فیزیکیی دەبینرا.

هەروەها هەرچەندە پەیوەندیی سێکسیی پیاوێک لە چینی سەروو لەگەڵ پیاوێکی چینی خواروو ئاسایی و سروشتیی بوو ، بەڵام ئەو پەیوەندییە هەرگیز بۆ ئافرەتان جێی ڕەزامەندیی نەبوو. هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە ئافرەتان سەرەڕای هەلومەرجی چینایەتییان ، لە پلەی چینی خوارووی کۆمەڵگادا بوون. لەبەرئەوە ڕێ بە دوو ئافرەت لە دوو پلەی جیاوازی کۆمەڵایەتی نەدەدرا کە پێکەوە پەیوەندیی سێکسیان هەبێت. بە گشتیی گرنگ ئەوە نەبوو کە ئافرەتان سەربە کام چینی کۆمەڵگان ، ئەوە گرنگ بوو کە سێکسی ئافرەتان بۆ پیاوان بوو. دیارە دەبێت ئەوەشمان لەبیرنەچێت کە پەیوەندیی سێکسیی نێوان کۆیلەکانیش بۆ زاوزێ بوو نەک چێژبینینی سێکسیی.

# بەشی سێیەم:

## ئافرەت فریشتەی ئاسمان،

## ئافرەت و سێکس لە سەردەمی بەرلە مێژوودا

# فەسڵی یەکەم: ئاستی ئافرەت لە سەردەمی بەرلە شارستانییدا

## ئایا ئافرەتان هەمیشە ژێردەستە بوون؟

نا. بەرلە دەستپێکردنی شارستانیی و سیستمی باوکسالاریی ، مرۆڤ بۆ ماوەیەکی زۆر لە هەلومەرجێکی تەواو جیاوازدا ژیاوە. لەو سەردەمەدا کە نزیکەی یەک میلیۆن ساڵی خایاندووە و بە هەڵە بە سەردەمی (دڕندەیی ، بەربەریی ، یان سەرەتایی) ناسراوە[1] ، ئافرەت نەک هەر لە ئاستێکی یەکساندا بووە لەگەڵ پیاواندا ، بەڵکوو گرنگیی و ڕێزی مەعنەوی و کۆمەڵایەتی و زانستییان بەرزتر بووە لە پیاو. لەو سەردەمەدا هێشتا خاوەندارێتی تایبەتیی سەریهەڵنەدابوو ، کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە شێوەی سەرەتایی و هاوبەشیی و گروپ دەژیان.

ئاشنایەتی لێکۆڵەرە ئەوروپاییەکان لەگەڵ هۆزەکانی بەرلە مێژوو ، هەروەها توێژینەوەکانیان لەسەر ژیانیان ، دەگەڕێتەوە بۆ یەک دوو سەدە لەمەوبەر ، بەڵام لێکۆڵینەوە لەسەر سورپێستەکانی ئەمریکای باکور لە لایەن " لویس هێنری مۆرگان" کۆمەڵناسی ناوداری ئەمریکاییەوە کراوە. مۆرگان بۆ یەکەم جار توێژینەوەکانی خۆی بە وردیی لەسەر شێوەی ژیانی هۆزە هیندییە سورەکانی "ئیریکۆیز" Iriquois[2] لە ئەمریکای باکور کرد.

سەردەمی سەرەتایی کە نزیکەی یەک میلیۆن ساڵ ، واتە 99% مێژووی مرۆڤایەتییە ، سەرەتاکەی بۆ سەردەمێک دەگەڕێتەوە کە

---

1- مەبەستی نوسەر لە مرۆڤی نوێی سەردەمی بەردیی، واتە "نیولیتیک"ە- وەرگێر.

2- ئیریکۆیزییەکان ، پێنج خێڵ بوون لە ئەمریکای باکور. تا کاتی هاتنی ئەوروپاییەکان بۆ ئەو قاڕە ، هەر بە شێوەی سەرەتایی و بەرلە مێژوو ، واتە بە سیستمی دایکایەتی و هاوبەشییدا دەژیان.

یەکەم گروپەکانی مرۆڤ دروست بوون. لەو سەردەمەدا مرۆڤ بەگشتیی خەریکی ڕاوکردن و ماسیگرتن و کۆکردنەوەی گیا و دانەوێڵە بوو.

سەردەمی بەربەریی (بە سەردەمی "نیولیتیک" ، یان مرۆڤی سەردەمی بەردیین دەناسرێت- وەرگێڕ) بە دۆزینەوەی کشتوکاڵ و باخەوانیی نزیکەی هەشت هەزار ساڵ لەمەوبەر ، بۆ ماوەی دوو هەزار ساڵ بەردەوام بوو. دوایماڵییکردنی گیاندار و سەرهەڵدانی ئاژەڵداریی و گەشەکردنی کشتوکاڵ ، ئیتر سەردەمی شارستانیی بە جیابوونەوەی پیشەسازیی لە کشتوکاڵ ، سەرهەڵدانی خاوەنداریی تایبەت، گۆڕینەوە، پارە و سەرئەنجام سەرهەڵدانی چینە کۆمەڵایەتییەکان ، دەوڵەت و شارنشینیی دەستیپێکرد. لەو سەردەمەدا ئافرەتان بە تەواویی هەلومەرجی خۆیان لەدەست دا و لە چوارچێوەی سیستمی باوکسالارییدا کران بە کۆیلەی پیاوان. بەو جۆرە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە سەردەمی دڕندەیی ، بەربەریی ، یان سەرەتایی و دایکایەتیەوە خۆی لە سەردەمی شارستانیی و باوکسالارییدا بینییەوە.

لەبەرئەوە ئەگەر ئافرە تەنیا لەم شەش هەزار ساڵەی دوایی مێژووی مرۆڤایەتیدا کەوتبێتە ژێر دەسەڵاتی پیاوەوە ، نزیکەی سەد هەزار ساڵ لە دۆخێکی نەک سەرووتر ، بەڵام بە لایەنی کەمەوە یەکسان لەگەڵ پیاودا ژیاوە.

## ئایا ئافرەتان لە کۆمەڵگادا خاوەن ڕێز بوون؟

ڕێزی ئافرەت لە کۆمەڵگادا بۆ گەلێک هۆی جیاواز دەگەڕایەوە. چونکە مرۆڤ لە سەردەمە سەرەتاییەکانی گەشەسەندندا لەژێر کاریگەریی هێزە سروشتییەکاندا بوو ، خۆی بە بەشێک لە سروشت دەزانی. لەو ڕوانگەیەوە ئیلهامی لە سروشتەوە وەردەگرت. یەکێک لەوانەش دووگیانیی ئافرەت و زاوزێکردنیان بوو کە وەک بەروبووی زەوی دەبینرا و دەیانگوت زاوزێی ئافرەت لە سروشت دەچێت و تۆوی

پیادادەکەن و دەڕوێت و دەبێتە منالْ. لەو سەردەمەدا مرۆڤ زانیاریی لەسەر ڕۆڵی پیاو لە دروستبوونی منالْدا نەبوو ، نەیدەزانی لە ئەنجامی نوستنی پیاو لەگەڵ ئافرەتدا و لە ڕێگەی یەکگرتنی تۆوی هەردووکیانەوە منالْ دروستدەبێت. هەر وەک لە وڵاتی چینی کۆندا دەیانگوت سکی ئافرەت بە لیکی ئەژدیها پڕ دەبێت[3].

یۆنانییەکان لەدایکبوونی "ئاتیس" (Atys خودای بەروبوو- وەرگێڕ) یان بۆ ئەو ڕووداوە دەگەڕاندەوە کە گوایە دایکی بە خواردنی بادەمێک و جارێکیش بە خواردنی هەنارێک سکی پڕبووە و... یان ڕەیچێل Rachel هاوسەرە هەرە گەنجەکەی یاقوب ، یەکێک لە پێغەمبەرەکانی بەنی ئیسرائیل بە هۆی خواردنی ڕەگی گیایەکەوە یوسفی بووە. دایکی زەردەشت بە هۆی خواردنەوەی تێکەڵاوێک لە شیر و "هوما" پێیناوەتە دونیاوە. (هوما خواردنەوەیەک بووە لە گیایەکی بەو ناوەوە وەرگیراوە و لە جەژنەکان و ڕێورەسمە ئایینییەکاندا خوراوەتەوە.) دایکی "کۆچۆڵن" قارەمانی ئیرلەندی بە خواردنی "کرم"ێک کۆچۆڵنی بووە[4].

لەبەرئەوە لە قسەکردن بە زمانە زۆر کۆنەکانی دنیا کە ئێستاش پاشماوەکانیان وەک سەردەمە کۆنەکان دەژین ، وشەی باوک نیە. لەوانە بەگشتیی لە زمانی خەڵکی دوورگەی "ترۆب ڕیاند"ی Trobriand دا وشەی باوک نیە. مالینۆڤسکی (برانیسلاڤ مالینۆڤسکی مرۆڤناس- وەرگێڕ) ئاماژە بۆ دانیشتووانی ئەو دوورگەیە دەکات و دەنوسێت بە دژوارییی تێیانگەیاندم کە دروستبوونی منالْ هیچ پەیوەندییەکی بە نوستن و تۆوی پیاو و ئافرەتەوە نیە. مالینۆڤسکی دەڵێت:

**- (هەڵسوکەوتیان لە بەرامبەر منالەکانیاندا دەگەڕێتەوە بۆ نەزانییان لە چۆنیەتی لەدایکبوونی منالەکانیان. ئەگەر ئافرەتێک لە کاتی سەفەرکردن و دورکەوتنەوەی مێردەکەی سکی پڕ ببێت ، ئەوان بە خۆشحاڵییەوە دەڕواننە سکپڕ بوونەکەی و هیچ گومانێک لە**

---

[3] - Amaury de Riencourt, Sex and Power in History, P. 30

[4]- ئولین ڕید ، مرۆڤ لە سەردەمی دڕندەییدا ، وەرگێرانی مەحمود عنایەت ، لاپەڕەی 519.

**ئەمەکنەناسیی هاوسەرەکانیان ناکەن. یەکێک لە ئەندامانی ئەو دورگەیە بۆ شاهیدیی هێنانەوەی ئەو بۆچوونە ، پێی گوتم ، کاتێک دوای ساڵێک دورکەوتنەوەی لە هاوسەرەکەی گەڕاوەتەوە ماڵەوە ، بینیویەتی مناڵێکیان بووە. ئەو مەسەلەیەی بۆ ئەو ڕاستییە دەهێنایەوە کە پەیوەندیی سێکسیی لەنێوان ئافرەت و پیاودا هیچ پەیوەندییەکی بە سکپڕبوونی ئافرەتەوە نیە[5].)**

ناهۆشیاریی و نەزانیی خەڵکی ئەو سەردەمە لە چۆنیەتی دروستبوونی مناڵدا ، بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە مرۆڤ لە لایەک پرۆسەی زاوزێی لە دەستپێکەوە زۆر بۆ گرنگ بووە و بۆ ئافرەتی گەڕاندووەتەوە و بە پێکهێنەر و دروستکەری مرۆڤی زانیوە و لە لایەکی ترەوە زاوزێی بەستووەتەوە بە سروشتەوە لە پێکهێنانی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و سروشتدا. هەروەها لەو سەردەمی ژیاندا چونکە مرۆڤ بە توندیی بە سروشتەوە بەسترابووەوە و وەک تەنیا کانگا و سەرچاوەی خۆراک و ڕاگر و هێشتنەوەی مرۆڤ دانراوە. هێزی تێکدەر و وێرانکەریی سروشتیش وەک لافاو ، سەرما ، ئاگرگرتن و شتی تر بووە کە مرۆڤی خستووەتە ترسی لەناوچوونەوە.

مرۆڤ کە لە قۆناخی گەشەسەندنیدا نەیدەتوانی بەربەرەکانی ئەو هێزە بکات و دەستیان بەسەردا بگرێت و ڕایانبهێنێت ، هەوڵیدەدا بە پەنابردن بۆ خەیاڵ و بە جادوو بەو مەبەستە بگات ، بەڵام دیسان بە بینینی ئەو ، ئەوە ئافرەت بووە کە بە هۆی نزیکیی بە سروشتەوە توانیویەتی لە کۆنترۆڵکردن ، یان ماڵییکردنیدا یارمەتی مرۆڤ بدات.

بۆ نمونە لە "پیگمیس" Pygmis لە دارستانەکانی "کۆنگۆ" ئێستاش ئەو باوەڕ ماوە و لە کۆنەوە بۆ دانیشتووانی ئەو دارستانە ماوەتەوە. بەگوێرەی ئەو نەریتە پیاوەکانی بەرلە چوونیان بۆ ڕاوی بزنە کێویی ، لەگەڵ ئافرەتەکانی خێڵەکە دەچنە سەر تەپۆڵکەیەک. لەوێ

5- Broninslaw Malinowski," the sexual life of savages", p.520,1929.

ئافرەتەکان بە کەوتنی زەردەی خۆر دەست دەکەن بە دوعا و پاڕانەوە. ئیتر پیاوەکان بە تیر و کەوان بەرەو وێنەی گیاندار کە لەسەر زەوی کێشاویانە ، نیشانە دەگرن و تیرەکانیان دەهاوێژن. دوای ئەو بەزمە کە ئافرەت بە خوێندنی دوعا پەیوەندیی نێوان پیاوە ڕاوکەرەکان و سروشتیان پێکهێناوە بۆ دەستەبەرکردنی هەلومەجیان لە ڕاوکردندا ، دەچن بۆ ڕاو و شەو بە بزنەکێویی ڕاوکراوەوە دەگەڕێنەوە.

دیارە دووگیانیی ئافرەت لەو قۆناخەی گەشەسەندنی مرۆڤدا گرنگیی زۆری هەبووە. پەیکەری بچوکی ئافرەتان بە ڕانی ئەستور و سنگ و سکی زلەوە کە هێمای دووگیانیی بوونیان بوو ، لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان دانابوو و دەیانپەرستن و ئەو پەیکەرانە شتێکی پیرۆز بوون. لە دۆزینەوەی شوێنەوارناسییە دێرینەکاندا لەژێر خاک کە لە شوێنی نیشتەجێبوونی پێشووی خێڵە جیاوازەکاندا دۆزراونەتەوە، پێگەی ئافرەتان وەک دیاردەیەکی بەرهەمهێنەر و دروستکەر پێشاندەدات.

بۆ ئەو مەبەستە لە بەشێکی دوعا ئایینییەکانی خەڵکانی پاشماوەی ئەو سەردەمە، ئافرەتیان وەک دروستکەری مەزن پەرستووە. لە دوعا ئایینییەکانی هۆزەکانی دایکانی هیندیی بەرلە ئارییەکانی پیاوسالارییدا، بەم جۆرە بە ئافرەتدا هەڵدەدرا:

کاتێک نە دروستکەر هەبوو نە خۆر ،
نە مانگ ، نە ئەستێرە و نە زەوی ،
ئەو کاتەی کە تاریکیی لە تاریکییەوە ئاڵا بوو ،
ئەو کاتە دایک ،
کەسێک لە هیچ شێوە و سیمایەک نەبوو ،
کاها - کالی دەسەڵاتی گەورە ،
لەگەڵ ماها – کالا هەبوو[6].

---

6- Campell, Oriental Mythology, Matriarchal Civilizationof Harapa in India, “Ramakrishna. In Sex and Power in History, Amaury de Riencourt, p.165, (1974 ).

تەنانەت دوای سەردەمە سەرەتاییەکان کە خوا ئەفسانەییەکان جێی هێما سروشتییەکان و سیحر و جادوویان لە بەربەرەکانی مرۆڤ دژی سروشت گرتەوە ، ئەو خوایانە ئافرەت بوون کە بە هۆی خوا ئەسڵییەکانەوە پلەی هەرە بەرزیان پێدرابوو.

بۆ نمونە لە ئەفسانەکانی سۆمەرییدا کە یەکێک بوون لە شارستانییەکانی مێژوو، لە سەرەتای دایکایەتیدا بوون ، "نین هوردانگ" Ninhurdahng خوای گەورە، ئافرەت بوو. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خوای گەورەی ئافرەت ، دایکێکی (کچ) بووە و هەموو شتێکی لەژێر کۆنترۆڵدا بووە. لە چین لە سەردەمی "شانگ" دا ئافرەت خۆی زەوی بووە. بە بۆچوونی باو هەرچی لە زەوی ڕواوە ، بە یەکێک لە ئەندامانی جەستەی ئافرەتیان لێکچوواندووە.

## ڕۆڵی ئافرەت لە گەشەپێدانی کۆمەڵگای سەرەتاییدا

گرنگیی و دۆخی ئافرەت لەو سەردەمەدا بە تەنیا بۆ بارودۆخی بایۆلۆجی و دووگیانیی و زاوزێیان نەدەگەڕایەوە ، بەڵکوو لە بوارەکانی بەرهەمهێنان و خەبات بۆ گەشەپێدانی مرۆڤایەتیش ڕۆڵێکی گرنگتریان لە پیاوان هەبوو. لە کۆکردنەوەی دانەوێڵە و هەڵگرتنیان و بەکارهێنانی ئاگر بۆ برژاندنی گۆشت کە لە گەشەکردنی مێشکی مرۆڤە سەرەتاییەکاندا گرنگ بوو ، ڕۆڵی سەرەکییان هەبوو. دۆزینەوەی قاپی دارییین کە بەرگەی گەرمای دەگرت و بۆ چێشتلێنان و هەڵگرتن و پاشەکەوت کردنی خۆراک و دانەوێڵە لە جێی گونجاودا ، کەڵکوەرگرتن لە پێستی گیاندار و دروستکردنی جلوبەرگ و کەرەستەی چەرمیی و لەوانەش گرنگتر ، دۆزینەوەی خەڕەک بۆ ڕستنی خوری گیاندارە ماڵییەکان و دواتر دۆزینەوەی ئامێری چنین بۆ دوروونی جلوبەرگی خوریی ، بەشێک بوون لەو دۆزینەوانەی کە گەشەیان بە کاروانی شارستانیی و مرۆڤایەتی داوە و بە هەوڵی ئافرەت دۆزراونەتەوە.

ئێمە لێرەدا ئاماژەمان بۆ نمونەیەک کرد لەو دۆزینەوانە ، واتە دۆزینەوەی بەن و گوریس دەکەین کە ڕۆڵی گرنگیان هەبووە لە پیشەی چنین و گواستنەوە و دەیان دۆزینەوەی تردا ، تا بەو جۆرە گرنگیی دۆزینەوەکانی سەردەمی گەشەسەندنی مرۆڤایەتیمان بۆ ئاشکرا بێت. ئەو دۆزینەوانەی کە بە هۆی تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر بەسەریاندا ، لە لایەن مرۆڤی ئەمڕۆوە بایەخی پێشوویان نەماوە. ئافرەتان چونکە یەکەم کەس بوون لە ڕستن و چنینی جلوبەرگدا ، دۆزینەوەی "داوە بەن" و دروستکردنی گوریسیان بۆ گەڕاوەتەوە. گرنگیی ئەو دۆزینەوەیە لەو سەردەمەدا هەر وەک دۆزینەوەی ئامێری هەڵم بوو. لەو بارەیەوە "ئەلیزابێت باربەر" Elizabeth Barber دەڵێت:

**- ( نازانین دۆزینەوەی لێکئاڵاندنی داو لە یەکتر و دروستکردنی بەنی درێژتر و قایمتر بۆ کام سەردەم دەگەڕێتەوە ، بەڵام ئەوە دەزانین کە ئەو دۆزینەوەیە لە هەر سەردەمێکدا بێت ، لە ڕادەی دۆزینەوەی ئامێری هەڵم لە شۆڕشی پیشەسازییدا گرنگتر بوو. ڕێی بۆ زنجیرە دۆزینەوەیەکی بێژمار کردەوە کە بوونە هۆی کەمکردنەوەی کاتی ئیشکردن و گەشەپێدانی دەرەتانی ژیان و مانەوە. دۆزینەوەی داوە بەنی نەرم ، مەرجی پێویست و سەرەکیی بوو بۆ چنینی جلوبەرگ. لە چوارچێوەیەکی سەرەکیی تردا، گوریس بۆ بەستن و گرێدانی کەلوپەل و هەڵگرتنیان و گواستنەوەیان، هەروەها داوە بەن بۆ چنینی داوی ڕاوکردنی گیاندار، تۆڕی ماسیگرتن ، کەمەند و گوریس بۆ هەڵگرتن و بەستنەوەی گیاندار بۆ ماڵییکردنیان و تۆڕی گواستنەوەی کەلوپەل ، ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر باسی بەستنەوەی کەلوپەل و دار و درەختی ئەستور و گەورە و گواستنەوەیان بەسەر ئاودا نەکەین. بۆ نمونە تۆڕی ماسیگرتن بە ڕادەیەک کاریگەریی هەبوو لەسەر ژیانی مرۆڤ کە تەنانەت تا ئەمڕۆش کەڵکی لێوەردەگیرێت. لە ڕاستییدا ئەو گوریسە ئاساییەی کە ئەمڕۆ ئێمە دەیبینین ، لە جیهاندا بەدەست مرۆڤەوە ڕۆڵێکی ئەوەندە گرنگی هەبووە کە لەوە دەچوو حوکمی چەکێکی**

**نادیاری هەبێت کە مرۆڤ بە هۆی ئەو چەکەوە زەوی خستووەتە ژێر دەستی خۆیەوە. دۆزینەوەی داوە بەن ڕێی بۆ مرۆڤ کردەوە کە لە سەردەمە بەردیینەکانەوە توانیویەتی بۆ هەموو لایەکی ئەم زەمینە بڕوات. لەبەرئەوەیە کە ئێمە دەتوانین بە "شۆڕشی گوریس" ناوی ببەین[7].)**

هەر بەو جۆرەش دەبێت هونەری دروستکرنی سەبەتە "سەوەتە" بۆ ئافرەتان بگەڕێنینەوە کە بۆ هەڵگرتن و گواستنەوەی دانەوێڵە و کەلوپەل ، ڕۆڵی گرنگی هەبوو. گرنتر لە هەموویان دۆزینەوەی کشتوکاڵە کە ئەویش یەکێک بووە لە دۆزینەوەکانی ئافرەت و سەرچاوەی خۆراکی نوێی بۆ مرۆڤ دابینکرد. لەو بوارەشەوە ئافرەت بە کۆکردنەوەی تۆو و ڕەگی گیا و ڕوەک و دووبارە چاندنەوەیان و سەرئەنجام کەڵکوەرگرتنیان لە زەوی بۆ کشتوکاڵ ، گەشەیان بە بەرهەمی مرۆڤدا و مرۆڤایەتییان بەرەوپێش برد. کشتوکاڵ لە سەردەمە سەرەتاییەکانی شارستانییە مەزنەکاندا ، دایکایەتی خستە قۆناخێکی گرنگی مێژووییەوە. هەرچەندە نابێت ڕۆڵی ئافرەت بە هۆی پەیوەندییان بە گیا و ڕوەکەوە لە کاری پزیشکییدا لەبەرچاو نەگرین.

پیاوەکان بە هۆی سەرقاڵبوونیان بە ڕاوکردن ، ماسیگرتن ، شەڕ و دروستکردنی چەکەوە، بەگشتیی کەمتر دەپژانە سەر بەرهەمهێنان و دابینکردنی پێویستییەکانی ژیانیان. گرنگیی ڕۆڵی ئافرەت دەکرێت لە یەک دوو ڕاپۆرتی لیژنە ئایینییەکانی هۆزەکانی "ئۆرینکۆ"دا ببینین:

**- (کاتێک ئافرەتان گەنمەشامی دەچێنن ، لە هەر تۆوێک دوو ، یان سێ لاسک دەڕوێت. کاتێک "مانیۆک" Manioc دەچێنن دوو سێ ڕیشەی لێ دەڕوێت ، بۆچی؟ چونکە ئافرەتان دەزانن چۆن منداڵیان ببێت و چۆن**

---

7- ElizabetWayland Barber, “Women’s work: the first 20.000 years, Women, Cloth, & Society in early times”, p. 54.

**گەنمەشامی بچێنن و چۆن بەخێویان بکەن. کە وا بوو ڕێ بدەن ئەو گیایانە بچێنن. ئێمە بە ڕادەی ئەوان سەر لەو ئیشانە دەرناکەین[8].)**

دواتر دەگەڕێینەوە سەر دۆزینەوەی گۆزە و سورکردنەوەی لە ئاگردا. لەو بوارەشدا مرۆڤی ئەو سەردەمە دەستکەوتێکی مەزن و چاوەڕوان نەکراوی خستە دەست خۆی کە بە ڕای پیاوەکان ئاوێتەی سیحر و جادوو بوو ، بەڵام بۆ ئافرەتان ، بەدەستخستنی شارەزایی لە تێکنیک و سورکردنەوەی قوڕی خاو بوو لەناو ئاگردا. قوڕە خاوەکەیان بە شێوازی جۆراوجۆر دەردەهێنا و دەفر و کاسە و گۆزە ، یان سێرامیکیان دروستدەکرد. "چایدە" Chide سەبارەت بە دروستکردنی گۆزەی گڵ دەڵێت:

**- (دروستکردنی گۆزەی گڵ یەکێک بوو لە بەرهەمە سەرەتاییەکانی مرۆڤ کە بە گۆڕانکاریی کیمیایی لە ماددەی خاودا ئەبوو. .. جەوهەری سەنعەتی گۆزە لەوەدایە کە قوڕی خاوی گڵی سور "ڕۆس" بە شێوەی جۆراوجۆر دەردەهێنن و بە تینی ئاگر (تا 600 پلەی سانتیگراد) ئەیسوتێنن. گۆڕانکارییەکی بەو جۆرە لە گڵەوە بۆ بەرد ، لە ڕاستییدا بۆ مرۆڤی سەرەتایی لە سیحر و جادوو دەچوو... بە هۆی تینی زۆری ئاگرەوە گڵی سور نەک هەر لە بواری فیزیکییەوە قایم و بەهێز دەبوو ، بەڵکوو ڕەنگیشی دەگۆڕا[9]. لە ڕوانگەی ئەوانەوە ئەو ئیشە جۆرێک بە دنیاهێنان "خلقت" بوو. لەو ئیشە نهێنییەی ئافرەتاندا پیاو دەستی نەبوو. کاتێک ئافرەتێک گۆزەیەکی دروستدەکرد ، وەک لە دایکبوویەکی نوێ ، دەهێنایە ناو خەڵکەکە و بۆ هاندانیان ، گۆزەکەی بەرزدەکردەوە و پێشانی خەڵکەکەی دەدا و دوای وشککردنەوەی لەبەر خۆردا ، بە کەرەستەی ئیشپێکردنەکەی لە گۆزەکەی دەدا تا بزرنگێتەوە. بە ڕای**

[8]- J.Gumila, El Orinoco illustrado (1745),ii. P. 274-5. In “The MysicRose”, vol 1. p. 62, Crawley Ernest.

[9]- Childe, V. Gordon. “ Man Males Himself”, pp.26-79. In Evelyn Reed, Women’s Evolution, p119.

**ئەوان ، ئەوە دەنگی لە دایکبوویەکی تازە بوو کە قسەی دەکرد. کاتێک گۆزەکەی دەخستە ناو کورەوە ، هەندێکیش خواردنی لە لای دادەنا. ئەگەر گۆزەکە بقڵیشایە ، کە هۆیەکەی دەگەڕایەوە بۆ لم و چەوی زیادتر لە ڕادەی پێویست لە قوڕەکەدا ، دەنگێکی بڵندی لێدەهات و بە ڕای ئەوان دەنگی گریانی تازە لەدایکبووەکە بوو لەناو ئاگرەکەدا [10].)**

سیحری ئافرەتان بە تەنیا بۆ دروستکردنی گۆزە نەدەگەڕایەوە. مرۆڤە سەرەتاییەکان هەموو دیاردە سەیر و سەمەرەکانیان کە لە شارەزاییاندا نەبوو ، بە سیحر و جادوو دەزانی. لەو ڕوانگەیەوە بوو کە ئیشی پزیشکیی ئافرەتانیان وەک بەشێک لەو جادووانە دەبینی. پەیوەندیی بەردەوامی ئافرەتان لەگەڵ گیا و گوڵ و ڕوەکدا ، کەڵکلێوەرگرتنیان لە چێشتلێنان و خۆراکی منالاندا ، گەشەی بە زانیارییان دابوو ، لە ناسینی جۆری گیاکاندا و تێکەڵکردنیان لەگەڵ یەکتر بۆ دەرمان لە چارەسەرکردنی نەخۆشییەکاندا. لە ڕوانگەی دانیشتووانی ئەو سەردەمەدا سروشتیی بوو کە ئەوان بە ڕۆڵی نەخۆشیی لە کوشتنی مرۆڤدا بێئاگا بن و مەرگی مرۆڤ بە سیحر و جادووەوە ببەستنەوە و بۆ پوچەڵکردنەوەشی پەنا بۆ سیحر و جادوو ببەن. لەبەرئەوە زانیاریی ئافرەتانیان لە هەموو بوارێکدا ئاوێتەی خەیاڵ و خورافات دەکرد.

ئەو زانیارییە لە ڕێی دابەشکردنە ڕەگەزییەکانەوە لە ئیشەکاندا و ڕۆڵی ئافرەتان لە بەرهەمهێناندا کەوتبووە دەست ئافرەتانەوە. ئەو دەستکەوتانە لە هۆشمەندیی و نەسرەوتوویی ئافرەتان و لە ڕێی زانیاریی پیشەیی سەردەمەوە ، بەدەستهاتبوون و کاروانی مرۆڤایەتی بە پشتبەستن بەو زانیاریی و تێکنیکانەوە گەشەیسەند. ئەو گەشەکردنانە تەنیا دروستکردنی گۆزە و کاری پزیشکیی نەدەگرتەوە ، بەڵکوو زۆر دیاردەی تریشی بەدواوە بوو کە هەریەکێکیان بە بۆچوونی

---

[10]- George Thomson, Studies in Ancient Greek Society, vol 11, p.48. In Evelyn Reed, Women’s Evolution, p119.

ئەمڕۆ بە دۆزینەوەی مەزنی زانیاریی و تێکنیکیی دەژمێررێن و گۆڕانی مەزنیان بە دوادا هاتووە و ئافرەتان ڕۆڵی یەکەم و سەرەکییان تیادا هەبووە. ڕۆڵێک کە بووە هۆی گۆڕانی کۆمەڵگای دایکایەتی بۆ کۆمەڵگای باوکسالاریی پیاوان.

ڕۆڵی چاوەڕوان نەکراوی ئافرەتان بە تەنیا لەو دەستکەوتانەی سەرەوەدا نەبوو. هونەری سێرامیکیش دەستکەوتی ئافرەتان بوو. هونەری جوانکاریی لە ڕازاندنەوەدا بۆ یەکەم جار لە دوروونی جلوبەرگ ، چنینی سەبەتە و گۆزەکارییدا بەکارهێنرا و لە ئافرەتانەوە پەیدابوو. هەروەها کاری پێستەخۆشکردن و چەرم ، چنین و ڕستن و چنینی سەبەتەش لە لایەن ئافرەتانەوە دۆزرانەوە. جوانکارییەکانی سەر سێرامیک و گۆزە و کەلوپەلی گڵیی ، شێوەکانی دروستکردنی سەبەتە ، دورونی جلوبەرگ ، هەموویان بۆ کارە دەستییە سەرەتاییەکانی مرۆڤ دەگەڕێنەوە کە لە لایەن ئافرەتانەوە دەستیان پێکراوە و بۆ گەشەپێدانیان بە نەوەکانی دوایی سپێرراون. ڕەنگە ئەمڕۆ هەموو ئەو دۆزینەوانە ئاسایی بکەونە بەرچاو و گرنگ نەبن ، لە کاتێکدا هەریەکە لەوانە لە سەردەمی خۆیاندا گۆڕانیان بە دوای خۆیاندا هێناوە و گەشەیان بە ژیانی مرۆڤە سەرەتاییەکان داوە.

ئافرەتان لە دروستکردنی خانووبەرە و گەنجینە بۆ هەڵگرتنی دانەوێڵەشدا پێشڕەو بوون. بە شێوەیەک کە گەشەکردنی ئاوەدانییش لە سەردەمی باوکسالارییدا بە دەستکرد و هونەری ئافرەتان حساب دەکرا. لە ئایینی کۆنی جولەکەدا کە بۆ سەردەمی باوکسالاریی دەگەڕێتەوە ، ئافرەتانیان بە دروستکەری شارەکان دەناسی. لەو بوارەدا لە تەوراتدا هاتووە: "سارا" هاوسەری ئیبراهیم پێغەمبەر ، "بێن هۆرۆن" Ben-Horon ی سەروو ، "ئۆزین شێرلاخ" ، "بێن هۆرۆن"ی ئێستای دروستکردوە[11]. هەر ئێستاش لەنێوان هۆزەکانی "زونی" Zuni دا

[11]- 1 Chronicles, vii, 24.

پیاوەکان یارمەتی ئافرەتان دەدەن لە دروستکردنی خانووبەرەدا. هەروەها ئێستاش لەنێوان هۆزی "هۆپیس" Hopis دا ئافرەتان خانوو دروستدەکەن[12].

لەنێوان گوندنشینەکانی ئەمریکاشدا ئافرەتان خانوویان دروستدەکرد. لەو بوارەدا قەشەیەکی مەسیحیی لە ڕاپۆرتێکیدا سەبارەت بە ژیانی هیندییە سورەکانی ئەمریکا دەڵێت پیاوان بەشداریی دروستکردنی خانووەکانیان ناکەن و دروستکردنی خانوو ئیشی ئافرەتانە[13]. هەندێک جار ئافرەت و پیاو پێکەوە خانووبەرە مەزنەکانیان دروست دەکرد و پێکەوە تێیدا دەژیان. بەگشتیی پیاوان ئیشی قورسی وەک دانانی چوارچێوەی خاونووەکانیان دەکرد[14].

خانووی گوندنشینەکانی وڵاتی میسر و وڵاتانی تری ئافریکا لە لایەن ئافرەتانەوە دروستدەکران. تەنانەت ئێستاش ئافرەتان بەشی زۆری خانووەکان دروستدەکەن[15]. ئافرەتان لە دروستکردنی پەرستگا کۆنەکانیشدا ڕۆڵیان هەبوو. ئافرەتان بەشداریی دروستکردنی یەکێک لەو پەرستگا The Heroon of Alyottes گەورانەیان کرد کە لە دوای بیناکانی میسر و بابل ، یەکێکە لە بینا هەرە مەزنەکانی جیهانە[16].

---

[12]- Brifault Robert, “The Mothers”, vol 1, p.479.
[13]- Ibid p. 479.
[14]- Ibid p. 480.
[15]- A Horvey, “ Some types of Egyptian women.” The Cosmopolitan”, xxviii,p. 267, In Briffault Robert, “ The Mothers”, v.1.p.461-5.
[16]- Ibid.

# فەسڵی دووەم : سیستمی دایکایەتی

## بنەماڵە، Klan، یەکەی سەرەکی ئابوریی لە سیستمی دایکایەتی دا

*"ئەشق بە بنەماڵە ، گەورەترە لە ئەشقی نێوان ژن و مێردا"*
*شاعیرێکی عەرەب.*

ئەگەر لە سیستمی باوکسالاریی سەردەمی شارستانییدا خێزان بنەمای کۆمەڵگای پێکدەهێنا، لە سیستمی دایکایەتی بەرلە شارستانییدا بنەماڵە ئەو ڕۆڵەی هەبوو. هەر هۆزێک لە دوو یان چەند خێڵ پێکدەهات و خێڵ لە چەند بنەماڵە و بنەماڵە لە چەند خێزانێک. هەر وەک چۆن خێزانە سەرەتاییەکان سەربە دایکێک بوون ، بنەماڵەکانیش یەکەیەکی دایکایەتی بوون. بەو واتەیە کە هەموو ئەندامانی بنەماڵەکانیش خۆیان بە منداڵ و نەوەی ئەو دایکانە دەزانی کە خاوەنی ناسنامەی بنەماڵە بوون و هەموو منداڵەکان هی دایکی بنەماڵەکە بوون. لە ڕاستییدا هەر وەک چۆن پێشتر ڕونم کردەوە ، لە ماوەیەکی دورودرێژی ژیانی بنەماڵەکان و سیستمی دایکایەتیدا شتێک نەبوو ناوی باوک بێت. پێویستە بزانین کە منداڵ لە بنەماڵەی ئافرەتدا لە دایک دەبوو ، بە شێوەی سروشتیی هی دایکی بوو ، لە لای بنەماڵەکەشی دەمایەوە.

ئەوەی بنەماڵەی وەک یەکەیەکی یەک پارچە و بەستراو بە یەکترەوە دەهێشتەوە، بەرهەم و ئابوری هاوبەشی بنەماڵە بوو. ئابوری بنەماڵە ، وەک گژوگیا و ڕوەک و نێچیری ڕاوکراو لەنێوان هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەدا بەشدەکرا. پیاوەکان گۆشتخۆر بوون و گۆشتی نێچیرەکانیان بە خاویی دەخوارد و ئافرەتە ڕوەکخۆرەکانیش بەرهەمەکانی ڕوەک و گژوگیا.

ئەندامانی بنەماڵە یەکەیەکیان پێکدەهێنا و تاک لە بنەماڵە جیانەدەکرایەوە و بە بنەماڵەکەی دەناسرا و بە کۆمەڵیش داکۆکییان لە بنەماڵەکەیان دەکرد. دەستکەوت و بەرژەوەندەکانی هاوبەشی بنەماڵە ڕێگر بوون لەوەی کە ئەندامانی لێی جیاببنەوە. ئەگەر کەسێکیان توشی مەترسی ببووایە ، هەموو ئەندامانی بنەماڵەکە پێکەوە داکۆکییان لێدەکرد. لە جەژنەکان و ڕێوڕەسمەکان ، تەنانەت لە جۆری بیرکردنەوەکانیشیاندا هاوبەش بوون.

ئەندامانی بنەماڵە یەک پارچە بوون و بەپێچەوانەی ستروکتوری خێزان لە سەردەمی شارستانییدا کە خاوەنداریی بۆ پیاوی خێزان دەگەڕایەوە و هەموو دەسەڵاتی خێزان لە دەست پیاودا بوو ، لە بنەماڵەدا شتێکی بەو جۆرە نەبوو. جگە لە کەلوپەلی شەخسیی و کەرەستەی ئیشکردن ، تاک خاوەنی هیچ شتێکی زیادە نەبوو ، ئەندامانی بنەماڵە بە کۆمەڵ خاوەنی هەموو شتێک بوون. لە ئەنجامدا دەسەڵات و مافی کۆنترۆڵ لە دەست هەمووواندا بوو ، دەسەڵاتی هیچ کەسێک لەوی تریان زیادتر نەبوو. هەموو ئیشەکانی بنەماڵە بە باشیی بەڕێوەدەچوون و هەموو لایەک بە هەستکردنی بە بەرپرسیاریی ئیشیان دەکرد و هەموویان لە ئیشەکانیاندا خۆیان لە بەرامبەر ئەوانی تردا بە بەرپرس دەزانی. کۆمەڵ بەرپرسی دابینکردنی ئاسایش و ژیانی تاک بوو ، لەبەرئەوە هیچ کەسێک بێ جێگە ، برسی و هەژار نەبوو. هەروەها زیندان ، ئەشکەنجە ، گیرۆدەبوون لە ژیانی بنەماڵەکاندا نەبوو.

یەکەی کۆمەڵایەتی بنەماڵە ، بنەمای هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگا بوو. بۆ نمونە خێڵ یان "فراتری "Phratry لە کۆی بنەماڵەکان و هۆز لە خێڵ پێکدەهات. لە کۆنفیدراسیۆنی هۆزەکانیشدا کە سیستمێکی هەرە پێشکەوتوو بوو لە کۆمەڵگا هاوبەشە سەرەتاییەکەی سەردەمی بەرلە مێژوودا لە هۆزەکان پێکهاتبوو. بۆ نمونە هۆزەکانی " ئیریکۆیز" لە ئەمریکای باکور ، هەروەها بەرلە سەرهەڵدانی

ئیسلام عەرەبە کۆنەکانی نیوە دورگەی عەرەبیی کۆنفیدراسیۆنی هۆزەکانیان هەبوو. لەو کۆنفیدراسیۆنانەدا چەند هۆزێک بە پاراستنی سەربەخۆیی خۆیان لەگەڵ یەکتر یەکیان گرتبوو. بە هەر حاڵ بنەمای هەموو ئەوانە لە کۆمەڵگادا بنەماڵە بوو. بنەماڵە لە کۆمەڵگای هاوبەشی دایکایەتی بەرلە شارستانییدا ئەو ڕۆڵەی هەبوو کە خێزان لە سەردەمی چینایەتی و باوکسالاریی سەردەمی شارستانییدا هەیبوو.

## بۆچی ئافرەتان سەرەڕای ئاستی بەرزیان لە بنەماڵەدا ، دەسەڵاتیان بەسەر پیاواندا نەبوو؟

لە کۆمەڵگای سەرەتاییدا ، هەرچەندە لەنێوان ئافرەتان و پیاواندا ئیشەکان دابەشدەکران و هەر کەسە ئیشی جیاوازی خۆی دەکرد ، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کەسێک دەسەڵاتی بەسەر کەسێکی تردا نەبوو ، هەموو لایەک بە یەکسانیی لەگەڵ یەکتر دەژیان. هۆی ئەو دیاردەیەش بۆ نەبوونی خاوەندارییی تایبەت دەگەڕایەوە ، بەو واتەیە هەرچی هەبوو ، هی هەمووان بوو. هەموو ئەندامان پێکەوە بۆ بەدەستخستنی خۆراک و پێویستییەکانی ژیانیان هەوڵیاندەدا و بەگشتیی هەمووشیان پێکەوە بە یەکسانیی کەڵکیان لە بەرهەمەکانیان وەردەگرت. بە وتەیەکی تر چونکە بە پێچەوانەی سەردەمی شارستانیی لە بواری ئابوریدا هەموو لە پلەیەکدا بوون ، مافی سیاسی و کۆمەڵایەتییان یەکسان بوو. هیچ کەس کارکەری کەسێکی تر نەبوو ، بۆ کەسێکی تر ئیشی نەدەکرد. خەڵک بە تەواویی ئازاد و یەکسان بوون و بەو جۆرە نەبوون کە ئێمە ئەمڕۆ بیری لێدەکەینەوە و سەرۆک و باڵادەست و ژێردەستیان نەبوو.

"ڕۆبێرت بریفالت" دەڵێت لەنێوان زۆربەی هۆزەکاندا، هۆزی "ملانزیای باکور"، دانیشتووانی دوورگەکانی "بانک" Bank Island و دوورگەکانی Torres Straits Islands و دەیان جێی تر ، سەرۆکیان نیە و

خەڵکەکەیان بە تەواویی ئازادن و هیچ کەسێک لە سەروو کەسێکی ترەوە نیە[1].

فەرماندە سەربازییەکان تەنیا لە کاتی هەڵگیرسانی شەڕەکاندا دەستنیشان دەکران و بۆ خێڵ و هۆزەکان چارەنوسیی بوون و ئەرکی ئەو فەرماندانە تەنیا ڕێبەرییکردنی شەڕ بوو ، نەک بڕیاردان لەسەر درێژەدانی شەڕ ، یان ئاشتیی ، ئەو بڕیارە لە دەست ئەندامانی خێڵ و هۆزەکەدا بوو. سەبارەت بە سەرۆکی خێڵ و هۆزەکانیش بەو جۆرە بوو. سەرۆکی هۆز لەناو عەرەبەکاندا پیاوێکی پیر بوو کە شێخ ، یان مەلایان پێدەگوت و لەنێوان هۆز و خێڵەکانی تردا ناوی تریان هەبوو. ئەو سەرۆکە لە لایەن ئەندامانی خێڵ و هۆزەکانەوە هەڵدەبژێردرا و ئەرکی وتووێژ کردنی لەگەڵ هۆز و خێڵەکانی تر و چارەسەر کردنی کێشەی خوێنیی و کۆچکردن بۆ گەرمیان و کوێستان هەبوو.

لەنێوان هۆزی "ئێروگوای" لە ئەمریکای باکور ، ڕێبەران وتەبێژی خێڵ و هۆزەکانیان بوون لە وتووێژکردن لەگەڵ هۆز و خێڵەکانی تردا و ئەو وتەبێژە لەنێوان پیاوماقوڵانی هۆز و خێڵەکاندا هەڵدەبژێران. بریفالت لە زمانی "دۆنداس"وە دەڵێت دوای لێکۆڵینەوەیەکی ورد لەسەر هۆزەکانی ڕۆژهەڵاتی ئافریکا ، وەک "ئاکامبا"، "ئاکی کۆیا" و "ئاکتاکا"، سەرئەنجام بۆم دەرکەوت کە ئەو هۆزانە سەرکردە ، یان ڕێبەرێکیان بەناوی سەرۆکەوە نیە[2].

بەو جۆرە لە خێڵەکاندا دیاردەیەک بە ناوی فەرمان پێدراو و بەڕێوەبەر کە لە سەردەمەکانی دوایی و ئەمڕۆدا دەیانبینین ، لە ئارادا نەبووە. ئەندامانی هۆز و خێڵەکان بە تەواویی ئازاد و خۆبەڕێوەبەر بوون و بەبێ ئەوەی کە کەسێک دەست لە ئیش و بەرپرسیارییەکانیان وەربدات ، بە ویستی خۆیان کاریان کردووە و خۆیان لە ئیشەکانیاندا

---

1- Brefault Robert, the Mothers, vol. 1, p. 394.

2- Rndall D. Maciver and A. Wilk Livian Notes, p. 16. In Brefault Robert, the Mothers, vol. 1, p. 495.

بە بەرپرس زانیوە. لەبەرئەوە جگە لە دابونەریتی باو لەناو هۆزەکاندا کە ئەویش لەسەر بنەمای باوەڕە ڕەوشتییەکان وەستابوو، خەڵکەکە بە ویستی خۆیان دەژیان و هیچ یاسا و ڕێسایەک نەبوو کە بەزۆر ئیشیان پێبکات ، یان چەکدار بنێرێتە سەریان. واتە لە بەڕێوەبردنی ژیانی خۆیاندا بە تەواویی ئازاد بوون.

بەیانیی هەموو ڕۆژێک ئافرەتان بەگوێرەی نەریتی ڕۆژانەیان بە دوای گژوگیا و دانەوێڵە و کاروباری ترەوە بوون و پیاوەکانیش دەچوون بۆ ڕاوکردن، یان خەریکی چاککردنەوەی ئامێرەکانی ڕاوکردن دەبوون و ئەوەش کە دەستیان دەکەوت ، پێکەوە دەیانخوارد. جەژنەکان و ڕێوڕەسمی هۆزەکانیش کە هەموویان لێیان ئاگادار بوون ، لە کاتی خۆیاندا و لەژێر چاودێریی گەورەکاندا دەکران و بەشدارییان تێدا دەکرد.

کاتی سەرهەڵدانی شەڕ و ئاژاوەش لەگەڵ هۆزەکانی تر ، کەسێکی ئازا و شەڕکەریان لەناو خۆیاندا هەڵدەبژارد کە فەرماندەی شەڕەکان بکات ، یان ڕیشسپییەکی هۆزەکەیان دەنارد بۆ وتووێژ و چارەسەرکردنی ئاژاوە و شەڕەکان ، تەنانەت بەشدارییکردن لە هێزی بەرگریی هۆزەکەش ئارەزوومەندانە بوو. دوای کۆتاییهاتنی شەڕەکان ، هەر کەسە دەگەڕایەوە سەر ئیشی ڕۆژانەی خۆی. لەبەرئەوە لەنێوان سەرۆک و ئەندامێکی خێڵ و هۆزەکاندا هیچ جیاوازییەک لە بواری ژیان و هێزی ئابوریدا نەبوو. سەرۆک و فەرماندە سەربازییەکان وەک هەمووان هەمان خۆراکیان دەخوارد و لە هەمان جێ دەژیان و هیچ هێز و دەستکەوت و دەسەڵاتێکی زیادتریان لەوانی تر نەبوو.

هەموو پێکەوە بە یەکسانیی بڕیاریان لەسەر خێڵ و هۆزەکانیان دەدا. بۆ ئەو مەبەستە هەموو ئەوانەی کە باڵغ بوون بە ئافرەت و پیاوەوە ، کۆدەبوونەوە و لەسەر دیاردەکانی وەک شەڕ و ئاشتیی و کۆچ و شتی تر قسەیان دەکرد و بە مافی یەکسان بڕیاریاندەدا. بە جۆرێک کە هیچ ئیشێک بەبێ بەشداریی ئەندامانی خێڵ و هۆزەکان و بەبێ بڕیاری

ئەوان نەدەکرا. هەروەها ئەوانەی کە بۆ سەرۆکی خێڵ و هۆزەکان و فەرماندە سەربازییەکان هەڵدەبژێران ، تەنیا کاری نوێنەرایەتیکردنیان هەبوو. واتە لە خۆیانەوە خاوەنی هیچ دەسەڵاتێکی تایبەت نەبوون ، ئەگەرنا لە لایەن ئەندامانی خێڵ و هۆزەکانەوە بەلاوەدەنران. لەگەڵ ئەوەشدا هەموو تاکێک دەیتوانی بەبێ هیچ مەرج و بەرگرێک خۆی بۆ سەرۆک و پلە باڵاکان بپاڵێوێت.

هەموو ئیشەکانی خێڵ و هۆز ئارەزوومەندانە و بە هەستکردن بە بەرپرسیارییەوە دەکران. نە زیندان هەبوو نە پۆلیس و گوشارهێنان بۆ سەر کەسێک ، ڕاستیی لە ئیشکردندا بنەمای ژیانیان بوو. لە کۆمەڵگایەکی بەو جۆرەدا، ڕێز و کاریگەریی کۆمەڵایەتی تاکەکان ، لە دەسەڵاتی ئابورییەوە نەبوو ، ئەگەر کەسێک ڕێزی پتری لێبگیرایە ، ئەوە بۆچوونی تاکەکان بوو ، نەک شتێکی تر. بۆ نمونە هەر وەک پێشتر بینیمان ، چونکە ئافرەتان دروستکەری مرۆڤ بوون ، یان بە بۆچوونی پیاوەکان ، لەگەڵ هێزەکانی سروشت پەیوەندییان هەبوو ، کۆنترۆڵیان دەکردن ، کاریگەرییەکی پتریان لە پیاوان هەبوو. هەروەها بە هۆی دابەشکردنی ئیشی ڕەگەزییەوە ، واتە جۆری ئیشەکانیان کە ببووە هۆی دۆزینەوەی پتر لەوانەی پیاوان ، پتر ڕێزیان لێدەگیرا. "مۆسکۆڤیسکی" دەڵێت:

**- (لەناو هۆزەکانی "گۆیانای نوێ" دا ئافرەتان لەجیاتی پیاوەکان پێشوازییان لێکردین. پیاوە ئازاکانیان لە ترسان دەلەرزین و لە پشت هاوسەرەکانیاندا خۆیان شاردبووەوە[3].)** بریفالت دەڵێت: **(ئافرەتان بەگشتیی لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا بە هۆی ئیش و هەلومەرجیانەوە ، زانیاریی پتریان لە پیاوان هەبوو ، پلەی باڵای کۆمەڵگایان پێکدەهێنا- ئەمە ڕای زۆربەی مرۆڤناسەکانە لەسەر کۆمەڵگا**

---

3- M. Oszkowski, ”Die Volkerstamme am Mamberamo in Hollandisch-Neuguinea” Zeitschfrift fur Ethnologie, xliii, p. 338, In Brefault Robert, the Mothers, vol. 1, p. 490.

**سەرەتاییەکان و ئەمڕۆ- بە جۆرێک کە دانیشتووانی گوندە سەرەتاییەکان بۆ ڕاوێژکردن دەچوونە لای ئافرەتان[4].)**

لە ڕاستییدا نەبوونی خاوەندارییی تایبەت ڕێگر بوو لەوەی کە دانیشتووان لە بوارەکانی فیزیۆلۆجی ، هونەریی و بەرهەمهێناندا بەسەر یەکتردا زاڵ ببن و نەیدەهێشت لە ڕێی ئابوری بەرزەوە دەسەڵات بەسەر یەکتردا پەیدا بکەن. لەبەرئەوە ڕێبەران و سەرۆکی هۆز و خێڵەکان پتر لەنێوان ئەندامانی بە تەمەن و خاوەن ئەزموندا هەڵدەبژێردران. بەو هۆیەشەوە بوو کە لە لایەن ئەندامانی هۆز و خێڵەکانەوە ڕێزی زیادتریان هەبوو و سەرنجی پتریان پێدەدرا.

هەرچەند ئافرەتان لەو هەلومەرجەدا ڕێزێکی زیادتریان لە پیاوان هەبوو ، بەڵام هەرگیز ئەو ئاستە بەرزەیان بە هۆی باڵادەستییان بەسەر پیاوانەوە نەبوو. لە ڕاستییدا لە کۆمەڵگای سەرەتاییدا کۆنترۆڵکردن واتەیەکی نەبوو. هەموویان پێکەوە یەکسان بوون ، بەڵام ئافرەتان ڕێزێکی باڵاتریان هەبوو. جیاوازیی ئەو دیاردەیە لەگەڵ سەردەمی باوکسالارییدا ، وەک جیاوازیی نێوان زەوی و ئاسمان بوو. دەسەڵاتی پیاوان بەسەر ئافرەتاندا لە کۆمەڵگای باوکسالارییدا بۆ سەرهەڵدانی دەسەڵاتی ئابوری تایبەت دەگەڕایەوە کە بە دەست پیاوانەوە بوو.

## ئایا سیستمی دایکسالاریی هەبووە؟

لە مێژوودا هەرگیز سیستمی دایکسالاریی نەبووە. کۆمەڵگاکانی بەرلە شارستانیی و بەتایبەتیی هەموو کۆمەڵگا سەرەتاییەکان ، دایکایەتی بوون. هۆی بەکارنەهێنانی وشەی دایکسالاریی بۆ ئەو کۆمەڵگایانە بۆ ئەو مەبەستە دەگەڕێتەوە کە لەو کۆمەڵگایانەدا پەیوەندیی

4- Brefault Robert, the Mothers, vol. 1, p. 490.

دەسەڵاتداریی لەنێوان ئافرەتان و پیاوانی ئەو کۆمەڵگایانەدا نەبووە. هەر وەک پێشتر ئامازەم بۆ کرد. بەپێچەوانەی کۆمەڵگاکانی سەردەمی شارستانیی ، هەموو تاکەکان لەو کۆمەڵگایانەدا لە بەرامبەر یەکتردا ئازاد و یەکسان بوون. لەو کۆمەڵگایانەدا هەرچەندە ئافرەتان دۆخی باڵاتریان لە پیاوان هەبووە و ڕێزی پتریان لێگیراوە ، بەڵام ڕێزگرتن و دۆخی باڵای ئەوان بەستراوەیی ئابوری و دەسەڵاتی داسەپێنەری لە پشت نەبووە و لە ڕووی باوەڕەوە بووە نەک خاوەنداریی و دەسەڵاتی ئابوری ئافرەتان بەسەر پیاواندا.

دایکسالاریی بە هۆی پایەداریی ئافرەتانەوە ، دژی وشەی باوکسالارییە کە بە دروستیی بە واتەی دەسەڵاتداریی پیاوان بەسەر ئافرەتاندا هاتووە و ئەو دوو زاراوەیە لە واتەدا دژ بە یەکترن. بە وتەیەکی تر ئەگەر بمانەوێت وشەی "سالار" لە ڕووی مادیی و مەعنەوییەوە هەڵبسەنگێنین ، ئەوا دەردەکەوێت کە دژ بە یەکترن ، چونکە ئەو دوو سیستمە بە هیچ جۆرێک نزیکایەتییان لەگەڵ یەکتر نەبووە. لە سیستمی دایکایەتیدا ئافرەتان بە یەکسانیی لەگەڵ پیاواندا ژیاون و لە سیستمی پیاوسالارییدا پیاوان خاوەن دەسەڵات بوون بەسەر ئافرەتاندا. جیاوازیی نێوان ئەو دوو سیستمە لەوەدا بوو کە لە کۆمەڵگای سەرەتایی و دڕندەییدا ، ئافرەتان و پیاوان یەکسان بوون و پەیوەندیی یەکسان و مرۆڤانەیان پێکەوە هەبوو ، بەڵام لە کۆمەڵگای شارستانییدا پەیوەندیی نابەرامبەر و چەوسێنەر و دوژمنانە. ئەوەی یەکەمیان کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتی بە شێوەیەکی سەرەتایی و دڕندانە و ئەوەی دووەمیان کۆمەڵگایەکی دڕندانە بەڵام بە شێوەیەکی شارستانییانە.

## سیستمی دایكایەتی لە كۆمەڵگای بەرلە شارستانییدا

یەكەم كۆمەڵگای مرۆڤایەتی دایكایەتی بووە و هەموو گروپەكان چ ئەوانەی بە شێوازی سەرەتایی دەژیان و چ ئەوانەش كە گەشەیان كردبوو و لە بنەماڵە و خێڵ و هۆزەكاندا یەكیان گرتبووەوە ، دایكە گەورەیەك سەرچاوەكەیان بوو. ئەوە جێی سەرسوڕمان نەبوو ، چونكە لەو سەردەمەدا هێشتا مرۆڤ نەیدەزانی كە پیاویش ڕۆڵی هەیە لە دروستكردنی مناڵدا. یەكەم گروپی مرۆڤ خێزان بوو كە لە دایك و مناڵانی پێكدەهات ، چونكە لەگەڵ براكانیان لە دایكێك بوون ، ئەوانیشیان لە گروپی خۆیاندا وەرگرت و ئەوانیش بوون بە ئەندامی ئەو گروپە و بە كۆی خۆیان بنەماڵەیان پێكهێنا.

لەو بنەماڵانەدا كە لەسەر بنەمای دابەشكردنی ئیش دانرابوو، بە گشتیی ئافرەتان لەگەڵ مناڵەكانیان بە جیا لە پیاوان دەژیان و ئیشیان دەكرد. لەو دابەشكردنە ڕەگەزییەدا چونكە ئافرەتان بە هۆی دووگیانیی بوون و بەخێوكردنی مناڵی بچوكەوە نەیاندەتوانی لەگەڵ پیاوەكان بەشداریی ڕاوی درێژخایەن بكەن كە هەندێك جار چەند مانگێكی دەخایاند ، لە ماڵەوە دەمانەوە و خەریكی بەخێوكردنی مناڵ و خزمەتكردنی بەساڵداچووان و كۆكردنەوەی گژوگیا و دانەوێڵە دەبوون. دواتر لە قۆناخی گەشەسەندی پتری كشتوكاڵدا ، بەو ئیشە ڕادەگەیشتن و پیاوەكانیش بە هۆی شێوازی بایۆلۆجییانەوە دەچوون بۆ ڕاو ، یان بەشداریی شەڕەكانیان دەكرد. دیارە ئەوە بەو واتەیە نەبوو كە ئافرەتان نەیاندەتوانی بچن بۆ ڕاو. ئەوانیش هەندێك جار لەگەڵ پیاوەكان بەشداریی ڕاویان دەكرد. ئێستاش لە هەندێك هۆزدا ئافرەتان بە شێوەی سەربەخۆ ، یان لەگەڵ پیاوان دەچن بۆ ڕاو ، یان ئیشی كشتوكاڵ دەكەن[5]. نەچوونیان بۆ ڕاو لە لاوازیی فیزیكییانەوە نەبوو ،

---

[5]- بەشێك لەو هۆزانە بە شێوەی خوارەوە بوون: Mbuti, Tiwi, Ojibwa, Ainu, Western Australian Aborgines, Matses of Peruvian Amazon, Hunter-Gatheres tribes of Thilipine, pinatubo Negritos of the Zimbales mountain of weatern Luzon, the Agas

بەڵکوو بە هۆی دووگیانیی و بەخێوکردنی منداڵەوە بووە. لەناو ئەو بنەماڵانەدا ئافرەتان جێی جیاواز ، ئیشی جیاواز ، تەنانەت خواردنی جیاوازیان هەبوو. پێکەوە لەگەڵ منداڵەکانیان بە کۆمەڵ دەژیان و گژوگیایان دەخوارد و پیاوەکانیش گۆشتی ماسی و گیانداران. لەبەرئەوە ئافرەتان و منداڵەکانیان گیاخۆر و پیاوەکان گۆشتخۆر بوون. کچان هەمیشە لەگەڵ دایکەکانیان دەژیان و کوڕەکانیش دوای تەمەنێکی دیارییکراو دەگوازرانەوە بۆ شوێنی تایبەتیی خۆیان و لەوێ بۆ شەڕ و ڕاوکردن ڕادەهێنران.

دەتوانین نمونەی ئەو شێوە ژیانە لەناو خێڵی "ماسای" Massai لە ڕۆژهەڵاتی ئافریکادا ببینین ، هەرچەندە ئەو خێڵە ئاژەڵدارە و قۆناخێک لەپێش ڕاوکەرەکانەوەیە. "برانیسلاڤ مالینۆڤیسکی" لە کتێبەکەیدا لە ڕوانگەی "جەیمز فریزەر"ە کە بۆ لێکۆڵینەوە لەناو ئەو خێڵەدا ژیاوە، دەنوسێت:

**- (ئیشی سەرەکیی ئەو خێڵە کە لەسەر بەرزاییەکانی ڕۆژهەڵات ئافریکا نیشتەجێیە ، ئاژەڵداریی و شەڕە. هەموو پیاوەکانی ئەو خێڵە لە تەمەنی نێوان باڵغ بوون و هاوسەرگیرییدا لە کۆمەڵگەیەکی جیاوازدا کۆدەکرێنەوە و لەوێ لەگەڵ ئامادەکارییەکانی بەشداریی کردن لە شەڕدا ڕادەهێنرێن. لە بواری سێکسییەوە بە تەواویی ئازادن و دەتوانن لەگەڵ هەر یەکێک لە کچانی خێڵەکەیان پەیوەندیی سێکسی پێکبهێنن. لە سیستمێکی ئازاد و دیموکراتییدا پەیڕەوی لە هەڵبژاردن دەکەن و سەرۆکێکی هەڵبژێراویان هەیە کە کاروباری خێڵەکە بەڕێوەدەبات و فەرماندەیی شەڕەکان دەکات. چەکەکانیان لە نێزە و شمشێری ئاسن پێکهاتووە و ئێستاش بۆ داپۆشینی جەستەیان کەوڵی**

---

.Luzon and Cayagan provinces of Philipine. In Letitia A. Peplau, of northeastern Sheri Chapman De Bro, Rosemary C. Veniegas, Pamela L. Taylor, ”Gender Culture, and Ethnicity: Current Research About Women and Men”, p. 63.

**مەڕ و بزن بەکاردەهێنن. پیاوەکانیان گۆشت و شیرەمەنی دەخۆن و خواردنی سەوزە و گژوگیاش بۆ ئافرەتان بە باش دەزانن. ڕایان لەسەر کشتوکاڵ نیە. بە وتەی یەکێک لە ئەندامانی ئەو خێڵە "زەوی دایکە" و خۆراکی هەموو ئاژەڵەکانیان دابیندەکات و بە ڕادەی پێویست شیریان دەداتێ. بەو پێیە چاک نیە کە جەستە بریندار بکرێت و دانەوێڵەی لێ بچێنن[(6)].)**

نمونەی ئەو بە جیا ژیانە لەنێوان هۆزی "ئاراندا" Aranda لە کۆنگۆی سەروودا دەبینرێت. ئافرەتان و پیاوانی ئەو هۆزە لە گوندی جیاواز و دور لە یەکتر دەژین. واتە پیاوەکان پێکەوە لە گوندێک دەژین و ئافرەتانیش لە گوندێکی تر[(7)]. لە گوندەکانی دورگەی "ئادمیرالتی" خانوویەک بۆ ئافرەتان تەرخانکراوە و پیاوانیش لە خانوویەکی جیاوازدا پێکەوە دەژین[(8)].

بە چاک نەزانینی خواردنی گۆشت لە هەندێک لە ئایینە کۆنەکانیشدا ، ڕەنگە بە پشتبەستن بە نەریتە کۆنەکانی گیاخۆریی لە سیستمەکانی دایکایەتی و جیاوازیی خۆراک لەنێوان دوو ڕەگەزدا هاتبێت[(9)]. بۆ نمونە لە ئایینی زەردەشتدا کە یەکێکە لە ئایینە زۆر دێرینەکان ، خواردنی گۆشت بە شیاو نەزانراوە. خواردنی گۆشتیان بۆ فریوی شەیتان "ئەهریمەن" گەڕاندووەتەوە. لە داستانی "مەشی و مەشیانە"دا کە لە ئایینە سامیەکاندا بە "ئادەم و حەوا" نوسراوە! ، دەڵێت **(بە هۆی کارتێکردنی شەیتان لە مەشی و مەشیانە ، فریودران و سەرپێچیان لە فەرمانی خوا "ئاهورامەزدا" کرد و گۆشتیان خوارد.)**

---

[6]- Malinowski, Branislaw, sex, Culture and Myth, p. 174, 1962.
[7]- G. Burrows, "On the Upper Welle District of the Belgian Congo, "Journal of the Anthropological Institute, xxciii, p. 14, In Brefault Robert, the Mothers, vol. 1, p. 513.
[8]- H. N. Moseley, "the Inhabitants of the Admiralty Islands", J.A.I (1877), vi. P. 314. In Crawley, Ernest, the mystic Rose, vol, 1, p. 47-48.
[9]- بندهش لاپەڕەی 81-82 لە ستارە میهن فەر ، ئەفسانەی ضحاک و فەریدون ، لاپەڕەی 69.

هەروەها لە ئایینی "جینیزم" کە لقێکی"هیندویزم"ە[10] و ئایینی "مانی"[11]دا خواردنی گۆشت بە ناپەسەند زانراوە. بەگوێرەی داستانە ئەفسانەییەکانی ئێرانیش ، یەکێک لە هۆیەکانی جیابوونەوەی "فرە"[12] لە جەمشید ، دژی خواردنی گۆشت بووە[13].

جیاوازیی لەنێوان خواردنەکاندا ، تەنانەت ئەمڕۆش لەناو ئافرەتان و پیاوانی ئەو گوندانەدا دەبینرێت کە بە شێوەی سەرەتایی دەژین. لەنێوان "براکان" Brakan لە ڕۆژهەلاتی ئافریکادا ئافرەتان لەگەڵ مێردەکانیان چێشت ناخۆن. ژن و مێردی "فولایی" لە ئافریکا ، ژن و مێرد لە "شانتی" ، لە "سنە گامبیا" ، لە "نیام نیام" و "باڕائا" پێکەوە چێشت ناخۆن[14].

دابەشکردنی ئیشی ڕەگەزیی وەک هەموو دابەشکردنێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی لەنێوان تاکەکان و ڕادەی توانایان و ئەنجامێکی جیاوازی لێوەردەگیرێت. هەر وەک لە دابەشکردنی ئیشی ڕەگەزییدا ئافرەتان خۆراکی پتر و بە متمانەتریان لە پیاوان بەرهەم دەهێنا.

هەڵگرتن و هێشتنەوەی دانەوێڵە بۆ ماوەیەک ، بەپێچەوانەی گۆشتەوە کە هەڵنەدەگیرا ، خۆراکێکی باش بوو بۆ خەڵکانی ئەو سەردەمە. هەروەها پیاوەکان بە زەحمەت دەیانتوانی خۆراکی خۆیان بەدەستبهێنن ، کەچی ئافرەتان سەرەڕای پەیداکردنی خۆراکی خۆیان ، خواردنی منداڵەکانیشیان دابیندەکرد. ئەو دیاردەیە بەتایبەتیی لە سەردەمە سەرەتاییەکانی ژیان و دۆزینەوەی کشتوکاڵدا ، گرنگیی زۆری هەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئافرەتان بە هۆی جیاوازەوە ، گرنگیی زۆر و

10- تاریخ جامع ادیان، لاپەڕەی 173 ، ستارە میهن فەر ، ئەفسانەی ضحاک و فەریدون ، لاپەڕەی 68.

11- مازهای راز، لاپەڕەی 29 ، ستارە میهن فەر ، ئەفسانەی ضحاک و فەریدون ، لاپەڕەی 68.

12- ئاوێستا بەرگی یەکەم لاپەڕەی 25 ، گاهانهات ، لاپەڕەی 24 بەندی 8 ، ستارە میهن فەر ، ئەفسانەی ضحاک و فەریدون، لاپەڕەی69- 70.

13- هێمای ئیلاهی.

14- Crawley, Ernest.

ڕۆڵی باڵاتریان لە پیاوان هەبوو لە ئابوری بنەماڵە و خێڵەکانیاندا ، بەڵام بە هۆی نەبوونی خاوەنداریی تایبەتەوە ، ڕۆڵیان لە بەرهەمهێناندا نەدەگەڕایەوە بۆ دەسەڵاتیان بەسەر پیاواندا ، چونکە نزمبوونی پلەی بەرهەم ڕێی نەدەدا کە شتێکی زیادە لە بەرهەم بمێنێتەوە و لە کاتێکی بەوجۆرەشدا چونکە خاوەنداریی تایبەت نەبوو ، هەموو پێکەوە کەڵکیان لە بەرهەمە زیادەکان وەردەگرت. بەرهەمی تاک و گروپەکان هی هەمووان بوون و ڕادەی زۆری بەرهەم نەدەبووە هۆی بەرزکردنەوەی ڕادەی دەسەڵاتی ئابوری زیادتری تاکەکان بەسەر یەکتردا. ئەو دیاردەیە جیاوازیی هەبوو لەگەڵ سیستمی کۆمەڵگای شارستانیی کە تاکەکان بە ڕادەی دەسەڵاتی بەرهەمهێنانیان ، پلەی دەسەلاتی ئابوری و سیاسییان بەرزدەبووە. ئەو بەرزبوونەوەیەش خۆی لە نابەرامبەرییەکی کۆمەڵایەتیدا دەبینییەوە و بەرە بەرە پەرەی دەسەند.

# فەسڵی سێیەم: سێکس لە کۆمەڵگای سەرەتاییدا

## ئایا تێکەڵاویی سێکسیی لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا ئازاد بوو؟

بەڵێ. لە سەرەتادا لەنێوان یەکەم گروپەکانی مرۆڤدا کە لە دایک و منداڵەکانی و خوشک و براکان پێکدەهات ، هیچ بەرگرێکی سێکسیی نەبوو. نەک هەر خوشک و برا لەگەڵ یەکتر تێکەڵاویی سێکسیان هەبوو ، بەڵکوو ئەو پەیوەندییە لەنێوان دایک و کوڕەکانیشدا ئازاد بوو. ئەگەر نەمانەوێت ئاماژە بۆ شوێنەوار و پاشماوەکانی ئەو شێوە تێکەڵاوییە بکەین ، دەتوانین دواتر ئەو شێوە پەیوەندییە لەنێوان یۆنانییەکان ، ڕۆمییەکان ، ئێرانییەکان ، تۆرانییەکان ، هونەکان و ... تدا ببینین. ئەو تێکەڵاوییە تا کۆتایی سەدەی 19 زایینیش لەنێوان هۆزەکانی "کادیاک" Kadiak لە تەنگەی "بۆغاز"ی "بەرینگ" Behring لە ناوچەکانی ناوەندیی ئەمریکای باکوری سەربە بریتانیا بەردەوام بووە. دەتوانین لەو بارەیەوە کۆمەڵێک ڕاپۆرتی Letourneau دەربارەی سورپێستەکانی "چیپیوا" Chippewa ، "کوکوس" Cucus لە چیلێ ، "کاریب" Carib و "کارەن" Karen لە بێرمەدا ببینین(1).

دیارە ئازادیی سێکسیی تەنیا لە قۆناخەکانی سەردەمە سەرەتاییەکاندا هەبووە و دواتر سنوری بۆ دانراوە. یەکەم سنوردانانی ئەو تێکەڵاوییە لەنێوان دایک و منداڵەکانیدا و دواتریش لەنێوان برا و خوشکەکاندا بووە. بەر لەو سنوردانانە منداڵ هی هەموو پیاوان و ئافرەتان بوون و هەموو ئەندامانی خێزان بە دایک و باوکی منداڵان زانراون.

---

1- Bancroft, Hubert, ”the Native Races of the Pacific States of North America, 1875, vol. 1. In Frederick Engles, ‘The Origin of the Family, Private Property and the State, 1942, p. 31.

کاتی یاساخکردنی تێکەڵاویی سێکسی لەنێوان دایک و باوک و منالاندا ، ئەو تێکەڵاوییە لەنێوان خوشک و براکاندا ئازاد کراوە ، بەڵام دواتر ئەویشیان یاساخ کردووە و لە ئەنجامدا پیاوان و ئافرەتانی خێزان کە خوشک و برا ، دایک و باوک بوون ، ناچار بوون کە بۆ سێکس ، بەرامبەرەکەیان لە دەرەوەی خێزانەکەیان دیاریی بکەن. لەو قۆناخەدا بوو کە خێزان لە دەرەوەی ئەندامانیدا هاوسەرگیریی کرد و سێکس لەنێوان تەنیا دوو کەسدا ، جێی تێکەڵاویی سێکسیی بەکۆمەڵی گرتەوە. تێکەڵاویی سێکسیی لەناو خێزاندا بە تەواویی یاساخکرا.

ئێستاش دەتوانین شوێنەواری تێکەڵاویی سێکسیی ئازاد لەنێوان مرۆڤە سەرەتاییەکاندا لەنێوان هۆزە کۆنەکاندا ببینین. لەو بارەیەوە "بانکرۆفت" Bancroft[2] لە ڕاپۆرتەکانیدا سەبارەت بە سورپێستەکانی کالیفۆرنیا لە کۆتایی سەدەی 19دا دەنوسێت: **(ئەو هۆزانە ساڵی جارێک پێکەوە کۆدەبنەوە و جەژن دەکەن. ئامانجی ئەو جەژنانە سێکسی ئازادە لەنێوان ئافرەتان و پیاوانی ئەو هۆزە سورپێستانەدا.)** هەروەها ئەو دابە بە لایەنی کەمەوە تا کۆتایی سەدەی 19 لەناو هۆزەکانی وڵاتی ئوستورالیاشدا باو بووە. لە هەندێک کۆمەڵگای تریشدا ، پیاوانی بەتەمەنی وەک سەرۆک ، جادووگەر و قەشەکان کۆمەڵێک ئافرەتیان لەژێر دەستدا هەبوو. ئەو ئافرەتانە لە جەژن و کۆبوونەوە گشتییەکاندا ئازادبوون کە لەگەڵ پیاوانی گەنج بنوون. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکانی "وێستێرمارک" Westemark لە کتێبەکەیدا "مێژووی هاوسەرگیریی مرۆڤ" ، 1981 ، لاپەڕەی 28 و 29 ، لە هیندستان و ئافریکاش ئەو ڕێورەسمە هەبووە. تێکەڵاویی گروپیی ، یان سێکسی ئازاد کە لە جەژنەکانی ساڵانەدا دەکران ، پاشماوەی تێکەڵاوییەکانی

---

2- ئاکتەری فیلمە ئەمریکییەکان، ساڵی 2005 بە نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی‌کرد- وەرگێڕ.

گروپیی سەردەمەکانی کۆن بوون کە تا ساڵانی کۆتایی سەردەمی بەربەریی هەبوون[3].

دیارە هەرگیز نابێت ئەوە لەبیر بکرێت کە سەختگیرییەکانی سێکسی گروپیی لەنێوان خێڵە سەرەتاییەکاندا لە دید و بۆچوونی ئەوانەوە بووە ، بەڵکوو ئامانج لەو سنوردانانە بە بۆچوونی ژمارەیەک مرۆڤناس بە هۆی گواستنەوەی پەیوەندیی سێکسیی بووە لەناو خێزانەوە بۆ دەرەوەی خێزان بە مەبەستی پێکهێنانی پەیوەندیی دۆستانە و ئاشتییخوازانە لەنێوان بنەماڵە ، خێڵ و هۆزەکاندا. چونکە هەرچەندە سێکسی بەکۆمەڵ تەنگتر دەبووەوە ، تێکەڵاویی و پەیوەندیی لە دەرەوەی گروپەکاندا بەهێزتر دەبوو. ئەوەش خۆی لە خۆیدا دوژمنایەتی لەنێوان خێڵ و هۆزە دوژمنەکاندا دور دەخستەوە. لەو ڕوانگەیەوە زۆربەی مرۆڤناسەکان ، لەوانە "تایلۆر" Talor لەو باوەڕەدا بوون کە هاوسەرگیریی لە دەرەوە بەرگریی لە نەمانی هۆزەکان کردووە و یەکیەتی لە نێوانیاندا پێکهێناوە و مانەوەیانی مسۆگەر کردوە[4].

یاساخکردنی تێکەڵاویی سێکسی بە ڕادەیەک جیددیی بوو کە لە زۆربەی کاتەکاندا پەیوەندیی ئاسایی ناو خێزانیشی لە جەژنەکاندا گرتبووەوە. ئەندامانی خێزان هەندێک جار لە جەژنەکاندا مافی قسەکردن ، تەنانەت سەیرکردنی یەکتریشیان نەبووە. لە "نییوکاڵدۆنیا" خوشک و برا لە دوای باڵغ بوونیان لە شوێنە گشتییەکاندا پێکەوە قسەیان نەدەکرد ، تەنانەت ئەگەر کەسێکیشیان لەگەڵ بووایە و توشی یەکتر ببوونایە ، دەبووایە کچەکە لا بدات و ڕێی خۆی بگۆڕێت ، ئەگەرنا دەبووایە دابنیشتایە و سەری بخستایەتە سەر زەوی[5].

---

3- Frederick Engles, 'The Origin of the Family, Private Property and the State, 1942, p. 44.

4- Sir E. B. Talor, "A Method of Investigating the Development of Institutions", F. A. I. (1889), xviii, p. 267. In Ernest Crawley, the Mystic Rose, vol. 2, p. 242.

5- V.de Rochas, La Nouvelle Calodenie et ses Abitants (1862), p. 239. Ernest Crawley, the Mystic Rose, p. 262-3.

لە دورگەی "هەرڤی" Hervey Islands کوڕی یەکەمی خێزان مافی ماچکردنی خوشکی خۆی نەبوو[6]. لە "سیلان" کاتێک کچ باڵغ دەبوو ، باوکی مافی بینینی نەبوو. هەروەها دایک و کوڕیش نەیاندەتوانی یەکتر ببینن[7]. لە دورگەی "سۆسایتی" و "ساندویچ" هەر کە کوڕەکان دەیانتوانی بۆ خۆیان نان بخۆن ، لە دایکیان دور دەخرانەوە و لە تەمەنی هەرە منالییەوە ڕێیان لە خوشک و برا دەگرت کە پێکەوە نان بخۆن[8].

خێزانەکان کە دواتر بە هۆی هاوسەرگیریی لە دەرەوەی خێزاندا پێکەوە گرێدران و بنەماڵەیان دامەزراند ، تێکەڵاویی سێکسیی لەنێوان ئەندامانی بنەماڵەدا شێوازێکی تری وەرگرت. لەو چوارچێوەیەدا کوڕان و کچانی خێزان لەگەڵ کوڕان و کچانی خێزانێکی تری بنەماڵەکەیان کە پورزا ، ئامۆزا و خاڵۆزای و... تد بوون پەیوەندیی سێکسییان پێکهێنا.

سەرەڕای ئەوە هێشتا بنەماڵە پێکنەهاتبوو کە پەیوەندیی سێکسیی دوو کەسیی دامەزرابوو ، بەڵام ئەو ئافرەت و پیاوە پێکەوە لە ماڵێکدا و لەژێر بنمیچێکدا نەدەژیان. بە وتەیەکی تر ئەو پیاوەی کە لە بنەماڵە، خێڵ یان هۆزێک ، لەگەڵ ئافرەتی بنەماڵە ، خێڵ یان هۆزێکی تردا پەیوەندیی سێکسیی دادەمەزراند ، بە هاوجوتی ئەو ئافرەتە دەژمێرا ، بەڵام هەر یەکەیان لە لای بنەماڵە و هۆزی خۆیان دەمانەوە.

---

6- Ernest Crawley, the Mystic Rose, p. 262.

7- “The Weddos”, transactions of the Ethnological Society of London, (1865), n.s, iii, 71. In Ernest Crawley, the Mystic Rose, vol. 1, p. 263.

8- W. Eliss, Narrative of a Tour through Hawaii (1826), p. 368. In Ernest Crawley, the Mystic Rose, vol. 1, p. 263.

## تێکەڵاویی دوو کەسیی و دیاردەی هاوسەرگیریی

لە ڕابوردوودا کە سێکسی بەکۆمەڵ لەناو هۆزە سەرەتاییەکاندا هەبوو ، تەنانەت ماوەیەک پاش ئەویش لە قۆناخی تێکەڵاویی دوو کەسییدا ، دیاردەیەک بە ناوی هاوسەرگیرییەوە لە ئارادا نەبوو. هاوسەرگیریی لەناو کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا دیاردەیەکی نەناسراو بوو، لە ڕاستییدا لە سالانی کۆتایی سەردەمی بەربەرییدا سەریهەڵدا. لەگەڵ ئەوەشدا دیاردەی هاوسەرگیریی لەخۆیەوە و بە شێوەیەکی کتوپڕ ڕووینەدا. پێشتریش لە سەردەمی بەربەرییدا ، پەیوەندیی سێکسیی دوو کەسیی لەناو پیاوان و ئافرەتاندا هەبوو. لەوێوە کاری کردە سەر تێکەڵاویی گروپیی و دیاردەی هاوسەرگیریی. یەکەم کاریگەریی ئەوە بوو کە تێکەڵاویی سێکسیی لەنێوان گروپەکاندا پەیوەندییەکی کاتیی بوو. بەو وتەیە ئەوان دور لە یەکتر و لەناو بنەماڵەی جیاوازدا دەژیان. نەبوونی دەرەتانی پێکەوە مانەوەی جوتەکان لە لای یەکتر بە هەڵکەوت ، یان ئارەزوومەندانە نەبوو، بەڵکوو هۆی تایبەتیی خۆی هەبوو.

## چۆن تێکەڵاویی گروپی جێی خۆی دا بە تێکەڵاویی دوو کەسیی؟

لە ڕابوردوودا سێکسی بەکۆمەڵ بە کردەوەیەکی زۆر سروشتیی دەبینرا ، چونکە هەموو ئەندامانی گروپەکان تێکەڵاویی سێکسییان پێکەوە هەبوو ، هیچ کەس ئەندامی خێزانێکی تایبەت نەبوون ، بەڵام ئێستا پیاوان و ئافرەتان ئەندامی خێزانێکی جیاوازن. بەستراوەیی بەو خێزانانەوە بە ڕادەیەک بەهێز بووە کە هیچ تاکێکی بنەماڵە نەیتوانیوە دور لە خێزانەکەیەوە بە جیا و سەربەخۆ بژی. هەرچەندە تاکی خێزان مافی هەبووە هەر کاتێک بیەوێت لە خێزانەکەی جیاببێتەوە و ئەوە یەکێک بووە لە تایبەتمەندییەکانی ژیانی

هاوبەشیی ئەو سەردەمە ، بەڵام ئەو تاکە ناچار بووە بۆ مانەوەی خۆی، دەستبەجێ بچێتە لای خێزانێکی تر و داوا بکات کە لە لای ئەوان بمێنێتەوە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتی "ڕۆبەرت سۆن" ئەو دیاردەیە لەناو عەرەبەکاندا بە فرەوانیی ڕوویدەدا. بەو جۆرە بنەماڵە هەموو شتێکی تاک بووە و تاک بەبێ بنەماڵە دەرەتانی ژیانی نەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا ، تاک لە دەرەوەی بنەماڵەدا بە بەردەوامیی لە مەترسی مەرگدا بووە ، هەروەها کەسێکی بێناسنامە و پشتیوانیش بووە. لەبەر ئەوە کاتێک پەیوەندیی سێکسی لەنێوان ئافرەتان و پیاوانی دوو خێزاندا پێکدەهات، پیاوەکە بۆ ماوەیەکی زۆر لە لای خێزانی ئافرەتەکەی بە بێگانە دەناسرا و لە لای ئەوان نەدەمایەوە. دەچووە لای خۆشەویستەکەی و بەپەلە دەگەڕایەوە لای خێزانەکەی خۆی. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو تێکەڵاوییە بەنهێنی و لە شوێنێکی دور لە خێزانی ئافرەتەکە دەکرا.

لەنێوان خێڵنشینەکانی "فیجی"دا مانەوەی پیاو لەگەڵ ئافرەتێک کە یار و خۆشەویستی یەکتر بوون ، لە ماڵێکدا بە دژی دابونەریت دەزانرا. پیاوەکە نەیدەتوانی بە شەو لە لای دۆستە کچەکەی بمێنێتەوە و دەبووایە بچێتە جێیەکی گشتیی شار ، یان لە گونددا لە شوێنێک بە ناوی "بور" Bur بمێنێتەوە و ئافرەتەکەش لە ماڵی باوکی بنوێت. ژن و مێر لە دارستانەکاندا دور لە چاوی خەڵک پەیوەندیی سێکسیان لەگەڵ یەکتر پێکدەهێنا و پیاوەکان چ ئەوانەی زوگورتی بوون یان هاوسەریان هەبوو ، لەو "بور"ە ، یان ژمارەیەک ماڵدا دەمانەوە کە بۆ ئەو مەبەستە لە شار و گوندەکان دروستکرابوون. کوڕەکانیش هەر بەو جۆرە لە یەکێک لەو خانووبەرانەدا بوون. بەو جۆرە کاتێک پیاو بۆ بینینی خۆشەویستەکەی دەچووە لای خێڵ و هۆزێکی تر ، لەو جێیانە دەمایەوە و شەو بە نهێنی و لە گۆشەیەکی دارستاندا خۆشەویستەکەی دەبینی[9].

9- B. Seemann, Viti (1862), p. 110 & 191. In Ernest Crawley, the Mystic Rose, vol. 1, p. 46.

لەنێوان دانیشتووانی "کافا" Kafa لە ڕۆژهەڵاتی ئافریکاشدا پیاوان لە ماڵێکدا بە کۆمەڵ دەژیان و ژن و مێردەکانیش بە تەنیا شەوانە یەکتریان دەبینی و هەرگیز بە ڕۆژ لە یەکتر نزیک نەدەبوونەوە و چاویان بە یەکتر نەدەکەوت[10]. بەو جۆرە تێکەڵاویی دوو کەسیی جێی تێکەڵاویی بەکۆمەڵی گرتەوە.

پێویستە بزانین کە بەجیا ژیانی ژن و مێرد کە دواتر لەناو خێزانی باوکسالارییدا دەیبینین ، لێرە لەناو خێڵ و هۆزەکاندا بەگشتیی لە ئارادا نەبووە. بە ڕای ئەوان ژیانی دوو کەسیی لە گۆشەیەک لەگەڵ منداڵەکانیاندا ژیانێکی ناماقوڵ بووە. هەر وەک دەزانین لەو کۆمەڵگایانەدا منداڵ هی هەمووان بووە و هەموو پێکەوە بە هاوبەشیی ژیاون و ئیشیان کردووە. ئەو شێوە تێگەیشتنە بە سەرهەڵدانی خاوەندارێتی تایبەت و خێزانی باوکسالاریی سەریان هەڵداوە و ژیانی تاکەکان بە سنوری زەوی و داراییە تایبەتەکانیانەوە بەسترابووەوە و بە دروستیی لەوێوە شێوەی ژیانی مرۆڤەکان لەیەکتر جیاکراونەتەوە و خراونەتە ناو فەرهەنگی مرۆڤەکانەوە.

بۆ مرۆڤە سەرەتاییەکان سنوری ژیان و ئیشیان لە چوارچێوەی خێزاندا بوو. لە زەوییەکانی خێزاندا ڕاویان دەکرد ، لە زەوییەکانی خێزاندا کشتوکاڵیان دەکرد و لە ماڵە گشتیی و بەکۆمەڵەکانی خێزانیشدا دەنوستن ، دەیانخوارد و دەژیان. بەشداریی جەژنەکانی خێزانیان دەکرد ، لەگەڵ ئەندامانی خێزانیش پەیوەندیی سێکسییان پێکدەهێنا. دەرەوەی خێزان بۆ ئەوان ، گومان ، شەڕ و دوژمنایەتی بوو. ئەوە شێوەیەک بوو لە ستروکتوری خێزان کە بە سەدان هەزار ساڵ ، لە هەموو سەردەمە سەرەتاییەکاندا هەبوو. دواتر کە بەگوێرەی ئەرکێک ناچاری هاوسەرگیریی بووە ، بۆ یەکەم جار تێکەڵاویی سێکسیی خۆی گواستەوە بۆ دەرەوەی خێزان و پەیوەندیی لەگەڵ کەسێک دامەزراوە کە

10- R. Caille, Travels through Central Africa to Timbuctoo, voö 1, p. 94. In Brifault Robert, “The Mothers”, vol. 1, p. 514.

بە درێژایی ژیانی لەگەڵ خێڵ و هۆزەکەیدا لە دوژمنایەتی ، گومان و شەڕدا بووە.

مرۆڤ لە سەردەمێکی لەو جۆرەدا کە هێشتا خۆی بە تەواویی لە گیاندار جیانەکردبووەوە و وەک گیاندارێکی دڕندە دەیڕوانیە مرۆڤەکانی تر و هەر کاتێک یەکێکیانی بەردەست دەکەوت ، دەیکوشت و گۆشتەکەی دەخوارد و دواتریش چونکە نەیدەزانی نەخۆشیی چییە ، نەیدەزانی کە مرۆڤ بە هۆی نەخۆشیی و کارەساتی ترەوە دەمرێت ، مردن و هەموو کارەساتەکانی لە دراوسێکانیدا دەبینی و تەنیا بۆ شەڕ و تۆڵەسەندنەوە و لەناوبردنی جادووی مەرگ ، ڕووی لە خێڵ و هۆزەکانی تر دەکرد. ئیتر بۆ یەکەم جار و وەک دیاردەیەکی بێگانە ، بۆ تێکەڵاویی لەگەڵ ئافرەتێک دەچووە لای بنەماڵە و خێڵێکی دوژمن. سروشتیی بوو کە لەگەڵ دیاردەیەکی بێگانە ڕووبەڕوو بووەتەوە و پێویست بوو ئەو تێکەڵاوییەی ئاوێتەی ترس و دڵەڕاوکێ بێت و بە نهێنی بیکات. بە وتەیەکی تر ، پیاوێک کە بۆ بینینی خۆشەویستەکەی دەچووە لای هۆزێکی تر ، وا بیریدەکردەوە کە دەچێتە وڵاتی دوژمنەکەی. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئیشێکی ناباو دەچوو کە سەلماندنی بۆ ئەندامانی خێڵ و هۆزی هاوسەرەکەی دژوار بوو. لەبەرئەوە کۆمەڵێک گومانی لە لای خێڵ و هۆزەکان زیندووکردووەتەوە.

لەو ڕوانگەیەوە نەریتی هاوسەرگیریی لە دەرەوەی بنەماڵەدا هەرچەندە پێشی لە ئاژاوەی نێوان خێڵ و هۆزەکان دەگرت و لە بەرامبەر هۆزەکانی تردا بەهێزی دەکرد ، بەڵام بە هۆی دوژمنایەتی لەناو خێڵ و هۆزەکاندا بە ئاسایی وەرنەدەگیرا. "ڕۆبەرت کرالی" وەک "ئۆلین ڕید" ئەو دیاردەیە بۆ گومان لە پیاوی بێگانە و نهێنی کارەکانی دەزانێت و لە کتێبەکەیدا بەناوی "دایکان" لە زمانی "سووانتۆن" ی مرۆڤناسدا کە لێکۆڵینەوەی لەسەر "تایدا" Thaida کردووە دەنوسێت:

**(ئەو دەڵێت لەناو ئەو هۆزانەدا بە ڕادەیەک دوژمنایەتی لەنێوان**

**خێزانی بوک و زاوادا هەیە کە بە بەردەوامیی وەک دوژمن باسی یەکتر دەکەن[11].)**

هەستکردن بە دوژمنایەتی لەناو عەرەبە کۆنەکانیشدا بە ڕادەیەک بووە کە پیاوی بێگانە کاتێک لە خێوەتی هاوسەرەکەی گەڕاوەتەوە ، لە لایەن ئەندامانی هۆزەکەوە لێیدراوە[12]. لێدانی مێردی بێگانە تەنانەت ئەگەر بە شێوەی ڕواڵەتیش بێت لەو هەستەوە بووە کە پیاوێکی بێگانە تێکەڵاویی سێکسیی لەگەڵ ئافرەتێکی بنەماڵەیەکی جیاواز هەبووە. ئەو دابە لە "کاماچاتاکا" Kamachatka لە ڕوسیاش لەناو "کوریاک" Koryak ، هەروەها لەناو "مەنگۆل"ی "چینچانگ" Chin Chang دا هەبووە.

بە هەر حاڵ سەرچاوەی ژیانی هاوبەشیی ژن و مێردایەتی وەک مەرجی ئافرەتی یەک هاوسەریی کە دواتر لەناو خێزان و ژیانی هاوبەشیی و بە کۆمەڵدا سەریهەڵدا، لە هەشت هەزار ساڵ لەمەوبەر و لە سەردەمی بەربەرییدا پێیگرت. لە کاتێکدا تێکەڵاویی بەکۆمەڵ بە شێوەی پەیوەندیی سێکسیی لە سەردەمە سەرەتاییەکانەوە سەرەیهەڵدابوو.

دژایەتی ئەو دوو شێوە تێکەڵاوییە لەگەڵ ژیانی خێزاندا و پەیوەندییکردنی بە نهێنی و پێکهەڵپرژانەکانی ، لەو ڕاستییەوە بوون کە بنەمای دیاردەیەکی دژەبەر خەریکە لە دڵی خێزاندا سەر بەرزدەکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا تێکەڵاویی سێکسیی دوو کەسیی هێشتا ڕێگایەکی درێژی لەبەر بوو تا گەیشتن بە خێزانی تاک هاوسەریی باوکسالاریی. لە هەنگاوی یەکەمی ئەو پەیوەندییەدا دەبووایە ئەو پەیوەندییە خۆڕاگر و بەردەوام و هەمیشەیی بێت و بچێتە ژێر بنمیچێکەوە.

---

11- J. R Swantson, “The Haida”, vol. v, part 1, p. 62. In Brifault Robert, “The Mothers”, vol. 1, p. 517.

12- W. Robertson Smith, “kinship and Marriage in early Arabia”, p. 69 n.

## ئازادیی سێکسیی لە کۆمەڵگای بەرلە شارستانییدا

هەر وەک پێشتر گوترا لە سیستمی سێکسی دوو کەسییدا تێکەڵاویی لەنێوان پیاوان و ئافرەتاندا دیاردەیەکی پەسەند و شیاو نەبوو ، لەبەرئەوە ئەو پەیوەندییە بە نهێنی دەکرا. پیاو و کوڕانی خێزانەکان ڕازیی نەدەبوون پیاوی خێزانێکی تر بێت سێکس لەگەڵ ئافرەتێکی خێزانەکەیان بکات. هەر وەک چۆن لە پرۆسەی دەربازبوونی مرۆڤ لە سیستمی سێکس بەکۆمەڵدا بۆ سیستمی دوو کەسیی ، مرۆڤە سەرەتاییەکان نەیاندەتوانی خۆیان لەناو خێزاندا بگونجێنن و لەگەڵ ئەندامێکی خێزانەکەیان پەیوەندیی سێکسیی دابمەزرێنن. لە پەیوەندیی دەرەوەی گروپیشدا توشی گرفت ببوو ، ئەو تێکەڵاوییەی بە نهێنی پێکدەهێنا. لەگەڵ ئەوەشدا هیچیان بەو وتەیە نەبوون کە ئەو دیدی سروشتی خۆی سەبارەت بە سێکس لە دەستدابێت.

لەو بارەیەوە گەلێک بەڵگە هەن کە پێشاندەدەن پەیوەندیی سێکسیی لەنێوان ئەواندا بە تایبەتی بەرلە هاوسەرگیریی بە تەواویی ئازاد و دیاردەیەکی سروشتیی بووە. لە دورگەی "تروبەریاند" لە باکوری ڕۆژئاوای "مەلانزیا" عەشقبازیی لاوان بە هۆی ڕێوڕەسمێکەوە بەڕێوەدەچوو کە ناوی "یولیتیلیێ" Ulitile بوو. ئەو نەریتە بە چوونی کۆمەڵێک لاو لە گوندێکەوە بۆ گوندێکی تر دەستیپێدەکرد. ئەو گەنجانە بە گۆرانی و مۆسیقا بەڕێدەکەوتن و دەنگی تەپڵەکەیان بێدەنگیی شەوی دەشکاند و کچانی گوندەکەی تری ئاگاداردەکردەوە. هەرچەندە کچەکان پێشتر بە ڕێگای ناڕاستەوخۆوە ئاگاداری هاتنی ئەو کوڕانەی گوندی دراوسێ بوون. کچەکان ماڵەکانیان بەجێدەهێشت و خۆیان دەگەیاندە کوڕەکان و هەر کەسە دەستی خۆشەویستەکەی خۆی دەگرت و دەچووە ژێر درەختێکەوە.

ئەو شێوە ڕابواردنەی شەوانە بە تەنیا کوڕەکانی نەدەگرتەوە. کچەکانیش لە ڕێوڕەسمێکی هاوشێوەدا بەناوی "کاتویاسی" Katuyausi،

کاتی ئێوارە کە پیاوانی گوند دەچوون بۆ ماسیگرتن و ڕاو ، خۆیان دەڕازاندەوە و بە چەپکە گوڵ و گیای بۆنخۆشەوە ، بەرەو گوندی کوڕەکان بەڕێدەکەوتن. لە ڕێوڕەسمی "یولیتیلیێ"دا کوڕەکان نەدەچوونە ناو گوندی کچەکانەوە و بەرلەوەی بگەنە گوندەکەیان ، دەنگی مۆسیقاکەیان دەبڕی و لە نزیک گوندەکە خۆیان حەشاردەدا و چاوەڕوانی هاتنی کچەکانیان دەکرد ، بەڵام لە ڕێوڕەسمی "کاتویاسی" دا کچەکان خۆیان بە گۆرانی گوتن دەچوونە ناو گوندی کوڕەکانەوە. دواتر گەورەکانی گوند دەهاتنە لای کوڕ و کچەکان و لە لایان دادەنیشتن.

کوڕەکان قسە و نوکتەی خۆشیان بۆ کچەکان دەگێڕایەوە و بەرە بەرە دڵیانیان بەرەو خۆیان ڕادەکێشا و هەر کەسە و کچێکی بۆ خۆی دیارییدەکرد. کوڕەکان دیارییان بەسەر کچەکاندا دەبەخشییەوە. دیارییەکان بریتی بوون لە شانە و ملوانکە ، یان شتێکی وەک ئەوانە. کوڕە شەرمنەکان کە نەیاندەتوانی ئەو پەیوەندییە دابمەزرێنن ، گەورەکانیان دیارییەکانی ئەوانیان دەبەخشییەوە و بە کچەکانیان دەگوت ئەوە دیاریی ئاشنایەتی فلان کەسە داویە بە تۆ کە خۆشەویستی بیت. قبوڵکردنی دیاریی لە لایەن کچێکەوە ، هێمای ڕازیبوونی بوو کە شەو لە لای خاوەن دیارییەکە بمێنێتەوە.

دوای کۆتایی ڕێوڕەسمەکە کچەکان و کوڕەکان دوو بە دوو دەستیان دەخستە دەستی یەکتر و بەرەو دارستانی گوندەکە دەچوون و لەوێ گۆرانییان دەگوت و گیای بۆنخۆشیان دەجو و دەکێشا و تا بەرەبەیان لەگەڵ یەکتر دەبوون. کچەکان کاتێک دوای شەفەق دەگەڕانەوە بۆ گوندەکەیان ، لەگەڵ ئەوەشدا کە پیاوەکان ئاگاداری هەموو شتێک بوون ، بە نهێنی دەچوونەوە ماڵەکانیان. دیارە ئێستا بە هۆی نیشتەجێ

بوونی سپییەکان لەو دورگەیەدا ، ڕێورەسمی "یولیتیلێ" و "کاتویاسی" ناکرێن ، ئەگەرنا لە ڕابوردوودا ساڵیی 2 - 4 جار دەکران[13].

سەیر ئەوەیە کە هۆزەکانی پێشوو لەناو خۆیاندا زۆر ئازادانەتر پەیوەندیی سێکسیان پێکدەهێنا و بەپێچەوانەی کۆمەڵگای شارستانییەوە ، شوێنەوارێک لە دەستدرێژیی سێکسیی نەدەبینرا ، تەنانەت سەیرکردنی ئافرەتانیش بۆ زەوقی سێکسیی نەبوو.

## سێکس لە کۆمەڵگای سەرەتاییدا

بوونی ئەو پەیوەندییە سێکسیە ئازادە سروشتییە لەنێوان کچان و کوڕاندا[14] ، قین و توڕەیی قەشە پیاوسالارە چاوچنۆکەکانی کە چاوی بینینی هیچ چەشنە ئازادیی و بە ئازادیی ژیانی مرۆڤیان نەبوو ، بەرزکردبووەوە. لەو بوارەدا نمونەیەک لە چاوچنۆکیی و ڕەخنەکانی قەشە "بایگێرت" Baegert سەبارەت بە پەیوەندیی سێکسیی لەناو هۆزەکانی سورپێستی کالیفۆرنیای باشور ، لە کاتی هاتنی ئەوروپاییە پیاوسالارەکان بۆ ئەمریکا دەخوێنینەوە:

**- (لە ڕاستییدا بەرلە جێگیربوونی هێزە ئایینییەکان لەو وڵاتەدا، ئەوان لەو پەڕی بەدڕەوشتییدا دەژیان. لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەبێ ترس و شەرمکردن زینایان دەکرد... هەستیان بە غیرە و حەسودیی نەدەکرد. بە مەبەستی بەدڕەوشتیی سەردانی هۆزەکانی دەوروبەریان**

---

[13]- Malinowski Bronislaw, “the Sexual Life of Savages”, (1929), p. 267-77.

[14]- فیلمی Muting on Bounty ، بە بەشداریی مارلۆن بڕاندۆ ، لە مەترۆگولدویەن مایر، نمونەیەک لە ژیانی ئیشتراکی و سێکسی ئازاد لەنێوان هۆزە سەرەتاییەکانی دوڕگەی "ساندوچ" و جیاوازیی ئەو لەگەڵ ژیانی دڕندانە و لەبواری سێکسییدا چاوچنوکانەی سپییەکانی ئەوروپایی زۆر بە جوانی دەردەخات. بینینی ئەو فیلمە بۆ تێگەیشتن لەو جیاوازییە یارمەتییەکی زۆر دەکات.

**دەکرد و بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک خەریکی سێکس دەبوون و لەو چەند ڕۆژانەدا بەدڕەوشتیی هەموو جێیەکی دادەگرت[15].)**

پەیوەندیی سێکسیی لەناو هۆزەکانی ناوچەکەدا دیاردەیەکی سروشتیی و بە وتەی قەشە "بایگێرت" بە جۆرێک بوو کە کەسێک دەمرد، خەڵکی گوندەکانی دەوروبەر بۆ هاوخەمیی بەشداریی ڕێوڕەسمی مردووەکەیان دەکرد و تا درەنگانێکی شەو لە لایان دەمانەوە. دوای کۆتایی ڕێوڕەسمەکە و گەڕانەوەی خەڵکەکە بۆ ماڵەکانیان ، ژمارەیەک کچ دەمانەوە تا لەگەڵ ژمارەیەکی دیارییکراو لە کوڕانی ئەو گوندە بنون. لە بەرامبەر ئەو کارەدا، دۆست و دەستگیرانی ئەو کچ و کوڕانە ، هیچ چەشنە دژەکردەوەیەکیان پێشان نەدەدا[16].

هەروەها لە یەکێک لە یارییە سێکسییەکاندا بە ناوی "کینالی" Kinaly کوڕەکان لە جێیەک کۆدەبوونەوە و کچەکان بۆ گاڵتەکردن لێیان نزیک دەبوونەوە و بە دەست و شتی نوک تیژ لە باسک و جەستەی کوڕەکانیان دەدا و ئازاریان پێدەگەیاندن ، تەنانەت برینداریان دەکردن. لەو یارییەدا ، ئەگەر کوڕێک ڕای نزیکبوونەوەی لەگەڵ ئەو کچە نەبووایە، بەربەرەکانی دەکرد و ئەگەرنا بێدەنگ دەمایەوە و لە بەرامبەر توندوتیژییەکانی ئەو کچەدا بە مەبەستی قبوڵکردنی بانگهێشتەکەی خۆی ڕادەگرت و بەو جۆرە شەو لە لای ئەو دەمایەوە[17-18].

---

[15]- Baegurt, Jacob, “a Reader in General Anthropology”, Ed. By Carleton, S. Coon, p. 73, 1950.

مرۆڤ لە سەردەمی دڕندەییدا ، ئۆلین ڕید ، گۆڕانی ئافرەتان ، وەرگێڕانی مەحمود عنایەت ، لاثەرەی 409.

[16]- Malinowski Bronislaw, “the Sexual Life of Savages”, (1929), p. 952.

[17]- سەرچاوەی پێشوو.

[18]- نەریتێکی بەم جۆرە تا ماوەیەک لەمەوبەر لەناو عەشیرەتی منگوڕ لە ناوچەی مهاباد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەبوو. کچان لەسەر کانیاوەکاندا بانگی کوڕانی ڕێبواریان دەکرد و ئەگەر کوڕەکە لێیان نزیک ببووایەوە لەژێر ناوی "دەست دەکەیتەوە" و بەڵێی ئەودا ، کوڕەیان دەگرت و لە عەرزیاندەدا و بە هەمووان سواری دەبوون و پانتۆڵی کوڕەکەیان دەردەهێنا. یەکێک لە کچەکانیش دەرپێی

هۆیەکی تری دیدی ئازاد و سروشتیی ئەو هۆزانە لە سێکس بۆ پەروەردە کردنەکانیان دەگەڕایەوە کە بە ڕاشکاوانە مناڵەکانیان فێردەکرد. "مالینۆڤسکی" لەو بارەیەوە ئاماژە بۆ دانیشتووانی دورگەی "ترۆبریاند" دەکات و لەو بارەیەوە دەڵێت: (لە بەرامبەر مناڵەکانیاندا بە ڕاشکاوانە لە سێکس دەدوێن ، تەنانەت لەوە ناترسن کە لە کاتی نزیکبوونەوەیاندا بۆ سێکس ، مناڵەکانیان بیانبینن ، جگە لەوەی کە پێیان بڵێن سەرتان داپۆشن. هەروەها لە مناڵییەوە ، مناڵەکانیان لەگەڵ یاریی منالانەی سێکسیی ئاشنا دەکرد. دڵداریی و پەیوەندییە سێکسییەکانی منالانەی بەرلە تەمەنی باڵغ بوون کە پتر هەستیان دادەمرکێنێت تا سێکسی ڕاستی ، لە لایەن دایک و باوەکەکانیانەوە بە گرنگ وەرنەدەگیرا ، تەنانەت پێشوازییشیان لێدەکرا ، بەڵام پێیان دەگوتن کە ڕاهێنانە سێکسییەکانیان لە دارستانەکاندا بکەن نەک لەماڵەوە. بە کورتیی ئەوەی مالینۆڤسکی دەڵێت: **(گرنگە سەرنج بدەینە ئەو خاڵە کە گەورەکان بە هیچ شێوەیەک دەستیان لە ژیانی سێکسیی مناڵەکانیان وەرنەدەدا[19].)**

منالان ئازاد بوون کە لە یارییەکانیاندا تا دەیانەوێت لە بواری سێکسییەوە بچنە پێشەوە. هەرچەندە ئەو ئازادییە بە هۆی تەمەنی کەمیانەوە سێکسی واقیعیی لێ پێکنەدەهات و تەنیا بۆ دامرکاندنی هەستیان و تامێکی سادەی سێکس بوو. بە هەر حاڵ ئەو ئازادییە سێکسییە چوارچێوەدارەی سەردەمی مناڵیی بوو کە فێری دەکردن چۆن لەدوای باڵغ بوونیان ، دور لە هەر چەشنە یاسا و کۆنترۆڵکردنێکدا ، بە شێوەیەکی جیدیی لەگەڵ هاوسەرەکانیان پەیوەندیی سێکسییان هەبێت.

---

خۆی دادەکەند و دەکەوتە سەر کوڕە تا زەوقی هەڵبستێت و ئەم جارە بە شوکک و دڕو لە گێری کابرایان دەدا لە هۆشیان دەخست ، بەڵام کاری سێکسیان لەگەڵدا نەدەکرد.

19- سەرچاوەی پێشوو.

# فەسڵی چوارەم : سەرهەڵدانی خێزان و خێزانی باوکسالاریی

## (بوکوماتالا) ، یانماڵی ئەوین

هەنگاوی دوایی بەرەو ژیانی هاوبەش لەنێوان ئافرەت و پیاودا ، دروستکردنی کۆمەڵێک خانووبەرە بوو بۆ کچ و کوڕانی گەنج کە بە شەو لەجیاتی مانەوەیان لە دارستانەکاندا ، لەوێدا بمێننەوە. ئەو خانووبەرانە هێمای سەرهەڵدانی باوەڕپێکردنی پتر بوو بە پیاوانی بێگانە و قبوڵکردنیان لەناو خێزانەکانی کچەکاندا. هەروەها دابینکردنی پێویستییەکانی زیادەتر بوو بۆ پەیوەندیی پیاوان لەگەڵ خێزانی دور لە بنەماڵەی خۆیانەوە.

ئەو خانووبەرانە لە دوڕگەی "تروبریاند"دا بە بوکوماتالا Bukumatala دەناسران. لە سەردەمی لێکۆڵینەوەی مالینۆڤسکی دا لە سالانی 1920 لە گوندەکانی "ئۆماراکانا" Omarakana ، پێنج خانوو ، لە گوندی "کاسانا" Kasana ، چوار خانووی بوکوماتالا دروستکرابوون[1]. لەو خانووبەرانەدا جگە لە چەند پێخەف و ڕاخەرێک ، هیچ کەلوپەلێکی تری تێدا نەبوو. دەزگیرانە گەنجەکان لە کاتی تەنیاییدا ، پێکەوە دەچوون و کاتی خۆیان لەو مالانەدا دەبردەسەر. خاڵی گرنگ ئەوە بوو کە ئەو خانووانە بۆ ژیان و مانەوەی هەمیشەیی ژن و مێردایەتی دروست نەکرابوون. ئەو گەنجانە بە ڕۆژ لە گوندەکەیاندا لەگەڵ خەڵکی گوندەکە ئیشیان دەکرد و شەوانەش یەک دوو کاتژمێر یان تا بەیانی ڕۆژی دوایی لەوێ دەمانەوە.

پەیوەندیی لاوەکان لەو مالانەدا بەتایبەتیی بۆ سێکس بوو. لە پەیوەندیی خۆیاندا بە تەواویی ئازاد بوون و هیچ پەیمان و

[1]- Malinowsli Bronislaw، "the Sexual Life of Savages, (1929), p. 71.

ئامانجێکیان جگە لە سێکس لەگەڵ یەکتردا نەبوو. تەنانەت ئازاد بوون کە هەر کاتێک بیانەوێت ، یارەکەیان بەجێبهێڵن و بچن لەگەڵ کەسێکی تر پەیوەندیی دابمەزرێنن و بچنە بوکوماتالایەکی تر. دیاردەیەکی لەو جۆرە بە تەنیا تایبەتمەندیی دانیشتووانی دورگەی "تروبریاند"ی نەبوو ، بەڵکوو گەلێک جێی تریشی دەگرتەوە. بۆ نمونە ئەو نەریتە لەنێوان دانیشتووانی "ماسایی" Massai ، "کیم بی" Kimbi و "بوییا" Bhuiya " لە هیند و "گوای کورا" Guaycura و "گوانا" Guana لە برازیل و "مۆنشی" Monshi لە نێجیریای باکور و "ئاکامبا" Akamba لە ڕۆژهەڵاتی ئافریکا و زۆر شوێنی تردا هەبوو.

بە هەر حاڵ لە ناخی ئەو پەیوەندییە سێکسییە بەردەوام و ئازادەدا بوو کە بەرە بەرە پەیوەندیی و خۆشەویستییەکی نوێتر لەنێوان ئەو خەڵکەدا سەریهەڵدا و پەیوەندیی سێکسییان جێی خۆی دا بە هاوئاهەنگیی و چێژێکی دەرونیی و کەسایەتی دوو کەسیی. لەو قۆناخەدا بوو کە دەزگیرانەکان ئامادەیی پتریان بۆ ماونەوەیەکی درێژخایەن لەگەڵ یەکتردا پێشاندا و پەیوەندیی نێوانیان شێوازێکی نوێی بەخۆیەوە گرت. هەر کە ویست و ئامادەیی بۆ پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوانیاندا سەریهەڵدا ، ڕێی گەیشتنیان بۆ ئەو ئامانجە هەموارتر بوو.

## بە چ شێوەیەک بۆ یەکەم جار پیاو ڕێی بۆ ماڵی ئافرەت کرایەوە

هەرچەندە کچان شەوانە لەگەڵ خۆشەویستەکانیان لەژێر بنمیچێکدا بۆ ماوەیەکی زۆر لە ماڵە چۆڵەکاندا دەمانەوە ، بەڵام ئەو پێکەوە ژیانە واتەی هاوسەرگیریی و ژیانی ژن و مێردایەتی نەدەدا. لە ڕاستییدا هاوسەرگیریی بەو شێوەیەی کە ئێمە لێی تێدەگەین ، لەناو مرۆڤە سەرەتاییەکاندا دیاردەیەکی نامۆ بوو. تەنیا لە سالانی کۆتایی سەردەمی بەربەرییدا بوو کە هێماکانی وەک بنەمای سیستمی دوارۆژ

خۆی زەقکردەوە. لە کۆمەڵگای سەرەتاییدا پەیوەندیی نێوان ئافرەت و پیاو تەنیا شێوەیەکی سێکسیی و دەستبازیی خۆشەویستیی بوو.

لەو دۆخەدا هەرچەندە پیاو پەیوەندیی لەگەڵ ئافرەتی خێزانێکی تردا هەبوو ، بەڵام لە گوندی خۆی و لەناو بنەماڵەی خۆیدا دەژیا. لەبەرئەوە تا قۆناخی هاوسەرگیریی و مانەوەی هەمیشەیی لەگەڵ ئافرەتی بنەماڵە و خێڵێکی تردا ، ماوەیەکی درێژی لەپێش بوو. دوو شت ئەو ڕێیەیان هەموار کرد و دەرەتانیان بۆ پیاو ڕەخساند کە لە لای بنەماڵە و خێڵی خێزانەکەیەوە قبوڵ بکرێت. یەکێک لەوانە دایکی کچ و ئەوی تریان پوری (خوشکی دایکی) بوو.

دیاریی بەخشینیش دیاردەیەکی جیانەکراوە بوو لە بەهێزکردنی پەیوەندیی پیاو لەگەڵ ئافرەت و پێکهاتنی هاوسەرگیرییدا. دیاریی لە ڕاستییدا ئامرازێک بوو بۆ پێکهێنانی دۆستایەتی لەگەڵ بنەماڵەی ئافرەت و قبوڵکردنی پیاوی بێگانە لەناو بنەماڵە و خێڵ و هۆزەکەیاندا. کەسانێک کە دوژمنایەتی و تووڕەییان ئارامیی پیاوی بێگانەی لەناو خێزانەکەیدا توشی مەترسی دەکرد. ڕۆڵی ناوبژیکەرانەی لەناوبردنی ئەو دوژمنایەتییە لە لایەن کەسایەتی بەدەسەڵات و پڕ نفوزی بنەماڵەکەوە لە لایەن دایک و هەندێک جاریش لە لایەن پوری ئافرەتەوە بەڕێوەدەچوو.

بە ڕای پیاوی بێگانە ، خەسوو کەسایەتی هەرە شکۆداری بنەماڵەی ئافرەتەکەی بوو. نەک بەهۆی دەسەڵاتی فرەوانی ئافرەت لە کۆمەڵگادا، بەڵکوو بە هۆی گرنگیی ڕۆڵی ئەو لە ڕاگرتن و هێشتنەوە و بەردەوامبوونی هۆزەکەیدا. هەروەها بە هۆی بیروبۆچوونی کۆمەڵگاکە بەهێز و دەسەڵاتی ئافرەت لە پارێزگارییکردن و بە هۆی باوەڕهێنانیان بە دەسەڵاتی جادوویی لە داسەپاندنی مەرگ بۆ سەر خێڵ و هۆزە

دوژمنە دەستدرێژکەرەکان. پلەی خەسوو بە ڕادەیەک بوو کە شەڕکەرەکانی "زولو"ش سوێندیان بەسەری خەسووەکانیان دەخوارد[2].

شەڕکەری نێزەبەدەستی زولویی هێمای توندوتیژیی و بێبەزەیی بوو، بەڵام کاتێک لە شوێنێکدا خەسووەکەی خۆی دەبینی ، خۆی لێ دەشاردەوە و تا دورکەوتنەوەی خەسووی لە حەشارگەدا دەمایەوە[3]. لە ئوسترالیا لە دورگەی "فرازێس" Fraze's Islands ، خەسوو هەرگیز تەماشای زاواکەی نەدەکرد. لەو باوەڕەدا بوون کە ئەگەر خەسوو تەماشای زاواکەی بکات ، زاواکەی وەک دڕندەیەک پەنا بۆ دارستان دەبات[4]. لە "کریام" Cream زاوا نەدەچووە لای خەسووەکەی و هیچیان ناوی یەکتریان نەدەهێنا[5].

دەتوانین بە ڕونیی هۆی ئەو ترس و دڵەڕاوکێیە لە ڕاپۆرتی "فەسۆن"دا سەبارەت بە بارودۆخی ناوچەی "دوربۆ" و سنوری خەمهێنەری پیاو لەو ناوچەیەدا ببینین کە لەوێ یاسای هاوسەرگیریی لە دەرەوەی خێزان ، واتە لەنێوان پیاوانی هۆزێکی بێگانە لەگەڵ ئافرەتانی هۆزێکی تر بوویانە. ئەو ناوچەیەی تا سەردەمی ڕاپۆرتی فەرسۆن لە قۆناخی مرۆڤخۆریی دور نەکەوتبووەوە ، دەڵێت:

**- (کابرایەک لە گوندێک هاوسەرگیریی دەکات (کە بە ڕای ئەو) گوندی جادووگەران و سیحربازان و دوژمنانی هۆزەکەیەتی. دەزانێت ژمارەیەک لە خەڵکی ئەو گوندە ، هەندێک لە خەڵکی گوندەکەی ئەویان کوشتووە ، یان ئەولادی قاتڵەکانن. شەو مەودای گوندەکان لە دڵداران دور دەکاتەوە. مەودایەکی سەد مەتری بۆ ئیشێکی سادە دەکاتە**

---

2- J. Shooer, the Kafirs of Natal and Zulu County, (1857), p. 101. In Ernest Crawley, the Mystic Rose, Vol. 2, p. 152.

3- Hoebel, E. Adamson. "Man in Primitive World: An Introduction to Anthropology", p. 243, 1955.

4- E. M. Curr, "the Australian Race, (1886-1887), i. 97. In Ernest Crawley, the Mystic Rose, Vol. 2, p. 155.

5- Ernest Crawley, the Mystic Rose, Vol. 2, p. 751.

**هەزار یان دە هەزار مەتر. تەنانەت هاتوچۆی سێکسیش دەبێت لە سەرەتای شەودا بەرێوەبچێت ، چونکە لە مەودای زاڵمانەی نێوان گوندەکاندا ، جادوگەران و سێحربازانی بەدکار و مەرگهێنەری ئافرەتان و پیاوان لە هۆزەکانی تردا لە هاتوچۆدان. لەبەر ئەوە گەنجەکان کە بۆ زەوقی سێکسیی ماڵەکانیان بەجێدەهێڵن ، ئازایانە بە پێشوازی زاڵمان و خۆفهێنەرانەوە دەچن و بە پشتبەستن بە ویژدانی خێرخوازانەیان نەهێڵن دەستدرێژی بۆ سەر بەساڵداچوانی هۆزەکەیان بکرێت. ڕاستییەک کە لەگەڵ چارەنوسی دایک و باوکیان یەکی نەدەگرتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ، ئەوان پێ لە شوێنێکی مەترسهێنەر دەنێن ، چونکە دەڵێن لە جادووگەریی و فریوداندا، ڕۆحی توڵەسەندنەوەی هۆزەکان ڕەنگە نەوە بە نەوە تۆڵەی تاوانی باوکان و دایکان و پورەکان بکاتەوە[6].**

لە بارودۆخێکی بەو جۆرەدا ڕەزامەندیی دایک و ناوبژیکردنی ئەو بۆ پیاوی بێگانە گرنگیی زۆری هەبوو. لە "خۆراسان" ڕەسم ئەوە بوو کە خەسوو شەو بە دەرگای پشتەوەی ماڵەکەیاندان، بە نهێنی زاوای دەهێنایە ژوری ماڵەکەیان. نێرینەکان نەدەبووایە بە دیداری نێوان پیاو و دڵدارەکەی بزانن. پیاوەکەش دەبووایە سەرلە بەیانی زوو ماڵی خۆشەویستەکەی بەجێبهێڵێت[7]. لە زمانی ژاپۆنیی دا وشەی "یۆمە تری" Yome- Tri بۆ هاوسەرگیریی بەکاردەهێنرێت کە واتەی "نوستنی شەو لە ماڵەوە دەدات"[8].

---

[6]- Fortune, R. F. Sorcerers of Dobu: the Social Anthropology of the Dobu Islanders of the Western Pacific. 1963 (1932) , p. 23-24.

[7]- Xavier Raymond, Afghanistan, p. 40. In Brifault, Robert, "the Mothers", vol. 1, p. 514.

[8]- Brifault, Robert, "the Mothers", vol. 1, p.513.

## سەرهەڵدانی دیاردەی هاوسەرگیریی

بەو جۆرە یەکەم هەنگاوی ڕاستەوخۆ بەرەو هاوسەرگیریی بە بانگهێشتی ئافرەت لە پیاو بۆ مانەوەی شەوانە لە ماڵی دایکی یان لە ماڵی خۆی بەڕێوەچوو. هەر وەک لە کۆمەڵگای پیاوسالارییدا ، پیاو بانگهێشتی ئافرەت دەکات کە شەو لە ماڵەکەیدا بمێنێتەوە. بە هەر حاڵ لە ڕەوتی ئەو دیاردەیەدا دایک ناچار دەبێت کە خۆشەویستی کچەکەی بە زاوای خۆی وەربگرێت و لە پلەی مێردی ئەرێنی کچەکەیدا قبوڵی بکات. ... "فۆرچۆن" وێنەیەکی سەرنجڕاکێش لە هەڵسوکەوتی نێوان خەسوو و زاوا لە "دووبو" دەخاتە بەر دیدی ئێمە.

لە سەرەتادا پیاو بە نهێنی و کاتی شەو دەچێتە ماڵی ئافرەت. ئەگەر بەرەبەیانی زوو نەڕوات و ماڵی ئافرەتەکە بەجێنەهێڵێت و خۆی بگنخێنێت و دایکی ئافرەتەکە بیبینێت ، کوڕە گەنجەکە خوازبێنی کچەکەی دەکات و داوای لێدەکات کە بە کوڕی خۆیان وەریبگرن. لە ڕاستیدا کوڕە گەنجەکە بە پلان خۆی لە خەو دەکات ، تا دایکی کچ زووتر لەو و لە کچەکەی لە خەو ڕابێت و بە مانەوەی ئەو کۆڕە لە ماڵەکەیاندا بزانێت. بەو تێبینییەوە ئەو دەچێتە سەر سەکۆی ماڵەکەیان و بە بێدەنگیی لەوێ دەمێنێتەوە و ڕێگای دەربازبوونی کوڕەکە دەگرێت. ئەو کوڕە لاوە سەبارەت بە دایکی خۆشەویستەکەی واتە ئەو ژنە جادووکەرە فێڵبازە ، هەستێکی تێکەڵاوی لە ڕێز و ترس لە دڵدایە. سەرئەنجام پلانەکان شێوازی خۆیان دەگرنە پێش و داخوازی داواکارە گەنجەکە بۆ هاوسەرگیریی قبوڵ دەکرێت. پەیدابوونی خەسوو لەسەر سەکۆی ماڵەکەیاندا، بە دروستی لە بڵاوکراوەکانی ئەمڕۆ دەچێت کە ڕاگەینراوەکانیان چاپ دەکەن و ڕووداوێکی نوێیان لێدەبێتەوە:

**- ( کاتێک دانیشتووانی گوندەکە هەستدەکەن شتێکی نوێ ڕوویداوە ، لە ماڵەکانیان دەێنەدەر و لەبەر ماڵەکەیان کۆدەبنەوە و بە**

**هەستیارییەوە دەروانن لە کوڕە گەنجەکە. هەموو دەچن پێکەوە دەوری ماڵی ئافرەتەکە دەگرن. لەبەر چاو و تێڕوانینی خەڵکەکەدا، سەرئەنجام بوک و زاوای داهاتوو لەسەر سەکۆی ماڵەکە دادەبەزن و شان بە شانی یەکتر لەسەر ڕاخەرێک دادەنیشن. خەڵکەکە بۆ ماوەی نزیک بە نیو کاتژمێر لەوێ دەمێننەوە و دەڕواننە کوڕ و کچەکە. تەماشا کردنەکەیان ڕێوڕەسمی ڕوداوی بە دەستگیرانکردن دەگەیەنێت. ئەوە ڕاگەیاندنێکی ئازایانەیە کە پێشتر بە نهێنی و لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا بەڕێوەدەچوو[9].)**

ئێستا بەرلەوەی کە پیاو بە هاوسەریی کچ قبوڵ بکرێت ، دەبێت لە تاقیکردنەوەیەکی دژواردا دەربچێت و پێشان بدات کە ئیشکەرێکی باش و کارامەیە بۆ ئەو خێزانە تا بە زاوای یەکێک لە ئەندامانیان قبوڵی بکەن. لەو بوارەدا "گومز" لە کتێبەکەیدا بەناوی (17 ساڵ ژیان لەناو سی دیاک Sea Dyak ەکانی بۆرمیۆ Bormeo) دەڵێت: **(لەوێ ئافرەتان بەگشتیی بۆ ئەوە شوو دەکەن کە مێردەکانیان ئیشیان بۆ بکەن و کاتێکێش ئافرەتێک لە مێردەکەی جیادەبێتەوە ، زۆر بە سادەیی هۆیەکەی بۆ تەمبەڵیی مێردکەی دەگەڕێنێتەوە[10].)**

دەبووایە پیاو کاتی هاوسەرگیریی بۆ نزیکەی ساڵێک کە بە قۆناخی ئاشنایەتی دەژمێرا ، بۆ پێشاندانی کارلێهاتوویی خۆی و بۆ ئەوەی کە بە زاوای بنەماڵەی ئافرەتەکە وەربگیرێت ، لەژێر دەستی خەسوویدا ئیشی باخەوانیی و ئیشی تری ماڵی دەزگیرانەکەی بکات. هەروەها کاتێک ئافرەت ژمارەیەکی زۆر خوازبێنیکەری دەبوو ، هەر وەک لەناو هۆزەکانی "توپی" لە برازیلدا باو بوو ، بۆ ماوەی دوو ساڵ لە کێڵگەی

---

[9]- Hoebel, E. Adamson. "Man in Primitive world: An Introduction to Anthropology", p. 22.
لە کتێبی مرۆڤ لە قۆناخی دڕندەییدا، نوسینی ئۆلین ڕید ، وەرگێرانی مەحمود عنایەت ، لاپەڕەی 477-478 وەرگێراوە

[10]- E. H. Gomes, "Seventeen years Living Among the Ses Dyaks ofBorneo". In Brifault, Robert, "the Mothers", vol. 2, p. 209

خێزانە خۆشەویستەکەیدا ئیشیان بە خوازبێنیکەرەکان دەکرد تا یەکێکیان بە زاوای خۆیان هەڵبژێرن[11]. لەناو "واکراس" و هۆزەکانی تری "ئامازۆن"دا زاوا بەشداریی پێشبڕکێی تیروکەوانی دەکرد. ئەگەر پیاو لێوەشاوەیی لە هاویشتنی تیردا نەبووایە، ئافرەتەکە شووی پێنەدەکرد و دەیگوت توانای ڕاوکردنی ماسی و نێچیری نیە[12]. هەر وەک "بریفاڵت" لە لێکۆڵینەوەکانیدا بەو ئەنجامە گەیشتووە:

**- (هەموو هاوسەرگیرییەکان لە قۆناخی جێگیربوونی پیاو و ئافرەت لە ماڵێکدا Matrilocal، لایەنی خزمەتکردنیان هەبووە و بە ڕای من ئەو شێوە هاوسەرگیرییە لە هەموو جێیەکدا بەو جۆرە بووە. مەبەست لەو شێوەیەش بە کۆیلەکردنی پیاو لە لایەن ئافرەتەوە نەبووە، بەڵکوو بۆ دڵنیابوونی ئافرەت بووە لەوەی کە ئایا ئەو پیاوە تایبەتمەندیی پێویستی بۆ ژیانی هاوبەش لەگەڵ ئەو هەیە[13].)**

بە هەر حاڵ هاوسەرگیریی ئەرێنیی لە ڕێی خۆراکخواردنی ئافرەت و پیاو لەگەڵ یەکتر دەستی پێکرد کە هێمای نەمانی دوژمنایەتییەکانی پێشوو بوو لەناو هۆزەکان و پێکهاتنی دۆستایەتی لەنێوانیاندا. لە سەردەمە سەرەتاییەکاندا مرۆڤ لەو باوەڕەدا بوو کە خۆراک دەبێتە گۆشت و گۆشتیش تێکەڵاوی خوێنە. لەبەرئەوە کاتێک دوو کەس پێکەوە خواردن دەخۆن، خوێن و گۆشتیان تێکەڵ دەبێت. هەروەها خۆراکخواردنی ئافرەت و پیاو پێکەوە دەیتوانی هێمای تێشکاندنی لەمپەرێک بێت لەنێوان ئەو کەسانەدا کە مافی خۆراکخواردنی پێکەوەیان نەبوو. چونکە هەر وەک دەزانین لەناو بنەماڵەکاندا تەنیا

[11]- Descripcao Geographico do America Portugueza, Revista Trimensal do Instituto Historico e Geographico do Brazil, i . p.207702. In Brifault, Robert, "the Mothers", vol. 2, p. 209.

[12]- A. R. Wallace, A Narrative of Travels on the Amazon and Rio Negro, p. 498. In Brifault, Robert, "the Mothers", vol. 2, p. 203.

[13]- Brifault, Robert, "the Mothers", vol. 2, p. 211.

ئەو ئافرەت و پیاوانە پێکەوە شیویان دەخوارد کە پەیوەندیی سێکسیان پێکەوە هەبوو[14].

لەبەرئەوە لە شیو و دۆڵەکانی "هیندوکەش" دوای هاوسەرگیریی ، بوک و زاوا پێکەوە کەیکێک دەخۆن[15] و لە مەراکیش بوک و زاوا بەرلە تێکەڵاویی سێکسیی پێکەوە شیو دەخۆن[16]. لەگەڵ ئەوەشدا ژن و مێرد تا ماوەیەک بە دوای هاوسەرگیرییدا هێشتا بەجیا و دور لە یەکتر دەژیان. ئەو جۆرە ژیانە درێژەی دابێکی کۆن و سوننەتی بوو کە لە سیستمی دایکایەتیەوە مابوو. چونکە لەو سیستمەدا ئافرەت و پیاو لەگەڵ هۆز و خێزانی خۆیان دەژیان و جێگای ژیان و خواردنی ئافرەت و منالّ لە پیاو جیا بوو.

هاوسەرگیریی ژیانێکی هاوبەش و نوێ بوو لەنێوان ئافرەت و پیاودا و دەیویست جەستەی سیستمی دایکایەتی بدڕێت و بنەمایەکی کۆمەلایەتی نوێ لە ژیانی هاوبەشی ئافرەت و پیاودا پێکبهێنێت. ژیانی هاوبەشی دوو کەسیی جیاوازیی هەبوو لەگەڵ ژیانی بەکۆمەڵ و خێڵەکیی و لە دڵی ئەو سیستمەدا سەری بەرزکردبووەوە. دیارە ئەو دیاردەیە سەدان و ڕەنگە هەزاران سالّی گرتبێت، بەلام بەرە بەرە بە جێگیربوونی لە دڵی سیستمی دایکایەتیدا ، ڕێی بۆ سەرهەڵدانی خێزانی باوکسالاریی لە میانەی جێگیربوونی خاوەندارییی تایبەت و خێزان هەموارکرد.

## بنەمای خێزان چۆن لە دڵی بنەماڵەدا بەرجەستە بووەوە؟

هەر وەک پیشتر گوترا خێزان دیاردەیەکی بەستراوە بوو بە سەردەمی شارستانیی و کۆمەڵگای چینایەتییدا. لە پلەی یەکەیەکی

---

[14]- Ernest Crawley, the Mystic Rose, vol. 2, p. 121.
[15]- Ibid, p. 129.
[16]- Ibid, p. 132.

بنەڕەتی کۆمەڵگای سەردەمی شارستانییدا بە تەواویی لەگەڵ سیستمی پلەداریی و شێوازی یەکسانییخوازانەی هاوبەش جیاوازیی هەبوو. خێزان و بنەماڵە دوو دیاردەی تەواو جیاواز بوون و بنەمای دوو کۆمەڵگای لێکجیاوازیان پێکدەهێنا. بنەماڵە بنەمای یەکەی کۆمەڵگای هاوبەش و خێزان بنەمای یەکەی کۆمەڵگای چینایەتی بوو. لەو ڕوانگەیەوە هەرکام لەوانە تایبەتمەندیی جیاوازیان لە کۆمەڵگای خۆیاندا هەبوو. بە نەمانی سیستمی هاوبەشیی و لە کۆتایی سەردەمی بەربەرییدا و جێگیربوونی کۆمەڵگای نوێ ، بنەماڵەش هەڵوەشا و جێگای خۆی دا بە خێزان و خێزانی باوکسالاریی.

لەگەڵ ئەوەشدا دیاردەیەک نەبوو کە بە یەک شەو جێبکەوێت. بەرلەوەی کە خێزانی باوکسالاریی بە شێوەیەکی تەواو نزیکەی 4- 5 هەزار ساڵ بەرلە ڕوخانی کۆمەڵگای هاوبەش سەر بەرزبکاتەوە ، خێزانەکان لە دڵی ئەو کۆمەڵگایەدا و لە سەردەمی بەربەرییدا چەکەرەیان کرد و گەشەیان سەند. ئێمە بینیمان کە چۆن دیاردەی هاوسەرگیریی لە سەردەمی بەربەرییدا بە ناساندنی پیاو لە لایەن ئافرەتەوە بە دایکی و قبوڵکردنی لە لایەن دایکی ئافرەتەکەوە دەستی پێکرد. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا بە هۆی جیاوازەوە نەدەکرا وەک ژن و مێرد و ژیانی دوو کەسە چاوی لێبکرێت ، چونکە پیاو لەناو خێزان و بنەماڵە و خێڵی ئافرەتەکەدا بە بێگانە دەناسرا و بە دور لە هاوسەر و منداڵەکانی دەژیا. بە وتەیەکی تر تێکەڵاوییان واتەی ژیانی ژن و مێردایەتی و پێکهاتەیەکی سەربەخۆی ئابوری بە ناوی خێزان نەدەدا.

ئەو دیاردەیە باوکیشی دەگرتەوە. چونکە مرۆڤ لەو قۆناخەدا زانیاریی لەسەر ڕۆڵی باوک لە دروستکردنی منداڵ و سکپڕبوونی ئافرەتدا نەبوو ، هێشتا بە دیاردەی باوک بوونی نەدەزانی. لە کۆمەڵگای سەرەتاییدا پیاوان و هەموو ئەو کەسانەی کە ڕۆڵیان هەبوو لە پەروەردەکردن و بارهێنانی جەنگیی و ڕاوکردنی کوڕدا، بە باوکی

کوڕەکە دەناسران ، بەڵام لە ڕوانگەی تاکی ئەمڕۆدا ئەوان مامۆستایەک بوون کە ڕۆڵیان هەبووە لە دروستکردنی کوڕەکەدا.

لە سەردەمی بەربەرییدا تێکەڵاویی سێکسی دوو کەسە جێگای تێکەڵاویی گروپی گرتەوە و لە کۆتایی ئەو سەردەمەدا بوو کە خێزان لە کۆی بنەماڵەی دایکایەتیدا پێکهات. بۆ ماوەیەک خاڵی مناڵ ڕۆڵی پەروەردەکردن و سەرپەرشتییکردنی مناڵی خوشکەکەی بەڕێوەدەبرد. لەو قۆناخەدا ڕۆڵی خاڵ گرنگیی زۆری پەیداکرد ، بەڵام چونکە هێشتا سیستمەکە دایکایەتی بوو ، خاڵ دەسەڵاتی خۆی لە خوشکەکەی وەردەگرت کە خاوەنی ڕاستینەی مناڵەکە بوو ، پارێزگارییکردنی لە مناڵی خوشکەکەی گرنگیی پێدەبەخشی. دواتر دەبینین کاتێک هاوسەری ئافرەت هەوڵدەدات بۆ سەرپەرشتییکردنی مناڵەکانی جێگای خاڵی مناڵەکانی بگرێتەوە ، چۆن گۆڕانێک بۆ جێگیربوونی سیستمی باوکسالاریی بە جێگای دایکایەتی پێکدێت.

بە هەر حاڵ لەو قۆناخەدا هێشتا هیچ چەشنە پەیوەندییەک لەنێوان باوک و مناڵەکانیدا نیە و لە ڕاستییدا ئێمە زانیارییمان لەسەر باوک و مناڵەکانی مرۆڤی ئەو سەردەمە نیە. سروشتییە کە برای ئافرەت لەو سەردەمەدا پیاوی هەرە نزیک بووە بە خوشک و کەسی هەرە شایستەش بووە بۆ سەرپەرشتییکردنی کوڕەکانی خوشکی و پەروەردەکردنیان بۆ شەڕ و ڕاوکردن. بەو جۆرەیە لە بنەماڵەی دایکدا کە لە دایک و براکانی و مناڵەکانی دایک پێکهاتبوو ، جێیەک بۆ باوک نەبوو. باوک لەگەڵ پەیوەندییەکانی جارجارەی بە هاوسەرەکەیەوە ، بۆ خۆی بە تەنیا و سەربەخۆ دەژیا و بەشێک لە کاتی ڕۆژانەی بۆ ئیشی هاوسەر و مناڵەکانی تەرخاندەکرد و بەشەکەی تریش بۆ بنەماڵەکەی خۆی. لەو قۆناخەدا کە هێشتا دایکایەتی بوو نەک سەردەمی باوکسالاریی ، خێزانێکی زۆر لە دڵی بنەماڵەی دایکدا سەریان هەڵدابوو ، بە چەشنی سەردەمی باوکسالاریی دەژیان ، بەو جیاوازییەی کە بۆ گەیشتن بەو سەردەمە دەبووایە گۆڕانێکی بنەڕەتیی لە خۆیاندا پێکبهێنن.

یەکێک لەو گۆڕانکارییانە ئەوە بوو کە باوک پەیوەندیی منداڵەکانی بە خاڵیانەوە بپچڕێت و لە پلەی باوکی ڕاستینەی منالانیدا جێگای خاڵەکانیان بگرێتەوە و سەرپەرشتیی منداڵەکانی لە ئەستۆ بگرێت. بە وتەیەکی تر برای هاوسەرەکەی دەبووایە بکەوێتە شوێن منداڵەکانی خۆی و بچێتە ناو بنەماڵەی هاوسەرەکەی و باوکی بێگانەش بێتە لای منداڵەکانی خۆی و سەرپەرشتیی ئەوان بگرێتە ئەستۆی. پێویستییەکانی ئەو هەنگاوە ، تێکشکاندنی سیستمی دایکایەتی و ڕێکخستنی ستروکتوری خێزان و جێنشینکردنی بوو لە سیستمی نوێدا. ئەو هەنگاوە شۆڕشێک بوو کە لە پرۆسەی سالانی کۆتایی سەردەمی بەربەرەییدا ڕوویدا و دیاردە سەرەتاییەکانی پێکهات. یەکێک لەو دیاردە سەرەتایانە تێگەیشتنی واتەی باوک و دەسەلاتی ئەو بوو بە سەر منداڵەکانی خۆیدا. بەبێ تێگەیشتن لە واتەی باوک و کۆنترۆڵی بەسەر منداڵەکانیدا ، خێزانی باوکسالاریی نەیدەتوانی سەرهەڵبدات.

## پەیدابوونی باوک

یەکەم هەنگاوی پەیدابوون و سەربەرزکردنەوەی باوک لە نەریتی ناوچەی "کۆڤادی"ە Couvade سەرچاوەی وەرگرت. ئەو نەریتە لە کاتی دۆزینەوەی قارەی ئەمریکادا لەناو دانیشتووانی ئەو هەرێمە و شوێنەکانی تری جیهاندا هەبوو. کۆڤادی یەکەم هەنگاوی پیاو بوو لە ڕەگازۆیی کردنیدا بۆ ناو بنەماڵەی دایک و نزیکبوونەوەی لە منداڵەکانی و لە ئەستۆگرتنی ڕۆڵی خۆی لە بەرامبەریاندا. بەگوێرەی ئەو نەریتە هەر کە ئافرەت دەزا و منالی دەبوو ، بەشوێن ئیشەکانی خۆیدا لە ماڵەکەی دەردەکەوت و پیاوەکەی لە ماڵەوە دەمایەوە و خۆی لە خەو دەکرد[17]. هەروەها لە دوڕگەی "ئانداماں" ، کاتێک ئافرەت سکی پڕ

[17]- Sir E. B. Taylor, "Research into the early History of Mankind" (1878), p. 288. In Ernest Crawley, the Mystic Rose, vol. 2, p. 123.

دەبوو ، لە خواردنی هەندێک خۆراک خۆی دەپاراست و مێردەکەشی هەنگوین و "ئیگوانا" (بوونەوەرێکی بچوکی وەک سوسمار)ی نەدەخوارد[18]. لەنێوان دانیشتووانی کالیفۆرنیادا لەگەڵ لەدایکبوونی منداڵ و شوشتنیدا لە لایەن پیرەژنێکەوە ، ڕێگایان بە باکی منداڵەکە نەدەدا کە لە ماڵەوە بچێتەدەر ، تەنانەت ڕێگایان لێدەگرت کە گۆشتی ماسی و ئاژەڵی تر بخوات[19]. لە "سێلێبس" Celebes کالیفۆرنیا و زۆر جێگای تر پیاو بە دوای زانی هاوسەرەکەیدا لە جێدادەکەوت و هاوسەرەکەی پارێزگاریی و خزمەتی دەکرد[20]. سەرئەنجام لە هیندی باشور لەنێوان هۆزەکانی "ئێروکالا ڤاندو" Erukala Vandhu هەر کە نافرەت هەستی بە یەکەم ژانی منداڵبوون دەکرد، مێردەکەی ئاگاداردەکردەوە و ئەو بەرگی هاوسەرەکەی دەپۆشی و خاڵێکی (کە بەگشتیی ئافرەتان لەسەر ناوچاوانی خۆیان دادەنا) لەسەر ناوچاوانی خۆی دادەنا و دەچووە ژورێکی تاریک و پاڵدەکەوت و پێخەفێکی درێژی دەخستە سەرخۆی. کاتێک منداڵەکەی چاوی بە دنیا دەکردەوە ، دەیانشوشت و لە پەنای باوکی درێژیان دەکرد. دواتر هەموو ئەو خۆراکانەی کە پێویست بوو دایکی منداڵەکە بیخوات ، دەیاندا بە باوکی منداڵەکە. لە کاتی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ئایینییشدا پیاوەکە لە ماڵەوە دەمایەوە و لەجیاتی پارێزگارییکردن لە دایکی منداڵەکە ، پارێزگارییان لەو دەکرد و پێویستییەکانیان بۆ دابین دەکرد[21].

لەناو هۆزی "ترۆبریاند"دا ئەرکی باوکی منداڵ بە دوای زانی هاوسەرەکەیدا ، تەنیا لاساییکردنەوە لە هاوسەرەکەی نەبوو ، بەڵکوو زۆر بە شەوقەوە منداڵەکەی لە ئامێز دەگرت و خاوێنی دەکردەوە و دەیشوشت و جگە لە شیری دایکی ، گیای نەرمکراوی دەدایە. هەڵگرتن و

[18]- Ibid.

[19]- Ibid.

[20]- Ibid, pp. 179-180.

[21]- J. Cain, "in the Indian Antiquary (1874), iii. 151. In Ernest Crawley, the Mystic Rose, vol. 2, p. 180.

لە ئامێزگرتنی منداڵی ساوا کە بە زمانی خەڵکی ناوچەکەدا "کۆپۆی" Kopo'i پێدەگوترێت ، ئەرکی تایبەتیی باوک بووە. دیسانیش ئەگەر بپرسن بۆچی منداڵان سەبارەت بە باوکیان (کە بۆ ئەوان بە بێگانە دەناسرێن) ئەرکمەندن ، وەڵام ئەوەیە: چونکە بە هۆی "پێڵاکۆپۆی" واتە پارێزگارییکردن لە منداڵان ، باوک بە دەستەکانی خۆی پیسایی منداڵەکەی خاوێن دەکاتەوە[22].

بەو جۆرە ئەگەر منداڵ پێشتر لە بەرامبەر باوکیدا بێ ئەرک بوو ، ئەم جارە بۆ یەکەم جار لە بەرامبەریدا ئەرکمەند دەبێت و بۆ یەکەم جاریش لەنێوان باوک و منداڵدا پەیوەندییەکی ڕووبەڕووی دور لە ئافرەت پێکدێت و ئەمەش لە ڕاستیدا پیاوی هەنگاوێک لە ئامانجەکانی نزیک کردەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا لە لایەن بنەماڵەی هاوسەرەکەیەوە بە بێگانە دەناسرێت و لە گوماندا دەژیت و دەبێت بە تێبینییەوە هەڵسوکەوت بکات. لە ڕاستیدا ئەو یەکەم کەس بوو کە دەکرا بۆ نمونە مەرگ و میری منداڵەکەی بخەنە ئەستۆی و ئەوەش لەناو هۆزەکاندا دیاردەیەکی باو بوو کە دەیتوانی ڕەنگدانەوەیەکی خراپی بەدوادا بێت.

بێباوەڕیی بە بێگانە و وەرنەگرتنیان لە کۆمەڵگای سەرەتاییدا ، دیاردەیەکی سروشتیی بوو، چونکە ئەوان هێشتا بە مەرگی سروشتییان نەدەزانی و هەرگیز بیریان لەوە نەدەکردەوە کە مرۆڤ بە مەرگی سروشتیی بمرێت. لەبەرئەوە مردنی ئەندامانی خۆیان بە زۆریی بە سێحر و جادووی بنەماڵەکانی تر و بەتایبەتیی بنەماڵەی نیارانیان دەبەستەوە. هۆزەکانی "دیری" Dieri و "کۆگناتێ" Cognate لە ئوسترالیا مەرگی مرۆڤیان بۆ ڕۆحی شەیتانی و شەڕئەنگێزیی ئەندامێک لە هۆزی خۆیان ، یان هۆزی دراوسێ دەگەڕاندەوە[23].

---

22- Malinowski Bronislaw, "the Sexual Life of Savages, pp. 20, 21(1929).

23- Crawley Ernest, the Mystic Rose, vol. 1, p.101.

بەگوێرەی کۆمەڵێک ڕاپۆرت لە کۆتایی سەدە 19دا دانیشتووانی میسر جلوبەرگی هەرە شڕ و ناحەزیان لەبەر کەسانی هەرە خۆشەویست و ئازیزی خۆیان دەکرد. زۆر جار ئافرەتێک بە بەرگی خاوێن و ڕازاوە دەبینرا کە کوڕ یان کچێکی بە بەرگی شڕ و چڵکن و سەر و سیمای پیس لەگەڵە. ئەو جولانەوەیە بۆ ئەوە بوو کە چاوی پیس کار لە مناڵەکەیان نەکات و بە چاوی پیسەوە نەبێت[24]. هەروەها لە "هارتلەند" لەنێوان هۆزەکانی "مائۆری"دا کاتێک مناڵ دەمرد ، یان توشی ڕووداوێکی بچوک دەبووەوە ، هەموو خزمانی دایکی مناڵەکە بە سەرۆکایەتی خاڵی مناڵەکە پەلاماری باوکی مناڵەکەیان دەدا. ئەو دەبووایە بە ڕادەیەک بەرگریی لەخۆی بکات کە جێیەکی جەستەی خوێنی لێبێت. ئەوان بە بینینی خوێن شەڕەکەیان ڕادەگرت. سەرئەنجام لە جەژنێکدا کە باوکی لێقەوماوی چارەڕەش پێکیدەهێنا، هەموو بەشدارییان تێدا دەکرد و ئاشتدەبوونەوە[25].

بە هەر حاڵ ئەوە یەکەم جار بوو کە پیاو بە مێردی هاوسەرەکەی قبوڵدەکرا و بە مەبەستی ڕاگرتنی مناڵ ڕێگای بۆ ناو بنەماڵەی دایک دەکرایەوە و ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت ، دەبووایە لەوێ بمێنێتەوە. پێشتر بۆ ئەوەی کە بە مێردی ئافرەت قبوڵبکرێت ، دەبووایە لێهاتوویی خۆی لە ئیشکردن لە باخی دایکی هاوسەرەکەیدا بسەلمێنێت و ئێستاش بۆ ئەوەی کە بە هاوسەر قبوڵبکرێت ، پێویست بوو بەرپرسیاریی ڕاگرتنی مناڵەکانی بخاتە ئەستۆی خۆی. لە هەردووی ئەوانەدا هەنگاو بە هەنگاو پیاو و ئافرەت کە تەنیا پەیوەندیی سێکسییان پێکەوە هەبوو، پەیوەندییەکەیان دەگاتە جێیەک کە پیاو لە

[24]- E. W. Lane, An Account of the Manners of Customs of the Modern Egyptians, (1871), i. p. 60. In Crawley Ernest, the Mystic Rose, vol. 1. p. 318.

[25]- Hartland E. Sidney, "Primitive Paternity: the Myth of Supernatural Birth in Relation to History of the Family. Vol. 1, 1909-10.

لە کتێبی مرۆڤ لە قۆناخی دڕندەییدا، نوسینی ئۆلین ڕید ، وەرگێڕانی مەحمود عنایەت ، بەرگی دووەم، لاپەڕەی 576 وەرگیراوە

بەرامبەر هاوسەر و بنەماڵەی هاوسەرەکەیدا بەرپرسیاریی بەڕێوەبردنی ئیشی ماڵەکەیان دەگرێتە ئەستۆی خۆی. بەرپرسیارییەک کە ڕێگای بۆ دەکاتەوە کە لە خێزانی باوکسالارییدا ببێتە خاوەن دەسەڵاتی هەموو شتێک. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا لە دورگەی "ترۆبرۆیاند" باوکیان بە "تۆماکاوا" ، یان "تاما" بانگ دەکرد کە واتەی بێگانەیەکی دەدا کە لەگەڵ دایکی مناڵەکانی لە ماڵێکدا دەژیا.

ئەو جیاوازییە لەگەڵ ناوی پێشووی واتە "هاوسەرگیری بێگانە" لەوەدا بوو کە ئەو ئێستا لەگەڵ دایکی مناڵەکانی لە جێیەک دەژیا و ئەمەش هەنگاوێک بوو بۆ پێشەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ، نەک هەر خاوەنی مناڵەکانی نەبوو ، بەڵکوو بە شێوەی سەردەمی دایکایەتی لە بەرامبەر کەسانی تردا گرنگیی کەمتری هەبوو. لەم بارەیەوە "ڕێورز" ئاماژە بۆ بیرەوەرییەکی سەرنجڕاکێش سەبارەت بە پلە و پایەی باوکی هەژار و بێدەسەڵاتی سەردەمی سەرەتایی لەناو هۆزە سورپێستەکانی "باجا" لە کالیفۆرنیا دەکات:

**- (ئەندامانی نێرینەی بنەماڵە لەژێر چارداخێک بە پلەی گرنگییان بە ڕیز دادەنیشن. برای گەورە لە نزیک ئاگر و بە دوای ئەودا براکانی تر بە ڕادەی تەمەن و ساڵی لە دایکبوونیان و لە کۆتاییدا و لە پشت هەمووان باوکی خێزان لە پشتەوە کە زۆر جار لە دەرەوەی چارداخەکە و لەژێر باو و باراندا دەمایەوە[26].)**

هەروەها مانەوەی پیاو لە ماڵی هاوسەرەکەی بە تەنیا بۆ پەیوەندیی پێکەوە ژیانی ئەوان دەگەڕایەوە و ئەگەر ئافرەتەکە داوای جیابوونەوەی لێکردایە ، پیاوەکە بە هێمایەک کەلوپەلەکانی خۆی کۆدەکردەوە و دەگەڕایەوە ناو هۆز و بنەماڵەکەی خۆی. بە دروستیی وەک دۆخی ئافرەت لە خێزانی باوکسالارییدا کە بە جیابوونەوەی پیاو

---

[26]- Rivers, w. H. R. "Social Organization", p.89.
لە کتێبی مرۆڤ لە قۆناخی دڕندەییدا، نوسینی ئۆلین ڕید ، وەرگێڕانی مەحمود عنایەت ، بەرگی دووەم، لاپەڕەی 538 وەرگێراوە

لە ئافرەت، یان مردنی پیاوەکە، ئافرەتەکە دەبووایە بگەڕێتەوە ماڵی باوکی. نزیکیی باوک لە مناڵ شێوازێکی کاتیی و بە مەبەستی پارێزگاریی کردن لە مناڵی نێرینە بوو، تا تەمەنی دەگاتە چواردە ساڵ، چونکە بە دوای ئەو تەمەنەدا ، مناڵەکە دەچووە لای خاڵی تا فێری ئیشی پیاوانە ببێت.

لەمەودوا پیاو بۆ ئەوەی کە بە باوکی ڕاستینەی مناڵ بناسرێت ، ناچار بوو مناڵەکانی بخاتە دەست خۆی تا بتوانێت پلەی باڵای باوک بوونی بەرەو خێزانی باوکسالاریی پاڵپێوەنێت. لەو ساتەوە کە ئەو لە بنەماڵەی دایکدا مافی باوکایەتی خستە دەست خۆی ، پێینایە ناو خێزانی باوکسالاریی ، بەڵام ئەوە دیاردەیەک نەبوو کە بە خواست و ئیرادەی خۆی بەدیهاتبێت. بازدان لە قۆناخی دایکەوە بۆ باوکسالاریی پێویستی بە گۆڕانی ئابوریی هەبوو تا ئەو بتوانێت لەو ڕێگایەدا سەرکەوێت. گۆڕانکارییەک کە لە کۆتایی سەردەمی بەربەرییدا لە دەرەوەی ویست و ئیرادەی ئەو ، بەڵام بە هەڵکەوت بە قازانجی ئەو ڕوویدا. یەکێک لەو گۆڕانکارییانە سەرهەڵدانی ئاژەڵداریی و گەشەسەندی بوو لەژێر دەستی پیاودا.

## دیاریی نرخی ئافرەت دەگرێتەوە

سەرهەڵدانی ئاژەڵداریی لە سەردەمی بەربەرییدا و گەشەسەندنی لە کۆتایی ئەو سەردەمەدا، ڕۆڵی گرنگ و چارەنوسیی گێڕا لە بەهێزکردنی هەلومەرجی پیاو لە کۆمەڵگای دایکییدا. تا ئەو کاتە دیاریی لەنێوان بنەماڵەکاندا بۆ دەستەبەر کردنی ئاشتیی و پێکهێنانی دۆستایەتی بوو لەنێوانیاندا و دانی دیاریی یەکێک بوو لە ئەرکەکانی پیاوان. هەر وەک چۆن بەشدارییکردن لە شەڕێشدا بە ئەرکی پیاو دەژمێرا. لەسەر بنەمای ئەو زەمینەیەدا بوو کە سەرهەڵدانی ژیانی دوو کەسە و دانی دیاریی بە ئافرەت بە بەرپا کردنی ڕێوڕەسمی تایبەت لە

لایەن پیاوەوە بە بنەماڵە و هۆزی ئافرەت سەریهەڵدا. پیاو بە دانی دیاریی بە ئەندامانی نێرینەی بنەماڵەی ئافرەت ، هەوڵیدا هاودەنگیی ئەوان بۆ قبوڵکردنی خۆی لە پلەی مێرد ، یان بە وتەیەکی تر جووتی ئافرەت وەربگیرێت.

ئێمە پێشتر لە ئامانجی دانی دیاریی دواین. دیاریی بە ئامانجی پێکهێنانی دۆستایەتی و هەموارکردنی ڕێگای قبوڵکردنی پیاو لە هۆزی ئافرەتی بێگانەدا بەڕێوەدەچوو و هەرگیز بۆ کڕینی ئافرەت نەبوو. لەبەر ئەوە ئافرەت دەیتوانی هەر کاتێک بخوازێت لە پیاوەکەی جیا بێتەوە. لە سەرەتادا خۆراک یان کەلوپەلی دەستییان بە دیاریی دەدا، بەڵام بە دوای ڕامکردنی گیاندار و سەرهەڵدانی ئاژەڵداریی و گەشەسەندنیدا کە بە تەواوی لە دەست پیاودا بوو ، گاڕان جێگای دیاریی بۆ هێنانی ئافرەت گرتەوە.

گاڕان (مێگەل ، ڕەوە یان گاڕانی ئاژەڵ) لە سەرەتادا بە خاڵ یان خزمەکانی تری ئافرەت دەدرا. لەگەڵ ئەوەشدا هەر وەک گوترا بە واتەی کڕینی ئافرەت نەبوو. چونکە ئافرەت بە ویستی خۆی دەیتوانی لە پیاوەکەی جیابێتەوە. لەو ڕوانگەیەوە دانی گاڕان هەرگیز بە کڕینی ئافرەت نەدەژمێرا ، بەڵکوو لە حوکمی دیارییەکدا بوو کە لە لایەن بنەماڵەی پیاو ، یان بنەماڵەی خوشکی پیاوەکەوە بە بنەماڵەی ئافرەتەکە دەدرا بۆ بەدیهێنانی دۆستایەتی لەنێوانیاندا بە مەبەستی پێکهێنانی پەیوەندیی خزمایەتی.

کاتێک گۆڕینەوەی ئافرەت لەگەڵ گاڕان لە حاڵەتی دیاریی چووەدەرەوە، خۆی لە کڕینی ئافرەت بە گاڕان دۆزییەوە و خاوەنداریی تایبەت سەریهەڵدا. لەگەڵ ئەویشدا بێبەشکردنی ئافرەت لە مافی جیابوونەوە و تەڵاق لە کاڵایەکی کەڵکلێوەرگرتن ، چووە ناو دەستی پیاوەوە. ئەم جارە ئافرەت نەیدەتوانی لەسەر چارەنوسی خۆی بڕیار بدات ، چونکە لە پرۆسەی گۆڕینەوەیدا لەگەڵ گاڕان وەک کەرەستەیەکی بێئیرادە فرۆشترا. بەو جۆرە دیاریی کرا بە ئامرازی

کڕین و لە ڕووبەڕووشیدا ئافرەت بوو بە کاڵا و کۆیلە و فەرمانبەری پیاوی کڕیار، تا بەرە بەرە گاڕان حوکمی نرخی ئافرەتی پەیداکرد. سەرەتا ئافرەت و دواتر مناڵ بوون بە سامانی پیاو. لەگەڵ سەرهەڵدانی خاوەنداریی تایبەت ، کڕینی ئافرەت و حاکم بوونی پیاو بەسەر چارەنوسی ئافرەدا ، بنەماڵەی دایک جێگای خۆیدا بە خێزانی باوکسالاریی و یەکێک لە بنەماکانی ژێرخانی سەردەمی نوێ سەری بەرز کردەوە.

# فەسڵی پێنجەم : خاوەنداریی تایبەت و هەوڵی سیستمی دایکایەتی

## سەرهەڵدانی خاوەنداریی تایبەت و لەناوچوونی بنەماڵە

هەر وەک پێشتر گوترا لە پرۆسەی سەرهەڵدانی دۆخێکی لەبار و دۆزینەوەی کەرەستەکانی بەرهەمی جیاوازدا کە لە کۆنترۆڵی هۆزە سەرەتاییەکاندا بوو ، گاران و ئاژەڵداریی وەک زنجیرەیەکی نوێی پێشکەوتن چوو لە کۆنترۆڵی پیاوانەوە. گەشەسەندنی ئاژەڵداریی وەک بنەمای خۆراکێکی هەمیشەیی و هەمەجۆرە و بێژماردا کە لە بنەماڵەدا دەمایەوە ، گرنگیی زۆری لە بەرامبەر بەرهەمەکانی تردا پەیداکرد. لە ئەنجامدا ئەو گەشەسەندنە دارایی و سامانێکی زۆری بنەماڵەی خستە دەست پیاوان و گرنگیی پێبەخشین. بەتایبەتیی کە گەشەسەندنی کشتوکاڵیش و ڕاگرتنی گیا بۆ خۆراکی ئاژەڵ لە زستاندا، یارمەتییەکی زۆری بە گەشەسەندنی بەپەلەی بەرهەم و بڵاوبوونەوەی ئاژەڵداریی بەخشی لە کۆنترۆڵی پیاواندا و ئەوانی هاندا کە دارایی و سامانێکی زۆر کۆبکەنەوە.

پێشتر بە هۆی پلەی نزمی بەرهەم ، کەڵک لە هەموو بەرهەمە بەدەستهاتووەکان وەردەگیرا و شتێکی زیادە نەدەمایەوە کە کەسێک خۆی لێبکات بە خاوەنی ، بەڵام بە جێگیربوونی سەردەمی نوێ ، بەرهەمی ئاژەڵداریی و کشتوکاڵ گەشەیانسەند. هەروەها بە دۆزینەوەی ئاسن کە توانای ئامێر و کەرەستەکانی بەرهەمی کشتوکاڵ و پیشەسازییان بەرزکردەوە ، لەگەڵ دۆزینەوەی نوسین ، ڕۆژژمێر ... تد ، ڕادەی بەرهەمی مرۆڤ لە سنوری کەڵکلێوەرگرتنی بنەماڵە تێپەڕی و بۆ یەکەم جار مرۆڤ بوو بە خاوەنی بەرهەمی زیادەی خۆی.

بەرهەمی زیادە بۆ یەکەم جار بەرهەمی ئاژەڵدارییشی گرتەوە کە لە دەست پیاواندا بوو. بە دۆزینەوەی ڕەوەی ئاژەڵ و بە کۆیلە کردنی

دیلەکانی شەڕ بەشی گرنگی سامان و دارایی بنەماڵە کەوتە ژێر کۆنترۆڵی پیاوانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ یەکەم جار سامانێکی نوێی وەک ئامێر و کەرەستە و بەرهەم لە بنەماڵەکاندا مانەوە کە دەکرا پێکەوە بیانگۆڕنەوە. چونکە ئیشی پیاوان بەگشتیی بەشدارییکردن لە شەڕ و چوون بۆ ڕاوکردن بوو ، ئیشی پەیوەندییکردن لەگەڵ بنەماڵە و خێڵ و هۆزەکان و لەوانە شەڕ و ئاشتیی لەنێوان هۆزەکاندا کەوتە دەست پیاوانەوە. لەو ڕوانگەیەوە پیاو لە بنەماڵەدا جێگای ئافرەتی گرتەوە و سەرۆکی بنەماڵە و خێڵ و هۆزەکان لە هەموو جێیەکدا بە پیاوان سپێردرا. بۆ نمونە "کوباری" Kubary بە ئێمە دەڵێت:

**- (لەنێوان دورگەنشینەکانی "پەلو" Pelew Islander دا دەسەڵاتی پیاوە سەرکردەکان بە تەنیا لەسەر پیاوەکان بەڕێوەدەچێت و ئافرەتان ناگرێتەوە ، تەنانەت ئافرەتەکان سڵاویشیان لێناکەن. ئەوان بەبێ ڕاوێژکردن لەگەڵ شورای سەرکردەی بنەماڵەکان مافی بەڕێوەبردنی هیچ کارێکیان نیە. لەگەڵ چەند ئافرەتێکی بەساڵداچوو کە لە بڕیارداندا یارمەتیان دەکەن لە ژورێکدا دەرگایان لەسەر خۆیان گاڵە داوە[1].)**

دابەشکردنی ئیشەکان بەو شێوەیە ، بەگوێرەی کارلێهاتوویی و توانای ئەندامان نەبوو ، بەڵکوو دابەشکردنێکی سروشتیی و ڕەگەزیی بوو لەنێوان دوو ڕەگەزی جیاوازدا، هەر وەک چۆن ئافرەتان ئیشی جادووگەریی ، پەیوەندیی لەگەڵ هێزە نادیارەکانی سروشت، پزیشکیی، باخەوانیی و کشتوکاڵی سەرەتایی و بەخێوکردنی منداڵ و ڕاگرتنی بەساڵداچووانیان لە ئەستۆ بوو ، پیاوانیش ئیشی ئاژەڵداریی و ڕاو و ڕامکردنی گیاندارانیان بەڕێوەدەبرد. لەبەر ئەوە هەموو ئیشەکان لەسەر بنەمای دابەشکردنێکی سروشتیی و ڕەگەزیی دانرابوون.

[1]- Kubary, Die Socialen Einrichtungen der Pelauer, p. 39. In mothers, vol.1 p. 497.

لە لایەکی ترەوە، هەر کە ڕادەی بەرهەم لە نیاز و پێویستیی بنەماڵەکان زیادتر بەرزبووەوە ، کۆیلەکردنی دیلەکانی شەڕیش بۆ کەڵکلێوەرگرتن لە ئیشی کشتوکاڵ و جێی تردا برەوی پەیداکرد. پێشتر بە هۆی کەمبوونی بەرهەم ، مرۆڤ بەدەست مرۆڤ نەدەچەوسایەوە. بەرهەمی تاکەکان لە حاڵەتی هەرە باشدا بۆ کەڵکوەرگرتنی خۆی و زیندوو مانەوەی خۆی بوو ، بەڵام ئەم جارەیان بە بەرزبوونەوەی بەرهەم ، پیاوان بۆ بەدەستخستنی بەرهەمی زیادتر کەڵکیان لە دیلەکانی شەڕ وەرگرت و بە هێزی کاری ئەوان دارایی و سامانی زیادتریان خستە دەست خۆیان.

پێشتر دیلە جەنگییەکانیان لە ڕێوڕەسمەکانیاندا بۆ خواکان قوربانیی دەکرد ، یان بە مافی یەکسان لە بنەماڵەکانی خۆیاندا وەریاندەگرتن ، بەڵام ئەم جارە بە زیادبوونی بەرهەم نەک هەر کوشتنی دیلەکان لە بەرژەوەندا نەبوو ، بەڵکوو بۆ بەرزکردنەوەی بەرهەمی زیادە ، بوونیان پێویست بوو. لەبەرئەوە ڕاگرتنی دیلی جەنگ و کەڵکلێوەرگرتنیان بە شێوە کۆیلە بۆ ئیشی خزمەتگوزاریی، جێگای کوشتنی ئەوانی گرتەوە. لەو چوارچێوەیەدا ئەگەر کەسێک دیلێکی لە شەڕدا دەستگیر دەکرد هی خۆی بوو ، چونکە پیاوەکان بەڕێوەبەری شەڕەکان بوون ، دیلەکان هی پیاوەکان بوون. بەو جۆرە هەندێک لە ئەندامی بنەماڵە بەرە بەرە بەشە دارایییەکی پتریان کۆکردەوە و چینێکی جیاوازیان لەناو بنەماڵەکانیاندا پێکهێنا.

هەروەها گەشەسەندنی بەرهەم و بەرزبوونەوەی لە قۆناخێکی دیاری گەشە کردنی کۆمەڵایەتیدا، ڕێگای بۆ سەرهەڵدانی بیری خاوەنداریی لەناو مرۆڤدا هەموار کرد. ئەو بیرە سەرەتا لەناو پیاواندا و بەتایبەتی سەرکردە و پلەدارەکانی هۆزەکان و ئەو کەسانەدا زەق بووەوە کە لەناو بنەماڵەکاندا دارایی زیادتریان لە کۆنترۆڵدا هەبوو. ئەوانە هەمان چینی ئەشراف "ئاریستوکرات" Aristocrate بوون کە لەناو هۆزەکاندا بە شێوەی جیاواز هەوڵیاندا سامان و دارایی بنەماڵە و خێڵ و

هۆزەکانیان بخەنە دەست خۆیان. ئەو دیاردەیە بەرلە سەرهەڵدانی ئاژەڵداریی کە کشتوکاڵ بنەمای هەرە گرنگی خۆراکی بنەماڵەی پێکدەهێنا و بەشی زۆری دارایی بنەماڵە لە کۆنترۆڵی ئافرەتدا بوو، ئافرەتانی نەدەگرتەوە. چونکە لەو سەردەمەدا نەک هەر مرۆڤ بەرهەمی زیادە لە خۆی نەبوو، بەڵکوو ئافرەتان کەرەستە ، یان بەرهەمێکی تریان لە دەستدا نەبوو کە گۆڕینەوەی پێبکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا سەبارەت بە ئافرەتان بینیمان کاتێک لە کۆتایی سەردەمی بەربەرییدا کە کشتوکاڵ گەشەیسەند و هەندێک دارایی کەوتە دەست ئافرەتانەوە، دەسەڵاتیان بە پلەی هەرە باڵا گەیشت و لەو قۆناخەدا ئافرەت لە پلەی خوداکاندا سەریانهەڵدا و پیاوان بۆ خۆگونجاندن لە لای هاوسەرانی داهاتوویان ، ئیشی باخەوانیی و کشتوکاڵیان بۆ دەکردن.

بە هەر حاڵ دەسەڵاتی ئافرەت پەرەیسەند و خەریکبوو بەرەوپێشەوە دەچوو کە لەپڕ ئاژەڵداریی سەریهەڵدا و بە بەرینبوونەوەی لە دەست پیاواندا، دارایییەکان گواسترانەوە لای پیاوان ، چونکە گەشەکردنی ئاژەڵداریی بە هۆی زاوزێی فرەوانی ئاژەڵەکانەوە توندیی بەخۆیەوە گرت، بەرە بەرە دەسەڵاتی ئافرەتانیش گواسترایەوە بۆ پیاوان و سەرئەنجام پیاوان بە کۆکردنەوەی سامان و سامانی بنەماڵە لە بەشی ئەشرافیەتی بنەماڵە و خێڵ و هۆزەکاندا جێی خۆیان بینییەوە. لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییەدا پیاوان لە زۆربەی هەرێمەکاندا بە گاڕانی ئاژەڵەوە خزانە ناو بازاڕی گۆڕینەوە. لەو پەیوەندییەدا لەگەڵ کۆکردنەوەی سامان و دارایییەکی زۆر ، دابی دیارییش کە لە کاتی خوازبێنیکردنی ئافرەتدا دەدرا بە بنەماڵەی ئافرەت ، گۆڕانی بەسەردا هات و بوو بە نرخی ئافرەت (یان باشترە بڵێین شیربایی- وەرگێڕ) و دواتر نرخیان بۆ مناڵیش دیارییکرد. ئەم جارە کڕین و فرۆشتنی ئافرەت و خاوەنداریی مناڵ و بە میراتکردنی دارایی و گەڕاندنەوەی سامانی پیاوان بۆ بنەچەیان هەموارکرا. هەروەها تامی شیرینی خاوەنداریی

تایبەت ، پیاوانی هاندا کە بۆ بەدەستخستنی داراییەکی زیادتر، سامانی بنەماڵە و خێڵ و هۆزەکانیان بخەنە دەست خۆیان. بەو جۆرە هەوڵی بنەماڵەکان بۆ بەدەسخستنی بەرهەمی گشتیی بە قازانجی خۆیان ، خۆی لە دەستدرێژیی پیاواندا دیتەوە، بۆ بەدەستخستنی ئەو سامانە و سەقامگیرکردنی خاوەنداریی تایبەت لە دەست خۆیاندا. بەو جۆرە بەرە بەرە لە بنەماڵە گەشەکردووەکاندا پلەی تێکنیک بەرزبووەوە و سەرۆکی بنەماڵەکان کە بەتێکڕا پیاو بوون دەستیان بەسەر سامانی بنەماڵەکاندا گرت و هەرچەندە لە لایەن هەندێک لە ئەندامانی ئاسایی بنەماڵە و خێڵ و هۆزەکان و بەتایبەتیی ئافرەتانەوە بەربەرەکانییان لەگەڵ کرا، بەڵام سەرئەنجام دەسەڵاتی پیاوان بەسەر بنەماڵەکاندا زاڵبوو.

## جێگێربوونی سیستمی باوکایەتی لە جیاتی دایکایەتی

بە جێگیربوونی خاوەنداریی تایبەت، لە قۆناخی یەکەمدا ئاژەڵ وەک زۆربەی سامانەکانی تر کەوتە دەست پیاوان. ئاژەڵ کە بۆ هاوسەرگیریی دەدرا بە بنەماڵە ئافرەت ، ئەو چاوەڕوانییەی بەدوادا هات کە لە بەرامبەریدا ، هاوسەنگی ئەو شتێکی پێبدرێت. واتە پیاوان دەسەڵات پەیدادەکەن کە بە دەسەلاتی ئابوریی خۆیان کە بریتیبوو لە گاڕانی ئاژەڵ و بەرهەمی کشتوکاڵ و کەرەستەی تر کە گۆڕینەوەیان پێدەکرا، پێویستییەکانی دڵخوازی خۆیان بەدەست بهێنن کە یەکێک لەوان ئافرەت بوو ، بەپێچەوانەی ویست و ڕەزامەندیی خۆی. دیارە بۆ جێگرتنی ئەو دابە لە ناوچە جیاوازەکاندا دەبووایە گەلێک کۆسپ و تەگەرە بخەنە پشت سەریان.

بۆ نمونە لەنێوان هۆزی "تۆدا" Toda دا ، ئەو گاڕانەی کە بە ئافرەت دەدرا، لەنێوان خزمانی ئافرەتەکەدا بڵاودەکرایەوە تا ئەگەر ڕۆژێک ئافرەتەکە یان منداڵەکانی پێویستیان بە یارمەتی هەبێت ، لەو بەشە

یارمەتیان پێبکەن. بەو پێیە ئافرەت دەیتوانی بەپێی یاسا لە کاتی پێویستدا داوای یارمەتی لە خزمانی خۆی بکات و لە ڕاستییدا ئەو گاڕانە مێهریەی ئافرەتەکە بوو[2].

بەو جۆرە داب و نەریتی دیاریی بۆ هاوسەرگیریی لەناو ئەو مرۆڤانەدا کە شوان بوون ، خۆی لە گۆڕینەوەی ئافرەت لەگەڵ گاڕانی ئاژەڵدا دۆزییەوە و دواتر گۆڕینەوەی ئافرەت لەگەڵ گاڕان چوو لە قۆناخێکی نوێوە و ئەم جارەیان پیاوان بۆ سود وەرگرتن لەو، مامەڵەیان دەکرد.

بە گۆڕینی دیاریی هاوسەرگیریی بە "نرخی ئافرەت" ، کڕینی ئافرەت وەک هاوسەر ، کۆنترۆڵی ئافرەتی خستە دەست پیاوان. تا ئێرە کەرەستەی سەرەتایی پێکهێنانی خێزانی باوکسالاریی واتە خاوەنداریی پیاو بەسەر پێویستییەکانی ژیان و خاوەنداریی ئەو بەسەر هاوسەرەکەیدا جێی خۆی گرتبوو. ئەوەی دەمایەوە خاوەنداریی پیاوەکە بوو بەسەر منالّی ئافرەتدا کە ئەویش بە لایەنی خاوەنداریی پیاو بەسەر هاوسەرەکەیدا دەستەبەر دەبوو. پێویستە لەبیرمان نەچێت کە تا ئەو کاتە ، هێشتا هەست بە پەیوەندیی بایۆلۆجیی پیاو و منالّەکانی نەدەکرا و ئەو لەمپەرە لەنێوان باوک و منالّەکانی ئافرەتدا مابوو.

بەو پێیە مافی باوک بەسەر منالّەکانی ئافرەتدا دەبووایە بە لایەنێکی تر و بە دور لە پەیوەندیی بایۆلۆژیی ئەوان چارەسەر بکرێت کە بە لایەنی "نرخی منالّ" چارەسەر بوو. نرخی منالّ هەمان نرخی ئافرەت بوو. بەو واتەیە کە خاوەنداریی پیاو بەسەر ئافرەتدا ، خاوەنداریی منالّەکانی بەدواوە بوو. لە ڕاستییدا دیاردەی نرخی ئافرەت بە شێوەی ڕاستەوخۆ بۆ خاوەنداریی پیاو بەسەر ئافرەتەکەدا نەبوو، بەڵکوو پتر بۆ خاوەنداریی پیاوەکە بوو بەسەر منالّەکانیدا. لەبەر ئەوە لەنێوان زۆربەی هۆزەکاندا مەبەستی سەرەکیی "نرخی

---

[2]- Crawley Ernest, "Mystic Rose", vol. 2, p. 140.

مناڵ" بوو نەک نرخی ئافرەت. "کراڵی" لە قەولی "هیکسۆن"ە Hickson دەڵێت:

**- (لەنێوان هۆزەکانی "میناهاسا" Minahasa لە "سێلێبێس" Celebes و "هارتا" Harts دا دیاردەی "نرخی ئافرەت" وەک بایەخی ئافرەتەکە لەبەرچاو نەدەگیرا ، بەڵکوو وەک قەرەبووکردنەوەی زیانێک بوو کە بە تاکێکی ئیشکەر یان ئافرەتێک دەدرا کە مناڵی بۆ بنەماڵەکەی دروستدەکرد[3].)**

لەبەرئەوە لەنێوان ئەو هۆزانەدا کچێنی کچ بۆ شووکردن زۆری بایەخ نەبووە ، بەڵکوو زاوزێکردنی گرنگ و بایەخدار بوو. بۆیە هاوسەرگیریی لەگەڵ ئەو لەوانە بوو زیانی ئابوریی هەبێت. هەروەها لەنێوان هۆزەکانی "ئاکامبا" لە ڕۆژهەلاتی ئافریکا ، کچی سکپڕ خوازبێنکەریی زۆری هەبوو[4] ، یان لە کۆنگۆ بە ڕای هۆزی "مۆنگواندی" Mongwandi ئافرەتێک کە پێشتر مناڵی بووایە ، نرخی شەش هێندی کچێک بوو[5]. لەنێوان "بانتۆ"کاندا گاڕانێک کە بۆ گۆڕینەوە دەدرا بە ئافرەت "لوبولا"ی ناو بوو. هێشتاش نمونەیەک لەو بوارەدا هەیە کە دەڵێن: (گاڕانەکان مناڵ بە دنیا دێنن.) "ڕاڵف پدینگتۆن" لە نێوان بانتۆکاندا توێژینەوەیەکی سەرەنجڕاکێشی کردووە:

**- (... ئەو دابە بە شێوەیەکی ئاشکراتر لەنێوان گروپەکانی بانتۆدا هەیە. لە کاتی جیابوونەوەی ژن و مێردا ، مناڵەکان لە لای باوکیان دەمێننەوە ، مەگەر ئەو گاڕانەی کە لە کاتی هاوسەرگیرییدا درابوو بە بنەماڵەی بوک ، بیگەڕیننەوە بۆ پیاوەکە. لەو حاڵەتێکی وادا مناڵەکان دەدرێن بە خزمانی دایکیان. ئەو ڕێوڕەسمە وەک نمونەیەک لەسەر**

---

3- J. Hickson, A Naturalist in north Celebes (1889), p. 282. In Crawley Ernest, "Mystic Rose", vol. 2, p. 140.

4- C. Eliot, the East African Protectorate, p. 125. In Brifault Robert, "the Mothers", vol. 3, p. 314.

5- H. H. Jonston, G. "Grenfell and the Congo", p. 677. In Brifault Robert, "the Mothers", vol. 3, p. 314.

**زاری خەڵکەکەدایە کە دەڵێن: منداڵەکان لە جێیەکن کە گاڕانی لێ نیە[6].)**

لە سەردەمی ساسانییەکاندا لە ئێرانیش هەر وەک پێشتر گوترا ، لە کاتی هاوسەرگیرییدا مێهریەیان "مارەیی" دەیاریی دەکرد و دەیاندا بە باوکی کچ ، بەڵام ئەگەر ئافرەتەکە نەزۆک بووایە ، بەو لێکدانەوەیە کە کچەکەیان بە نرخێکی زیادتر لە نرخی خۆی فرۆشتووە ، پارەکەیان سەرلەنوێ دەگەڕاندەوە بۆ مێردەکەی[7]. دواتر کە ئاگاداری ڕۆڵی پیاو بوون لە دروستکردنی منداڵدا ، کۆمەڵگای پیاوسالار تەنانەت هەنگاوێکی تریش چووە پێشەوە. ئەم جارەیان بە تەواویی دژی ڕۆڵی ئافرەت لە دروستکردنی منداڵ وەستان. بۆ نمونە لەنێوان ڕۆشنبیرانی یۆنان دا کە هەموویان پیاوسالار بوون ، ڕاگەینرا کە پیاو منداڵ دروست دەکات و منداڵدانی ئافرەت بەتەنیا بۆ پارێزگاریی کردنە لە منداڵ و دایک چاودیریی بەسەردا دەکات و منداڵ هی باوکییەتی[8].

گرنگیی منداڵ بۆ پیاو لەو قۆناخەدا جگە کە گرنگیی هێزی کاری ئەو ، لە بوارێکی تریشدا ڕەنگە بەرچاوتر بێت. پیاو بە ڕێگای منداڵەکانییەوە دەیتوانی پارێزگاری لەو سامانە بکات کە لەژێر دەستیدابوو و ئەو بۆ بنەچەی خۆی بهێڵێتەوە. ئەگەر لە قۆناخی یەکەمدا ، پیاو هەوڵیدا سامانی بنەماڵەکەی بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی کە بە گوێرەی نەریتی خاوەنداریی هاوبەشی کۆمەڵگای سەرەتایی ، سامانی بنەماڵە بوو ، ئێستا نیگەرانی ئەوە بوو کە بە دوای مردنیدا ، سامانەکەی بڵاوبێتەوە. لەبەرئەوە لە سیستمی باوکایەتیدا پێویست بوو بە ڕێگای گواستنەوەی میرات لە باوکەوە بۆ منداڵ و بەتایبەتی بۆ کوڕ ، سامانەکەی بپارێزێت. لەبیرمان نەچێت کە ئەو گۆڕانکارییە دەستبەجێ و بە ئاسانیی جێی

---

6- Peddington Ralf. "An Introduction to Social Anthropology" v. 1, p.140.
لە مێژووی دڕندە ، ئۆلین ڕید ، وەرگێڕانی فارسی بەرگی دووەم ، لاپەڕەی 627 وەرگیراوە.

7- ئافرەت لە ڕەوتی مێژوودا ، بنەفشەی حیجازی ، لاپەڕەی 177.

8- Brifault Robert, "the Mothers", vol. 1, p. 405.
لە مێژووی دڕندە ، ئۆلین ڕید ، وەرگێڕانی فارسی بەرگی دووەم ، لاپەڕەی 646 وەرگیراوە.

نەگرت ، بەڵکوو بازدان لە سیستمی دایەکایەتییەوە بۆ سیستمی باوکایەتی زۆر بە هێمنیی و بە مەودای هەزاران ساڵ و لە پرۆسەی بەربەرەکانی و خەباتی بیری دژبە سیستمی دایکایەتی لە دڵی ئەودا زەق بووەوە و دژی سیستمی دایکایەتی جێیگرت. نمونەی بەربەرەکانی ئەو دوو هێزە کۆن و نوێیە لە ڕاپۆرتی "ئەلیزابێت کالسۆن"دا سەبارەت بە ژیانی هۆزی "پلاتوتونکا" ببینن کە لە سەردەمی ئەودا هێشتا لە بەرامبەر گوشاری پیاوسالاراندا بەربەرەکانی هەبووە:

**- (بەگوێرەی ڕێورەسمی کۆن سەر و دەستی ڕاستەی منداڵ هی باوکی منداڵەکە بوو و جەستە و باسکی چەپەی منداڵەکە هی بنەماڵەی دایکی. ئەو هاوبەشییە ، نمونەیەکی ئاسایی و دێرین و سوننەتی بوو، بەڵام لەم دوایانەدا پیاوەکان بە دژی ئەو دابەشکردنەن و دەڵێن منداڵ بە تەواوی هی باوکییەتی ، چونکە لە کاتی هاوسەرگیرییدا نرخی دایکی منداڵەکەی داوە. ئەم دژایەتیکردنە لە سیستمی دایکایەتیدا هێشتا سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە[9].)**

لەو ڕونگەیەوە ئێمە لەنێوان هۆزەکانی "تینکیت" Tinkit لە ئالاسکادا دەبینین کە چینی دارا باوکسالارە و چینی نەدار دایکایەتییە[10]. هەروەها لە کەنارەکانی ئافریکای باشور لە "داهوم" سەرۆک و زەویدارە ئەشرافییەکان باوکایەتی و خەڵکی ئاسایی دایکایەتین[11]. ئەو خەباتە سەرئەنجام بە قازانجی چینی دارا و شکانی ئافرەت تەواوبوو. خێزانی باوکسالار پێدەنێتە کۆمەڵگاوە و ئافرەتان کە سەردەمێک لە کۆمەڵگادا خاوەنی پلە و پایەی باڵا بوون ، لە لایەن پیاوانەوە دەشکێن. بە جۆرێک لە یۆنان ناوەندی شارستانیی هەرە پێشکەوتووی پیاوسالاردا ، ئافرەت لەماڵەوە زیندانی دەکەن و سەگی چاودیری بۆ دادەنێن. لە هیند بۆ

9- مێژووی دڕندە ، ئۆلین ڕید ، وەرگێرانی فارسی بەرگی دووەم ، لاپەڕەی 588 .

10- W. H. Dall, Alaska and its Resources, vol. ii, p. 13. In Brifault Robert, the mothers , vol. 1, p. 482.

11- A. B. Ellis, the Ewe-Speaking People of the Slave Coast of West Africa, pp. 1775q. In Brifault Robert, the Mothers, vol. 1, p. 428.

پاککردنەوەی تاوانی هاوسەرەکەی لە ئاگردا دەیسوتێنن و لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا بە تاوانی ئەشقی ئازاد و پەیوەندیی سێکسیی شێلاقی لێدەدەن و بەردەبارانی دەکەن.

## هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی ئافرەت و پیاو لە سەردەمەکانی پێش و پاشی مێژوودا

بە سەرهەڵدانی دیاردەی خێزان و سیستمی باوکسالاریی پەیوەندییەکانی نێوان ژن و مێرد بە تەواویی گۆڕانیان بەسەردا هات. بەگوێرەی ئەو نەریتە هەموو هەڵسوکەوتەکانی نێوان ئافرەت و پیاو جێگایان لەگەڵ یەکتر گۆڕییەوە. ئەو دیاردەیە بەتایبەتیی لە کۆتایی سەردەمی دایکایەتیدا کە هاوکات بوو لەگەڵ دۆزینەوە و گەشەسەندنی کشتوکاڵ بە تەواویی زەق بووەوە و هەست بە دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی ئافرەتان کرا. لەو سەردەمەدا ئافرەت بە کۆکردنەوەی سامان و سامانی بنەماڵە لە دەست خۆیدا ، بە ڕواڵەت بە مەبەستی پارێزگارییکردن لە پەیوەندییەکانی یەکسانیی خوازانەی، بەڵام لە ڕاستییدا بۆ داسەپاندنی دەسەڵاتی دایکسالاریی و دەسەڵاتی ئافرەت بەسەر پیاودا ، هەوڵیدەدا ئەو دەسەڵاتە بسەپێنێت ، کەچی بەرلە قۆزێنەوەی ئەو هەلە و جێگیرکردنی ، بە سەرهەڵدانی خاوەندارییی تایبەت لە دەست پیاواندا ، ئەو بیرە بە تەواویی فەشەڵ کرایەوە و بەلاوەنرا.

بە هەر حاڵ چاوپیداخشاندن و هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی ئافرەتان و پیاوان و دەرخستنی جیاوازییەکانیان بێسود نیە. بەتایبەتیی هەڵسەنگاندنێکی بەو جۆرە پێشاندەدات کە چۆن پرینسیپەکانی پەیوەندییدار بە نەریت و شێوەی هەڵسوکەتەکانی نێوان پیاوان و ئافرەتان لە هەر قۆناخێکدا، بە هیچ شێوەیەک هەمیشەیی و بەهێز و ڕۆحی نەبوون و پتر بەرهەمی هەلومەرجی دۆخی کۆمەڵایەتی جیاواز

بوون کە ئافرەتان و پیاوان تێیدا ژیاون. بە جۆرێک بە گۆڕانی ئەو دۆخە ، پرینسیپەکانیش گۆڕانیان بەسەردا هاتووە.

لە کۆتایی سیستمی دایکایەتیدا و قۆناخی سەرهەڵدانی ئیشی باخەوانییدا ، باخەکان و زەوی و کێڵگەکان لەژێر دەسەڵات و کۆنترۆڵی ئافرەتاندا بوون. هۆی ئەو دیاردەیەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە ئیشی کشتوکاڵ و باخداریی لە سەرەتادا ئیشی ئافرەتان بوو. پیاوان جگە لە ڕاوکردن و بەشدارییکردن لە شەڕەکاندا بە دەگمەن و لە حاڵەتی تایبەتدا ئیشی باخەوانییان دەکرد. هەروک پێشتر بینیمان خوازبێنیکەر دەبووایە بۆ ماوەیەک لە ژێردەستی دایکی هاوسەری داهاتوویدا ئیشی باخەوانیی بکات.

لەو سەردەمەدا بەپێچەوانەی سەردەمی باوکسالاریی ، کاتی جیابوونەوەی ژن و مێرد لە یەکتر ، پیاوەکە کەلوپەلی خۆی کۆدەکردەوە و دەگەڕایەوە لای بنەماڵە و هۆزەکەی خۆی. "ئاشور ڕایت" Ashur Wrigighi ئەندامانی لیژنەی ئایینیی لەنێوان "سنکاها" یەکێک لە هۆزە سورپێستەکانی ئەمریکای باکور ، لە ڕاپۆرتێکدا دەڵێت:

**- ( کاتێک بەگوێرەی نەریتی بنەماڵەکەیان لە ماڵە کۆن و درێژەکانیاندا دەژیان ... ئەوە ئافرەت بوو کە هاوسەری لە بنەماڵەکانی ترەوە دەهێنا ماڵی خۆی ... بەگشتیی ئافرەتان حاکمی ماڵەکانیان بوون... پاشەکەوتکردنی بەرهەمی بنەماڵە هی هەموو ئەندامانی بنەماڵە بوو ، بەڵام ئەگەر مێرد یان دەزگیران هاوبەشی لە پاشەکەوتکردنی بەرهەمی بنەماڵەدا نەکردایە. ژمارەی مناڵەکانی و ڕادەی پاشەکەوتکرنەکەی لەبەرچاو نەدەگیرا و لە هەر ساتێکدا مەترسی هەبوو کە فەرمانی پێبدەن کەلوپەلەکەی کۆبکاتەوە و ماڵەکە بەجێبهێڵێت. ڕەنگە نافەرمانی کردن لەو فەرمانە توشی کارەساتی بکات و... ئەو دەبووایە بگەڕێتەوە لای بنەماڵەکەی خۆی یان هەندێک جار دەبینرا ، دەچووە لای بنەماڵەیەکی تر و هاوسەرێکی نوێی بۆ خۆی**

**دەدۆزییەوە. ئافرەتان لە سەردەمی بنەماڵەدا لە هەموو جێیەک دەسەڵاتی باڵایان هەبوو[12].)**

لە کاتی سەرهەڵدانی ڕووداوێکی ئەو جۆرەدا منداڵەکان لە لای دایکیان دەمانەوە. لە حاڵێکدا لە سیستمی باوکسالارییدا هەمووی ئەوانە لە شێوازێکی زاڵمانەدا پێچەوانە دەبوونەوە. نەک هەر موڵک و ماڵەکە هی پیاوەکە بوو، بەڵکوو دەبووایە ئافرەتەکە بڕوات و ماڵەکەی بەجێبهێڵێت و بگەڕێتەوە ماڵی باوکی. لەگەڵ ئەوەشدا منداڵەکانیش هی پیاوەکە بوون و ئەو بڕیاریدەدا لە کوێ بمێننەوە. ئەوە لە حاڵێکدابوو کە لە سیستمی دایکایەتیدا باوک هیچ مافێکی بەسەر منداڵەکانیەوە نەبوو ، تەنانەت لە پەروەردەکردنیشیان بێبەش بوو. پەروەردەکردنی کوڕ بۆ ئیشی پیاوانە ، بە دوای گۆڕانی تیکەڵاویی سێکسیی گروپی بۆ تێکەڵاویی دوو کەسە دەکەوتە ئەستۆی خاڵی منداڵ. ئەو کوڕەکانی خوشکی بۆ ڕاو کردن و بەشدارییکردن لە شەڕدا پەروەردەدەکرد.

لە سیستمی دایکایەتیدا منداڵ لە دایکیانەوە میراتیان پێدەبڕا و میراتی پیاویش بە خوشکەزاکانی دەگەیشت. لە سەردەمی بەربەریی ئێمەدا، مرۆڤ هێشتا زانیاریی لەسەر ڕۆڵی باوک لە دروستکردنی منداڵ نەبوو. تەنانەت دیاردەیەک بە ناوی باوک بوونی نەبوو. بەو پێیە پیاو بە تەنیا وەک دۆستی ئافرەت چاوی لێدەکرا و هیچ مافێکی بەسەر منداڵەکانیەوە نەبوو. هەر وەک لە سیستمی پیاوسالارییدا مافی سەرپەرشتیی و خاوەندارییی منداڵ بۆ پیاو دەگەڕایەوە. تەنانەت ئێمە دەزانین لە زۆربەی گوندەکاندا و بەتایبەتیی لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ، ئێستاش لە وشەی دایک کەڵکوەرناگیرێت و بە ئافرەت دەڵێن "ماڵەوە". هەر بەو جۆرەش لەسەردەمی دایکایەتیدا، بە پێچەوانەی سەردەمی باوکسالاریی ، ئافرەت بە شوێن پیاودا دەگەڕا و

---

[12]- Acient Society of Researchs in the Lines of Human Progress from Savages through Barbarism to Civilization, Lewis H. Morgan, 1877, p. 464, In Engels Ferederick ,'The Origin of the Family, Private Property and the State, 1942, p. 43.

لە دۆزینەوەی مێرد ، یان دەزگیرانی خۆیدا پێشقەدەم بوو. بریفاڵت ئاماژە بۆ چەند نمونەیەکی بەو چەشنە دەکات و دەڵێت:

**- (لەناو هۆزەکانی "کورنایی" لە ئۆستralیا ، هۆزەکانی نیشتەجێی "ملانزیا" ، "بریتانیای نوێ"، "ئیرلەندای نوێ" ، "ملانزیای گینەی نوێ" لە دورگەی "سۆلۆمۆن" ، "کالدونیای نوێ" و "فوجی" دا چونکە لە سیستمی دایکایەتیدا باوک دەبووایە لە لای خزمەکانی ئافرەت بژی و بۆ ئەوان ئیش بکات ، هێنانی پیاو بۆ ناو بنەماڵە سودی ئابوری بۆ ئافرەت و بنەماڵەکەی هەبوو. بۆیە ئافرەت بە شوێن پیاودا دەگەڕا کە هاوسەرگیریی لەگەڵدا بکات[13].)**

بەپێچەوانەوە لە سەردەمی باوکسالارییدا پیاو خوازبێنیی ئافرەتی دەکرد و ئەوەی دەگواستەوە لای خۆی یان ماڵی بنەماڵەکەی خۆی. ڕەنگە جیاوازییەکانی دواییش لەنێوان ڕۆڵی ئافرەت و پیاو لەو سیستمانەشدا لەوەوە سەرچاوی گرتبێت. ئەو جیاوازییەی کە لە سیستمی دایکایەتیدا پیاوان پتر لە ئافرەتان سەرنجیان بە ئارایشت و جوانکاریی خۆیان دەدا.

لە دورگەی 'ئادمێرالین" کەڵکوەرگرتن لە کەلوپەلی جوانکاریی یەکیک بووە لە تایبەتمەندییەکانی پیاوان و ئافرەتان لێی بێبەریی بوون[14]. لەنێوان هۆزەکانی ئوسترالیاشدا ئافرەتان سەرەڕای قژی فردار و زۆر جوانیان ، قژی خۆیان قوڵەتر لە قژی پیاوان دەکردەوە[15]. لەنێوان دانیشتووانی "فوجی" ئافرەتان قژی پیاونیان شانە دەکرد و بۆیان دەهۆندنەوە[16] ، بەڵام لە هەمووی ئەوانە سەیرتر ئەوە بوو کە

[13]- Brifault Robert, "the Mothers", vol. 2, p. 175.

[14]- H. N. Moseley, " On the Inhabitants of the Admiralty Islands," Journal of the Anthropological Institute, vi, p. 399 .In Brifault Robert, "the Mothers", vol. 2, p. 177.

[15]- E. Thorne, the Queens of the Colonies, p. 314. In Brifault Robert, "the Mothers", vol. 2, p. 177.

[16]- Bove, Atagonia G., Terra del Fuoco, Mari Australi, p. 129. In Brifault Robert, "the Mothers", vol. 2, p. 177.

کاتی مردنی ئافرەت ، مێردەکەی بە شێوەی سەردەمی باوکسالاریی پرسەی بۆ دادەنا. واتە بە گریان و لەخۆدان و قژ ڕنینەوە.

پاشماوەکانی ئەو ڕێوڕەسمە ئێستاش لەنێوان هۆزەکانی "ڤیکتۆریا"ی ڕۆژئاوادا دەبینرێت. لەنێوان هۆزەکانی ئەو هەرێمەدا ئەگەر پیاوێک هاوسەرەکەی دەمرد بۆ ماوەی سێ مانگان پرسەی بۆ دادەنا و هەر دوو شەوەی جارێک بۆی دەگریا و ئاماژەی بۆ خاڵە بەرجەستەکانی دەکرد و بە ڕادەیەک بە نینۆک ناوچاوانی خۆی دەکۆڵییەوە کە خوێنی بە گۆنەکانیدا دەڕژا[17].

دیارەی هۆی ئەو ئازاردانانە بە تەواوی لەگەڵ پرسە و ماتەمینی سەردەمی باوکسالاریی جیاوازیی هەبوو. لەو سەردەمەدا مرۆڤ بە دیاردەی مەرگی سروشتییان نەدەزانی. لەبەرئەوە مردنی ئەندامانی هۆزەکەیان بە چاوپیسیی و جادووکردنی ئەندامی هۆزی خۆیان یان دوژمن دەبەستەوە. پیاوەکەش کە لە هۆزێکی ترەوە هاتبوو ، بە بێگانە دەناسرا، دەیویست بە گریان و لەخۆدان ، بە بنەماڵەی هاوسەرەکەی بسەلمێنێت کە ئەو دەستی لە مردنی هاوسەرەکەیدا نەبووە. نمونەی ئەو دڕدۆنگییە لەنێوان هۆزەکانی "دیێری" Dieri و "کۆگناتێ" Cognate ی ئوسترالیادا بە زەقی دەبیندرا. بە ڕای ئەوان هیچ مرۆڤێک بە مەرگی سروشتی نامرێت. ئەوان مەرگی ئەندامانی هۆزەکەیان بۆ کەسێک لە هۆزی خۆیان یان هۆزەکانی دراوسێ دەگەڕاندەوە[18].

لەو ڕوانگەیەوە ئەگەر مناڵێکان لێ دەمرد ، خزمانی مناڵەکە بە سەرۆکایەتی خاڵی مناڵەکە کە سەرپەرشتیی مناڵەکەی دەکرد، بەو گومانەوە کە باوکی مناڵەکە لە هۆزێکی ترە و ڕەنگە دەستی بووبێت لە کوشتنی مناڵەکەدا، دەڕژانە سەری و تا ئەو کاتە لییاندەدا کە خوێن لە جێیەکی جەستەی دەهات و لەگەڵ ئەوەشدا هەموو کەلوپەلی

---
[17]- Fraser Sir J. G. , Folk-Lore in the Old Testament, vol. 1, pp. 390-91.
[18]- Crawley Ernest, "Mystic Rose", vol. 1, p. 101.

ماڵەکەیان تالآن دەکرد. دواتر باوکی چارەڕەش دەبووایە جەژنێک پێکبهێنێت و ئەوان بەشداریی تێدا بکەن و پێکەوە ئاشتببنەوە[19].

سەرئەنجام ئەرکی ڕاگرتن و بەخێوکردنی مناڵ بە لایەنی کەمەوە بۆ ماوەیەک لە ئەستۆی پیاو بوو کە لە بەشەکانی پێشووتردا بە ڕادەی پێویست لەسەری دواین، بەڵام سەبارەت بە زنجیرەیەک دیاردەی سەرسوڕهێنەر کە دواتر لە سیستمی باوکسالارییدا سەریانهەڵدا ، جیاوازییەکان زەقتر بوونەوە. لەنێوان دانیشتووانی "کارۆلینا"دا ئەو کچانەی دۆستە کوڕی زیادتریان بووایە ، خوازبێنیکەریی زیادتریان دەبوو. بە شێوەیەک هەرچەندە تێکەڵاویی پتریان لەگەڵ پیاوان هەبووایە، ڕێزی پتریان لێدەگیرا[20].

هەروەها لەنێوان دانیشتوانی "برامێس" Brames دا ، جێی شانازیی پیاو بوو کە هاوسەرەکەی بتوانێت سەرنجی پیاوانی تر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. ئەو ئافرەتانەی کە خۆشەویستیی زۆریان هەبووایە ، بەلای مێردەکانیانەوە لێوەشاوەیی زیادتریان هەبوو[21]. سەرئەنجام دیاردەی چاوچنۆکیی دیاردەیەکی سەردەمی باوکسالاریی بووە. لە سیستمی دایکایەتیدا دیاردەیەک بە ناوی چاوچنۆک نەبووە یان ئەگەر بووبێت ، زۆر لاواز بووە ، چونکە ئەوان لە زەمینەی پەیوەندیی نێوان ژن و مێرد و پەیوەندیی سێکسییدا بە تەواویی ئازادبوون و هەموو لایەک توانیویەتی پەیوەندیی سیسکی لەگەڵ کەسی دڵخوازیی خۆی پێکبهێنێت. لەبەر ئەوە دیاردەی چاوچنۆکی جگە لە حاڵەتێکی زۆر لاوازدا لەناو خەڵکی ئەو سەردەمەدا نەبینراوە.

---

[19]- Hartland E. S., Primitive Fatherhood, vol. 1, p. 279.
لە مێژووی دڕندە ، ئۆلین ڕید ، وەرگێڕانی فارسی بەرگی دووەم ، لاپەڕەی 576 وەرگیراوە.

[20]- J. Lawson, the History of Carolina, p. 62 S9. In Brifault Robert, "the Mothers", vol. 3. p. 316

[21]- A. H. Post. Africaniche Juris Prudenz, vol. i, p. 466. In Brifault Robert, "the Mothers", vol. 3. p. 316.

ئەو نمونانەی سەروو هێمای ئەو ڕاستییەن کە دیاردەی چاوچنۆکیی تایبەتمەندیی سەردەمەکانی سەرەتایی نەبووە. لێکۆڵینەوەکان لەم بارەیەوە پتر مەبەستی ئێمە ڕون دەکەنەوە. مالینۆڤسکی مرۆڤناس کە بۆ توێژینەوە لەناو دانیشتووانی دورگەی "تروبریاند"دا ، بە ساڵان لەو ناوچەیەدا ژیاوە ، لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (لە ئوکتۆبەری 1915 دا "ئوکوڤای لابیکا" یەکێک لە کوڕەکانی ئەو هۆزە بە مەبەستی بەڕێوەبردنی هەندێک ئیش ، بۆ ماوەیەک لە گوندەکەیان "ئورمارکانا" دور دەکەوەێتەوە. کاتی گەڕانەوەی پێیدەڵێن هاوسەرەکەت "دیگیاگایا" لە نەبوونی تۆدا لەگەڵ کوڕی سەرۆکی هۆز بە ناوی "موای دایلە" نوستوە و ئێستاش لە بەیانییەوە پێکەوە چوونەتە ناو باخەکانەوە. دیارە هاوسەرەکەت بە بیانوی هێنانی ئاو و شوشتی قاپ و قاچاخی ماڵەوە چووە. " ئوکوڤای لابیکا" بە بیستنی ئەو هەواڵە دەکەوێتە شوێنیان و بەگوێرەی دەنگۆیەک ئەوان لە کاتی تێکەلاویی سێکسیدا دەبینێت. هەرچەندە ڕاستی ئەو گوتنە ناڕونە ، بەلام ئوکوڤای لابیکا کە دیارە پیاوێکی شەڕانی و خوێڕێژ نەبووە ، بە بینینی ئەو دیمەنە هەڵدەچێت و بە شکاندنی گۆزە ئاوی هاوسەرەکەی ، تۆڵەی لێدەکاتەوە. دیارە ئوکوڤای لابیکا لە لایەک نەیویستوە گرفت پێکبهێنێت و لە لایەکی ترەوە ویستویەتی هەستی بریندار و زیانپێکەوتووی خۆی بشارێتەوە. هەر ئەو شەوە من ئەوانم لە جەژنی مێردەکەیدا بینی کە بە هاوئاهەنگی تەواو لە پەنای یەکتر دانیشتبوون[22].)**

[22]- Malinowski Bronislaw, "the Sexual Life of Savages, (1929), p. 116.

## هاوسەرگیریی لەنێوان خەڵکی هەرێمەکاندا

لە زۆربەی لێکۆڵینەوەکاندا کە سەبارەت بە گەلانی سەردەمی بەرلە مێژوو کراون ، ئەم ڕاستییە دەردەکەوێت کە پەیوەندیی ئافرەت و پیاو بەگشتیی و پەیوەندیی سێکسی لەنێوان ئەواندا بەتایبەتیی بە شێوەیەکی زۆر پێشکەوتوو و متمانەتر لە کۆمەڵگای شارستانیی سەردەمی ئێستا بەڕێوەچووە.

ئێمە دەربارەی پەیوەندیی سێکسیی بەرلە هاوسەرییدا بینیمان کە ئەو پەیوەندییە لەنێوان ئەواندا پێشکەوتووتر بوو لە وڵاتانی ئەوروپایی و تەنانەت لە شۆڕشی سێکسیی ئەمریکاش ، بەڵام دەربارەی هاوسەرگیریی دەبێت بڵێین کە هاوسەرگیریی کاتێک لەنێوان ئەواندا سەریهەڵداوە کە زەوقی سێکسییاندا دامرکاوە و لاوازیی بەسەردا هاتووە. ئەوە لە کاتێکدا بووە کە تاک پتر بە شوێن پەیوەندییەکی بەردەوام و هەمیشەییدا بووە ، تا پەیوەندیی کورت خایەن و کەم دەوام. پەیوەندییەک کە لەسەر بنەمای هاوئاهەنگیی دەرونیی بێت تا زەوقی سێکسی کاتیی.

ئێمە لە ڕابوردوودا بینیمان کە چۆن کچان و کوڕان لە میانەی پەیوەندیی سێکسیی و ئاشایەتی جۆراوجۆر و بەربڵاویاندا، بە زانیاریی هاوسەریی خۆیان بۆ ژیانێکی بەردەوام و هەمیشەیی دەستنیشان دەکرد. لە ئەنجامدا لەنێوان گوندنشینەکاندا هەرچەندە تەمەنی ژن و مێرد پتر بەرز دەبووەوە ، پەیوەندیی و خۆشەویستیی لەنێواندا وەک هەموو پەیوەندییەکی ئاسایی دۆستانە بەهێز و قایمتر دەبوو.

نمونەی ئەو شێوە ژیانە لەنێوان دانیشتووانی "گرینلاند" Greenland دا دەبینین کە چۆن هەرچەندە تەمەنیان دەچێتە سەر ، ئەشقیان زیادتر دەبێت[23]. لەنێوان "توکانتین" Tucantin ی برازیلیشدا

---

[23]- J. Cranz, the History of Green Land, vol. i, p. 153. In Brifault Robert, "the Mothers", vol. 2, p. 153.

تەنانەت **(ئەگەر کەسێک ئاشقی هاوسەرەکەی نەبێت ، بە لایەنی کەمەوە وەک دۆستێک و هاونشینێکی بە سود چاوی لێدەکات[24].)**

دیارە پێویستە بزانین کە لە کۆمەڵگای سەرەتاییدا شتێک بەناوی ئەشقی سوتێنەری سەرەمی شارستانیی نەبووە. بەگوێرەی بۆچونێک ئەو ئەشقانەی سەردەمی شارستانی دەگەڕێنەوە بۆ شکان و خۆبەزلزانینەکانی دەرونیی و ناکامییەکانی سێکسیی باو لەو کۆمەڵگایانەدا و لەوانەوە سەرچاوە دەگرن.

[24]- Brifault Robert, "the Mothers", vol. 2, p. 153.

# بەشی چوارەم:

## ئافرەت بەرەو سیستمی باوکسالاریی

## چۆن

## فریشتەی ئاسمان دەخرێتە سەر چۆک

# فەسڵی یەکەم : سیستمە هاوبەشەکانی دایکایەتی لە هەموو جێیەک دەڕوخێن

## ئەشرافیەتی هۆزەکان و لەناوچوونی بنەماڵە

سیستمی پیاوسالاریی بە تەنیا لە پرۆسەی دەرخستنی دەسەڵاتی ئابوری و سیاسی لە دەست ئافرەتدا جێینەگرت ، بەڵکوو لە تەنیشت ئافرەتاندا ، هەموو ئەندامانی ئاسایی بنەماڵەشی لە دەسەڵات خست. لە ڕاستیدا بە سەرهەڵدانی خاوەنداریی تایبەت سامانی خەڵک کەوتە دەست سەرۆکی بنەماڵە و خێڵ و هۆزەکان و چینێکی نوێ پەیدابوو کە هیچ شوێنەوارێکی لە ژیانی یەکسان و هاوبەشدا نەهێشتەوە. هەرچەندە ئەو کەمایەتییە سامانی خەڵکی پتر لە دەست خۆیدا کۆدەکردەوە ، دەسەڵاتە ئابوری و سیاسییەکەی پتر دەبوو ، گوشاری زیادتری دەخستە سەر خەڵک و یاسای قورستری بە زیانی خەڵکی ئاسایی دادەنا و کۆنترۆڵی ئابوری و سیاسی لە دەست بنەماڵە دەردەهێنا.

ئەو دیاردەیە لە هەموو جێیەکدا بە جیاکردنەوەی چینی باڵای هۆز "ڕێبەران" لە ئەندامانی ئاسای ، پێکهێنانی هێزی چەکداری تایبەت بۆ خۆیان و بەکارهێنانیان بە دژی خەڵکەکە و لە یەک وشەدا پێکهێنانی چینی ئەشرافیەت و دەسەڵاتی نوێ بە دژی خاوەنداریی گشتیی و یاسای هاوبەشی هۆز و دەستبەسەرداگرتنی سامانی ئەوان بە قازانجی خۆیان بەڕێوە چوو.

بەو جۆرە کۆمەڵگای چێنایەتی بە ئۆرگانی سەرکوتکەری وەک دەوڵەت و سوپا کە لە دڵی وێرانییەکانی سیستمی هاوبەشی بنەماڵە و خێڵ و هۆزدا سەری بەرز کردبووەوە ، بوو بە نمونەی کۆمەڵگای

سەردەمی شارستانیی. ئێمە لێرەدا بە کورتی ئاماژە بۆ نمونەی کۆن و کلاسیکی ئەو گۆڕانکارییەی ئاتێن لە قەولی ئینگلزەوە دەکەین[1].

## لەناوچوونی سیستمی بنەماڵە لە ئاتێن و ڕۆم و سەرکەوتنی سیستمی کۆیلەداریی سەرکوتکەر و باوکسالاریی لە دڵی ئەواندا - ئاتێن

شوێنەوارەکانی دەوروبەری یۆنان باس لە نیشتەجێبوونی خەڵکێک دەکەن کە تا 7 هەزار ساڵ پێش زایین لەو ناوچەیەدا خەریکی ڕاو و کۆکردنەوەی گیا و دانەوێڵە بوون. ئەو خەڵکە کە بێگومان مرۆڤی سەرەتایی بوون ، لە نزیکەی 7 تا 4 هەزار ساڵ پێش زایین، بە شێوازی دایکایەتی و هاوبەش دەژیان و دواتر پێیان لە قۆناخی کشتوکاڵ و باخداریی سەرەتایی و دواتریش ئاژەڵداریی نا. ئەو خەڵکە لە ساڵەکانی نێوان 1600 تا 1100 پ . ز دا کە بۆ سەردەمی ئەفسانەکانی Heroic Age دەگەڕێتەوە و لە شیعرەکانی هۆمێرۆس[2]دا "Hómēros" ڕەنگیان داوەتەوە، لە قۆناخی تێپەڕبوون لە سیستمی دایکایەتییەوە بۆ سیستمی باوکایەتیدا بوون. لەو سەردەمەدا، هۆزەکان بۆ یەکەم جار لیژنەیەکیان لە نەتەوە بچوکەکان پێکهێنا و پێکەوە لە چەند شارێکدا کۆبوونەوە کە دەوریان بە دیوار و قەڵا پاوان کرابوو.

لەو سەردەمەدا بە گەشەسەندنی ئاژەڵداریی و کشتوکاڵ و دەستپێکردنی پیشەسازیی دەستی ، بەرهەم و سامانی هۆزەکان کەڵەکە بوو. ئەو گەشەسەندنە بەرە بەرە جیاوازیی سەروەت و ژیانی سەرۆک

---

[1]- Ferederick Engels,'The Origin of the Family, Private Property and the State, Enlglish, p. 98-118.

[2]- هۆمێرۆس شاعیری ئەفسانەکانی یۆنان لە نیوەی دووەمی سەدەی هەشتەمی بەرلە زاییندا ژیاوە و لە دوو بەرهەمی جیاوازدا بە ناوەکانی "ئۆدیسیۆس و ئیلیاد" ئاماژە بۆ ئەفسانەکانی یۆنانیی سەدەکانی 16 تا 11 ی بەرلە زایین دەکات.

هۆزەکانی لە بەرامبەر ئەندامانی ئاساییدا بەزەکردەوە و جیاوازییەکی بەرچاوی دروستکرد و لە ئاکامدا چینی ئەشرافی "ئەرستیۆکرات" لەناو هۆزەکاندا پێکهێنا. بە کۆبوونەوەی سەروەت و دارایی لە دەست ئەشرافیەتی بنەماڵە و خێڵ و هۆزەکاندا کە لە ئەنجامی شەڕی هۆزە یەکگرتووەکاندا بۆ داگیرکردنی کێڵگەی زیاتر و تالانی پتری دراوسێکان دەستەبەر دەکران ، بەشی زۆری دەستکەوت و دیلەکان وەک کۆیلە لەو شەڕ و تالانکردنانەدا بۆ ئەوان دەمایەوە.

بە بەرزبوونەوەی دەسەلاتی ئابوریی ، بەرەبەرە دەسەلاتی سیاسیی ئەشرافیەتی هۆزەکانیش پەرەیانسەند. بە جۆرێک کە ئەگەر شورای هۆزەکان پێشتر لە سەرۆکی هەموو بنەماڵەکان بە گەورە و بچوکەوە پێکدەهات ، ئەم جارەیان تەنیا بەشێکی دەستچن لە چینی ئەشراف شوراکانیان بەدەست بوو. هەروەها بە پێچەوانەی پێشو کە شورا نەیدەتوانی بەبێ پرسوجۆی ئەندامانی بڕیاربدات ، ئەم جارە لە چوارچێوەی دەسەلاتێکدا کە بۆ یەکەم جار بەدەستیان هێنابوو، دەربارەی بەشێک لە دیاردە گرنگەکان بەشێوەی سەربەخۆ بڕیاریدەدا. "دیۆنیسیوس" **Dionysius** لە دروشمەکانیدا سەبارەت بە سەردەمی ئەفسانەکان، لەژێرناوی شورای ئەشرافیەت و نەجیب زادەکاندا **Kratistoi** ئامازە بۆ ئەو شورایە دەکات.

هۆمێرۆس لە دروشمەکانی "ئیلیاد"[3]دا ئامازە بۆ بنەمای سەرهەڵدانی حکومەتی تاک دەکات کە بە تەواوی دژایەتی هەبوو لەگەڵ سیستمی دیموکراتیی ڕێکخستنی هۆزەکاندا. هۆمێرۆس لە کۆمەڵە شیعری"ئۆدیسیێس" **Odysseys** دا وتەکانی **Agamymnon** فەرماندەی بالای سوپای فیدراڵ بە نمونە دەهێنێتەوە کە لە بەرامبەر شاری داگیرکراوی "تروا" دا پەنجە بۆ سەرهەڵدانی ناکۆکی لەنێوان

---

[3]- یەکێک لە شیعرە ئەفسانەیەکانی هۆمێرۆس شاعیری یۆنانی کە دەربارەی گەمارۆی شار تروا لە لایەن یۆنانییەکانەوە و وێران کردنی.

یۆنانییەکاندا ڕادەکێشێت و لە بەشێکی قسەکانیدا دەڵێت **(حکومەتی بەکۆمەڵ شەڕئەنگیزە ، ئیزن بدەن کە تاکێک فەرماندەیی بکات.)**

هەنگاوی دوایی جێگیرکردنی دەسەڵاتێکی ناوەندیی بوو لە ئاتێن کە جێگای بەشێک لە شورای هۆزەکان بگرێتەوە و ئەو بەشەی کە لە دەست خێڵ و بنەماڵە سەربەخۆیەکاندا بوو، بخاتە دەست خۆی. یاسای بنەماڵەکان هەموار بکات و یاسایەکی هەمیشەیی لە جێگای ئەو دابنێت و لە جیاتی وەرگرتنی ئەندام لە هۆزەکان ، هەموو دانیشتوانی ئاتێن واتە "ئەتیکا"[4] بە ئەندام وەرگرێت. لە یاسای هەمیشەیی نوێدا کە بە "تێسێوس" Theseus دەناسرێت ، بۆ یەکەم جار هەموو دانیشتوانی ئاتێن بە دور لە بنەچە و خێڵ و هۆزەکانیان ، دابەشکران بەسەر سێ چینی "نەجیبەکان" Cupatridai "جوتیاران" Geomoroi و "سەنعەتکارەکان"دا Demiourgoi و مافی هەڵبژاردن بە نەجیبەکان بوو. لە حاڵێکدا لە سیستمی ڕێکخستنی بنەماڵەدا ، چینی کۆمەڵایەتی لە ئارادا نەبوو و هەموو ئەندامانی بنەماڵە دەیانتوانی بەشێوەی یەکسان بەشداریی تێدا بکەن.

بە کۆکردنەوەی سەروەت و بە میراتبردنی و پارێزگاریی لێکردنی لەلایەن بنەچەی باوکەوە کە لە سەردەمی ئەشرافیەتی چینی نوێدا سەریهەڵدا، ئەو چینەی هەنگاو بە هەنگاو لە بوارەکانی ئابوریی و سیاسیی و سەربازییدا کرد بە دەسەڵاتێک لە دەرەوەی کۆنترۆڵی خەڵکدا بوو. بە داسەپاندنی ئەو چینە نوێیە بەسەر خەڵکدا ، مێژووی کۆمەڵگا خۆی لە مێژووی ئەو چینەدا بینییەوە کە مێژووی تالان و چەوساندنەوە و سەرکوت و لە وشەیەکدا مێژووی بازادان بوو بۆ سەر دەسەڵاتێکی فرەوانتر. دیارە ئەو دەسەڵاتە بە ئاسانی بەدەست نەهات. لەگەڵ هەر هەنگاوێکیدا دەبووایە کۆمەڵانی خەڵک و ئەندامانی ئاسایی بنەماڵە و هۆزەکان بەرە پشتەوە بکێشێت و تێکیبشکێنێت. لەو

---

4- هەرێمی دەسەڵاتدارییەتی شاری ئاتن.

چوارچیوەیەدا بوو کە بەر لە چاکسازییەکانی سۆلۆن، دیاردەی تالان ، دەستدرێژییکردن بۆ سەر ماف و سامانی خەڵک کەوتە قۆناخێکەوە کە هیچ شتێک لە بەرامبەر حەز و دەستدرێژییەکانی چینی نوێی بە دەسەڵات گەیشتودا پارێزراو نەبوو.

گۆڕینەوە و ئابوریی دراویی کە ببوونە یەکێک لە کەرەستە گرنگەکانی کۆکردنەوەی سەروەت ، لە تەنیشت سودخۆریی "ڕبا" و کرێچێتی لە یاسای خاوەنداریی تایبەتدا، هەموو دەستکەوتەکانی ژیانی هاوبەشی کە پارچەیەک زەوی بوو لە چنگ ئەندامی ئاسایی بنەماڵە دەرهێنا و خستییە چنگی خوێناویی مالیک و سودخۆر و بەرتیکخۆرە تازە پێگەیشتووەکان و ئەوانیشی خستە ژێر باری قەرزێکی قورسەوە.

بەرە بەرە دیاردەی کرێچیەتی و دەستبەسەردا گرتنی زەوی ئەندامانی ئاسایی بنەماڵەکان گەیشتە جێیەک کە لە کێڵگەکانی "ئاتیکا" دا زەوی دەستنەدەکەوت کە ئەم ڕاگەینراوەی پێوە نەبێت: **(ئەو کێڵگەیە لە گرەوی پارەی ئیجارەی فلان مالیکدایە.)** ئەو بەشە زەوییانەی کە ڕاگەینراوێکی بەم جۆرەیان لەسەر نەبوو، بەشێک بوون لەو کۆمەڵە کێڵگانەی کە پێشتر بەهۆی نەدانی ئیجارە ، لە لایەن ڕباخۆرەکانەوە داگیرکرابوون، یان بەدەست ژمارەیەک جوتیاری بەختەوەرەوە بوون کە بەدانی پێنج لە شەشی بەرهەمەکەیان بە مالیکی نوێ ، ئیزنی مانەوە و ئیشکردنیان لەسەر زەوی خۆیان بەدەست خستبوو.

ئەو ئیشە بەوەش کۆتایی نەدەهات. ئەگەر نرخی زەوییەکەی کەمتر لە قەرزی خاوەن زەوییەکە بووایە ، ئەو ناچار دەکرا کە جگە لە زەوییەکەی ، منداڵەکەشی وەک کۆیلە بداتە دەست سودخۆرەکە. بەو جۆرە فرۆشتنی مناڵ کە یەکەم بەرهەمی ژیانی باوک بوو ، سەریهەڵدا و ئەگەر بە فرۆشتنی مناڵەکەش قەرزەکان قەرەبوو نەکرایەن ، باوکی

منالەکە ناچاربوو ، خۆشی بفرۆشێت و ببێتە کۆیلەی ئەو تا تونییەتی سودخۆرەکە بشکێت.

دۆخەکە بە ڕادەیەک ئاڵۆز بوو کە سەرئەنجام سۆلۆن چاکسازیی تێداکرد. ڕباخۆران دۆخەکەیان بەجۆرێک شێواندبوو کە خەڵک خاوەنی ماڵ و سامانی خۆی نەبوو. ئەندامانی ئاسایی بنەماڵەکان و خەڵکی ئاسایی گیان و ماڵیان لە مەترسیدابوو. دەوڵەت کە ئەرکی ڕاگرتنی هاوسەنگیی و پارێزگاریی بوو لە سیستمەکە و چینی حاکم ، ناچاربوو پێش بە بەشێک لەو زیادەڕۆیانە بگرێت.

## چاکسازییەکانی سۆلۆن[5]

بەگوێرەی چاکسازییەکانی سۆلۆن لە 594 ساڵ بەرلە زایینی ، هەموو قەرزی جوتیاران پوچەڵکرایەوە و ئازادیی بێسنوری سودخۆران چوارچێوەی بۆ دانرا. هەموو ڕاگەینراوەکان لە سەر زەوییەکان هەڵگیران و هەموو ئەو کەسانەی کە ڕایانکردبوو یان وەک کۆیلە فرۆشترابوون گەڕانەوە ماڵەکانیان. لەگەڵ ئەوەشدا ، ئەم جارە خەڵکەکە بەگوێرەی ڕادەی داراییەکانیان دابەشکران بەسەر چوار چینی جیاوازدا.

خاوەندارانی 500 ، 300 و 100 "مێدیمنی" Medimni زەوی (هەر مێدیمنی پارچەیەک زەوی بوو و 16.1 بوشیل[6] گەنمی لێ بەرهەم دەهات) ، سێ چینی یەکەم و باڵای کۆمەڵگا بوون و چینی چوارەمیش لە کەسانی بێ زەوی ، یان کەمتر لە 100 مێدیمنی زەوی پێکهات. پلەدارەکانی حکومەتیش دابەشکرابوون بەسەر سێ چینی یەکەمدا.

---

[5]- سۆلۆن یاسادانەر و بڵاوکەرەوەی بیری دیموکرای بوو. ساڵی 630 – 560 پ ز ڕادەی زەوی خاوەن موڵکەکانی دەستنیشان کرد و ڕێگای بۆ چینی هەژاری وڵات کردەوە کە بە شێوەیەکی بەرینتر بیروڕای خۆیان لەسەر دەوڵەت دەربڕن. هەروەها بۆ پەرەپێدانی بازرگانی ، گۆڕانی لە پارەدا پێکهێنا و سەرئەنجام پاڵی بە ئاتنەوە نا کە بەرەو سیستمی دیموکراسی بچێت. وەرگێڕ.

[6]- بوشل پەیمانەیەک بوو بۆ دانەوێڵە و میوەجات- وەرگێڕ

پلەداری هەرە باڵا سەربە چینی یەکەم بوو. ئەندامانی مەجلیسی باڵای دەوڵەت بەگوێرەی دەنگ هەڵدەبژێردران و چینی خواروی کۆمەڵگاش کە زۆربەی دانیشتوانی ئاتێن پێکدەهێنا ، مافی بەشدارییکردنیان لە دانگداندا هەبوو. هەروەها لە یاسای سۆلۆندا خاوەنداریی تایبەت بە زیانی خاوەن موڵکەکان نوسرا و بەگوێرەی ئەو یاسایە زەوی خاوەن موڵکەکان کە پێشتر لەناو خودی خاوەن موڵکەکاندا مامەڵە دەکرا ، ئەم جارە ڕێگای بۆ کرایەوە کە لە دەرەوەی بنەماڵەی خاوەن موڵکەکاندا مامەڵەی پێبکرێت. ئەوەش دەسەڵات بنەماڵەی خاوەن موڵکەکانی لە پلەی دەسەڵاتێکی نەگۆڕی ئابوریدا هەڵوەشاند.

## دانانی سوپای پیشەیی لە جیاتی سوپای هەرەوەزیی بنەماڵە

شانبەشانی بەڕێوەچوونی ئەو گۆڕانکارییانە ، ئیشی جیاکردنەوەی دەسەڵاتی سەربازیی لە بنەماڵەکانی ئەشرافییەوە بۆ دەسەڵاتی حاکم جێبەجێکرا. لە چاکسازییەکانی سۆلۆندا بەشی سوارەی سوپا، بەشی هەرە گرنگ بوو کە تەنیا لە دوو چینی یەکەم و دووەم پێکدەهات. چینی سێیەم دەستەی پیادەی سوپا بوو و چینی چوارەم دەستەی پیادەی سوک و بێچەک بوو و لە پاپۆڕەکانیشدا بە پارە ئیشیان دەکرد.

بەو جۆرە لە پرۆسەی جێگیربوونی سیستمی پیاوسالاریی و خاوەنداریی تایبەت و هەڵوەشانی بنەماڵەدا ، ئەوە بە تەنیا ئافرەتان نەبوون کە دۆخی یەکسانی خۆیان لەگەڵ پیاوان لە دەستدا و بوونە کۆیلە ، بەڵکوو هەموو ئەندامانی ئاسایی بنەماڵەش تووشی دۆخێکی ناهەموار و پڕ لە ئازار بوون. جیاوازیی پڕچەککردنی هەرەوەزیی لەگەڵ پڕچەککردنی پیشەیی لە سیستمی دواییدا لەوەدابوو ، کە لە سیستمی بنەماڵەدا سوپای هەرەوەزی پێکهاتەیەکی هاوبەش بوو و لەگەڵ یەکدەست بوونی کۆمەڵگا یەکی دەگرتەوە. لەو سیستمەدا هەموو ئەندامانی بنەماڵە و خێڵ و هۆزەکان چەکیان هەبوو و لە کاتی

مەترسیدا هەموویان وەک یەک ڕۆح و یەک جەستە پێکەوە بەرگریان لەخۆیان دەکرد، کەچی ئەم جارە لە سیستمی نوێدا بۆ پارێزگاریی کردن لە پێکهاتەیەکی چەند لایەنە و دژبە یەکتر ، نیازیان بە هێزی تایبەت و چەکداری تایبەت هەبوو تا بە قازانجی لایەنێک بە دژی لایەنەکەتردا کەڵکی لێوەربگرن. چینی نوێ لەگەڵ ئەوەشدا کە دەبووایە ئەندامانی ئاسایی بنەماڵە چەک بکات ، پێویست بوو لە بەرامبەر دەستدرێژیی بێگانەدا، لەو ئەندامە چەککراوانەش وەک هێزی بەرگریی تایبەت بۆ بەرگریی کردن لە خۆی کەڵکوەربگرێت.

بەرلە چاکسازییەکانی سۆلۆن ، ئاتێن هێزێکی بچوکی دەریایی هەبوو کە بۆ پارێزگاریی کردن لە پاپۆڕە بازرگانییەکان و شەڕی بچوکی دەریایی دامەزرابوو. دواى پێکهێنانی سوپای پیشەیی ، هەرێمەکانی دابەشکرد بەسەر 12 هەرێمدا Naukraiai و هەرێمەکانیان ناچارکرد هەرکامەیان هێز و کەرەستەی پێویست بۆ پاپۆڕێکی جەنگی بنێرن ، لەگەڵ دوو یەکەی سوارە. لەگەڵ ئەوەشدا بە دوای چاکسازییەکانی سۆلۆندا ئابوریی ئاتێن گەشەی بەرچاوی کرد و سامانی کۆمەلایەتی و تێکەلاویی کۆنی چینەکان بە ڕادەیەکی زۆر گۆڕانی بەسەردا هات ، بە جۆرێک کە لە پرۆسەی گەشەسەندنی گۆڕینەوە و بازرگانیی و بە گشتی گەشەسەندنی بەرهەمدا ، ژمارەی کۆیلەکان بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو بەرز بووەوە. لە ئاکامدا ئەگەر لە ڕابوردوودا جیاوازیی سەرەکی کۆمەڵگا لەنێوان چینی ئەشرافیەت و کۆمەلانی خەڵکدا بوو ، ئەم جارە بە پەرەسەندنی بەرچاوی کۆیلەکان ، ئەو کێشەیە شێوازێکی تری بەخۆیەوە گرت. واتە ئەم جارەیان ئەوە کۆیلەکان بوون کە لە تەنیشت ژمارە مرۆڤێکی زۆر کە لەژێر چاودێریی " تحت الحمایە"دا بوون ، واتە بێگانەکان و کۆیلە ئازادکراوەکاندا لە بەرامبەر هەموو کۆمەڵگاکەدا وەستابوون.

بە دوای چاکسازییەکانی سۆلۆندا ، ئاتێن لە سەردەمی هەرە گەشاوەیدا، 90 هەزار هاوولاتی ئازاد و 365 هەزار کۆیلە و 45 هەزار

ئەندامی ژێر چاودێریی دانیشتو هەبوو. لەبەر ئەوە ، ڕێکخراوی سەربازیی ئاتێن شێوازێکی تری بەخۆیەوە گرت. لە حاڵێکدا کۆنترۆڵی سوپا بەدەست چینی یەکەمی کۆمەڵگاوە بوو ، ڕۆڵی چینی چوارەم لە سوپادا زۆر کەم و کۆیلەکانیش هیچ ڕۆڵێکیان لە سوپادا نەبوو. لەبەر ئەوە لێرەشدا بە قەولی ئینگلز تەنانەت لە شکڵی هەرە باڵای خۆیدا ، واتە لە شکڵی کۆماری دیموکراتییەکەیدا ، ئاتێن لەسەر بنەمای هێزی چەکداری جودا لە خەڵک وەستابوو. لە ڕێکخراوی سەربازیی نوێدا ، سوپا و پاپۆڕە جەنگییەکان ئەندامانی خۆیان بە شیوەی ڕاستەوخۆ لە خەڵک واتە لە شارومەندان دابین دەکرد. ئەو هێزەی کە پێشتر لە بەشێکی دانیشتوانی شار بە دژی بەشەکەی تری کەڵک وەردەگرت ، ئێستا بە دژی کۆیلەکان کەڵکیلێوەردەگیرا. بەو مەبەستە کۆیلەکان لە ڕێکخراوی نوێی سوپادا بە هیچ شێوەیەک مافی هەڵگرتنی چەک و بەشداریی کردنیان لە سوپادا نەبوو. ئەرکی ئەو سوپایە بەرگریی کردن بوو لە بەرامبەر دوژمنی بیگانە و کۆنترۆڵ کردنی کۆیلەکاندا.

بەو جۆرەیە کە دیموکراسی یۆنانیەکان و لە سەروویدا ئاتێنیەکان کە ڕۆشنبیرانی ڕۆژئاوایی بۆ حەشاردانی پیساییەکانی مێژووی خۆیان پێیهەڵدەڵێن و شانازیی پێوەدەکەن ، دیموکراسیی بەشێکی کۆمەڵگا بوو نەک هەمووی کۆمەڵگا. ئاتێنیەکان لە تەنیشت سوپادا کە بۆ بەرگریی کردن لە دەستدرێژیی بێگانە و کۆنترۆڵی کۆیلەکان پێکهاتبوو، هێزێکی پۆلیسی تایبەتیشیان دامەزراندبوو کە بە قەولی ئینگلز تەمەنی بە ڕادەی تەمەنی مێژووی شارستانییەکەیان بوو. ئەرکی ئەو هێزە کۆنترۆڵی شارومەندانی ئاسایی بوو. لە حاڵێکدا لە سیستمی بنەماڵەدا تەنیا سوپایەک هەبوو کە لە بەرامبەر بێگانەدا بەرگریی دەکرد و بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆیی پێویستیان بە سوپای تایبەت نەبوو. ئەو جیاوازییەی سیستمی بنەماڵە و کۆمەڵگای سەرەتایی وەک شانازییەک ، پلەی هەرە باڵای دیموکراسی سەردەمی شارستانی بوو.

مەبەستی من لەو شیکردنەوەیەی سەروو بۆ پێشاندانی تەنیا ئەو خالانە نەبوو، بەڵکوو بۆ ئەوە بوو کە بڵێم تێپەڕبوون لە کۆمەڵگای ئازاد و عادلانە و یەکسانییخوازی سەرەتاییدا بۆ کۆمەڵگای ناعادلانە و نابەرامبەر و چەوسێنەری دوای ئەو ، بە ئاسانی بەڕێوە نەچوو. بە وتەیەکی تر، دیلکردن ، کۆیلە کردن ، پالپێوەنان بەرەو بەدڕەوشتی و کێشانی خەڵکیک بەرەو چارەڕەشیی کە سەدان هەزار ساڵ لەگەڵ ژیانی شەرافەتمەندانە و ئازاد ڕاهاتبوو ، جگە بە ڕێگای زۆرەملێ و سەرکوت و پەروەردە کردنی نەپساوە ، بە شێوازی جۆراوجۆر و بە کەرەستەی جیاواز نابێت.

لە حاڵێکدا سیستمی کۆمەڵایەتی کۆن بەهۆی ناوەڕۆکی مرۆڤدۆستانەیەوە بە شیوەی سروشتی و بە دور لە هەرچەشنە تێکهەڵچونێکی ناوخۆیی پیکهاتبوو ، سیستمی کۆمەڵایەتی نوێ بەهۆی جیاوازییەکانیەوە لەگەڵ نەریتی ئازاد و سروشتی مرۆڤ ناتەبا بوو. ئەو سیستمە جگە بە ڕێگای زۆرەملێ و سەرکوت کردنی بەردەوام و درێژخایەن و هەمیشەیی نەیدەتوانی لەسەر پێ بوەستێت و خۆی بەسەر مرۆڤدا بسەپێنێت.

## ڕۆم

لە ڕەوتی هەڵوەشانی سیستمی بنەماڵە و جێگیربوونی کۆمەڵگای چینایەتی دا، ئێمە دەتوانین ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە ئاتێن بەڕیوەچوون تەنانەت بە توندڕەوییەکی زیاترەوە لە ڕۆم ببینین. لەوێش وەک ئاتێن لە پرۆسەی گەشەسەندنی دارایی و سامانی هۆزەکان و یەکگرتنەوەیان کە پێشتر دایکایەتی بوون ، ئەشرافیەتی بنەماڵە و خێڵ و هۆزەکان پێکهات. لە پرۆسەی بەرەپێشەوەچوونی زەماندا و شەڕە تالانکەرەکانی دواییدا ، ئەوان دەسەلاتی پتریان بەدستهێنا.

سەرئەنجام یاساکانی ژیانی هاوبەشی بنەماڵە هەنگاو بە هەنگاو جێگای خۆیاندا بە یاساکانی نوێ و بایەخیان نەما.

بنەمای دەسەڵاتی نوێ لە پلەی چینێکدا ، دەسەڵاتی خۆی بەسەر چینیەکانی تردا سەپاند و سەرئەنجام بە بەڕەسمی ناسینی خاوەنداریی تایبەت و پێکهێنانی ئۆڕگانی سەرکوتکەر، دەوڵەتی خۆیان لە بەرامبەر ئەندامانی بنەماڵەکان و خەڵکی ئاساییدا لە ڕۆم و دواتر لە بەشێکی جیهاندا ڕێکخست.

ئەو پرۆسەیە لێرەشدا وەک ئاتێن لە جیاکردنەوەی چێنەکاندا خۆی دۆزیەوە. "پاتریشان" Patrician .... چینی زەویدار ، بازرگان و پیشەسازی دەستیی خاوەن دەسەڵات بوون و "پۆپۆلۆس" و "پلۆپ" شارومەندانی ئاسایی و چینی ناوەندیی و کرێکار بوون و چینی بێسامانیان پێکدەهێنا.

لێرەشدا لەگەڵ حەز و ئاواتەکانی چینی نوێ و بەتایبەتی کردەوەی سەرکوتکەرانە و تێکهەڵچوونەکانی خوێناویاندا ، سەرئەنجام بەگوێرەی یاسای هەمیشەیی نوێ کە لە یاسای هەمیشەیی یۆنان و بەتایبەتی یاساکانی سۆلۆن دەچوو ، هەموو ئەو پیاوانەی کە مافی هەڵگرتنی چەکیان هەبوو ، لەسەر بنەمای خاوەنداریی تایبەت و ڕادەی دارایی و سامانەکانیان یەکیان گرتەوە و بەسەر پێنج چیندا بەشکران و شەشەمین چین پرولیتاریا بوو کە دارایی ئەو کەمتر لە چینی پێنجەم بوو و مافی هەڵگرتنی چەکی نەبوو.

لێرەشدا ئەنجومەنی گشتی کە شوێنی بڕیاردان بوو لە چینی یەکەم پێکهاتبوو. ئەو چینەی کە هەم لە بواری ئەندام و هەم لە بواری دەنگەوە ، ژمارەی کەمتر لەوانی تر بوو ، بەڵام لە بڕیارداندا زۆرینە بوو و دەستی باڵای هەبوو لە داسەپاندنی خواستەکانی بەسەر کۆمەڵگادا. لێرەشدا لە پرۆسەی گەشەسەندی دارایی چینی باڵادا، کۆنترۆڵی کۆیلەکان گرنگایەتی پەیدا کرد. بەم مەبەستە هێزی سەربازیی تایبەت پێکهات و ئەرکی بەرگرییکردن لە سامان و دارایی

چینی باڵای لە بەرامبەر دەستدرێژیی و مەترسییەکانی بێگانە پێسپێردرا ، لەگەڵ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی کۆیلەکان و پرۆلتاریادا.

لێرەشدا لە پرۆسەی ململانێی درێژخایەن لەنێوان "پاتریشان" و "پلۆبین"دا لەسەر داگیرکردنی زەوی و پلەکانی حکومیدا ، سەرئەنجام بە یەکگرتنی پاتریشان لەگەڵ زەویدارە گەروە و بەرتیلخۆرەکان و داگیرکردنی زەوی جوتیارە بچوکەکان و کەڵکوەرگرتن لە ئیشی کۆیلەکان ، کۆمەڵگایان یەکدەست کرد و ڕێگایان بۆ بەدەسەڵاتی گەیاندنی ئیمپراتۆرییەتی پیاوسالار هەموار کرد.

## هێرش و دەسەڵاتی قەومەکانی باوکسالار بەسەر کۆمەڵگای دایکایەتیدا

ئەمە ڕونە کە قەومەکانی دایکایەتی هەموویان پێکەوە و هاوکات نەچوونە ناو سیستمی باوکسالارییەوە و ئەو پرۆسەیە بەرەبەرە بەئەنجام گەیشت. لە سەرەتادا زنجیرەیەک لەو قەومانە کە دۆخی ئابوریی و جوگرافیایی ڕێکتریان هەبوو ، دەستیان بەو پرۆسەیە کرد و بە دوای ئەواندا قەومەکانی تر. هەندێک خێڵ و هۆزیش بە دوای ئەوان و لە سەدەکانی دواییدا گۆڕان ، تەنانەت بەشێکیش تا ئەو دوایانە بە شێوازی کۆن دەژیان. نابێت بیر لەوە بکەینەوە کە قەومەکانی دایکایەتی بەتەنیا و بە لایەنی گۆڕانکارییەکانی ناوخۆییەوە کە دەگەڕانەوە بۆ سیستمی خاوەندایەتی تایبەت بەو قۆناخە گەیشتنە. هێرشی هۆزەکانی باوکسالار کە بەگشتی خەریکی ئیشی ئاژەڵداریی و شەڕ و ڕاوکردن بوون بۆ سەر ئەو خێڵ و هۆزانەی کە لە سەردەمی دایکایەتیدا دەژیان و خەریکی ئیشی کشتوکاڵی سەرەتایی بوون ، دیاردەیەکی تر بوو لە ڕاکێشانی بە زۆرەملێی ئەو بەشە بەرەو پەیوەندییەکانی نوێدا.

ئەو قەومانە لە دەشتە بەرینەکانی باکوری "ئیستپ"کانی "سیبریا"وە تا هەرێمەکانی باکوری چین بڵاوببوونەوە و بە گشتی خەریکی ڕاوکردن و شەڕ لەنێوان هۆزەکانیاندا بوون و لە نزیکەی 3500 تا 3000 ساڵ پێش زایین، تەنانەت دواتریش بەشوێن لەوەڕگایەکەوە بوون. ئەوان بە هێرشەکانیان بۆ سەر وڵاتی ئاوەدان و بەپیتی باشور ، زۆربەی دانیشتوانی ئەو هەرێمەیان لەناو برد. لە چین قەومی باوکسالاری تورکی مەنگوڵ کە گاریی جەنگی War Chariots هەبوو، لە باکورەوە هات و فەرمانڕەوایی دایکایەتی "شانگ" ی لە باشور تێکشکاند و سیستمی دەرەبەگایەتی سەردەمی تاریکستانی دامەزراند.

لە بەین النهرین (نێوان دوو روباری دیجلە و فوڕات ، لە باشوری کوردستان- وەرگێڕ) نەک هەر سۆمەرەکان بەڵکوو پاتانەکانی عەرەبیش هێشتا دایکایەتی بوون. هەروەها لە "مینیۆن" Mineon لە میسر و دوڕگەی "کرێت" Crete لە یۆنانیش بەرلە چاکسازییەکانی هۆمێرۆس ، سیستمی دایکایەتی بەردەوام بوو. دیارە لەو کۆمەڵگایانەشدا هەر وەک سەبارەت بە یۆنان بینیمان ، گوڕانیان بۆ سەر سیستمی باوکایەتی بە لایەنی گۆڕانکاریی ناوخۆیی و دور لە دەسەڵاتی دەرەکی بە ئەنجام گەیشت. لە ئێران و هیندیش کاتێک هۆزەکانی باوکسالاریی ئاریایی لە سەرەتای هەزارەی دووەمی پێش زاییندا لە باکوری هەرێمی قەوقازەوە بۆ دۆزینەوەی هەرێمێکی نوێ خۆیان گەیاندە لەوەڕگاکانی هەرێمی باشور و لەو ناوچانەدا سیستمی دایکایەتیان دامەزراند.

توێژینەوەکانی شوێنەوارناسی لە ئێران باس لە بوونی مرۆڤ لە ناوچەکانی سنوری ڕۆژئاوای کوردستانی عێراق دەکەن. بەگوێرەی ئەو لێکۆڵینەوانە نزیکەی 200 تا 400 هەزار ساڵ لەمەوبەر لەو هەرێمەدا مرۆڤ ژیاوە(7). ئەو توێژینەوانە پێشاندەدەن کە لە سەردەمەکانی دواتردا هۆزێکی ڕاوکەر لە هەرێمی بەختیاریی لە باکوری ڕۆژهەڵاتی

7- مێژووی ئێران لە سەردەمی کۆنەوە تا ئەمڕۆ ، ئێدوین ئاریدۆویچ گرانتوڤسکی ، لاپەڕەی 24 لە ئافرەت لە ڕەوتی مێژوودا ، بنەفشەی حیجازی، لاپەڕە 29 وەرگیراوە.

شوشتەر[8] هەبووە و دواتریش بە سەرهەڵدانی کشتوکاڵ لە 4000 ساڵ پێش زاییندا لە هەرێمی نزیک "بێهشەر"[9] خەڵک ژیاوە. ئەو خەڵکە لە سیستمی دایکایەتیدا بوون و ئافرەتان بە دۆزینەوەی کشتوکاڵ و کۆنترۆڵ کردنی لە دەستی خۆیاندا ، خاوەن پلەیەکی باڵا بوون لەو کۆمەڵگایەدا[10]. بە جۆرێک لە هەندێک هەرێمی وەک کوردستان ، ئافرەتان تەنانەت ئەرکی فەرماندەکانی سوپایان لە ئەستۆ بووە[11]. هۆزەکانی ئاریایی کە ئاژەڵدار و شەڕکەر بوون ، بەدوای بەدەستخستنی سەحراکانی ئێران ، سەرەتا هەوڵیاندا ئافرەتان کە ئیشی کشتوکاڵیان دەکرد، ڕاکێشنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان.

"سپندار مەز" یەکێک بوو لەو شەش ئەمشاسپەند "فرشتەکان"ی کە لە لایەن "ئاهۆرامەزدا" دروستکەری جیهانەوە وەک هێمای کشتوکاڵ و فەرمانبەردایی دروست "خەلق" بوو[12]، کە لە ڕاستیدا ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ئەو سەردەمە بوو. واتە کیشی ئارییەکان بۆ ڕاکێشانی ئافرەتانی ئەو هەرێمە بۆ ژێردەستیی کە ئیشی کشتوکاڵیان دەکرد و لە بەرامبەر پیاواندا خاوەن دەسەڵات بوون. هەروەها بوونی سێ ئەمشاسپەندی ئافرەت لەنێوان شەش ئەمشاسپەنددا کە ئاهۆرامەزدا بۆ ئاوەدان کردنەوە و بەڕێوەبردنی جیهان دروستی کردن، هێمای ئەوە بوو

---

8- ئێران لە سەرەتاوە تا ئیسلام ، ڕ. گریشمان، لاپەڕەی 10 ، لە ئافرەت لە ڕەوتی مێژوودا ، بنەفشەی حیجازی، لاپەڕە 30 وەرگیراوە.

9- مێژووی کۆمەڵایەتی ئێران ، مورتەزا ڕاوندی لاپەڕەی 27 ، لە ئافرەت لە ڕەوتی مێژوودا ، بنەفشەی حیجازی، لاپەڕە 30 وەرگیراوە.

10- ئێران لە سەرەتاوە تا ئیسلام ، ڕ. گریشمان، لاپەڕەی 30 ، لە ئافرەت لە ڕەوتی مێژوودا ، بنەفشەی حیجازی، لاپەڕە 32 وەرگیراوە.

11- بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بۆ خودای ئیلامی هاوسەری کریشا Kirisha بکەین کە بەرلە هاتنی ئارییەکان لە پلەی "رب النوع"دا بە فرەوانی ستایشیان دەکرد. پەیکەی جۆراوجۆری ئەو لە ئیلام ، خوزستان ، لورستان ، پشتکۆ ، چیاکانی بەختیاریی ، شوش ، ئەهواز ، خورەمئابادی دانرابوون. ئایینی رب ولنوع لەژێر ناوی "نانایە"دا تا سەردەمی پارتەکان بەردەوام بوو. وشەی نەنە بە واتەی دایە لەنێوان ئێرانییەکاندا ناوی ئەو ئافرەتە "خودا"یەیە کە ئێستاش ماوە. لە لە ئافرەت لە ڕەوتی مێژوودا ، بنەفشەی حیجازی، لاپەڕە 34 وەرگیراوە.

12- ئافرەت لە ڕەوتی مێژوودا ، بنەفشەی حیجازی، لاپەڕە 30.

کە ئارییەکان کاتی کۆچکردنیان بۆ هەرێمی دایکایەتی باشور ، نەیانتوانیوە بە ئاسایی بەسەر ئافرەتاندا زاڵ بن و بیانخەنە ژێردەسەڵاتی خۆیان. لەبەر ئەوە بوو کە ئایینی زەردەشت لە بەرامبەر ئایینەکانی پیاوسالاریی تردا بەتایبەتی سێ ئایینەکانی سامی دوای خۆی هەستی بە لێبوردووییەکی زیاتر سەبارەت بە ئافرەتان هەبوو.

لە سەردەمی ئایینی زەردەشتدا هەرچەندە ئافرەتان لەژێر دەسەڵاتی پیاواندا بوون ، بەڵام بەهۆی بەربەرەکانی و نفوزی ئەو هۆزە خانەخوجێیەوە بوو کە لە قۆناخەکانی سەرتای پێکهاتنی سیستمی باوکسالارییدا، ئافرەتان ڕێگایان بە پیاوان نەدەدا کە زوڵمیان لێ بکەن، لەبەر ئەوە کەمتر توندوتیژیان لەگەڵ دەکرا. ئەو دیاردەیە بە شێوەیەکی زەقتر لە هیند و لەنێوان "ودا"[13]دا و لە کاتی کۆچکردنی ئارییەکان بۆ هیند دەبینرا. هەرچەندە کۆچکردنی قەومە ئارییەکان بۆ هیند پیاوسالار بوون، بەڵام لەوانیشدا هێشتا ئافرەتان ئازاد بوون. ئەو ئازادییە لێرەشدا بەهۆی نفوزی و دەسەڵاتی ئافرەتانی خۆجێوە بووە و بە دوای شکانی ئارییەکان لە هەرێمەکەدا هێشتا نفوز و دەسەڵاتیان مابوو.

سەرچاوەکانی ئەو سەردەمەی چین وەک Ha Hun Shu پێشاندەدەن، ئافرەتان هەموو فەرمانەکانی ئەوانیان بەجێگەیاندوە. هەروەها ئەوان کەسایەتی خۆیان لە باوک و پاشناوی خۆیان لە دایکیان وەرگرتووە[14] کە ئەوە دەرخەری ڕادەی دەسەڵاتی و نفوزی سەردەمی دایکایەتی دەگەیەنێت. یان سەبارەت بە یەکێک لەو کۆچانە لە ئایینی"ودیک"[15] دا هاتووە:

---

13- بەشێک لە لێکۆڵەرەوان ئایینی ودا بە سەرەتای ئایینی هیندویزم دەزانن. وەرگێڕ.

14- Brefault Robert, the Mothers, p. 359, vol. 1, 1952(1927).

15- ئایینی ودیک یان وێداس Vedasیان وداها ئایینێکی بەرلە زەردەشیتی بووە. وەرگێڕ.

**- (ڕێگا بدەن هاوسەرەکانتان تەنیا خاتونی خەزورەکانتان بێت ، بەتەنیا خاتونی خوشکەکانی هاوسەرەکانتان بێت. ڕێگا بدەن کە ئەو تەنیا خاتونی براکانی مێردەکانتان بێت[16].)**

هەر وەک بریفالْت دەڵێت ئەو کۆمەڵگایەی کە لە "ودا"کان پێشاندراوە ، لە بواری ڕێکخستندا کۆمەڵگایەکی پیاوسالار بووە. کۆمەڵگای شوانکارەکان و شەڕکەرەکان بووە و لەگەڵ چینی ئەشرافیەت و ئایین و ئەدەبیات گەشەیسەندوە و هەرگیز لەگەڵ کۆمەڵگای پێشودا یەکناگرێتەوە کە ئافرەتان تێیدا خاوەن دەسەڵات بوون. بۆیە ئەو کۆچکردنە دەتوانێت بە تەنیا قۆناخێک بێت لە گۆڕانی سیستمی دایکایەتییەوە بۆ سیستمی باوکسالاریی کە دەسەڵاتی سەربازیی و سیاسیی و فەرهەنگیی خستوە دەست خۆی و هەوڵیداوە کۆمەڵگای دایکایەتی بەرە بەرە لەناوبەرێت.

لەبەر ئەوەیە کە ئێمە دواتر و بە دوای تێپەڕبوونی ساڵانی درێژدا ، لە سەردەمی ئەفسانەکاندا دەبینین کە لە بەرهەمە ئەفسانەیەکانی "مەهاباراتا"ی هینددا هاتووە: **(ئافرەت بە لایەنی فەرمانبەرداریی کردن و بەرێوەبردنی فەرمانی مێردەکەی دەچێتە بەهەشت.)** ئیشی قوتدانی کۆمەڵگای دایکایەتی لە لایەن سیستمی نوێوە بەرەو کۆتاییە و سیستمی باوکسالاریی بەتەواوی بەسەر سیستمی دایکایەتیدا زاڵبووە[17] ، بەڵام نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە لەگەڵ ئەو سازیشە تاکتیکیە نوێیەی سیستمی نوێدا کە کاریگەریی دەرونیی هەبووە و ئەوانی کردەوەتە باوکسالار ، هەندێکیان بەهۆی هێرشی هۆزە دڕندە باوکسالارەکانەوە و بە ڕێگای توندوتیژیی و بە زۆرەملێ ئەو سیستمەیان قبوڵکردوە. بەو واتەیە ، هەرچەندە لە میانەی هێرشی هۆزەکانی پیاوسالاری هەرێمی باکور بۆ هەرێمی باشور و لەوەڕگە بە

[16]- Reg Veda, x 85. 84. A. Ludwig's Translation, vol. ii, p. 537, In Brefault Robert, the Mothers, 1952(1927), vol. 1, p. 347.
[17]- Mahabarata, xiii, 46. Calcata edition, vol. 1. In mothers vol. 1, p. 346.

پیتەکاندا کە بەشیوەیەکی ئارام بەڕێوەچوو و کەمتر تێکەڵاوی توندوتیژیی بووەتەوە، بەڵام ئەو گۆڕانە بەگشتی لە پرۆسەی خەباتێکی درێژخایەنی چەندان سەدەدا ، بە شەڕ و توندوتیژیی بەئەنجام گەیشتووە.

لە ئاوێستادا لەژێر ناوی "شەڕ لەگەڵ دێوانی مازەندەران و ئیبلیسەکانی گیلان" کە هەمان هۆزەکانی دایکایەتی نیشتەجێی ئەو هەرێمە بوون، باس لەو توندوتیژییە کراوە. بەگوێرەی ئەو ، "یەشیت"ی سێزدەیەم کە هاوکات لەگەڵ هاتنی "کەیومەرس" یان "گایاماراتان" Gaya Maratan کۆمەڵگای ئێرانی ئاوەدان کردەوە، کەیومەرس بە دور لە قەومەکانی ئاریایی دەبینێت و دەڵێت کەیومەرس یەکەم مرۆڤ بوو کە پەیامی ئاهۆرامەزدای بیست. بە وتەیەکی تر ئەوێستا لە سەرەتادا ئارییەکانی بە "موزدا" واتە یەکتاپەرستان ناساند.

بە دوای کەیومەرس دا، هوشەنگ زنجیرەی پیشدادیان (واتە یاسای سەرەتایی و پێشو یان سیستمی پیشوی) گرتە دەست خۆی. هوشەنگ لە چیای "هیرا"وە دەێتە باشوری دەریای "خەزەر" و لەوێ دێوەکانی مازندەران و ئیبلیسەکانی گیلان دەشکێنێت. بە دوای هوشەنگدا "یما" بە دەسەڵات دەگات. لە هەندێک ئەفسانەدا یما لە جیاتی کەیومەرس هاتووە. یما هەمان "یەمی" یان "جەم" بووە کە کراوە بە جەمشێد یام "یەم"[18].

بە ڕای ژمارەیەک لە لێکۆڵەرەو ، ئارییەکانی نیشتەجێی باکور بەگشتی لە باکورەوە بەرەو باکوو و باشور و دریای خەزەر و هەرێمی گیلان و مازەندەران هاتوون، لەبەر ئەوە شەڕی ئەوان بە دژی دێوەکان و ئیبلیسەکانی ، شەڕێک بووە لەگەڵ هۆزەکانی دایکایەتی کە لە شوێنەوارە دۆزراوەکانی بێهشەردا ڕەنگیان داوەتەوە و لەو هەرێمەدا خەریکی ئیشی کشتوکاڵ بوون. ڕونە شەڕی ئاریاییە هێرشکەرەکان

[18]- ایدەآل بشر ، شیکردنەوەی بۆچوونەکانی زەردەشت ، ئەندازیار جەلالەدین ئاشتیانی ، لاپەڕەی 33.

لەگەڵ دێوان کە لە ئەویستا و شانامەی فیردەوسی دا ئاماژەیان بۆ کراوە ، لە بواری کۆمەڵایەتیەوە ڕووبەڕوو بوونەوەی دوو سیستمی کۆمەڵایەتی و ئابوریی لێک جیاواز و دژبە یەکتر بوون. سیستمی دژ بە مرۆڤایەتی و سەرکوتکەری بەستراوە بە خاوەنداریی تایبەت و سیستمی مرۆڤایەتی یەکسانییخوازی دیموکراتیی پشت ئەستور بە خاوەنداریی هاوبەش.

لە داستانەکانی ئەوێستا و شانامەدا بە ڕونی دەردەکەوێت کە هۆزەکانی دایکایەتی دێوەکان بوون و هۆزەکانی باوکسالاریش پاشاکان. ئەوانەی لە سیستمی باوکسالارییدا بە پشتیوانیی بنەمایەکانی خاوەنداریی تایبەت و ئەشرافیەتی عەشیرەیی بە شێوەیەکی دڕندانە و دژبە مرۆڤایەتی لە بەرامبەر ئەندامانی خوارووی بنەماڵەکان و خەڵکی ئاسایی هۆزەکاندا وەستابوون و سیستمی خۆیان بەسەر وێرانییەکانی سیستمی دایکایەتی سەحراکانی ئێراندا بینا کرد.

ئەو ڕووبەڕوو بوونەوەیە بە ڕەوشەنی لە شانامەی فیردەوسیدا سەبارەت بە شەڕی نێوان زوحاک کە نوێنەری دیموکراسی بوو لەکەڵ جەمشید کە نوێنەرایەتی چینی باڵا و سیستمی ئەشرافیەتی دەکرد، ڕانگی داوەتەوە. لە شانامە فیردەوسیدا بە ڕونی ئامازە بۆ سەرکەوتنی جەمشید بەسەر زوحاکدا دەکات و دەڵێت جەمشید بە پشتیوانی خەڵک سەرکەوت کە مەبەستی هەمان بنەماڵەی باوکسالارە[19].

بەو پێیە داستانە ئەفسانەیەکانی شانامەش سەبارەت بە گۆڕینی سیستمی دایکایەتی بۆ باوکسالاریی وەک کۆمەڵە شیعرەکانی هۆمێرۆس و بەگشتی هەموو ئەفسانەکانی ئەو سەردەمە کە چینایەتی بوون، باس لە گۆڕینی سیستمی دایکایەتی دەکەن. لەبەر ئەوە شانامە و مەهاباراتاش هەڵگری دروشم و ئەدەبیاتی دڕندانەی پیاوسالارانەی ئەو سەردەمە بوون کە بۆ سەقامگیرکردنی سیستمی باوکسالاریی

---

[19]- رەضی هاشم ، دانشنامە ایران باستان ، سەردەمی ئەوێستا تا کۆتایی سەردەمی ساسانییەکان ، بەرگی یەکەم ، لاپەڕەی 200 ، ژمارەی 148 ئەژدیها دەربارەی شەڕی زوحاک و جەمشید.

هەوڵیاندەدا و بە دژی قارەمانەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، ڕەواڵەتی قارەمانانەیان بە باوکسالاران بەخشوە و سیمای ڕاستینەی قارەمانەکانیان بە دیۆ و درنج ناساندوە. ئەو قارەمانانەن کە هەر وەک ئەفسانەکانی بە ڕواڵەت دیموکراسی یۆنان، خوێنی ڕۆشنبیرانی پیاوسالاریی ڕۆژئاوایان وەجۆش هێنا و ناسیۆنالیستیە دەسەلاتدارەکانی ئێران و هیندیان هاندەدا کە لایەنگریی لە مێژووی دێرین ، بەڵام نەک جێگای شانازیی ڕابوردوویان بکەن.

بەڵام کاتێک سیستمەکانی دایکایەتی لە ئێران و هیند کەوتنەبەر هێرشی هۆزە پیاوسالارەکانی ئاریایی هەرێمەکانی باکور ، لەوە دەچێت کە ئەو دوو لایەنانە لە دۆخێکی وەک یەکدا نەبوون. هۆزە دایکایەتییەکان لە ئێران بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ئێراندا بەهۆی دوریی لە یەکتر بێتوانا بوون و لە هیند سیستمی دایکایەتی مەهاباراتا خاوەن دەسەڵاتێکی باڵاتر و یەکگرتووش بوو. لە ئاکامدا هۆزە هێرشکەرەکان لە ئێران بەبێ بەربەرەکانییەکی تۆند ، بەسەر هۆزەکانی دایکایەتی هەرێمەکەدا زاڵبوون و شوێنەواریی پێشویان لەناو بردن. بەو حاڵەش ، هەندێک جار ئافرەتان لە پلەی شاژن یان جێگری حاکمەکانی ئێران یان بەهۆی هاوسەرگیرییان لەگەڵ ئەندامانی دەرباری پاشاکانەوە دەسەڵاتی ڕابوردووی خۆیان پاراست ، بەڵام لە هیند دۆخەکە پێچەوانە بوو. هەر وەک ئاماژەمان بۆ کرد لەوێ سیستمی دایکایەتی دەسەڵاتی هەبوو. تەنیا بە شەڕ و خاپورکردنی درێژخایەن لە ڕێگای کۆچکردنەکاندا دەکرا ئەوان لە دەسەڵات بخەن. ئەو دیاردەیە لە هەڵسەنگاندکانی بەشی کۆن و نوێی ئایینی "ودیک" دا ڕەنگیداوەتەوە. لە بەشە کۆنەکەدا کە بەرلە هاتنی ئارییەکان بۆ هیند نوسراوە ، باس لە بێگانە و شەڕ لەگەڵ ئەوان ناکرێت ، بەڵام لە بەشە نوێیەکەی ودیکدا کە هاوکاتە لەگەڵ هاتنی گروپەکانی دوایی بۆ هیند ، ئاماژە بۆ شەڕ لەگەڵ بێگانەکان دەکرێت کە هەمان هۆزەکانی دایکایەتی دانیشتوی قارەی هیند بوون. هەر لەو بەشەی "ودا"کان دایە

کە "ئیندرا" خوای شەڕی ئارییەکان و لە ڕاستیدا یەکێک لە خودا هەرە مەزنەکان ، نازناوی "پوراندار" Purandara بە واتەی "وێرانکەری شار و بیروبۆچوونەکان" بەخۆیەوە دەگرێت.

بەو جۆرە جێگیربوونی قەومە ئارییەکان لەو هەرێمەدا بە شەڕ و وێرانکاریی زۆر لەسەر ڕێگای کۆچەکەیاندا و بەربەرەکانی دوایی ئافرەتان دەستەبەر دەکرێت. تەنانەت ئافرەتان ڕێگر بوون لەوەی کە قەومە ئارییەکان بە دوای سەرکەوتنیاندا خوداکانی هاوڕەگەزیان لە جێگای خوداکانی بە ڕەگەزی ئافرەت دابنێن و بیروبۆچوونی ئافرەتان بە ئاسانی بگۆڕن.

لە پرۆسەی ئەو بەربەرەکانیانەدا بوو کە قەومە هێرشکەرەکان ناچار دەبن لەگەڵ ئایینەکانی دایکایەتی ئەو هەرێمە کە پاشماوەی سیستمی تێکشکاوی "هاراپا" بوون ، ڕێکبکەون و ئایینی پیاوسالارانەی خۆیان تێکەڵاوی ئەو ئایینە بکەن. لەو ڕوانگەیەوە ئێمە دەبینین لە شارستانیەتی باوکسالاریی دواییدا لە هیند، بەپێچەوانەی هیند و بەپێچەوانەی ئێران ، بە لایەنی کەمەوە تا ئەو جێیەی کە بۆ ڕێوڕەسمە ئایینییەکان دەگەڕایەوە ، تەنانەت هەتا ئێستاش هێماکانی دایکایەتیی پێشو بە هێزێکی زۆرەوە بەردەوامە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەو سازیش و تێکەڵاوییە بە ئاسانی بەڕێوەنەچوو، بەڵکوو لە مەودایەکی درێژ و پڕلە کەندوکۆسپ و بە هێرشی دووبارەی قەومە ئارییەکان و خەباتی بەرهەڵستکارانەی پیاوان و ئافرەتان و سەرکەوتنیان بەسەر ئارییەکاندا ئەنجامی گرت. سەرئەنجام چونکە "دیاس" Dyas خودای بەهەشت کە بە ڕەگەز پیاو بووە ، نەیتوانی بەسەر "پریتیوی" Pririvi خودای زەویدا کە بە ڕەگەز ئافرەت بوو، سەرکەوێت و ناچار بوو هاوسەرگیریی لەگەڵدا بکات. بەو هاوسەرگیرییە، زەوی و گەردون لە یەکتر نزیک دەبنەوە و جیهان دادەمەزرێت ، بەڵام ئەو سازیشە بەو واتەیە نەبوو کە دەسەڵاتی خوای بە ڕەگەز پیاو لە ئاسمانەکاندا شتێکی جیاواز بێت لە دەسەڵاتی

ئارییەکان بەسەر زەویدا و دەست لە خەباتی خۆیان بە دژی ئافرەتان هەڵگرن. ئەوان درێژە بە پێشڕەوی خۆیان دەدەن و تا سەرئەنجام دۆخی ئافرەتان بە جۆرێک دادەبەزێت کە بە ئەفسانەکانی "ڕێگ وێدا" – Reg Veda کتێبی پیرۆزی ئارییەکاندا، ئاماژە بە ناوی هاوسەرانی خودا بە ڕەگەز پیاوەکان ناکرێت.

دواتر لە سەدەکانی ناوەندییدا "ڕنسانس" و گەڕانەوەی هیند بەرەو دواوە ، سەرلەنوێی دیاردە فەرهەنگییەکانی شارستانیەتی کۆنی دایکایەتی "هاراپا" سەریانهەڵدایەوە و بە ئارامی گەشەیان کرد تا سەرئەنجام لە "براهماناس" Brahmanas و "ئوپانیسادس" Upanisads جیاوازیی دوولایەنەی ڕەگەزیی "دوگانە" خوداکان قبوڵ دەکرێت. بە گۆڕانی "بەرهمنیزم" بۆ "هیندویزم" ئەو جیاوازییە ئالۆزتر دەبێت و ئەم جارەش بە یەکگرتنەوە ئەو دوانە لە شێوازی "شیوا" Shiva دا کە لایەن ڕاستەی پیاو و لایەنی چەپەی ئافرەت بوو، سەرلەنوێ ئەو جیاوازییە قبوڵ دەکرێتەوە ، بەڵام بەو حاڵەش ئەو دووانە بە جودا و لە دوو هێمای جیاوازی "لینگا" Linga و "یۆنی" Yoni دا دەمێنەوە[20].

دواتر "تانتاراس" Tantaras ستایشی خوداکانی بە ڕەگەز ئافرەتی "شیوا" Shiva و "ویشنو" Visnw دەکەن. بەتایبەت تانتاراسەکانی "چەپی" Vama- Margis بە تەنیا خوداکانی بە ڕەگەز ئافرەتی "دورگا" Durga و "رادها" Radha دەپەرستن. چونکە ئارییەکان لە باکوری هیند بوون و لە هەرێمەکانی وەک بەنگاڵ و ئاسام و باشوری هینددا دەسەڵاتی کەمتریان هەبوو ، "تانتاریزم" لەو هەرێمانەدا گەشە کرد. بەچەشنێک کە نفوز و دەسەڵاتی دایکی دایک "دایە گەورە" Great Mother لەو ناوچانەدا بە سەقامگیریی مایەوە. بە جۆرێک کە دەبینین چون لە سیستمی باوکسالاریی ئارییەکاندا بە دوای هێرشکردنیان بۆ سەر هیند، چەندان سەدەی گرت تا توانیان بەسەر بیروبۆچوون و

[20]- دوو نوسراوەی ئایینی لە لەگەڵ "ڕگ – ودا" خراون. نوسراوەی "بەرهمناس" و "ئوپانی سادز" کە دەگەڕێنەوە بۆ ساڵەکانی نێوان 800 تا 600 ساڵ پ ز.

پەیوەندییەکانی خەڵکدا زاڵ بن. سەرەڕای ئەوەش هەرگیز نەیانتوانی خۆشەویستیی و ستایشی "دایە گەورە" بەتەواوی لەناو بەرن. ئێستاش لە پەرستگەکانی هەندێک گوندی هینددا ، دایە گەورە "کە گرامادێواتای Gramadevata ی پێدەڵێن" دەپەرستن و هەر وەک دەبینین لە سرودەکانی "تانتاراسارا" Tantara saraدا کە بۆ دایکە گەورە نوسراون، ڕۆڵی فەرمانڕەوای جیهان بە دایە گەورەکان دراوە:

**ئاخ دایە ،**
**مەبەست و دایکی جیهان !**
**تۆی بەرجەستە یەکەم وجود ،**
**دایکی بوونەوەرانی بیژمار ،**
**خالق[21]**

یان لە "ڕاماکریشنا" دا دەخوێنینەوە:

**کاتێک کە خلقەت وجودی هەبوو ،**
**نە خۆر ،**
**نە مانگ ،**
**نە ئەستێرەکان ،**
**و نە زەوی ،**
**و کاتێک تارێکی لە تاریکی هاڵابوو ،**
**دایە ،**
**کەسێک کە هیچ شکڵ و سیمایەکی نەبوو ،**
**تەنیا "مطلق" و یەکدانە بوو[22].**

لە گۆڕانی سیستمی دایکایەتییەوە بۆ باوکسالاریی ، یان لەناوچوونی یەکەمیان ، بەرەبەرە خوداکانی بە ڕەگەز ئافرەت دۆخی خۆیان لە دەستدا. لە سەرەتادا ، سەردەمێک بە سازیش کردن لەگەڵ خوداکانی

[21]- Amaury de Riencourt, Sex and Power in History, pp. 165-166.
[22]- Ampbell Oriental Mythology, p. 165. In Amaury de Riencourt, Sex and Power in History, (1974), p. 165-8.

بە ڕەگەز پیاو شانبەشانی ئەوان چوونە پێشەوە و بوونە هاوسەریان و لە قۆناخی دواییدا جێی خۆیاندا بە خوداکانی بە ڕەگەز پیاو. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو گۆڕانە بە ئاسانی ئەنجامی نەگرت. لە سەرەتادا کوڕەکانیان جێی دایکیان گرتەوە.

بۆ نمونە لە ئەفسانەکانی سۆمەریدا، خوای مەزن بەناوی "نین هورسانگ" Ninhursang کە ئافرەت بووە و لە بواری پێگەی خوایەتیدا ، ناوی لە سەرووی هەموو خوداکانی تردا بووە ، بەڵام بەرەبەوە لە ڕەوتی بەدەسەڵات گەیشتنی پیاوان لە کۆمەڵگادا ، پێگەی خۆی لە دەستدا ، بە جۆرێک کە چووە ژێر فەرمانی "ێنلیل" Enlil کە خودای کەش و هەوا و کوڕەکەی خۆی بوو.

## بە ئیبلیس ناساندنی خوداکانی بە ڕەگەز ئافرەت

دانانی خوداکانی بە ڕەگەز پیاو لە جیاتی خوداکانی بە ڕەگەز ئافرەت ، دیاردەیەک نەبوو کە بە زۆرەملێ بەڕێوەبچێت. چونکە باوەڕهێنان و ڕێزگرتن لە خوداکان بەشێک بوو لە بیروباوەڕی هەزاران ساڵەی خەڵک و تەنیا بە ڕێگای گۆڕانی ئەو بیروباوەڕەوە بوو کە دەکرا گۆڕانی بەسەردا بێت. هەرچەندە گۆڕان لە ڕاستیدا بە واتەی دەسەڵات پەیداکردنی پیاوان ، دیاردەیەکی هەرە گرنگ بوو لە دەستەبەرکردنی ئەو گۆڕانەدا، بەڵام بەهەر حاڵ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو بیروڕایە و گۆڕانیان بە سودی بیروبۆچوونی پیاوسالارانە ، پاڵی بەو گۆڕانەوە دەنا و بەبێ دەستەبەرکردنی ئەو مەبەستە ، نیشتەجێکردنی سیستمی پیاوسالاریی لە جیاتی سیستمی کۆن ، بە ئاسانی بەڕێوەنەدەچوو. بە شەیتان ناساندنی خوداکانی بە ڕەگەز ئافرەت چ بۆ گۆڕینی سیستمی دایکایەتی و چ وەک ڕوبنای ئەو گۆڕینە ، دیاردەیەک بوو کە لە فەرهەنگی پیاوسالارانەدا دەکەوتە بەرچاو. لە ڕەوتی ئەو پرۆسەیەدا خوداکانی بە ڕەگەز ئافرەت کە لە سەردەمی دایکایەتیدا ، بنەمای

دەسەڵات ، ڕۆشنایی و گەشەکردنی بەرەبووم بوون ، بە هێمای تاریکیی و شەڕئەنگێزیی ناسێنران.

بۆ نمونە لە کتێبی ئەفسانەکانی "ئەکەدین" Akkadin بە ناوی "ێنومایلیش" Enumaelish ، "تیامات" Ti’ amat دا ، دایک خاوەن پێگەی مەزن و خودای بە ڕەگەز ئافرەت دروستکەریی خوداکانی بە ڕەگەز ئافرەت و پیاو بوون و ئەوانیان لەناو منداڵدانی خۆیاندا پەروەردە کردبوو. کەچی لە سیستمی پیاوسالارییدا ئەو خودایانە بە نوێنەری تاریکیی و بێسەرەوبەرەیی ناسێنران. لەبەر ئەوە خودا بە ڕەگەز پیاوەکان لە دەوری یەکتر کۆدەبنەوە تا بە دژی تیامات کە نوێنەرایەتی جیهانی دەکرد، جیهانی ئارام ، نا ئەمن بکەن. لە ئەنجامی ئەو بیرکردنەوەیە ، لەنێوانیاندا شەڕ هەڵگیرسا. خوداکانی بە ڕەگەز پیاو بە توندی لە "تیامات" دەترسان و ناچاربوون بۆ لەناو بردنی ئەو ترسە "مەردوک" Marduk هەڵبژێرن کە ئەو لەناو بەرێت. مەردوک لەو بەربەرەکانیدا بە دژی تیامات داوێکی مەزن پان دەکاتەوە و ئەو لە داو دەخات. کاتێک تیامات زار دەکاتەوە کە مەردوک هەڵوشێت، ئەو لەناوی دەبات. یان لە ئەفسانەکانی یۆنان دا کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کۆمەڵگای دایکایەتی و باوکسالاریی، دەربارەی ئەو گۆڕانکارییە دەڵێن: "هێرە" Hera خودای بە ڕەگەز ئافرەت بەزەیی بە "فاختەخیس"ی چڵکن و هەژارددا دێت و لە ئامێزی خۆی دەگرێت کە گەرمی بکاتەوە. برای فاختە بە ناوی "زئۆس" خۆی دەگۆڕێت و دەچێتە ناو بەرگی فاختەوە و سەرئەنجام بەسەر "هێرە"دا زاڵ دەبێت و تاج و هێمای فەرمانڕەوایی ئەو دەخاتە دەست خۆی. دواتر هێرە و لایەنگرانی بە دژی "زیۆس" ڕادەپەرن و لە یەکێک لە کۆبوونەوەکانی بەهەشتدا بە قاچ هەڵیداوەسن(23).

23- Masculine/ feminine, Reading in Sexual Mythology and the Liberation of Women, p. 33, Edited by Betty Roszak and Theodore Roszak.

کاتی هێرشی ئیسپانیایەکان بۆ سەر قارەی ئەمریکاش "مایاها"کان خوداکانی بە ڕەگەز ئافرەتیان دەپەرست ، بەڵام دوای بەدەسەڵات گەیشتنی ئیسپانییە پیاوسالارەکان بەسەر مایاهادا ، بەرەبەرە خوداکانی بە ڕەگەز ئافرەتیان بە دێو و درنج ناساند و خەڵکیان لێ دورکردنەوە. بۆ نمونە سەردەمێک "گوادالوپە" کە خوای بەروبوم و خێر و بەرەکەت و بەرهەم بوو ، لە سەردەمی مەسیحییەتدا بە ئیبلیس ناسێنرا و گوتیان ماری ترسناک لە دەوری کۆبوونەتەوە. ئەو دیمەنە پێچەوانە پێشاندانێک بوو بۆ ئەوەی خەڵکی ئاسایی بگەنە ئەم قەناعەتە کە ئافرەتان بێبایە

# فەسڵی دووەم: سیستمی باوکسالاریی و ئایینە نوێیەکان

## ئایینە باوکسالارییەکان

هەموو ئایینەکانی وەک جولەکە، مەسیحییەت، ئیسلام، هیندویزم، زەردەشتیی، بودیزم ، کۆنفیشیۆس ، تائۆیزم و... تد کە سەرهەڵدانیان دەگەڕێتەوە بۆ دوای دەستپێکردنی خاوەنداریی تایبەت و شارنشینیی ، هەموویان باوکسالار بوون و ئەو دیاردەیەش هەرگیز بە هەڵکەوت نەبووە. سیستمی باوکسالاریی پێویستی بە ئایینی نوێ هەبوو کە لەگەڵ ئایینە دێرینەکان جیاوازیی هەبێت و هەڵگری بایەخی نوێی باوکسالاریی بێت. لەبەرئەوە لە هەموو قۆناخەکانی باوکسالارییدا ، ئایینەکانی لایەنگری ئافرەتان بە توندیی سەرکوت دەکران و ڕێیان پێنەدەدرا کە سەر بەرزبکەنەوە. لە ئەنجامدا تەنیا ئایینە پیاوسالارییەکان لەو سەردەمەدا مافی سەرهەڵدان و ژیانیان هەبووە.

تایبەتمەندییەکانی تری ئەو ئایینانە ئەوە بوو کە هەموویان لایەنگری خاوەنداریی تایبەت بوون و دەستدرێژیی بۆ سەر خاوەنداریی تایبەتیان بە توندی سەرکۆنە دەکرد و سزایان دەدا[1]. هەر وەک پێشتر گوترا سەرهەڵدانی ئەو ئایینانە هاوکات بوو لەگەڵ سەرهەڵدانی خاوەنداریی تایبەت و بۆ پشتیوانیی و بەرگرییکردن لەوان بوون. تێکهەڵچونی زۆربەی ئەو ئایینانە لەگەڵ ئافرەتان لەژێر ناوی بابەتی خاوەنداریی و فەرمان و حوکمەکانیان بە هۆی بەرگرییکردن لە مافی خاوەنداریی باوک و مێرد بەسەر کچ و ژنەکانیاندا بووە و لە یەک وشەدا هەموو ئەندامانی بنەماڵە ، نمونەیەکی تری ئەو ڕاستییەن کە

[1]- سورەتی ئافرەتان ، ئایەتی 5 ، سورەتی زخرف ئایەی 32 ، سورەی انعام ئایەی 165 ، سورەی اسرا ئایەی 6 و سورەکانی تر ، لە کتێبی عەلی میرفتروس ، (مقدمەای در اسلام شناسی) بەرگی یەکەم لاپەڕەی 48 ، چاپی 12 وەرگیراوە.

چۆن سەرهەڵدان و مێژووی ئەو ئایینە باوکسالارانە لەگەڵ مێژووی سەرهەڵدانی خاوەندارییی و سیستمە کۆمەڵایەتییەکانی بەو ئایینانەوە گرێدراون.

لە ڕاستیدا ئەو ئایینانە هەموویان ڕۆڵی سەرخانی ئایدەلۆژیی سیستیمەکانی پەیوەندیدار بە خاوەندارییی تایبەت و پیاوسالارانەیان هەبووە و وەڵامی پێداویستییەکانی ئەو سیستمانەیان داوەتەوە بۆ داسەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان. لەبەرئەوە ئەرکی سەرەکی ئەو ئایینانە سەقامگیرکردنی نەریتی پیاوسالارانەی حاکم و بەرگرییکردن لەو نەریتە بووە.

لەناو ئەو ئایینانەدا ، سێ ئایینی سامی واتە جولەکە ، مەسیحییەت و ئیسلام نفوزیان هەبوو. ئایینی یەهود دوو هەزار ساڵ پێش زایین و ئایینی ئیسلام لە ساڵی 600 زدا پێکهاتن و بەرە بەرە لە هەموو جیهاندا نفوزیان پەیداکرد.

ئایینی تری وەک هیندویزم ، کۆنفیشیۆس ، تائۆئیزم و بودیزم لە هەرێمەکانی هیند ، چین و باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا سەریانهەڵدا. ئەوە لە سەردەمێکدا بوو کە هەروەک ئامازەم بۆ کرد، مرۆڤ خەریکی چوون بوو بۆ ناو سەردەمی شارستانیی و شارنشینیی و خاوەندارییەتی تایبەتەوە. دیارە لەو سەردەمەدا گەلێک ئایینی لە ژمار نەهاتووی تریش لە هەرێمە جیاوازەکانی جیهاندا پەیدابوون، بەڵام بەهۆی پێشبرکێیان لەگەڵ یەکتر هەلی گەشەکردنیان لە دەستچوو ، یان بەبێ ئەوەی کە گەشە بکەن لە سنوری خۆیاندا مانەوە.

# تێگەیشتنی هێڵیی لە مێژوو و ڕۆڵی ئەو لە پێکهاتنی ئایینەکانی تاکپەرستیی(توحید) دا

سیستمی باوکسالاریی هاوکات بوو لەگەڵ سەردەمی تێکنیک و دەستکەوتە ئابوورییەکانی و هەموارکردنی گۆڕانکارییەکانی زێنیی مرۆڤی ئەو سەردەمە. یەکێک لەو گۆڕانکارییانە تێگەیشتنی مرۆڤ بوو لە هێڵی مێژوو کە ڕێگای بۆ پێکهاتەکانی ئایینی تاکپەرستی دەکردەوە. ئامانجی تێگەیشتن لە هێڵی مێژوو بە نۆرەی خۆی والا کردنی ڕێگای ئایینی تاکپەرستی و باوەڕهێنان بە بنەمای پەیدابوون و لەناوچوونی دیاردەکانی "بوون" واتە "هستی" بوو.

پێشتر لە سەردەمی دایکایەتیدا ، هەروەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد ، مرۆڤ بە سروشت بەسترابووەوە و میکانیزمەکانی بوونی بە گشتی بە لایەنی هەڵسەنگاندن و بەراورد کردنی لە پەیوەندیی لەگەڵ سروشتدا دەبینی. بۆ نمونە لە ڕوانگەی مرۆڤی ئەو سەردەمەدا ، کات "زەمان" لە بازنەیەکی بەستراوەدا دەگەڕا و مێژوو بە بەردەوامیی لەو بازنەیەدا دەخولایەوە. هەروەک چۆن وەرزی بەهار سەرەتای بوون و ژیانەوەی زەوی بوو و خەزان کۆتایی ئەو.

ئەو لە دایکبوون و مردنە بە بەردەوامی هەموو ساڵێک دووپات دەبووەوە. لەبەر ئەوە بە ڕای مرۆڤی ئەو سەردەمە کات لەو بازنەیەی دەسوڕایەوە و ڕاستییدا بازنەی کات ، بازنەیەکی سروشتی بوو. چونکە ساڵ بە سوڕانی گەردون دروست دەبوو و بە حاڵەتی جیاواز دابەش دەبوو بەسەر وەرزی جیاوازدا.

ئەو شێوە بیرکردنەوەیەی مرۆڤ دەگەڕایەوە بۆ سەردەمی دایکایەتی و تەنانەت سکپڕ بوونی ئافرتیشیان بە ئاوسبوون و ژیانەوەی سروشت دەزانی و بە لاسایی کردنەوە لەودا دەبینی و دایکیان بە بەدنیاهێنەری بوون "هستی" دەزانی.

## تێگەیشتنی هێڵیی لە مێژوو و ئاپینی زەردەشت

تێگەیشتن هێڵیی لە کات و زەمان ، بۆچوونی مرۆڤی لە مێژوو، لە گرەوی سروشت و سوڕانەوەی بەردەوام مێژوو لە بازنەیەکدا ڕزگارکرد و ئەوی بەرەو تێگەیشتن هێڵێی ڕابوردوو ، ئێستا و داهاتو پاڵپێوەنا. ئەو شێوە ڕوانینە دەبێت هەزاران ساڵ پێش زانیین سەریهەڵدابێت.

نیچە (فرێدریش ویلیام نیچە F.W.Nietzsche فەیلەسوفی مەزن و ناسراوی ئەڵمانیی 1844– 1900 وەرگێڕ) سەرهەڵدانی ئەو دیاردەیە بۆ یەکەم جار بۆ ئێرانییەکان و ئایینی زەردەشت دەگەڕێنێتەوە. لە ڕاستییدا "زەروان ئەکرانە" Zravan Akarane یان "زەمان بیکرانە" دەستپێکی بوون "هستی" و یەکەم بنەمای بوون ، یەکێک بووە لە خوداکانی ئەوێستا و ئەو خودایە بوو کە ئاهۆرامەزدا و ئەهریمەنی دروستکرد(2). لەگەڵ ئەوەشدا زەمان بیکرانە "زەروان ئەکرانە" هێشتا گرفتی لەگەڵ سوڕانی بازەنەیی بە ناوی "زەمانی گەورە" هەبووە. بە گوێرەی ئەو ئایینە ، ڕوداوەکانی سەر زەوی بە دوای تێپەڕبوونی چەند هەزار ساڵ ، سەرلەنوێ جارێکی تریش بەچەشنی پێشو سەرهەڵدەدەنەوە. ئەو شێوە بیرکردنەوەیە لە کات بۆخۆی ڕاگەیەنەری قۆناخی گواستنەوەیە لە تێگەیشتنی بازنەیی لە کات و تێگەیشتی و هێڵییدا.

بە هەر حاڵ ئەو خودایە بوو کە لە سەردەمی ساسانییەکاندا ، لەژێر کاریگەرییەکانی ئایینی "مانی" بە پلەی خودای گەورە و دروستکەریی سەرەکی ئێرانییەکان ناسرا. لەگەڵ ئەوەشدا بە ڕای ژمارەیەک لێکۆڵەرەو ، پیشینەی خودای کات بۆ مێژوویەکی لەوەش کۆنتر و بۆ سەردەمی ئارییەکانی بەرلە زەردەشت و بەر لە دوو کەرت بوونی

---

2- بۆ زانیاریی پتر بڕوانە "مێژووی زانست لە ئێران" بەرگی دووەم ، لاپەڕەکانی 595 و 596 ، دوکتۆر مەهدی فەرشاد ، ساڵی 1366.

ئێرانیی و هیندیی ئەو قەومە دەگەڕێتەوە[3]. چونکە لە کتێبی "وەداها"[4] دا کە بۆچوونی ئایینەکانی هیندییە ، ئاماژە بۆ "مهاکالە" Mahakala کراوە. هەروەها "شیوا" خودای هیندیش نازناوی جیاوازیی هەیە کە یەکێک لەو ناوانە "کالە" یان "مهاکالە"یە.

تێگەیشتنی هێڵیی لە کات و سەرهەڵدانی خودای کات تەنیا بۆ قەومەکانی ئاریایی لە ئێران و هیند نەدەگەڕایەوە ، بەڵکوو لە یۆنانی کۆنیشدا باوەڕیان بە خوایەک هەبووە بەناوی "کرۆنۆس" Chronos یان خودای کات. "زیۆس" خودای هەرە مەزنی یۆنان بە ڕێگای هاوسەرگیرییەوە ئەو خودایە لەگەڵ خوشکەکەی "ڕیا" Rhea لە دایکبوو[5].

بە هەر حاڵ ، باوەڕهێنان بە تێگەیشتنی هێڵیی لە مێژوو لەگەڵ ئەوەشدا بەدیهێنەری گۆڕانێکی قوڵ و بنەڕەتی بوو لە زینی مرۆڤدا ، ڕێگاشی بۆ متافیزیک و بیری خوڕافاتیی لە ئایینی زەردەشت (رەنگە بۆ یەلەم جار) و ئایینەکانی دواییی وەک ئایینەکانی پیاوسالاریی سامی کردەوە. چونکە ئەو فیکرە ئیزنی بە مرۆڤ دەدا کە بەشوێن خاڵی سەرەتایی و دەستپێک و سەرهەڵدانی بوون "هەستی" لە ڕابوردوودا و خاڵی کۆتایی بۆ داهاتوو بگەڕێن کە ئەوە بە نۆرەی خۆی ڕێگای بۆ سەرهەڵدانی ئایینەکانی تاک خودایی دەکردەوە. چونکە ، کاتێک مرۆڤ بە مێژووی هێڵیی قایل بوو ، بە شوێن خاڵی دەستپێک و خاڵی کۆتاییدا گەڕا و لە ئەنجامدا پێویستی بە خودایەک پەیداکرد بۆ دەستپێکردن واتە دروستبوونی دنیا و کۆتایی ئەو واتە قیامەت. بەو جۆرە سەردەمی خودای تاکی پیاو! چوار هەزار ساڵ لەمەوبەر سەریهەڵدا. لەبەرئەوەیە کە ئێمە لە سەردەمی کۆن و نوێدا دەخوێنینەوە کە:

---

[3]- ایدەآل بشر "شیکردنەوەی بیری زەردەشت ، مۆزدیسنا و حکومەت ، ئەندازیار جەلالەدین ئاشتیانی ، لاپەڕەکانی 150- 151 ، چاپی شەشەم بەهاری 1371.

[4]- هۆنراوە پیرۆزەکانی ئایینی ئارياییەکانی کۆچکردوو بۆ هیند.

[5]- ایدەآل بشر "شیکردنەوەی بیری زەردەشت ، مۆزدیسنا و حکومەت ، ئەندازیار جلالەدین ئاشتیانی ، لاپەڕەکانی 151 ، چاپی شەشەم بەهاری 1371.

- (لە سەرەتادا خودا ئاسمانەکان و زەوی دروستکرد. زەوی وشک و بێ بەرهەم و تاریک بوو. ڕۆحی خودا سەرئاوەکانی داگرت ... و خودا گوتی ئاوە ژێر زوییەکان لە جێیەک کۆببنەوە و وشاکایی دەرکەوێت و خودا زەوی و وشاکایی و ئاوەکانی بە دوو دەریا ناساند ... و خودا گوتی زەوی گیا و دانەوێڵە بڕەوێنێت ... و گوتی ماسی لە ئاوەکاندا کۆببنەوە و باڵندەکان بەسەر زەویدا لە ئاسماندا بفڕن ... و گوتی زەوی گیانداری جۆراوجۆر و چوارپێی جیاواز دەربهێنێت... و دواتر گوتی مرۆڤمان وەک خۆمان دروستکرد تا بەسەر ماسییەکانی دەریا ، باڵندەکانی ئاسمان و چوارپێیان و ئەو گیاندارانەدا حکوم بکات کە بەسەر زەویدا دەخوشن. کەوابوو مرۆڤی لە ڕەگەزی نێر و مێ دروستکرد ... و ئادەمی لە خاک دروستکرد ... و ژیانی پێبەخشی ... و خودا باخێکی لە لای ڕۆژهەڵات دروستکرد و ئادەمی لەوێ دانا کە یەکەم مرۆڤ بوو ... و چوار ڕوباری دروستکرد کە ئەو باخە تێرئاو بکەن ... و خودا هەمووی ئەوانەی لە ماوەی شەش ڕۆژدا دروستکرد. کورتەیەک لە سەفەری دروستبوون ، بابی یەکەم[6].) لە ڕۆژژمێری ڕەسمیی جولەکەدا ، ئەمساڵ 5758 ساڵ لە دروستبوونی دنیا تێدەپەڕێت و ڕۆژی حەوتی ئوکتۆبەر ساڵڕۆژی دروستبوونی دنیایە[7]. یان لە قورئاندا هاتووە:

- (ئاسمانەکان و زەویمان لە شەش ڕۆژدا دروستکرد "سورەی مانگا 117" و شەومان تاریک و ڕۆژمان روناک دروستکرد... کەوابوو زەویمان بەرینکردەوە و چیاکانمان کردە ستونی ئاسمان "النازعات 27- 33" و ئاوەکانمان لە شێوازی دوو دەریای سوێر و شیرین دروستکرد و ئەو دوو دەریایەمان بە بەرگرێک لە یەکتر جیا کردەوە "سورەی الفرقان 53" و هەموو گیاندارەکانمان لە ئاو دروستکرد کە هەندێکیان بەسەر سکدا دەڕۆن و هەندێکیان بە دوو پێ و هەندێکیان بە چوار پێ "سورەی النور 45" و ئادەم مان لە خاک دروستکرد "سورەی آل عمران 59" و بە

[6]- ژیانی دووبارە ، لاپەڕەی 239 ، شوجاعەدین شەفا.
[7]- هەمان سەرچاوە ، لاپەڕەی 240.

**شێوەیەکی هەر تەواو دروستمان کرد "سورەی المؤمن 64" و ڕۆحی خۆمان تێکرد "سورەی الحجر 29" و چراکانی ئاسمانمان بۆ ڕێنمایی ئەو لە تاریکییەکانی سەحرا و دەریادا هەڵکرد "سوره الانعام 97" [8].)**

بە ڕێگای تێگەیشتنی هێڵیی لە مێژوو ، ڕێگە بۆ هاتنی ناسروشتیی "متافیزیکی - ماوراْ الطبیعە" خودا و دروستکەری جیهان و فەرمانڕەوایی ئەو لە زینی مرۆڤدا کرایەوە. چونکە ئەو گۆڕانە تێکەڵاوی ویستی دەسەڵاتخوازانەی پیاو و سەرهەڵدانی پیاوسالاریی بوو، لەو ڕوانگەیەوە خودای تەنیا لە پیاو دروستبوو. دروستبوونی خودای تەنیا لە پلەی فەرمانڕەوای جیهاندا و دەسەڵاتخوازیی پیاو لەسەر زەوی دەدوا، ڕێگەشی بۆ جێکەوتنی بیری باوکسلاریی کردەوە و پیاوی کرد بە فەرمانڕەوای زەوی. بە وتەیەکی تر خودای ئاسمان دوانەی سەروشتیی خودای زەوی واتە باوک بوو کە هەروەک یەکەمیان حوکمڕانی جیهان و دووەمیان بەسەر... سنوریماڵەوەدا پاشایەتی دەکرد.

بەو جۆرە ، هاوکات ئەندێشەی خودای تەنیا لە شانۆی مێژووی هەزاران ساڵ پ ز دا، لەگەڵ پەیدابوونی خێزان و سیستمی باوکسالارانە ، دیاردەیەکی بەهەڵکەوت و بەبێ هۆ نەبوو. ئایینەکانی تاک خودایی پێویستیان بە ئایدەلۆژیی سیستمی باوکسالاریی هەبوو. سەرهەڵدانیان و جێکەوتنیان یارمەتی بە سیستمی باوکسلاریی دەگەیاند کە خێزان لە ناوەندییدا بوو.

بە هەڵکەوت نەبوو کە ئایینەکانی باوکسالاریی بە گشتی هەموویان بە مەبەستی سەلماندن و تۆکمە کردنی ئایدەلۆژیی ئەو دروستبوون. بەو واتەیە کە سەرهەڵدانی ئایینەکانی تاک پەرەستی و جێگیرکردنیان لە جێگای ئایینەکانی چەند خودایيدا بەشێک بوون لە پرۆسەی سەرهەڵدانی سیستمی پیاوسالایی و خێزانی باوکسالارییدا.

8- هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.

## تاوانی تێکەڵاویی سێکسیی لە سیستمی باوکسالاریی دا

لە سیستمی باوکسالارییدا کۆنترۆڵ بەسەر پەیوەندییەکانی سێکسیی ئافرەتدا کە پێشتر لە سیستمی پێشوودا بە دور بوو لە هەرچەشنە پێداویستییەکی ئابوریی و نەریتیی ، خۆی لە پرینسیپێکی نەگۆڕی ژیان و نەریتی بنەماڵەدا بینییەوە. لەبەرئەوە بوو کە بنەماڵە لە پلەی پێکهاتەیەکی ئازادی مرۆڤدا جێگای خۆیدا بە پەیوەندییەکی کۆنترۆڵکراوی چوارچێوەدار ، لەژێر دەسەڵاتی پیاودا.

ئەو گۆڕانە بە واتەی کۆتاییهاتنی هەموو پەیوەنییەکانی ڕابوردوو نەبوو. کاتێک تێگەیشتنی سروشتیی مرۆڤی سەرەتایی لە سێکس وەک پەیوەندییەکی سادە و لەخۆوە ، لە سیستمی باوکسالارییدا بە لەزەت بردن شەخسیی پیاو هەڵسەنگێنرا و وەک بابەتی خاوەنداریی لەگەڵی ڕووبەڕوو بوونەوە ، ... بۆ ماوەیەکی زۆر لە بەرامبەریدا بەربەرەکانیی کرد و بە شێوەی جۆراوجۆر هەوڵیدا کە لە بەرامبەر لێکدانەوەکان و نمونە هێنانەوەکانی پیاوسالارانەدا بەرگریی لە لایەنی سروشتی و ڕاستییەکانی ئەو پەیوەندییە ، بەرگریی لە بۆچوونەکانی خۆی بکات.

هەروەها لە حاڵێکدا سیستیمەکانی پیاوسالار و بەتایبەتیی تاک پەرەستیی ، گانکردنیان "شهوەت ڕانی" بە دیاردەیەکی ناحەز و بە تاوان و هێمای دەسەڵاتی جەستە بەسەر ڕۆحدا ناسی و پاکیی مرۆڤیان لە ڕزگارکردنی ڕۆح و خواستەکانی جەستە و لەوانە دوریی لە شاوەت زانی ، لە بەرامبەریاندا سیستیمەکانی دایکایەتی کە هێشتا لە بەرامبەر دەسەڵاتی پیاواندا بەربەرەکانیان دەکرد ، ڕۆح و جەستەیان لە تێکەڵاویی لەگەڵ یەکتردا دەبینی نەک دژ بە یەکتر و لە بەرامبەر یەکتردا. بەو لێکداوەیەوە پێداویستییەکانی جەستەیان لەوانە شاوەت نەک بە باری قورس لەسەر ڕۆحدا نەدبینی ، بەڵکوو بە دور لە هیچ سنوردانانێک ، بە پاکی و گەورەیی ڕۆحیان دادەنا و زۆر بە ئاسایی باسیان لێدەکرد.

بۆ نمونە لەنێوان دانیشتووانی "تانتاریست"دا Tantarists کە قەومێکی دایکایەتی بوون و بەرلە هێرشی قەومی پیاوسالاریی ئاریی بۆ سەر هیند لەو وڵاتە نیشتەجێ بوون و پاشماوەکانیان ئێستاش لە هەندێک شوێنی هیندوستاندا دەژین ، بەتایبەتیی تا ئەو جێیەی کە دەگەڕێتەوە بۆ تانتاریستەکانی ناسراو بە چەپ ، سێکس بە جۆرێک عیبادەت ناسراوە و وەک خێرکردن دەبینرا. لەو ڕوانگەیەوە سێکسیان وەک وەسیلەی نزیککردنەوەی مرۆڤ لە یەکتر دەبینی کە دوو لایەن بەتایبەتیی لە کاتی ئەوجی لەزەتی سێکسییدا ، بە تەواویی لە یەکتردا نوقم دەبن و لەناو یەکتردا دەتوێنەوە ، بە پلەی دیاردەیەکی زۆر مەزن و پۆزەتیڤ تەماشایان دەکرد. لەبەرئەوە بوو سێکس لایەنێکی بەهێزی یەکبوون بووە. لەو باوەڕەدابوون تێکەڵاویی سێکسیی لەنێوان دوو کەسی لێک جیاوازدا ، خێر و بەرەکەتی زیادتر دەبێت. لەو ڕوانگەیەوە ، تێکەڵاویی سێکسیی لەنێوان دوو کەسی جوان و ناحەز ، یان دوو کەسی پیر و گەنج ، یان دوو کەس بە ڕەنگی پێستی جیاواز ، گرنگیی و خوازیاریی پتری هەبووە. هەر بەو جۆرەش تێکەڵاویی سێکسیی لەنێوان کەسێکی خاوەن هاوسەردا لەگەڵ کەسێکی زوگورتیدا. چونکە لە هەموو ئەوانەدا ، هەرچەندە جیاوازییەکان پتر دەبوون ، پلەی یەکبوون و یەکیەتی سێکسەکە بەرزتر دەبووەوە و ڕۆڵی باڵاتری دەبوو لە نزیککردنەوەی تاکەکان لەگەڵ یەکتردا. ئاشکرایە کە ئەو جۆرە ڕوانینە لەگەڵ ڕاونینی بەتاوان ناسین و یاساخکردنی سێکسدا کە لە کۆمەڵگای پیاوسالارانە هەڵقوڵیوە و لە ئایینەکانیانەوە سەرچاوەی دەگرت، لە زەوییەوە تا ئاسمان جیاوازیی پێکەوە هەبووە.

لە ئەنجامی دید و بۆچوونێکی بەو جۆرە کراوەدا کە لەنێوان تانتاریستەکانی چەپدا هەبووە ، یەکێکیشیان بۆ ئەوە گەڕاوەتەوە کە هیچ سنورێکیان لەنێوان پەیوەندیی سێکسیی مرۆڤدا دانەناوە و پەیوەندیی سێکسییان لە پلەی دیاردەیەکی سروشتیی و ئاساییدا بەرز و پیرۆز دەنرخاند. بۆ نمونە لە پەرستگەکەیاندا پەیکەری گەورەی کێری

پیاوان هەبووە کە ئافرەتان بەو پەڕی ڕێزەوە ئەو پەیکەرانەیان لە ئامێز گرتووە ، ماچیان کردوون ، نەوازیشیان کردوون ، تەنانەت لەسەریان دانیشتون و ڕێوڕەسمی ئایینییان لەسەر بەڕێوەبردووە. هەر وەک چۆن دواتر لە ئایینی پیاوسالارییدا ، ماچکردن و لە ئامێزگرتنی کێل و گۆڕی ئیمامەکان و پێغەمبەرەکان پیرۆزە و پەیکەراکانیان لەنێوان دانیشتووانی قاڕەی ئەمریکا و هەندێک گوندی "پێرو"دا هەیە و لە شوێنی تایبەت ڕایانگرتوون. لێرەشدا هەندێک ئافرەت کە مناڵیان نابێت ، دەچنە ئەو جێیانە و لەسەر ئەو پەیکەرانە دادەنیشتن و داوای شەفاعەت و سکپڕ بوونیان لێدەکردن. لە ناو ئەو هێمایانەدا کە ڕێزیان لێدەگیرا ، لەگەڵ کێری پیاو ، قوزی ئافرەتیشیان دانابوو. بە جۆرێک کە لە پەرستگەکانیاندا پەیکەری قوزی ئافرەت هەبوو ، بۆ زیندوو پێشاندانیان ، لەناو قوزەکانەوە تنۆکی ئاو بە لێواری پەیکەرە قوزەکاندا چۆڕەی دەکرد و بە تەڕیی دەیانهێشتنەوە.

ئەوانە هەموویان پێشاندەری دۆخی تەواو لێکجیاوازی سێکسیی بوون لە کۆمەڵگای دایکایەتی و کۆمەڵگای دواییدا. سروشتییە کە بە سەرکەوتنی سیستمی باوکسالاریی بەسەر سیستمی دایکایەتیدا ، دیدی کراوەی مرۆڤ کە سەبارەت بە پەیوەندیی سێکسیی هەیبوو ، بەبێ گیروگرفت لەناو نەچوو ، بەڵکوو بۆ ماوەیەک شوێنەواری لە کۆمەڵگای پیاوسالارییدا مایەوە. لە ڕاستییدا ئێمە زۆربەی زانیارییەکانمان لەسەر سەردەمی کۆمەڵگای دایکایەتی و پەیوەندیی نێوان ئافرەت و پیاو ، لە شوێنەوارە دێرینەکانی سەردەمی بەرلە مێژوو بەدەست کەوتووە.

لە ناو شوێنەوارە دۆزراوەکاندا ژمارەیەک پەیکەری بچوک هەن کە بۆ سۆمەرەکان ، ئەو قەومە هەرە دێرینە شارستانییە دەگەڕێنەوە کە لە سەرەتادا دایکایەتی بوون. لە هەندێک لەو پەیکەرانە پیاو و ئافرەت و لە هەندێکیاندا پیاو لەگەڵ پیاو خەریکی سێکسن ، لەگەڵ چەند پەیکەری تردا کە کێری پیاون. ئەو پەیکەرانە هەموویان لە دیدێکی

کراوەی ئەو قەومە سەبارەت بە سێکس دەدوێن کە لە سەردەمی بەر لە مێژوودا ژیاون و تێکەڵاویی سێکسیی لەناو هاوڕەگەزەکانیاندا دیاردەیەکی سروشتیی بووە. هەروەها ئەوان هەموو ساڵێک لە جەژنی سەری ساڵی نوێدا ، ڕێوڕەسمێکی تایبەتیان بۆ تاقیکردنەوەی تواناکانی سێکسی پیاوان داناوە. لەو تاقیکردنەوانەدا ، دوو قەشەی پیاو و ئافرەت لەبەرچاوی خەڵکدا بە شێوەی ڕاستەوخۆ پێکەوە سێکسیان کردووە.(9)

لە ئەوروپاش بەرلە مەسیحییەتدا لەنێوان هۆزەکانی جێرماندا هەر وەک پێشتر گوتمان ، بیرێکی کراوە لەسەر سێکس هەبووە و ئەوەش لە داستانە فۆلکلۆرییەکانی دانیشتووانی سکاندیناڤیادا ڕەنگی داوەتەوە کە لە سەدەی سێزدەیەمدا لە ئیسلاند نوسراون. هەروەها لە نوسراوە ئایینییەکاندا ، کێشەی سێکسیی زۆر دەبینرێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو جۆرە بینینە سەبارەت بە سێکس دوای پێکهاتنی سیستمی پیاوسالاریی و بە تایبەتیی بە دەستپێکردنی مەسیحییەت کە دیدێکی تەواو نێگاتیڤی سەبارەت بە سێکس هەبوو ، کۆتایی بەو پەیوەندییە هات و ئەو دیاردەیە لەناوچوو.

لە ئایینی زەردەشتییشدا 600 ساڵ پ. ز ، سێکس لایەنی سروشتیی و پەسەندکراوی خۆی لە دەستدا. ئەو ئایینە هەرچەندە لە سەرەتای پێکهاتنی سیستمی باوکسالارییدا سەریهەڵدا ، بەڵام سەبارەت بە سێکس دیدێکی تەواو پیاوسالارانەی هەبوو ، سێکسی بە تاوان دەزانی. هەر وەک گوتمان دیاردەی سێکسیان بە تەنیا لە دروستکردنی مناڵدا دەبینی و جگە لەو مەبەستە پەیوەندیی سێکسیان مەحکوم دەکرد. بۆیە ئەو ئایینەش وەک ئایینەکانی تری باوکسالار ، ڕۆح و جەستەی لە بەرامبەر یەکتردا بە دژ دەبینی. لەو باوەڕەدابوو کە ئەگەر جەستە بەسەر ڕۆحدا سەربکەوێت ، جەستە بارێک دەبێت بەسەر شانی ڕۆحەوە. لەو ڕوانگەیەوە مرۆڤ بۆ دەستەبەرکردنی ژیانێکی باش ،

9- Amaury de Riencourt‹Sex and Power in History‹ p. 25 (1974).

دەبێت ڕۆح لە قورسایی باری شەهوەت ڕزگار بکات کە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی جەستە. بەو جۆرە لەو ئایینەشدا سنور بۆ سێکس دادەنرێت و ڕێی لێ دەگرێت و ئامۆژگاریی مرۆڤ دەکات کە ڕێ نەدات شەهوەت بەسەریدا زاڵ ببێت.

ئێمە لێرە ئاماژە بۆ دوو ئایین دەکەین کە ڕۆڵیان هەبوو لە گۆڕینی سیستمی دایکایەتیی بۆ باوکسالاریی. یەکێک لەو دووانە ، ئایینی ئیسلامە لە دورگەی عەرەبستان لە نیوەی سەدەی حەوتەمی زایینییدا سەریهەڵدا و ئەوی تریان ئایینی مەسیحییەتە لە قاڕەی ئەمریکا و لەنێوان سورپێستەکان و دانیشتووانی ئەو قاڕەیەدا لە سەدەی پانزدەیەم بە دواوە. دیارە هەموو ئایینە باوکسالارییەکانی تریش بە نۆرەی خۆیان ڕۆڵێکی لەو جۆرەیان سەبارەت بە سێکس هەبووە ، بەڵام چونکە ئەو دوو ئایینانە لە دواییدا هاتوون و خاوەنی مێژووی بە بەڵگە و نوسراون ، ئەو دەرەتانە بۆ ئێمە دەڕەخسێنن کە بە بەڵگە ئاماژە بۆ ڕۆڵیان بکەین لە جێگیرکردنی سیستمی باوکسالاریی لەو هەرێمانەدا.

# فەسڵی سێیەم: ئیسلام و ڕۆڵی لە دامەزراندنی سیستمی باوکسالاریی لەناو عەرەبەکاندا

## دۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی عەرەبستان پێش ئیسلام

کاتێک محەمەد لە سەدەی حەوتەمی زایینییدا لە نیوە دورگەی عەرەبستان ئاڵای پێغەمبەرایەتی بەرزکردەوە ، کۆمەڵگای عەرەبستان وەک ناوچەکانی تر بە هەندێک دواکەوتنەوە ، خەریکبوو لە سیستمی هاوبەش و دایکایەتییەوە بەرەو سیستمی خاوەندارییی تایبەت و باوکسالاریی تێدەپەڕی.

دواکەوتنی عەرەبستان لەو گۆڕانکارییەدا هۆی جیاوازی هەبوو. یەکێک لەوانە دەگەڕایەوە بۆ هەڵکەوتی جیۆگرافیی زۆریی بیابان و کەش و هەوای نیوە دورگەی عەرەبستان کە نە زەوی بەرین و پڕ ئاوی کشتوکاڵ و نە لەوەڕگای گەورە و بە پیتی بۆ ئاژەڵداریی لە چوارچێوەیەکی بەریندا هەبوو. لەبەرئەوە سیستمی پیاوسالاریی لە عەرەبستان بەو هۆزانەوە بەسترابووەوە کە بە شێوەیەکی سەرەتایی خەریکی ئاژەڵداریی و کشتوکاڵ بوون.

کەمیی سەرچاوەی سروشتییان بۆ گەشەپێدانی کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی لە چوارچێوەیەکی بەریندا ، پەرەی بە کاری بازرگانیی دا وەک تەنیا سەرچاوەیەک بۆ پێشخستنی کۆمەڵگا ، بەتایبەتیی لە شارەکاندا. ئەو دیاردەیە پێش دۆزینەوەی ڕێگای بازرگانیی" مانسۆن" لە لایەن یۆنانییەکان و هیندییەکانەوە ، نیوە دورگەی عەرەبستانی خستە ناو قۆناخێکی ترەوە ، چونکە عەرەبستان لەسەر هێڵی ڕێگای بازرگانیی جیهانیی هەڵکەوتبوو ، گەشەکردنێکی زۆری بە خۆیەوە بینی. بەتایبەتیی لە شارەکان و ناوچەی باشوری یەمەن و باکوری ئوردن و سوریا کە ڕێگای هاتوچۆی کاروانە بازرگانییەکان بوون. لەو قۆناخەدا

بوو كە شارە پڕ بایەخەكان كە لە كۆنترۆڵی هۆزە هەرە گرنگەكانی پیاوسالارییدا بوون ، پلە بە پلە گەشەیان دەكرد.
بە دۆزینەوەی ڕێگا نوێیەكانی بازرگانیی لە دەریای سوردا ، ڕێگای كاروانە بازرگانییەكان گۆڕانیان بەسەردا هات و لە ئەنجامدا دۆخی ئابوری عەربستان توشی لاوازیی بوو ، بە جۆرێك خەڵك زۆربەی شارەكانیان چۆلكرد. لەوانە هاوكات لەگەڵ گەلێك دیاردەی وێرانكەری تر ، نەك هەر پێشی بە گەشەسەندنی ئابوری و كۆمەڵایەتی نیوە دورگەی عەرەبستان گرت لەچاو شوێنەكانی هاوشێوەی خۆی لە جیهاندا ، بەڵكوو بەرە بەرە بەشە پێشكەوتووەكانیشی گەڕاندەوە دواوە. بە جۆرێك پلەی گەشەسەندنی ئابوری و كۆمەڵایەتی ئەو ناوچانەش گەڕانەوە سەر ناوچە دواكەوتووەكان و لە ئەنجامدا پێشی بە گەشەسەندنی سیستمی پیاوسالاریی گرت و نەیهێشت ئافرەتانی عەرەبستان بە شێوەی یۆنان ، ڕۆم ، ئێران و شوێنەكانی تر بكەونە ژێر ستەمەوە. بە وتەیەكی تر ، بە كۆتاییهاتنی سەردەمی شكۆمەندیی ئابوری كە بە هۆی گەشەسەندنی بازرگانییەوە سەریهەڵدابوو ، سیستمی ئابوری لە ناوچە پێشكەتووەكانی عەرەبستانیش كە لە قۆناخی سەرەتای تێپەڕبووندابوون ، نەك هەر نەیانتوانی تەشەنە بكەن بۆ ناوچە دواكەوتووەكانی ناوەند و ڕۆژئاوای ، بەڵكوو لە ناوچەكەی خۆشیاندا شكان و پاشەكشەیان كرد.
لەبەرئەوە ، كاتی سەرهەڵدانی ئیسلام ، سیستمی پیاوسالاریی و خاوەندارێی تایبەت لە عەرەبستانی ناوەندیدا، هەرچەندە ماوەیەكی زۆر لە تەمەنی تێپەڕیبوو، بەڵام هێشتا نەیتوانیبوو لە بواری گەشەكردنی كۆمەڵایەتییەوە وەك دامەزراندنی دەوڵەت و داسەپاندنی دەسەڵاتی پیاوان بەسەر ئافرەتاندا سەربكەوێت. لە ئەنجامدا لەناو زۆربەی هۆزە عەرەبەكاندا كە هەرچەندە پیاوان دەسەڵاتی هۆزەكانیان بەدەست بوو ، بەڵام هێشتا نەیانتوانیبوو ئافرەتان لە چالاكییە كۆمەڵایەتی و ئابورییەكان دوربخەنەوە و دۆخی ئافرەتانی وڵاتانی

پێشکەوتووی وەک یۆنان ، ڕۆم ، ئێران و شوێنە پێشکەوتووەکانی تریان بەسەردا بسەپێنن. بۆ نمونە بوونی کەسانێکی وەک "خەدیجە" ژنی محەمەد کە بازرگانێکی عەرەب بوو ، محەمەد لە تەمەنی حەوت ساڵییەوە ئەو بەخێوی دەکرد و ئەمیش کاری بۆ دەکرد ، بەڵگەی ئەو بۆچوونەیە.

لەبەرئەوە لە سیستەمی پیاوسالاریی عەرەبستاندا کاتی سەرهەڵدانی ئیسلام هێشتا ئەو وڵاتە لە پاشماوەکانی سیستەمی دایکایەتیدا بوو. بە جۆرێک کە لە هۆزەکانی دایکایەتیدا ئافرەتان تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ پیاوان یەکسان بوون. لەگەڵ ئەوەشدا کە لە کۆنترۆڵی پیاواندا بوون ، بەڵام ڕۆڵێکی تا ڕادەیەک باڵایان هەبوو.

ڕۆڵی ئیسلام لە ڕاستییدا لەناوبردنی حاڵەتی چەند لایەنەی مێژوویی و لە ئەنجامدا دورخستنەوەی ئافرەتان بوو لە ژیانی کۆمەڵایەتی و پاڵپێوەنانیان بۆ ناو ماڵەوە و گیرکردنیان و دورخستنەوەیان لە هەموو مافێکی تاک و بە کۆمەڵ و لە وشەیەکدا ، گەشەپێدانی سیستەمی پیاوسالاریی هاوشان لەگەڵ ناوچەکانی تری جیهان و لە کۆتاییدا کۆیلەکردنی ئافرەتان لە دەست پیاواندا.

## پاشماوەکانی سیستەمی دایکایەتی لە عەرەبستان و ڕۆڵی ئیسلام بۆ لەناوبردنی

یەکێک لە پاشماوە هەرە دیارەکانی دایکایەتی لەناو عەرەبدا لە سەردەمی پێش ئیسلام ، پەرستنی خودای ئافرەت بوو. ئەو خودایانە نەک هەر لە کەعبە و ناوچەکانی تردا لە لایەن دانیشتووانەوە دەپەرستران ، بەڵکوو لە شەڕەکانیشدا بۆ یارمەتی وەرگرتن لە هێزیان، هێما تایبەتییەکانیان بەرزدەکردەوە و بە پشتبەستن بەو پەیکەرانە شەڕیان دەکرد. بۆ نمونە لەنێوان هۆزەکانی "قورەیش" دا لە کاتی شەڕدا دژی موسوڵمانان ، وێنەی خوایە ئافرەتەکانی "لات" Lat ،

"منات" Manaat و ئۆزە" Ozza ، لە لایەن "ئەبو سوفیان"ەوە کە یەکێک بوو لە ڕێبەرانی قورەیش ، بەرزکرایەوە. هەڵگرتنی ئەو وێنانە بەگوێرەی باوەڕهێنانی ئەو هۆزانە بوو بەو خودایانە کە بە ڕای ئەوان دوا چارەنوسی شەڕەکانیان دیارییدەکرد.

ئەگەر هۆزێک لە شەڕدا دەشکا ، لەوانە بوو کە ئەندامانی هۆزەکە خوداکەی خۆیان بەتاوانباری شکانەکەیان دابنێن و خودایەکی بەهێزتر، یان خودای هۆزی سەرکەوتوو بۆ خۆیان هەڵببژێرن. هەروەها لە کاتی سەرهەڵدانی ئیسلامدا ، هێشتا هۆزە دایکایەتییەکان لە عەرەبستان هەبوون. لە ناویاندا هۆزەکانی "خەندا" Khanda و "گادیلە" Gadile هۆزی دایکایەتی بوون.

پێغەمبەر خۆی ، لە دایکییەوە سەر بە هۆزی دایکایەتی بوو. هەر وەک خۆی بە کوڕی "ئاوتێک" Awatek و لە هۆزی "سولەیم" دەناساند [1]. هەروەها بەگوێرەی نەریتی دایکایەتی، پێشنیازی ژنهێنان بەگشتیی لە لایەن ئافرەتانەوە دەکرا و پیاوان دەچوونە ژێر کۆنترۆڵی Uxorilocal ئافرەتانەوە. بەو واتەیە بوو کە ئافرەت خۆی هاوسەری خۆی هەڵدەبژارد. خەدیجەی ژنی پێغەمبەر خۆی نمونەیەکی ئەو دیاردەیە بوو. نمونەی تری "لەیلا خەتیم بەنی عەددای" بوو کە خۆی دەچێتە لای پێغەمبەر و داوای هاوسەرگیریی لێدەکات:

**- (من کچی کەسێکم کە با هەڵیگرتووم ، من لەیلا کچی خەتیمم ، هاتووم کە خۆم پێشکەش بە تۆ بکەم کە بە ژنی خۆت وەرمبگریت. پێغەمبەر گوتی پێشنیازەکەم قبوڵکرد. لەیلا گەڕایەوە لای خزمانی خۆی و گوتی: "پێغەمبەر منی بە ژنی خۆی وەرگرت." گوتیان: "کارێکی باشت نەکردووە. تۆ ئافرەتێکی حەسودیت و پێغەمبەر ژنی زۆرە ، بڕۆ**

---

[1]- The Arab Women in the Pre -Islamic and Islamic Periods, Dar Ihya el Kotob el Arabia, 1921, p. 1950. In Nawal El Sa'dawi, "Hidden Face of Eve, Women in the Arab World", p.126.

**خۆت ڕزگاربکە." لەیلا چوو بۆ لای پێغەمبەر و گوتی: "ڕزگارم بکە." پێغەمبەر گوتی: "ئازادم کردیت"[2].)**

ئەو داستانە بە ڕونیی پێشانیدەدات کە لەیلا ئافرەتێک بووە لە شووکردندا ئازاد بووە ، هەروەها ئەو کارەی بەبێ ئیزنی باوک یان کەسێکی تر لە خزمانی کردووە. نەریتی هاوسەرگیریی لە لایەن ئافرەتانەوە لە کۆمەڵگای پیاوسالارانەی دوای سەرهەڵدانی ئیسلامیشدا هەبووە و دواتر پێچەوانە کراوەتەوە. هەر بەو جۆرەش لەناو هۆزەکانی دایکایەتیدا ، کاتی هاوسەرگیریی ، پیاو دەچووە ناو ماڵ و هۆزی ئافرەت ، نەک بە شێوەی دوایی کە لە سەردەمی باوکسالارییدا ئافرەت دەگوازرایەوە بۆ ماڵی مێرد. بە وتەیەکی تر خێوەت لە سەردەمی ژیانی هۆزەکاندا ڕۆڵی ماڵ و خانووبەرەی هەبووە و خەڵکەکە لە خێوەتدا دەژیان و ئەو خێوەتانەش هی ئافرەتان بوون. کاتی هاوسەرگیریی پیاو هۆزی خۆی بەجێدەهێشت و بۆ درێژەدان بە ژیان ، دەچووە ناو هۆزی ئافرەت و لە خێوەتی هاوسەرەکەیدا دەژیا.

## مافی ئافرەتان لە وەرگرتنی تەڵاق لە پێش ئیسلامدا

پێش سەرهەڵدانی ئیسلام ، ئافرەتان لە هۆزە دایکایەتییەکاندا ، لەگەڵ ئەوەدا کە خۆیان سەبارەت بە هاوسەرگیریی ، یان پەیوەندیی لەگەڵ پیاوی دڵخوازیاندا ، خۆیان بڕیاریان دەدا ، بەڵکوو مافی تەڵاقیش بە ئافرەتان بوو. دەیانتوانی هەر کاتێک بیانەوێت ، بەبێ هیچ پاساوهێنانەوەیەک لە مێردەکانیان جیاببنەوە. لە کتێبی "الاغانی"دا هاتووە:

**- (ئافرەتان لە سەردەمی نەزانییدا ، یان بە لایەنی کەمەوە هەندێک لە ئافرەتان ، مافی جیابوونەوەیان لە مێردەکانیان هەبوو. شێوەی**

[2]- طبری محمد بن جزیر ، تاریخ الرسل و الملوک ، بەرگی چوارەم ، فارسی ، لاپەڕەی 1297.

**جیابوونەوەکە بەو جۆرە بوو ، ئەگەر پێکەوە لە خێوەتێکدا بژیانایە ، ئافرەتەکە کاتی تەڵاقدانی مێردەکەی ، خێوەتەکەی 180 پلە دەسوڕاند ، بە جۆرێک کە ئەگەر دەرگای خێوەتەکە بەرەو ڕۆژهەڵات بکرایەتەوە ، ئەو ڕووی لە ڕۆژئاوا دەکرد. بەو جۆرە بە سوڕاندنی خێوەتەکەی ، مێردەکەی لە مەبەستی دەگەیشت و ئیتر نەدەچووەوە ناو خێوەتەکە و دەگەڕایەوە بۆ لای هۆزەکەی خۆی[3].)**

بە وتەیەکی تر ، چونکە خێوەتەکە هی ئافرەتەکە بوو ، مەبەستی جیابوونەوەی خۆی بە سوڕاندنی دەرگای چوونەژوورەوەی خێوەتەکە بە مێردەکەی دەگەیاند و ئەویش بە بینینی ئەو دیمەنە ، نەدەگەڕایەوە ناو خێوەتەکە و دەچووەوە لای هۆزەکەی خۆی. هەروەها لە کۆمەڵگای پێش ئیسلامدا کە بە هۆی سیستمی باوکسالارییەوە سیستمی فرەژنیی باو بوو ، سیستمی فرەمێردییش لە سیستمی دایکایەتییەوە مابووەوە. بەگوێرەی ئەو نەریتە ، ئافرەت دەیتوانی تا دە مێردی هەبێت. ئافرەتێک کە هاوکات پتر لە دە مێردی هەبووایە ، بە قەحبە ناویاندەبرد. عائیشەی ژنی پێغەمبەر لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (ئەو جۆرە خێزانە ، دەکرا تا دە پیاوی تێدا هەبێت. هەر یەکەیان دەیتوانی بچێت لەگەڵ ئەو ئافرەتە بنوێت. کاتێک ئافرەتەکە منداڵی دەبوو ، دەینارد بە شوێن هەموو پیاوەکاندا و هیچیان نەیاندەتوانی سەرپێچی لە هاتن بکەن. لە دەوری ژنەکە کۆدەبوونەوە و ئەو پێیدەگوتن کوڕێکم بووە ، دوای ئەوە ، یەکێک لەو پیاوانەی بە بەرپرسی منداڵەکە هەڵدەبژارد و ئەو پیاوەش نەیدەتوانی قبوڵی نەکات[4].)** تەنانەت لە هۆزە باوکسالارییەکانیشدا ، ئەگەرچی ئافرەتان ڕاستەوخۆ مێردەکانی خۆیان هەڵنەدەبژارد ، بەڵام بێگومان هاوسەرگیریی بە ڕا و ڕاوێژ و ڕەزامەندیی هەردوو لایان بووە.

---

[3]- Aboul Farag El Esfahani, Al Aghani, Vol. 16, p. 2. In Nawal El Sa'dawi, "Hidden Face of Eve, Women in the Arab World", p. 127.
[4]- Ibid., p. 27.

## پێکهاتنی سیستمی فرەژنە لە ئیسلامدا

سیستمی فرەژنیی پێش دەسەڵاتی محەمەد لە عەرەبستاندا هەبوو. باوبوونی فرەژنیی لە عەرەبستاندا لە پرۆسەی گواستنەوەی دەسەڵات و گەشەسەندنی سیستمی خاوەندارێتی تایبەتدا ئەنجامی گرت کە ماوەیەکی زۆر لەوەوبەر لەو ناوچەیەشدا وەک بەشەکانی تری جیهان سەریهەڵدابوو ، بەڵام لە ناوچە ناوەندییەکانی عەرەبستان و ئەو شوێنەی ئیسلامی تێدا پێکهات ، هاوکات لەگەڵ ئەو سیستمە نوێیەدا ، سیستمی دایکایەتیش هەبوو، بەو واتەیە کە لە سەردەمی محەمەددا لە عەرەبستان دوو شێوە سیستم هاوکات کاریان پێدەکرا.

محەمەد کە خۆی سەر بە بەشی باوکسالاریی کۆمەڵگای عەرەب بوو ، پەیڕەویی لە نەریتی باو لەو بەشەدا دەکرد و لە ئایەتەکانی قورئانیشدا بە ڕونیی بەرگریی لەو بەشە دەکرد. دوای سەقامگیرکردنی دەسەڵاتی خۆشی بە یاساخکردنی یاساکانی دایکایەتی ، یاسای باوکسالاریی و لەوانە و یاسای فرەژنییی لەو وڵاتە ئیسلامییەدا دانا. بەو جۆرە ڕۆڵی خۆی بۆ لەناوبردنی پاشماوەکانی سیستمی دایکایەتی و سەقامگیرکردنی خاوەندارێتی تایبەت و باوکسالاریی لە عەرەبستاندا بەجێگەیاند. بەگوێرەی ئایەتەکانی قورئان ، هەموو پیاوێکی موسوڵمان دەیتوانی تا چوار ژنی مارەکراو و بە هەر ڕادەیەک بیەوێت کەنیزە و یاری هەبێت:

**- (ئەگەر دەترسن لەوەی کە ناتوانن لەگەڵ هەتیوان وەک منداڵی خۆتان هەڵسوکەوت بکەن ، ئەو ئافرەتە بە هاوسەریی وەربگرن کە لەگەڵتان دەگونجێت ، لەگەڵ دوو، سێ یان چوار کەسیان – بەڵام ئەگەر دەترسن کە هەڵسوکەوتی باشتان لەگەڵیان نەبێت ، تەنیا یەک ژن بێنن[5].)**

5- سورەتی ئافرەتان ، ئایەتی 3 ، قەمشەیی. ([illegible]

بەڵگەیەکی تر لە ئازادیی ئافرەتان لە سەردەمی پێش ئیسلامدا ، دۆخی ئەو ئافرەتانە بوو کە هاتبوونە سەر ئایینی ئیسلام "انصار" ، لە بەرامبەر ئافرەتانی "مەکە"دا کە کەمتر لە ئافرەتانی مەکە دەسەڵاتیان لەسەر بوو. عومەری خەلیفەی دووەم لەو بارەیەوە سکاڵا دەکات:

**- (نەریتی ئێمە قورەیشییەکان بەم جۆرەیە کە دەسەڵاتمان بەسەر ژنەکانماندا هەبێت. ئێمە کاتێک دەچینە ناو ئەوانەی تازە هاتوونەتە سەر ئایینی ئیسلام "انصار" ، ئەوان پێشانیانداوە کە ژنەکانیان بەسەریاندا زاڵن و ئەوەش ڕێگا بۆ ژنەکانی ئێمە دەکاتەوە وەک ئەوانیان لێبێت[(6)].)**

## هێمای دۆخی باڵای ئافرەتان پێش ئیسلام

هێمایەکی تر کە باسی بوونی پاشماوەکانی سیستمی دایکایەتی و دۆخی باڵای ئافرەتان لە عەرەبستانی پێش ئیسلامدا دەکات ، بوونی ئافرەتی وەک خەدیجەی ژنی محەمەدە کە دۆخێکی باڵای هەبوو لە کۆمەڵگادا و ئیشی بازرگانیی دەکرد. خەدیجە پیاوانی بۆ ئیشی بازرگانیی دادەمەزراند و دەیکردن بە هاوسودی بازرگانیی خۆی. محەمەد یەکێک بوو لەو پیاوانەی کە بۆ خەدیجە ئیشی بازرگانیی دەکرد. دیسان بەگوێرەی نەریتی دایکایەتی ، خەدیجە خۆی پێشنیازی بە محەمەد کرد کە هاوسەرگیریی لەگەڵ بکات، لە کاتێکدا پێش

---

⬃❒❒🕮 🕑❑⍓⑨✎■🕓◆❑⧫▫ ☎✂❑↗︎✆✎⑨⬃➔⧫✍ ⬝⧫❒🕮 ⬄⚐🡐☞⬂▦⮪⌘ ⬃♌✎✉⧫▫ ☎ ⬝⧫❒🕮 ✂❼❑❄⬃⑩❒🕮 ⍓⌨✎✆🕓⧫❶ 🗐 ⬀☠↗▤↖✡🕓⍓☺⬃③❒🕮 ⇳💣⧫▤■🖫♦👌 👓♦👌 ( ⮨⌧⮫ ☎✂❑↗✆❑↖➔⧫✍

[6]-Wall, Muhamad at Madina, pp. 381-2. In Amaury de Riencourt, Sex and Power in History, (1974), p. 188.

محەمەد دوو شووی کردبوو. عەسما کچی "موخاریە"ش یەکێک بوو لەو ئافرەتانەی کە ئیشی بازرگانیی دەکرد و خاوەنی داراییەکی زۆر بوو.

نمونەیەکی تر لە پاشماوەکانی سیستمی دایکایەتی لە عەرەبستانی پێش سەرهەڵدانی ئیسلام ، دەگەڕێتەوە بۆ ئافرەتێک بە ناوی "زەنوبیە" لە سەدەی سێیەمی پێش زاییندا کە لە ناوچەی باکوری عەرەبستان لە "پالمێرا" ، بە نوێنەرایەتی کوڕەکەی بۆ ماوەیەک دەسەڵاتی گرتەدەست و بە توندیی بەرامبەر دەستدرێژیی ئیمپراتۆریی ڕۆم وەستا و داکۆکیی لە وڵاتەکەی خۆی کرد. ئەو بەشێک لەو ناوچانەی ڕۆژهەڵاتی کە ڕۆمییەکان دەستیان بەسەردا گرتبوو ، خستەوە دەست خۆی و بە ناوی کوڕە بچکۆلەکەی "وەهاب اللات" کە بە "دیاریی خودایەکی ئافرەت" بە ئاللات دەناسرا ، حوکمی پاشایەتی دامەزراند. هەرچەندە تەمەنی حکومەتەکەی کورت بوو و دواتر "زەنوبیە" لە لایەن ڕۆمییەکانەوە شکا و بە دیل گیرا و گواستیانەوە بۆ ڕۆم(7).

ئاللات ئەو خودا بە ڕەگەز ئافرەتە بوو کە تەنانەت لە سەردەمی سەرهەڵدانی ئیسلامیشدا ، لەناو هۆزی قوڕەیشدا دەسەڵاتی زۆر و گرنگی هەبووە. هەر وەک لە ناوی "وەهاب اللات" دەردەکەوێت ، بنەچەی وەهاب دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئافرەت و بە وتەیەکی تر دەگەڕایەوە بۆ سەر خوای بە ڕەگەز ئافرەت "لات" و ئەوەش هێمایەکی تری سیستمی دایکایەتی بوو کە پێش سەرهەڵدانی ئیسلام لە نیوە دوڕگەی عەرەبستاندا.

"هند بنت رەبیە" هاوسەری ئەبو سوفیان ، یەکێکی تر بوو لەو ئافرەتە عەرەبانەی کە لە شەڕەکاندا بەرگی زرێپۆشی لەبەرکردووە و کڵاوی جەنگیی وەک پیاوانی لەسەر کردووە و وەک ئەوان شەڕی کردووە. ئافرەتێکی سەربەخۆ بووە و لە هەموو بوارەکاندا خۆی بڕیاریداوە. ئەوەش وتەیەکی بەناوبانگە کە بە باوکی خۆی گوتووە: **(من**

---

7- Amaury de Riencourt, Sex and Power in History, (1974), p.75.

**ئافرەتێكم كە دەسەڵاتی ژیانی خۆم لە دەست خۆمدایە و دەزانم چیم دەوێت[8].)**

دۆخی باڵای ئافرەتان لە دوورگەی عەرەبستاندا بەتەنیا كاروباری ئابوری و شەڕی نەدەگرتەوە و لە بوارەكانی تریشدا ئافرەتان دەستی باڵاتریان بە سەر پیاواندا هەبوو. بەگوێرەی لێكۆڵینەوەكانی "هێنری جۆرج ڤارمەر" لە كتێبی "مێژووی مۆسیقا لە ڕۆژئاوا" دا، ئافرەتان لە مۆسیقاشدا دەستی باڵایان هەبووە. سێ ئافرەت كە پێش ئیسلام خاوەن پلەی باڵای مۆسیقایان هەبووە و بە دژی ئیسلام ئاوازیان داناوە ، دوای داگیركردنی مەكە ، دووانیان چوونە سەر ئایینی ئیسلام و بەخشران و ئەوەی سێیەمیان كوشت.

بەراوردكردنی دۆخی باڵای ئافرەتان بەرلە سەرهەڵدانی ئیسلام، لەگەڵ دۆخی نزم و لە كۆیلەچووی ئەوان دوای بە دەسەڵات گەیشتنی ئیسلام كە لەودا بە تەواویی لە ژیانی كۆمەڵایەتی دورخرانەوە و لە ماڵەوەدا كران بە كۆیلەی سێكسیی پیاوان ، دەرخەری ئەو ڕاستییەیە كە ئافرەتان لە سەردەمی ئیسلامدا بە تەواویی پاشەكشەیان پێكرا و دۆخێكی نالەباریان پەیداكرد.

ئەوەی لایەنگرانی ئیسلام ئاماژەی بۆ دەكەن كە ئیسلام دۆخی ئافرەتانی لە نیوە دوورگەی عەرەبستاندا بەرزكردووەتەوە، لەناوبردنی نەریتی زیندەبەچاڵكردنی كۆرپەی كچ بووە كە پێش هاتنی ئیسلام باو بووە. ئەوە یەكێكە لەو قسە پڕوپوچە بێناوەڕۆكانە ، چونكە كوشتنی كوڕان و دواتریش كچان نەریتێكی جیهانیی بووە و بەگشتیی لە سەردەمێكدا لە هەموو جیهاندا باو بووە و بە تەنیا تایبەتمەندیی دوورگەی عەرەبستان نەبووە. هەموو كۆمەڵگاكان ، یەكێك لەوانەش نیو دوورگەی عەرەبستان ، ئەو دیاردەیەی بۆ بەهێزكردنی پێگەی پیاوسالاریی لەناوبرد.

[8] - Mohamad Ibn Saad, Al Tabakat El Kobra,1970, Vol. 8, p.320. In Nawal El Sa'dawi, Hidden Face of Eve, Women in the Arab World, p.125.

بە کورتیی ، کاتێک لە سیستمی باوکسالارییدا کچان وەک کاڵایەک مامەڵەیان پێدەکرا و دەفرۆشران ، خاوەن بایەخ بوون و دواتر بۆ بەرگرییکردن لە سودی کڕین و فرۆشتنیان ، زیندەبەچاڵیان دەکردن. ئەوە لەهەموو دنیادا هەبووە و تایبەتمەندیی ئیسلام نەبووە.

## ئایا بەهەشت لەژێر پێی دایکان دایە؟ یان لەسەر شانیانە!

دەربارەی ئەو گوتنانەی کە سەبارەت بە پیاهەڵدانی ئافرەتان لە قورئاندا هاتووە ، یەکێکیان ئەوەیە کە (بەهەشت لەژێر پێی دایکاندایە). دەبێت بڵێین ئەو گوتنە بە واتەی پلەی بەرز و باڵای ئافرەتان نیە ، چونکە لێرەدا باس لە دایکانە نەک ئافرەتان و پیاهەڵدانی دایکانیش بە مەبەستی هاندان و فریودانیان بووە بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکی دروستکردن و بەخێوکردنی مناڵ بۆ پیاوان.

هەروەها ئەو گوتنە پتر لە وادەی سەر خەرمان دەچوو ، چونکە بە ڕاستیی ئەگەر ئیسلام بایەخی بە ئافرەت بدایە ، مافەکانیانی لەم دنیایەدا دابیندەکرد ، نەک بەڵێنی خۆشبەختکردنیان لە دنیایەکی تردا پێبدات! ئەو بەڵێنە درۆ بوو ، چونکە لە قورئاندا بەهەشت لە پاوانی پیاواندایە و لە هەر جێیەک کە باس لە ڕەگەزی مێ و ئافرەت لە بەهەشت کراوە ، ئەوان وەک حۆریی بەهەشتیی بۆ زەوقی پیاوان بەکارهاتوون. لەبەرئەوە بەڵێنی تەواو و چێژەکان بۆ پیاوانە:

**- (ئەو پیاوانەی باوەڕدار بوون و کاری باشیان کردبوو ، بەهەشتیین و بە نەمریی تێیدا دەمێننەوە "سورەتی مانگا 82" ، ئەوە سنوری خودایە و ئەوەی گوێڕایەڵیی خودا و پێغەمبەرەکەی بکات ، دەیخاتە بەهەشتێکەوە کە ڕوبار بە ژێریدا دەڕوات و بە نەمریی تێیدا دەمێنێتەوە.."سورەتی ئافرەتان 13" هەروەها هەمان قسە لە "سورەتی خوان - المائدة 119" ، لەوێ میوەیان هەیە و چی داوا بکەن دەیانبێت "سورەتی الیس 57" ، بە پەرداخ خواردنەوەی ، سپی بە تام و چێژ**

دەدرێت بەو پیاوانەی کە بیانەوێت بخۆنەوە ، نە سەریان پێی دەیەشێت و نە دەڕشێنەوە ، لە تەنیشتیشیانەوە کچی چاو جوانیان بۆ دانراوە کە هەر وەک هێلکەی پاککراون "سورەتی الصافات 45 تا 49" ، لەجیاتی ئاو ، شەرابی سەرمۆریان دەدرێتێ "سورەتی المطففین 25" ، بەرگی ئاوریشم و حۆری چاو گەورە و چاو جوانیان دەدەینێ "سورەتی دوکەڵ- الدخان 53 و 54" ، حۆری چاو گەورە و چاو جوانیان ئەدەینێ "سورەتی الطور 20" ، ئەو حۆریە چاو گەورە و چاو جوانانە کە وەک جوانترین مرواری شاراوەن (واتە بەکارنەهێنراون- وەرگێڕ) "سورەتی الواقعة 22 و 23" ، لە سێبەر و لەگەڵیاندا خۆیان دەدەن بەسەر پێخەفێکدا "سورەتی الیس 56" ، لەو حۆرییانەشدا تێشیاندا هەیە کە باڵغ نەبووە و هێشتا نە مرۆڤ و نە جنۆکە دەستیان بۆ نەبردووە "سورەتی الرحمن 56" ، هەر وەک یاقوت و کۆڕاڵن "سورەتی الرحمن 58" ، هەر بە کچێنییش بۆمان داناون "سورەتی الواقعة 36" [9].

9- شوجاعەدین شەفا ، ژیانی دووبارە ، لاپەرەی 336 ، فارسی ، چاپی تایبەت بە ئەمێریکا. سورەتی مانگا ، ئایەتی 82 [illegible] ، سورەتی ئافرەتان ، ئایەتی13 [illegible] ، سورەتی خوان ـ المائدة ، ئایەتی 119 [illegible] ، سورەتی الیس ، ئایەتی 57 [illegible] ، سورەتی الصافات ، ئایەتی 45 تا 49 [illegible] 45 ، [illegible] 46 ، [illegible] 47 ، [illegible] 48 ، [illegible] 49 ) ، سورەتی المطففین ، ئایەتی25 [illegible] ، سورەتی دوکەڵ- الدخان ئایەتی 53 و 54 [illegible] 53 ، [illegible] (54 ، سورەتی الطور ئایەتی20 [illegible] ، سورەتی الواقعة ئایەتی 22 و 23 [illegible] 22 ، [illegible]

بەو شێوەیە چۆن بەهەشت لەژێر پێی دایکاندایە! لە کاتێکدا بەگوێرەی دەقە ڕونەکانی قورئان و ڕیوایەتە ئایینییەکانیان ، بوونی ئافرەتان لە بەهەشتی ئەو دنیای ئیسلامدا ، هەر وەک لەم دنیایەیاندا، تەنیا ئامرازێکی بێ گیانە و بۆ خزمەتکردن و چێژبینینی سێکسیی پیاوانە ، نەک شتێکی تر.

نەخۆشیی چێژبینین لە ئافرەت لەناو موسوڵمانانندا سنوری نەبووە. غەزالی زانای گەورەی ئیسلام لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا بە ناوی "احیاء علوم الدین" وەک نەخۆشێک ئاماژە بۆ وتەی پێغەمبەر دەکات کە دەڵێت: **(هەموو موسوڵمانێک کە دەچێتە بەهەشت 400 حۆریی بە کچێنیی و 500 حۆری نیوداش و 8 هەزار بێوەژنی دەدەنێ[10].)**

گوتم پێش سەرهەڵدانی ئیسلام لە عەربستان هەرچەندە خاوەنداریی تایبەت و چینەکانی کۆمەڵایەتی پێکهاتبوون و سیستمی دایکایەتی هەڵوەشابووەوە ، بەڵام پاشماوەکانی هێشتا درێژەیان بە ژیان دەدا. لەبەرئەوە لەناو کۆمەڵگای پیاوسالارییدا خەڵکیان لە دایکییەوە نەدەناسی و ناساندنیان بە ناوی دایکیانەوە ، جۆرێک سوکایەتی پێکردن بوو. بەو واتەیە شوێنەوار و پاشماوەکانی دایکایەتی لەژێر گوشار و هێرشدا بوون.

لەوانە دوژمنانی پیاوسالاریی محەمەد ، کاتێک دەیانویست سوکایەتی پێبکەن ، بە ناوی "إبن کبشا" واتە کوڕی کبشا بانگیان دەکرد کە ناوی ئافرەت بوو. نمونەیەکی تری ئەو هەوڵدانەی ئیسلام بۆ گۆڕینی بالانس بە قازانجی سیستمی پیاوسالاریی ، بەرگرییکردن بوو

[illegible] 23) ، سورەتی الیس ئایەتی 56 ([illegible]) ، سورەتی الرحمن ئایەتی 56 ([illegible]) ، سورەتی الرحمن ئایەتی 58 ([illegible]) ، سورەتی الواقعة ئایەتی 36 ([illegible])

10- غەزالی ، احیاء علوم الدین ، بەرگی چوارەم ، چاپی قاهیرە ، 1348 هیجری ، لە ژیانی دووبارەی شوجاعەدین شەفا ، لاپەڕەی 336 وەرگیراوە.

لە یاسای "عیددە" و داسەپاندنی بوو بەسەر ئافرەتاندا. پێش ئیسلام ، لە سیستمی دایکایەتیدا ، چونکە مناڵ هی دایکی بوو ، بە دایکیەوە دەناسرا. لەبەرئەوە ئەگەر سکپڕبوونی ئافرەت لە کاتی جیابوونەوە لە مێردەکەی ، ڕێی لە ژنهێنانی دووبارە و دەستبەجێی لەگەڵ مێردی نوێ نەدەگرت. لەو ڕوانگەیەوە دیاربوونی دایکی منال گرنگ بوو ، نەک باوکی ، بەڵام لە سیستمی باوکسالارییدا ، خاوەنداریی و پشتی منال لە دایکەوە بۆ باوکی گوازرایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا سیستمی چەند مێردە و شووکردنی دەستبەجێشیان دوای جیابوونەوە یاساخ کرد. هۆی ئەو یاساخکردنە ئەوە بوو کە ئەگەر ئافرەتەکە لە کاتی جیابوونەوە لە مێردەکەی دووگیان بووایە ، لەو حالەتەدا شووکردنەوەی پێش خۆگرتنی کۆرپەکەی ، دەیتوانی باوکی ڕاستینەی ئەو منالە توشی گرفت بکات. لەبەرئەوە ئیسلام بۆ نەهێشتنی ئەو گرفتە یاسای عیددەی بۆ ئافرەتانی دووگیان دانا.

عیددە بە واتەی بەرگرییکردن لە شووکردنەوەی دووبارەی ئافرەت بوو دوای جیابوونەوەی لە مێردەکەی ، ماوەی دیارییکراوی "سێ مانگ" ، بۆ ئەوەی ئەگەر دووگیان بێت ، بزانرێت باوکی ڕاستینەی منالەکە کێیە. گرنگیی یاسای عیددە کە یاسایەکی ئیسلامیی بوو ، بۆ ئەوە دانرا کە کۆمەڵگای عەرەبستان بە تەواویی لە سیستمی دایکایەتی بشواتەوە و بیگوازێتەوە بۆ سیستمی باوکسالاریی و بەو جۆرە خاوەنداریی منال لە دایکیەوە بدات بە باوکی.

ئێمە لێرەدا باسی هەندێک یاسای وەک میرات ناکەین کە کچ نیوەی کوڕ میراتی پێدەبڕێت ، یان شاهیدییدانی ئافرەت لە دادگاکاندا بە نیوەی پیاو دەژمێررێت. ئەوانە هەموویان یاسا و ڕێسای پیاوسالاریی بوون کە لە دوڕگەی عەرەبستان و لە بەرامبەر یاساکانی دایکایەتیدا خەریکی گەشەکردن بوون و ئیسلام ڕۆڵی کۆتایی خۆی لە جێگیرکردنی ئەو یاسایانە لە کۆمەڵگای پیاوسالارییدا بەجێگەیاند.

## ڕاکێشانی ئافرەتان بۆ ژێر عەبا و پەچە و پچڕاندنی پەیوەندییەکانیان بە پیاوانەوە

یەکێکی تر لەو دیاردانەی کە لە ئیسلامدا ڕۆڵی خۆی بۆ گۆڕینی ڕەگەزیی لە نیوە دورگەی عەرەبستاندا زەقکردەوە ، بەلاوەنانی هەنگاو بە هەنگاوی ئافرەت بوو لە ژیانی کۆمەڵایەتی و داسەپاندنی عەبا و پەچە و "بورقە" و پچڕاندنی پەیوەندیی بوو لەگەڵ پیاوان. لە سەرەتادا محەمەد لەگەڵ ژنانی خۆی ئەم کارەی دەستپێکرد. تا ئەو کاتە پەیوەندیی نێوان ئافرەتان و پیاوان لە عەرەبستان لە هەموو بوارەکاندا ئاسایی بوو. تێکۆشانی ئابوری ئافرەتان ، هەروەها شیعر و ئاواز خوێندنیان پێویستیی بە پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەنێوانیاندا هەبوو. لەبەرئەوە ئازادیی لەنێوانیاندا هەبوو. هەروەها زۆربەی ئافرەتان کە مامۆستای مۆسیقا بوون، خوێندکاری پیاویان هەبوو.

لەگەڵ ئەوەشدا ، لەو سەردەمەدا ئافرەت هیچ چەشنە عەبا و سەرپۆش و پەچەیەکی نەبوو کە دەست و قاچ و دەموچاوی دابپۆشێت و بە ئازادیی تێکەڵ بە پیاوان دەبوون. کەچی دواتر دەبینین کە دوای بەدەسەڵات گەیشتنی ئیسلام ، ئافرەتان هەموو ئەو ئازادییانەیان نەما. لەگەڵ خۆداپۆشینیان و پچڕاندنی پەیوەندییان لەگەڵ پیاوان ، لە چوونە دەرەویان لە ماڵەوە و بەشدارییکردن لە جەژنەکان و ڕێوڕەسمە گشتییەکانیش دورخرانەوە و لە قوژبنی ماڵەکاندا زیندانیی کران.

محەمەد بۆ یەکەم جار ئەو نەریتەی بەسەر ژنانی خۆیدا سەپان ، بەو مەبەستە لە ماڵەکەیدا پەردەیەکی لەنێوان پیاوان و ژنەکانیدا هەڵواسی و ژنانی خستە پشت ئەو پەردەیەوە ، تا پەیڕەوان و خەڵکانی تر کە بە بەردەوامیی دەچوونە ماڵەکەی ، نەتوانن تەماشایان بکەن. هەروەها بۆ بەرگرییکردن لە پەیوەندیی ژنەکانی لەگەڵ خزمەکانیان ، ئایەتێکی لە لایەن خواوە هێنا و لە پەیڕەوانی خۆی ویست کە لە پشت پەردەوە پەیوەندیی لەگەڵ ژنەکانی بکەن. بەو واتەیە کە ئەگەر ئاو ،

یان خواردنێکیان ویست ، ژنەکانی لە پشت پەردەوە بیاندەنێ. ئەو داوایەی بۆ ئەوە بوو، هەندێک جار کە میوانەکانی داوای ئاو و خۆراکیان لە ژنەکانی دەکرد، دەستیان بەر دەستی ژنەکانی دەکەوت ، ئەویش بەو دیاردەیە توڕە دەبوو. لەبەرئەوەیە کە لەو ئایەتەی خوارەوەدا داوا لە پەیڕەوانی دەکات:

**- (ئەی ئەو کەسانەی باوەڕدارن ، مەچنە ماڵەکانی پێغەمبەر تا خۆی بانگتان نەکات بۆ نانخواردن ، کاتێک کە بانگی کردن ، بچن و کە نانیشتان خوارد ئیتر مەمێننەوە و بڵاوەی لێبکەن ، لەگەڵ ژنەکانیدا قسەی خۆش و گاڵتە مەکەن ، ئەوە ئازاری پێغەمبەر دەدات و شەرمیشتان لێ دەکات ، خوداش ئاگادارە کە شەرم لە ڕاستیی ناکات ، ئەگەر داوای شتێکتان لە ژنەکانی محەمەد کرد ، لە پشت پەردەوە داوایان لێبکەن ، ئەوە بۆ پاکیی دڵتان و دڵی ئەو ژنانەش باشە و ئازاری پێغەمبەریش نادات ، نابێت هەرگیز لە دوای پێغەمبەرەوە ژنەکانی بهێنن ، ئەوەشتان لە لای خودا بە کارێکی مەزن بۆ دەژمێررێت[11].)** هەروەها لە ئایەتێکدا بە ژنانی پێغەمبەر ڕادەگەیەنرێت کە لە خودا بترسن و لەگەڵ پیاوان بە نەرمیی و ناز و نیانییەوە قسە نەکەن ، چونکە لەوانەیە زەوقیان هەڵبستێت:

---

11- قورئان ، سورەتی الاحزاب ، ئایەتی 53 ، قەمشەیی. ([illegible])

**- (ئەی ئافرەتانی پێغەمبەر ، ئێوە وەک ئافرەتانی ئاسایی نین ، کاتێک کە لەگەڵ پیاواندا دەدوێن ، بە نەرم و نیانیی مەدوێن ، نەک بە دڵ نەخۆش بن و تەماعتان تێبکەن ، قسەی خێر بکەن[12].)**

سەیر ئەوەیە کە لە هەر دوو ئەو ئایەتانەی سەرەوەدا محەمەد هێشتا دەسەڵاتی ڕاگەیاندن و بەڕێوەبردنی ئەو یاسایانەی لەناو هەموو ئافرەتانی عەرەبدا نەبوو ، چونکە ئەو یاسا پیاوسالارییانە بە ڕادەیەکی زۆر کاتیان پێچوو لەگەڵ نەریت و هەلومەرجی باو لە کۆمەڵگای ئەو کاتەی عەرەبستاندا. لەبەرئەوە ، ناچاربوو لە سەرەتادا ، بە تەنیا لە ژنەکانی خۆیەوە دەستپێبکات.

تەنانەت هۆ و بیانوویەک بۆ پیادەکردنی ئەو کارە لە ئارادا نەبوو کە بتوانێت کەڵکیان لێوەربگرێت و بیانوویەکی ڕەگەزییش نەبوو کە بیانگەڕێنێتەوە بۆ هەموو ئافرەتانی عەرەب ، بەڵکوو هۆیەکەی تایبەت و جیاواز بوو کە تەنیا دەیتوانی لەسەر ژنەکانی خۆی جێبەجێیان بکات. هەرچەندە ئەوەش بە زۆرەملێ و هەڕەشە و هاندان و خەڵاتکردن، بەسەر ژنەکانی محەمەددا داسەپا ، ئەگەر وا نەبووایە ، ئەوا ئەو هەموو سورەت و ئایەتانەی بۆ دروست نەدەکردن:

**- (ئەی ئافرەتانی پێغەمبەر هەر کەسێکتان ئیشێکی خراپتان ئاشکرا ببێت ، ئازار دانەکەتان دوو ئەوەندەی ئازاری ئاسایی دەبێت، ئەوەش بۆ خوا ئاسانە. هەر کەسێکیشتان گوێڕایەڵیی خودا و پێغەمبەرەکەی بکەن و کاری باش بکەن ، پاداشتەکەی دوو ئەوەندە دەبێت و ڕزقێکی بە کەرامەتمان بۆ داناوە[13].)**

---

12- قورئان ، سورەتی الاحزاب ، ئایەتی 32، قەمشەیی. (③♦🕒✡♋○✿👓✎↗♦ ✂👓✆☪□💾☜♏♐➪
✆♦○⇔⬂↗✗□ 🗎•🕯❒■♦⑨🖮 👌♓♋♊⌘ ✂👓✆✡♓♋○✿👓✎↗♋ 🗐 ◗♐♌⬀
✂👓✍□◗♦⓿⬂⬂↗✗□ ▫♦☒• 👌❒③⬂♐•➔⬀♊⌘ 📭♐👓👓✆⬂◗♦❏⬀✌☜
▫♦⑩♦➲⇳☺⬘⬈⬘ ✂👓✎⅄🔔♋❽ ✗♐❼ 🔔♦🖬▫🖮♐❍♋🕗 👌♦❷♦⮛⌧ ❒♦🔔➔🖬▫♊⌘
🔔♦❏⬀♦☪ 👌□➔⬃❷⬉❒▫☸👓).

13- قورئان ، سورەتی الاحزاب ، ئایەتی 30 و 31 ، قەمشەیی. (③♦🕒✡♋○✿👓✎↗♦ ✂👓✆☪□💾☜♐♏➪
👌♦♊ ③♦🕯▫☠♋👌♋☪🗏↗♊❍ 📭♐🪟☒🕒♦⮰⌖♦■🖮 👌⑩⌛♦❹♓☜✡□■🖮
③⬉♐•🕒➔⬘✂⇳ ✆♦♑⬘👓 ✂👓✆⬂➔⬘⓿☒✂✇➲ ⮱⮰➔⬃🪟☒✓⬃✗⬀ 🗐
❒♦📬☒🔔♍🙞❶♦🕒✆♋🖮⬘ ⬉♦✍■❼ ✂👓✎★ ④□○⮰❷❸☪✂ . ❒♦👌♦♊

ئەوانە هەموویان پێشانیدەدەن کە یاساکانی ئیسلام سەبارەت بە ئافرەتان بە هیچ شێوەیەک بە مەبەستی ڕزگارکردنی ئافرەتان نەبووە، چونکە لە حاڵەتێکی لەو جۆرەدا یاساکان بە ئارەزوومەندانە دادەنران و پێویستی بەو هەموو هەڕەشە و تۆقاندن و هاندانانە نەدەکرد. بەپێچەوانەوە ، ئەوانە پێشانیدەدن کە ئافرەتانی عەرەب لە دۆخێکدا نەبوون کە لە دوڕگەیەکدا بە فەرمانێک بگۆڕڕێن ، بەڵکوو بە کەڵکوەرگرتن لە تاکتیکی هەنگاوبەهەنگاوی محەمەد ئەو یاسایانە جێبەجێکراون.

بە وتەیەکی تر ئەو یاسایانە تایبەتیی "شەخسیی" بوون و ئەو ڕێسایانەش کە محەمەد بۆ پاوانکردنی ژنەکانی کەڵکیلێوەرگرتوون ، ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگای ئەو کاتەی عەرەبستان نەبوون ، چونکە نەریت و بایەخەکانی پیاوسالاریی هێشتا بە ڕادەی پێویست سەریان هەڵنەدابوو کە پشتیوانییان لێبکرێت ، بۆیە بە ناچاریی لە سەرەتادا لەسەر ژنەکانی خۆی پیادەیکردوون.

## بەرگرییکردن لە ئارایشت و لە ماڵ چوونەدەرەوەی ئافرەتان

دەربارەی بەرگرییکردن لە ماڵ چوونەدەرەوی ئافرەتان ، محەمەد لە سەرەتادا ئەو بەرگرییکردنەی لەناو ژنەکانی خۆیدا جێبەجێکردووە و داوای لێکردن کە لە ماڵەوە بمێننەوە و ئارایشت نەکەن و وەک ئافرەتە عەرەبەکان لە دەرەوە نەسوڕێنەوە:

**- (لە ماڵەوە بمێننەوە و ئارام بن و وەک سەردەمەکانی نەزانیی(جاهلی) پێشوو ، خۆتان دەرمەخەن...[14].)**

[14]- قورئان ، سورەتی الاحزاب ، ئایەتی 33 ، قەمشەیی.

لێرەشدا ڕونە کە ئارایشتکردنی ئافرەتان پێوەرێکی نوێ بووە لە کۆمەڵگای ئیسلامییدا ، واتە سەردەمی نەزانیی ، (سیفەتێک کە ئیسلام دەیگەڕێنێتەوە بۆ کۆمەڵگای پێش خۆی! تا ناوەڕۆکی کۆنەپەرستانەی خۆی لەژێر ئەودا بشارێتەوە. لە کاتێکدا کە لە ڕاستییدا سەردەمی نەزانیی بە هاتنی ئیسلام دەستپێدەکات) و محەمەد هەوڵی پێکهێنانی لەناو عەرەبدا دەدات. هەر وەک لە ئایەتێکی تریشدا هەوڵی هێنانی پەچە و عەبای ژنانە و داپۆشینی جەستەی ئافرەتان لەبەر دیدی پیاوانی بێگانە دەدات:

**- (بە ئافرەتانی باوەڕدار بڵێ چاویان دابپۆشن و پارێزگاریی پاش و پێشی خۆیان بکەن و جوانیی خۆیان جگە لەوەی کە بە ناچاریی دەردەکەوێت ، ئەوی تری دەرنەخەن و بە دەسماڵەکانیان دەموچاویان بپۆشن و جوانییان تەنیا بۆ مێردەکانیان ، یان باوانیان ، یان خەزورانیان ، یان منالآنی خۆیان ، یان منالآنی مێردەکانیان ، یان براکانی خۆیان ، یان منالآنی خوشک و براکانیان و ئافرەتەکانیان ، دەربخەن و... بەجۆرێک نەڕۆن کە جوانییان دەربکەوێت... [15].)**

---

[illegible] ).

[15]- قورئان ، سورەتی النور ، ئایەتی 31 ، قەمشەیی. ([illegible] ).

ڕونە کە لێرەدا ئارایشتکردنی ئافرەتان بە تەنیا بۆ مێردەکانیان و یاساخبوونی بۆ خەڵکی تر و یاساخکردنی قسە کردن لەگەڵ خەڵک و داپۆشینی سنگ و ئارایشتی قاچەکانیان لە دیدی خەڵک و کەڵکلێوەرگرتنیان بە تەنیا بۆ مێردەکانیانە و سەرئەنجام گیرکردنی ئافرەتان لەماڵەوەدا ، هەموویان سیناریۆیەک بوون بە مەبەستی گیرکردنی ئافرەتان لە ماڵەوەدا و خستنە ژێر کۆنترۆڵی پیاوان. هەروەها لەناوبردنی ئازادییەکانی ئافرەتان بەهۆی یاسا نوێیەکانەوە، هۆیەکی تر و حاشاهەڵنەگرە لە بوونی ئازادیی لە ڕابوردوودا کە ئیسلام بە سەردەمی نەزانیی ناوی دەبات! و ڕۆڵی ئیسلام بۆ لەناوبردنی لە عەرەبستانی دوای سەرهەڵدانی ئیسلام.

## بۆچی لە ئیسلام و ئایینەکانی تردا یاساکانی دژی ئافرەتان بەرەبەرە زاڵمانەتر دەبن؟

هەر وەک پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، دورخستنەوەی ئافرەتان لە ژیانی کۆمەڵایەتی، بە ئاسانیی و بە شەوێک ڕووینەداوە. لە هەموو جێیەکدا ، تەنانەت لە ناو ماڵی محەمەد و لە ناو ژنانی محەمەدیشدا بەربەرەکانی زۆری لەگەڵ کرا. بۆ نمونە عائیشە یەکێک لە ئافرەتە هەرە جوانەکانی عەرەب کە لە تەمەنی منالییەوە محەمەد لە خۆی مارە کردبوو ، بە دژوارییی چووە ژێر باری ئەو دۆخە نوێیەوە. عەبای نەپۆشی و دەیگوت ئەگەر خوا خۆی ئەو جوانییەی بە من دابێت ، ئەی بۆچی دەبێت لە خەڵکی بشارمەوە.

بە هەر حاڵ ئافرەتان تا ماوەیەکی زۆر لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا مانەوە. بۆ نمونە ژنی عومەری دووەم خەلیفە، لە کاتی خەلافەتی عومەردا دەچووە مزگەوت و لەگەڵ پیاوان نوێژی دەکرد[16] ، یان

[16]- Parinder, Edward Geoffrey, Sexual Morality in the World Religions, p. 173-4, 1996.

"نوسەیبە بنت کەعب" ئافرەتێک بوو لە بەرەی موسوڵمانەکاندا بەشداریی شەڕیی دەکرد و 13 جار لە شەڕەکاندا بریندار بوو. هەر وەک پێشتر بینیمان ئافرەتی وەک ژنی ئەبو سوفیانیش هەبوو کە شان بە شانی پیاوان لە بەرەی دژی موسوڵمانەکان شەڕیان دەکرد[17]. ئەوانە هەموویان هێمای دەسەڵاتی ئافرەتان و دۆخیان بوو لەناو عەرەبەکان ، لە کاتی هاتنی ئیسلامدا ، بە جۆرێک نەبووە کە بە ئاسانیی لەناوبچێت.

تەنانەت کاتێک کە محەمەد کۆچی دوایی کرد ، گەلێک هۆز لە ئیسلام پاشگەز بوونەوە و دژی ئیسلام و زوڵم و ستەمەکانی حکومەتی ئیسلامیی ڕاپەڕین. مێژوو شاهیدی ڕۆڵی ئافرەتانە لەو ڕاپەڕینانەدا ، تەنانەت ڕێبەرایەتی کردنی ئەو ڕاپەڕینانە لە لایەن ئافرەتانیشەوە. "سجاح" کچی "حارس بن سوەید" ئافرەتێک بوو کە دژی ئیسلام ڕاپەڕی و داوای پێغەمبەرایەتی کرد. دەستبەجێ هۆزی "هۆزیل" کە کریستیان بوون ، پشتی گرت. هەروەها گروپێک لە هۆزی "بنی تومەیم" دوای حارس کەوتن[18].

لە ڕاپەڕینی "خەوارج"دا کە دژی خەلافەتی عەلی چوارەم خەلیفە بوو لە ساڵی 658 زدا ، بەشێک لە هۆزەکانی وەک "شوبەیبە" لە هەڵبژاردنی خەلیفەدا ، دژی جیاوازییدانان لە نێوان ئافرەتان و پیاواندا بوون و هەڵبژاردنی ئافرەتیان بۆ ئەو پۆستە بە هەق دەزانی[19]. هەموو ئەوانە باسی ڕێسای بەهێزی دایکایەتیان دەکرد لە عەرەبستاندا و ڕۆڵی یەکسانیی ئافرەتان و پیاوان لە هەندێک لەو

---

17- Mohamad Ibn Saad, El Tabakat El Kobra,Vol. 8, Cairo, 1970 p. 320. In Nawal El Saadawi, Hidden Face of Eve, Women in the Arab World, p.125.

18- مێژووی تەبەری لاپەڕەی 427 ، روضە الصفا ، بەرگی 2 ، لاپەڕەکانی 612- 608 ، لە کتێبی "مقدمەای در اسلام شناسی" بەرگی یەکەم ، لاپەڕەی 75 ، چاپی 12.

19- مێژووی تەبەری بەرگی 8 ، لاپەڕەی 3624- 3626 ، الفرق بین الفرق لاپەڕەکانی 47- 70 ، لە کتێبی "مقدمەای در اسلام شناسی" بەرگی یەکەم ، عەلی میرفترۆس "بابەک دوستدات" ، لاپەڕەی 75 وەرگیراوە.

هۆزانەدا هەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا بەرە بەرە بنەماکانی دەسەڵاتداریی و حکومەتی ئیسلامیی جێگیر دەبێت و گەشەدەکات و دوا بەربەرەکانییەکانی ئافرەتان سەرکوت دەکرێت و دەسەڵاتی باوکسالارانە لە کۆمەڵگادا بە تەواویی جێگیر دەبێت. هەرچەندە ئەو ڕەوتە پتر لە سەدەیەکی خایاند.

سەرئەنجام بە جێگیربوونی حکومەتی عەباسییەکان و بەتایبەتیی لە سەردەمی خەلافەتی "هارون ئەلرەشید" لە 760 ز دا ، واتە دوای پتر لە سەدەیەک خەبات و بەربەرەکانی ، ئافرەتان لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتیدا گۆشەگیر دەکرێن. دوای ئەوە ئافرەتان ناتوانن بەبێ مێرد، یان پیاوێک لە بنەماڵەکەیاندا بچنە ناو کۆمەڵگاوە. عەبا کە سەرەتا لەناو ژنانی محەمەددا بەکارهێنرا ، لە ڕەوتی خەبات و سەرکوتکردنی سەد ساڵەی ئیسلامدا ، سەرئەنجام بە هەڕەشە و زۆرەملێ جێیگرت. بینیمان چۆن عائیشە لە ناو ژنانی محەمەددا دژی قبوڵکردنی عەبا و پەچە وەستایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کە پەچە لە ماڵی محەمەدەوە خۆی کوتایە ناو کۆمەڵگاکەیانەوە ، بەڵام تا کاتی گواستنەوەی خەلافەت بۆ بەغدا ، لە سەردەمی عەباسییەکاندا ، هێشتا پەچە بەشی دەموچاو و ڕووی ئافرەتی نەدەگرتەوە و لەو سەردەمەدا بوو کە دوای 120 ساڵ خەبات و گوشارخستنە سەر ئافرەتان ، لە سەردەمی "هارون ئەلرەشید"دا ئافرەتانیان ناچارکرد دەموچاوی خۆیان دابپۆشن.

هەر وەک لە جولەکە و مەسیحییەتدا بینیمان ، لە ئیسلامیشدا بەرە بەرە لە پرۆسەیەکی چەند سەدەییدا کە بەگایەتی و سیستمی دەرەبەگایەتی لە لایەن پیاوانەوە پێکهات ، یاسا زاڵمانەکان سەبارەت بە ئافرەتان نوسران و یاساکانی "حەدیس" دەربارەی ئافرەتان زاڵمانەتر بوون لە یاساکانی قورئان. بۆ نمونە لە قورئاندا یاسای پەیوەندییدار بە پەچەوە ، داپۆشینی دەموچاوی ئافرەتان ناگرێتەوە، لە کاتێکدا دواتر ئافرەتان ناچار دەکەن کە دەموچاوی خۆیان دابپۆشن ،

یان بەگوێرەی ئایەتەکانی قورئان سزای زینا بۆ ئافرەتان و پیاوان یەکسان بووە و بۆ هەر یەکێکیان سەد جەڵدە دانرابوو[20] ، بەڵام لە سەدەکانی دواییدا کە ئیسلام لەسەر بنەمای دەرەبەگایەتی جێیگرت و دەسەڵاتی ئابوری پیاوان بە سەرکەوتن لە شەڕەکاندا پەرەیسەند و بەهێز بوو ، نەک هەر سزای زینا توندتر بوو ، بەڵکوو سزای ئافرەتان لە چاو پیاواندا ، کرا بە بەردباران "سنگسار" و سزای پیاوان هەر بە جەڵدەلێدان مایەوە.

لە سەرەتای مەسیحییەتیشدا فرەژنیی یاساخ بوو ، دڵنیایی زۆر لەوە دەکرایەوە کە پیاو دەبێت تا کۆتایی تەمەنی لەگەڵ ژنەکەی بمێنێتەوە[21] ، لە کاتێکدا دواتر کەنیسە و قەشەکان لەژێر دەسەڵاتی دەرەبەگەکاندا ئەو یاسایەیان گۆڕی. بە جۆرێک کە لە سەردەمی "سەینت ئەوگوستین"دا، لەگەڵ ژمارەیەکی تر ڕایانگەیاند کە فرەژنیی، نەک بۆ چێژی سێکسیی ، بەڵکوو بۆ زاوزێ و دەستەبەرکردنی بەرهەم (منداڵ) و گەشەپێدانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ئازادە و بە خواست و ڕەزامەندیی خودایە.

هەر وەک پێشتر گوترا، لە هەر کۆمەڵگایەکدا توندوتیژیی و دانانی یاسا و ڕێسای نوێ دژی ئافرەتان ، بۆ هەلومەرجی ئافرەتان و ڕادەی دەسەڵاتی پیاوان بەسەر ئافرەتاندا دەگەڕێتەوە. بە وتەیەکی وردتر ، دەگەڕێتەوە بۆ تێکچوونی باڵانسی هێز لەنێوان چینە پیاوسالارە دەسەڵاتدارەکان و چینە ستەملێکراوەکان و لەوانەش ئافرەتان. لە ئەنجامدا لە هەموو کۆمەڵگاکاندا دەبینین کە چۆن بەرەبەرە هاوکات لەگەڵ گەشەسەندنی هێزەکانی بەرهەمهێنان و کۆبوونەوەی دارایی لە

20- ئێوە ئیمانداران دەبێت هەرکام لەو ژنان و پیاوانەی زینا دەکەن ، سەد جلدەیان لێبدەن و هەرگیز دەربارەی ئەوان دەربارەی ئەوان لە دینی خوادا نەرمی و بەزەیی لە خۆتان پێسان مەدەن ... ، قورئان سورەی النسا ، ئایەتی دووەم ، قەمشەیی ، یان ئەو ژنانەی زینا دەکەن لە ماڵەوە گیریان بکەن و تا تەمەنیان بە کۆتا دێت، یان اللّە ڕێگایەکیان بۆ دەدۆزێتەوە ، قورئان سورەی النسا ، ئایەتی 15 .

21- هەر کەسێک هاوسەرەکەی خۆی لە گۆشەیەکدا گیر بدات ، یان کەسێکی تر بە هاوسەریی وەرگرێت ، لە بەرامبەر هاوسەرەکەی خۆیاندا وەک زینا بۆ حساب دەکرێت، لە وتەکانی بەستراوە بە مەسیح.

دەست پیاواندا ، دەسەڵاتیشیان پەرەدەسێنێت. پەرەسەندنی دەسەڵاتی پیاوان بەسەر ئافرەتانیشدا هەر وەک هەموو گروپەکانی کۆمەڵگا ، بەرزدەبێتەوە. بەرزبوونەوەی دەسەڵاتی پیاوان بە درێژایی مێژوو ، بووەتە هۆی دانانی یاسای دژ بە ئافرەتان لە هەموو ئایینەکاندا.

لە "تەورات"ی سەردەمی کۆن و سەردەمی نوێشدا ئەو جیاوازییە سەبارەت بە ئافرەتان دەبینرێت. هەر وەک لە یەکەمیاندا سزای باوکێک کە کچەکەی بە کەسێکی ناجولەکە دەدات بە شوو ، سوتاندنی دوکانەکەی بوو ، بەڵام لە یاسای دووەمدا ، سەرەڕای سوتاندنی دوکانەکەی ، خۆشیان دەکوشت.

تەنانەت لە یۆنانی سەردەمی "ئەڤۆن"دا دەرگایان لەسەر ئافرەتان قفڵ دەکرد و بۆ بەرگرییکردن لە خیانەتکردنی ، سەگی پاسەوانیان بۆ دادەنا. دۆخی ئافرەتان لە یۆناندا لە سەردەمی "دوریک" و سەردەمی پێش ئەوەش دژوارتر بوو.

## ئایا ئیسلام دۆخی ئافرەتانی لە ئێران و وڵاتە داگیرکراوەکانی تر بەرز کردەوە؟

ئیسلام نەک هەر لە عەرەبستان ، بەڵکوو لە دەرەوەی عەرەبستانیشدا، پێی دەگەیشتە هەر جێیەک و توشی تۆزقاڵێک مافی ئافرەتان دەبوو ، ئەو مافانەی بەگوێرەی یاسا ئیسلامییەکان بە توندوتیژیی لەناودەبرد. ئێرانی ساسانییەکان نمونەیەکە لەو کردەوە لە ژماردن نەهاتووانە.

کاتێک موسوڵمانەکان هێرشیان کردە سەر ئێران ، مێژووی سیستمی باوکسالاریی لەو وڵاتەدا دەگەڕایەوە بۆ نزیکەی 2500 ساڵ پێشتر. ئەوە سەردەمێک بوو کە کۆمەڵگا پیاوسالارییە ئارياییەکان ، ناوچەی باکوریان خستبووە دەست خۆیان و پەیوەندییەکانی دایکایەتیان لە ئێران کۆکردبووەوە و سیستمی باوکسالارییان لەجێی دانابوو. پێشتر

بینیمان کە ئافرەتان چۆن کاتی هێرش بۆ سەر ئەو ناوچە خرانە ژێردەسەڵاتی پیاوان، بەڵام لە سەرەتادا و بەتایبەتیی لە سەردەمی "ودیک" لە هیند ، ئافرەتان هێشتا خاوەنی ماف و دەسەڵاتی باڵا بوون.

بە هەر حاڵ بە درێژایی مێژوو بە بەرزبوونەوەی دەسەڵات و دارایی پیاوان کە لە چەوساندنەوەی کۆیلەکان لە سیستمی کۆیلەداریی و دواتریش لە سیستمی دەرەبەگایەتیدا لەو ناوچانە بەدەستیان هێنابوو، بەرەبەرە دەسەڵاتی پیاوان بەسەر ئافرەتاندا گەیشتە ڕادەیەک کە ئافرەتان بەگشتیی لە ئێران و لە هینددا هەموو مافەکانیان فەوتا. لەگەڵ ئەوەشدا ، کاتێک موسوڵمانان دەسەڵاتی ئەو ناوچانەیان خستە دەست خۆیان ، ئافرەتان کە پێشتر ببوون بە کۆیلەی پیاوان ، ئەو تۆزقاڵە مافەشیان نەما کە بۆیان مابوو.

دەتوانین نمونەی ئەو دیاردەیە لە ئێرانی سەردەمی ساسانییەکاندا ببینین. لێرەشدا هەرچەندە سیستمی باوکسالاریی خاوەن دەسەڵات بوو، بەڵام مافی ئافرەتان پتر لەو مافانە بوو کە ئیسلام بۆ ئافرەتانی دانابوو. لەو سەردەمەدا کچان دەیانتوانی بە ویستی خۆیان و بەبێ ڕێدانی باوکیان شوو بکەن. هەرچەندە بەو جۆرە کچانەیان دەگوت "خودسەرا" و پلەیان لەو کچانە نزمتربوو کە بە ڕەزامەندیی بنەماڵەکەیان شوویاندەکرد[22]. هەروەها ئەگەر ژنێکی مێرددار بەهۆی پەیوەندیی سێکسیی لەگەڵ کەسێکی ترەوە منداڵی ببووایە ، بە چاوی نزم تەماشایان دەکرد ، بەڵام لە میراتی باوکی بێبەریی نەدەکرا[23].

لە کاتێکدا هەر وەک بینیمان لە ئیسلامدا نەک هەر پەیوەندیی سێکسیی لە دەرەوەی ماڵەوە یاساخ بوو ، بەڵکوو سەرپێچیکەران زۆر بە توندیی سزادەدران. بینیمان کە لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا چۆن ئەو

---

[22]- کشور داری و جامعه ئارانیان در زمان ساسانیان، عەباس مێهرین ، لاپەڕەی 102 ، لە ئافرەت لە مێژوودا ، بنەفشە حیجازی ، لاپەڕەی 176 وەرگیراوە.

[23]- تاریخ باستان ایران ، حسەن پیرنیا ، لاپەڕەی 952 ، لە ئافرەت لە مێژوودا ، بنەفشە حیجازی ، لاپەڕەی 176 وەرگیراوە.

کچانەی پێش شووکردن دووگیان دەبوون ، ئەگەر بە دەست باوک و براکانیان نەکوژرانایە ، بێگومان بە هەمیشەیی لە ماڵەوە دەردەکران ، تەنانەت ڕێی چوونیان بۆ ماڵی خزمانیش لێدەگیرا و هیچ نەفەقەیەکیشیان بە منداڵەکەی نەدەدا.

لێرەشدا وەک عەرەبستان ، ئیسلام ئەو تۆزقاڵە ئازادییەی نەهێشت و ئافرەتانی لە هەموو چەشنە ئازادییەک بێبەش کرد و شێوەیەکی هەرە ڕەشی باوکسالاریی بەسەریاندا سەپاند.

# فەسڵی چوارەم: هەڵوەشاندنی سیستمە هاوبەشەکانی دایکایەتی لە ئەمریکا لە لایەن ئەوروپاییەکانەوە

## مەسیحییەتی باوکسالار بەرامبەر بە سورپێستەکانی دایکایەتی

نمونەیەکی تر لە ڕۆڵی ئایینە پیاوسالارییەکان لە دامەزراندنی سیستمی باوکسالارییدا ، دەگەڕێتەوە بۆ مەسیحییەکان لە کاتی دۆزینەوەی قارەی ئەمریکا لە سەدەی 15ی زایینیدا و چوونی ئەوروپاییەکان بۆ ئەوێ. لێرەشدا دەبینین کە نێرراوە ئایینییەکانی مەسیحییەت بە یارمەتی دەوڵەتەکانیان و بە ڕێکخستنی ڕێکوپێک و بە بەردەوامیی ، لە ڕێی فریودان ، بەرتیلدان ، توندوتیژیی و زۆرەملێوە ، هەوڵدەدەن دووبەرەکی بخەنە ناو سورپێستەکانی قارەی ئەمریکاوە و سیستمی دایکایەتیان لەناوببەن و سیستمی باوکسالاریی خۆیان کە لە ئەوروپاوە بە دیاریی هێنابوویان ، لەوێ جێگیری بکەن.

ئەو سیستمە باوکسالارییە لەو سەردەمەدا کە ئەوروپاییەکان پێیاننایە ئەو قارەیەوە ، بەتایبەتیی لە گۆڕانکارییەکانی دواتردا ، لەسەر بنەمای خاوەندارییی تایبەت پێکهات ، هەروەها کۆنترۆڵی تایبەت و بەستراو بە ئامێر و کەرەستەی بەرهەمەوە لە لایەن پیاوانەوە و نەهێشتنی تێکەڵاویی پیاوان و ئافرەتان لەگەڵ یەکتردا ، واتە ئافرەتان بە ئیشکردن لەماڵەوە و پیاوان لە دەرەوەی ماڵەوە. دابەشکردنی ئیشەکان بەو شێوەیە لە نێوان ئافرەتان و پیاواندا ، هەر وەک لە بەشەکانی پێشوودا بینیمان ، بە زۆرەملێ و کۆیلەیی ڕەگەزیی و دەرنەچوونی ئافرەتان لە ماڵەوە کرا کە لە سیستمی دەرەبەگایەتی و بێمافیی سەرمایەداریی ئەوروپادا هەبوو. بڕوانە ، ئەوروپاییەکان چۆن دەیانڕوانیە ئافرەتی شایستە:

**- (لەناو گیانداره ماڵییەکاندا ، دەبینن کە چۆن ئاژەڵێک ، سەگێکی بە ڕەگەز Mastiff ، یان سەگێکی بچوک ، چ لە جادەکان ، یان لەسەر مێز ، یان لە جێی خەودا ، هەمیشە لە لای کەسێک دەمێنێتەوە کە خواردنیان دەداتێ ، لە کاتێکدا لەگەڵ خەڵک توندن و لە بەرامبەر خاوەنەکانیاندا شەرمن[1].**

هەروەها سەرنج بدەنە ئەم وتارەی "نیچە" فەیلەسوفی ئەڵمانیی کە لە سەدەی 19 دا ، ئاماژەی بۆ دیدی کورتبینانەی کۆمەڵگای پیاوسالاریی ئەوروپا کردووە ، لە کاتی ڕووبەڕوو بوونەوەیان لەگەڵ دانیشتووانی ئەمریکای باکور. نیچە ئەم وتارەی ئاراستەی کۆمەڵێک ئافرەت کردووە کە لە کۆتایی خولێکی فێربوونی چێشلێناندا بوون:

**- (ئافرەتان دەیانەوێت لەسەر پێی خۆیان بوەستن ، بۆ ئەو مەبەستەش هەوڵدەدەن پیاوان سەبارەت بە چۆنیەتی دۆخی خۆیان ڕونبکەنەوە. ئەوە یەکێکە لەو دیاردە هەرە ناشیرینانەی کە بۆ ناشیرینکردنی ئەوروپاییەکان ڕوویداوە ... دەبێت ئافرەتان شەرم بکەن. خۆبەزلزانیی ، ڕواڵەت بینیی ، مامۆستایەتی ، بێشەرمیی ، بەرەڵایی و بێئابڕوویی لە ئافرەتاندا هەیە - دەکرێت هەڵسوکەوتیان لەگەڵ هەڵسوکەوتی منالان بەراوردبکرێت- و چەندە باشە کە ئێستا لەژێر کۆنترۆڵی پیاواندا سەرکوت کراون... هونەری مەزنی ئافرەتان درۆکردنە ، دیاردەی هەرە گرنگ بۆیان ، ڕوخسار و جوانییانە... ئایا هەرگیز بینیوتانە ئافرەت بە قوڵیی بیربکاتەوە ، یان دادپەروەریی لە دڵیدا هەبێت؟ یان ئایا ئەوە ڕاست نیە کە تا ئێستا ئافرەتان خۆیان ، خۆیان بچوککردووەتەوە - نەک هەرگیز ئێمەی پیاو؟ ئافرەت وەک چێشتلێنەر ، بێ مێشك و مەترسیدارە و خێزان و ئاغای ماڵەوەی لەبیرچووە! ئێستاش نازانێت خۆراک چییە - و دەیەوێت ببێت بە چێشتلێنەر. ئەگەر ئافرەت بوونەوەرێکی بێمێشک نەبووایە ، دوای هەزار ساڵ چێشتلێنەریی ،**

---

[1]- G. De Lorris and J. de Meun, the Rmance of Rose. In Murstein Bernardl. Love, Sex, and Family through Ages, 1974, p. 145.

**بێگومان ڕاستییەکی گەورەی دەربارەی فیزیۆلۆجیی مرۆڤ دەدۆزیەوە و فێری هونەری دەرمانکردن دەبوو. بوونی چێشتلێنەری خراپ — و نەبوونی عەقڵ لە چێشتخانەدا- تا ئێرە گەشەکردنی مرۆڤی بۆ ماوەیەکی زۆر دواخستووە و پتر لە هەموو شتێک زیانی پێگەیاندووە ، تەنانەت ئەمڕۆش دۆخەکە زۆر نەگۆڕاوە.[2]).**

لە بەرامبەردا دابەشکردنی ئیش لە کۆمەڵگای دایکایەتیدا لەناو قەومە سەرەتاییەکاندا هەبووە. لەوانە هەر وەک بینیمان ، ئیشی پیاوان ڕاوکردن و بەشدارییکردن بووە لە شەڕدا و ئیشی ئافرەتانیش کۆکردنەوەی دانەوێڵە و ڕەگی گژوگیا و دواتریش کشتوکاڵی سەرەتایی و باخەوانیی. لەو دابەشکردنەدا ئافرەتان بەرهەمهێنەری سەرەکیی خۆراک بوون و لە دۆخی کۆمەڵایەتی و ئابوریدا یەکسان بوون لەگەڵ پیاواندا ، تەنانەت لە هەندێک بواردا لە پیاوان لەپێشتر بوون.

ئەو دۆخە، بەتایبەتیی لە قۆناخەکانی کۆتایی سیستمی هاوبەشی دایکایەتی لەو کۆمەڵگایەدا هەبوو، چونکە لەو قۆناخەدا بە دۆزینەوەی باخداریی لە لایەن ئافرەتانەوە، هێز و بایەخی ئافرەتان بەوپەڕی خۆی گەیشت. لەگەڵ ئەوەشدا هەر وەک گوترا ، هەرچەندە ئافرەتان ڕۆڵی ئابوری گرنگتریان لە بەرامبەر پیاواندا هەبوو ، بەڵام بنەماکانی ژیانی هاوبەش نەیدەهێشت ئەندامانی کۆمەڵگا ڕۆڵی بالاتریان لە بەرامبەر یەکتردا هەبێت و خەڵکەکە بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان و گروپی کۆمەڵایەتی خاوەن دەسەڵات لە کۆمەڵگادا سەرهەڵبدات. لەو ڕوانگەیەوە بوو کە ئافرەتان لەگەڵ ڕۆڵی گرنگی ئابورییان لە کۆمەڵگادا بە یەکسانیی لەگەڵ پیاواندا دەژیان.

دانیشتووانی قارەی ئەمریکاش کاتی هاتنی ئەوروپاییەکان و تا چەند سەدەی دوایی کە ئەوروپاییە پیاوسالارەکان کۆمەڵگاکانیان بە تەواویی هەڵوەشاندەوە و لەناو خۆیاندا تواندیانەوە ، لە دۆخێکی لەو

---

[2]- Roszak, Betty and Theodore, editors, Masculine/Feminine, Reading in Sexual Mythology and the Liberation of Women, 1969, pp. 4-5.

جۆرەدا دەژیان. لەو کۆمەڵگایەدا کە ئەو کاتە قۆناخەکانی کۆتایی دایکایەتی و سیستمی هاوبەشی دەخستە پشت سەر ، پیاوان خەریکی ڕاو و شەڕ بوون و ئافرەتان ئیشی کشتوکاڵیان دەکرد. لەبەرئەوە کۆنترۆڵ و کەڵکوەرگرتنی زەوی و کێڵگەکان لە دەست ئافرەتاندا بوون.

هۆزەکانی نیشتەجێی ئەمریکای باکور هەر یەکەیان نزیکەی چوار هەزار ئەندامی هەبوو. کۆی ئەندامانی کۆنفیدراسیۆنی "ئیریکۆیز" Iroquois کە لە یەکگرتنی پێنج هۆز پێکهاتبوو ، نزیکەی بیست هەزار ئەندامی هەبوو. دیارە هۆزەکانی وەک "چێرۆکیێ"ش هەبوون کە بە تەنیا نزیکەی بیست و شەش هەزار ئەندام بوو[3] کە لە هەرێمەکانی بەرەو باشور ، وەک مەکسیک نیشتەجێ بوون کە دانیشتووانی لە بواری کۆمەڵایەتی و ئابورییەوە ، لە خەڵکی هەرێمەکانی تری ئەمریکای باکور پتر گەشەیان کردبوو و لە ناویاندا سیستمی کۆمەڵایەتی کۆن هەڵوەشابووەوە ، بەڵام لە ئەمریکای باکوردا ، هۆزی بچوکی سەرەتایی وەک هۆزی "سێنێکا" Senecs دەژیان کە پتر ژیان و کار و بەڕێوەچوونی پێشوویان پێوە دیار بوو.

## سیستمی هاوبەش و دایکایەتی لەناو سێنێکاکاندا

هۆزی سێنێکا یەکێک بوو لەو پێنج هۆزە یەکگرتووانەی ئیریکۆیز Leage of Iroqyuois کە پێشتر لە ڕۆژئاوای "میسیسیپی"وە هاتبوو و لە گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی نیویۆرکی ئەمڕۆ نیشتەجێ بوو بوو. کاتی هاتنی ئەوروپاییەکان بۆ ئەمریکای باکور لە سەدەی حەڤدەیەمدا ، پیاوەکانی ئەو هۆزە خەریکی ڕاو و شەڕکردن بوون و ئافرەتانیش ئیشی کشتوکاڵیان دەکرد.

[3]- Fredric Engels، The Origin of the Family، Private Property and the State، part 111,The Iroquois Gens. p. 82، New York، 1942

مێژووی ئەو هۆزە دەگەڕێتەوە بۆ خودایەکی بە ڕەگەز ئافرەت کە دەڵێن لە ئاسمانەوە کەوتووەتە خوارەوە و یەکەم ئافرەتی لە سەر زەوی هێناوەتە دنیاوە. ئەو خودایە دانەوێڵە و ڕەگی گژوگیای هێنایە سەر زەوی و درەختی گەورە و میوە و گوڵیان لێ ڕوا. هەروەها سێنێکاکان لەو باوەڕەدا بوون کە بەرهەمی وەک پەتاتە ، لۆبیا و فاسۆلیا ، کولەکە "کەدو" ، گەنمەشامی و گەنم کە ئافرەتانی سێنێکا لەو سەردەمەدا بەرهەمیان دەهێنا ، لە گیایەکانی سەر مەزاری ئەو خودایە ئافرەتەوە سەوز بوون. ئاشکرایە کە ژیان و کار لەو هۆزەدا بە هاوبەشیی و بە کۆمەڵ کراوە. لە گروپی 50- 60 کەسییدا پێکەوە دەژیان و لە شارەکاندا نزیکەی 20 – 30 خانووبەرەیان هەبوو. نەک بەرهەمە کۆکراوەکانیان ، بەڵکوو کۆنترۆڵ و دابەشکردنی بەرهەمە زیادەکانیشیان لە دەست ئافرەتاندا بوو. خواردەمەنی و بژێوی هەر ماڵێک لەلایەن یەکێک لە ئافرەتە هەرە بەتەمەنەکانی ئەو گروپانەوە، بەسەریاندا بەشدەکرا. منداڵان بە دایکیانەوە بەسترابوونەوە و لە دایکیانەوە میراتیان پێدەبڕا. ئافرەت و پیاو دوای هاوسەرگیریی ، دەچوونە ناو بنەماڵەی دایکەوە. پەیڕەویی سیستمی تاک هاوسەرگیرییان دەکرد ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لە ئافرەتان دوو مێردیان هەبوو. ئافرەتەکان خۆیان ئیشی دابەشکردنی زەوییان بۆ بەرهەمهێنان لەنێوان گروپەکاندا بەڕێوەدەبرد. هەروەها ئیشی چاندن و کۆکردنەوەی بەرهەم بە شێوەی هەرەوەزیی بوو. ئافرەتان بە منداڵەکانیانەوە دەچوونە سەر کێڵگەکان و بە کۆمەڵ و ئازادانە و بەبێ چاودێر ئیشیان دەکرد.

نەک هەر لە ئیشە هەرەوەزییەکاندا ، بەڵکوو هەموو کەسێک کە توانای ئیشکردن و شەڕکردنی هەبووایە ، بە حەز و ئارەزووی خۆیان بەشدارییان تێدا دەکرد. ئافرەتان و پیاوان بە تەوایی یەکسان بوون و لە هەموو بوارێکدا پێکەوە و بە یەکسانیی بڕیاریان لەسەر ئیشەکانیان دەدا. "هێنری دیربۆرن" Henry Dearborn نوێنەری یاسایی Adjutant

General لە "ماساشوسێت" لە بیرەوەرییەکاندا لە ساڵی 1904 دا دەنوسێت:

**- (ئافرەتان بە یەکسانیی تەواو لەگەڵ مێردەکانیاندا دەژین. بە هۆی خۆشەویستیی و ئەوینەوە لەگەڵ مێردەکانیانن و خۆیان بژێوی ژیانیان، تەنانەت باشتر لە مێردەکانیشیان بەرهەمدێنن. سێنێکاکان هێشتا بە دایکیانەوە بەستراونەتەوە و زۆر بە هەست و مێهرەبانن ، وردبینن و زۆر باش پارێزگاریی لە منداڵە بچوکەکانیان دەکەن. لەنێوانیاندا ئافرەت و پیاو بە تەواویی یەکسانن، هەروەها لە هەموو کارەکانیاندا سەربەخۆن[4].)**

لەنێوان سێنێکاکانیشدا وەک هۆزەکانی تر، بڕیارەکان بە کۆمەڵ و بە دەنگی ئافرەتان و پیاوان دەدران. تا ئەو کاتەی هەموو بە تێکڕا لەسەر بڕیارێک هاودەنگ نەبوونایە ، ئیشەکەیان نەدەکرد. سێنێکاکان یەکێک بوون لەو پێنج هۆزانەی کە لەناو خۆیاندا کۆنفیدراسیۆنی "ئیریکۆیز"یان پێکهێنابوو. ژمارەی ئەندامانی ئەو کۆنفیدراسیۆنە پەنجا کەس بوو کە لە سەرۆکی ئەو پێنج هۆزانە پێکهاتبوون. بۆ نمونە هۆزی سێنێکا هەشت بنەماڵە بوو کە چوار بنەماڵەیان خێڵی "فراتری" Fhratry یان پێکدەهێنا. ڕێبەرانی هەڵبژێرراوی هەر چوار بنەماڵەکە ، شواری خێڵ و ڕێبەری ئەو هەشت بنەماڵەیە ، شورای هۆزیان پێکدەهێنا. هێمای ئەو هەشت بنەماڵەیە هەشت گیانداری وەک: گورگ ، کیسەڵ ، ورچ ، ئاسک و.. تد بوون و بەو گیاندارانەوە دەناسران.

سەرۆکی بنەماڵەکان لە لایەن ئافرەتان و پیاوانی بنەماڵەکانەوە دەستنیشان دەکران و لە کاتی پێویستیشدا دەیانگۆڕین. دەسەڵاتی سەرۆکی بنەماڵەکان ، دیاردەیەکی مەعنەویی و ڕەوشتیی بوو ، نەک دەسەڵاتی بەڕێوەبەریی. کاروباری وتووێژ کردن ، کوژاندنەوەی شەڕ

---

4- Joan M. Jensen، Native American Women and Agriculture ، A SenecaCase Study، in Unequal Sisters، Edited by Viki L. Ruiz and Ellen Carol DuBois، p. 78، 1994

لەسەر خوێن و خەڵات بەخشین بۆ ئەومەبەستە بە خێڵ و هۆزەکانی تر، وەرگرتنی ئەندامی نوێ بۆ ناو خێڵەکەیان لە ئەستۆ بوو. هەموو بڕیارە گرنگەکانی وەک شەڕ و ئاشتیی بە دەنگ و ڕای گشتیی ئافرەتان و پیاوانی خێڵەوە دەدران.

هەموو ئەندامێکی ئاسایی بنەماڵەکان ئازادبوون بچن بە شداریی کۆبوونەوەی شوراکان بکەن و بیروڕای خۆیان بە ئەندامانی شورا بگەیەنن. هەروەها هەر خێڵێک لە کاتی هەڵگیرسانی شەڕدا خۆی فەرماندەیەکی بۆ بەڕێوەبردنی شەڕەکە دیارییدەکرد و هەندێک جاریش بڕیاری کۆتایی شەڕ بەو فەرماندەیە بوو. لەگەڵ ئەوەشدا شورای کۆنفیدراسیۆنیش لە تەنیشت ڕێبەری خێڵەکاندا دوو فەرماندەی بۆ بەڕێوەبردنی شەڕەکان هەڵدەبژارد و وەک ڕۆمییەکان کە "دوو کۆنسوڵ" و "دوو شایان" لە شاری "سپارت" لە یۆناندا هەبوو[5].

بەو جۆرە کاتی هاتنی ئەوروپاییەکان بۆ قارەی ئەمریکا ، دانیشتووانی ئەمریکا لە بواری گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا لە بارودۆخێکدا بوون کە ئەوروپاییەکان چەند هەزار ساڵی پێشتر بەسەریدا تێپەڕیبوون. لەو ڕوانگەیەوە سەیر نەبوو کە ئەو مرۆڤە بەناو شارستانییە تازە هاتووانە کە شارستانییان لەسەر بنەمای چەوساندنەوە و سەرکوتکردنی ئافرەتان بیناکردبوو ، ئێستا دوای چەند هەزار ساڵ و لە قۆناخێکی نوێدا بێن و مافی ئازادیی و پەیوەندییە دیموکراتییەکانی نێوان ئافرەتان و پیاوانی ئەو قارەیە کە بە وتەی ئەوان (دڕندە و ناشارستانیی بوون) لەناو ببەن. ئەوان کە پەیڕەوییان لە ئایینی مەسیحییەت دەکرد ، هیچ بایەخێکیان بە ئافرەت و مافەکانی ئافرەت نەدەدا و ڕاشکاوانە ئافرەتانیان دەخستە پاڵ منداڵان و شێتانەوە. ئەو دڕندانەی کە شەڕ و خوێنڕێژیی و تاڵان ئیشی هەمیشەییان و

5- Fredric Engels، The Origin of the Family، Private Property and the State، part 111، The Iroquois Gens. p. 85، New York, 1942.

خاوەنداریی تایبەت و بەکۆیلەکردن و چەوساندنەوەی مرۆڤ کەرەستەی سەرکەوتنیان بوو.

لەو ڕوانگەیەوە ، کاتێک ئەوروپاییەکان بینییان هۆزەکانی قارەی ئەمریکا پەیوەندیی تەواو مرۆڤانەیان پێکەوە هەیە ، بڕیاریاندا ئەو پەیوەندییە تێکبشکێنن. بەتایبەتیی ئافرەتان لە دەسەڵات بخەن و بیانکەن بە کۆیلە و بە ناوی بەشارستانییکردنەوە ، بە دڕندە لە قەڵەمیان بدەن. هەمان شارستانیی کە مرۆڤایەتی شەش هەزار ساڵ لەمەوبەر پیادەیکرد و توشی دڕندەکارییە مەزنەکانی مێژووی خۆی بووەوە.

## ئافرەتانی سێنێکا و کێشەی زەوی

لێرەشدا ئەوروپاییە شارستانییەکان لە ئەرکی قەلاچۆکردن و وێرانکارییە دڕندانەکانی خۆیاندا نوقوم ببوون کە لەناویاندا تەنانەت کەسێکی وەک "دی یەر بۆری"ش کە لە نوسراوەکانیدا بە شانازییەوە ئامازە بۆ دانیشتووانی ئەو ناوچەیە دەکات و هەستی ئەفسانەیی خۆی ناشارێتەوە ، ناتوانێت یان نایەوێت خۆی لەژێر باری ئەرکی کۆێرانە و نەزانانەی بەشارستانییکردنی "دڕندەکان" ڕزگار بکات. ئەویش لە بیرەوەرییەکانیدا بەو ئەنجامە دەگات کە سێنێکاکان بە زۆرەملێ ، یان بە هەر ڕێیەکی تر بگۆڕن و ئەو گۆڕانەش لە ئافرەتانە دەستپێبکات کە لە کۆنەوە خەریکی چاندن و دابینکردنی جلوبەرگن و بەڕێوەبردنی ئیشەکانی ماڵەوە و ئابورییان بەدەستە.

بۆچوون و ڕێچارەی پێشنیازکراوی "بۆری" هەمان پێشنیاز و ڕێچارەی گشتیی و هاوبەشی پێست سپییە کۆچەرەکان بوو، بۆ تێکشکاندنی بەربەرەکانیی خەڵکانی ئەو هەرێمە. دەیگوت لە هەنگاوی یەکەمدا دەبێت زەوییە هاوبەشەکان لە دەست ئافرەتان دەربهێنرێن و لەناو پیاوەکاندا بەشبکرێن تا ئەوان وەک خاوەندارێک و وەک سپییەکان

بتوانن زەوییەکانیان بفرۆشن ، یان وەک میرات بیانگوازنەوە. هەروەها بە ڕای ئەو دەبووایە نوێنەری خاوەن موڵکەکان بەشداریی بکەن لە بڕیارداندا و ئەوان جێگای خەڵکی ئاسایی بگرنەوە.(6)

پێویستە بزانین کە لەو سەردەمەدا هێشتا ئافرەتان لە وڵاتانی ئەوروپادا مافی بەشدارییکردنیان لە دەنگدانی گشتییدا نەبوو. بۆ نمونە لە فەرەنسە دوای شۆڕشی 1789 ، تەنیا ڕێژەیەکی کەم لە چینی موڵکدار و زەویداری گەورە مافی دەنگدانیان هەبوو ، یان لە بریتانیا مافی بەشدارییکردن لە دەنگدان بە کەسانێک درابوو کە داراییان لە سەرەوەی 40 شلینگ بێت (لەو سەردەمەدا ئەوە پارەیەکی زۆر بوو). مافی دەنگدانی گشتیی لە بریتانیا دوای تێپەڕبوونی نزیکەی سەدەیەک لە 1928 دا ، واتە 24 ساڵ داوی نوسینی "دی یەر بۆری" سەبارەت بە سێنێکاکان ، جێبەجێ بوو.

بەو پێیە سیستمی دەنگدانی گشتیی کە لەناو هۆزە "دڕندەکانی" ئەمریکادا هەبوو ، زۆر دیموکراتیتر بوو لە "شارستانیی" ئەوروپاییەکان. نەک لەو بوارەدا کە هەموو ئەندامانی باڵغ بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز ، دەیانتوانی بەشداریی هەڵبژاردن بکەن ، بەڵکوو بڕیارەکانیش بە دەنگ و ویستی ڕاستەوخۆی ئەوان جێبەجێدەکران نەک نوێنەرەکانیان.

بە هەر حاڵ "دی یەر بۆری" لە بیرەوەرییەکانیدا کە ساڵی 1904 بڵاویکردەوە ، پێشنیاز دەکات ، پلانی دابەشکردنی زەوییەکان بە پێدانی ڕەوە ئاژەڵ و قوماش "خیش" بە پیاوان و بێڵ و کەرەستەی ئیشکردن بە ئافرەتان بکرێت ، واتە کەرەستەی گرنگی وەک زەوی و ئاژەڵ و گاجوت بە پیاوان بدرێت و کەرەستەی ئیشکردنیش بە ئافرەتان ، تا ئیشیان پێبکەن. پێویستە لەبیرمان بێت کە سێنێکاکان زانیارییان

---

6- Joan M. Jensen، Native American Women and Agriculture ، A Seneca Case Study، in Unequal Sisters، Edited by Viki L. Ruiz and Ellen Carol DuBois، p. 77، 1994.

لەسەر ئاژەڵداریی و گا و گاسن و کەرەسەی تری بەرهەمهێنان نەبوو کە گەشە بە ڕادەی بەرهەمهێنان بدەن ، مانەوەشیان لە سیستمی دایکایەتیدا بۆ ئەو دیاردەیە دەگەڕایەوە.

لەو ڕوانگەیەوە ئەوروپاییەکان کە مەبەستیان تێکشکاندنی پەیوەندییەکانی نەریتی دانیشتووان و جێگیرکردنی سیستمی خاوەندارییی تایبەت و جێگیرکردنی یەکەی ئابوری خێزان لە جیاتی یەکەی هاوبەشی بنەماڵە و دانانی باوک لە سەروو خێزاندا بوو. هەوڵیاندەدا کە پیاوان بە دەرکردنی زەوی لە دەست ئافرەتان و دابەشکردنیان لەناو خۆیاندا ، هەوڵبدەن ئەوانیش وەک سپیپێستەکان بە ئیشی ماڵەوە خەریکبکەن. تەنیا بەو مەرجە بوو کە ئامادە بوون ئاژەڵ بدەن بە پیاوانی سێنێکا کە ئەوانیش وەک خۆیان ببن بە خاوەنی زەوی و ئاژەڵ.

بەو شێوەیە نەک هەر سیستمی کۆمەڵایەتی و ئابوری سپیپێستەکانیان دەخستە جێی سیستمی هۆزی سێنێکا ، بەڵکوو ئافرەتەکانیشیان تێکشکاند کە خاوەن پلەیەکی باڵا بوون و خستیاننە ژێر دەسەڵاتی پیاوانەوە ، بە مەبەستی گواستنەوەی سیستمی دایکایەتی بۆ سیستمی باوکسالاریی کە هەر وەک پێشتر بینیمان لە سیستمی خاوەندارییی تایبەت و نابەرامبەر و کۆیلەیەتیدا خۆی دەبینییەوە. هەروەها پلانی جێگیرکردنی خاوەندارییی تایبەت لە جیاتی خاوەندارییی هاوبەش لەنێوان قەومەکاندا ، پلانێک نەبوو کە بە تەنیا هی سپییە کۆچەرەکان بۆ قارەی ئەمریکا بێت ، ئەوە پلانی بەشێک لە سپییەکانیش بوو کە خاوەندارییی تایبەت بۆ ئەوان مەرجی سەرەکیی چەوساندنەوەی خەڵک و سەرکەوتن و کۆکردنەوەی دارایی و دەسەڵات بوو بەسەر خەڵکدا. هەر لەو ڕێیەوە بەسەر چینی کرێکار و زەحمەتکێشی خۆیاندا سەرکەوتبوون و ئێستاش بەرامبەر بە کۆمەڵگای هاوبەشی سورپێستەکان ، هەمان شێوەیان بەکاردەهێنا.

دەبووایە بۆ قوتدانی ئەو قارەیە، سەرەتا لە هەنگاوی یەکەمدا دانیشتووانی ئەو جێیە کە چەندان هەزار ساڵ دور بوون لە مێژووی پڕ لە شەڕوشۆڕ و دڕندەیی و خوێنڕشتن و بە وشەیەک ، لە خاوەنداریی تایبەت ، بکێشنە لای خۆیان و لەو هەڵوێستەشدا هەموویان هاودەنگ بوون. لە ڕاستییشدا پێداگریی لەسەر دابەشکردنی زەوی لەنێوان پیاواندا و پێدانی ڕەوە ئاژەڵ و قوماش ، هەر وەک بەرتیل پێدان بوو بە پیاوان ، بۆ ڕاهێنانیان دژی ئافرەتان و خاوەندارییە هاوبەشەکەیان.

بەو جۆرە ، هەر وەک لە مێژووی ڕابوردوودا ناحەزیی خاوەنداریی تایبەت ، چینەکان و نابەرامبەریی کۆمەڵایەتی ، بە ناوی پیاوان و دەسەڵاتیانەوە گرێدرابوو ، لێرەشدا ژیان و خاوەنداریی هاوبەش و شانازییەکانی تێکەڵاویی ناوی ئافرەتان و سیستمی دایکایەتی ببوو. لەبەرئەوە یەکەم هەنگاو هێنانەخوارەوەی ئاستی بەرزی ئافرەتان و لەناوبردنی کێڵگە هاوبەشەکان و دابەشکردنیان بوو بەسەر خاوەنداریی تایبەت و خێزاندا. ئەوەش بەبێ لەناوبردنی ئەو سیستمە هاوبەشە و لەناوبردنی ئاستی بەرزی ئافرەتان نەئەکرا.

## چۆن سپیپێستەکان سیستمی دایکایەتی سێنێکانیان لە ئەمریکا هەڵوەشاندەوە

ئەزمونی هەڵسوکەوتی هۆزی سێنێکا ، یەکێک لەو پێنج هۆزانەی ناو یەکیەتی " ئیریکۆیز" لەگەڵ کۆچەرە ئەوروپاییەکان ، نمونەیەکی زەقی ئەو ڕاستییە تاڵە بوو. کاتێک لە شەڕی ڕزگارییخوازانەی ئەمریکا[7] دا سێنێکاکان پشتی ئینگلیزەکانیان گرت ، زیانی ئەو لایەنگریی کردنەیان لە هێرشە تۆڵەسێنەر و دڕندانەی سەربەخۆییخوازانی ئەمریکا بۆ سەر زەوییەکانیان و لەناوبردنیاندا بینییەوە. لایەنگریی سێنێکاکان لە

[7]- ڕاپەڕین و شەڕی کۆچەرانی ئەمریکای باکور بە دژی دەسەڵاتی ئینگلیز کە سەرئەنجام لە ساڵی 1776 دا سەرکەوتنی سەربەخۆییخوازانی ئەمریکای بەدواوە بوو.

ئینگلیزەکان دەگەڕایەوە بۆ ڕایان کە بە پێچەوانەی "شۆڕشگێڕەکان"ی ئەمریکاوە ، خاوەنداریی سێنێکاکانیان بەسەر زەوییەکانیاندا دەسەلماند.[8]

لەناو ئەو کۆمەڵە هێرشانەیاندا، ساڵی 1779 بە فەرمانی جەنەڕاڵ "واشنتۆن"[9] هێزە ئەمریکاییەکان بە سەرۆکایەتی "جۆن سۆلیڤان" هێرشێکی دڕندانەیان کردە سەر کێڵگە و زەوی جوتیاران و نزیکەی 60 هەزار بنە گەنمەشامی ، 20 تا 30 هەزار بنە لۆبیا و فاسۆلیا ، خەیار ، کاڵەک "گندۆرە" و کولەکە "کەدو"یان لەناوبرد ، لەگەڵ ئەو زیانە قورسەدا ، 500 هێکتار (هەر هێکتارێک 10000 مەتری چوارگۆشەیە-وەرگێڕ) زەوی چاندراویان لەگەڵ 40 شار و شارۆچکەیان لەناوبرد.

ساڵی دوایی نەخۆشیی سورێژە بەناو دانیشتووان‌دا بڵاوبووەوە. تا ئەو کاتە لەگەڵ ئەو نەخۆشییە ئاشنا نەبوون و بە هۆی ئەوروپاییەکانەوە گەیشتبووە قارەی ئەمریکا. ئەو نەخۆشییە بە جۆرێک بڵاوبووەوە کە ژمارەیەکی زۆر لە سێنێکاکان مردن و زۆربەیان مناڵ بوون. ئەو کارەساتە بە تەواویی ورەی سێنێکاکانی ڕوخاند و لە بەرامبەر سپییەکاندا توشی نائومێدیی کردن. ئەو کارەساتانە زەبرێکی کوشندەی لە سێنێکاکاندا ، بە جۆرێک کە لە دە هەزار مرۆڤ لە چەند ساڵی دواییدا تەنیا دوو هەزار کەسیان لێ مایەوە و ئەوانیش لە ڕۆژئاوای نیویۆرک لە دەوروبەری "بۆڤالو" لە سێ چوار گوندی بچوکی "کازەنۆیا" دەژیان و کەوتبوونە ناو دۆخێکەوە کە زۆر جار بە هۆی برسیەتی و بۆ وەرگرتنی خواردەمەنی پەنایان بۆ سەربازگە ئەمریکاییەکان دەبرد و داوای خۆراکیان لێدەکردن.

8- دیارە دەبێت سەرنج بدەین کە بەڵێنی ئینگلیزەکان لە ڕاستیدا بایەخی نەبوو. چونکە ئەگەر ئەوانیش سەرکەوتبان ، هەر ئەو بەڵایەیان بەسەر دانیشتوانی هەرێمەکە دەهێنا کە "شۆڕشگێڕەکانی" ئەمریکایی بەسەریان هێنان.

9- Joan M. Jensen‹ Native American Women and Agriculture ‹ A Seneca Case Study‹ in Unequal Sisters‹ Edited by Viki L. Ruiz and Ellen Carol DuBois‹ p. 72‹ 1994.

ئەو کۆمەڵە دەرد و ئازارەی سێنێکاکان ، تەنیا بۆ ئەو ساڵە نەدەگەڕایەوە. پێشینەی تاوان و کوشتنەکانی کاروانی باوکسالارە شارستانییەکان بۆ سەد ساڵ پێشتر دەگەڕایەوە. بۆ ساڵانی 1687 - 1696 کە فەرەنسییەکان شارە گەورەکانی سێنێکاکانیان وێرانکرد. لە ساڵی 1668 دا تەنیا لە شارێکدا 250 سێنێکایی بە هۆی نەخۆشیی هێنراوی ئەوروپاییەکانەوە مردن و لە ساڵی 1696دا لە شارێکی تر 60 منداڵ بە هۆی نەخۆشیی سپییەکانیانەوە "سیپەلک" مردن.[10] لەو هەلومەرجە دژوارەدا بوو کە نائومێدیی هەموو لەش و مێشکی سێنێکاکانی داگرت و کاتێک دەوڵەتی ئەمریکا لە ساڵی 1791 دا پێشنیازی وتووێژی لەگەڵ پیاوەکان ڕەدکردەوە ، ئافرەتان بە هۆی ئێش و ئازاری هەمەلایەنەوە ، نوێنەری خۆیان ناردە لای دەوڵەت و پێیانڕاگەیاندن:

**- (ئێوە هەر وەک چۆن گوێ بۆ قسەی پیاوە ڕێبەرەکان دەگرن ، دەبێت گوێ لە ئێمەش بگرن ، چونکە ئێمە خاوەنی ئەم وڵاتەین و ئەو زەوییانە هی ئێمەن و ئێمە بۆ ژیانی خۆمان ئیشیان لەسەر دەکەین. لەبەرئەوە پێویستە گوێ لە ئێمە بگرن ، چونکە ئێمەین کە باسی بەرژەوەندی گشتیی دەکەین و ئەوەی پیاوان بە ئێوەی ڕادەگەیەنن ، ئێمە پێمان وتوون کە واتان پێبڵێن[11].)**

دوای سێ ساڵ ، لە دۆخێکی لەو جۆرەدا کە ئافرەتان تێدا بوون ، هەرچەندە پێشتر بە تەواویی دژی فرۆشتنی زەوی بە سپییەکان بوون ، ئیتر بە هۆی پەرۆشیانەوە بۆ داهاتووی منداڵەکانیان ، ناچاربوون پێشنیازەکەیان قبوڵ بکەن. سپییەکان ئامادەبوون بڕە پارەیەک بە بانک بسپێرن بۆ کەڵکوەرگرتنیان لە کاتی تەنگانە و کەمبوونی

---

10- هەمان سەرچاوە ، لاپەڕەی 71.

11- هەمان سەرچاوە ، لاپەڕەی 73 ، لە:

Stone، W.L. the Life and Times of Red-Jacket، or Sa - G0 -ye -wat - Ha, p. 56, New York & London:Wiley & Putnam، 1841.

خواردەمەنیدا ، بەو جۆرە ئافرەتان دەستیان لە بەشێکی زەوییەکانیان هەڵگرت.

بۆ سپییەکان دەرهێنانی زەوی لە دەست ئافرەتان لە ڕێی کڕینەوە ، ڕێی هەرە ئاسان بوو بۆ ئەوەی کە ئاستی بەرزی کۆمەڵایەتی ئافرەتان و لە ئەنجامدا سیستمی کۆمەڵایەتی سورپێستەکان هەڵبوەشێنن و سیستمی باوکسالارانەی خۆیان لەجێی دابنێن. کڕینی زەوی ڕێی بۆ سپیپێستەکان خۆشکرد کە لە هەنگاوی دواتردا بە ناردنی مامۆستا و نێرراوە ئایینیەکان بۆ ناو ئەو خەڵکە ، تا پیاوان لە بواری کشتوکاڵ و کێڵانی زەوی بە ئامێری پێشکەوتوو ، ئافرەتانیش لە بواری چنین و ڕستندا پەروەردەبکەن. ئەو گروپانە سەرەتا لەگەڵ بێمەیلیی ڕووبەڕوو بوونەوە ، بە جۆرێک کە لە ناوچەی "بۆڤالۆکریک" و گوندەکانی تردا ڕێیان بەو مامۆستا و نێرراوە ئایینییانە نەدا ، تەنانەت پێشنیازی نێرراوی ئایینیی "کوەیکەر" Quaker[12] بۆ وتووێژ ڕەدکردەوە.

نێرراوی کوەیکەر پەنای بۆ فێڵێکی تر برد. بەڵێنیان بە پیاوەکان دا کە ئەگەر ئیشی کشتوکاڵ بکەن ، پارەیان دەدەنێ و موچەشیان بۆ ئافرەتان دیارییکرد بۆ ئیشی چنین و ڕستن. نوێنەرانی کوەیکەرەکان فێلبازانە دەڵێن: **(ئەوە ڕاست نیە کە ئافرەتان ، دایکان و خوشکان ڕۆژانە لە کێڵگەکان و دارستانەکاندا ئیش بکەن و پیاوەکانیش بە تیروکەوان ڕاوبکەن.)** بە هۆی ئەو چاوچنۆکییە و فێڵکردنانەوە بوو کە سەرئەنجام بەشێک لە ئافرەتان و پیاوانی سێنێکا دەستیان لە بەربەرەکانی هەڵگرت و ناچار بوون بە ئیشدابەشکردنی پیاوسالارانەی سپییەکان. دوای ئەو ڕێککەوتنە، یەکێک لە ڕێبەرانی سێنێکا بە ناوی "گەنمەشامی چێنەر" Corn Planter هاودەنگیی کرد لە هاتنی مامۆستا بۆ گوندەکان.

[12]- ئەندامانی "کۆمەڵەی دۆستان" کە لە سەدەی 17دا کەسێک بە ناوی جۆرج فۆکس ، دامەزرێنەری بوو.

کوەیکەرەکان بۆ تێکشکاندنی بەربەرەکانی ئەوانی تر، گاجوت و قوماشیان دابەشکرد بەسەریاندا و لە بواری ئیشی کشتوکاڵەوە بە تێکنیکی پێشکەوتوو یارمەتییان دان کە بەرهەمی زیادتر بەدەستبهێنن. لەو چوارچێوەیەدا بوو کە خوشکی "پلانتەر" کە یەکێک بوو لە ئافرەتە بەدەسەڵاتەکانی گوند ، کچی کچەکەی "نەوە"ی خۆی و کچێکی تری لە خزمانی بردە لای "کوەیکەرەکان" تا پێشانیان بدات چۆن فێری چنین و ڕستن بوون.

تا ئەو کاتە ، بە هۆی ئەو فێڵبازییانەوە ، سەد بنەماڵە ئامادە بووبوون کە دەوری زەوییەکانیان پاوان بکەن و بە شێوەی تاک و لە چوارچێوەی خێزاندا ئیشی کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی سیستمی پیاوسالارانە بکەن.

## چۆن ئافرەتانی سێنێکا بەربەرەکانیی سپیپێستەکانیان دەکرد

لەگەڵ ئەوەشدا کە بەشێک لە ئافرەتانی سێنێکا لەژێر گوشاری سپیپێستەکاندا وازیان لە بەربەرەکانی هێنابوو ، ناکۆکیی کەوتبووە ناویان و ببوون بە دوو بەشەوە. بەشێک لە پیرەژنەکان بە هۆشیارییەوە دەیانڕوانییە دۆخەکە و گۆڕانکارییەکانیان بە هەڕەشەیەک بۆ سەر دۆخی ئافرەتانی گوند دەبینی و بە توندیی دژی ئەو دابەشکردنە بوون. ئابوری تاک خێزانە و جیاکردنەوەی زەوییەکانیان و ڕێکخستنیان لە پارچەی بچوکدا کە دوژمن هەوڵی بۆدەدا ، بە پچڕاندنی پەیوەندیی دێرین و دۆستانەی نێوانیان دەزانی.

کچەکانیان ڕاسپارد کە مێردەکانیان هۆشیاربکەنەوە و پلانی نوێ قبوڵ نەکەن. بەرامبەر بە "گەنمەشامی چێنەر" و جێنشینەکەی واتە "گۆلی جوان"دا فراکسیۆنێکی نوێیان پێکهێنا کە ڕێ لە ڕیفۆرمی نێرراوی ئایینیی "کوەیکەر" بگرن و دژی خەباتبکەن. خەباتی ئەوان بە پێشڕەویی بەردەوامی سپییەکان توندیی بووەوە و سەرئەنجام توندوتیژیی ، تەنانەت کوشتن و لەسێدارەدانی ئافرەتانی لێکەوتەوە.

پیاوە ڕێبەرەکانی هۆز کە چاویان بڕیبووە دەستکەوتەکانی سیستمی پیاوسالاریی و لەو ڕێیەوە دەستیان دەکەوت ، بەشێک لە پیرەژنەکانیان بە تاوانی جادووگەریی گرت و کوشتنیان. سپیپێستەکان بە جۆرێک ترس و دڵەڕاوکێیان خستبووە ناو ئەو هەرێمە ئازادەوە کە ئافرەتان بە بەردەوامیی لە مەترسییدا بوون. جارێک پیرەژنێکیان دوای دادگاییکردن هەر لەوێ هەڵواسی و جارێکی تریش پیرەژنێکی تریان لە کاتی ئیشکردندا لەناو کێڵگەکەیدا کوشت. ئەو جوڵانەوەیە پێشانیدا کە ناتوانن بەبێ شەڕ ، بە ئامانجە دژ بە مرۆڤانەکەیان بگەن. هەر وەک لە کردەوەیەکی تردا ، کاتی لەسێدارەدانی چوار ئافرەتی ناودار لە هۆزی "ئایروکۆ" جێبەجێکەرانی تاوانەکە، پیاوانی ئاسایی هۆزەکە بوون، بەڵام سەرپێچییان کرد لە لەسێدارەدانی ئافرەتەکاندا و ئەو بڕیارە پیاوسالارانەیەیان پوچەڵکردەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کوەیکەرەکان و لایەنگرانیان تەنیا بە پێکهێنانی ترس و دڵەڕاوکێ نەدەوەستان و تاوانی جادووگەرییان دەخستە پاڵ ئافرەتانە بەرهەڵستکارەکان و بە هاوکاریی پیاوە ڕێبەرەکان سزای مەرگیان بەسەردا دەسەپاندن.

"گۆلی جوان" یەکێک بوو لەو پیاوە ڕێبەرانەی کە تاوانی زۆری بەرامبەر بە ئافرەتان کرد. بە جۆرێک کە بە هێمای هەوڵدان بۆ جێگیرکردنی پەیوەندییە نوێیەکان لەجیاتی پەیوەندییە دێرینەکان ناوبانگی دەرکرد. لە پەیوەندییە نوێیەکاندا ، پیاوان بژێوی خێزانەکانیان دابیندەکرد و ئافرەتان خەریکی ئیشیماڵەوە دەبوون. لە ساڵی 1821دا یەکەم خوێندنگە بۆ پەروەردەکردنی "ئایروکۆ"کان لە گوندی "ئەلیگنی" Alligheny دانرا و بۆ پروپاگەندە قوتوویەکیان دروستکردبوو و کە چەند وێنەیەکی کچانی سێنێکانیان لە کاتی چنین و ڕستندا لەسەر دروستکردبوو ، ئەو وتەیەی "ئینجیل"یان لەسەر نوسیبوو:

**- (بە دەستێکی داوە بەنەکەی گرتووە و بە دەستەکەی تری ئامێرەکە ... زۆر باش گوێ لە مێردەکەی دەگرێت و نانی بێعاریی ناخوات[13].)**

گوندی "ئەلیگنی" بۆ کوەیکەرەکان گوندێکی نمونە بوو. بەرە بەرە خۆیان ئامادەدەکرد کە دواتر هەنگاو بۆ ڕاکێشانی خەڵکەکە بۆ سەر ئایینی مەسیحییەت بنێن ، بەڵام لە "بۆڤالۆکریک" دۆخەکە هەر وا لە قەیراندا بوو. لە ساڵانی 1818 – 1822 دا لەوێ تاوانی جادووگەریی لە ئافرەتانی بەرهەڵستکار پەرەیسەند ، بە جۆرێک کە لە "توسکارۆرا" Tuscarora ئافرەتانیان لەسێدارەدەدا. لێرەشدا وەک "ئەلیگنی" زۆربەی بەرهەڵستکاران ئافرەت بوون.

لەگەڵ ئەوەشدا نێرراوە ئایینییەکان دەستیان لە گوشار و هاندانەکانیان هەڵنەگرت. لە ساڵی 1819 دا بەپێی داخوازیی نێرراوە ئایینییەکان "بۆڤالۆکریک" New York Missionary و پەسەندکردنی شورای گشتیی بۆڤالۆکریک ، قەشەیەک لە "ئیڤانجێلیکال" Evangelical[14]ەوە ڕەوانەی ئەو ناوچەیە کرا. هەروەها لە خوێندنگەیەکدا کە بە پارەی حکومەتی ئەمریکا دروستکرابوو ، کوڕان بۆ ئیشی کشتوکاڵ و کچانیش بۆ ئیشی چنین و ڕستن پەروەردەدەکران ، بەڵام ئەو پرۆژەیە کەوتە بەر ڕەخنەی کچەکان و بە هۆی ئەو بەرهەڵستکارییەوە مامۆستاکان بڕیاریاندا کچەکان سزابدەن و کچەکانیش لە لایەن خێزانەکانیانەوە شکاتی وەزعەکەیان و سەرئەنجام خوێندنگە لە جیاتی سزادانی کچەکان ، داوایان لە خێزانەکانیان کرد کە بۆخۆیان فێری چنین و ڕستنیان بکەن ، ئەگەر ئەوانیش لەو ئیشەدا سەرنەکەوتن ، کچەکان بە تاوانی بێدینیی لە خوێندنگە دوربخەنەوە. لەو بوارەدا یەکێک لە مەسیحییەکان بە ناوی

[13]- Joan M. Jensen، Native American Women and Agriculture ، A Seneca Case Study، in Unequal Sisters، Edited by Viki L. Ruiz and Ellen Carol DuBois، p. 75، 1994.

[14]- یەکێک بوو لە گروپە ئایینییەکان.

"تی ئێس هێرس" لە دەفتەری بیرەوەرییەکانیدا نوسیویەتی ، کاتێک مێشک ئەو پەروەردەکردنە وەرناگرێت ، هۆیەکەی بۆ **(پاشماوەی ڕەوشێک دەگەڕێتەوە کە خوا بڕیاری بۆ داوە[15].)**

## داسەپاندنی سیستمی پارلەمانیی بەسەر شورای هاووڵاتییاندا

لە ساڵی 1841 دا، یاسایەکی نوێی هەمیشەییان بۆ پێکهێنانی سیستمێکی نوێی حوکم لەناو سێنێکاکاندا پەسەند کرد. بەپێی ئەو یاسایە بڕیاربوو سیستمی پارلەمانیی جێی سیستمی شوراکانی سێنێکا بگرێتەوە. بۆ ئەو مەبەستە هەموو ئافرەتان و پیاوانی سێنێکا دەبووایە لە هەڵبژاردنێکی گشتییدا سێ دادوەر بۆ دەزگای دادوەریی و هەژدە نوێنەریش بۆ دەزگای یاسادانەر هەڵببژێرن. لەو سیستمە نوێیەدا دەنگی زۆرینە جێی بڕیاردانی گشتیی[16] Consensus دەگرتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا لەژێر کاریگەریی سیستمی ڕابوردوودا ، پەسەندکردنی بڕیارەکان ، سێ لە چواری دەنگی گشتیی و سێ لە چواری دەنگی ئافرەتانی پێویست بوو. هەروەها بۆ فرۆشتن یان بەکرێدانی زەویش پێویستی بە هاودەنگیی هەموو ئەو کەسانە هەبوو کە تەمەنیان لە سەرووی 21 ساڵەوە بوو.

---

15- Joan M. Jensen، Native American Women and Agriculture ، A Seneca Case Study، in Unequal Sisters ،Edited by Viki L. Ruiz and Ellen Carol DuBois، p. 75، 1994.

16- لەناو هۆزەکانی ئەمریکادا بڕیاردان بە گوێرەی هاودەنگیی گشتی بەڕێوەدەچوو. ئەو سوننەتە کۆنە ئێستاش لەناو "زاپاتیستە" ڕاپەریوەکانی مەکسیکدا ماوە کە بۆ مافی هاووڵاتیان و هەندێک ڕیفۆرم خەبات دەکەن. بەو واتەیە کە بڕیاردان لەسەر دیاردە گرنگەکان ، لە جیاتی لە سەرەوە و لەناو ڕێبەراندا وەرگیرێت ، لە خوارەوە و لەناو گوندەکاندا باس و گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت و کاتێک هەموو لەسەری ڕێککەوتن ، بڕیارەکە جێبەجێ دەکرێت.

## هەلومەرجی ئافرەتان لە سیستمی نوێدا

لە سیستمی نوێدا بە لایەنی کەمەوە ئافرەتانی سێنێکا توانییان لە بواری سیاسییدا مافی هەڵبژاردنی خۆیان لەگەڵ پیاوان بپارێزن. هەر وەک گوترا ئەوە هاوکات بوو لەگەڵ ئەو سەردەمەی کە ئافرەتانی سپیپێست دوای خەباتێکی درێژخایەن لە دوای ئەوانەوە ، بۆ یەکەم جار کۆببوونەوە کە بۆ بەدەستخستنی مافی دەنگدان هەڵبژاردن بکەن. ئافرەتانی سێنێکا هەرچەندە دوای لە دەسەڵات کەوتنیان ، هێشتا مافی باشتریان لە ئافرەتانی سپی هەبوو ، بەڵام هەر وەک لە سیستمی سەرمایەدارییدا باو بوو ، دەسەڵاتی ئابوری خۆیان وەک خاوەندارانی زەوی لە دەستدابوو ، لەو بوارەدا دۆخێکی لاوازتریان لە پیاوان هەبوو.

لەگەڵ ئەوەشدا هەر وەک لە عەرەبستان بینیمان ئیسلام بۆ داپۆشینی ڕۆڵی دژ بە ئافرەتی خۆی ، دۆخی باڵای ئافرەتی سەردەمەکانی بەرلە خۆی ، پێچەوانە پێشاندەدا و فێڵبازانە دەیگوت ئافرەتان لە سەردەمی "نەزانیی" و بەرلە ئیسلامدا ، دۆخێکی خەمهێنەر و هەژارانەیان هەبووە و لە بێدەسەڵاتییدا ژیاون.

لێرەشدا شاهیدین کە مەسیحییە پیاوسالارەکان چۆن بێشەرمانە باسی کۆیلەیەتی ئافرەتان لەناو هۆزەکان و گوندەکاندا دەکەن. بۆ نمونە "کارل شورس" Carl Schurs وەزیری ناوخۆی ئەمریکا لە ساڵی 1881 دا لە کاتێکدا لە خوێندنگەی "کارلایل" شانازیی بە ئیشکردنی کچانەوە ئەکات لە چێشتخانە ، بەرگ دوروون و ئیشی تریماڵەوەدا ، دەنوسێت:

**- (پەروەردەکردنی کچان لە گوندەکاندا گرنگیی تایبەتیی هەبووە. چونکە من هەست دەکەم کە لە هۆزەکاندا وەک گیاندارێکی بارهەڵگر سەیری ئافرەتانیان دەکرد و وەک کەرەستەیەکی بازرگانیی هەر کە دەگەیشتنە تەمەنی باڵغبوون ، دەفرۆشران و هەڵسوکەوتی**

**مێردەکانیشیان لەگەڵیواندا گیاندارانە بوو ، یان وەک خاوەن کۆیلەیەک بێبەزەیی[17].)**

پێشبینی دەکات کە بەستراوەیی ئافرەتان بە ماڵەوە ، شارستانیی بوونیان پێدەبەخشێت و ئەوە بە ئەرکێکی پیرۆز و باش دەزانێت ، دەڵێت: **(دەبێت ئافرەت ئیشی ماڵەوە بکات و لەو ڕێیەوە ڕێز بەدەستبهێنێت. بە پەروەردەکرنی کچانی ئەمڕۆ ، دایکانی دواڕۆژ پەروەردەدەکەین و بە پەروەردەکردنی ئەو دایکانە ، خۆمان بۆ پەروەردەکردنی نەوەکانی داهاتوو ئامادە دەکەین[18].)** هەروەها "سێت لاو" Set Low کە دواتر کرا بە سەرۆکی زانکۆی کۆلۆمبیا ، فێڵبازانە دەڵێت:

**- (پەروەردەکردنی تێکەڵاوی کچان و کوڕان ، ئافرەتی گوندەکان لە کۆیلەیەتی و هەژاریی ڕزگار دەکات. مێردەکانیان بە گشتیی بەو دیدەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکەن کە لەگەڵ خوشکە سپییەکانیان هەڵسوکەوت دەکرێت[19].)**

دەزانین کە پەروەردەکردنی کچان لە ڕوانگەی ئەو کورتبینانەوە ، جگە لە ئیشی چێشتلێنان ، دوروون و جلوبەرگ شوشتن و بە کورتیی ئامادەکردنی کچان بۆ کۆیلەیەتی ماڵەوە شتێکی تر نییە.

بە هەر حاڵ ئەو دۆخە تا کۆتایی سەدە بەردەوام بوو ، بە جۆرێک کە لە ساڵی 1907 دا لە خوێندنگەی "تۆماس" دا هێشتا بە کوڕان وانەی کشتوکاڵ و بە کچانیش وانەی چۆن ئیشکردن لە ماڵی خۆیان و ماڵی سپیپێستەکان دەگوترایەوە. ژمارەی ئەو کچانە زۆر نەبوو کە بە کەڵکی ئیشی مامۆستایی دەهاتن و زۆربەیان لە شوێنی خۆیان لە ناوچەیەک

[17]- Puch‹ F. . (ed.‹) Americanizing the American Indians: Cambrage ‹Masas. : Harvard University ress‹ 1973 ‹from- Joan M. Jensen‹ Native American Women and Agriculture ‹ A Seneca Case Study‹ in Unequal Sisters‹ Edited by Viki L. Ruiz and Ellen Carol DuBois‹ p. 79‹ 1994.

[18]- هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەرە.

[19]- هەمان سەرچاوە ، لاپەڕەی 80 .

بەناوی Reservaton هاوسەرگیرییان دەکرد. ئەوانی تر چەند ساڵێک ئیشی مامۆستاییان دەکرد ، یان لە "سیلوکریک" لە چێشتخانەی ماڵی سپییەکاندا قاپ و قاچاخیان دەشوشت.

ئامارەکانی ساڵی 1910 پێشانیدەدەن کە لە ساڵی 1907دا ، لە 2907 کەسی سێنێکا ، تەنیا 200 کەسیان لەو جێیە ماوبوون ، ئەوانی تر هەموویان چوو بوون بۆ ویلایەتی نیویۆرک و لەوێ دەژیان. لەو ژمارەیە 1219 کەسیان ئافرەت بوون. پتر لە 60% پیاوەکان لەگەڵ ئافرەتەکانیان بوون و تەنیا 12%یان ئیشیان هەبوو. پیاوە خاوەن ئیشەکان هەر وەک چۆن سپییەکان دەیانویست ، بەگشتیی جوتیار و کرێکاری کشتوکاڵ بوون و چەند کەسێکیشیان لە هێڵی ئاسن و کەرەستەی کیمیایی ئیشیان دەکرد ، یان کرێکاری بیناسازیی بوون. لەناو ئافرەتە خاوەن ئیشەکانیشدا 23 کەسیان خزمەتکاری ماڵی سپییەکان و 6 کەسیشیان بەرگدورووی بوون. ئەو ئامارە پێشاندەری دۆخی نالەباری ئافرەتان بوو لە کۆمەڵگای پیاوسالاریی سپییەکاندا. بارودۆخێک کە بڕیار بوو (پڕ بێت لە ڕێز و خۆشەویستیی و مەزنیی.)

سەرنجڕاکێشە کە لەناو ئافرەتە خەباتکەرە بەتەمەنەکاندا کە بەربەرەکانیی نێرراوە ئایینییەکانیان کردبوو ، 31 کەسیان لەسەر ئیشی دێرینی خۆیان واتە کشتوکاڵ مابوونەوە و 8 کەسیشیان سەبەتەیان دەچنی[20].

بەو جۆرە ، سپییە شارستانییەکان سەرئەنجام بە ڕادەیەکی زۆر و بە فێڵ و تەڵەکەبازیی و توندوتیژیی و زۆرەملێ و بەرتیلدان ، سەرکەوتن و ڕۆڵی ڕەگەزپەرستانەی خۆیان ، هەر وەک لە ڕووی ئافرەتەوە لە سیستمی دیموکراسییدا ، گواستەوە و لە جێی ئەو

---

20- هەمان سەرچاوە ، هەمان لاپەڕەی . لە:
U. S. Department of Commerce، Bureau of Census. Indian Population in the United States and Alaska، Washington، D.C.، 1937.

پەیوەندییە یەکسانییخوازانەکان و دایکایەتی لە ناو گوندەکاندا جێگیر کرد. لە ئەنجامدا شۆڕشێک کە شارستانیی باوکسالاریی پێنج هەزار ساڵ لەمەوبەر دژی سیستمی دایکایەتی لە میسۆپۆتامیا هەڵگیرسابوو ، دوای 3500 ساڵ لە دورگەی عەرەبستان بە یارمەتی ئیسلام سەرکەوت و دوای پێنج هەزار ساڵیش لە قارەی ئەمریکا کۆتایی پێهات.

لەگەڵ ئەوەشدا ، سەرەڕای لەناوچوونی ئابوری باویان ، ئافرەتان لە گوندەکانی ئەمریکادا درێژەیان بە چالاکییەکانی خۆیان دا و لەناو ڕێکخستنی هۆزەکاندا - تا ڕادەیەک بەردەوام بوون. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەوان نەریتی باوی خۆیان لەو ناوچانەدا پاراستبوو ، دژی سیستمی دیموکراسیی و خاوەندارییی تایبەت و سود و گوێڕایەڵیی ئافرەت لە پیاوان بوون. لە زۆربەی ناوچەکاندا ، زەوی جوتیاران پارچە پارچە کرابوو ، بەڵام لە هەندێک ناوچەدا هۆزەکان بە شێوەی هاوبەش دەژیان و زەوییەکانیان بەش نەکردبوو ، ئامادەنەبوون ئەو ژیانە پڕ لە ئازار و شەڕوشۆڕ و نایەکسانە قبوڵ بکەن.

لە ساڵی 1910دا کۆمیسێری کاروباری گوند و هۆزەکان لە ڕاپۆرتێکیدا ڕایگەیاند سێنێکاکان لە ناوچەی خۆیاندا زەوییە هاوبەشەکانیان هێشتووەتەوە و ڕێکخستنێکی بەهێزی ناوچەییان هەیە. لەسەر یاسای هاوسەریی سپییەکان نارۆن و جیابوونەوەکانیشیان بە ڕای خۆیان دەکرێت. هەروەها دەڵێت: **(هەلومەرجێکی لەو جۆرە ، لە ئاست هەستیارییە باڵاکانی کۆمەڵگای مرۆڤە جیاوازە شارستانییەکاندا ، مرۆڤ بێزار دەکات[(21)].)**

21- Joan M. Jensen، Native American Women and Agriculture ، A Seneca Case Study، in Unequal Sisters، Edited by Viki L. Ruiz and Ellen Carol DuBois، p. 81, 1994.

# فەسڵی پێنجەم : ڕۆڵی مەسیحییەت لە دامەزراندنی سیستمی باوکسالاریی لە نێوان"چێرۆکی یەکاندا"

## پلانی دەرهێنانی زەوی لە دەست چێرۆکییەکان

دەربارەی نەتەوەی چێرۆکییەکانیش Cherokee دۆخەکە بە هەمان شێوە بوو کە لەگەڵ هۆزی "سێنێکا"دا کرا. لێرەشدا مەسیحییەت و بەشارستانییکردنی دانیشتووانی "دڕندە" ، جگە لە لێکپچڕاندنی شیرازەی نەتەوەی چێرۆکیی زیادتر ، هیچی تر نەبوو ، بە توندوتیژیی و بەرتیلدان بۆ دەرهێنانی زەوی لە دەست ئافرەتان و دابەشکردنیان بەسەر پیاواندا و لە ناوبردنی سیستمی هاوبەشیی دایکایەتی و بنەماڵە و جێگیرکردنی سیستمی پیاوسالاریی و نابەرامبەریی سەرمایەداریی و هەژاریی و چارەڕەشییەکانی.

لە ڕاستیدا ئامانجی سەرەکیی دەرهێنانی زەوی بوو لە دەست نەتەوەی چێرۆکی کە لە هەرێمەکانی باکوری "جۆرجیا" ، باکوری ڕۆژهەڵاتی "ئالاباما" ، باشوری ڕۆژهەڵاتی "تێنسی" و باشوری ڕۆژهەڵاتی "کارۆلینای باکور" نیشتەجێ بوون. لە سەرەتاوە ، واتە لەو کاتەوە کە "جێفەرسۆن" بە شوێن ئەو ئامانجەدا دەگەڕا و گوتبووی: گواستنەوەی شەڕهەڵگیرسێنەرەکان بۆ هەرێمە "شارستانییەکان" ، بە قازانجی هەردوو لامانە ، بە شوێن جێبەجێکردنی ئەو ئامانجەدا دەگەڕان ، بەڵام کاتێک لەگەڵ بەربەرەکانیی چێرۆکییەکان ڕووبەڕوو بوونەوە ، بە چاکیان زانی کە پلانەکانیان بە کڕینی زەوییەکانیان ، جێبەجێبکەن کە بە ڕای ئەوان ، ڕێیەکی هەرە ئاسان بوو ، بەڵام کڕینی ئەو هەمووە زەوییە بە جارێک نەدەکرا ، چونکە چێرۆکییەکان و بەتایبەتیی ئافرەتانی چێرۆکیی ئامادەنەبوون زەوییەکانیان بفرۆشن.

چەندان ساڵ لە ڕێی ڕاوکردن و کشتوکاڵەوە لەسەر زەوی خۆیان ژیابوون و بە هیچ شێوەیەک ئامادەنەبوون ئەو کانگایەی ژیانیان لەدەست بدەن. لەبەرئەوە وەک سێنێکاکان بە توندیی دژی فرۆشتنی زوییەکانیان وەستانەوە.

## دیسان بەرگرییکردنی ئافرەتان لە پلانی دابەشکردنی زەویدا

لە ساڵی 1818 دا گروپێک لە ئافرەتانی چێرۆکی دژی فرۆشتنی زەوییەکانیان وەستان و بە هۆی نوێنەرانیانەوە پەیامێکیان ئاراستەی کۆڕی شورای نەتەوەیی چێرۆکییەکان کرد کە لە حەوت هۆز پێکهاتبوون و هەموویان پیاو بوون:

**- (ئافرەتانی چێرۆکی بە بەشدارییکردنیان لە شورای سەرۆکەکان و شەڕکەرەکاندا ، بیردەکەنەوە کە ئەم ئەرکەیان وەک ئەرکی دایکایەتییە و دەیانەوێت سەرۆک و شەڕکەرە خۆشەویستەکان کە کۆبوونەتەوە لە بیروبۆچوونی خۆیان ئاگادار بکەن.[1]).**

لەگەڵ ئەوەشدا شورای نەتەوەیی لە هەمان ساڵدا 1817 ، لەسەر مامەڵەی بەشێک لە زەوییەکان ، لەگەڵ دەوڵەتی ئەمریکا ڕێککەوت ، بەڵام کاتێک لە ساڵی 1818 دا تێگەیشتن کە دەیانەوێت زەوییەکی زیادتریان لێبکرن ، دژایەتییان لەگەڵ کرد. بە پوچەڵبوونەوەی ئەو هەوڵە ، دەوڵەتی ئەمریکا ناچاربوو ئامانجەکانی بە ڕێیەکی ناسراوی تر ، واتە دابەشکردنی زەوییە هاوبەشەکانی دانیشتووان ، جێبەجێبکات. تا ئەو کاتە لەنێوان دانیشتوواندا سیستمی هاوبەش هەبوو ، هیچ کەسێک مافی فرۆشتنی زەوی نەبوو. بۆ بەدەستهێنانی زەوی پێویست بوو لەگەڵ هەموو دانیشتووان مامەڵە بکرێت ، بەڵام

[1]- Presidential Papers Microfilms : Andrew Jackson (Washington, 19610, Series 1, Reel 22. In Unequal Sisters, Edited by Viki L. Ruiz and Ellen Carol Du Bois, 1994 Cherokee Women and the Trail of Tears, Theda Perdue, p. 35

داوای دابەشکردنی زەوییەکان ، دەکرا لەگەڵ تاکەکان مامەڵە بکرێت و زەوییەکەیان لە دەست دەربهێنن. لێرەشدا گرفتی سەرەکیی هەر ئافرەتان بوون ، چونکە وەک بەرهەمهێنەرانی زەوی ، ئەوان پتر زیانیان لێدەکەوت و لەو ڕوانگەیەوە دژی ئەو پلانە بوون و بەربەرەکانییان کرد.

ساڵی دوایی 1818 لەژێر گوشاری دەوڵەتی ئەمریکادا ، لیژنە ئایینیەکان لە کۆبوونەوەی شورای نەتەوەییدا ، دووبارە پلانی دابەشکردنی زەوییان خستەوە بەرباس. دەوڵەت و لیژنە ئایینییەکان دەیانزانی کە دەبێت بە پلەی یەکەم بەربەرەکانیی ئافرەتان و سیسستەمی دایکایەتی بکەن و تێکیبشکێنن و سیستەمی باوکسالاریی لە جێی دابنێن. واتە نمونەی سیستەمی پیاوسالاریی پێست سپیپێستیەکان ، یان نمونەی مەسیحییەت کە پیاوان خاوەنی ماڵ ، زەوی ، ئاژەڵ ، ئیشی کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی بوون و ئافرەت لە ماڵەوە ئیشی ناو ماڵەوەی دەکرد.

پلانی جێگیرکردنی خێزانی تاک ژنیی کە دەوڵەتی ئەمریکا و لیژنە ئایینییەکان دایانڕشتبوو ، دوو قازانجی بۆ سەرمایەداریی ئەمریکا هەبوو: یەکەمیان دەسەڵاتی لە دەست ئافرەتان دەردەهێنا و هێزی بەربەرەکانیی سەرەکیی لە بەرامبەر دابەشکردنی زەوی و جێگیرکردنی سیستەمی خاوەنداریی هاوبەشیی لەناودەبرد و دووەمیان کەلێنی دەخستە ناو هۆزەکانەوە و پیاوەکانی هاندەدا کە بەرەو خاوەنداریی و ئاغایەتی و سەروەریی بەسەر ئافرەتاندا هەنگاو بنێن و ئافرەتەکانیشیان دەخستە دۆخی ئافرەتە سپیپێستەکانەوە. ئەوە هەمان پلان بوو لە پێشتر لەناو سێنێکاکاندا بە سەرکەوتوویی بەڕێوەیان بردبوو. لێرەشدا ئەو پلانە سەرەتا لەگەڵ دژایەتی ئافرەتان ڕووبەڕوو بووەوە و ئافرەتانی چێرۆکی ڕایانگەیاند:

**- (ئێمە هەستمانکردووە کە بڕیارە زەوییەکانمان دابەشبکەن بەسەر پارچەی بچوک بچوکدا. ئەو زەوییانە لە لایەن ڕۆحی گەورەوە وەک**

**مافێكی گشتیی بە ئێمە دراوە كە بە ئیشكردن لەسەریان منداڵەكانمان گەورە بكەین و بیانهێڵینەوە بۆ نەوەكانی دوای خۆمان ، لەبەرئەوە ئێمە داوا لە منداڵە ئازیزەكانمان ، لە سەركردە و شەڕكەرەكانمان دەكەین كە تا دوایین كەسیان مافی گشتییمان لەسەر ئەو زەوییانە بپارێزن. نەتەوەی چێرۆكی یەكەم دانیشتووانی ئەم وڵاتە بوون و ئەوە ئێمەین كە مافمان بەسەر ئەم خاكەوە هەیە ، بۆیە ئێمە لە كۆبوونەوەكەماندا بڕیارماندا وڵاتەكەمان بە شێوەی هاوبەشیی بهێڵینەوە ، هەر وەك چۆن تا ئێستا بەو شێوەیە هێشتوومانەتەوە[(2)].)**

هەروەها دەوڵەتی ئەمریكا بۆ ڕازیبكردنی دانیشتووان بە دابەشكردنی زەوی ، بەڵێنی پێدان كە وەك هاووڵاتیی ئەمریكا وەریانبگرێت ، بەڵام ئافرەتانی چێرۆكی بە هۆشیارییەوە ئەو پێشنیازەیان ڕەدكردەوە ، چونكە لە لایەك بوون بە هاووڵاتیی بەگوێرەی دەستوری هەمیشەیی ئەمریكا ، لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە مافی خاوەندارێتی تایبەت دانرابوو ، دژایەتی هەبوو لەگەڵ یاسای ئەواندا كە داكۆكیی لە خاوەندارێتی بەكۆمەڵ و هاوبەشیی دەكرد. لە لایەكی ترەوە ئافرەتانی سپیپێست لە ئەمریكا لە زۆربەی ئەو مافانە بێبەش بوون كە ئافرەتانی چێرۆكی هەیانبوو ، وەك مافی دەنگدان ، مافی خاوەندارێتی بەسەر زەویی و كەرەستەی ترەوە ، تەنانەت موچەی ئەوانیش بۆ مێردەكانیان دەگەڕایەوە ، لەبەرئەوە وەرگرتنی مافی هاووڵاتیی ئەمریكا بۆ ئافرەتانی چێرۆكی نەك هەر شتێكی بێبایەخ بوو ، بەڵكوو بە تەواویی لە مافەكانیان دوریدەخستنەوە. لەو سەردەمەدا دارایی ئافرەت بەگوێرەی یاساكانی ئەمریكا هی مێردەكانیان بوو.

---

2- هەمان سەرچاوە و هەمان جێ.
Brainerd Journal, June 30th , 1818 , ( American Board Papers).

ئاشکرایە کە بەربەرەکانیی ئافرەتان تەنیا ئەو دیاردانەی نەدەگرتەوە. بە گومانەوە وەک چۆن لەگەڵ سێنێکاکان کرا ، لێرەش کێشەیەکی نوێ و توندڕەوانەی زەقدەکردەوە. لەگەڵ ئەوەشدا لە بەڵگەنامەکاندا تەنیا ئاماژە بۆ ناوی ئەو ئافرەتانە کراوە کە لایەنگریی سپیپێستەکان بوون و هاوکارییان کردوون ، چونکە پیاوانی لیژنە ئاینییە پیاوسالارەکان بەڵگەکانیان نوسیوە.

## پیلانی پیاوان ، یاسای هەمیشەیی نوێ و دەرکردنی ئافرەتان لە شورای نەتەوەیی

ساڵی 1826، شورای نەتەوەیی چێرۆکییەکان بۆ نوسینی یاسایەکی هەمیشەیی نوێ، نەتەوەی چێرۆکی بانگکرد کە بەشداریی هەڵبژاردن بکەن. لە دەستورێکدا کە بۆ هەڵبژاردنی نوێنەران پەسەندیان کردبوو ، نوسرابوو جگە لە هاوولاتییانی نێرینەی باڵغ ، کەسێکی تر مافی بەشدارییکردنی لە هەڵبژاردندا نیە. بەو جۆرە ڕێیان لە ئافرەتان گرت کە بەشداریی لە هەڵبژاردندا بکەن و بچنە شورای نەتەوەییەوە. هەروەها لە یاسای هەمیشەیی چێرۆکیدا کە ساڵی 1827 لە لایەن ئەو پیاوە نوێنەرانەوە پەسەندکرا ، بە لاساییکردنەوەی تەواو لە یاسای هەمیشەیی سپیپێستەکانەوە هاتبوو: **(تەنیا پیاوانی ئازادی چێرۆکی کە تەمەنیان گەیشتبێت بە 25 ساڵ ، مافی نوێنەرایەتیان لە شورای گشتییدا هەیە[3]).**

بەو جۆرە لەژێر گوشاری دەوڵەتی ئەمریکا و لیژنە ئاینییە مەسیحییەکاندا ، سەرئەنجام ئافرەتانی چێرۆکییش هەر وەک

3- Laws of Cherokee Nation, pp. 79, 120-21, In Unequal Sisters, Edited by Viki L. Ruiz and Ellen Carol Du Bois, 1994, Cherokee Women and the Trail of Tears, Theda Perdue, p. 37.

هاوڕەگەزە سپیپێستەکانیان لە ئەوروپا[4] ، کران بە شارستانیی و بە تەواویی لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دورخرانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا نابێت تەنیا پیاوانی چیرۆکی لە شورای نەتەوەییدا بە بەرپرس دابنێیین لەو هەڵوێستەیان دژی ئافرەتانی چێرۆکی ، چونکە سەرهەڵدانی شورای پیاوانی چێرۆکی ، بە زنجیرەیەک گۆڕانکاریی پێشووەوە بەسترابووەوە.

کاتێک سپیپێستە کۆچەرەکان و نێرراوەکانی ئایینی مەسیحی بە پلانەکانیان بۆ دابەشکردنی زەوی ، پیاوانی چێرۆکییان توشی تەماح کرد ، پیاوانی چێرۆکی لە هەلومەرجێکدا نەبوون کە بتوانن دەست لەو بەرژەوەندانە هەڵبگرن و لەسەر ڕای خۆیان سوربن. هۆی ئەو دیاردەیەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە ئیشی پڕ لە داهاتی فرۆشتنی کەوڵی ئاسکەکێویی کە سپیپێستەکان دەیانکڕی و چێرۆکییەکان بە ڕاوکردن پەیدایان دەکرد ، کەوتبووە مەترسییەوە و پیاوانی چێرۆکی ڕووبەڕووی مەترسی ئابوری بووبوونەوە. پلانی سپیپێستەکان نەک هەر ئەوانەی لە مەترسی ڕزگار دەکرد ، بەڵکوو گەشەشی بە ئابوری و کۆمەڵایەتیانی دەدا.

ئەو پیاوانە و بەتایبەتی چینی باڵایان کە بەگشتیی لە شورای نەتەوەییدابوون ، هەروەها چینی ئەشرافی هۆزەکەیان کە لە کۆنەوە هەوڵیاندەدا بەرژەوەندەکانی خۆیان بە پەیڕەوییکردن لە پلانی سپیپێستەکان دەستەبەربکەن ، هەنگاو بە هەنگاو یاساکانی بنەماڵەیان بە قازانجی سیستمی باوکسالاریی و خاوەنداریی تایبەت

[4]- سەیر نیە کە نوسەری وتاری "ئافرەتانی چێرۆکی و جادەی فرمێسک" کە لێرەدا زۆر جار ئاماژە بۆ نوسینەکەی کراوە، لە پەسەندکردنی یاسای هەمیشەیی نوێی چێرۆکییەکان لە ساڵی 1827دا بێئاگا بووە لەوەی کە ئافرەتانی ئەمێریکاش لەو کاتەدا لە مافی دەنگدان و خۆهەڵبژاردن بێبەش بوون ، چونکە لە لاپەڕەی 37 دا کە ئاماژە بۆ یاسای هەمیشەیی نوێی چێرۆکییەکان دەکات ، دەڵێت ئافرەتانی چێرۆکی لەو یاسایەدا بە پێچەوانەی یاسای هەمیشەیی ئەمێریکا لە مافی خۆهەڵبژاردن بێبەشکران. لە کاتێکدا کە یەکەم کۆبوونەوەی "سافریجیست"ەکانی ئەمێریکا بۆ بەدەستخستنی مافی دەنگدان بۆ ئافرەتانی سپیپێست لە ئەێمریکا لە 1848 دا کرا.

دەگۆڕیت و بە لەناوبردنی سیستمی دیموکراتی سەرەتایی ، سیستمی پلەداریی کۆنترۆڵکراویان لە جێی دانا.

## ئەشرافی هۆزەکان ، پێکهێنانی ئۆرگانی بەڕێوەبەریی حکومەت و هێزی پۆلیس

دوای دەرکردنی ئافرەتان لە ئۆرگانە بڕیاردەرەکان ، هەنگاوی دوایی ئەشرافی پیاوسالاریی ، پێکهێنانی ئۆرگانێک بوو کە بتوانێت بڕیارەکانیان بەڕێوەببات. لە ڕابوردوودا هێزی بەڕێوەبەری بڕیارەکان ، شوراکانی بنەماڵە بوون کە لە خەڵکەکە پێکهاتبوون. چونکە ئەوان بڕیاردەری ڕاستینە بوون و خۆشیان بڕیارەکانیان جێبەجێدەکرد و پێویستیان بە هیچ هێزێکی جیاواز نەبوو ، بەڵام ئیتر کە شورا نەتەوەییەکان کرابوون بە ئۆرگانی باڵادەستی خەڵکەکە و خۆیان بەسەر خەڵکەکەدا سەپاندبوو ، نەک دژی بەرژەوەندەکانی نیوەی کۆمەڵگاکە ، واتە ئافرەتان بوو ، بەڵکوو سەبارەت بە نیوەکەی تریش ، تەنیا بەرژەوەندی بەشێکی بچوکی چینی ئەشرافیان لەبەرچاو بوو.

دوای تێپەربوونی دوو ساڵ ، لە 1910 دا ، شورایەک بە نوێنەرایەتی هەر حەوت هۆزی چێرۆکی کە هەر لە پیاوان پێکهاتبوو ، نەریتی ڕێککەوتن لەسەر خوێنی ڕژاوی شەڕی خێڵەکیی کە یەکێک بوو لە ئەرکە گرنگەکانیان ، هەڵیانوەشاندەوە و ئەو ئەرکەیان سپارد بە هێزەکانی پۆلیس و دادگا نەتەوەییەکان[5] و بەو جۆرە بە گواستنەوی بەشێک لە دەسەڵاتی ڕێکخراوەیی خێڵەکان بۆ ئۆرگانە دەستنیشانکراوەکان ، ڕێ بۆ هەڵوەشاندنەوەی تەواو کرایەوە. لە ڕەوتی ئەو کردەوانەی سەروودا بوو کە ساڵی 1817 لە شورای نەتەوەیی

5- Laws of Cherokee Nation, pp. 3-4, In Unequal Sisters, Edited by Viki L. Ruiz and Ellen Carol Du Bois, 1994. Cherokee Women and the Trail of Tears, Theda perdue, p. .34.

هۆزەکاندا ، بۆ یەکەم جار لیژنەیەکی بەڕێوەبەرایەتی دامەزرا و مافی چاوپیاداخشاندنەوەی لەسەر بڕیارەکانی شورای نەتەوەیی پێبەخشرا. شورای نەتەوەیی وەک "یەکیەتی ئیروکۆز" لە یەکگرتنی حەوت هۆز پێکهاتبوو. ئەو شورایە لە ڕابوردوودا نوێنەرانی هەڵبژێرراوی کۆمەڵگای لە خۆیدا کۆکردبووەوە و ئۆرگانێکی دیموکراتی خێڵەکیی بوو. ئەو گۆڕانکارییانە بوو کە خۆی بەسەر خەڵکەکەدا سەپاند.

لەو ڕوانگەیەوە، سەرئەنجام شورای نەتەوەیی لە یاسای هەمیشەیی ساڵی 1827 دا ئافرەتانی بە تەواویی لە مافی دەنگدان بێبەشکرد و لە ژیانی سیاسی دوریخستنەوە. ئەو سەرکەوتنە لەگەڵ ئەوەشدا خەباتێک بوو بۆ دامەزراندنی سیستمی باوکسالاریی لەنێوان چێرۆکییەکاندا و هێمایەکیش بوو بۆ جێگیرکردنی پارلەمانی سەرمایەداریی و پێکهاتەکانی خاوەنداریی تایبەت ، بەسەر شوراکانی دایکایەتی و بنەماڵەدا.

## چۆن سیستمی دیموکراسی خیانەتی لە خاوەنداریی تایبەتیش دەکات

بە دروستیی دوای تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر پەسەندکردنی یاسای هەمیشەیی نوێدا ، دەستدرێژیی بۆ سەر خاوەنداریی تایبەت (ئەو مافە پیرۆزە!) کرا کە یاسای نوێ دابینابوو. ساڵی 1828 یاسای ویلایەتی "جۆرجیا" بە شاهید وەرگرتنی هاوولاتییانی لە دادگادا دژی سپیپێستەکان یاساخ کرد و بەو جۆرە زۆر بە ئاسانیی ڕێی بۆ دەستدرێژیی سپیپێستیەکان بۆ سەر ماڵ و سامانی خێڵەکان و داگیرکردنی کێڵگە دابەشکراوەکانیان هەموار کرد(6).

6- George Lowrey, & etc to John H. Eaten, 11 feb., 1830, Letters Received, Office of Indian Affairs, 2824-1881, National Archives, Washington. In Unequal Sisters, p. 38.

بۆ نمونە بەگوێرەی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی Cherokee Phoenix ، دوای یەک دوو ڕۆژ ، دوو پیاوی سپیپێست بە بیانووی کڕینی پێویستییەکانیانەوە دەچنە ماڵی چێرۆکییەک. تەنیا پیرەژنێک لە ماڵەکەدا دەبێت. داوای گەنمەشامی و لۆبیا و شتی تری لێدەکەن ، پیرەژنەکە دەڵێت هیچ شتێکمان بۆ فرۆشتن نیە. ئەوانیش دەگەڕێنەوە و بەرەو کێڵگەی ماڵەکە دەچن. چەند خولەکێک دوای ڕۆیشتنیان ، پیرەژنەکە دەبینێت ، دوکەڵێکی ڕەش لە کێڵگەکەیان بەرز دەبێتەوە ، بە پەلە دەچێت ئاگرەکە بکوژێنێتەوە ، بەڵام ڕەشەبایەکی بەهێز ، ڕێی پێنادات و ئاگرەکە بڵاودەبێتەوە. دەڵێن کاتێک پیرەژنەکە خەریکی کوژاندنەوی ئاگرەکە بووە ، دوو پیاوە سپیپێستەکان لەوێ بوون و پێدەکەنین(7).

بیر و گومانی ئەو ئاگرتێبەردانانە بە چەند مەبەستەوە بە هاندانەکانی دەوڵەت و حکومەتی ویلایەتەکانەوە دەبەسترایەوە. یەکەمیان یاساخکردنی شاهیدییدانی خێڵەکان بوو دژی سپیپێستەکان و ئەوی تریان بەرگریینەکردنی هێزەکانی جۆرجیا بوو لەو کەسانەی کە ماڵ و کێڵگەکانیان لە لایەن سپیپێستەکانەوە دەسوتێنران ، تەنانەت دەگوترا چەکدارەکانی جۆرجیا لە لایەن حکومڕانەکانەوە فەرمانیان پێدراوە کە ئەو ئافرەتانە سزا بدەن کە بێڕێزیی بە پیاوانی حکومەت دەکەن(8).

بەو جۆرە دوای تێپەڕبوونی ماوەیەک ، لایەنگرانی خاوەنداریی تایبەت ، بۆ داگیرکردنی زەوی و کێڵگەی چێرۆکییەکان ، بە ڕادەیەک پەلەیان کرد کە تەنانەت بیروبۆچوونەکانی خۆشیان خستە ژێرپێ و بەبێ لەبەرچاوگرتنی یاسا و ڕێسا ڕووکەشییەکەیان ، دەستیان کرد بە دەرکردن و گواستنەوەی چێرۆکییەکان لە سەر ماڵ و خاکی خۆیان. دوای

7- Cherokee Women and the Trail of Tears, Theda Perdue. In Unequal Sisters, Edited by Viki L. Ruiz and Ellen Carol Du Bois, 1994, p. 83.

8- Cherokee Phoenix, 26 March, 1831, 16 July, 1831. In Unequal sisters, p. 38.

گێرەشێوێنی و هەڕەشە و خولْقاندنی ترس و دلەڕاوکێ ، کاتێک ساڵی دوایی تێگەیشتن چێرۆکییەکان ئامادە نین بەرەو ڕۆژئاوا کۆچ بکەن ، زۆر بێشەرمانە سوپایان لێ کۆکردنەوە و گرتنیان و لە ناوەندە تایبەتییەکاندا کۆیانکردنەوە و بە زۆرەملێ بەرەو ڕۆژئاوا گواستنیانەوە. ساڵی 1932 "ڕێبێکا تۆکین" لە تەمەنی 100 ساڵییدا بیرەوەرییەکانی سەردەمی منالّیی خۆی نوسی و ئامازەی بۆ ئەو ڕووداوە کرد:

**- (کاتێک سەربازەکان هاتنە ماڵمان، باوکم دەیویست شەڕیان لەگەڵ بکات ، بەڵام دایکم گوتی ئەگەر شەڕیان لەگەڵدا بکەیت ، دەتکوژن. لەبەرئەوە ئێمە بەبێ هیچ چەشنە بەربەرەکانییەک خۆمان بەدەستەوەدا. ئێمەیان بردە جێیەک کە زیندانییانیان لێ کۆکردبووەوە. کاتێک ئێمەیان لە ماڵەوە دەرکرد ، دایکم پێیگوتن و پاڕایەوە کە ڕێی بدەن بگەڕێتەوە و هەندێک کەلوپەلی خەو بۆ ئێمە بهێنێت. ڕێیان دا و دایکم گەڕایەوە و هەندێک کەلوپەلی خەو و خواردنی لەگەڵ خۆی هێنا و ئەوانی تری بەجێهێشت[9].)**

دیارە خێزانی ڕێبێکا بەختی باشی هەبووە ، چونکە "جۆن برانت" سەربازێک کە لە ڕووداوی کۆچپێکردنی چێرۆکییەکاندا وەرگێڕ بووە ، دوای پەنجا ساڵ لە بیرەوەرییەکانیدا ئامارە بۆ ئەو ڕووداوە دەکات کە چۆن بە بێبەزەییانە کۆچیان بە چێرۆکییەکان کردووە و لەو بارەیەوە دەڵێت: **(پیاوەکانیان لە کێڵگەکان دستگیر کرد و لە جێیەکی تایبەت کۆیانکردنەوە. ئافرەتەکانیان بە هۆی سەربازەکانەوە کە زمانیان نەدەزانین لە ماڵەوە دەرکرد و زۆربەی منالّەکانیان لە دایک و باوکەکانیان جیاکردەوە و ئەوانیشیان لە جێیەکی تایبەت لە سەر زەوی ڕوت دایاننان[10].)**

---

9-Forman, Indian Removal, . 302-303. In Unequal Sisters, p. 38.
10-Ibid, Equal Sister.

"جۆن برانت" باسی ئەوە دەکات کە چۆن خێزانێک بە ناچاریی تەرمی منالێکیان کە تازە مردبوو ، لەوێ بەجێهێشت و چۆن دایکێک لە کاتێکدا کە دەیانویست خۆی و سێ منالەکەی لە مالەکەی دەربکەن ، دڵی وەستا و کەوت و مرد. دوای دەستگیر کردنیان ، چێرۆکییەکان ناچاربوون بەپێی پەتیی بە ڕێگایەکی بەردەڵان و پڕ لە کەندوکۆی دور و درێژدا بڕۆن. کاپیتان "ال. ب. ربتەر" دەربارەی گواستنەوەی 800 چێرۆکی لە "کارۆلینا"ی باکورەوە بۆ زیندانی ناوەندیی لە "تێنسی" بۆ هاوسەرەکەی دەنوسێت: **(هەشتا مایلمان بە هەشت ڕۆژ بڕی و سەفەرەکەمان کۆتاییهات. بینینی منالان و ئافرەتان کە جگە لە نەخۆشەکان ، هەموویان بە ڕەنج و دژواریی و بە پێ دەڕۆیشتن و ناچار بوون هەموو ڕێگاکە ببڕن دڵی مرۆڤیان دەگوشی[11].)**

سوپای ئەمریکا بەگوێرەی پرۆگرامی داڕێژراو دەیویست لە هاوینی ساڵی 1838 دا چێرۆکییەکان بۆ هەرێمی ڕۆژئاوا بگوازێتەوە ، کەچی سێ گروپی یەکەم بە ڕادەیەک لەناوچوون کە ناچاربوو کۆچەکەیان بۆ پاییزی هەمان ساڵ ڕابگرێت. لەو ماوەیەدا بنەماڵەکانی چێرۆکی ، ئەوەتەی لەبیریانە لە داوێنی سروشتدا بە ئازادیی ژیابوون و ئێستاش دەبێت بۆ چاوتێرکرنی سپیپێستە شارستانییەکان! لە زیندانەکانیاندا زۆر بە دژواریی بژین. لەو دۆخە ناهەموارەدا ، بەتایبەتیی ئافرەتان پتر لەوانی تر لەناوچوون. یەکێک لەو قوربانییانە لە یادداشتەکانی "دانیال بۆتریک" ئەندامی لیژنەی پلانگێڕیی سپیپێستەکاندا ڕەنگی داوەتەوە:

**- (چێرۆکییە هەژارەکان تەنیا لەژێر هەڕەشەکانی ئاییندا نەبوون ، بەڵکوو دەستدرێژییە ڕەوشتییەکانیشیان لێدەکرا. ڕۆژێک ، کەسێک پێیگوتم کە بینیویەتی دوو ئافرەتی چێرۆکی لە تەنیشت دەرەختێک ڕاوەستابوون و شەش سەرباز دەوریاندابوون. سەربازەکان شوشەیەکیان**

---

[11]- Captain L. B. Webster, "Letters from a Lonely Soldier", Journal of Cherokees, Studies 3 (1978), p. 154. In Unequal Sisters, p. 39.

مەشروب پێبوو ، خەریکبوون ئافرەتەکانیان ناچاردەکرد کە بخۆنەوە ، ئەوانیش بەربەرەکانییان دەکرد. دیارە ئەو کارە بە گوێی ئەفسەرە فەرماندەکەشیان گەیشتبوو ، بەڵام گوێی نەدایە و بەگوێرەی ڕاپۆرت ، سەربازەکان ئەو دوو ئافرەتەیان برد و تا بەیانیی ڕۆژی دوایی لای خۆیان هێشتنیانەوە. ئافرەتێکی گەنجی تریش هەبوو کە ئەندامی لقی ئاییندی "مێتۆدیست" Methodist بوو ، لەگەڵ دۆستانی لە کۆمەڵگاکەدا دەژیا. هەرچەندە ئەو مێردی هەبوو ، بەڵام ئەویشیان فریودا. دیار نیە لە ترسەوە بوو یان شتێکی تر ، مەشروبیان دایە و لەگەڵ خۆیان بردیان. ئێستا ، تەنانەت لەناو خێزانەکەشیدا تەنیا و بێکەسە ، هەمیشە چاوی کراوەتەوە و بێدارە[12].)

[12]- Journal of Daniel S. Butrick, n. d. (Payne Papers), In Unequal Sisters,. p. 39.

# سەرچاوەکان

## سەرچاوە ئینگلیزییەکان

A

**Adamson Hoebel E.** "Man in Primitive World: An Introduction to Anthropology". London and New York: McGraw-Hill, 1955.

**Al Aghani** Aboul Farag El Esfahani, Vol. 16.

**Amaury de Riencourt**, Sex and Power in History, New York: K. McKay co., (1974).

**Ampbell** Oriental Mythology.

**Aquinas Thomas**, Summa Theologica, pt 1, Q. 92, art 1. Black Friars, New York, Mc. Graw-Hill(1964)

**Ascha Ghassan**. De Statut Inferieur de la Femme en Islam, Paris, 1986.

**Wallace A. R.** "A Narrative of Travels on the Amazon and Rio Negro", London, 1853.

**Wall** Muhammad at Madina.

B

**Baegert Jacob**, "an Account on Aboriginal Inhabitants of the California Peninsula".

**Bachman Jerald**, Johnston Lloyd, O,malley Patrick Monitoring the Future: Questionnaire Responses from the Nation's High School Seniors. Institutes for Social Research, the University of Michigan, 1986.

**Bales Kevin**, Disposable People, New Slavery in the Global Economy, University of California press, Berkeley, London, and Los Angeles.

**Bancroft, Hubert**, "the Native Races of the Pacific States of North America, 5 Vols. New York, 1875-7.

**Blumstein Philip and Schwartz Pepper**, American Couples: Money, Work, Sex, pocket Books,1985.

**Brifault Robert**, the Mothers: a Study of the Origin of Sentiments and Institutions. 3 vols. New York:

**Macmillan; London: Allen and Unwin**; 1952(1927).

**Brown Curley, Helen**, "Having it All: Love, Success, Sex, .Money", Simon & Schuster, Linden Press, NY, 1982.

**Burrows, Guy**, "On the Upper Welle District of the Belgian Congo,

"Journal of the Anthropological Institutes, Vol. xxviii, London, 1899.

**Brumberg Joan Jacobs**, the Body Project: an intimate history of America, New York, Random House, c1997.

**C**

**Cain, J.** "in the Indian Antiquary" 1874.

**Caillie, Rene**. "Travels through Central Africa to Timbuctoo, 2 vols. London, (1799)1830.

**Campbell**, Oriental Mythology, Matriarchal Civilization of Harapa in India, "Ramakrishna"

**Carlip Hillary**, Girl power, Young Women Speak Out, NY, 1955, p.53

**Cathy Meils.**Channels Pants for Steamy Telenovels, Television for Women in Europe.

**Chapkis Wendy**, Beauty Secrets, End Press,1986.

**Childe, V. Gordon**. "Man Makes Himself", New American Library,1951(1936).

**Coon Carleton**, S., "a Reader in General Anthropology", Ed. by London: Cape, 1950.

**Cranz, J.**, the History of Green Land.

**Crawley, Ernest**, the Mystic Rose, 2 vols. Meridian Books, Inc. New York. 0691, (1927).

**Curr, E. M**. "the Australian Race, 4 Vol. Melbourne, London, 1886- 1887.

**Swamy Comara**, Buda & the Gospel of Buddhism.

D

**Dall W. H.**, Alaska and its resources.

**Drecher Saymore and Engerman Stanley** L., A Historical Guide to World Slavery, Oxford University press, Ny, 1998.

E

**Eliot C.**, the east African Protectorate.

**Eliss W.** "Narrative of a Tour through Hawaii", (1794) 1826.

**Ellis A. B.**, the Ewe-Speaking People of the Slave Coast of West Africa.

**Engels Ferederick,** the Origin of the Family, Private Property and the State, International Publishers, New York, 1942.

**Engels Ferederick,** the Origin of the Family, Private Property and the State, Introduction by Evelyn Reed, New York, Pathfinder, 1942.

**Evelyn Reed**, Evolution: from Matriarchal Clan to Patriarchal Family, Pathfinder Press, USA, 1975.

**Farrell Warren,** Why Men are the Way They are, Berkley Books, New York (1986)

**Fraser, Sir J. G.,** Folk-Lore in the Old Testament, 3 vol, London, 1918.

**Fortune, R. F.,** Sorcerers of Dobu:the Social Anthropology of the Dobu Islanders of the Western Pacific, New York: Dutton, 1963(1932)

G

**Gomes E. H.**,"Seventeen Years Living Among the Sea Dyaks of Borneo".

**Goodwin**, Common Law on Marriage, Article 67.

**Guisso, Richard and johanessen**, Editors, Women in China, 1891. New York,H hilo press.

H

**Halle F.W.**, Women in Soviet Russia, Humphreys, Buddhism.

**Hartland E. Sidney**, "Primitive Paternity: the myth of supernatural birth in relation to history of the family, Vol. 1, London: Nutt,1909-10.

**HeJib, Alaka, and Katherine K. Young.** 1978a. Power of the Meek (abala): A Feature of Indian Feminism. "paper

presented to the American Academy of Religion, New Orleans.
**Hickson J.**, A Naturalist in North Celebes (1889).

I
Ibne Warraq, Islam & Mohammedanism.

J
**Jackson Andrew p.**, Residential Papers Microfilms: Washington, 1961.
**Jensen Joan M.**, Native American Women and Agriculture, A Seneca Case Study.
**Johnston, G. H. H**. "Grenfell and the Congo".

K
**Kroeber A. L. and T.T. Waterman**. Editor, Source book in Anthropology, New York: Harcourt Brace, 1931.
**Krupianskaia V.U. Family, Structure and Life.**

L
**Lane, Edward W.** "An Account of the Manners of Customs of the Modern Egyptians", 2 Vols. London,
**Lawson J.,** the History of Carolina.
**Ludwig A**, Translation, Reg Veda, x 85. 84.
**Luther Martin**, Luther's Works, Vol I, ed. Jaroslav Pelican. St. Luis: Concordia Publishing house, 1958.

**M**

**Mahabharata**, xiii, 46. Calcutta Edition, vol. 1.

**Malinowski Bronislaw**, "the Sexual Life of Savages, (1929).

**Meyer Fortes**, ed. Social Structure, An Ashanti Case Study, New York Russell and Russell, 1963(1949)

**Mohammad Ibn Sa'd**, El Tabakat El Kobra,Vol. 8, Dar El Tahrir Publishers, Cairo, 1970.

**Molly John T.**, Women's Dress for Success, NY, Warren books,1977.

**Morgan, Lewis H.**, Ancient Society of Researches in the Lines of Human Progress from Savages through Barbarism to Civilization, London, Marmilian & Company, 1877.

**Moseley, H. N**. "the Inhabitants of the Admiralty Islands, etc.,"Journal of the Anthropological Institutes, London, 1877.

**Moszkowski, M**, "Die Volkerstamme am Mamberamo in Hollandisch-Neuguinea und auf den Vorgelagerten Inseln," Zeitschrift fur Ethnologie. Vo. xliii. Berlin, 1191.

**Murstein Bernard I.**, Love, Sex and Family through Ages. New York, Springer pub. Co, 1974.

**N**

Nawaal El Sa'dawi, Hidden Face of Eve, Women in the Arab World, Zed Press, 1980.

**P**

**Pan Chao**, Instructions for Women,

**Pantel Pauline Schmitt (editor), Arthur Goldhamer (translator)**, "A History of Women in the West", the Belknap press of Harvard University Press, 1992.

**parinder, Edward Geoffrey**, Sexual Morality in the World Religions, Oxford, England, 1996.

**Patagonia G. Bove**, :Terra del Fuoco, Mari Australi.

**Peddington Ralf**. "An Introduction to Social Anthropology" 2 vol. Edinburgh and London: Oliver and Boyd, 1952, 1957.

**Peplau Leticia, Chapman DeBro Sheri, Veniegas ry C., Taylor Pamela L.**, "Gender Culture, and Ethnicity:, Current research About Women and men", 1999, Mayfield Publishing Company, Ca.

**Peterson Burwell Barbara**. Peterson Olly Bowles. Becoming a Beauty Queen, Prentice Hall ress,1997.

**Poretz Mel & Sinrod barry**, The First Really Important Survey of American Habits, Los Angeles, ca. rice Stem Sloan, c 1999.

**Pos A. H.t**.,Africa Niche Juris Prudenz, vol. i

**Puch, F.** (ed.), Americanizing the American Indians: Cambrage, Masas. : Harvard University press, 197.

R

**Randall-McIver David and Wilk Anthony**, "Libyan Notes". London, 1901.

**Rivers, w. H. R**. "Social Organization", New York: Knoft,1924.

**Raymond Xavier**, Afghanistan.

**Riencourt Amaury de**, Sex and Power in History, New York: K. Mc Kay co., (1974).

**Rivers, w. H. R**. "Social Organization".

**Robertson Smith W.**,"kinship and Marriage in early Arabia", Edited by S. A. Cook, London, 1903.

**Rochas, Victor de**, La Nouvelle Calodenie et ses Abitants, Paris.

**Rodriguez Jenius**., Chronology of World Slavery, Santa Barbara, Calif, ABC-CLIO, 1997.

**Roszak, Betty and Theodore**, editors , Masculine / Feminine, Reading in Sexual Mythology and the Liberation of Women, Harper Colophon Books. Harper & Row Publisher. New York, Evanston, and London, 1969.

**Ruiz, Viki L. and DuBois, Ellen Carol** , Editors, Unequal Sisters, a Multi-Cultural Reader in U. S. Women's History, Second Edition, Routledge, New York, London,1994.

**S**

**Sa'dawi Nawal El**, "Hidden Face of Eve, Women in the Arab World", Zed Press, 1980.

**Saad Mohammad Ibn** , El Tabakat El Kobra,Vol. 8, Dar El Tahrir Publishers, Cairo, 1970.

**Schork,Kurt**, "Pakistan's Women in Despair", Guardian weekly.

**Sharma Arvind**, Women in World Religions, state University of New York Press, 1987.

**Shooter. Joseph.** , the Kafirs of Natal and Zulu Country, London, 1857.

**Skolnick, Langbort, & Daym**, Hardin & Ode, 1978, 1982.

**Squet G.H.** (1) L'Ethique Sexuelle de L'islam Paris, 1966.

**Steichen Joanna** . Marrying Up, New York,Rawson Associates,1984.

**Stone, W.L.** the Life and Times of Red-Jacket, or Sa- G0 -Ye -Wat - Ha,New York & London:Wiley & Utnam, 1841.

**Swamy Comara,** Budda & the Gospel of Buddhism.

Swanton, J. R. "the Haida".

T

**Taylor, Edward Burnett**. "On a Method of Investigating the Development of Institutions," "Research into the early History of Mankind", (1878).

**Thomson George**, Studies in Ancient Greek Society, 2 vol, Ny.

W

**Warraq Ibn**, Islam & Mohammedanism.

**Warren Farrell**, h.D. Why Men Are the Way They Are, Berkley Books, Ny., 1988.

**Wayland Barber Elizabeth**, " times", w.w. Norton & Company, New York, London,1994. Women's Work: the First 20,000 Years, Women, Cloth, & Society in early Times", W. W. Norton & Company, New York, London, 1994.

# سەرچاوە ئامارییەکان

**A**

**Almanac**, U.S. Bureau of Census. U.S. Statistics.1997.

**Almanac**, U.S. Bureau of Census. U.S. Statistics, 1998.

**American's Health for Women**, March, 1998.

**B**

**Brainerd Journal**, 03 June, 1818, (American Board papers).

**C**

**Celebrity**. November, 1988.

**Cosmopolitan**, xxviii. "Some types of Egyptian Women,"

**Cosmopolita**n, September, 1985.

**Journal of Broadcasting & Electronic Media**, Winter 1998.

**Christian Science Monitor**, May 2, 1997.

**Cosmopolitan**, September, 1986.

**Cosmopolitan**, Sept. 1984.

**Christian Science**. Monitor, May 2, 1997.

**Cosmopolitan** Magazine, April 1988.

**D**

**Department of Labor**, Steinke, Jocely.

**E**

**Ebony Man**, July, 1998.

**G**

**Guardian Weekly, Schork,Kurt, "Pakistan's Women in Despair".**

**Gender and Society**, September 1988.

**Glamour**, May, 1984.

**I**

**Independent**, July 7, 1992.

**J**

**Journal of psychology and Human Sexuality**, from Barbara Keesling,

**Journal of Cherokees**, "Letters from a Lonely Soldier", Webster Captain L. B. (1978).

Journal of Daniel S. Butrick, n. d. (ayne papers)

**L**
**Los Angeles Times**, Sept, 10, 2000.
**M**
**Mademoiselle**, September, 1998.
**Media Report to Women**, Nov.-Dec. 1987.
**Media Report to Women**. March-April1, 1986.
**Magazines for Libraries**, 9th dition, 1997, Bill Katz, Linda Sternberg Katz, R.R.Bowder's.
**Money Magazine**, Americans and their Money, 1988.
**Men's Health**, May 1998.
**N**
**National Center for Education of Statistics**, 1995.
**National Data Book**, U.S. Dept. of Commerce, **Economic and Statistics Administration**, Bureau of Sensus.
**New Women**, May, 1998, John Marshall, What Women Want, What Men Want?
**News Week**, "A Controversial Spectator Sport" September 17th, 1984, M. Back.
**New York Times**, February 1st, 1999.
**S**
**Survey of American Habits**, Price Stern Sloan, 1989.
**Seventeens**, February, 1987.
**SRDS**, Consumer Magazine Advertizing Source, Oct. 1998.
**SRDS**, Consumer Magazine Advertizing Source, Nov. 1998.
**SRDS**, Consumer Magazine Advertizing Source, Dec. 1998.
**Statistical Abstract of United States**, 1997.
**T**
**Teen Magazine**, May 1998.
**Trimensal do Instituro Historico e Geograghico do Brazil**, Descripcao **Descripcao Geographico** do America Portuguese.
**The World Almanac**, 1989.
**Thorne E** , The Queens of the Colonie.
**U**
**USA Today**, September 14, 1989.

**V**
**Veriety**, July 13, 1988.
**Vougue**, June, 1988.

## سەرچاوە فارسییەکان

آشتیانی مهندس جلال الدین، ایده آل بشر و تحلیل افکار زدتشت مزدیستا و حکومت، شرکت سهامی انتشار، چاپ ششم، بهار 1371.
ابن طقطقی محمد وحید گلپایگانی، تاریخ فخری، بنگاه ترجمه و نشر کتاب، تهران، 1350 شمسی.
الهی قمشه ای حاج محمد، قران، ترجمه و تفسیر، انتشارات خورشید، تهران، ایران.
اولین رید، انسان در عصر توحش، (Women's Evolution)، ترجمه محمود عنایت، انتشارات زنان، لس آنجلس.
روشنگر دکتر مجید، بازشناسی قران.
پیرنیا حسن، تاریخ ایران باستان.
حجازی بنفشه، زن به ظن تاریخ، جایگاه زن در ایران باستان، نشر شهراب، 1370.
راوندی مرتضی، تاریخ اجتماعی ایران.
رضی هاشم، دانشنامۀ ایران باستان، عصر اوستائی تا پایان دوران ساسانی، جلد اول، هاشم رضی اتتشارات سخن، چاپ نخست، 1381.
شفا دکتر شجاع الدین، تولدی دیگر، فارسی، چاپ ویژۀ آمریکا.
طبری محمد بن جریر، تاریخ الرسل و الملوک، ترجمۀ ابوالقاسم پاینده ، انتشارات اساطیر، تهران(1352)، 1362 .
علی ابن ابی طالب، نهج البلاغه، جواد فاضل، انتشارات علمی، تهران، 1971.
غزالی امام محمد، احیای علوم الدین، چاپ قاهره، 1348هجری.

فرشاد دکتر مهری، تاریخ علم در ایران، فارسی، موسسۀ انتشارات امیر کبیر، تهران، 1366.
کرانتوسکی ا. آ. تاریخ ایران از زمان باستان تا امروز.
کزازی میرجلال الدین، مازهای راز، ، جستارهایی از شاهنامه، تهران، نشر مرکز، 1370.
مجلسی محمد باقر، حلیة المتقین، انتشارات جاجرمی، تهران، 2000
مظاهری علی اکبر، خانواده ایرانی در دروان پیش از اسلام، ترجمه عبدالله توکل، تهران، نشر قطره، 1373.
میر فطروس علی (بابک دوستار)، جلد دوم، پندار یک "نقد" به نقد یک پندار، نشر نیما، چاپ
سوم.
میر فطروس علی، (بابک دوستار)، مقدمه ای در اسلام شناسی، جلد اول، چاپ دوازدهم.
مهرین عباس، کشور داری و جامعه ایرانیان در زمان ساسانیان.
مهین فر ستاره ، اسطوره– حماسه ضحاک و فریدون، ، نشر قصه، تهران، 1383.
همبستگی، ارگان فدراسیون سراسری پناهندگان ایران، شمارۀ 88، مه 2000.

## بەرهەمەکانی وەرگێڕ

1- بادانەوە یان پێچەقاندن
2- ڕاپۆرت دەربارەی هەڵبژاردن و پەرلەمانی کوردستان
3- کوردایەتی و حیزبایەتی
4- کورتە مێژووی ئاواز و گۆرانیی کوردی
5- لێکۆڵینەوەیەکی گشتی و پێداچوونەوە بە بیرەوەرییەکانی کەریم حیسامیی دا
6- کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان
7- کۆماری دیموکراتی
8- کۆکردنەوەی ئاڵەکۆک بۆ غەنی بلوریان
9- ڕاستییەکان بۆخۆیان دەدوێن
10- باشووری کوردستان لەنێوان دوو هەڵبژاردندا

## ئەو بەرهەمانەی کە نوسەر کردوویەتە کوردی

1- مەکسیکی : نوسینی جەک لەندەن
2- مەگەر لە وڵاتی ئێوەدا کەر نییە : نوسینی عەزیز نەسین
3- کوردەکان ، نوسینی حەسەن ئەرفەع
4- کورد تورک عەرەب : نوسینی سیسیل ج ئیدمۆندس
5- مێژووی شارستانییەت : نوسینی ئیزاک ئاسیمۆف و فرانک وایت
6- ئافرەت لە کاروانی مێژوودا : نوسینی سیامەک ستودە